www.pertwk.com

# جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا

www.pertwk.com

# جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا

## ئاسیای ناوەند, و بەڵقان, کورد

**نووسینی / گراهام فۆللەر**

ئیان. ئۆ. لێسەر

پاوول بی هێنری

جەی ئیف براون

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە**

عەتا قەرەداخی

سلێمانی-2006



**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان**

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا
- نووسینی: ئیان. ئۆ. لێسەر, پاوول بی هێنری, جەی ئیف براون
- وەرگێڕانی : عەتا قەرەداخی
- تایپ : لەیلا عومەر
- نەخشەسازیی کۆمپیوتەری: سۆران عەبدوڵلا
- نەخشەسازیی بەرگ: کەمال حامد
- زنجیرە: ( 106 )
- تیراژ: 1500 دانە
- ژمارەی سپاردنی ( 305 ) ی ساڵی (2006 ) ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە
- چاپی یەکەم: 2006- سلێمانی
- چاپخانە: روون

## لەبری پێشەکی

ئەگەر جیۆپۆلەتیك بریتی بێت لە لێکۆلێنەوەی کاریگەری هۆکارەکانی جوگرافی و ئابووری و دیموگرافی و لەڕووی دابەشبوونیدانیشتوان و چڕیەکەیەوە لەسەر سیاسەتی دەولەت بدوێ, ئەوا زاراوەی جیۆپۆلەتیك تاکو ئێستا لەناوەندی رۆشنبیری سیاسی کوردیدا زاراوەیەکی نامۆیە لەو ڕوانگەیەوە کە شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە وەرنەگیرڕاوە یان نەنووسراوە ئەمە لەسەر ئاستی تیۆری، لەڕووی زانین و بەئاگایی و شارەزاییشەوە ئەوە دەتوانم بلێم تاکو ئێستا مەگەر بەدەگمەن ئەگینا شتێکی ئەوتۆ لەبارەی ئەم چەمکە سیاسیەوە نازانرێت و ڕاستیەکەشی ئەوەیە کە ئێمە تاکو ئێستا خاوەنی دامەزراوی سیاسی ئەوتۆ نین کەبە و ئاڕاستە پڕ بایەخانە کاربکات و خاوەنی پرۆژەی لەوجۆرانە بێت, هۆکەشی ئەوەیە کە تاکو ئێستا مەسەلەی سیاسەت لەکوردستاندا نەبۆتە زانست و کاری دامەزراو بەلکو زیاتر کاری تاکە کەس و حیزبە کە ئەویش زیاتر سیاسەتی بەڕێوەبردن و رێکخستنی حیزبی و ململانیٚی حیزبی خۆ خەریك کردنە لە ئاستی ڕووکەشی سیاسەتدا.

جیۆپۆلەتیك پەیوەندی بەکۆمەلیٚ بواری گرنگەوە هەیە کەئەوانیش زانستی سیاسی و جوگرافی و ستراتیژ و کۆمەلناسی و کەلتور و دیمۆگرافیایە کەهەریەکەش لەمانە بۆخۆیان بواری سەربەخۆن و دەخوازن چەندین توێژینەوەیان تێدا بکرێت. لەلایەکی ترەوە بەبیٚ شارەزایی لەهەر یەکە لەو بوارانەدا کەدەبنە پایەی جیۆپۆلەتیك ناشێت قسە لەسەر ئەم بوارە بکرێت. بۆ



www.pertwk.com

نمونە تەنیا شارەزابوون لەجوگرافیای دانیشتوان بەس نییە بۆ قسەکردن لەسەر جیۆپۆلەتیك، هەروەك تەنیا شارەزایی لەبواری سیاسەت و زانستە سیاسیەکانیشدا نابێتە هۆکاری ئاخاوتنی سەرکەوتوانە لەسەر جیۆپۆلەتیك.

بەگوێرەی کوردستان لەڕووی جیۆپۆلەتیکەوە تاکو ئێستا لەدەرەوەی قسە لەسەرکردنە، لەپلەی یەکەمدا لەبەرئەوەی تاکو ئێستا جوگرافیایەکی سیاسی نییە لەڕووی پەیوەندییە نێو دەولەتیەکانەوە کە ناوی کوردستان بێت، دیسان کوردستان ناسنامەی سیاسی و کەسێتی سیاسی نییە، جگە لەوەش, بەهۆی مەسەلەیدابەشکردنی کوردستان و لکاندنی هەر بەشێکی بەدەولەتێکەوە کەسێتی جیۆپۆلەتیکی کوردستان لە سنووری جیۆپۆلەتیکی ئەو دەولەتانەدا باس دەکرێت، جوگرافیای دانیشتوان کە پایەیەکی جیۆپۆلەتیکە تاکو ئێستا لە کوردستاندا نەخشەی ورد و دروستی ئەو جوگرافیایە دیار نییە و ئەوەشی هەیە تەنیا لەسنووری بەگریمانە داناندایە ئەمە جگە لەوەی لە پێناسەی جیۆپۆلەتیکدا کاریگەری جوگرافیا و دانیشتوان و ئابووری لەسەر دەولەت بنەمای سەرەکی یە بەگوێرەی کورد دەولەتی نییە کەواتە قسە کردن لەسەر ئەو کاریگەرییانە هیچ مانایەکی نییە.

بەهەرحالٚ کوردستان لەبەردەم چاوەڕوانی گۆڕانکاری جیۆپۆلەتیکی ناوچەکەدایە بەجۆرێك کە هەلوەشاندنەوە لە دەولەتانی دەوروبەری کوردستاندا ڕوودات و لەئاگامی ئەوەشدا مەسەلەی یەکبوون واتە (Integration) لەسەر دوو ئاست ڕوودات ئەوسا کوردستان لە جوگرافیای سروشتەوە دەبێتە جوگرافیای سیاسی, ئاستی یەکەمی یەکگرتن بریتییە لە دیسانەوە داڕشتنەوەی نەخشەی جوگرافی ناوچەکە و هەلوەشاندنەوەی سنوورە دەستکردەکان و یەکگرتنەوەی بەشەکانی ئەم جوگرافیایە، لەئاستی دووەمدا بەنەتەوە بوونی کورد لەڕوانگەی دروستکردنی دەولەتی نەتەوەیی

ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە لەسەر جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیاو ناوچەکە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕەندە کە ئەو دەزگایە ڕۆڵێکی دیاری هەیە لەدروستکردنی بڕیاڕی سیاسی ئەمەریکیدا و نووسەرانی ئەم کتێبەش هەر چواریان لەپایەسەرەکیەکانی دەزگای (رەند)ن و سەرباری ئەوەش کە پسپۆرن لە سیاسەت و جیۆپۆلەتیکی ناوچە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو تورکیا و ئێران و بەڵقان و ئاسیای ناوەندا بۆماوەی دوور و درێژیش لەم ناوچانەدا لەشێوەی بالیۆز یان پاشکۆی باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکادا کاریان کردووە.

بایەخی ئەم کتێبە بۆ ئێمە ئەوەیە کە هیچ کام لەو توێژەرانە نەیانتوانییوە باسی جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا بکەن و مەسەلەی کورد چ لە کوردستانی



www.pertwk.com

لکێندرا و بەتورکیاوە و چ لە کوردستانی گەورەدا پشت گوێ بخەن، سەرباری ئەوەش مەسەلەی کورد وەکو جەمسەرێکی زیند و بەرامبەر بەسیاسەتی پاتورکیزمی تورکیا لەبەڵقان و ئاسیای ناوەند و چین سەیر دەکەن و پێیان وایە مەسەلەی کورد و کێشەی کورد بۆ ئایندەی تورکیا بەربەستێکی زیند و دەبێت بۆ چوونە کۆمەڵەی ئەوروپی و بۆ دروستبوونی سەقامگیری و بۆ تموحی سیاسەتی پان تورکیزمی تورکیا.

دیسان ئاماژە بۆ ئەگەری سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە دەکەن بەوشێوەی لەبەڵقان و ئاسیای ناوەندو ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا لەدوای هەرەسی سۆڤێتی ڕوویدا.

دیارە وەرگێڕانی ئەم کتێبە کارێکی زەحمەت بوو ئەویش لەبەر دوو هۆ یەکەمیان لاوازی زمان و فەرهەنگی کوردی لەو بوارەدا چونکە هیچ کارێکی ئەوتۆی پێنەکراوە، دووەمیان بەربڵاوی و دەوڵەمەندی زانیاری نێوکتێبەکە لەڕووی ناوی شوێن و ناوچە و کەس و کۆبوونەوە و ڕێکەوتننامە و.. تاد، کە بۆ من بەشێکیان غەریب و نەزانراو بوون، ئەمە سەرباری ئاڵۆزی ئەو زمانەی کە کتێبەکەی پێنووسراوە لەڕووی بنەمای ڕیزمانی ئینگلیزییەوە کە بەزمانێکی ئاڵۆز نووسراوە. بێگومان ئەم کارە بێ کەموکورتی نییە، دیارە من خۆم بەرپرسیاری هەموو کەموو کورتیەکانم، بەڵام بڕوام وایە دەبێ هەوڵبدەین بەزمانی کوردی بەرهەمی لەم جۆرانە وەربگێڕێن چونکە تەنیا بەکارکردن زمانی ئەم بوارانە دەوڵەمەند دەبێت.

ئومێدم وایە کەئەم بەرهەمە سوودێك بەکتێبخانەی کوردی بگەیەنێت و دڵنیاشم بەبێ دانانی پرۆژەی وەرگێڕانی بەرفراوان زمانی کوردی دەوڵەمەند نابێت بەتایبەتی ئەو زمانەی کە کاری بواری زانست و تەکنۆلۆژیا و ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی و سیاسەت و ستراتیژ و جیۆپۆلەتیك و بەڕێوەبردنی پێبکرێت.

## پێشەکی

ئییان ئۆ. لێسەر

تورکیا لەنێوەندی ئەو وڵاتانەدایە کەبەشێوەیکی هێجگار بەرفراوان بەهۆی گۆڕانکارییە نوێیە شۆڕشگێڕییەکانەوە لەسەرشانۆی نێو دەوڵەتیدا کاریان لێدەکرێت. لەماوەی جەنگی ساردا تورکیا بنکەیەکی ئێشکگری دووری سەر سنووری ئەوروپا بوو، بریتی بوو لەبەربەستێك لەبەردەم تموحەکانی یەکێتی سۆڤێتدا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها بەشداریکی ئاسایشی ئەوروپی بوو. بۆ نزیکەی چل ساڵ". دەستکەوت"ی جیۆستراتیژی ئەنقەرە بەشێوەیەکی بەرفراوان سنووردار بوو بەپێی رۆڵی خۆی لەچوارچێوەی هاوپەیمانی ئەتڵەنتیك و بەشێوەیەکی هێجگار سنوورداریش بەبێ شوێنی خۆی لەهەرێمی باشووری ناتۆدا. جەنگی کەندا و تورکیای پاڵنایە ئاستێکی لەپێشی ستراتیژیەوە. لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت و سەرهەڵدانی بەنێو هەرێمێکی فراواندا لە ئەوروپای رۆژهەڵاتەوە بۆ چینی رۆژئاوا.

ئەم کتێبە بەشی ئەسڵی توێژینەوەیەکی دەزگای (رەند)ە کە لەپایزی ساڵی (1990)دا دەستی پێکردووە لەکاتێکدا کە گواستنەوەی ژینگەی هەرێمایەتی تورکیا تازە دەستی پێکردبوو. هێزی پاڵنەری ئەم توێژینەوەیە لە دەستنیشانکردنی ئاڕاستە ناوخۆیی و دەرەکیەکانەوە هاتووە کە پێکەوە پێشنیاری دەورێکی پەرەسەندویان بۆ تورکیا کردووە لەگەڵ پێویستی‌یەکی



www.pertwk.com

زۆردا بۆ تێگەیشتن لەدەستێوەردانەکان لەسەقامگیری هەرێمایەتی و سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکاندا. بیرۆکەی پرۆژەی دڵنیا کردنەوەی خاوێنی ئەگەر و ئاڕاستەکردنەکانی تورکیا بەپێوانەیەکی یەکسان لەسەر ڕۆیشتنی توێژینەوەکەی (رەند) پەرەی سەندووە کە ئەویش لەسەر دەریای ناوەڕاست و بەڵقان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکێتی سۆڤێت ئەنجام دراوە. هەرچوار نووسەرەکەی ئەم کتێبە لێرەدا بایەخێکی پڕ لەچالاکیی بەم ناوچانە دەدەن. بەگوێرەی گراهام فۆللەر و پۆلا هێنری ئەزموونێکی دوورودرێژی وەکو چاودێریان هەیە لەسەر تورکیا. تاکو تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە لە هاوینی ساڵی 1992، بەرەو پێشەوە چوونەکان لەناو تورکیا و لەدەوروبەریدا واتە لە بۆسنیاوە بۆ ئاسیای ناوەند گرنگی و بایەخی تورکیایان بەهێزکردۆتەوە. بەشەکانی ئەم کتێبە پاکژکراوەتەوە و نوێ و هاوچەرخ کراوەتەوە بۆئەوەی هاوکات ئەو گۆڕانکارییانە لەخۆی بگرێت. بێ چەندووچوون، ڕووداوەکان گوڕوخێرایی دەدەن بەم گفتوگۆیە. بەڵام دەبێجەختکردن لەسەر ئاڕاستە درێژخایەنەکان و هیڵە بنچینەییەکانی ئەم شیکردنەوەیە قسەیان لەبارەوە بکرێت.

وەرگرتنی گەشەکردنی کۆمەڵگای تورکی خۆی وەکو خاڵی دەستپێکردن لەبەشەکانی دوایی کتێبەکەدا قسەی لەبارەوە دەکرێ و ئەم بەشانە ئاشکرای دەکەن کە تورکیا لەکوێدا سەرکردایەتی دەکرێت، لەکوێدا بەرژوەندییە درێژخایەنەکانی تورکیا دەکەوێتە بەرامبەر مەترسی گەورەی هەل و لەرووداوەستانە نوێیەکان و دەستێوەردانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە پەیوەندییە دوولایەنی و پەیوەستەکانی بارودۆخەوە لەگەڵ تورکیادا. ئایا ئاڕاستەی تورکیا لەداهاتوودا لەنێوان ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و رۆژئاوادا کامیان دەبێت؟

بۆ چ مەودایەك پرنسیپەكانی ئەتاتورك بەهێند وەردەگیرێن بۆ دوورخستنەوەی مەترسی چالاكیانەی نێو دەوڵەتی ؟ ئایا بەرژەوەندییەكانی توركیا و ئەمەریكا لەئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەندا یەكدەگرنەوە یان لێكترجیادەبنەوە؟ ئەگەر و پێشهاتەكان بۆ ڕەفتاركردنی توركیا لەگەڵ قەیرانە هەرێمایەتیەكاندا چی‌یە؟

دیمەنی ناوخۆی توركیا تا ئەندازەییەك لەگۆڕانكاریدا دەبێت ئەویش بەهەمان خێرای زەمینەی دەرەوەی توركیا. لە بەشی یەكەمدا، پۆل هێنری ئاڕاستە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابورییەكان ئاشكرا دەكا و هەڵدەسەنگێنی، ێو پۆل پێشنیاری ئەوە دەكات كە لایەنە ئیسلامیە سیاسیەكا ن زەمینە و ژێرخانیان دەستەبەر نەكردووە، سەرباری ئامادەبوونی پەرەسەندوی ئیسلام لەكۆمەڵگای توركیدا. لەهەمان كاتدا ناسیونالیزمی توركی وەكو هێزێكی زۆر پتەو لەسەرهەڵدانی جەنگی كەنداوی فارسدا دەركەوتووە، ئاڕاستە ناوخۆییەكان ئەگەری ئەوەیان هەیە پشتگیری سیایەتێكی دەرەوەیی و ئاسایشی زۆر دڵنیاكەر بكەن، بەڵام ڕاپەرینی كوردی لە ئەنادۆڵی باشووری ڕۆژهەڵات و مەسەلەی پڕ لە كێشەی مافی مرۆڤ ڕێگا لە گۆڕانكارییە بەردەوامە ناوخۆیی و دەرەوەییەكانی ئەنقەرە دەگرێت.

توركیا ڕووبەڕوووی هەلی گەورە و سەركێشی ترسناك دەبێتەوە لە ئاسیای ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەهەرێمە توركیەكانی یەكێتی سۆڤێتی پێشوودا، توركیا وەكو جەمسەرێكی ئابووری و سیاسی و كەلتوری دەردەكەوێت و لەهەمان كاتدا مۆدیلێكی گرنگی عەلمانی‌یە لە پێشكەوتن و پەرەسەندندا.

لەبەشی دووەمدا، گراهام فوللەر پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم زەمینە نوێیە و ماناو بایەخی بۆ توركیا دەكات بەدەركەوتنی ململانێی هەرێمایەتی



www.pertwk.com

شاراوە و ترسناكیەوە لەگەڵ ئێراندا. بەسەرنجدانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەردەكەوێ كەجەنگی كەنداو هێزو پاڵنەری توندوتیژی بەخشیوە بە بزووتنەوەی جیاخوازی كوردی لەسەر خاكی توركیا، لەگەڵ تێوەگلانی بەهێزی پەیوەندییەكانی ئەنقەرە لەگەڵ ئێران و عێراق و سووریا و هەروەها لەگەڵ ڕۆژئاواشدا. پێگەی سەرچاوەی زیندووی توركیا هەردوو خاڵی بوونیەتی بەكەناڵی ناردنە دەرەوەوی نەوتی عێراق و، بوونیەتی بەسەرچاوەی ئاو بۆ دراوسێكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی كە ئەوانەش دەوری ئەنقەرە لەناوچەكەدا بەهێز دەكەن.

لەبەشی سێەمدا. ئیان لیزەر مامەڵە لەگەڵ پەرەسەندو روانینی بۆ پەیوەندییەكانی توركیا لەگەڵ ڕۆژئاوادا دەكات. ئەگەری وەرگرتنی توركیا و پەیوەستبوونی بە ئەورووپاوە لەئاست و روانگەی‌دامەزراوەیدا و لەمیانەی ئەندامێتی تەواوی‌دا لەكۆمەڵەی ئەوروپی و لە یەكێتی ئەورووپای ڕۆژئاوادا بەلاوازی دەمێنیتەوە و ئەگەرێكی لاوازە. جەنگی كەنداو توركیای گێڕایەوە بۆ ستراتیژی بەرەی پێشەوە هەمان شێوەی گرنگی‌ی توركیا لەجەنگی ساردا كەدواتریش چۆن ئەو گرنگییەی نەما. بەڵام ئێستا بەهای ستراتیژی توركیا بەشێوەیەكی بەربڵاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەندا دەردەكەوێت لەكاتێكدا یەكگرتنی لەگەڵ ڕێكەوتننامەكانی پێكهێنانی ئاسایشی ئەورووپادا زۆرگرانە. توركەكان حەزدەكەن ئاماژە بۆ دەوری وڵاتەكەی خۆیان بكەن وەكو پردێك لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا، لەنێوان باكورو باشووردا.

بە پێچەوانەشەوە ئەوروپیەكان زۆر ئارەزوو مەندی ئەوەن كەوەكو بەربەستێك سەیری توركیا بكەن لەبەردەم پەشێویدا لەسەر سنووری ئەوروپا، تەنانەت وەكو سەرچاوەیەكی سەقامگیریش سەیری توركیا دەكەن لەسەر ئاستی ناوەوەی توركیا خۆی، شیكردنەوەكەی ئێمە پێشنیار دەكات كە

www.pertwk.com

زیادبوونی ناکۆکی ئیتنیکی و بزوتنەوە جیاخوازەکان لەبەڵقاندا گرنگترین مەسەلەی پەیوەندیدارە بەلای ئەنقەرەوە. لەبەرامبەر پاشخانی میراتی عوسمانیدا، جەیمس براون ئەگەرەکان بۆ زیندوو بوونەوەی خۆتێهەڵقورتان و دەستتێوەردانی تورکیا لەبەڵقاندا لەبەشی چوارەمی ئەم کتێبەدا هەڵدەسەنگێنێت لە پشتیقەیرانی یۆگۆسلاڤیاوە (تورکیا لە پێشەوەیداواکاران بوو بۆ هاتنەناوەی رۆژئاوا لە بۆ سنیا)، پەرەسەندن و پێشکەوتنی ڕووداوەکان لەئەلبانیا و مەسەدۆنیا و سرەیسی گرك یان بولگاریا دەبوو بەهۆی پێدانی دەوری ڕاستەوخۆی سیاسیانە و تەنانەت سەربازییانەش بەتورکیا. بایەخدان بەچارەنووسی ئیتنیکە تورکیەکان و نزیکەی نۆ ملیۆن مسوڵمان لەبەڵقاندا بەگشتی، ئاسایی کاریگەرییەکی دیاری هەیە لەسەر گفتوگۆی سیاسی تورکی. ئەم شیکردنەوەیە کە گۆشەگیربوونی تورکیا لەئەوروپاو ئەگەر و پیشهاتەکان بۆ سەقامگیری پەیوەندییەکانی تورکیا و یۆنانا و بەرە وپێشەوە چوون لەبەڵقاندا بەشێوەیەکی گشتی خراپتر دەکات.

لەکۆتاییدا و لەبەشی ئەنجامگیریدا، گراهام فوللەر سەرنج بەنێو شیکردنەوەکانی پێشوودا دەگێڕێت و هەندێ تێبینی گشتی پێشکەش دەکات لەسەر ئەوەی کە چۆن گۆڕانکاری لەناوەوە و دەوروبەری تورکیادا ئەو ڕێگایە دروست دەکات کە لێیەوە تورك خۆیان ببینن و لەوانی تریش بکۆڵنەوە. فۆللەر بەردەوام دەبێت لە گفتوگۆکردنی هاتنەناوەی زۆرتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسیاسەتی خۆیدا بەرەو تورکیا و ناوچەکانی چواردەوری تورکیادا، ئەوەش



سیاسەتێکە دەبێ گرنگی زیاتری پێبدرێت چونکە تورکیا دەگاتە ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی پێناسە بکات و کاریان بۆ بکات لەزەمینەیەکی نوێی جیۆپۆلەتیکیدا.

نووسەرانی ئەم کتێبە دەخوازن سوپایی خۆیان بۆ جێگرانی سەرۆکی دەزگای (رەند) لاین دایڤز و جۆرج دۆنۆهۆ و جۆناسان پۆلاك دەربڕن لەگەڵ سوپاسدا بۆ بەرێوەبەری توێژینەوەی بەکۆمەڵی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەدەزگای (رەند) و بۆ یارمەتیدانی بۆ بەرهەمهێنانی ئەم کتێبە لەئەنجامی پێکەوە کارکردنی پرۆژەی سەنتەری ئارۆیۆ و توێژینەوەی هێزی ئاسمانی لەسەر ئاڕاستەی ستراتیژیداهاتووی تورکیا. هەروەها سوپاسی خۆیان پێشکەش دەکەن بەهاورێیانی دەزگای رەند دایڤد ئوچمانیك و نانیت گانتز و جۆزیف کیچپینیان و ف. مۆری ز سیندی کۆماگاوا کە ڕەخنە و تەعلیقی بەنرخ و یارمەتیان پێشکەش کرد. هەروەها ئێمە سوپاس گوزارین بۆ هێس لۆری لەپەیمانگای توێژینەوەی تورکی لەواشنتۆن بۆ تەعلیقەکانی لەسەر ڕەشنووسی دووبەشی کتێبەکە. هەروەها ویلیەم راو لە ئەنجومەنی کاری تورکیا و وڵاتە یەککگرتووەکان بۆ یارمەتدیانی لەگەڵ پەویوەندیکردنیاندا لەئەستەمبوڵەوە. لەکۆتاییدا دەخوازین کە سوپاسی ژمارەیەکی زۆر خەڵك بکەین لەتورکیا و شوێنانی تر کەبەروانین و بیر و بۆچوونەکانیان بەشدارییان لە درێژەی بەرهەمهێنانی ئەم توێژینەوەیەدا کرد.

ئیان ئۆ. لێسەر

www.pertwk.com

# بەشی یەکەم

## تورکیا : بەرەو سەدەی بیست و یەك

پاوول بی – هێنزی

ڕووناكی خستە سەر مێژووی كۆماری توركیا لەماوەی حەفتا ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەتیش بەدەست هێنانەكانی توركیا لە كودەتا سەربازییەكەی 12ی ئەیلولی 1980دا، مەبەستی منە لەم وتارەدا بۆ گفتوگۆكردنی ئەوەی كە من بەخاسیێتە زۆر گرنگەكانی پەرەسەندنی توركیای‌دادەنێم وەكو ئەو وڵاتەی كە لە ساڵانی نەوەدەكان و بەرە و سەدەی بیست و یەك گەشەدەكات. من فرمانی ((گەشەكردن)) بەمەبەستەوە بەكاردێنم بۆ توركیا وەكو نەتەوەیەك كە هەرچەندە تۆڕێكی پەرەسەندنی خێرای تۆماركردنی لەدەیەی ڕابردوودا دانەمەزراندووە بەڵام هەموو ئاماژەیەكیش بوونی توانا بۆ بنیادنانی ئەو دامەزراندنە لەدەیەی نەوەدەكاندا نیشان دەدات، بەقسەیەكی تڕو لەگەڵ سەركەوتنی بەردەوامدا، توركیا وەكو یەكێك لە دەوڵەتە هەرەسەر كەوتووەكان پێ دەنێتە سەدەی بیست و یەكەوە و بەڵێنی نەتەوەیەكی قەوارە مامناوەندی دەدات.

جەختكردنی سەرەكی لەم بەشەدا دەخرێتە سەر ئاڕاستە ناوخۆییەكان و بەرەو پێشەوەچوونەكان. ئەمانەش پێویستە هەموو كاتێ ببنە بنەما بۆ هەڵسەنگاندنی دیمەنەكانی گەشەكردن و پرۆژەدانانی درێژەی پەیوەندییەكانی ئەم وڵاتە لەگەڵ بەشەكانی تری جیهاندا. لەساڵاتی هەشتاكاندا توركیا بەشێوەیەكی هێجگار ڕاستەوخۆ بەجیهانەوە بەسترا. ئەم پرۆسەیەش لەساڵانی نەوەدەكاندا خێراتر دەبێت، وەكو لەزۆربەی وڵاتانی تردا، لەتوركیاش ئەو ڕەگەزانە هەن كە پێیان باشە توركیا بەرەو ناوخۆی خۆی بگەڕێتەوە و بەرە و شێوازێك لە گۆشەگیری یان توندڕەوی سیاسی یان ئایینی بچێت، ئەمانە حەز دەكەن كاریگەری جیهان لەسەر كۆمەڵگاكانیان سنووردار بكەن. پرۆسەكانی بەرە و پێشەوە چوون كەوای‌دادەنێن ناكۆكن لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی ئەماندا تەسك دەكەنەوە. ئەم جۆرە بۆچوونانە لەهەر



www.pertwk.com

كوێدا ببینرێن ئەوە بریتین لە یۆتۆبیا بەتایبەتیش بۆ وڵاتێك كە جوگرافیا و مێژوویەكی وەكو توركیای هەبێت. سەرباری ئەوەش هێزە كۆنە پەرستەكان لە ڕۆژنامە نووسان و توێژەرە پسپۆڕەكان و ڕەخنەگرە ئامانج دیارەكان و كارمەندە هەمەلایەنەكانی حكومەت گرنگی‌یەكی لەرادە بەدەریان پێدەدرێت كەئەوانە دەسەڵاتیان بەسەر گفتوگۆكردندا دەربارەی توركیا كردووەو ڕاستیە بنجینەییە گرنگەكان و ئاڕاستەكان تەمومژاوین. دەشێ من تاوانبار بكرێم بەوەی كە بایەخێكی زۆر كەم بەتوندڕەوە ئیسلامیەكان و پان- توركەكان و سۆشیالیستە عاتیفی‌یەكان و دیماگۆجە سیاسیەكان دەدەم لەم بەشانەی كە دواتردێن. مەبەستی من بۆ گفتوگۆكردنی دەسەڵاتتكردن و ئاڕاستە خاوەن خاسیێتەكان و شیانەكان و ئەگەرەكانە.

جوگرافیای توركیا جوگرافیایەكە كە لەهەموو لایەكەوە كاری لێدەكرێت و ناشتوانێت لەو كارلێكردنە خۆی دەرباز بكات. تەقینەوەی گەورەی پەرەسەندنی ئابوری و كۆمەڵایەتی و سیاسی كە وڵات لەساڵانی هەشتاكاندا تاقی كردۆتەوە بەشێوەیەكی لەبەرچاو توانای ئەو وڵاتەی بۆ گونجاندن بەشێوەیەكی سەركەوتووانە لەگەڵ ئەو هێزە ناوخۆیی و دەرەكیانەی كە كاریگەرییان لەسەری هەیە چاك كردووە. لەوانەیە تەنانەت شتێكی زۆر گرنگیش بێت كەڕاستی ئەوەیە توركەكان بەشێوەیەكی زیاتر دەبێ بگەنە ئاستی پەیبردن بەوەی كە وڵاتەكەیان پێویستی نی‌یە لەوە زیاتر ڕەگەزێكی خراپ بێت لە سیاسەتی نێو نەتەوەیی و ژیانی ئابوریدا. توركیا دەتوانێت كار لە جیهانی دەوروپشتی خۆی بكات، ئەویش نەك تەنیا لەدراوسێكانی خۆی بەڵكو لەهەرێمە زۆر دوورەكانیش.

هەڵوەشاندنەوەی یەكێتی سۆڤێت كاریگەری خێرا و بەرفراوانی لەسەر توركیا هەبووە، بۆماوەی چوار سەدە، ئیمپڕاتۆریەتی روسیا بەردەوام هەرەشە بووە، نەك تەنیا بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەڵكو بۆ هەموو جیهانی تورك

پرسیارێکی جێگا بایەخی چاودێران کە حەزدەکەن بەرامبەر پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکان ڕابمێنن بە (( ئەم یان ئەو )) شێواز ئەوەیە – ئایا تورکیا ئەوروپا هەڵدەبژێرێت یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ – ئایا دەشێ ئەم پرسیارە فراوان بێت بۆ پێشکەش کردنی ئەڵتەرناتیڤی سێیەم؟ کۆمارە تورك و موسڵمانەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو لەناویاندا ئەوانەشی بەکۆماری ئۆتۆنۆمی لەناو فیدراڵیەتی ڕوسیادا ناودەبرێن بگرێتەوە. وەڵام نە ئەمیان و نەئەویان بوو، ئێستاش نەیەکێك و نەدوان لەو سیانە نیيە، بەڵکو هەموو ئەوانەی سەرەوەیە، ئەم هەڵبژاردنانە دژایەتی یان، پێشبڕکێ نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن. هەروەك ئیکۆنۆمیستی لەندەنی لە کۆتایی ساڵی 1991دا بەشێوەیەکی زۆر کاریگەرانە گفتوگۆی کرد(1) ئەوە زۆر لەبەرژەوەندی ئەوروپایە کە تورکیا وەکو بەشێکی پێکهێنەر دابنێت ئەگەر تورکیا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەندا کەم بکاتەوە، هەروەك ئەوە لەبەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکانیشە.



www.pertwk.com

## ئاڕاستە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان هیواکانی تورکیا

تورکەکان چیان لە ژیان دەوێت؟ دەیانەوێت وڵاتەکەیان چۆن پێش بکەوێت؟ پێشبینی دەکەن کاتێ سەدەی بیست و یەك دەست پێدەکات لەکوێدابن؟

زۆربەی تورکەکان تازەگەری بەردەوام و چاکسازی چۆنێتی ژیان و هەلی باشترکردنی باری خۆیان وەکو ئەنجامی پەروەدەوکار دەوێت.

ئامانجی تورکەکان زیاتر ئامانجی کۆمەڵگا ئاڕاستە رۆژئاواییەکانە: کە بریتی یە لەشتومەکی مادیانەی زیاتر و هەلی باشتری پەورەدەییانە بۆ منداڵەکانیان و چاودێری پزیشکی پێویست کە تەمەن درێژتر دەکات. لەپشتی ئەم ئارەزووە سەرتاییانەوە کاتی بێ ئیشی زیاتریان دەوێت بۆئەوەی بەیاری و خۆشی ڕابواردنەوە بەسەری ببەن، ئەویش بەچوونە سەرکەناری دەریا و بۆ شوێنی حەوانەوەی قەد چیا کە زۆر کەس لەوێ ماڵی دووەم بۆخۆیان دروست دەکەن، هەروەها بۆئەوەی بتوانن سەفەری دەرەوەی وڵات بکەن. بەڵام ژمارەیەکی کەم دەیانەوێت کۆچ بکەن. زۆر کەس دەیانەوێت لە دەرەوەی وڵات کاربکەن و زۆربەی ئەوانەشی بۆ کارکردن دەچنە دەرەوە حەزیان لە گەڕانەوەیە، زۆریشیان دەگەڕێنەوە، ئەوانەشی کە ناگەڕێنەوە ئاسایی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ خزم و هاوڕێکانیاندا دەپارێزن و پارێزگاری لەبایەخی ژیان لەنیشتماندا دەکەن. بەشێویەکی بەربڵاو تورك ئەوە بەهێند دەگرن کە حەز و ویستەکانیان لەچوارچێوەی کۆمەڵگایەکی کراوە و لە سیستەمێکی سیاسی دیموکراسیدا بەقەناعەتەوە بەباشترین شێوە جێبەجێ بکرێن. بەڵام ئەمان لەبارەی دیموکراسەوە شێلگیرنین. ئەمانەن پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ

زۆربەی تورکەکان نیشتمانین، بەپێچەوانەی زۆر کۆمەڵگای رۆژئاواییەوە، دەربرینەکانی نیشتمانێتی لەتورکیادا وەکو داوای لێبوردن کردن دروست نابن و بەشێوەیکی گاڵتە جاڕییانە سەیر ناکرێن جگە لە سەیرکردنی ژمارەیەکی کەم نەبێت لەدیماگۆجیای ئایینی کە لەباڵی ڕاستی توندڕەوە پرنسیپەکانی ئەتاتورك بەردەوام لەلایەن زۆربەی تورکەکانەو وەکو بنەمای ژیانی هاوچەرخ و بنەمای بوونی کۆمارەکە پەسەند دەکرێن. تورکەکان دەیانەوێت وڵاتەکەیان وڵاتێکی بەهێز و سەرکەوتوو بێت و لە جیهاندا حسابی بۆ بکرێت. ئەمانە واپێشبینی دەکەن کە زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتوان و سەرکەوتنی ئابوری نفوزێکی گەورەتر دەبەخشن بەتورکیا لەمەسەلەکانی جیهانی سەدەی بیست و یەکدا. تورکەکان حەزیان لە بەرفراوانی هەرێمایەتی نییە، بەڵام بەشێوەیەکی زیاتر حەزیان لە نمایش کردنی بەرژوەندییەکی ڕاستەوخۆیە لە ژیان و بەختەوەری هاوڕەگەزەکانیان لەبەڵقان و ئاسیادا.

سەرباری پایەی هێجگار بەرز لە ژیانی تورکیادا کە پیاوانی عەسکەری پێی ئاسوودەبوون لەساتەوەختیدامەزراندنی کۆمارەوە وردە وردە ئەو پایە پوکایەوە، ڕێژەی پیشەی سەربازی هەر بەبەرزی مایەوە. ڕاکردنی پیاوانی گەنج لەخزمەتی سەربازی هێشتا لەوە کەمترە کە جێگای سەرسوڕمان بێت. تورکەکان بڕوایان وایە کە دەبێ وڵاتەکەیان لەڕووی سەربازییەوە بەبەهێزی



www.pertwk.com

بمێنێتەوە، بەڵام بیرۆکەکانی ئەوەی کە هێزە سەربازییە تەواوەکان پێکدێنێ ئێستا لە گۆڕانی بەردەوامدان.

ئەو دارمانە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی‌یەی کە لە ساڵانی حەفتاکانەوە تورکەکان بەخۆیانەوە بینی وەکو بیرەوەرییەکی زیندوو لایان دەمێنێتەوە. تورك نایانەوێت ببینن جارێکی تر وڵاتەکەیان بکەوێتە باری پەشێویەوە و هەندێ ئاستی توندی ئابورییانەو سنورداریێتی مامناوەند بەمەبەستی دوورخستنەوەی باری پەشێوی پەسەند بکەن. سەرباری ئەوەش ئارەزووی لێکدانەوەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی فاشیزم ناکەن وەکو چارەسەرێك بۆ کێشەکان یان ئامرازێك بۆ دوورخستنەوەی گیروگرفت. ئەمانەن بڕوایەکی قوڵیان بەدیموکراسی هەیە کە لە زۆر ڕووەوە حەزیان لەپیادەکردن و لێتێگەیشتنی هەیە وەکو سیستەمێك بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی وڕێکخستن بەمەبەستی گۆڕانکاری لەکاتێکدا کە کۆمەڵگا بەرە و پێشەوە دەڕوات، ئەمان ناترسن یان بەئاسانی لەلایەن ئەو سیاسیانەوە فریونادرێن کە ئەمان وا لێیان دەڕوانن زۆر لە مرۆڤی باڵا کەمترن. بێجگە لە ئەتاتورك تاڕادەیەکیش ئینینۆ کە لە گەڕانەوەدا بۆ ڕابردوو وەکو (بت) دانراون. تورکەکان حەزیان لەوە نی‌یە کەسەرکردە سیاسیەکان بەپیرۆز دابنێن و کوێرانە دوایان بکەون، داخۆ تورکەکان ناترسن یان ئەسەف هەڵناکێشن لەگۆڕینی سەرکردایەتی‌دا یان ئەوە وەکو خەلاتێك وەردەگرن؟(2) تورکەکان بەپێچەوانەی زۆر دیموکراسی نوێی ترەوە، ئەوە فێربوون کە زانستی سیاسی پێویستە هونەری رەفتارکردنی شیاوو سەرکەوتووکاری حکومەت بێت و داوای سەوداگەری و دانووسان بکات. ئەگەر حکومەت بۆچوونەکانی ئەوان نەیبینێت ئەوا، ئەوانی تورك هەمیشە ئامادەن ئەو بۆچوونانەیان بەلاوە بنێن و جارێکی دی هەوڵبدەنەوە (لەوانەیە لەم ڕووەوە ئامادەییەکی زۆریشیان تێدا بێت)، بەرە بەرە، بەڵام

لەهەموو ئەو بەگشتی کردنانەی لەسەروە کران حاڵەتی جیاکراوەش هەیە کە هەندێکیان لەبەشەکانی دواتردا دەبینرێن: تورکەکان بوارنادرێن کە ئەو ڕاستی‌یە لە ژێر زاراوەکانی یەکگرتنی بنەڕەتی و هەستی نەتەوایەتیدا بشارنەوە. تورك هاوشێوەیە لەگەڵ نەتەوە گەورەکانی تری ئەوروپادا و لەپەرەسەندندا دوورە لەزۆربەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەمەوە، تورکەکان پلەیەکی بەرزی هوشیارییان سەبارەت بە کۆمەڵگەکەیان و کۆمارەکەیان هەیە کۆماری تورکیا نوێ‌یە و دەشێ لە زۆر ڕووەوە بەراورد بکرێت بەدەوڵەتە نوێیەکانی جیهانی سێیەم. لە قۆناغەکانی سەرتایدا کۆماری تورکیا هەوڵیداوە زۆربەی کێشەکانی کەلە ناوەڕاست و کۆتایی سەدەی بیستەمدا ڕووبەڕووی جیهانی سێیەم بۆتەوە بەپتەوکردنی باری سیاسی پەرەسەندنی ئابوری چارەسەر بکات. بەڵام تورکیا ئێستا چی تر نایەوێت بەپێودانگەکانی جیهانی سێیەم هەڵبسەنگێنرێت، تورکیا بەشێك نییە لە جیهانی سێیەم.

تورکیا گروپی گەورەی خەڵکی نامۆی تێدا نی‌یە کە لەڕووی بوونی دەوڵەتدا ڕاوەستن یان کاربکەن بۆ گۆڕینی هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری(3). چینە کۆمەڵایەتیەکان لەتورکیادا ڕەگ و ڕیشەی مێژووییان نی‌یە، هەڵوێستی چینایەتی توونی و تیژ نی‌یە و توندوتیژیش نابێت، هەرچەندە جیاوازی لەبواری‌داهاتدا لەماوەی بەرزبوونەوەی ئابوریدا لەسالانی هەشتاکاندا بەشێوەیەکی لەبەرچاو دەرکەوتووە.



www.pertwk.com

لەگەڵ ئەو ئەنجامەدا کە کەسانی‌دانەر و ڕێکخەری پرۆژەی سەرکەوتوو (هەندێ لەبنەما سادەکان) نقوومی بەکاربردنی ئاشکرابوون و پشتگیری شێوازەکانی ژیان لەسەر نموونەی ڕۆژئاوایی پڕ لە خۆشی یان کردووە. ئەم دیاردەیە زیاتر هەندێ دەرئەنجامی سیاسیانەی هەبووە، جیاواز لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا، تورکیا ئەو گروپە جێگا بایەخانەی کرێکاری میوان یان کۆچەری نوێ‌ی نییە کە لە ڕووداوەستانی تواندنەوە یان گونجاندن نیشان بدەن. لەسالانی نەوەدەکاندا لەوانەیە تورکیا لەگەڵ کۆچکردن یان شەپۆلەکانی ئاوارەبوون لە کۆمارەکانی باشووری یەکێتی سۆڤێتی پێشوو، بەڵقان بجەنگێ, تورکەکان ئەم ئیحتمالە وەها سەیر ناکەن کە بەتایبەتی پێشوازی لێ بکرێت. هەروەها تورکەکان ئەو هۆیە پراگماتیکی‌یە پەسەندە بۆ یارمەتی‌دانی کۆمارە نوێیەکانی تورکە مسوڵمانەکان تێدەگەن کە بۆ پاراستنی بارودۆخەکانە لەهەرەس هێنان بە جۆرێك کە بگاتە ئەو ئاستەی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی بیانەوێت کۆچ بکەن.

تورکەکان لە داهاتوو ناترسن. گوتاری سیاسی و زۆر پێوەنانی ڕۆژنامە نووسیانە هەیە لەلایەکەوە، بەڵام هەندێ تورك هەن کە ڕێگای ئەوە نادەن کە گوایە لەساڵی 1991 دا باشتربن لەچاو ساڵی 1980دا چی وەکو تاك و چی وەکو نەتەوە. لەهەردوو بواری سەرکەوتن و هاتنە خوارەوەدا، چاوەڕوانی بەردەوامبوون دەکەن بۆ دەستکەوتن لە ماوەی ساڵانی نەوەدەکاندا. تورکەکان بەبێ ترس بەرەو ڕووی سەدەی بیست و یەك دەبنەوە، بگرە بەبڕواشەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە. هەموو ئەو ئاراستە و خاسێتانەی کە لەسەرەوە گرنگییان پێدرا لەچاو هەر ڕێگایەکی تری شیاودا زۆر گونجاوتر دەردەکەون بۆ بەردەوام بوون لەساڵانی نەوەدەکاندا.

# ئایین

زۆربەی هەرە زۆری تورکەکان مسوڵمانن، بەهەمان ئەو شێوەیەی کە زۆربەی ئەوروپییەکان و ئەمەریکی‌یەکان مەسیحین، ئایینەکەیان بەشێکی تەواوکەری کەلتورەکەیانە و لە ژیانی تاکە کەسیشدا بەشێوەیەکی سەرەتایی وەکو چوارچێوەیەك بۆ سروتی گواستنەوە گرنگە.

بەتایبەتی لە لادێ و شارۆچکە ناوخۆییەکاندا، پەیوەستبوون بەپێڕەوکردنی ئیسلامەوە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بۆ زۆربەی تورکەکان جێگای گرنگی پێدانە، دوورکەوتنەوە یان نکوڵی کردن لە پێشبینی یەکانی ڕەفتاری ئیسلامیان، یەکبوونی پەوەیندییە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکانی هەڵدەوەشێنێتەوە و ژیانی رۆژانە دەشێوێنێت و هیچ کەڵکێکیشی نییە بۆیان. خاوەن ئیشەکان قەیسەرییەکانیان بەجێ دەهێڵن و دەڕۆن بۆ بەشداریکردنی نوێژی هەینی لە مزگەوتدا.

هەر بەهەمان ئەو ئەو ڕۆحیەتەوە کە هاووڵاتیانی پایە بەرز لە شارەکانی ئەمەریکا ئامادەی سروتی بەیانیانی یەك شەممە دەبن لە کەنیسەدا. رۆشنبیران کەبەدەگمەن بەشداری خزمەتی ئایینیان کردووە بەربەست دەبن لەبەردەم خزمەت و سروتە ئایینییەکاندا, دانیشتوانی شارێکی نوێ پارە کۆدەکەنەوە بۆ دروستکردنی مزگەوت. هەر بەزوویش ئەو دامەزراوە بەهێڵەکانی ئاوو کارەباوە دەبەسترێت. ئەمەش لەبەر ئەوە نی‌یە کەئەو کەسانە ئیسلامی توندڕەو (دەمارگیر)ن یان هەست بەنامۆیی کردن لەهەموو لایەکەوە ئابلۆقەیان دەدات، بەڵکو بەشێوەیەکی سادە بەهۆی پێویستیان بەبنیادو هێماکانی ژیانی سەقامگیری بەوەیە کە لە لادێ فێری بوون. ئۆتۆمۆبیلی سەر



www.pertwk.com

ڕێگا دوورەکان دەوەستن، ڕێگای ناوەندەکانی بازاڕ و تەنانەت وێستگەکانی هێڵی ئاسن شوێنی بچووکیان بۆ نوێژکردن تێدایە، تەنیا ئەو کەسانەی کە پەروەردەی ئاڕاستەی رۆژئاواییانەن ڕانەهاتوون لەگەڵ خاسێت و ئیقاعی ژیانی تورکیا و ئەوان دەتوانن ئەم شتانە وەکو بەیانێکی فاندەمێتالیزمی ئیسلامی‌دابنێت.

خاسێتی سەرەکی ئیسلام لەتورکیادا ئەوەیە کەشتێکی رۆتینە، نەریتە ئیسلامیەکان لایەنێکی تەواوکەری مێژووی تورکن، بەڵام لایەنێکی هەرە سەرەکی نین وەکو ئەوەی کە لایەنێکی سەرەکین بۆ مێژووی عەرەب مسوڵمان. ئاسیای ناوەندی ئیسلامی زۆر داواکارییان لە تورکیا هەیە وەکو هەر سەردەمێك لەچەرخی ئیسلامیدا. هەمان شێوەی زۆر لەگەلانی تری دنیای بەرفراوان، هەروەکو چۆن رۆشنبیری بڵاوبۆتەوە و میدیای نوی بەجۆرێك پەرەی سەندووە کە بگاتە زۆربەی خەڵکی، تورکەکان بەشێوەیەکی زیاتر لەڕەچەڵەکیاندا بوونەتە جێگای گرنگی پێدان، ڕەگەزی پاڵەوانانەی تورکی واخۆی دەردەخات لەڕابڕدووی تورکیادا لەڕەگەزی پاڵەوانانەی ئیسلام گەورەتر بوو بێت، بەڵام تورکەکان زۆر کەم ململانێ لە نێوان ئەو دووانەدا دەکەن.

سەرباری کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی خەلافەت، ئەتاتورك ئەو چاکسازیانەی ئەنجامدا کە ئاڕاستە تاریك و هەڵوەشاوەکانی لەئیسلامێتی تورکیادا ڕاستکردەوە، مەبەست لەمەش تاوانبار کردنی ڕێبازەکانی دەروێشی‌یە (5) لەژێر سایەی دەسەڵاتی حکوومەتە تاڕادەیەك توند و تیژەکاندا کە دەسەڵاتیان کردووە لەماوەی سێ دەیەی یەکەمی کۆماری تورکیادا، ئیسلام لەڕووی ڕەسمی‌یەوە لایەنگری بەدەست نەهێناو وادەرکەوت لەهەڵوێستی بەرگری کردندایە. هەندێ لە ئەتاتورکیە کلاسیکی‌یەکان و ریفۆرمیستە

کرانەوەی سیاسەت و کۆمەڵگای تورکی کە لەگەڵ گەڕانەوە بۆ دیموکراسیەتی فرەحیزبی‌داهات لەساڵی 1950دا ئەوەی هێنا کە بۆ زۆر کەس وادەرکەوت ژیانەوەی ئیسلام بێت. ئەو دۆزەخەی کەئەتاتورکیە کلاسیکیەکان هەمیشە تیایدا ڕووبەڕوو دەبوونەوە چارەسەریشیان نەکردووە– ئەویش ئەوەیە کەچۆن کۆمەڵگایەکی دیموکراتی ئایین سەرکوت دەکات ئەگەر بەشێکی قەوارەداری خەڵکی ئەو ئایینە بەگرنگ دابنێت؟ لەساڵانی پەنجاکانەوە، ئیسلام وەکو بنەمایەك کراوە بەشتێکی ئاسایی، بەڵام وەك ڕەگەزێك باڵا دەست نەبووە لەبنیادی کۆمەڵایەتی و پلورالیزمی سیاسی‌دا. هۆیەکی پەسەند لە ئارادانی‌یە بۆ بیرکردنەوە لەوەی کەئیسلام بەم جۆرە بەردەوام نابێت لەداهاتوودا.

ئیسلام لە تورکیادا دیاردەیەکی عاتیفیانە نییەو تورکەکان بەهۆی داواکارییە دیماگۆجیە ئایینییەکانەوە ناوروژێنن. لە ئیسلامی تورکیادا پێکهاتەی دەستەی پیاوانی ئیسلامی کە جێگای بایەخ بێت بوونی نی‌یە. ئەتاتورك عالمە دینییەکانی لەناوبرد, بەشێوەیەکی گشتی‌داب و نەریتی



www.pertwk.com

ڕیزگرتنی کەسێتە ئایینی‌یەکان یان ئەو پیاوانەی کەبڕوایان وایە بەتایبەتی پیرۆز بن نەژیاوەتەوە.

بایەخدانەکانی ڕووناکبیران لەچەند دەیەی ڕابردوودا سەبارەت بە کاریگەری بەرەو دواوەی خوێندنگا ئایینی یەکان لەسەر لاوانی تورك سەلماندوویەتی کە زۆر پێوەنانی تێدایە. هەمان شێوە بایەخدان سەبارەت بە کاریگەری خراپی فێرکردنی ڕەفتار وەکو بەرگێك بۆ ڕێنومایی ئایینی لە خوێندنگا گشتی یەکاندا لەساڵی (1981)ەوە دیسان پاشە کشێی پێکراوە. لاوانی تورك هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ ناخەنە ڕووکە گوایە قوربانی دەستی دەماریگری ئایینی بن. زۆربەی گەنجانی تورك هەست بە بێزاری دەکەن کە بەبڵاوبوونەوەی پەورەردەی ئیسلامیدا هەڵبدرێت. لاوانی تورکیا زیاتر هەمان ئارەزووی لاوانی ئەوروپا و ئەمەریکایان هەیە، تا ئەندازەیەکی دیار هەر گەنجێکی تورکی هەست بەسوکایەتی پێکردن دەکات ئەگەر پێی بڵێیت ئەو وەکو عەرەبێك یان فارسێك دەردەکەوێ و بیردەکاتەوە و ڕەفتار دەکات. تاڕادەیەك سەرجەم لاوانی تورك لەقایل بووندا دەگەشێنەوە ئەگەر پێیان بڵێیت وەکو ئەمەریکەیەك دەردەکەون و هەڵدەسوڕێن.

توندڕەویی ئایینی لە ئێراندا بەردەوام کاریگەری گرنگی نابێت لەسەر تورکیا و ئیحتمالی ئەوەش نی‌یە کە لەمەودواش هەیبێت. لەتورکیا هیچ پارتێکی سیاسی سەربەئێران یان سەر بە عەرەب بوونی نی‌یە، هیچ پارتێکی ئەوتۆش نی‌یە کە چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرێت کە لە و بوارەدا قورسایی هەبێت. لە سیاسەتی تورکیادا، ئیسلامی بەسیاسەتکراوو پارەی عەرەب و ئێران دەورێك دەبینن کە هیچ گەورەتر نی‌یە لەڕەوشتی زۆرینە و کەنیسەی یەکگرتن لە ژیانی سیاسی ئەمەریکادا.

سەرۆکە سیاسیە دیارە ئیسلامیەکان بۆ نموونە نەجمەدین ئەربەکان لەبەرامبەر داواکاری بۆ نەگونجاندنی ئایینی وەکو بنەمایەك بۆ گەڕان بەدوای دواکەوتوان و کاری دیاری کراودا لە میانەی فراوانبوونی پیشەسازی و زیادکردنی دەستکەوتەوە قسەدەکات شان بەشانی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم ئاڕاستە کردنە ئابوریە بەناوی پارتەکەی ئەربەکانەوە ئاشکرایە، واتە پارتی ڕەفا. دەستوری ساڵی 1982 دامەزراندنی پارتی سیاسی پشت بەستوو بەبنەمای ئایینی و ئیتنیکی یان فەلسە توندوتیژەکان لە دەسەڵاتی سیاسیدا قەدەغە دەکات. هۆیەکی زۆر لە ئارادایە بۆ بڕوا کردن بەوەی کەئەم سنوور دانانە هەڵگیرابێت لەساڵانی نەوەدەکاندا. توندەڕەوان تیایاندا پارتە ئیسلامیە تووندڕەوەکانیش پەرەیان سەندووە.

ئاڕاستەکردنی زیاد لەساڵانی نەوەدەکاندا بەرە و کۆمارە ئیسلامیەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو لەوە ناچێت ببێتە هۆی بەئیسلامیکردنی زیاتری تورکیا لەهەر ڕوویەکی رادیکاڵیانەوە، هەڵوێستی ئایینی و سیاسی لەم کۆمارانەدا وا دەردەکەوێت کەچاوەڕوانی گەشەکردنی لێ بکرێت هاوشان بەدرێژایی هێڵەکانی ئەزموونی تورك(6). داوای تورکیا بۆ گەلانی ئیسلامی یەکیتی سۆڤێتی پێشوو بەتەواوەتی ناوەستێتە سەر هاوبەشی خوێنی تورکایەتی و زمان و داب و نەریت، بەڵکو بزوێنەری هەرە بەهێزی خۆی لەنموونەیەکەوە بەدەست دێنێ کە تورکیا وەکو وڵاتێکی دیموکراتی و پەرەسەند و سەرکەوتوو پێشکەشی دەکات کە تیایدا ئیسلام و تازەگەری و بەرۆژئاوایی کردن بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە سەوداگەرییان تێدا کردووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە گە تورك ئەو موسڵمانانەن کەسیاقێکی لەبار بۆ پەیوەندی کردنی فراوان پێشکەش دەکەن، بەڵام لەبەر هەندێ هۆکاری جۆراوجۆر کە یەکدەگرن بۆئەوەی داواکاری تورکیا وەکو نموونەیەك لێ بکەن



www.pertwk.com

بۆ تەتەر و ئازەری و ئوزبەکی و ئیسلام بەوەی کەخۆی لەوانەیە لە ڕوانگەی پراگماتیکانەوە گرنگی‌یەکی کەمتری هەبێت.

ئاڕاستەی گرنگی هاوچەرخ لە ئیسلامی تورکیادا هەیە لەگەڵ بوونی هێزی شاراوە بۆ بەرەو پێشەوە چوونی زیاتری مۆدرێنیزم؟ زۆربەی سێ و چوار نەوەی شارنشینی تورکی دەشێ پێیان بگوترێت لەبارن بۆ پیادەکردنی شێوازێکی مۆدێرنیستانەی باوەڕی ئیسلامی، ئەگەر چی هیچ کەسێ رەفتاری ئایینی خۆی لەم ڕوانگەیەوە جێبەجێ ناکات. بزوتنەوەیەکی فرە بڵاوی (نیورکیولەر: واتە دواکەوتوانی سەعید نۆرسی) پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کەزانست و زانیاری نوێ و پەروەردەی جیدی هاوچەرخ وەکو بنەمایەکی گرنگی پێکهێنەری بڕوای ئیسلامین هەروەك چۆن بنەمای داب و نەریتن. ئەم بزوتنەوە لەلایەن هەندێ لەڕۆشنبیرانی تورکەوە بەبزوتنەوەیەکی نهێنی و ڕوخێنەر دادەنرێت. بەڵام حوکمدانەکەیان دەشێ شتێکی دروستکرا وو روکەش بێت(7) هەمان شت دەشێ لەهەڵوێستی نێگەتیڤی زۆر رۆشنبیری تورکدا بەرامبەر بەبرایەتی سۆفیانە ڕاست بێت– بەتایبەتی تەسەوفی نەقشبەندی – کەلەیەکێتی سۆڤێتی پێشوو زۆربەشی تری دنیای ئیسلام کاریگەرە، بەتایبەتی لەرۆژهەلات و لەشارۆچکە ناوچەییەکاندا. لەزۆر ڕووەوە، ئەمانە وادەردەکەون کە بەهەمان ڕێگای ماسۆنیەکان و ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی کە هەستی قوڵی هاوشێوەی برایەتیان هەیە لەوڵاتانی مەسیحیدا کاربکەن. ئەمانە تاریکستان خوازنین یان کۆنەپەرست نین. سەرباری ئەوە شتێکی زۆرکەم لەبارەیانەوە دەزانرێت و شایەنی ئەوەن توێژینەوەی بێ لایەنانەیان لەبارەوە بکرێت(8).

## ڕۆڵی سوپا لە حکومەت و کۆمەڵگای تورکیدا

کۆماری تورکیا لەئەنجامی ڕاپەرینێك لەلایەن سوپاوە سەرکردایەتی کراوە دژی پاشماوەی حکومەتی عوسمانی و لەڕوودا وەستانی سەربازی و هاتنە ناوەوەی بێگانە لەهەردوو لایەنی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە بۆ ناو وڵات دروست بوو. دامەزرێنەری کۆماری تورکیا مستەفا کەمال ئەتاتورك بوو کە پیاوێکی سەربازی باش ڕاهێنراوی خۆڕاگری بواری شەڕ بوو هەمان شێوەی هاوڕێ نزیکەکانی ئەم و هاورێکانی هەرچەندە دەستەی سەرکردایەتی سوپابوون بەڵام کاریان بەڕێوە نەدەبرد. بەپێچەوانەی زۆربەی زۆری سەرکردە نوێیەکانی جیهانی سێیەوە، ئەتاتورك تێبینی ئەوەی دەکرد کە جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان حکومەتی مەدەنی و سەربازیدا هەیە. لەکاتی بوونیدا بەسەرۆك، جلە سەربازییەکانیداکەند و هەرگیز جارییێکی تر لەبەری نەکردەوە و سووریش بوو لەسەر ئەوەی کە هەموو ئەو هاورێیانەی کە پۆستی مەدەنییان لە حکومەتدا وەرگرتبوو هەمان شت بکەن. ئەتاتورك ئەو پرنسیپەی دانا کەسەرکردە سەربازییەکان وەکو جێگای متمانەی حکومەتی پەرلەمانی کاربکەن و خۆ تێهەڵقورتاندن تەنیا لەو کاتانەدا دەبێت کە پەرلەمان هەڵبوەشێتەوە یان بەتەواوەتی لەکاربکەوێت.

ئەتاتورك خوو ئارەزووی ئۆتۆبایۆگرافیانەی هەبوو، بەڵام ئەو خوو ئارەزووانەی بەشێوەیەکی هوشیارانە و کاریگەرانە لەئەنجامی سەرسامبوونی بەشارستانێتی ڕۆژئاوا و پەیوەستبوونی جێگیری بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی پەرلەمانی شێواز ئەوروپیانەی حکومەت لەتورکیادا گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو. ئەتاتورك لەدامەزراندنی سیستەمێکی فرە لایەنی کارکردندا



www.pertwk.com

سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵام زەمینەیەکی کارکردنی خوڵقاند کەلەسەر ئەو زەمینەیە ئینینۆ توانی ئەو فیکرەیە بگوازێتەوە بۆ سەر زەمینەی واقیع.

ریفۆرمی ئەتاتورك هەرچەندە لەسەردەمی ژیانی خۆیدا بەناتەواوی جێبەجێکرا، بەڵام بنەمای بەرەوپێشەوەچوونی بۆ کۆمەڵگایەکی عەلمانی فرە دەنگی کراوە پێکهێنا کە تیایدا هێزە سەربازییەکان ڕۆڵێکی سنووردار و دیاری کراوی ئاشکرایان هەبێت. پرنسیپەکانی ئەتاتورك بەچاکی خزمەتی تورکیای کردووە و هەروەها پلەیەکی سەقامگیری نائاسایی لەنێوان دەوڵەتە نوێیەکاندا تەئکید کردووە(9).

لە هەشت سەرۆك کۆماری تورکیا شەشیان پێش بوونیان بە سەرۆك لە پیاوانی ڕیزی سوپا بوون. تورکەکان قەناعەتیان وایە کە پیاوێکی سەربازی وەکو سەرۆك چاکتر دەتوانێت سەقامگیری و ئاسایشی دەوڵەت بپارێزێت و بەڵێنی درێژەدان بە پرنسیپەکانی ئەتاتورك بدات، لەدوای ئەوەی کە حکومەتە مەدەنیەکەی بەیارمێندریس هەرەسی هێنا بەهۆی کودەتایەکەوە لەمایسی 1960دا کە لەلایەن کۆلۆنێلەکانەوە سەرکردایەتی کرا.. جارێکی تر ئەو پرنسیپانە بەهێزکرانەوە. دوو جەنەڕاڵ و فەرماندەیەکی دەریایی بەدوای یەکدا لەماوەی بیست ساڵی دوای کودەتاکەدا وەکو سەرۆك بەدوای یەکدا هاتن. فەرماندەی دەریایی فەهری کۆرۆکۆرك کە دوا فەرماندە بوو سەلماندنی کەسەرۆکێکی لاوازە و دوو دڵ بوو لەسەپاندنی نفوز و دەسەڵاتی خۆی لەهەوڵ و کۆششەکانیدا بۆ بەربەست کردنی هەرەسی سیاسیانەو ئابووریانە و جەنگان بەدژی تیرۆرزیم کە لەساڵانی حەفتاکاندا ئابڵۆقەی وڵاتیان دابوو، ئەم وەکو ئەو حکومەتە هاوپەیمانیانەی کەسیاسیە شەڕەنگێزەکان بەڕێوەیان دەبردن وابوو کەیەك جێگای ئەویتریان دەگرتەوە (10). جەنەڕاڵ کەنعان ئیڤەرین سەرۆکی دەستەی فەرماندەیی سوپا کە دەستەی فەرماندەیی سوپایی

دەسەڵاتکردنی سەربازی لەئەیلولی 1980دا سێیەمین هاتنە ناوەوەی سوپا بوو بۆ نێوپرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لەو دوو دەیەدا. هەریەکیشیان لەخاسێتدا لەوانی تر جیاواز بوو. لەساڵی1960دا کۆڵۆنیلەکان حکومەتەکەی (بەیار مێندریس)یان بەهێرشی ڕاستەوخۆ لابرد. لەساڵی1971دا تیرۆڕیزمی لەڕادەبەدەر وای لەسەرکردە سەربازییە بەتەمەنەکان کرد کە ((کودەتایەك بەیاداشتنامە)) بەرپا بکەن و دیمیریلی سەرۆك وەزیر ناچار بکەن دەست لەکار بکێشێتەوە و بوار بڕەخسێنێت بۆ دامەزراندنی حکومەتێك لەو پارتانەی لەسەرەوە باسکران لەساڵی1980 دا پێنج سەرکردە پایە بەرزە سەربازییەکەی وڵات دەسەڵاتیان بەدەست گرتەوە دوای دیسانەوە وریاکردنەوەی سیاسیەکان و نەخشەدانانی بەئاگایانە.

بەدوای شێوازی ئەو دوو هاتنە ناوەوەی پێشوودا سەرکردە سەربازییەکان پرایێزاگرییان لەبنیادی ئەو حکومەتە مەدەنیە کرد کەلەساڵی1982دا دامەزراو ڕاستەوخۆ نکۆڵی ئارەزووی مانەوەیان لەسەر کورسی دەسەڵات کرد. ئەمان خۆیان وەکو ڕێکخەری پرۆسەی ریفۆرمی سیاسی و گێڕانەوەی حکومەتی نوێنەرایەتی نیشاندا. هیوا خوازبوون کارێکی هێجگار گونجاو و لەبار ئەنجام بدەن بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەموکورتیەکان لە رژێمی سیاسیدا لەچاو ئەوەی لەساڵی1960 یان لەساڵی1971دا ڕوویدا بوو. ئیڤەرین و هاوەڵەکانی ماوەی سێ ساڵیان ویست هەتا ئەو گواستنەوەیە تەواو بکەن( کە بۆ ئەوان



www.pertwk.com

شتێکی تەواو چاوەڕوان نەکراو بوو) کە تورگۆت ئۆزال لە تشرینی یەکەمی1983دا بکەن بە سەرۆك وەزیر.

ئەم کارە سێ ساڵەییە، سەرباری سیستاماتیکی و ئامانجی چاکی و کراویی و مرۆڤ پەروەری هێشتا لەو ئاستەدا نەبوو کەبە سەرکەوتنێکی تەواوەتیدابنرێت بەو پێیەی کە نەخشەی بۆ دانرابوو. لەڕوویەکی ترەوە لە پشتی چاوەڕوانییە گشتییەکانەوە شتێکی سەرکەوتوو بوو. دەستنووسی ساڵی 1982 زۆر شتی بەدرێژیی تێدایە کەچاکتر وابوو بەجێهڵرایە بۆ دەستوور دانەران. بەم شێوەیە لەهەندێ ڕووەوە خۆی سەلماندی کەدەستوورێکی توندووتیژە. ئارەزووی پیاهەڵدانی سەرکردایەتی سەربازی بۆ دروستکردنی سیستەمێکی هەڵبژێراو و پارتی سیاسی کەپاشەکشێ پێکردنی فرە لایەنی پارتە بچووکەکان بوو، هەروەها ڕێگاگرتن لەدروستبوونی حکومەتە هاوپەیمانە لاوازەکان بەشێوەیەکی کەم ئەزموونانە جێبەجێکرا. بەمەبەستی سیستەمێکی پێکهاتوو لەدوو پارت جەنەڕاڵەکان پارتی ناوەند ڕاست و پارتی ناوەند – چەپییان بەپێوانیەکی لەڕادەبەدەر زۆرەملێیانە دامەزراند. زۆربەی خەڵکی هەردوو ناوەندەکەیان بەبەرەی بۆش دادەنا پارتی نیشتمانیدایك کە ئۆزال سەرۆکایەتی دەکردوو، لەلایەن سوپاوە ڕێکخستنی بەسەر زۆر ئاستەنگدا کردبوو، هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی1983ی بردەوە، سەردەمی ئۆزاڵ کەبەردەوامبوو هەتا دیسانەو لە 31 ئۆکتۆبەری1989 جارێکی تر وەکو دووەم سەرۆکی مەدەنی هەڵبژێردرایەوە و گەیشتە لوتکە – ئەگەرچی دەشێ لەڕوویەکەوە گەیشتبێتە کۆتایی – کاتێ نەیارەکەی، سیاسی فێڵباز سولێمان دیمیریل سەرۆکایەتی وەزیرانی لە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری 1991دا بەدەست هێنا. ئێستا ئەم دووانە بەشدارن لەبەرپرسیارێتی سەرۆکایەتیدا. هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە

دیمیریل دووجار لەلایەن سەربازییەکانەوە لەسەرۆك وەزیری دوورخراوەتەوە جاریك ساڵی1971 و جاریکیش ساڵی1981. هەتا جەژنی هەڵبژاردنەکانی ساڵی1983، ئیڤەرین هەوڵیدا دەنگدەران لەهەڵبژاردنی ئۆزاڵ پاشەکشێ پێ بکات. بۆ چوونە جێگای بڕوای ئەوان، دوای ئەوە بواری نەدا بێزاری باڵادەست بێت. لەماوەی شەش ساڵی سەقامگیریدا بۆ سوودی وڵات هاریکارییان کرد، دیمیریل لەساڵانی هەشتاکاندا بوو بە ڕەخنەگرێکی زۆرکراوەی نفوزی سەربازی لەسەر سیاسەت. لە دوورکەوتنەوەیان لەپەیوەندی مل کەچانەیاندا بۆ سەربازییەکان، ئۆزال و دیمیریل هەردووکیان بەدوای یەکدا لەگەڵ هەڵوێستی زۆربەی هەرە زۆری تورکدا دەجوڵان. لەساڵانی هەشتاکاندا سەرکردە سیاسیەکان خۆیان هیچ ئارەزوویان بۆ دەستێوەردانی سیاسەت نیشان نەئەداو ئەفسەرە بچووکانەی کەپەیوەندی زۆر نزیکیان هەبوو لەگەڵ توونددوڕەوە سیاسی و ئاینی یەکاندا بەخێرایی لەخزمەتی سوپا دوورخرانەوە.

کاتێ جەنەڕاڵەکان لەهەڵوێستەکانی حکومەت ناڕازی بوون، هەوڵیان نەدا ئەم مەسەلەی خۆیان بگەیەننە لای جەماوەر. کاتێ کە قەیرانی عێراق و کوەیت لەپایزی 1990دا سەری هەڵدا، جەنەڕاڵ نەسیب تۆرۆمانی سەرۆکی دەستەی فەرماندەی سەربازی بوو، لەپڕ وازی لەکارەکەی هێنا ئەویش لەئەنجامی ناکۆکی ئاشکرای سیاسیدا لەگەڵ سەرۆك ئۆزالدا. ئەم دەست لەکارکێشانەوەیە لەلایەن هەردوو حیزبەکەوە بەشێوەیەکی نهێنی چارەسەرکراو مەسەلەی ناڕەزاییەکەش بەهیچ شێوەیەك ئاشکرا نەکرا.



www.pertwk.com

خزمەتگوزارییە سەربازییەکانی تورکیا بەردەوام دەبن بۆ پەیوەستبوون لە ڕژێمێکدا یان لەدەرەوەی ڕژێمێکدا کە دڵنیابوون لەرۆیشتنی خوێنی نوێ (لاوان) بۆ پایە بەرزە سەربازییەکان نیشان دەدات و ڕاهێنانی پیشەییانە لە ئاستێکی بەرزدایە و بنەماکانی زانست لەخۆی دەگرێت. لەسروشتی پەیوەندییە مەدەنی و سەربازییەکاندا ئەکادیمیی سەربازییەکانی تورکیا بەسیاسەت پیس ناکرێن. پەیوەستبوونی نزیك لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی وڵاتانی تری ناتۆدا و هەروەها بەشداریکردن لەسەرکردایەتی ناتۆدا و لەفەرماندەیی هەرێمایەتیدا واتە ئەو ئەرکانەی کە هەموو ئەفسەرە تورکەکان لەهەندێ کاتدا تاقیدەکەنەوە وەکو ئەوە وان هەنگاوەکانی سەرەتا ببڕن– ، بەچاکی تێگەیشتنی ئارەزوو مەندانی هێزە سەربازییەکان یارمەتی دەدات بۆ ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتی تورکیا یان هەر دەستەیەکی گرنگی تری ئەفسەرە پایە نزمەکان لەساڵانی نەوەدەکاندا بۆ ئەوەی ویستە سیاسیەکان پەرە پێ بدەن.

هەنگاوی سەربازی بەکار دەهێنرێت تا دابنرێت بەئیلتیزامکردن لەتورکیادا. ئەفسەرە پیشە سەربازییەکان پاڕێزگاریان لەئاستە بەرزەکانی یەکێتی کردووە و لەبەرامبەریشدا ئیمتیازیان وەرگرتووە و پایەی دەگمەنیان پێبەخشراوە و پاداشتیان دراوەتێ لەپای خزمەتی دوورودرێژیان لەشوێنە گۆشەگیر و تەنیاکاندا و قوربانیدانی ڕاستەقینەیان بەماڵ و منداڵیان. لەماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاری ڕوویداوە خاوەن پیشە سەربازییەکان پێویستیان بەپەروەردەی تەکنیکی چاك هەیە و وەریشی دەگرن. داوایان لێدەکرێت کە زمانە بیانیەکان فێربن، شێوازی بەڕێوەبردن بخوێنن، بەشارەزایی لەقۆناغی ئەلەکترۆنی تێبگەن، خزمەتی سەربازی بەکاردێت بۆئەوەی هەلەکانی هەنگاوە دەگمەنەکان بۆ زەمینەی سادە

ئێستا بۆ چەندین ساڵە، خزمەتی سەربازی گشتی هێزی مرۆڤی کردووە بەهێزێکی زۆر و زەبەندە بۆ خزمەتگوزارییە سەربازیەکانی تورکیا لەچاو ئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەکاربهێنرێت. گەشەی بەرزی بەردەوامی دانیشتوان و چاکسازییەکانی بواری پزیشکی وایان کردووە کە خزمەتگوزاری سەربازی گشتی ببێتە بارێك لەسەر دامەزراوەی داواکردنی خزمەتی سەربازی کە بەشێوەیەکی جێگیر کەمبۆتەوە.

هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو لە ڕووی سەرکردە سەربازیەکانی تورکیادا دەوەستێ و پێویستبوونی پێداچوونەوە و پاکژکردنەوەی ئەو چەمکانە دەهێنێتە پێشەوە کە دەسەڵاتیان بەسەر تواناى بیرکردنەوەی مرۆڤدا کردووە بۆ چەندین دەیەیە. گێرانەوەی پیاوانی خاسێت نزمی سەربازی بۆ خزمەتکردن لەهێزی پۆلیسی لادێدا(جەندرمە) چارەسەرێکی گونجاو نی‌یە چی بۆ کێشەی هێزی مرۆیی زیادە چ بۆ داواکارییەکانی بەپۆلیس کردنی لادێدا. تورکەکان پەشیمانی لە لەدەست چوونی هەستی پەیوەستبوونی





نەتەوەیی دەردەبڕن و شانازی کردنیشیان لەدانانی (لاوانەوە) دێت بۆ ڕاهێنانی سەربازی کە ئەو ڕاهێنانە سەربازییە دەبێتە هۆی ئەوەی کەئەو هەرێمانەی وڵات بناسن کە پێشتر لێی شارەزا نەبوون. وەکو لەزۆر وڵاتانی تردا شایانی فروانکردنی خزمەتی گشتی سەربازی بۆ سیستەمێکی خزمەتی نیشتمانی و بەمەبەستی دروستکردنی جۆراو جۆرێتی لەئامانجەکانی تردا دەبێت، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت و دەشێ ببێتە هۆی گۆڕانکاری گەورە لەساڵانی نەوەدەکاندا.

دامەزراندنی هێزی بەرگری تورکی داواکارییەکی پێشینەیی لەسەر بەشێکی گەورەتری سەرچاوە بودجەییەکانی وڵاتی پاڕاستووە زیاتر لەهەر وڵاتێکی تری ناتۆ. داواکارییەکانی تر بۆ داهاتێکی زۆر و زەوەندە و – هەروەها هەرەس هێنانی پشتگیری کردنی بێگانە– نەخشە دانەرانی سەربازییان هێناوەتە ژێر فشارێکی زیاترەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێك. نیشتمانپەروەرێتی و هەروەها ئیلتیزامکردن بەبەرگری نیشتمانیەوە بێ هیچ ناڕەزاییەك کەلەلایەن زۆربەی جەماوەرەوە پشتگیری کراوە توانای داوە بەسوپای تورکی بۆئەوەی پیشەسازی بەرگری هاوچەرخ بنیاد بنێت – کەبەرهەم هێنانی فرۆکەی شەڕکەریشی تێدایە – ئەوەش ئەو گۆڕانکارییانەی پێشکەش کردووە کە لە سێ ساڵی ڕابردوودا لە ئەوروپای رۆژهەڵات ڕوویداوە لەگەڵ پارچە پارچەبوونی دامەزراوەی سەربازی یەکێتی سۆڤێتیدا کەمل کەچ دەبن بۆ پشکنینی ورد. داخۆ پەرەسەندنی زیاتری پیشەسازی سەربازی مەسرەفێکی لەبەرچاوە لەسەرچاوەکانی وڵاتدا؟ جەنەڕاڵ و فەرماندەو دەریاوانەکانی تورك بەرە و ئەوە دەچن کە ململانێیەکی گەلێك گرانیان لەگەڵ داواکارییە مەدەنیەکاندا هەبێت لەسەر سەرچاوەیداهات نەك تەنیا بۆ پیشەسازییەکانی بەرگری بەڵکو بۆ پاڕاستنی مەبەستە گشتی‌یە گەورەکانی

## قوبروس

پاریزگاریکردن لەهەوڵیستی تورکیا بەرامبەر قوبروس دەشیٚ هێشتا لەنێو ئەو شتانەدا بێت کەلە وەزارەتی بەرگری تورکیادا بەشتە یەکەمیەکان دادەنرێن. بەڵام ئەوە داواکارییەکی گێرە شێوێنانەیە، لەڕووی سیاسیەوە نەك لەڕووی ئابورییەوە لەوانەیە قوبروس لە ساڵانی نەوەدەکاندا بەردەوام بەرەو سستی بڕوات و بگاتە ئەو ئاستەی کە لەلایەن حکومەتەکانی ڕۆژئاواوە زۆر شایانی ئەوە بێت پشت گویٚ بخرێت لەچاو هەوڵی پێشتریاندا بۆ دروستکردنی ئاشتی تیایدا.

لە تورکیا و هەروەها لەیۆنانیش، مەسەلەی قوبروس لەڕووی سیاسیەوە بووەتە مەسەلەیەکی پەراوێزی، شوێنی ئەم دوورگەیە کار لەهیچ بەرژوەندییەکی زیندووی هیچ کام لەم دوو وڵاتە ناکات. سەرباری ئەوەش مەسەلەکە هێشتا بەشێوەیەکی تەواو لەڕووی عاتیفیەوە ئەوەی لەخۆی گرتووە کە هەر سیاسیەکی نیشتمانی دەشیٚ زیانی پیٚ بگات لە و ڕووانگەیەوە ئەگەر لەبەرامبەر ئەو مەسەلەدا نەرم و نیان دەرکەوێت (ئەگەر چی کارێکی ناژیرانەیە بۆ هەر سیاسییەکی تورکی یان یۆنانی کەڕازی بێت یان لایەنگری بکات لە وازهێنان لەچارەسەری هەتاهەتایی کێشەی قوبروس



www.pertwk.com

کەدەشیٚ ناڕەزایی ناوخۆ بەدژی بکەوێتە کار. بەدبەختانە پیٚ دەچێت کەئەم بارودۆخە بەردەوام بێت بۆ باڵادەست بوون لەدەیەی داهاتووشدا.

هیچ کام لە دوولایەنە پەیوەندیدارەکان – نە یۆنان و نە تورکیا – نە تورکەکان و نە یۆنانیەکان لە قوبرسدا، بەتەواوی زەرەمەندنین بەشوێنی ئێستای قوبروس بۆ هەست بەناچاری کردن بۆ هەر وازهێنانێکی جیدی بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە هەموو ئاوات دەخوازن بۆ بەکاربردنی هەرچی ئامانجی نێو نەتەوەیی هەیە سەبارەت بەمەسەلەی قوبروس کە ئەم کێشەیە دەتوانیٚ ڕایبکێشێت بۆ کەڵکێکی مەودا تەسك (Paroctial).

قوبروس هیچ ناکەوێت لەسەر یۆنان، لەبەرئەوە قوبروسی یۆنانی پرۆژەیەکی سوود بەخشە، قوبروسیە یۆنانییەکان ئاستی ژیانیان بەرزترە لەچاو یۆنانی یەکانی یۆناندا. قوبروسی تورکی بەردەوام بەهۆی باری ئابورییەوە لەهەرەس هێناندایە بەبیٚ پاشەکشیٚ کردن و لە شێوازی جۆراو جۆردا هەندێك لەو پاشەکشیٚیانە لەهێزە داگیرکەرەکانی تورکیاوە سەرچاوە دەگرن، ئاستی ژیان دەشیٚ هەرەس بهێنێت. بەڵام قوبروسی تورکی کە دانیشتوانەکەی جگە لەیەکێك یان دوو هەرێمی تورکی لەسەرجەمی حەفتا و یەك هەرێم لەهەموویان کەمترە و بارێکی زۆر گەورەی دارای پێکناهێنێت کە تورکیا نەتوانێت بەشێوەیەکی بەربڵاو بیگرێتە ئەستۆ(11).

وڵاتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندی ستراتیژی لەقوبروسدا نییە، بەرژوەندییە سیاسی و بازرگانییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی کاریگەر بایەخی سەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکان بەقوبروس هەمیشە لە بەرژەوەندییە سەرەکیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە داڕێژراوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەئەم دوورگەیە نەبۆتە سەرچاوەیەکی ململانیٚ و ناکۆکی شاراوەی سەربازی لەنێوان یۆنان و تورکیادا کە ببێتە هۆی خۆ تێهەڵقورتاندنی یەکێتی سۆڤێت،

لەساڵی 1974دا تورکیا هەڵوێستی خراپی لەقوبروس وەرگرت، کۆڵۆنێڵەکانی یۆنان هانی کودەتایەکیان بە دژی ماکاریۆسی سەرۆکی قەشەدا، بەهۆی قوبروسیە هەرە کۆنە پارێزەکانەوە و ئەوەش بوو بەهۆی دەست تێوەردانی تورکیا و لەئاکامدا داگیرکردنی سێیەکی باکوری دورگەکەی لێ کەوتەوە. ئەجەوید هەوڵیدا بەریتانیان ڕازی بکات بۆ بەکارهێنانی مافەکانی خۆی لەپەیمانەکەیدا بۆ دوور خستنەوەی چالاکی سەربازی تورکی بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. بارودۆخی قوبروس لەکاوتەوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەستوویەتی (12).

هەڵوێستە چەسپاوەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا لەوانەیە هەمیشە بەردەوام بن بۆ بەخشینی ئەو سوودە بەیۆنان و قوبروسیە یۆنانیەکان لەوەیدا کەوەکو لایەنە بریندارەکان سەیربکرێن لەکاتێکدا تورکیا و قوبروسیە تورکیەکان بەردەوام دەبن لەوەدا کەوەکو بزوێنەرانی کێشەی قوبروس دابنرێن. پاریزگاریکردنی تورکیا لە نمایشکردنێکی تائەندازەیەك گەورەی هێز لەسەر دوورگەکە بۆ بێزاری ئەو کاردەکات. تەنانەت ئەگەر فشاری ئەوروپا و ئەمەریکا لەسەر تورکیا سەرکەوتووبوایە لەکەمکردنەوەیەکی گەورەی کشانەوەی هێزەکانی تورکیا و گێڕانەوەی سیستەمی دوولایەنەی حکومەت لەیەکێتی قوبروس دا کە هێشتا لەوانەیە ئەوە شتێکی نەشیاو بێت بۆ گفتوگۆکردن. ئەگەر لەڕاستیدا ئەو گفتوگۆیە شتێکی پەسەند بێت هەمان



www.pertwk.com

شێوەی کشمیر کە وەکو سەرچاوەی ململانێ و ناکۆکی بەردەوام ماوەتەوە لە نێوان هیند و پاکستان دا و ئەو ناکۆکی‌یە ماوەی چل ساڵ زیاترە بەردەوامە قوبروس دەشێ بەشێوەیەکی بێ کۆتایی لەباری دابەشبوونی ئێستایدا بەردەوام بێت، جیاواز لە کشمیر بارودۆخی قوبروس نەبۆتە هۆی پێکدادانی سەربازی یان شەڕی بچووك. لەساڵی (1974)ەوە لەقوبروس کەس ژیانی خۆی (لەشەڕدا) لەدەست نەداوە.

## دانیشتوان

لەماوەی شەست و نۆ ساڵی تەمەنی کۆماری تورکیادا، دانیشتوانەکەی کە لەساڵی 1923 دا بەدوانزە ملیۆن کەس خەملێنراوە (13). لەسەرەتای ساڵی 1992 دا بووە بە (58) ملیۆن کەس. دوا ئەنجامەکانی سەرژمێری تشرینی یەکەمی ساڵی 1990 ژمارەی دانیشتوانی ئاشکرا کرد کە (56.664.458) ملیۆن کەس بوو کە ئاستی زیادبوون (11.736.076) ملیۆن کەس زیاترە لەدەساڵی پێشوودا. تورکیا ساڵانە یەك ملیۆن کەس لەدانیشتوانەکەی زیاد دەکات، واش پێدەچێت لەسەر ئەم زیاد بوونە بەردەوام بێت لەسەدەی بیست و یەکدا.

بانقی جیهانی دانیشتوانی ژمارەی دانیشتوانی تورکیا بە (68) ملیۆن کەس لەساڵی (2000)دا و (92) ملیۆن کەس لەساڵی (2025) ملیۆن کەس دەخەملێنێت. ئەمەش دەشێ بەپێشبینی کۆنە پارێزانە دابنرێت، لەکاتێکدا ڕێژەی لەدایکبوون بەباشی ماوەتەوە و لەساڵی (1970)ەوە لەسەرووی 2٪ی ڕێژەی مردن بەهێواشی دابەزییوە و مردنی ساوایان بەشێوەیەکی زۆر لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا هاتۆتە خوارەوە بەم شێوەیە ئاستی پەرەسەندنی

پەرەسەندنی بەرز و جێگیری دانیشتوان پێویستی بەڕێژەیەکی بەرزی پەسەرەندنی ئابووریانە هەیە بۆ پاڵپشتکردنی داواکاری پەروەردە و تەندروستی بەرفراوان و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان بۆ دانانی ئیش بۆ هەر هێزێکی کاری بەرفراوانبوو، چاکسازییەکانی ئابوری لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا توانای وڵاتی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو داواکارییانە چاککرد، بەڵام پاشە کشێی هێواشی ڕووبەڕووی ئابوری دەبێتەوە ئەویش لەئەنجامی خستنەکاری دانیشتوانێکی بەردەوام پەرەسەندوی بۆ ڕاهێنان تابێتە هێزی بەرهەم هێن. هەرچەندە چڕ بوونەوەی ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی لای حکومەتەکانی تورکیا و لەلای خەڵکیش پێشینەیەکی بەرزی نییە، بەڵام دەشێ گۆڕانگاری لەشێوەی ڕوانیندا بۆ زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان لەساڵانی نەوەدەکاندا بەرە و پێشەوە بچێت.

ڕێژەی پەرەسەندنی دانیشتوان لەناو کوردەکاندا زۆر بەرزتر بووە لەچاو ڕێژەی پەرەسەندنی دانیشتوانی بەبنەچە تورکدا. بەڵام لەبەرئەوەی کوردی لادێی باشوری ڕۆژهەلات لەگەڵ بارودۆخی ناو شارەکانی تورکیادا ڕادێت، ئەوا ڕێژە بەرزەی نەوە خستنەوە دادەبەزێت، ئەم پرۆسەیە کاتێکی زۆر دەخایەنێت کەلەوانەیە بەئەندازەی تەمەنی نەوەیەك درێژە بکێشێت.



www.pertwk.com

## ئابوری

خستنە ڕووی ئابوری تورکیا لەساڵی (1980)ەوە کاریگەر بووە، ئەگەرچی هەموو لایەنەکانی سیاسەت بەشێوەیەکی لێکچوو سەرکەوتوو نەبوون.

پەرەسەندنی (GNP) لەساڵانی هەشتاکاندا تێکڕای ڕێژەی 5٪ بووە بۆ هەر ساڵێك، لەساڵی 1990 دا کە دوا ساڵی ئەو دەیەیە بوو ئەو ڕێژە گەیشتە 10٪، بەڵام لەساڵی 1991 دا هەمان ڕێژە دابەزییوە بۆ سفر و بەڵام واپێشبینی دەکرێت لەساڵی 1992دا بگاتەوە ڕێژەی 5٪. دابەزینی ساڵی 1991 بوو بەهۆی زیانێکی گەورە لەداهاتدا و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەکو دەرئەنجامی جەنگی کەنداو لەسەر تورکیا زۆر کەوتووە، بەرهەمی نیشتمانی خراپی (GNP) پێش سەرمایەداری لەسەر بنەمای ڕێژەی ئاڵوگۆڕی (یان هێنانی) ساڵانە حسابکراوە بەدۆلاری ئەمەریکی و لە (1.287) دۆلارەوە بەرزبۆتەوە بۆ (2.595) دۆلار لەماوەی ئەم دەیەدا، لەکاتێکدا بەپێی ڕێکخراوی هاریکاری و پەرەسەندنی ئابوری هاوکێشەی یەکسانکردنی توانای کڕینی (OECD) و بەرزبووتەوە لە 482 دۆلارەوە بۆ نزیکەی 500 دۆلار. بەشی کشتوکاڵی لە (GNP) بەشێوەیەکی چەسپاو لەڕێژەی 22.6٪ ساڵی 1980 دابەزی بۆ ڕێژەی 16.3٪ لەساڵی 1991دا. بەشی پیشەسازی حسابکراوە بە ڕێژەی 27.7٪ی (GNP) لەساڵی 1991 و خزمەتگوزارییەکانش بووە ڕێژەی 55.9٪ تورکیا لە زووەوە لەوە کەوتووە کە بەخشەرێکی بەرهەمە سەرەتاییەکانی کشتوکاڵ بێت.

سیاسەتی ئابوری لەساڵی (1980)وە جەخت لەسەر لابردنی دەسەڵات و کردنەوە و ڕێژەکانی ئاڵۆگۆڕە واقیعیەکان دەکات کە عەولەمەی (دراوی

Currency) تورکی خستۆتە گۆڕانکارییەکی تایبەتی‌یەوە لەگەڵ ناردنە دەرەوە و لابردنی دەسەڵات بەسەر هێنان و ململانێکردن لەبازاڕەکانی جیهاندا هەروەها چۆنێتی و بەرهەم هێنانیشی لەبواری پیشەسازی تایبەتمەندکردندا خستە گۆڕانکارییەوە, دوای مێژوویەکی دوور و درێژی پەیوەستبوونی توونودتیژ بەڕێژەی ئاڵۆگۆڕی ناواقیعیانە کە زۆرترین چالاکی ئابوری بەرهەم هێنانی نزمی وڵاتی لەسالأنی حەفتاکاندا جولأند و حکومەتی لەداهات بێبەش کرد و پێشینە ئابورییەکان و سیاسەتی ئاستی گۆڕانکاری واقیعیانەی شێواند و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کەئاسایی رۆژانە ڕوودەدەن لەساڵی 1980ەوە کاریگەری هەبووە.

(ناردە)کان لەساڵی 1980 دا بە 2.910 ملیۆن دۆلار حسابکراوە کەبەرهەمی کشتوکاڵ ڕێژەی 57٪ی پێکهێناوە. (ناردە)کان لەساڵی 1991دا بەرزبووەوە بۆ 13.598 ملیۆن دۆلار. (بەرزبوونەوە بەگشتی بەڕێژەی 367٪ بوو) لەکاتێکدا کەدابەزینی بەشی کشتوکاڵ گەیشتە ڕێژەی 19٪. تورکیا بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێشانە لەوەیدا کەببێت بە نێرەرەی کالأی پیشەسازی بۆ دەرەوە لەسالأنی هەشتاکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. هاوسەنگی نێوان هاوردەی کشتوکاڵی و پیشەسازی دەشێ لەسالأنی نەوەدەکاندا بەئاشکرا نەگۆڕێت. تورکیا پارێزگاری لەهێزێکی شاراوە بۆ ناردنە دەرەوەی زیادی خۆراك بۆ دراوسێ برسیەکانی دەکات. تورکیا بەشێوەیەکی بنەڕەتی داواکارییەکانی خۆی بۆ خواردن پێ دەزانێت (ئەوەش ئەنجامدانێکی ناتەواونی‌یە بۆ وڵاتێك کە دانیشتوانەکەی سالأنە زیاتر لە ملیۆنێك زیاد دەکات). بەڵام هێشتا کشتوکاڵی تورکیا توانایەکی شاراوەی هەیە بۆ بەرهەم هێنانی زیاتر. گەورەترین بەشی هەناردەی جێگیری زیاد بەردەوام دەبێت هەتا لەلایەن پیشەسازی تورکیاوە پێشکەش بکرێت. تورکیا دەشێ چاوەڕوانی



www.pertwk.com

بەدەست هێنانی بەلایەنی کەمەوە 25 بیلیۆن دۆلاری سالأنە بکات لەهەناردەکانی لەساڵی (2000)دا.

هاوردەکان لە (7.909) ملیۆن دۆلارەوە لەساڵی 1980دا بەرزبووەوە بۆ 21.32 میلیۆن دۆلار,لەساڵی 1991دا ڕێژەی زیادبوون 166٪ بوو کەئەوەش بەئاستێکی باش لەڕێژەی زیادبوونی هەناردە نزمترە. لەبەرئەوەی تورکیا ڕێژەیەکی زۆر کەم خۆراك یان بەرهەمەکانی تری کشتوکاڵ دەهێنێت (کە تەنیا ڕێژەی 4٪ هاوردە بووە لەساڵی 1991دا) بەشی سەرەکی هاوردەکانی تورکیا تەنیا لە شتومەکی بەکارهێنراو پێکنایەت بەڵکو لەوزەی بەخشراو بە پیشەسازی و بەشە پێکهێنەرەکانی ئابوری تورکیا پێکدێت. وزەی هێنراو (نەوت و خەڵوز) بەڕێژەی 17.8٪ هاوردەی ساڵی 1991 حساب کراوە.

ئەم سەر ژمێرییانە ئابوورییەکی لەبنەڕەتدا تەندروست و ئاڕاستە پەسەند نیشان دەدەن، کەواتە بەراوردی دەستهاتە نادیارەکان لەم دەیەیەدا دەکەن, گەشت و گوزار لە پیشەسازییەکی پەراوێزییەوە بوو بە گەورەترین بەدەست هێنەری ئاڵۆگۆڕکردن لەگەڵ بێگانەدا و تۆرێکی هاوسەنگی (212) میلیۆن دۆلاری لەساڵی 1980 دا و 2.705 ملیۆن دۆلار لەساڵی 1990 دا و 2.062 ملیۆن دۆلار لەساڵی 1991 بەدەست هێناوە ئەویش لەئەنجامی جەنگی کەنداودا. داهاتی گەشت و گوزار وەك ڕاگەیەندراوە لەساڵی 1992 بەئاشکرا بەرزبۆتەوە و دەستکەوتی شاراوەی دوورە لەوەی کەبزانرێت. گواستنەوەی پارە (حەواڵە) لەلایەن کرێکارانی تورکەوە لەدەرەوەی ولاتەوە بۆ وڵات بەگشتی یارمەتی وڵاتی‌داوە بۆ پاڕاستنی هاوسەنگی ئیجابی باری ناجێگیری پارەدان لەسالأنی حەفتاکاندا، ئە وپارانە بەردەوام بەجێگای گرنگی پێدان دەمێننەوە بەڵام یەکلاکەرەوە نابن، لە 1.789 ملیۆن دۆلارەوە لەساڵی 1980 دا بەرزبۆتەوە بۆ 3.246 ملیۆن دۆلار لەساڵی 1990 دا و لەساڵی 1991 یشدا

بەڵێندەران و بازرگان و پیشەسازانی تورکیا ئێستا بەشێوەیەکی چالاکانە هەل و بوارەکان لەکۆمارە تازە سەربەخۆکانی سۆڤێتی پێشوودا ئاشکرا دەکەن یان دەدۆزنەوە بەکۆمارە ناموسوڵمانەکانیشەوە، هەروەك بەڵێنیداراییەکی نوێ و ڕێکەوتنی بەکارخستنی پارە هەفتانە ئەنجام دەدرێت، بانقی هاوردە و ناردەی تورکی لەساڵی 1989 دا دەمەزرا کەئەویش لەسەر شێوازی ئەمەریکاییانەوە و بڕواو و متمانەی بەگەڕخشستنی پارە بۆ زۆرێك لەم چالاکییانە پێشکەش دەکات. هێشتا کات زۆر زووە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە داخۆ دەست تێوەردانی ئابوریانەی تورکیا لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوودا تاکوێ دەڕوات، بەڵام شتێکی چاوەڕوانکراوە کە لە ساڵی (2000)دا بەشداری ڕاستەقینەی بازرگانی تورکیا و چالاکی کار و بەکارخستنی (پارەی) بێگانە لەقەوقاس و ئاسیای ناوەند و ئۆکراین و روسیا خۆیشیدا بگاتە ئەنجام. تورکیا بەهۆی ئامادە بوونیەوە بۆ نزیك بوونەوە لەنەتەوە تازە موسوڵمانەکان دەشێ هەروەها وەکو بەشدارێکی لەبار و بنکەیەك بۆ بەکارهێنەرانی ئەمەریکا و ئەوروپا و یابان بۆ سوود وەرگرتن لەو وڵاتانە



www.pertwk.com

خزمەت بکات. هەندێ پرۆژەی ئاشکرا کردن ئاسایی بنیاد دەنرێن بەڵام هێشتا کات زۆر زووە بۆ ئەوەی پێشبینییەکان هەڵبسەنگێرێت(14).

لایەنی لاوازی سەرکەوتنی ئابوری تورکیا دەشێ لەژێر چوار ناونیشاندا چڕ بکرێتەوە کە بریتین لە: هەڵاوسانی بەرزی بەردەوام، خاو و خلیچکی لە تایبەتمەندبووندا، کەموکوڕییەکانی بەرفراوانکردنی بودجە و بەرزبوونەوەی قەرزی دەرەوە. سیانی یەکەمیان بەشێوەیەکی ئاشکرا پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە، بەڵام چوارەمیان بەپەیوەندی بەوانی ترەوە نییە و بگرە بەشێوەیەکی تایبەتی شتێکی هێندە ترسناك نییە لەگەڵ ئەوەدا کەبەدرێژایی مێژووی ئابوری تورکیا بەبەردەوامی لە فراوانبوون دایە و قەرزیش دەشێ پێشکەش بکرێت.

هەڵاوسان لە ساڵانی هەشتاکاندا سەلماندویەتی کە بە ئاسانی دەسەڵاتی بەسەردا ناکرێت. پێوانەی هەرە گونجاو بریتییە لەڕێژەی ئاڵوگۆڕی لیرەی تورکی لەگەڵ دۆلاری ئەمەریکیدا. دۆلارێك کە لە سەد لیرە کەمتر بوو لەساڵی 1980 لەساڵی 1992 بەرزبووەوە بۆ حەوت هەزار لیرە. سەرباری ئەوەش تورکەکان فێری ئەوەبوون کەچۆن لەگەڵ هەڵاوساندا بەشێوەیەکی پڕ لەسەرسوڕمانەوە بژین.

ڕێکخستنە بەرفراوانەکانی ڕیزبەندکردن کاریگەرییەکانی هەڵاوسانی کەمکردۆتەوە, حکومەتی ژێر سایەی سەرکردایەتی نوێی دیمیریل کە لە کۆتایی ساڵی 1991 دا دەسەڵاتی گرتە دەست، خۆی تەرخان کرد بۆ نزمکردنەوەی ڕێژەی هەڵاوسان بەڕێژەی 10- 15 ٪ لەساڵی 1993دا. هەروەها لەناوەڕاستی ساڵی 1992دا بۆچوونێکی لاواز هەبوو کە گوایە دیمیریل ڕێو شوێنی توند بۆ نزمکردنەوەی ئەو بارەی هەڵاوسان لەبەردەگرێت بەجۆرێك کە هیچ حکومەتێك لەساڵانی هەشتاکاندا ئامادەنەبووە

OECD)یەوەیە.

هەڵاوسان بەهۆی ئەو پێشینە بەرزەوە کە حکومەت داویەتی بەفراوانبوونی ژێرخـان لەسـاڵانی هەشـتاکاندا بـەهێزکراوە. ڕێگـا سـەرەکیەکان درێـژکراون، شێوەکانی تری گواستنەوە چاککراون، پەیوەندیکردن هاوچەرخ و فراوانکراوە و لادێکان کارەبایان بۆ ڕاکێشراوە. پرۆژەی گەورەی باشووری ڕۆژهـەڵات واتـە پـرۆژەی ئـەناتۆل (دەسـتپێکردنی تورکیـا: گـاپ) لەسـاڵی 1981 دا دەسـتی پێکـردووە و لەسـەر بنـەمای بنیادنـانی بەنـداوی ئـەتاتورك لەسـەر فـورات دامەزراوە و ئێستاش ئەو پرۆژەیە لەبەرە و تـەواو بووندایە. سەرباری ئەوەی کەئـەم بەنـداوە جـەماوەریی بـوونێکی نێـو نەتـەوەیی بچـووکی هـەبوو، بـەڵام لەمەودا و کاریگەریدا زۆر پڕ بایەخترە لە چاو بەنداوی ئەسوانی میسریدا. ئەم بەنداوە بەشێوەیەکی سەرەکی پارەکەی لەسەر چاوەکانی دەرەوەی تورکیای دراوە.

هـەروەها هەڵاوسـان بـەهۆی دابەزینـەکانی حکومەتـەوە لـەو بارانـەی پـرۆژە ئابورییەکاندا کە تاکو ئێستاش بەشێکی گەورەی ئابوری تورکیا دەنوێنی و نیشـان دەدرێـت بـەهێز کـراوە. ئەگـەر ئاشـکرا کردنـە دووبـارە بووەوەکـانی سیاسەت و گفتوگۆی گشتی و توێژینـەوەکان لەلایـەن زۆر دەستەی تایبـەت و کۆمسـیۆنە ڕەسمیەکانـەوە بیانتوانیایـە بـەرە و تایبەتمەنـدی بـوون بچـوونایە ئـــەوا تورکیـــا لەزۆربـــەی کـــارە پیشەســـازییەکانی دەوڵـــەت و مینـــەکان و ڕێکخراوەکانی گواستنەوە لە ئێستادا ڕزگاری دەبوو. ئێستا شتێکی زۆر کـەم تایبەتمەنـدکراوە ئەمانـە بـەردەوامن بـۆ ئـەوەی بـەکارهێنانی سەرچـاوەکانی بودجە و ئاڕاستەی پێشکەوتنیش لەبوارە گرنگەکانی ئابوریدا بەیەك لادا بـەرن



www.pertwk.com

کـە دەشـێ ئـەنجامی دروسـت نـەدات بەدەسـتەوە. لـەم پانتاییـەدا، هـەروەها، هاوپەیمانانی ژێر سایەی سەرکردایەتی دیمیریل بەڵێنی پێشکەوتنی خێرایان داوە. بەبێ ئەوەی کاری تووندوتیژ بەهۆی قەیرانی ئابورییـەوە ڕوویـدا بێت، تایبەتمەندی کردن لەهەموو شوێنێ بەئاستەم چەسپاوە.

بەڵێنـەکانی دیمیریـل گومانگـەرایی وروژانـد بەتایبـەتی لەبـەر ڕوونـاکی تۆمارکردنیدا وەکو سەوداگەرێك لەسەر بڕیارە قورسە سیاسی و ئابورییەکان.

سـەرباری ئـەوە دەشـێ دیمیریـل فشـاری بخرێتـە سـەر بـەهۆی ئـەو کەموکورتیانەی بودجەوە کەلە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بەرزبوونەتەوە و ساڵی 1991 گەیشتووە بەبەرزترین پلـەی پێوانـەیی... بـۆ ئەنجامـدانی کـاری بوێرانە. سیستەمی بـاجی تـورکی بەهەنـدێ تازەگـەریدا تێپەڕیووە. لەسـاڵانی هەشـتاکاندا، بـۆ نموونـە پێشکەشـکردنی(VAT) (بـەهای بـاجی زیـادە) لەناوەڕاستی ئەو دەیەدا. بەڵام باج کۆکردنەوە هێشتا دوورە لەوەی کە تـەواو بێـت واتـە لـە ئاسـتێکی بەشـداربێت بـۆ حکومـەت (و.ك)، بـەهای بـاجی زیـادە هەمیشـە دوور دەخرێتـەوە و ئەوانـەی کـە داهـاتی بـەرزیان دەسـت دەکـەوێت بەشـێکی تاڕادەیـەك گونجـاوی بچـوکتر لـە داهاتەکـەیان دەدەن بـەباج لەچـاو دەستە هاوشێوەکانیان لەئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکان.

هیچ کام لـە کێشـە ئابورییـەکانی تورکیـا ئەوەنـدە ترسـناك نـەبووە کـە ڕێگـا لەبەکارخستنی (استثمار) بێگانە بگرێت، کەئەو بەکارخستنە بەشێوەیەکی دیـار لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا زیادی کردووە و بەڵێنیش دەدات کـە لـە سـاڵانی نەوەدەکانـدا لەسـەر زیـادبوون بـەردەوام بێـت. دوای دەسـپێکردنێکی بـێ ئومێدانە (بەتێکڕایی کەمتر لە سەد ملیۆن دۆلار بـۆ سـاڵێك هـەتا سـاڵی 1988) تـۆڕی بەکارخسـتنی بێگانـە لەسـاڵی 1989دا گەیشـتە 663 ملیـۆن و لەسـاڵی 1990دا گەیشتە 700 ملیـۆن و لـە سـاڵی 1991دا گەیشـتە 783 ملیـۆن دۆلار

## سیاسەت

ناوەندە زیندوەکە،.. تورکەکان حەزیان لە پێشبڕکێی سیاسیانەی حیزبە هەڵبژێرەر ئامادەی پێشبڕکێی حیزبی بوو کاتێ کەسیستەمی فرە حیزبی لەساڵی 1946دا هێنرایە کایە و تێگەیشتنێکی ڕوونی لەهەڵبژاردنی سیاسیدا خستە ڕوو کاتێ کەدەسەڵاتی دوور و درێژی حیزبی گەلی کۆماری لە کورسی دەسەڵات دوورخرایەوە لە ساڵی 1950دا. پێشبڕکێی سیاسی و یاری دوو گۆڵی خۆشترین شێوەی کات بەسەر بردنن بۆ سەرجەم پیاوانی تورکیا، ئەگەرچی ژنانیش لەبواری سیاسەتدا زیاتر بەرە و چالاکی چوون، ڕێژەی دەنگدان لەهەڵبژاردنەکاندا بەرزە و لەساڵی 1961ەوە ئەو ڕێژەیە هەرگیز 64٪ نەهاتۆتە خوارەوە لەهەڵبژاردنە نیشتمانیەکاندا و لەساڵی 1987 یشدا بۆ جارێك گەیشتە 93.3٪.



www.pertwk.com

بەلای زۆربەی خەڵکی دەرەوەی تورکیاو زور لە تورکەکانیشەوە ژیانی سیاسی تورکیا ناڕێکخراو دەردەکەویت و هەندێ جار تائەندازە یەکیش بێ ئومێدانەیە. دیموکراسی فرە حیزبی لە تورکیادا مانای فرە دەنگی حیزبەکان کە بەبەردەوامی پارچەپارچەدەبن و دیسان پێکدێنەوەو ژمارەیەکی گەورەش لە سیاسیەکان کە دڵسۆزییان بۆ حیزبەکان بە شێوەیەکی ئاسایی کەمترە لە ئارەزوویان بۆ بەدەستکردنی پلەو پایەیەك... هێڵی حیزبەکان دەبەزێنن، زۆرینە بوون کەم دەژی، هاوپەیمانێتی بە ئاسانی هەڵدەوەشێتەوە، سیاسیەکانیش وادەردەکەون کە ڕوانینپکی هەلپەرستانەیان هەبێت بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی لە کاتێکدا بەرزترین بەرژەوەندی خۆیان لە کاتی بە دەست گرتنی پۆستێکدا بە دەست دەهێنن، هەموو ئەم شتانە تا ئەندازەیەك ڕاستن، بەڵام لەپاڵ ئەمانەدا ئەوە گێلتییەکی زۆرو ڕوانینیکی ڕووکەشەو لە ژێر ئەورووکەشەوەخاسیەتە جێگیرە باڵاکان لە ژیانی سیاسی تورکیادا بەردەوام بوون.

لە ڕاستیدا تارمایی سیاسی تورکیا هەمیشە پێکهاتووە لە ڕاستی مامناوەندو چەپی مامناوەند کە لە دوو بۆ چوار حیزب نوێنەرایەتیان دەکات و زۆربەی ناوەند داگیردەکەن لەگەڵ چەند حیزبێکی جۆراوجۆری بچوکترو هەندێ توندڕەوو ئەوانەی کە بەتەواوی جیاوازن لەخەڵکی.

ئەم خشتەیەی خوارەوە دەسەڵاتی حیزبە گەورەکانی ناوەند لە ساڵی (1950)ەوە تاکو ئیستا نیشان دەدات.

## هێزی پارتە سیاسی‌یە تورکیەکان

ڕێژەی ئەو دەنگانەی لە هەڵبژاردنی نیشتمانیدا بە دەستیان هێناوە

| سالی هەلبژاردن | پارتە گەورەو ناوەندەکان | پارتە دووەمی‌یەکان |
|---|---|---|
| 1950 | 92.6 | 7.4 |
| 1954 | 91.4 | 8.5 |
| 1957 | 87.9 | 12.1 |
| 1961 | 73 | 27 |
| 1965 | 81.6 | 18.4 |
| 1969 | 73.9 | 26.1 |
| 1973 | 75 | 25 |
| 1977 | 80.1 | 19.9 |
| 1983 | 98.9 | 1.1 |
| 1987 | 88.7 | 11.3 |
| 1991 | 83 | 17 |

ئەم ناوەندە هەرگیز بە شێوەیەکی یەکسان دابەش نەبووە، بێجگە لە ساڵانی حەفتاکان کاتیٚ پارتی گەلی کۆماری لە ژێر سایەی سەرکردایەتی بلٚند ئەجەویدا گەیشتە لوتکەی جەماوەری بوون، ڕاستی ناوەند ئاساییی گەورەی دەنگدانی بەسەر چەپی ناوەندا بە دەست هێنا. تەنانەت لە لوتکەی جەماوەری بوونیدا، بلٚند ئەجەویت نەیتوانی زۆرینە بە دەست بهێنێت، لوتکەی دەنگهێنانی ڕێژەی 3، 41٪ بوو لە تێکرای دەنگدەرانی ساڵی 1977 ی هەڵبژاردنی نیشتمانی‌دا. پارتی عەدالەتی دیمیریل لە ساڵی 1965 زۆرینەیەکی ئاشکرای دەنگی جەماوەری بە دەست هێناو لە ساڵی 1969شدا



www.pertwk.com

نزیک بووەوە لەوەی کە هەمان ڕێژەی دەنگ بەدەست بهێنێتەوە، بەراورد بەجەماوەرێتی‌یەکەی لە ساڵانی شەستەکاندا, سلیمان دیمیریل ڕێژەی 5، 27 ٪ی دەنگی خەڵکی بە دەست هێنا لە تشرینی دووەمی ساڵی 1991 دا کەئەوەش دابەزینێکی زۆر ئاشکرایە. یەکەم سەرکەوتنی تورگۆت ئۆزاڵٚ کە گەورەترین سەرکەوتنی ئەو بوو, بەڵام زۆرینەی پێکنەهێنا لە ساڵی 1983 دا کە ئەویش ڕێژەی 2، 45 ٪بوو، پارتی نیشتمانی‌دایک تەنیا ڕێژەی 3، 36٪ی بەدەست هێنا لە ساڵی 1987 دا. لە ژێر سایەی سەرکردایەتی مەسعود یەڵمازدا ئەو ڕێژەیە لە ساڵی 1991 دا دابەزی بۆ 24٪. شی‌کردنەوەی دەنگەکان پێوانەیەکی چاکی هەڵوێست و میزاجی دەنگدەرانی تورکیا پێشکەش دەکات. دەنگەکانی خەڵکی شتێکی کەم دەربارەی پێکهاتەی پەرلەمان و هێزی پارتەکان لە پەرلەماندا نیشان دەدات و سیستەمی دەنگدان تاڕادەیەك لەنوێنەرایەتی ڕێژەییەوە لەساڵانی شەستەکاندا گۆڕا نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەئاشکرا گۆڕاو بەهۆی سیستەمێکی ڕێگرەوە لەساڵی (1983)ەوە. ئاڕاستەگرتنی گروپە جیابووەوەکان بۆ کۆتایی هێنان بەهەردوو حیزبەکانی ڕاستی ناوەند و چەپی ناوەند و زۆرینە ئاشکراکانی پەرلەمان لە تورکیا شتێکی بەدەربووە لەباری ئاسایی.دیمیریل لەدوای هەڵبژاردنی ساڵی 1965 توانی حکومەتێکی تاکە حیزبی دروست بکات، هەروەها ئۆزالیش لەدوای ساڵی 1983 توانی لەو ئامانجە نزیك بێتەوە بەڵام لە ساڵانی حەفتاکاندا هیچ هێزێکی تر نەیتوانی بگاتە ئەو ئامانجە، ئەوەش قۆناغێك بوو کەتیایدا هاوپەیمانیەکان لەتورکیا گەیشتە نزمترین ئاستی کاریگەربوونی. ئەم دەیەش مژدەیەکی باشی نەبەخشیووە، بەڵام هاوپەیمانێتی و یەکگرتنی دووپارتی مونافیس پارتەکانی ڕاستی ناوەند – پارتی ڕێگای ڕاستی دیمیریل و پارتی نیشتمانی دایك کە ئێستا مەسعود یەڵماز سەرکردایەتی دەکات توانیووانە

ئەو چاکسازیانەی کەدەستەی فەرماندەیی سوپا لەساڵانی سەرەتای هەشتاکاندا چاودێری دەکرد نەخشە کێرا بوو بۆ ڕێگاگرتن لەدووبارە بوونەوەی حکومەتی هاوپەیمانی هەلپەرستانە و بێ توان لەڕووی بڕیاردان و بەئاسانی هەڵوەشاوەدا. لەبەدوادا ڕۆیشتنی ئەم ئامانجەدا سەرکردە سەربازییەکان رای جەماوەرێکی زۆر لە پشتیان بوو. ئەوان لەنێوەندی بەهێزی تارمایی سیاسەتی تورکیادا بنەمایەکی سروشتیان بۆ سیستەمی دووپارتی دەبینی. تاکە ئەندامێك و تاکە براوەیەکی سەرجەم کورسییەکانی پەرلەمانیان لەلایەن تاکە حیزبێکەوە ڕەتکردەوە. بەڵکو بڕوایان بەوە بوو کە بەگۆڕانکاریکردن لەڕێژەی نوێنەرایەتی کردن و گۆڕانکاری کردن لەداوای تاکە پارتێك بۆ بردنەوەی ڕێژەیەکی تایبەتی دەنگەکان تا ئامادەبوونی هەبێت بۆ ئەو کورسیانەی پەرلەمان کە توانیویانە ئەنجامێکی پەسەند بەدەست بهێنن. دیسان جەنراڵەکان ئاواتە خوازی ڕاکێشانی نەوەیەکی نوێ بوون بۆ سەرکردایەتی زۆر هەست بە بەرپرسیارێتی کەر ئەویش بەرێگاگرتنی کاتی



www.pertwk.com

لەو سیاسیانەی کەبە بەرپرسیار دانراون بەرامبەر بەداڕمانی سیاسیانەی تورکیا لەساڵانی حەفتاکاندا.

هیچ ئامانجێك لەساڵانی هەشتاکاندا بەدی نەهات لەسەرەتای نەوەدەکاندا پێکهاتەی سیاسی تورکیا زۆر پارچە بوو لە چاو ئەوەی کەلەساڵانی حەفتاکاندا هەبوو لەبەرئەوەی ڕاستی ناوەندی دەسەڵاتدار دابەشبوو بۆ دووبەش، هەروەها چەپی ناوەندیش زۆر بەقوڵیدابەش بوو. دابەشبوون لەنێوان دوو پارتی چەپی ناەندا کە کەمتر جدیەتی پێوە دیاربوو، ئەویش لەبەرئەوەی کەپارتی چەپی دیموکراتی کە ئەجەویت سەرکردایەتی دەکات لەتشرینی دوومەی 1991 دا پشتگیرییەکی هێجگار کەمی بەدەست هێنا کە تەنیا ڕێژەی 11٪ دەنگدەران بوو. ئەمەش وایکرد کەبەشێوەیەکی جیدی وەکو مونافیسی سیاسی سەیر نەکرێت لەلایەن ئینینۆ یان پارتەکانی ڕاستی ناوەندەوە. دابەشبوون لەناو پارتی گەلی سۆشیال دیموکراتی ئینینۆدا لەهەندێ بارودۆخی ساڵی 1988 و بۆ دواتریش ئەم پارتەی لەپارچە پارچە بوون نزیك کردەوە، هەروەك ئەم پارتە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندوتیژی ناوەوەی خۆی بووەوە ئەگەر چی لەساڵی (1991)ەوە بەشێك لەحکومەتی پێکهێناوە، نەیارییە تایبەتیەکان و ناکۆکیە ئایدیۆلۆژییە بنەڕەتیەکان تا ئەندازەیەك بە دڵنیاییەوە دەبن بەهۆی ئەوەی کە سۆشیال دیمکراتەکان و – چەپی ناەند بەگشتی – مل کەچ بن بۆ ڕێکەوتنەکانی پێشر لەماوەی چەند ساڵێکی کەمیداهاتوودا. چەپی ناەند لەتورکیا هەرگیز نەیتوانیوە بەرنامەیەکی سەرنج ڕاکێش بۆ زۆرینەی دەنگدەران دابنێت.

توندڕەوەکان.. گرووپە توندڕەوەکانی ڕاست و چەپ تەنیا ڕێژەیەکی کەمی دەنگیان بەدەست هێناوە و هەرگیز ئەو ڕێژەیە پێکەوە (20٪) زیاتر نەبووە. پارتە ئایینی و نەتەوەییە ڕاست ڕەوەکان لەلوتکەی توانایاندا گەیشتوونەتە

ئەگەرچی هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسی توندڕەو هەرگیز لە تورکیادا نزیك نەبۆتەوە لەوەی کە دەسەڵات بەدەست بگرێت، سەرکردە توندڕەوەکانیش مومارەسەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆیان بەسەر پرۆسەکانی بەڕێوەبردندا کردووە، ئەوەشیان تەنیا لەوەکاتەدا کردووە کە توانایان هەبووە پایەی خۆیان بەکاربهێنن لەهاوپەیمانیە لاوازەکاندا, ڕۆشنبیرانی تورك بەردەوام پەیوەستن سەبارەت بەهەڕەشەی کاردانەوەی باڵی ڕاستەوە ئەگەرچی نەتەوەیی بێت یان ئاینی یان یەکگرتنێك بێت لەهەردووکیان ئەم بایەخ پێدانانە وێنەیەکی باش بۆ ڕۆژنامەنووسانی بیانی دروست دەکات. ڕۆشنبیران بەردەوام دەبن لە ورۆژاندن و رۆژنانووسانیش بەردەوام دەبن لە نووسینی حیکایەتەکان دەربارەی هەڕەشەی کۆنەپەرستی سیاسی لەساڵانی نەوەدەکاندا. دوو دڵی و نیگەرانی لەلایەن مەترسی‌یەکانی پیسبوونەوە بەهۆی فاشیزمی نوێ و بزوتنەوە ئایینی و پان تورکیەکانەوە بەهێز دەکرێت (16) وەك بزوتنەوەکانی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو (17) چەپە توندڕەوەکان بێ ئەوەی تووشی بێ ئومێدی ببن بەهۆی هەرەس هێنانی سۆشیالیزمەوە لەئیمپڕاتۆریەتی سۆڤێتی و بەهۆی کەمی جەماوەری بوونەوە ئەو مەترسیانە بەهێز دەکەن. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەلایەنی کەمەوە خزمەتی تاکە ئامانجێکی ئیجابی دەکات لەتورکیادا. ئەویش یارمەتی دوورخستنەوەی پرۆسەی جەماوەریانە و سیسیانە لەکەوتنە ژێرکاریگەری خێرا دەدات تەنانەت بۆ شێوازە تێکەڵاوەکانیداوای کۆنەپەرستی دیماگۆجیانە.





تا ئەندازەیەك لەتەوای مێژووی کۆماری تورکیادا پارتی کۆمۆنیستی پارتێکی نائاسایی بووە، ئەم پارتە زۆر نزیك بووەوە لە بەدەست هێنانی ڕێو شوێنێکی زۆر مامناوەندی لەڕیزی رۆشنبیراندا لە ساڵانی دوایی هەشتاکاندا، لەکاتێکدا کە گفتوگۆ ئەو بوو وڵاتێك داوای پارتێکی کۆمۆنیست دەکات بۆ خستنەڕووی ئیلیتیزامکردنی بەڕاڕەوەی بەدەست هێنراوی دیموکراسیەوە و سەرکردەکانی کۆمۆنیستی تورکیا گەڕانەوە بۆ تورکیا بۆ لەڕووداوەستانی ڕاستەوخۆی ئەو قەدەغەکردنەی لەسەریان دانراوە. هەرچەندە گفتوگۆکردن بۆ ڕیگاپێدانی کۆمۆنیزم لەتورکیادا بەبۆشایی بەجێماوە, داواکاری کۆمۆنیزم و دەسەڵاتدارێتی یەك ڕاو بۆچوونی بۆ هەڵبژێرەران (هەرگیز گەورە نەبووە) بەڵکو بچوك بووەوە بۆ نزیکەی سفر لەکاتی هەرەس هێنانی کۆمۆنیزم لەیەکێتی سۆڤێت و ژمارەیەك لەوڵاتانی تردا، داڕمانی پارتە کۆمۆنیستەکان لەهەموو وڵاتانی رۆژئاوادا کەلەوێ قورساییان هەبوو، پچڕاندنی پشتگیری‌دارایی سۆڤێت بۆ یان و ئاشکرابوونی گەندەڵی و ناڕاستگۆیی و خۆبەزل زانی و نەزانی و نەتوانینی لە ڕووداوەستانی و ڕووبەڕووبوونەوە کە خاسێتی جێگیری کۆمۆنیزم بووە لە سۆڤێتی بەهەشتی کرێکاراندا شان بەشانی هاوشێوەکەیدا لەچین کە ئەویش جێگای سەرکوتکردنی دسەلاتدارانی تەمەندارەوە. ڕۆشنبیری مارکسی و تیرۆریستی پێشترو (دۆگۆ پیرنسیك) توانیان ڕێژەی 3٪ی دەنگەکان لەهەڵبژادنی تشرینی دووەمی 1991دا بەدەست بهێنن، بە داوایەکی سەرنج ڕاکێشی ئەنارشیزمی ستالینی‌یەوە. تەسەورکردنی ئەوەی کە چۆن چەپە توندڕەوەکان لەتورکیا بتوانن لەهەر ئەنجامێکدا بێت ببنە هێزێکی سیاسی لەساڵانی نەوەدەکاندا کارێکی زەحمەتە. زۆرینەی هەرە زۆری تورك لەداهاتوودا زیاتر لەلایەن فاشیزمی چەپەوە سوکایەتیان پێ دەکرێت ئەویش لەڕووی ئاگادارکردنەوەی

www.pertwk.com

## لەڕوودا وەستانە نوێیەکان و هەڵەکان پرسەکانی کورد



لەوانەیە تاکە لەڕووداوەستانی کە تورکیا لەساڵانی نەوەدەکاندا ڕووبەڕووی بێتەوە بەمەبەستی ڕێگا دۆزینەوە بێت بۆ ڕێکخستنی سەرکەوتووانەی سیاسەتەکانی بەرامبەر بەدانیشتوانە کوردەکەی خۆی, هەڵوێستی ئەتاتورکی کلاسیکی ئەوەیە – کە تەنیا مەسیحی‌یەکان پایەی ڕەسمی کەمایەتیان هەیە لەکاتێکدا ناشێت موسڵمانەکان بەکەمایەتی‌دابنرێن و لەو ئاستەدانین دانیان پێدا بنرێت, ڕێبازی کۆماری بەڕاستی درێژکراوەی پرنسیپی عوسمانی‌یە کە ئیسلامێتی لەناو موسڵماناندا دەسەڵاتی بەسەر نەتەوایەتیدا کردووە و هەمیشەش ناکۆك بووە لە سەر بنەمای جەختکردنی ناسیونالیست لەسەر تورکیبوون و جەختنەکردن لەسەر ئایین لەکۆماری تورکیادا.

ئێستا تورکەکان شتێکی زۆر کەم لەبارەی کوردەکانیانەوە دەزانن. هیچ کەسی تر وەکوتورك ناکات، چەند کورد لە تورکیا هەیە ؟ نرخاندنی ژمارەی کوردەکان لە تورکیا دەگۆڕێت لە نێوان هەشت ملیۆن بۆ بیست و پێنج ملیۆن. چەند کورد بە زمانی کوردی قسە دەکەن؟ چەندیان تورکی دەزانن ؟ سەرژمێریی بالای تورکی کە هەموو پێنج ساڵێك ئەنجام دەدرێت هیچ زانیاریەك لە باری ناسنامەی ئیتشێکی یان بەکارهێنانی زمان لەناو دانیشتواندا پێشکەش ناکات، تورك و بیانیش هەردووکیان بە ڕەسمی ڕێگایان لێگیراوە ئاسایی بەربەستیان لە بەردەمدا دانراوە. بۆتوێژینەوەی کورد لە ڕوانگەی ئیتنۆ زمان و کۆمەڵناسی و ئابوری و سیاسیەوە[18] . لە کاتێکدا لە ساڵانی دوایی پەنجاکان بۆ دواوە، نووسەرانی تورك و بێگانە و توێژەران پێکهاتەیەکی کاریگەری ئەدەبی سێوسێوسیاسیان سەبارەت بە کۆمەڵەکان لە ڕۆژئاواو ناوەندی تورکیادا پێشکەش کردووە[19]. ئەدەبێکی بەراوردکاری لەسەر کوردەکان یان لەسەر پەیوەندییە سیو سیۆسیاسی و

هەتا ئەم دواییانە کوردەکان مافی ئەوەیان نەبوو لە هیچ کوێیەك زمانی خۆیان بەکاربهێنن، مەگەر لە ماڵەوە یان لەنێو گروپی بچوکدا. ڕێگای چوونە ناو چالاکی یە ڕۆشنبیرییەکانیان لێ قەدەغە کرابوو واتە چوونە ئەو جێگایانەی کە گۆرانی و شانۆگەری کوردییان تیا پێشکەش دەکرا یان تیایاندا داب و نەریتی کوردی  وەها پێناسە دەکرا کە کوردی بن. هیچ بابەتێك نە دەبوو بە زمانی کوردی بڵاوبکرێتەوە تەنانەت توێژینەوەکانی زمانیش. لە هەمان کاتدا حوکمەت هانی لێکۆڵینەوەی بێ بەهاو مەکتەبیانەی مێژوویی دەدا کە مەبەستی بوو بە ڕێگای جۆراو جۆربیسەلمێنێت.

1 ) کە بەڕاستی کورد گەلێکی کۆنی تورکەو هاتۆتە ئاسیای بچووك و ئەویش بە ماوەی دوو تا سێ هەزار ساڵ لە پێش تورکەکانی ترەوەیە .



www.pertwk.com

2 ) کورد لە ڕاستیدا بەو شێوەی ئێستای نەبووە لە ڕابوردودا.

3) کورد تورکن و نفوزی ئێرانی فاسدی کردون.

4) زمانی کوردی تێکەڵ و پێکەڵەیەکی تێکشکاوە کە شایەنی ئەوە نییە وەکو زمانێکی سەربەخۆ دانی پێدا بنرێت.

5) زمانی کوردی لە ڕاستیدا دایەلێکتێکی کۆنی زمانی تورکییە. ئەم جۆرە توێژینەوەیە بۆ ڕۆشنبیرانی کورد و تورك وەکو یەك مایەی بێزاریەو لە هەردوو لاوە هاوشێوە کاردانەوەی ناعەقلانی و عاتیفی بە رزدەکاتەوە. لە ڕوانینی توێژینەوەی بالای زمان و مێژووی تورکەوە ئەم لێکۆڵینەوە مەکتەبییە بووەتە مایەی سەر لێشێواندن بۆتوێژەرانی تورك و هەروەها ڕۆژئاواش.

بە شێوەیەکی ڕەسمی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بەڕێوەبردن و دادگادا یان بۆ شالآوی سیاسی قەدەغە کراو تێچووی هەموو ئەم سنووردانانە لەگەڵ ئارەزووی تورکیادا ناکۆکن بۆ پیادەکردنی دیموکراسی تەواو تابێتە جێگای بڕواو بگاتە ئاستێکی پەسەند لە ئاستە نێو دەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ. خۆش بەختانە سەرکردە سیاسییەکان گەیشتونەتە پەسەندکردنێك لە ماوەی دوو ساڵی رابوردودا و زۆرێك لەم سنوردانانە هەڵگیراون. بەڵام هەڵگرتنی ئەم سنوردانانە زۆر درەنگ دەستی پێکردووە بە جۆرێك کە تازە بەڵگەی ئەوە نییە کە کاریگەرییەکی ئیجابی ئەو تۆ پێشکەش بکات کە ئاواتی بۆ خواستراوە.

بۆماوەی زۆر دوورو درێژ حوکمەتەکانی تورکیا زۆر ئامادە بوون بۆ پەنا بردنە بەر سەرکوتکردن وسەر هێز لە ناوچە کوردیەکان دا. توندو تیژی لە لایەن پارتی مارکسی کرێکارانی کوردستانەوە بوارێکی بچوکی بۆ هەڵبژاردن بە جێهێشت وخراپترین حاڵەتی لای کاربەدەستانی سەربازی و مەدەنی

بەهەر حاڵ، هەر بەسەرهاتێك دووڕووی هەیە، مەسەلەی کورد لە ساڵانی دوواییدا بەدەست ئاستێکی ئێجگار بەرز کە لەسادەکردنەوە وە نالاندویەتی ئەو سادە کردنەوەش لەلایەن کوردە چالاکەکان و ئەو یارمەتیدەرانەیانەوە ئەنجامدراوە کە شوێنی مێژوویەکی ئاڵۆزو جێگای گفتوگۆ لەسەرکردن پێکهاتەیەکی میتۆلۆژی و بەو ڕۆژنامەنووسانە پڕکردۆتەوە کە نائاشنان لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتی‌یەکان یان ڕابوردوی سیاسی ئەم بەشەی جیهان. کورد بەشێوەیەکی سەلمێنراو یەکێکن لە نەتەوە زۆردێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست، لە بەراوردا بە کوردەکان،تورکەکان تائەندازەیەك درەنگ هاتوونەتە ئەناتۆڵیا _ میوانی تازەن. بە زارەوەی سیاسیانە لە شەڕی ( مانزیکەری ) لە ساڵی 1071 دا هاتوون واتە تەنیا پێنج ساڵ دوای داگیرکردنی بەریتانیا لەلایەن نۆرمانەوە. کوردەکان لەماوەی دووهەزار ساڵی ڕابوردودا پشتگیری فارسەکانیان کردووە لەڕۆژهەلاتیاندا دژی ئیمپراتۆرێتەکانی ڕۆژئاوایان _ یەکەم ڕۆمەکان و پێزەنتی‌یەکان و پاشانیش جێگرەوە عوسمانی‌یەکانیان، لەڕووی مێژویی‌یەوە کورد ڕۆڵێکی گەورەتریان بینیوە لە چاو ئیتنیکە تورکەکاندا لە پەشێوی تراژیدیایەنەی ئیتنیکی ناوچە سنوریەکانی عوسمانی و فارس و قەوقازدا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو چارەکی یەکەمی سەدەی بیستدا. زیان پێگەیشتوان کۆمەڵە ئەرمەنی و ئاسوریەکان ( نەستۆری‌یەکان ) بوون کەدیسان ئەوانیش لە دێرزەمانەوە لەم هەرێمەدا بوون و ئێستاش بۆ ئامادە بوونیان تەنیا چەند وێرانکاریەك جێگادەگرێت. لە کۆتای سەدەی بیستەمدا کوردە چالاکەکان بە شێوەیەکی گونجاو ئاسووریەکانیان لە یادکردووە. لە ساڵانی هەشتاکاندا کوردەکان هاوپەیمانێتی گونجاویان لەگەڵ



www.pertwk.com

گروپە توندڕەوە ئاوارە ئەرمەنی‌یەکاندا پێکهێنا. ئەم تاکتیکانە لەگەڵ پشتگیرکردنی مارکسیزم _ لینینزم دا لەلایەن میلیشیا لاوە کوردەکانەوە یەکی پێگیراو ئەوەش دایە لۆکی لەگەڵ تورکە عەقلانیەکاندا بە تایبەت لەوکاتەدا کە دەشیا دەستی پێبکرێت زۆر قورسی کرد. هەروەها ئەم تاکتیکانە میلیشیا کوردەکانی لە ڕێز لێگرتنی نێودەوڵەتی بێبەش کردووە.

هەندێ ڕاستی گرنگ لە بارەی کوردەکانی تورکیاوە پێویستی بەوە هەیە لە مێشکماندا هڵیبگرین، ئێستا ئەو کوردانەی لە ناوچە تەقلیدیەکانی باشوری ڕۆژهەلاتدا دەژین لە نیوەی کوردەکان زیاتر نین ( لەوانەیە کەمتریش بن )، ئەوانەی کە ئێستالە هەرێمە کوردییە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتدا ماونەتەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتی ئابورییەوە پاڕیزگاریان لە کۆمەڵگای تا ئەو پەڕی ڕادە تەقلیدیانە کردووە لە تورکیادا. ئەمانە لەڕوی سیاسیەوە هێجگار خۆ پاڕیزن و سیاسیانە دەوری سەرۆکە خێلایەتی و عەشایەرییەکانیان داوە. لە هەمان کاتدا، کوردانێك هەبون لە ناو تورکیادا چالاکترین کۆچەری ناوخۆ بوون بۆماوەی بەلایەنی کەمەوە سێ‌ساڵ بەرەو شارەکانی باشوروو ناوەندو ڕۆژئاوای وڵات لە کۆچدا بوون. کۆچی کوردەکان زۆرجیاوازنی‌یە لە کۆچکردن لە بەشەکانی تری وڵاتدا. بۆ نموونە ناوچەکانی دەریای ڕەش یان ناوەندی ئەنادۆڵ. کوردەکان دەگەنە ئەوەی کە باری ئابوریان باش بکەن و خوێندنێکی باشتر بۆ منداڵەکانیان دەستە بەر بکەن. هەتا ئەم دواییانەش کۆچەرەکانی کورد لە ناوچە شارییەکاندا بە دەگمەن لە ڕووی سیاسیەوە چالاك بوون وەکو کورد. لە دەوروبەری (geekonda) شارەکانی وەکو ئەدەنەو ئەنقەرەو ئەستەمبووڵ و ئەزمیر تواندنەوەی کوردەکان لە نێو ژیانی هاوچەرخی تورکیادا خێراتر دەبێت. تەنیا بەڵگەی نوێ دەریدەخات کە هەست بە نامۆی کردن لە نێو زۆربەی کوردەکاندا گەورەترە لەچاو هەمان هەست لە نێو گروپە

بەمجۆرە بە ئاگابوونی کورد لە خۆیی و سەلماندنی خودی خۆی لە تورکیادا بەهۆی جوڵەی دوو ئاڕاستەوە پەرەی سەندووە کە ئەوانیش ئاڕاستەی دەرەکی وناوەوەن. مەبەست لەم تێبینی کردنە بۆئەوە نی‌یە کە بگوترێت بە ئاگایی لەخودی خۆی زیاتر لە نێو کوردەکاندا شتێکی واقیعی نییە ئەمەش ئەو شتەیە کە تورکیا لە سەرەتای نەوەدەکاندا گەیشتۆتە پەی پێبردنی. لەوانەیە سەرسورمان ئەوە بێت کە بەیانکردنەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەتورکیا هەتا ئەم دواییانەش زۆر لاواز بووەو پێناچێت پارتی کرێکارانی کوردستان ڕەگ و ڕیشەی خۆی لەنێو دانیشتواندا داکوتابێت. لاوازی ڕەگ و ڕیشە لەنێوخەڵکدائەم پارتەی پاڵنا بۆ بەکارهێنانی هەڕەشەی توندو تیژی و تیرۆر ئەویش وەکو تەکتیکی سەرەتای خۆی بۆئەوەی والە دانیشتوان بکات پشتگیری بکەن. یەکێك لەپرسیارە هەرە گرنگ و پڕ بایەخەکان بۆ سالانی نەوەدەکان ئەوەیە کە: ئایا میلیشیاکانی پارتی



www.pertwk.com

کرێکارانی کوردستان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن لەوەیدا کە ببن بە زمان حاڵی سەرەکی داواکاریەکانی کورد _ بەهەرشێوەیەك بێت ؟ سەرکردەکانی تورك پێویستیان بەوەیە وەڵامی دوو جۆر لە پرسیار بدەنەوە :.

1. پارتی کرێکاران چ نفوزێکی بە دەست هێناوە ؟ داخۆ ئەونفوزە لەسەربنەمای قەناعەتە یان تۆقاندن؟

2. ئایاکورد بەڕاستی چیان لەتورکیا دەوێت ؟ ئایا هیچ ڕەزامەندیەك لە ئارادایە ؟

بارودۆخی کوردەکان لە عێراق و ئێراندا لەسالانی هەشتاکاندا بەبێ بەراوردکردن لەبارودۆخی کوردەکانی تورکیا خراپتر بووە.لەم دوووڵاتەدا سەرکوتکردن وتوندوتیژی دژی کورد لەکاتیجۆراوجۆردا لە دەیەی ڕابوردودا بەبەڵگەوە دەتوانرێت بە جینۆساید ناوبنرێت بەڵام لە تورکیا ناتوانرێت بە جینۆساید ناوبنرێت. تورکیا تەماحی هەیە لەزۆر ڕووی کارکردنەوە، سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کراوەیە و بەئاسانی پێ دەگات و لەبەرئەوە ئامانجێکی ئاسانترە بۆ لایەنگرانی کوردە چالاکەکان لەرۆژئاوادا. هەتا ساتە وەختی ڕاگەیاندنی جەنگی کەنداو لە سەرەتای ساڵی1991 دا کە ئەو جەنگە بارودۆخی تراژیدیایی کوردەکانی عێراقی کردە جێگای بایەخی نێودەوڵەتی و جەماوەری بوونی بە دیهاتوو لە چالاکیەکانی گروپەکانی مافی مرۆڤ لە ئەوروپا و ئەمریکا کاریگەرییەکی بەرفراوانی دروستکرد کە کوردەکان بەشێوەیەکی سەرەکی سەرکوت کراون.

پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە بەشداریکردنی سۆڤێت و کەناڵەکانی پڕوپاگەندەی لایەنگری سۆڤێتی لە بەهێزکردنی تێڕوانینی لایەنگرانە بەکورد و دژ بە تورکدا شتێکی بەربڵاوە. لەسالانی بیستەکان بۆ دواوە یەکێتی سۆڤیەت کێشەی کوردی وا بینیووە کە خاڵێکی سەرنج ڕاکێشی چوونە

www.pertwk.com

یارمەتی دەرانی تیرۆر بەمەبەستی هاندانیداواکارییە توندەکان و چالاکیە توندو تیژەکان بوو لەلایەن هەردوو باڵی چەپ و ڕاستەوە لە هەموو تورکیادا (23) بەڵام خوێندکارانی تورکیا و رۆژئاوا هەردووکیان لەم قۆناغەدا بەشداری ئەو گریمانەیان کرد کە مۆسکۆ ستراتیژی خۆی بۆ تێکدان لە تورکیادا گۆڕی بووە بۆ پشتگیری کردنی میلیشیای کوردی ئەویش دوای دەسەڵات بەدەستگرتنی سەربازی ساڵی 1980 کە لە زۆربەی بەشەکانی وڵاتدا تیرۆریزمی بەرەو کزبوون برد. لەسەرەتادا پارتی کرێکارانی کوردستان بەئاشکرا مارکسی بوو، ئەم پارتە توانی سووریا وەکو بنکەیەکی چالاکی خۆی لەماوەی دەساڵدا بەکاربهێنێت لەکاتێکدا کە سووریا بێ پەردە لایەنگری سۆڤێت بوو، بڕی گەورەی یارمەتی سەربازی لەسۆڤێتەوە وەردەگرت. ئەوانەی وازیان لەپارتی کرێکارانی کوردستان هێنابوو لەگەڵ دیلەکانی ئەم پارتەدا لەناوەڕاستی هەشتاکاندا شایەتیان لەسەر پەیوەندییەکانی سۆڤێت بەو پارتەوە دەدا. داواکاری و ویستەکان و فشاری تورکیا لەسەر سووریا نەبوون بەهۆی سنووردانان لەسەر پارتی کرێکارانی کوردستان. ئەم پارتە لەساڵی 1991ەوە بەردەوام بوو لەچالاکی کردن لەسووریاوە. کۆمەڵێك فشاری دیپلۆماسی ڕاستەوخۆ و هەڕەشەی توندی تۆڵەلێکردنەوە هەندێ بەڵێنی لەسەر بەدەست هێنانی هاریکاری سووریا لەسەرکوت کردنی پارتی کرێکارانی کوردستان پێشکەش دەکات لەساڵی 1992دا.

هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤێت هاوکات دەبێت لەگەڵ دان پێدانانی فراوانبوو لەتورکیادا بەوەی کە سیاسەتی کۆماری پێویستی بەوەیە کە پێداچوونەوە بکرێتەوە. پرۆسەکە ئێستا لەبەرەستدایە بەڵام ئەنجامەکەی ئاشکرا نییە. هەڵسەنگاندنی نوێی شوێنی کورد لە کۆمەڵگای تورکیدا بێ چەندوچوون دەبێتە هۆی پرسیارکردن دەربارەی سروشتی دەوڵەتی تورکی و



کورد لەساڵانی حەفتاکاندا لە تورکیادا دەورێکی ناسەرەکی لەشەپۆلی گەورەی تیرۆری لەلایەن سۆڤێتیەوە پاڵپشکراودا بینی، ستراتیژی بنەڕەتی

کوردەکان ژمارەیەکی هێجگار زۆرن، بەڵام بەبێ هیچ هۆیەکیش تاکە گروپی ئیتنیکی موسڵمانن کەلە تێکەلاو بوونی کۆمەڵگای نوێی تورکیا لەبەرچاو ونکراون بەئاشکرا لەتورکیا گروپەکانی تری وەکو تورکمان و پۆرۆکس هەن. لەکەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەشدا (لاز) هەن، هەروەها نیمچە گروپی دێرینی پەیوەست بەجۆرجیەکان هەن. بەتایبەتی هەمان ئەو خەڵکانە هەن کەلە ئاجاری جۆرجیان و لەساڵانی بیستەکاندا کۆماری ئۆتۆنۆمی خۆیانیان پێدراوە چونکە زۆرینەیان مسوڵمان بوون(24) هەروەها چەند هەزار جۆرجیەکی بەئیسلام بوو لە ناوەی باکوری رۆژهەلاتدان کە زۆربەیان هێشتا بەدیالیکتیکێك قسە دەکەن کە نزیکە لەزمانی ستانداری جۆرجیاوە(25).

چەند ملیۆن کەسێك لە تورکیادان کە لە زۆربەشی وڵاتدا دەژین کە نەوەکانی قەوقازییەکانی باکور و ئەنجازن کەوەکو ئاوارە هاتوون بۆ تورکیا لەلافاوە گەورەکەی (کۆچدا) کەبەدوایداگیکردنی قەوقازدا هات لەلایەن روسیاوە لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و ساڵانی شەستەکانی سەدەی نۆزدەدا, ئەمانەش بەشێویەکی دەوری بەپەناهەندەی تری نەیاری روسیای قەیسەری و نەیاری شۆرشی سۆڤێت گەورەتربوون و گەورەترین ڕەگەز لەناو ئەم کۆچکردووە قەوقازیانەدا بریتی بوون لە (سێرکاسیەکان)، هەموو ئەمانەش ئارەزووی ئەوەیان هەبوو کەپێکەوە لەتورکیا وەکو گروپێکی (سێرکیسلەر) کۆببنەوە.



www.pertwk.com

کرانەوەبەرەو قەوقازی باکورکە ئێستا لەحاڵەتی بەرەو بەئاگا هاتنەوەدایە لە هەرەسی سۆفێتی و هەروەها گێرانەوەی پەیوەندی لەنێوان تورکە بە ڕەگەز قەوقازییەکان و هاو ڕەگەزەکانیان لە قەوقاز دەشێ دڵنیاکردنەوەی بوونی ناسنامە جیاوەزەکان بێت لەتورکیادا، کەئەوناسنامە جیاوازانەش بریتین لەچیچانی وکە بەردانس وکەراچیسو نۆگایس و لیزهینس و ئافارس وهی تریش.

گرووپە گەورەکانی تورك نەوەی ئاوارە یان گەڕاوەکانی قرمو بەڵقانن. ئەوانەی تریش کەزۆر لەم دووایانەدا بوون بە تورك بریتین لەوانەی کە لە بولگاریاوە لەبەر مەترسی شالاوی بەزۆرتواندنەوە ڕایانکردووە ئەویش لەساڵانی هەشتاکاندا. لەسەردەمی عوسمانیە کاندا ژمارەیەکی زۆر لە ئەلبانی و بۆسنییەکان کۆچیان کرد بۆ ئەو شوێنەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت باکوری ڕۆژئاوای تورکیا، ئەویش لە ئەنجامی گەڕاندا بەدوای هەلی لە بارتری ئابوریدا. تورکیای نوێدووتاسێ ملیۆن لەنەوەکانی ئەوانەی تێدایە. تەنانەت ئەم لیستە کردنە هەموو ئەو گروپانەی کە دەشێ دەست نیشان بکرێن ناگرێتەوە، بۆئاستێکی زۆر دوور لە ڕوکەشیش ئەوە دانیشتوانی تورکیا بێزار ناکات. گۆڕانکاریدانیشتوان لە نێوان یۆنان و تورکیادا لە ساڵانی بیستەکاندا سەدان هەزار گریکی زمانی موسڵمانی لە یۆنانەوە هێنا کریت، زۆربەیان لە هەرێمی ئیجە نیشتەجێ بوون بەڵام هەندێکیان دووبارە نیشتەجێکرانەوە ئەوەش لەناو ئیسلامدا کەمایەتییە ئایینییەکان هەن بە تایبەتی شیعە لە تورکیادا بەعەلەوی ناسراون.

داننان بە کورددا وەکو گروپێکی ئیتنیکی جیاواز کە خاوەنی زمان و کەلتورو سیاسی و ڕێکخستن بێت تورکیا رووبەروی ئەو ئیحتیمالە دەکاتەوە کە بەلای کەمەوە هەندێ لەو گروپانەی تر بەهەمان جۆر ئاواتی پێدا گرتن

بارودۆخەکە پڕە لە هەل و لە مەترسیش. تاقیکردنەوەی وڵاتانی تر تورکیا فێردەکات کە بیر بکەنەوە.بۆچی کوردەکان کە بەهەموو تورکیادا بڵاودەکرێنەوە و تاڕادەیەکی زۆریش پێشتر توێنراونەتەوە لەنێو ئاڕاستەی گشتی ژیانی تورکیداو سیاسەت کردنیش دان پێدانانێکی تەواوەتی پێنە بەخشرا.بۆچی گروپە ئیننیکی یەکانی تر کەئاواتە خوازن کاربکەن مۆڵەتیان پیا نادرێت خۆیان بسەلمێنن تەنانەت بۆ کارکردنیش وەکو لۆبی یە سیاسی‌یەکان بەهەمان ڕێگەی گروپە ئیتنیکی و پڕبایەخەکان کە لە سیستەمە دیموکراتی‌یەکانی تردا کاردەکەن.ئەو مەترسی‌یەی کە دەبێت دوور بخرێتەوە بریتی یە لە بنیادی ئیتینیکی و.نموونەی شکستی دەوڵەتانی کۆمۆنستی وەکو یۆگۆسلافیا و یەکێتی سۆفیەت. ناژیرێتی‌داپۆشینی هەمووشتێك نیشان دەدات کە دەبێت لەگەڵ بنیادی دەوڵەت ولە بەڕێوبردندا بە زارەوەی ئیتینیکی



www.pertwk.com

ئەنجام بدرێت. فیدراڵیزم پێویستی بەوە نی‌یە شێوازێکی ئیتینیکی وەربگرێت.فیدراڵیزم لەو هەرێمانەدا بینا دەکرێت کە تێگەیشتنێکی زیاتر نەرم و نیان لە خۆدەگرن کە بواری گۆڕانکاری ئۆتۆماتیکانە دەدات لەبەر ئەوەی کە پەرەسەندنی خێرای کۆمەڵ دەگۆڕێت و خەڵکی لە هەرێمێکەوە دەچن بۆهەرێمێکی تر. ئەو ئایدیالیەی کە دیمریل حکومەتی پیێ بەڕێوە دەبرد لە نزیك بوونەوەدا لە کێشەی کورد دەشێ ئەنجامێکی بە پەلەی نەبێت لەو هاوپەیمانی‌یەتە کەلاوازەو لەبەردەم مەترسی جێگری هەڵوەشاندنەوەدایە سەرباری ئەوەش گرفتەکە لە بەرنامەی سیاسی‌دایەو ناتوانرێت بسڕێتەوە.گۆڕانکاری بنەڕەتی لەسیستەمە دەستورییەکاندا پێویستە بووە ستێتە سەر رای فراوانی دەستە جەمی. تورك پێویستیان بەوەیە کە توێژینەوەی بابەتیانەی سیستەمەکانی تر بکەن وشیکردنەوەی قوڵی ئەو ڕێگایە بکەن کە ڕژێمەکەی خۆیان کاری پێدەکات. ئەوان دەتوانن دەوڵەتەکەیان لاواز بکەن، دەشتوانن بە ڕادەیەکی زۆر بە هێزی بکە ن وهێزیان بدرێتێ بۆ پێشکەوتنی جێگر لە سەدە ی بیست و یەکدا.ئەو تاکە بە گشتی کردنەی کە دڵنیای دەردەخات: لە ساڵی(2000)دا تورکیا لەوانەیە پەرەبدات بە چەمکێکی جیاوازی ڕێکخستنی ناوخۆی کۆمارەکەو پەیوەندی‌یەکی جیاواز لە نێوان سیاسەت و ئیتنیکی یەتدا هەبێت لە چاو ئەو پەییوەندیەی کە ئەمڕۆ هەیە.

## دەست پێشکەری دەریای ڕەش

یەكێك لە دەست پێشكەری‌یە هەرە داهێنەرەكانی توركیا لە كۆتایی ساڵانی هەشتاكاندا پرۆژە دانان بوو بۆیەكخستنی هەموو وڵاتەكانی ناوچە ی‌دەریای ڕەش بە مەبەستی فراوانكردنی پەیوەندییە ئابورییەكان وپێشخستنی پرۆژە زانستی وتەكنیكییەكان وچاودێری‌و كۆنترۆڵكردنی‌دانیشتوان وهاندانی ئاڵوگۆڕی گەشت وگوزار وكەلتوری. هەرەسی یەكێتی سۆفیەتی پێویستبوونی ئەم دەستپێشكەرییەی زیاد كردووە، سەرباری ئامانجە ئابوری و تەكنیكی وكەلتورییەكانی، ئەم پێشنیارە چوارچێوەیەك بۆچارەسەركردنی ئەو كێشە سیاسی‌و ئابورییە پێشكەش دەكات كە دەشێ لەنێوان هەموو دەوڵەتانی هەرێمەكەدا دەربكەوێت بە ڕوسیاشەوە. لەو كۆبونەوانەدا كەلە ئەستەمبووڵ كراون لە كۆتای حوزەیرانی ساڵی (1992)، ڕێكەوتنی ڕسمی لە سەر هاریكاری كردن لە نێوان دەوڵەتانی دەریای ڕەش دا ئیمزا كرد... لەو كۆبوونەوانەدا سەرۆكەكانی ئەرمینیاو ئازربایینجان و ئاسیای ناوەند ئامادە بوون.

## هەڵوەشاندنەوەی یەكێتی سۆفیەت

هەڵوەشاندنەوەی یەكێتی سۆفیەت توركیای ڕوبەڕووی گەلێك هەل كردەو ەلە چاو ئەوەی رووبەرووبونەوەی گرفتەكانی بكاتەوە هەلە ئابوریەكان پێشتر لە بەشی سەرەوەدا دەربارەی ئابوری خرانە بەردەم تێبینی كردنەوە، هەروەها باسی تەسك بوونەوەی مەودای هەڕەشەی سەربازی سۆفیەتی كرا، هێشتایش كات زۆر زووە بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت داخۆ تا چ پلەیەكی پەرەسەندنی سەربازی یان (پەشێوی) لە نێوان دەوڵەتە جێگرەوەكانی سۆڤێتدا دەبێت بە گرفت بە جۆرێك كە نەخشە داڕێژانی سەربازی توركیا دەبێت لە ساڵانی



www.pertwk.com

نەوەدەكاندا بەهێندوەریبگرن. توركیا نكۆڵی ئەوەی كردووە كەهەر مەبەستێكی خۆ تێهەڵقورتاندنی هەبێت لە پێكدادانی ناوخۆی كۆمارەكانی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوودا[26]، بەڵام ئەوەشتێكی ئاشكرایە كەدەشێ هێزەكانی توركیا لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە بانگێشت بكرێن بۆ بینینی دەوری ناوبژیوان لە نێوانیاندا. دەستكەوتی هەرە بنەرەتی توركیا هەڵوەشاندنەوەی یەكێتی سۆڤیەتدا ئەوەیە كە توركیا بیرۆكەی بڵاوی ترس لە لە ورچەكە ) بەلاوە دەنێت كە بەدرێژای مێژووی كۆماری توركیا ئەو ترسە دەسەڵاتی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی توركیادا كردبوو[27].

نەوەكانی دیپلۆماسی توركی لەو نەریتەدا كاریان كردووە كە تارادەیەك داوای مل كەچ بوونی بۆ ڕاستی دەكرد لەبەرامبەر مۆسكۆداو هانی تێگەیشتنی دەدا نەوەكو شتێكی لەوە زیاتر دەست پێ بكات و پەیوەندی‌یە رەسمی‌یە كەلتورییەكان لەگەڵ تورك وموسڵمانەكانی ئیمپراتۆری سۆڤیەتیدا گیانی تۆڵە سەندنەوە لای سۆڤێت بەرزبكاتەوە[28]. بێگومان نە سەرجەم دیبلۆماتە توركەكان ونەهەموو پیاوانی سەربازی بەڵكو ( ڕێژەیەكی كەم ) لە پیاوانی سەربازی پەیرەوی ئەو جۆرە رەفتارەیان كرد. لەگەڵئەوەش دا ئاسای بوو بەهۆی ئەوەی كە حوكمەتەكانی توركیا تەحەمولی پاڵپشت كردنی سۆفیەت بكەن بۆ ئەوبەدیلانەی كە برەویان بە پڕوپاگەندەی دژ بە توركیادا و راهێنانی ومەشقی تیرۆرستان بكەن (بۆنمونە تیرۆرستانی فەلەستینی وبولگاری وئەرمەنی و ماركسیە كوردەكان). لە ساڵانی حەفتاكاندا سەركوتكردنی ئەوانە لە سنووری توركیادا بەشداری كرد لە رەزامەندی بوونی توركیادا. تەحەمولكردنی پلەیەكی بەرزی چاودێركردنی ڕوخێنەرانەی سۆڤیتی كە بازرگانی كردنی دەرمان و تیرۆریزمی بەكۆمەڵی لە خۆ دەكرد بووبەهۆی لاوازكردنی بڕوابوونی توركەكان بەخۆیان.

کۆماری تورکیا لەسەرسیاسەتی عوسمانی بۆبەخشینی مافی پەنابەری بەردەوام بوو ئەو سیاسەتەی فۆرمەلە کرد بۆ بەخشینی مافی بە پەلەی هاونیشتمانی بوون بە هەموو ئەو ئاوارانەی لەڕەگەزی تورك بوون و لە قەوقازو لە سۆڤیەت و ئاسیای ناوەندی چینەوە هاتبوون. ئەم خەڵکانە ڕێگایان درا کە تەنیا بۆخۆش گوزەرانی و بە مەبەستی کەلتوری، خۆیان ڕێکبخەن. ڕێکخستنە سیاسیەکان و چالاکی ڕاگەیاندن وهاندانی گۆڕانکاری بە هەر جۆرێ بوایە قەدەغە کرابوو.تاکە کەسە خۆڕاگرو شارەزاو هێمنەکان لە هەندێ لەو قەدەغانە دوور کەوتنەوە. بەم جۆرە قەوقازییەکان و بە ڕەگەز تورکەکانی ئاسیای ناوەند گۆڤارو بیرەوەری بڵاوبکەنەوە. ژمارەیەکی کەم لە مێژوو نووسانی تورك وتوێژەکانی تر لە توێژینەوەدا بەم خەڵکانە و مێژوویانەوە خەریك بوون. بەڵام بەبەراوردکردن لەگەڵ ئازادی چالاکی ئاوارە وخوێندکاری سۆڤیەتی وچینییەکان لە ئەوروپاو ئەمریکا، هەڵوێستی تورکیا هەتاکو ئەم نزیکانەش هەر زۆر بە سنورداری ماوەتەوە.

تورکیا مەبەستی بوو چۆن سویسرا لە کاتی هەرەشەی جەنگی دووەمی جیهانیدا بێ لایەن مایەوە ئەمیش بێ لایەن بمێنێتەوە.دوای هەڵگیرساندنی شەڕ ئەم وڵاتە بەشێوەیەکی ڕەسمی بێ لایەن مایەوە، بەڵام وردە وردە مەیلی بەلێی هاوپەیماناندا شکایەوە. لەسەرەتای ساڵی 1945 دا تورکیا بانگەوازی شەڕی لەگەڵ ئەڵمانیاو یاباندا کرد وبوو بە ئەندامێکی سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەئەنجامی ئەم هەڵوێستەشیدا تورکیا بووە هاوپەیمانی ڕووسیا. ئەم کارانە ڕێگایان لەستالین نەگرت بۆ وازهێنان لەداواکارییە توندە هەرێمایەتیەکانی چ لەپێش کۆتایی هاتنی شەڕو چلە دوای کۆتای هاتنی شەڕو ئەمەش تورکیای بەرەو هاوپەیمانێتی ڕۆژئاوا ڕاکێشا. تورکیا بوو بە یەکێك لە پێکهێنەرە بەهێزو پشت پێبەستراوەکانی ئاسایشی دەستە جەمی،



www.pertwk.com

لە ساڵی1950 دا هێزی ڕەوانەی کۆریاکرد کەئەو هێزانە خۆیان دەرخست و بە پەرۆشەوە لە ساڵی1952دا پەیوەندیان کرد بە ناتۆوە.

لەو کاتەوە کەلە شوباتی 1947 دا پەیرەوی تروما بڵاوکرایەوە واتە پێش لە زیاتر لە چل و پێنج ساڵ، پەیوەندی هەرە بەرزو یەکەمینی ئاسایشی تورکیا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا بووە، لەم ناوەندەداتورکیا یارمەتی دەرێکی لە بارو پشت پێبەستراوی سیاسەتەکانی ناتۆ بووەو هێزە پاڕیزەرەکان ئامادەی چالاکی بوون لە هەردوو بەرەی بەڵقان و قەوقازو هەروەها ئاسانکاریان بۆ کۆبوونەوەی موخابەراتی تایبەتمەند دژی ئامانجەکانی سۆڤێت پێشکەش کردووە. لە ساڵانی شەستەکانەوە تاکو ساڵی1990، تورکیا خۆی دوور گرت لە هاریکاری کردنی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا و موناقەشەی ئەوەی دەکرد کەبەڵێنەکانی ناتۆی بۆ هەڕەشەو کێشەکانی هەرێمە ناکۆمۆنیستەکان پێشکەش نەکردووە. سەرۆك ئۆزاڵ ئەم سیاسەتەی لە قەیرانی کوەیت عێراقدا خستە روو کە بەشێوەیەکی توندوتیژ لە پایزی 1990دا ئەو قەیرانە دەرکەوت و لەقازانجی هەڵوێست وەرگرتنی زیاتری تورکیا بەلای وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەرزبووەوە.

لە هاوین وپایزی1991 دا تورکیا لە سەرخۆ بوو ( ئەگەر چی لەچاو حکومەتی وڵاتە یەکگرتوەکاندا زۆر لە سەر خۆ نەبوو ) بۆپەیبردن بەوەی کە گوڕباشۆف شکستی هێنا بوو، سیستەمی سۆفێتی لە هەڵوەشاندنەوەی کۆتایی نزیك دەبووەوە. جارێ بڕیار بۆ گۆرینی سیاسەت وەرگیراو جێبەجێ کردنیشی بە خێرای گەیشتە ئەنجام. لە ئەیلولی1991دا وەزارەتی دەرەوەی تورکیا تیپێکی دیپلۆماسی نارد بۆپایتەختەکانی هەریەکە لە کۆمارەکانی سۆڤێت بۆدیاری کردنی پەرە سەندنەسیاسیەکان وئارەزو بوون بۆ پەیوەندی کردنی نزیك، لەناو ئەوانەشدا دامەزراندنی پۆستە دیبلۆماسیەکان و دان

www.pertwk.com

لە روانگەی بەرەوپێشەوەبردنی پەیوەندیە ئابورییە کانەوە لەوانەیە ئۆکرانیاو روسیا هەمان شێوەی موسڵمانەکان و کۆمارەکانی تری قەوقاز بۆتورکیا گرنگ بن.

لەنێو دەستکەوتەکانی تردا کە هەرەس هێنانی سۆڤێت دا بە دی دێت، هەرەس هێنانی شالاوەکانی وێرانکاری و پڕوپاگەندەیە کە مۆسکۆ بەردەوامبوو لە پشتگیری کردنیدا لە ناو تورکیادا و هەتا کۆتای ساڵانی هەشتاکانیش هەمان سیاسەتی درێژە پێدەدا، ئەگەر چی سنوری ئەو سیاسەتە لە ساڵانی حەفتاکاندا زۆر تەسك بووەوە. لەبەرئەوەی(KGB) و پارتیکۆمەنیستی بەردەوامبوون لە ئاشکراکردن ولێکۆڵینەوە کردندا و شاڵاوەکانی پێشتریش بەسەرهاتەکانیان دەگێڕێتەوەو ئاشکراکردنیش کە بۆ ئەندامانیپارتی کۆمەنیست شڵەژاندنە لەوانەیە بخرێتە بەرچاو، لەوانەش ( گروپەکانی وەکو پڕوپاگەندە چیە چەکدارە مارکسی و لینییەکان و لاوانی شۆڕشگێرو تیرۆرستانی ئەرمینیاو عەرەبە ڕادیکالەکان وهەروەها ئەو رۆژنامە

ئەوە کارێکی گرانە کە ببینن چۆن هەریەکەلەدەوڵەتە جێگرەوەکانی سۆڤێت بێجگە لە روسیا خۆی لە مێژوویداهاتوودا لە بایەخدانی خۆیاندا بۆتەرخان کردنی سەرچاوەکان بۆزیندوکردنەوەی چالاکی سیاسی وێرانکەر یان تیرۆریزم لە تورکیادا کاردەکەن. لەنێو لەرووداوەستانە بنیادنراوەکاندا، کەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەسالآنی نەوەدەکاندا ڕووبەروی دەبێتەوە دەشێ بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی بێت لەگەڵ رووسیادا کە ئەوەش دەسەلآت دەکات بەسەر دوژمنایەتی چوار سەدساڵە تەمەنی نێوان تورکیا و رووسیادا و بنەمایەکی درێژخایەن بۆ هاریکاری و ڕێزگرتنی تە واو دەخولقێنێت، ئەگەرئەمە بە ئەنجام بگات ئەواتورکیا بە چاکی ڕێنومای دەکرێت بۆ پەرەسەندنی درێژخایەنی پەیوەندیەکی پیشەی و ئەکادیمیانە و تایبەتمەندانی حکومی رووسیا کە هاوشێوەن لەگەڵ ئەوانەی کە لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەن.

تورکەکان بە ترسێکی نزیک لە (نکۆڵی کردنەوە) بەبێ بروایییەوە ڕوانیویانەتە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری سۆڤێتی. رزگاربوونی کۆمارە مسوڵمانەکان هەڵچوون و پەرۆشبوونێکی وروژاندوە کە لەوانەیە بەردەوام بێت. تورکەکان ئێستا دەزانن کە ڕێگای چاککردن و نوێکردنەوە کەئەتاتورك هەڵیبژارد بۆیان لە پێش حەفتا ساڵدا وەکو ئەزمونێك راوەستاوە کەزۆر لە سیستەمەکەی لینین سەرکەوتوتربووە، پەیکەرەکانی لینین لە هەموو شوێنێکی ئیمپراتۆریەتی سۆفێتیدا روخێنران، تەنها لە حاڵەتێکی دیما گۆجیدا نەبێت، وێنەکانی ئەتاتورك لە مەترسیدا نین. وتەکانی ئەتاتورك بۆتورکەکان پارێزگاری لەمانای خۆیان دەکەن. لە کاتەپڕلە زەحمەتەکاندا، وەکو لە کۆتای



www.pertwk.com

حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا پرینسیپی ئەتاتورکی ماناو بنەمایەکی گشتی پێشکەش کرد کە تارادەیەك هەموو تورکەکان پێی رازین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەتاتورك هەرگیز نەپەرستراوە، لە مێژوودا ئەتاتورك زیاتر وەکو مرۆڤ دەرکەوتووە کەژیان وکارەکانی توێژینە کراوەو کراوەتەوە. لە ئەتاتورکدا، تورك وەکو ئاوێنەیەك وێنەی خۆیان دەبینن لەهەردوو لایەنی بەهێزی و شکستەکانیشیاندا.

تەنیا ئێستا کە سەدەی بیست لە بەرەو کۆتایدایە، لەدەرەوەی تورکیا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەتاتورك نمونەیەکی زۆر پەسەندتر بووە بۆ دنیای پێشکەوت و لەچاو لینین دا. ئەگەر هەندێ لە دەوڵەتە ناسەقامگیرەکانی جیهانی سێهەم و کۆمارە تازە ئازادبووەکانی سۆڤێتی پێشوو چارەنووسێکی باشیان هەبێت بۆدۆزینەوەی ئەو سەرۆکانەی کەهەندێ لە کۆکراوەی سیفاتەکانی ئەتاتورکیان هەبێت، ئەوا بەڕاستی ئەو وڵاتانە خۆش بەخت دەبن.

# تێبینییەکان

1. turkey، Economist. star of Islam ، special Section ، December 14، 1991.

2. عەدنان مێندریس لەکودەتایەکی سەربازیدا لابراو دوای دادگاییەکی دوور ودرێژ لەساڵی 1961دا لە سێدارە درا. لەم ساڵانەی دوایدا ئیعتباری بۆ گێڕدرایەوە و لەمێژووی نوێی تورکیادا لەجێگایەکی شەرەف مەندانەدا دانرا.

3. کورد؟ بەڵێ کەمەوە هێشتا نەخێر. زۆربەی کوردەکانی تورکیا بەشێوەیەکی بنیادنەرانە لەسنوری سیستەمی سیاسی و ئابوری تورکیادا کاردەکەن. ئەمە وابووە، بەڵام پێویست نییە قەزا و قەدەری بێت و لەدەیەیداهاتوودا دەیگۆڕێت سەرباری ئەوە کورد لەڕوودا وەستانێکی جدی بەرامبەر بەتورکیا نیشان دەدات. ئەو لەڕوودا وەستانەش دواتر گفتوگۆی زیاتر دەکرێت.

4. هەمان شت لەبارەی دەوروبەری شارە هەرە گەورەکانەوە ڕاستە کە دەروازەی ڕێگان بۆ ژیانی شارستانی و بۆ ئەو جێگایەی کە گوندنشین و دانشتوانی شارۆچکەکان داب و نەریت و ڕەفتاری خۆیان دەگوازنەوە.

5. ئەمان بەرەو ژێر زەمین براون، کەلەوێ بەردەوامبوون لەسەربینینی دەورێکی گرنگی ئایینی لەسەر ئاستی میللی یان ئاستی فۆلکلۆری لەگەڵ هەڵگرتنی ئازاردانی ڕەسمی لەسالآنی پەنجاکاندا. جارێکی تر هاتنەوە ڕوو، لەو کاتەشەوە وەکو دیاردەی کەلتوریدانراون.



www.pertwk.com

6. بێگومان دەشێ کات زووبێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە چۆن ئاڕاستە سیاسیەکان لەنێو مسوڵمانەکانی یەکێتی سۆڤیێتی پێشوودا نەشوونمایان کردووە و پەرەیان سەندووە. ئایین رەگەزێکی بەهێزی ئۆپۆزسیۆنی نادیار بووە بەرامبەر بەکۆمۆنیزم و دەسەڵاتی روسی. ڕاستی یەکەی ئەوەیە کەسەرکردەیەکی ئایینی لەئێراندا لەڕووی هێزەکانی دەرەوەدا ڕاوەستا و سۆزو عاتیفە و ئارەزووی بۆ مونافەسەکردن لەنێوان موسڵمانانی سۆڤێتیدا جوڵاندووە. بەگوێرەی ئەوانی تریش واتە وەهابیە دەمارگیرەکان دەرکەوتووە وەکو دەرمانێکی کاریگەر بۆ ماتریالیزم و فەساد کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی سۆڤێتیدا بڵاوبۆتەوە بەڵام ئەم هێزە سیاسیاتە تا چەندێ خۆپارێزن. هەڵوێستە ئایینی یە توندەکان لەژیانی سیاسیو دیموکراتی ئەم کۆمارە سەربەخۆ نوێیانەدا هەر ماون و دەبینرێن، بیرکردنەوەی سەرەکیان لەپەرەسەندنی خێرایدانیشتوانیان زیاتر ئابوریانەیە، لەو ڕووەوە کەچۆن دەسەڵات دەکات بەسەر کاریگەرییەکانی ئیستغلال کردنی کۆلۆنیالیانەی شێواز سۆڤێتیدا داماڵی ژینگەدا و پاشان دەستکردن بە پەرەسەندنی ژیرانەی کشتوکاڵ و پیشەسازی. بزوتنەوە ڕادیکاڵە ئیسلامیەکان لەدەربڕینی ناڕەزایدا بەهێزن بەڵام بەرنامەی بڕوا پێکراوی پێشکەوتوویان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی هەرە جدییەکان نییە کەڕووبەڕووی مسوڵمانانی سۆڤێتی پێشوو دەبنەوە، تەریقەتەکانی تەسەوف لەلایەکی ترەوە کەبەشێوەیەکی جێگیر پەیوەستبوونیان بەدەست هێناوە لەسەردەمی سۆڤێتیدا لەناو هەندێ لایەنی زۆر پێشکەوتووی ئەم کۆمەڵانەدا بەهێزن و زۆریشیان وەها سەیر ناکرێن کە خۆپاڕیزبن. لەڕاستیدا هەندێکیان بەشێوەیەکی چالاکانە لەڕوانین و بۆچوونیاندا بۆمەسەلە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان نوێن.

7. بۆ توێژینەوەی نوێی ئەم بزوتنەوەیە لەلایەن ئەکادیمیە تورکەکانەوە بەتایبەت بڕوانە شەریف ماردین

Sherif Mardin: Religion and Social Change in Modern Turkey. University of New York Press. 1989.

8. تەریقەتی نەقشبەندی کەلە نێو پەیڕەوکەرانیدا سیاسی و پیاوانی خاوەن و کاروپیشە هەن، ناوەندێکی سروشتی پێشکەش دەکات بۆ پەیوەستبوون لەگەڵ دەرکەوتنی چینە رێکخەر و بەرێوەبەرییەکانی کۆمارە نوێیە تورکەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو.

9. هەردوو دەوڵەتی کۆن و نوێی تورک بریتین لە تورکیان. کۆماری تورکیا بەپێی پێودانگە یاساییەکان جێگیرەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو، بەلام دابڕانێکی ئاشکرای لەو پرنسیپانەی بەرێوەبردن نیشاندا کەلە ئیمپراتۆری عوسمانیدا بالادەست بوون. ئیمپراتۆی عوسمانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی نەبوو بەڵکو دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیی و فرە مەزهەب و کەبەئاشکرا چەندین هەرێمی لەسنووری دەوڵەتەکەدا دیاری کردبوو بۆ غەیرە موسوڵمان و غەیرە تورک. سوڵتانەکان دەسەلاتی دنیایی و دینیان پێکەوە کۆکردبووەوە. ئەم دەوڵەتە ئیمپراتۆریەتێکی ئۆتۆکراتی بوو کە تەنیا لەچەند دەیەی کۆتایدا دەستی کرد بە پەرەپێدانیدامەزراوە نوێنەرایەتیەکان. بەلام کۆماری تورکیا وەکو دەوڵەتێکی نەتەوەیی عەلمانی هێنراوەتە پێشەوە و هەر بەو جۆرەش ماوەتەوە کەتیایدا دەسەلاتی مەدەنی پایەی ئایینی نییە، بەپێچەوانەی ولاتە یەکگرتووەکانەوە، بەلام لەڕووی پراکتیکەوە وەکو زۆر ولاتی ئەوروپا حکومەتی تورکیا بەرپرسیارێتی بۆ بەرێوەبەردنی بەشەکانیدامەزاروە ئایینییەکانی ولات دەگرێتە دەستی خۆی.

10– کۆرۆتورک کاتێ ماوەکەی لەنیسانی 1980دا تەواو بوو داگیرایە خوارەوە ئەو لەپەیوەستبوونی توونددیدا بە سنووردارێتی یاساییەوە هیچ



www.pertwk.com

کۆششێکی نەکرد بۆ بەرەو پێشەوە بردنی حکومەت و ژیانی سیاسی لەو حاڵەتە زۆر خراپەی کەتێی کەوت لەبەرئەوە پەرلەمان پێیداگرت کەناتوانرێت سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێردرێت هەتا ئەیلولی 1980 کاتێ سەرکردایەتی سوپا خۆی کرد یان خۆی دانا بەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، خۆی تێهەڵقورتاند و لەکودەتایەکی بێ خوێندا ڕوخاندی.

11– کاتێ بەم دواییانە ئۆزال (تابۆ – قەدەغە) تەمەن درێژەکانی شکاند و رایگەیاند کەبوونی تورك لەقوبروس باجی (200) ملیۆن دۆلار لەسەر تورکیا کەوتووە بۆ هەر ساڵێك، هەندێ لەرەخنەگران بەڕاستی دەستیان کرد بەپێشنیارکردن کەئەو نرخە زۆر بەرزبووەو و ئاراستەی ئەو یارمەتیە پێویست بوو بەرەو جێگای تر بگۆڕدرایە.

12– بۆ شیکردنەوەی هەمە لایەنەی ئەم ڕووداوانە بڕوانە :

Paul B. Henze- Turkey the Alliance and the Middle East ) ، No: 36 Woodrow Wilson Center for Scholars،Working .(Simithsoman Institution – Washington D.C.

13– یەکەم سەرژمێری کۆمار لەساڵی 1927دا ژمارەی دانیشتوان (13.648.000) کەس بوو لەناوەوەی سنوور کە (هاتای)تێدا نەبوو کە فەرەنسا لەئینیدابی سوریادا ساڵی 1939 وازی لێهێنا.

14– (the Economist، Turkey – Special Section s، star of Islam. December، 19، 1991)

ئەوەش بارێکی باش دروست دەکات بۆ بەکارهێنانی تورکیا وەکو بنەمایەك بۆ ئیشکردن لەگەڵ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی سۆڤێتی پێشوودا. ئامۆژگاری دەکات: بڕوانە رەو ڕۆژهەلات، بەرەو ئەوروپا، هەروەها سەرنج بدە بۆچی پێوستت بەتورکیایەکی سەرکەوتوو هەیە.

15– سەربارى ئەوە خاسيّتەكانى دەستورى ساڵى 1982 نەخشەكێشرا بۆ ڕێگاگرتن لەدابەشبوونى حيزبى و پاداشت پێدانى براوەكان هەروەها گۆڕينى ئەم دەنگە بۆ زۆرينەيەكى رەها لەپەرلەماندا. لەئاكاميشدا ڕاستىيەكە ئەوەيە كە زۆرينەى پەرلەمانى, دابەشبوونى بيروڕا پێچەوانە ناكاتەوە يان نانوێنێت لەكاركردنى هەڵبژاردندا بۆ زيانى پارتى نيشتمانىدايك وەك لەساڵى 1991 دا ئاشكرا بوو.

16– بۆچى يان توركيزم ناوبانگى شەڕەنگێزى بزوتنەوەى فاشيزمى سەدەى بيستى وەرگرتووە لەكاتێكدا يان عەرەبيزم يان ئەفەريقايزم لايەنگرييەكى بەرفراوانيان بەدەست هێناو وەكو چەمكە ليبرياڵە پێشكەوتووەكان كە شايانى شيكردنەوەى زۆر ئاشكراترە لەچاو ئەوەيدا كە كراوە.

17– بزوتنەوە سياسيە توندڕەوەكان لە كۆمارەكانى سۆڤيێتى پێشوودا زۆر بەهێواشى پەرەيان سەندووە و هەروەها بەشێوەيەكى بەرفراوانيش بەجێگاى مەترسى ڕاستەوخۆ دانانرێن. شيمانەى ئەوەى كە ئەم جۆرە بزوتنەوانە كاريگەرييەكى بەرە و دواوەيان لەسەر توركيا هەبێت وادەردەكەوێت ئە شيمانەيە تەنيا لەسنوورى خەياڵدا بێت.

18– شەپۆلێكى بەهێزى بڵاوكردنەوە لەبارەى كوردەوە لەتوركيادا لە نێوان ساڵانى 1991– 1992دا دەستى پێكرد، شتێكى كەم لەوەى كە دەركەوتووە پشت دەبەستێت بە توێژينەوەى جيدى ئەنترۆپۆلۆژى يان ئيتنۆ زمانى. جياكردنەوەى بەدەگمەن لەلايەن توێژەرێكى گەنجى توركەوە كە پشت دەبەستێت بەتوێژينەوەى فراوانى مەيدانى بريتىيە لە توێژينەوەكەى لاى يەڵچين هێكمان بەناونيشانى (( خێڵ و خزمايەتى لەنێو كورددا)).



www.pertwk.com

(Tribe and kinship among the kurds. Frankfort، peter lang verlag 1991).

19– نموونەى بەرهەمەكانى بەزمانى ئينگليزى ئەمانەن :

(Mahmut Makal- A Village in Anatolia، London: Valentine Mitchell and Co. 1954، John F kolars، Tradition، Season and change I، Turkish village Chicago: University of Chicago press، 1963، paul.J.Magnarella. Tradition and change in a Turkish Town، New York; John Wiley and Sons، 1973…

20– نموونەكان وەكو :

(Mehmet Eroz، Dogu Anadolunun Turlugu (thr Turkish Character of Eastern Analolia) Istanbul : Turk Kultur yayini 1975).

21– توركەكان هەرزوو لە ئاسياى ناوەندەوە بەرەو باكورى قەوقاز و دەرياى ڕەش ڕۆيشتوون. لەسەدەى شەش بۆ دواوە، سەرچاوە ڕاپۆرتيەكانى بێزەنتى پەيوەندى دەكات بەتوركەكانەوە واتە بەگەلانى توركى وەكو خازەر و پێكانج و كۆمان و پاشانيش سەلجوقيەكان. ئەمانەش بەشێوەيەكى بەربڵاو لەلايەن توێژەرێكى هەنگارييەوە كەناوى گيولا مۆراڤيزە توێژينەوە كراون كە توێژينەوەيەكى دوو بەرگى لەساڵى 1983دا لەبارەيانەوە بڵاوكردۆتەوە ئەويش بەناونيشانى (Turkish Language Remnants in Byzantine Sources – Leiden Holland: E.J.Brill).

لەگەڵ دەركەوتنى كۆششدا بۆ سەربەخۆيى گەلانى توركى يەكێتى سۆڤيێتى پێشوو. ئێمە پێشبينى بەرژەوەندييەكى هێجگار بەرز دەكەين لەم

22– من مەبەستم ئەوە نییە کەداواکانی کورد بۆ پەرەسەندنی خێرای ئابوری و سەربەخۆیی کەلتوری و دانپێدنانی سیاسی بەشێوەیەکی بەربلاو دەرئەنجامی پڕوپاگەندە و مناوەراتی سۆڤێتی‌یە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەڕاستی‌یە دەمێنێتەوە کە کورد لەهەرە هێواشترینی گەلە گەورەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەبووە لەڕووی ئەزموونی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخەوە. ڕاپەڕینەکانی کورد لە ڕۆژهەلاتی تورکیادا لەسالأنی بیستەکاندا بەیانکردنەکانی بەرەنگاری بوو لەلایەن سەرۆك خێلەکانەوە بەرامبەر بەدەسەلاتی حکومەتی مەرکەزی و رق و کینەکان بۆ ریفۆمە بەعەلمانی کردنەکانی ئەتاتورك. ڕەهەندیٚ ناسیۆنالیزمی هەمە لایەنە کە جێگای پابەندبوونی خێلایەتی گرتبێتەو تەنانەت و تاکو ئێستاش ئاشکرا نی‌یە.

23– زانیاری لەسەر پڕ و پاگەندەی ڕوخێنەرانەی سۆڤێت لە تورکیادا تاڕادەیەك تایبەتە بەخستنەڕووی ئاشکراکردن کاتیٚ کە فایلەکان لەمۆسکۆ و لەقەوقاز دەکرێنەوە.(بۆ نموونە هەمیشە گوتراوە ئازربایجان ناوەندێکی چالاکی‌یەکان بووە کەلە تورکیاوە بەرێوەبراوەو ئەو کارمەندانەی کەئاگاداربوون لەدەست پێکردنی هەرەس هێنانی سۆڤێتی‌دا دەکەوتنە قسەکردن لەو بارەوە.

24– ناسیونایستەکانی جۆرجیا ئێستا حسابیان دەکات بەجۆرجی خاوێن و بیٚ خەوش و لایەنگری ئەوە دەکات کە ژمارەیەکی کەم بەردەوامبوون لەوەیدا کەموسڵمان بن. ئەجاریا تاقیکردنەوەی هەندیٚ پەشێویی سیاسیان کردووە لەمانگەکانی سەرەتای 1991دا بەلأم لەو کاتە بەدواوە ئەو پەشێوییە دامرکاوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی لەتورکیاو لەجۆرجیا پەیوەستبوونی



www.pertwk.com

خێزانییان دیسان نویٚ دەکەنەوە چونکە سنوور کراوە بوو، لەهیچ کام لەو ولأتانەدا بەڵگەی بوونی بەرژەوەندی لە پەیوەستبوونی سیاسیدا نی‌یە و هیچ کام لەو ولأتانەش (بۆ ئەو مەبەستە) داواکاری پێشکەش نەکردووە. بڕوانە:

Turkey and Georgia.p.7758. Santa ،Paul B. Henze) (1992.، CA: RAND،Monica

25– ئەمان هیچ بایەخێکیان بۆ یەککگرتن لەگەڵ جۆرجیادا نەخستۆتە ڕوو کەلەسەدەکانی ناوەڕاستەوە دەسەلأتی بەسەر ئەو هەرێمەدا نەکردووە سەباری ئەوە ئەمان لە دانیشتوانی ئۆرسۆدۆکشی مەسیحی جۆرجیاوە دابەش دەکرێن ئەویش بەهۆی ئایینەوە کەلە سەدەی شانزە بەدواەوە بەرەبەرە چوونەتە سەر ئایینی ئیسلام.

26– سلێمان دیمیریلی سەرۆك وەزیر لە کانونی یەکەمی 1991 دا ئازربایجانی و ریاکردەوە بۆئەوەی لەتووندوتیژی زیاد بەرامبەر بە ئەمەرمینیا دووربکەوێتەوە، هەروەها ئەوەی بیرخستنەوەی کەدان پێدانانی دیپلۆماسیانە پێویست نی‌یە وەکو ئاماژەیەك لێکبدرێتەوە کە گوایە تورکیا پشتگیری ئازربایجان دەکات بەدژی دراوسێکانی ئەمە تورکیا دەخاتە هەڵوێستی بەرپرسیارێتی براگەورەوە بەرامبەر بەکۆمارە تازە سەربەخۆبووە تورکەکانەوە، لەچالاکیشدا سیاسەتی پشتگیری کردن بنیاد دەنێت بۆ ناو بژیوانی کردن لەنێوان نەتەوە بەشەڕ هاتووەکانی دوای سۆڤێتدا. ئاماژەکانی دیمیریل وەلأمێکی بنیادنەرانەی لەئازربایجانەوە وەرگرت و لەلایەن ئەرمینیاشەوە مەدح دەکرێت‌و بەلأم لەبەرئەوەی شەڕکردن لەناگۆرنۆ کەرەباخ بەرزبووەوەو و ناخچەڤانیشی گرتەوە، سەرکردەکانی تورکیا دەبوو ڕووبەڕووی فشاری کۆمەڵگای خۆیان ببنەوە بەرامبەر بەهەر خۆتێهەڵقورتاندێنێك سەرکردە

27– لەڕووە چاکەکەیەوە ئەم مەترسیە بۆچوونی ئەتاتورکی سەبارەت بەفیکرەی رزگارکردنی تاکە ناوچە و پەیوەستکردنی بەناوچەی ترەوەی بەهێزکردووە و نەریتی دوورکەوتنەوەی لەبیرکردنەوە بەمانای فراوانخوازی هەرێمایەتی پەرەپێدا. بێگومان ئەمە تۆڕێکی بەدەست هاتووە بۆ وروژاندنی فیکرەی ڕزگارکەرانی تاکە ناوچە یان بەردەوامێت ئەو جۆرەی هاتنە ناووە کە لەقەوقاز و ئاسیای ناوەند ڕوویدا و ڕاستەوخۆ لەسالأنی دوای شۆڕشی روسیدا تورکیای نوێی شێواندووە لەسەرکێشی کردنێکی بێ بەرهەمانەدا و هەروەها وزەی جولأندنی لەهەموو ئەرکە گرنگەکانی پتەوکردنی کۆمارەکە دوور خستۆتەوە.

28– دواتر وەزیری دەرەوەی تورکیا ئیلتار تورکمێن لە گفتوگۆیەکدا لە مەکتەبی خۆی لەئەنقەرە لەمایسی 1991 دا پێی گوتم ئەوانەی کەوەکو خۆم وان لەڕۆژئاوا لەوە ڕاماون کە هەستی نەتەوایەتی لەنێوان تورکەکانی یەکێتی سۆڤێتدا دەشێ لەئاکامدا ببێت بەگرفتێك بۆ مۆسکۆ کە تەواو ناواقیعیانە بێت، بەقسەی وەزیر ئازەری و ئوبەتی و ئەوانی تریش، بوون بەهاونیشتمانی چاکی سۆڤێتی و ئەمانە بەو سوودە ئابوریانە دڵخۆشن کەسیستەمی سۆڤێتی بۆیدابین کردوون لەکاتێکدا هەستی نەتەوەیی هێشتا دەشێ هەندێ لە نەتەوە دێرینەکان بجولێنی و لاوان ڕازی دەبن بۆ بەسەرمایەکردنی ئەو سوودانەی کە کۆمۆنیزم بۆی هێناون چونکە ئەوان هیچ سیستەمیێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی تریان نەناسیووە، کە دەشیا رژێمێکی لەو جۆرەش وردە وردە بکرانایە بەڕووسی.





29– تاڕادەیەك لەتورکیا رێگاپێدانی خوێندن و توێژینەوە لەسەر مێژووی ڕوسیا یان سۆڤێت یان کەلتوری روسی و زمانی روسی و زمانەکانی تری ئیمپڕاتۆری سۆڤێتی ئاوەڵا نەبووە. تا ئەم دواییانەش خزمەتگوزارییەکانی بلأوکراوەی (ئێزگەی)) دەرەوەی تورکیا، هیچ بەرنامەیەکی بلأوکردنەوەی بەزمانی روسی یان ئەو زمانانەی تر نەبووە کەلەیەکێتی سۆڤێت بەکاردێن بێجگە لەزمانی ئازەری – کە ئەویش جۆرە بلأوکردنەوەیەك بوو کە تەنیا تەرخان کرا بوو بۆ ئازەرییەکانی ئێران.

30– وەزارەتی رۆشنبیری کەلەسالأنی حەفتاکاندا کەوتە چالاکی لەبلأوکردنەوەی ئەدەبی کلاسیکی تورکی و نووسینی تر لەسەر گەلانی تورك، لەم دواییانەدا کتێبێکی ئەستوری لەسەر (گاگاوز)) (Gagauz)بلأوکردەوە بەناوی (history – the Gagaus Turks، Canguage ، folker and popular litertures Ankara. Kuelture BAkanhgi yayinlari – 1991)

www.pertwk.com

# بەشی دووەم

## ئاراستەی نوێی ڕۆژهەلاتیانەی تورکیا

گراهام فوللەر

تورکیا ئێستا لەجیهانێکی نوێدا نیشتەجێیە. لەماوەی چەند ساڵی کەمی هاتنی گورباشۆفدا بۆ سەر کورسی فەرمانڕەواییە زەمینەی جیۆپۆلتیکی تورکیا کەوتە گۆڕان ئەویش لە سێ ئاڕاستەدا لە بڕی چوار ئاڕاستەی دانراو لەئاڕاستەی باکوری رۆژئاوادا دەوڵەتە بەڕاستی سەربەخۆکانی بەڵقان دەرکەوتن کە ئێستا ئەو دەوڵەتانە لەپرۆسەی پێکهێنانی سیستەمێکی نوێی دەوڵەتیدان بۆ بەڵقان. بەئاڕاستەی باکوڕو تورکیا هەلی ئاراستەکردنی پەیوەندییەکانی هەبوو لەڕێگای دەریاوە و لەگەڵ ئۆکرانیای تازە سەربخۆ بوودا و لەگەڵ پێکهاتەیەکی نوێی جیاواز لەروسیا. بەئاڕاستەی باکوری رۆژهەلات سێ دەوڵەتی سەربەخۆ دەرکەوتن لەسەر زەمینەی ڕووداوەکانی قەوقاز کەلە گەڵیاندا پێشتر تورکیا پەیوەندی ڕاستەوخۆی دروستکردووە، ك ئەوانیش بریتین لە جۆرجیا و ئەرمینیا و ئازربایجان رۆیشتنی زیاتریش بەئاڕاستەی رۆژهەڵات دەرکەوتنی پێنج دەوڵەتی سەربەخۆی مسوڵمان بوو لەئاسیای ناوەندی سنووری سۆڤێتی پێشوودا. مەسەلەکە تەنیا ئەوە نییە کە تورکیا زنجیرەیەك پەیوەندی سیاسیانەی لەگەڵ ئەم قەوارانەدا پێکهێناوە، بەڵکو دوورکەوتنەوە لەکەوتنە ناو ئەو جەنگە هەرێمیە نوێ ئاڵۆزانەوە کارێکی گران دەبێت کە ئەو جەنگانە لەهەندێ باردا گۆڕاون بۆ ململانێی چەکداری.

تەنانەت بەرەو باشوری تورکیاش، لەکاتێکدا هێشتا هیچ دەوڵەتێکی نوێ پێکنەهاتووە، بارودۆخێکی هێجگار گران لەکەنداوی فارس و لەکاتی جەنگی کەنداودا هەوڵ وتەقەلێی سەدام حسێنی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و گەڕان بەدوای چەکی کۆکوژدا و شکستی سیاسی عێراقی بەرز کردۆتەوە. هەروەها پرۆسەی ئاشتی عەرەب – ئیسرائیل وەکو بەڵێندانی زیاتر لەهەر شتێ



www.pertwk.com

کەلەرابڕدووی پێشتردا دەرکەوتووە، دیسان دەشێ بواری ژیانی پەیوەندی نوێ لەنێوان تورکیا و جیهانی عەرەبیدا بکاتەوە.

بەم جۆرە تورکیا بەهەل و فرسەتی نوێ و گرفتی نوێی شارەوە دەورە دراوە، کە هەموویان هەڵوێستا لەڕووداوەستانی بەرز و ئاڵۆز پێکدێنن. ئەم لەڕوودا وەستانانە لەماوەی دەیەیەکدا دەرکەوتوون کەلە و دەیەدا تورکیا خۆی بەزەحمەت توانیویەتی بەهێوری بمێنێتەوە، ساڵانی هەشتاکان لەوانەیە گۆڕانێکی لەبەرچاوی بۆ تورکیا هێنا بێت لەچاو گۆڕانکاری هەرکاتێکی تردا هەر لەسەردەمی ئەتاتورکەوە کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی عەلمانی لەتورکیا لەسەر پاشماوەی ئیمپڕاتۆری عوسمانیدامەزراند.

لەسەردەمێکدا کە ئاژاوە بەشێوەیەکی پێشبینی کرا و دەبن بەسیمای سەرەکی ڕووداوە سیاسیەکان لە بەڵقان و لەناوکۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوودا – نەك بۆ ناوهێنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا – سیستەمی نێونەتەوەیی کەڵك وەردەگرێ لە نەتەوەیەك کەسەقامگیر بوونی کاریگەری تۆمارکردن بۆ حیکمەتی نێو نەتەوەیی تیایدا زۆر کاریگەر بێت. (لەم نێوەندەدا من مەسەلەی قوبروس وەکو جیاکردنەوەیەکی گەورە دەبینم کە تیایدا بەڕاستی یان بەهەڵە تورکیا ئەوەی هەڵبژاردووە کەبەیەك ئاڕاستە بجوڵێت لەچاو ئەوەی کە لەپەیوەست بووندا بێت لەگەڵ ئامرازە نێو نەتەوەییەکاندا).

## کاریگەری گۆڕانکاری ناوخۆی تورکیا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی

ئەگەر گۆڕانکارییەکان لەبارودۆخی نێو نەتەوەیدا جێگای سەرسام بوون بوونایە ئەوا لەبارودۆخی ناوخۆی تورکیادا پێشکەوتنی خێرا ڕویدا لە دەیەی ڕابڕدوودا, گۆڕانکاری جیۆپۆلەتیکی شاراوە لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیادا تەنیا دەشێ لەم نێوەندەدا وەربگرێت.

لەڕاستیدا سیاسەتی تورکیا پێش شۆڕشی گورباشۆف دەستی کردبوو بەگۆڕانکاری چاك. تورگۆت ئۆزال یەکەم وەکو وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئابوری تورکیا و دواتر وەکو سەرۆك وەزیران و دواتریش وەکو سەرۆك بەشێوەیەکی پڕ لەگفتوگۆ لەمێژووی تورکیادا لەسەردەمی ئەتاتورکەوە ئەم یەکێك بووە لە کەسێتە سیاسیە هەرە کاریگەرەکان. لەکاتی هەژمونی گورباشۆفدا، ئۆزال یارمەتی دیسان ئاڕاستەکردنەوی بەرفراوانبوونەوەی سیاسەتی ناوخۆی تورکیای‌دا، بەتایبەتی لەبورای ئابوریدا ئەم سیاسەتانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پیادەکردووە. لەکاتێکدا کەئەم جیابوونەوە نوێیە سیاسیانە بەشێوەیەکی سەرەتایی لەژێر سایەی کاریگەری ئۆزالدا پەرەیان سەندووە بۆماوەیەکی دوورودرێژ ڕەگ و ریشەیان داکوتاوە. بەڵام بزوێنەری بنەڕەتی ئۆزال ئەگەر چی جێگای گفتوگۆو دابەش بوون بوو بەڵام نموونەیەکی باڵابوو.

گۆڕانکاری یەکەم شت لەپڕۆسەی خێرای بەرەو پێشەوە چوونی بە دیموکراتیکردنی تورکیاوە دەست پێدەکات. بنەماکانی سیاسەتی چالاکی دیموکراتی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی کرانەوە وەکو پرۆسەیەك کەلەلایەن



www.pertwk.com

ئینینۆوە دەستی پێکرا کە یەکەم هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1955ی لێکەوتەوە لەکۆتایی پەنجاکاندا حکومەتێکی هێجگار میللی و هێجگار کراوە لەڕووی ئابورییەوە لەسەردەمی سەرۆکایەتی مێندرسدا پێکهات، گەشەی بەرە و دیموکراسی کردن بوو بە جێگای گومان لەساڵانی دواتردا ئەویش بەهۆی خۆتێهەڵقورتاندنی سوپاوە لەساڵانی شەست و حەفتاو هەشتاکاندا، ئەو گومانەش لەو ترسەوە هات کەسەرکردایەتی بەرزی سەربازی هاتە ناوەو کاتێ وڵات بەرە و لادان دەچوو لە پرنسیپەکانی ئەتاتورکیزم و بەرە و ئاژاوە دەچوو. ئەم خۆتێهەڵقورتاندنە سیاسیانە لەناو تورکیادا جێگای ناکۆکی و گفتوگۆبووە و پاڵنەرەکانی سوپا بۆ ئەو کارە لەهەردوولایەنی باشی و خراپییەوە لەلایەن بەشە جیاوازەکانی سیاسەت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تورکیاوە هەڵسەنگێنراوە.

ژێرێتی هاتنە ناوەوەی سوپا لەهەر موناسەبەیەکدا هەرچی بێت، دیموکراتی تورکیا لە پیادەکردندا دوای هەر هاتنە ناوە و خۆتێهەڵقورتاندێك زۆر بەچالاکی دەرکەوتووە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو یاسایانەی کەڕاستەوخۆ دوای کارەساتی کودەتاکان کاریان کردووە. تورکیا زۆر بەسادەیی گەشەی کردووە بۆ ڕاهاتن لەگەڵ پیادەکردنی دیموکراسی و ململانێی سیاسی پارتەکان و بەرفراوانبوونی سەقامگیری پێکهاتەی سیاسی و بەرەو پێشەوە چوونی بەرە بەرە لەئاڕاستەی پیادەکردنی گەورەتری دیموکراسیدا، بەرەو پێشەوە چونێك کەدوورە لەتەواو بوونەوە، هەڵوێستی تورکیا لەڕۆژئاوا بەهێز دەکات، لەکاتێکدا کە دیموکراسی وەکو بەهایەکی بنەڕەتی تێبینی دەکرێت، ئەمڕۆ تورکیا تاکە دەوڵەتی مسوڵمانە لەڕۆهەلاتی ناوەڕاستدا کەبەشێوەیەکی یاسایی شکستی حکومەتەکانی حیزبی لەهەڵبژاردندا بەخۆیەوە بینیو و ڕارەوی فراوان و بێ کۆسپی بۆ دەسەڵاتی پارتی نوێی سەرکەوتوو کردۆتەوە

ئەمڕۆ دیموکراسی تورکیا هەرچەندە ناتەواوە، کۆمەڵگایەکی کراوە هەیە بۆ گفتوگۆکردنی تابۆی ئایدۆلۆژی کە پێشتر قەدەغە کراوە بۆ نموونە کۆمۆنیزم و ئیسلام و مەسەلەی کورد. لەکاتێکدا ئەم گفتوگۆکردنانە پڕ لەناکۆکی و تەنانەت دابەشبوونن و لەئاکامدا خزمەت دەکەن بۆ فراوانکردن و بەهێزکردنی سیستەمی سیاسی تورکی و بەرزکردنەوەی ئاستی سەقامگیری وڵاتەکە.

دووەم و لەوانەشە تەنانەت گۆڕانێکی ڕادیکالانەی ناوخۆ بێت لە بواری ئابوری تورکیادا لەژێر سایەی بەرێوەبەرایەتی ئۆزالدا سیاسەتی نزیکەی حەفتاساڵی دەوڵەتداری وازی لیٚ هێنراو گەڕانەوە بۆ بازاڕی کراوەی ئابوری هاتە مەیدان، دەوڵەتداری لەسەردەمی مێندریشدا دەستی کرد بوو بەجۆرێك لەسووك کردن، بەڵام بەشێوەیەکی جدی بەربەرەکانی نەکرا هەتا دەسەڵاتی ئۆزال بەسەر ئابوریدا هاتە گۆڕیٚ لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا. ئەم سیاسەتانە نەك تەنیا پەرەسەندنێکی بەرزی بۆ ئابوری تورکیا نەهێنا بەڵکو بواری بۆ ئاڕاستە کردنی نێودەوڵەتی کردەوە کەئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هەیە. تورکیا بەتایبەتی کەوتە بینینی هەل و بواری بازاڕی نویٚی گەورەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شان بەشانی هاتنی پەرەسەندنی پیترو دولار لەساڵانی حەفتاکاندا جەنگی ئێران – عێراق لەساڵانی هەشتاکاندا بەشێوەیەکی بەربڵاو پەرەیدا بەسیاسەتی بازرگانی دەرەوەی تورکیا لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا لەبەرئەوەی ئەم دوو وڵاتە



www.pertwk.com

هەردوکیان (عێراق و ئێران) بەقوڵی پشتیان بەتورکیا دەبەست بۆ گشەپێدانی گواستنەوە بۆ رۆژئاوا و بۆ بەکارهێنەری شت و مەکی تورکی. پەرەسەندنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی تورکیا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بیٚ چەندوچوون هوشیاری تورکیایان بەرامبەر سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکەوە بەرز کردەوە.

سیاسەتە نوێیەکانی ئاڕاستەی ناردنە دەرەوەوەی (شومەك) بەئاشکرا بەرژەوەندییەکانی خۆی زیاد دەکات نەك تەنیا لە رۆهەلاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو لەئابوری ئازادی نویٚی بەڵقان و دەریای ڕەش و کۆمارە تازە پێکهاتووە سەربەخۆکانی یەکێتی سۆڤێتدا. بەشی هەرە زۆری ئەوەش واتە بەرژوەندییە نویٚیە ئابوریەکان بەرژوەندی تورکیای لەئەوروپای رۆژئاوادا ڕاوەستاند کە تیایدا ئەنقەرە داوای خۆی بۆ پەیوەستبوون بەکۆمەڵەی ئەوروپیەوە با ئومێدانە دەبینی کەئەمەش ئامانجێکی سەرەکی سیاسەتی دەرەوە یە لەگەڵ جێبەجێکردنە گەورەکانی سیاسەتدا بۆ تورکیا. ئەم کردنەوەیی سیاسەتی ئابوری تورکیا بەشێوەیەکی بەشی هاوشێوەیە لەگەڵ پرۆسەی پرۆتوتریکایدا لەیەکێتی سۆڤێتدا، یان کردنەوە لەمیسردا کە هێشتا هەموو ئامانجەکانی بەدەست نەهێناوە. پرۆسەی پیریۆستریکادا تورکیا بەتایبەت لەساڵانی نویٚدا هێواش بوو بەڵام ئێستا تورکیا پەیوەندییەکی گونجاوی نێو دەوڵەتی بەدەست هێناوە شان بەشانی ڕێگای گونچاوی ئاڕاستەکردنی ئابوری کەلەرابردوودا بەهیچ جۆرێك ئەوەی نەبووە. لەگەڵ ئەوەدا سیاسەتی دەرەوە پاڕیزگاریکردنی دەرەکی سیاسەتی دەرەوەی نوخبەی خوێنەوار و زۆر شارەزا بووە کەئەویش بورایێکی تەسك بووە. ئەمڕۆ بەرژەوەندییە ئابورییە دەرەکییەکانی تورکیا خزمەتی فراوانکردنی زەمینەی پێکهێنانی سیاسەتی دەرەوەیی و چوونە ناوەوەی ڕەگەزە فراوانترەکانی ڕای گشتی بۆ ئەم پرۆسەیە دەکات. ئەم

بەمیللی کردنی بەرفراوانی سیاسەتی دەرەوە بێگومان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکانە نابێتە هۆی سەقامیگری بۆ پرۆسەی سیاسەتی دەرەوە. ڕای گشتی ئاسایی زۆر ناسیونالیستانە و پڕ لە گۆڕانە لەچاو دامەزراوی سیاسەتی دەرەوەدا لەزۆربەی وڵاتاندا، شتێکی هێجگار نەشیاوە کەئەو پلە و پایەی کەماوەی دوور و درێژ خاسێتی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بووە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن بەرژەوەندییە ناوخۆییەکانی تر و هەڵچوونەکانەوە کاری لێبکرێت، ئەم بەرژەوەندییانە ئامانجە ئابوری و بازرگانیەکان لەخۆدەگرن کە کۆمەڵی خاوەن کار دەشێ فەرزیان بکات بەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و گروپە ئیسلامیەکان و بەسەر ئەو سۆز و عاتیفەیەدا کە فاکتەری ئیسلامی بۆ سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پێشکەشی دەکات لەگەڵ پاڵنەرەکانی ناسیونالیزم و پان تورکیشی نوێدا کەبەرژەوەندی تورکیا لەجیهانی تورکیدا لەرۆژهەلات بەرز دەکاتەوە، هەروەها بێزاری شاراوەی عاتیفیانە بەرامبەر بەئەوروپای رۆژاوا کەنکۆڵی چوونە ناوەوەی تورکیا بۆ کۆمەڵەی ئەوروپی دەکات و بەرێگایەکی تریش تورک بێزار دەکات ( وەکو جەخت کردن لەسەر مەسەلەکانی مافی مرۆڤ و مەسەلەی کوردەکان) رای گشتی ئێستا دەورێکی گەورە دەبینێت لەسیاسەتی دەرەوەی ئەم کۆمارەدا لەچاو هەر کاتێکی پێشتردا.

لەکۆتایدا لەجیهانی دوای جەنگی سارددا کەدیسانەوە هەڵسەنگاندنەکانی بەرژوەندییە گشتی‌یەکان لەئاستێکی نزمدایە لەزۆربەی وڵاتاندا کە لە ڕوسیاوە دەست پێدەکات و دەگات بەوڵاتە یەکگرتووەکان – هەروەها دەشێ



www.pertwk.com

تورکیاش پێویستی بەدیسانەوە هەڵسەنگاندنەوەی خاسێتی بەرژوەندییە نەتەوەییەکانی هەبێت بەرێگای نوێ لێرەدا پرۆسەی دیموکراتی لەتورکیادا ئەم پرۆسەی سیاسەتی دیسانەوە پێکهێنانەوەیە ڕزگار دەکات. پێشتر زۆرێك لە نەریتە پیرۆزەکانی ئەتاتورك کەزۆر بەهادار و ڕەخنەییانەن بۆ ڕابوونەوەی نەتەوایەتی لەقۆناغی پێشتری مێژووی تورکیادا.. دەکەونە ژێر سایەی دیسانەوە تاقیکردنەوەوە(1). لەگەڵ کەمکردنەوەیەکی هەندێ لەبەها ئەتاتورکی‌یەکان و دەوڵداریێتی و گۆشەگیریێتی و باوکسالاریێتی نوخبە و دوورکەوتنەوە لەبەرژوەندییە ئایدۆلۆژییە ئیسلامی و پان تورکیستەکان و هۆکارەکانی وەکو ئایدۆلۆیای ئیسلامی و پان تورکایەتی و نەتەوایەتی ڕووبەرێکی گەورەتریان هەیە بۆ کارلێکردن یان نفوز، هیچ کام لەم ئاڕاستە ئایدۆلۆژییانە ناشێت لەخۆیاندا بەئاڕاستەی چاك یان خراپی تەواو وەسف بکرێن، ژیریێتی و چالاکی کاریگەرانەی ئەم سیاسەتانە بەشێوەیەکی گشتی دەوەستێتە سەر ژیریێتی و نوێگەریکردنەوەی ئەو شارەزاییەی کەئەوانەی پێ جێبەجێ دەکرێت.

## دووبارە دەرکەوتنەوەی ئیتنیکیەت لەتورکیادا
## کورد تورك

بەشێکی زۆری جیهان بەسەرهەڵدانەوەی ئیتنیکیەتدا تێدەپەڕێت لەئەنجامی ڕوودانی گۆڕانکارییە سیاسیەکانی ساڵانی کۆتایی هەشتاکاندا.

یەکەم : هەرەسی کۆمۆنیزم بوو بەهۆی ئازادبوونی زۆر وڵات کە پەرەسەندنی نەتەوایەتیان لەژێر سایەی کۆمۆنیزمدا بەستبووی لەهەموویش لەبەرچاوتر لەئەوروپای رۆژهەلاتدا و لەناو کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێتدا...

لەباشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا، بارودۆخی کوردەکان، کە مەسەلەیەکی ئیتنیکی هەرە دیار و سەرەکی وڵاتە یەکەم شت بوو کە لەزەمینەی نوێدا دیسانەوە سەرهەڵبداتەوە. کورد لەتورکیادا ماوەیەکی دوورو درێژە هەرکاتێ هەڵوێستی بەدوادا ڕۆیشتنی جیاوازی ئیتنیکی وەرگرتبێت سەرکوتکراوە. سیاسەتە ئیتنیکییەکانی تورکیا هەرگیز دانی نەناوە بەبوونی کەمایەتیدا. بنەما ئیتنیکییەکانی تاکە کەس بەشێویەکی تەقلیدیانە ناپەیوەستبوون بەسەرکەوتن یان سەرنەکەوتنەوە کە بەدرێژایی کات و بەهیچ شێوەیەك ئەو بنەمایانە نەکراون بەگشتی یان بەجەماوەری کەهەمان شێوەی تورکێك، کوردێکیش بتوانێت بەرزبێتەوە بۆ بەرزترین پلە و پایە لەناو کۆمەڵگای تورکی و لە پێکهاتنی بەرێوەبردندا(2).

مەسەلەی کورد لە تورکیادا لەدەیەی ڕابڕدوودا زۆر بەئاشکرا پەرەی سەندووە شەڕی ئێران – عێراق ئەندامانی پێشمەرگەی کوردی لە ئێران و عێراق بەرەو ناکۆکی و ململانێ ڕاکێشا و بێ چەندووچوون کاریشی لەدانیشتوانی کوردی تورکیا کردووە گازی ژەهراوی بەکارهێنان لەلایەن



www.pertwk.com

سەدام حسینەوە بەدژی دانیشتوانی کوردی و وڵاتەکەی خۆی لەم شەڕەدا ئاستی خۆ پێوە خەریك کردنی نێو دەوڵەتی زیاتر بەرزکردەوە، لەکۆتایی شەڕەکەدا سەدام حسین شالاوی گەورەی سزادانی لادێکان و دانیشتوانی کوردی دەست پێکرد. کەبوو بەهۆی مردن و سەرنەگون بوونی دەیان هەزار کەس. رێکخراوی رادیکاڵی سەربەخۆیی کوردی (پارتی کرێکارانی کوردستان) لەم قۆناغەدا بەرەو ناوبانگ دەرکردن چوو بەتایبەتی لەئەنجامی نەمانی دەسەڵاتی بەغدادا بەسەر باکوری عێراقدا کە لەوێوە پارتی کرێکاران چالاکیان دژی تورکیا رێك دەخست، هەروەها بەهۆی پاڵپشتکردنی سووریاوە بۆ کامپی مەشق پێکردنی پارتی کرێکران لەلوبنان کورد لەتورکیا و ئێران عێراقدا بەشێوەیەکی بەربڵاو هەلی گەورەتریان بۆ بەیەکترگەیشتن لەدەرەوەی هەرێمەکەدا بەدەست کەوتووە بەتایبەتی لەئەوروپای رۆژئاوادا، ئەمەش نەك تەنیا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو بەدەست هێنانی هەستی خۆبەهێزکردن لەنێوانیاندا بەڵکو دیسان لەدەستکردن بەبڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕەکانیان و چاپەمەنییەکانیان. هەروەها کوردەکان دەستیان کرد بەدەربڕیی شەکواکانیان بۆ کۆمەڵەی ئەوروپی و بڵاوکردنەوەی گرنگی پێدانێکی گەورەتر بەدۆزەخی کوردەکان لەناو ئەوروپیەکاندا. تورکیا وەکو ئەندامێکی ناتۆ بەشێوەیەکی تایبەتی لەم ڕوانگەیەوە کەوتۆتە بەردەم هێرشی ڕەخنە لێگرتنەوە.

شەڕی کەنداوی 1991 پاڵنەرێکی بنەڕەتی بوو کە لە هەرکاتێکی پێشتر زیاتر بوون و یەکبوونی کوردی بەشێوەیەکی گشتی وەکو دەستەیەك بەهێزکرد، بەتایبەتی کەسەدام حسین جارێکی تر کەوتە جموجوڵ بۆ تێکشاندنی هەر بەرگرییەکی کورد بەرامبەر بەرژێمەکەی، ئەم کارانە وای لەسەر کردایەتی نێودەوڵەتی و وڵاتە یەکگرتووەکان کرد کە شالاوی هاتنە ناوەوە بەرپا بکات بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی پارێزرا و بۆ کوردەکانی

بۆ ڕووبەڕووبوونەوی ئەم جەماوەرە پەنا هەندە گەورەیەی کوردی عێراق و خاسێتی ناجێگریان بۆ کوردستانی تورکیا، هێزەکانی ڕۆژئاوا لەژێر سەرکردایەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا لەبەهاری 1991 کاری پێشکەشکردنی حەوانەوەی بەدەست گرت بەمەبەستی یارمەتی بەخشینی خۆراك بەئاوارەکانی عێراق. دوور لە دەسەڵاتی عێراق دوو دڵی و نیگەرانی و تەنانەت گومانیشی لەنێو تورکەکان خۆیاندا دروستکرد کەبەتایبەت هەستیان بەتەنگەتاوی کرد لەبەردەم ڕەخنەگرتنی ڕۆژئاوا لەسەر خەریکبوونی تورکیا بەهەموو ئەم مەسەلەوە سەرباری ئامادەیی وەڵامدانەوەی ئەنقەرە.

زۆر لەتورکەکان لایەنگری ئەوەبوون کەبوونی ئاوارە کوردەکانی عێراق لەسەر خاکی تورکیا هەستی نەتەوایەتی کوردی و هەستی جیاخوازی لەنێو کوردەکانی تورکیادا بەهێز دەکات. ئەو بەشەکەی تری تورکەکان سەرسام بوون بەوەی داخۆ ئامادەبوونی هێزی بێگانە بەتایبەتی هێزی بەریتانی کەبەتایبەت نەخشەی بەهێزکردنی جیاخوازی کوردی لەناوچەکەدا داناوە یان نا. ئەوانەی کە گومانێك مێشکی داگیرکردبوون لەڕووی یادەوەرییەوە دەگەڕانەوە بۆئەوەی کە بەریتانیا بەشێوەیی پشتگیری کردن لەساڵی 1925 دا هانی ڕاپەرینێکی کورد بەدژی ئەنقەرە داوە بەمەبەستی لاوازکردنی هەڵوێستی تورکیا بۆ فرۆشتنی نەوتی ئەو ناوچانەی کە پێشتر هەرێمی دەوڵەمەندی نەوتی سنووری ئیمپڕاتۆری عوسمانی بوون و پاشانیش کران بەبەشێك لەعێراقی سەر بە بەریتانیا، هێشتا بەشێکی تر لە تورکەکان پێشنیاری



www.pertwk.com

ئەوەیان کرد کە ئەوروپییەکان و بەتایبەتیش بەریتانیەکان نایانەوێت تورکیا لەکۆمەڵەی ئەوروپیدا بێت، بەریتانیەکان بەشێویەکی سروشتی نەیاری تورکن و وەکو ڕێگایەك بۆ لاوازکردنی تورکیا سەیری مەسەلەی کورد دەکەن و تەنانەت دەشبنە هۆی لەدەستچوونی هەرێمایەتی، دەرکەوتنی دەوڵەتێکی جودای کوردی دواتر ڕێگا بە (هێزە) ئەوروپییەکان دەدات بۆ چاکتر دەسەڵاتکردن بەسەر هەرێمەکەدا و تەنانەت بۆ دەسەڵاتکردنی بەسەر سەرچاوە نەوتیە دەوڵەمەندەکانی موسڵدا. هەندێ لەچەپەکان تەنانەت پێشنیاریان کرد کە ولاتە یەکگرتووەکانیش کوردەکانی جولاندووە، پاشان خستوونیەتە بەردەم ئازاری شکست و ڕاکردنەوە بەرەو تورکیا وەکو هۆیەك بۆ لاوازکردنی بەرگری تورکیا بەدژی دەوڵەتێکی کوردی و کردنەوەی ڕێگا بۆ دەرەوەی ولاتە یەکگرتوەکان وەکو چەندەرمەی ناوخۆیی(3).

هەرچەندە ئەمڕۆ هەندێ لەو گفتوگۆیانە پەردەیان لەسەر نراوە، بەڵام دەشێ گومانێکی کەم هەبێت کەئەویش دەوەستێتە سەر بەشێك لەئەزموونی ئیمپڕاتۆری ئەوروپی لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمڕۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا و بەتایبەتیش ئەڵمانیا لەگەڵ مەسەلەی کورددا. پەیوەندی هەیە بەمەسەلەی کوردەوە، ناکۆکی تورکیا لەگەڵ (بۆن)دا لەسەر ئەم مەسەلەیە پەرەی سەندووە و ئۆزال خۆی بەئاشکرا رەخنەی لەئەڵمانیەکان گرتووە لەسەر ڕازی بوونی ئاشکرایان بۆ ڕێگادان بەپارتی کرێکارانی کوردستان بۆ چالاکی کردن بەخواستی ئەڵمانیا(4). گومانی تورکیا بەرامبەر پاڵنەرە دوورەکانی ئەوروپا لەم ڕوانگەیەوە کەمترە لە پاڵنەرەکانی ئەمەریکا – کە هێشتا نەکەوتۆتە سەر ئەوانی تر.

لەڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ قەیرانی پێکهاتووی کورددا لەعێراق و تورکیادا، ئۆزال قوماری سیاسەتێکی جەسورانەی کرد کەبەقوڵی ناکۆك و دژ

جولاندنی بارودۆخی کوردی لەتورکیادا بەشێوەیەکی کاریگەرانە لە هاوینی ساڵی 1991 گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەکاتێکدا کە وشەی کورد نەدەشیا لە چاپکراوەکاندا ببینرێت, بەڵام ئەمڕۆ ئەم وشەیە بەشێوەیەکی بەردەوام لەچاپەمەنی تورکیدا دەردەکەوێت. کتێب فرۆشەکان ئەو کتێبانەیان لەلا دەست دەکەوێت کەبەزمانی تورکی باسی ئەوە دەکەن چۆن کوردی فێر دەبیت. کتێبی تریش زۆرن بەکوردی و لەسەر شیعری کوردی و حیکایەتی کۆن و هەروەها کتێبیش لەسەر ڕاپەڕینە گەورەکانی کورد لەسەردەمی ئەتاتورکدا هەن کەبەسەرکردایەتیە پاڵەوانیەکانی ئەو ڕاپەڕینانەدا هەڵدەدەن. تەنانەت بڵاوکراوەکانی باڵی چەپ کە بەدووزمان و لەبەردەستدان وتاریان تێدایە لەژێر ناونیشانی وروژێنەری وەکو (دەوڵەتی تورك و بەدواداچوونی ئامانجە فراوانخوازەکان، هێرشەکان بۆ سەر باشووری کوردستان ((یان))



www.pertwk.com

کوردستان لەژێر سایەی بەڕێوەبردنیداگیرکردندا پێش ناکەوێت))(5) هەروەها ئێستا ئەو ڕۆژنامانەش هەن کەبایەخ بەکورد دەدەن.

سەرباری هەموو ئەم گۆڕانکارییانە، ئۆزال خۆی زۆر هەنگاوی بەهێزی نا بەرەو کرانەوە لەگەڵ کوردەکاندا، ڕێگای‌دا بە دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی ئەمری واقیع بۆ کوردەکان لەباکوری عێراقدا، هەروەها پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی لەگەڵ دوو لایەنە سەرەکیەکەی کوردی عێراقدا دەست پێکرد کە ئێستا بەبێ گوێ دان بەهیچ بەربەستێك لەهەندێ موناسەباتدا سەردانی ئەنقەرە دەکەن (6) لەهەموویشی گرنگتر ئۆزاڵ بەوە ڕازی بوو کە هەڵبژاردن لەباشووری کوردستاندا بکرێت کەئەمەش هەنگاوێکی گەورە نیشان دەدات بۆ ئەمری واقیعی سەربەخۆیی. دیمیریل سەرۆك وەزیر کە ئێستا جێ نشینی ئۆزالە وەکو کەسێتی‌یەکی سەرەکی سیاسی لەئەنقەرە ڕێکەوتنێکی کاریگەرانەی لەگەڵ بزوتنەوەی چەکداری کوردی عێراقدا کردووە بۆئەوەی هەندێ پایە و ئازادی کارکردنیان پا بدرێت لەبەرامبەر ڕاگەیاندنێکی ئاشکرادا – بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کەشایانی بەڕێوەبردنێکی درێژترە -1- لەسنووری عێراقدا هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەدەن. 2- ڕازی بن بەتەسککردنەوەی چالاکی‌یەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کە بزوتنەوەیەکە خۆی تەرخان کردووە بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی تورکیا. هەروەها ئۆزال ڕێگای‌دا بەکوردی عێراق کەنوێنەرایەتی خۆی لە ئەنقەرە بکاتەوە. زۆر لەتورکەکان بڕوایان وایە کە ئۆزاڵ گەمژەیە کە بەم ئەندازەیە گرنگی و بوار بەدۆزی کورد دەدات کەتا ئەم مەودایە پەرە بسەنێت، چونکە ئەم هەڵوێستە لەوانەیە پێشبینی ئۆتۆنۆمیەکی چاوەڕوان کرا و یان بزوتنەوەیکی جیاخوازی لەناو کوردەکانی تورکیا خۆیاندا دروست بکات(7).

ئۆزالْ بەئاشکرا تا ئاستێکی شیاو ڕۆڵی (پایە) تەنانەت گەورە ترەکانی بینیووە. لەتێڕوانینی هەندێ لەچاودێرانی سیاسیەوە(8) ئۆزال ڕوانینێکی جیۆستراتیژی بۆ داهاتووی بزوتنەوەیکورد هەبوو کەبەهیچ شێوەیەك بەئاشکرا دواتر دەری نابڕێت چونکە ئەو ڕوانینە زۆر جێگاومایەی وروژاندنە ئەم ڕوانینە پێشبینی ((بێ ڕەتکردنەوە))ی بزوتنەوی جیاخوازی کورد دەکات لەهەمو ناوچەکەدا کەبەپێی شیانی زیاتر لەعێراقەوە دەست پێدەکات.ئەگەر تورکیا وەکو ئێستا بتوانێت دەورێکی لایەنگرانە بەرامبەر بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان ئۆتۆنۆمی کوردی لەعێراقدا ببنێت، ئەوا دەشێت ئەو دەوڵەتە وەکو ناوەندێکی سروشتی (هێزی ڕاکێشان)ی دنیای خاوەن زمانی کوردی لەتورکیا بڕوانێت. دیارە تەنیا زۆرینەی کورد بەو جۆرە ناڕوانن کەلە تورکیادا دەژین و لەوانەیە لەسەرجەمی بیست ملیۆن کوردیدابەشکراو بەسەر عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا و روسیادا دوانزە ملیونیان لەتورکیا دا بژین – (بەڵکو دەشێ هەموو کورد بەوجۆرە بوڕانن – و. ك) کوردەکانی تورکیا لەکوردەکانی تر پێکشەوتووتربن و کەمتر خێلەکین و دەورێکی گەورەش دەبینن لەکۆمەڵگای تورکیدا، بەتایبەتی ئەو کوردانەی کەلە ناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیادا دەژین. لەژێر سایەی بارودۆخێکدا ئەگەر تەنیا دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی هەبوایە یان تەنانەت ئەگەر تموحی دروستکردنی ئەم دەوڵەتە هەبوایە کەدەشێ دوا ئامانج بێت کەدروست بکرێت ئەوا تورکیا هێز و دەنگی نفوزدار دەبوو بەسەر ئەم دەوڵەتەدا. دروستبوونی قەوارەیەکی لەمجۆرە دەسەڵاتێکی گەورە دەدات بەتورکیا لەهەرێمەکانی کوردستانی عێراق و ئێراندا. هەروەها لەسایەی هەر بارو دۆخێکدا کەشتەکان بەشێوەیەکی پەسەند بڕۆن، چاکتر وایە تورکیا خۆی بەدوور بگرێت لەڕکەبەرایەتی کردنی بزوتنەوەیەکی لەو جۆرە کەباشترە لەوەی لەڕوویدا بووەستێت، چونکە



www.pertwk.com

لەڕووداوەستانی ئەو بزوتنەوەیە تورکیا وەکو دوژمنی سەرەکی هێزیداهاتووی کورد دەخاتە ڕوو. (بڕوانە تورکیا و عێراق) دواتر گفتوگۆی زیاتری کێشەی کورد دەکرێت لەسنووری پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراقدا.

زۆربەی تورکەکان ئێستا حسابی دەرکەوتنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کوردی دەکەن لەتورکیادا – کەئەوەش زۆر لەدەوڵەتی سەربەخۆ کەمترە – کەئەوەش زیاد لەرادە دزێوانە سەیر دەکرێت و لەوانەیشە ئەوەبەئاسانی بەدەست نەیت دەستەی سەرکردایەتی گشتی تورکیا لەروانگەی مێژووییانەوە وا لەخۆی روانییووە کەزامنکەری یەکێتی هەرێمایەتی تورکیا بێت و بەشێوەیەکی ئاشکراش بەجۆرێکی بەهێز خۆی تەرخان کردووە بۆ پاڕاستنی یەکێتی دەوڵەتی تورکی بەسەر هەمووواندا بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەبێ چ ئیمتیازێکی کەلتوری ئابوری بدرێت بەکوردەکان. ئەگەر بارودۆخی کورد (کێشەی کورد) لەدەست دەرچوو بێت، ئەوەسوپا بەدڵنیایەوە بیانووی دۆزیوەتەوە وەکو پاڵنەرێکی گەورەتر بۆخۆتێهەڵقورتان کەئە و بیانووەشی لەهەر بیانوویەکی تری چەند دەیەی ڕابردوو گەورەترە. بەمجۆرە پێویستە سیاسەتەکانی ئەنقەرە بەئاڕاستەیەکی گونجاودا بڕۆن و وزەی شاراوەش بۆ توندتیژی دەبێ بخرێتە ژێر سایەی رکێفکردنەوە لەهەمان کاتدا دەستەی گشتی لەوانەیە پیادەکردن دەسەڵاتی خۆی بۆ بڕیاردان لەەی کۆچن خەریك بێت بە لایەنە سەربازییەکانەو بکات سەبارەت بەسەرهەڵدانەوە و پەڕینەوەی گەریلا بەسنووەرکانی باشووری رۆژهەلاتدا.

لەسایەی هەر بارودۆخێکدا بێت ئێستا ئەم مەسەلەیە (مەسەلەی سەربەخۆی کورد، لەدرەوەی مێزی بڕیارە یا لەسەر مێزی بڕیار نییە و لەداهاتووشدا دەبێتە جێگای گفتوگۆی چڕو پڕو هەتا ئێستا هێڵە سیاسیەکان

لەکاتێکدا لێکدانەوەی ئۆزاڵ بۆ کێشەی کورد خەیاڵی و داهاتوویی بوو، هیچ زەمانەتێك نییە کە ئۆزاڵ ڕاست بێت و تورکیا هیوای ئەوە بخوازێت کە دەسەلاتێکی نفوزداری هەبێت بەسەر دەوڵەتێکی کوردیدا لەناوچەکەدا بۆ ماوەیەکی بەرێوەبردنی دورودرێژ یان دەشێ بەرژەوەندییەکانی تورکیا لەم پرۆسەیەدا دوچاری لێدانی ترسناك نەبن، نزیك بوونەوەی بێ پەردە یان ڕاستەوخۆی ئۆزال لەکێشەکەوە لەروانینی زۆربەی تورکەکانەوە هەرهیچ نەبێت کاتی وتنی نەهاتووە، لەوانەشە بەشێوەیەکی پڕ بایەخانەیش بەشداری کردبێت لەهەرەس هێنانی پارتەکەدالەهەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ساڵی 1991دا. لەڕاستیدا سیاسەتی لیبرایالانەی ئۆزال تارادەیەك گومانی لێ دەکرێت بەهۆی کوردبوونی خۆیەوە. ئەڵتەر نایتیڤە پەسەنەدەکان کەمن،



www.pertwk.com

هەرچەندە لەبەرئەوەی حکوومەتە هاوپەیمانیەکانەی دیمیریل، لەسەر زەمینە بەتەواوی پڕاگماتیکیەکان توانای نەبوو بەشێوەیەکی پڕ بایەخانە بەدوای سیاسەتە جیاوازەکاندا بچێت، سەرباری نائارامیەکەی.

## ناسیۆنالیزمێکی نوێی تورکی ؟

ئێستا دەشێ لە نێوان تورکەکان خۆیاندا هەستێکی نوێی ئینتیکی دەربکەوێت. ئەم ئاڕاستەیەش بەهۆی ڕووداوەکانی دەوروپشتیانەوە وروژێنراوە، لە هەمووشی لەبەرچاو تر نەشوونوماکردنی ئاشکرای ناسیۆنالزمی کوردی وشەپۆلی قوڵی ئینتیکی و جیاخوازی لە وڵاتانی تردا، هەستێکی بەهێزی ناسیۆنالزمی بەئاشکرا پێناسە نەکراو خاسیێتێکی جیاکراوەی تورکیای نوێیە هەر لە کاتی دەرکەوتنیەوە وەکو دەوڵەتی نەتەوە و چەسپاندنی شانازی نەتەوەی لەلایەن ئەتاتورکەوە. بەڵام تێڕوانینی سیاسی ئەتاتورك بۆدەوڵەتی نوێی تورك لەسەر بنەمایەکی تەسك وداخراو بوو کەئەویش دەوەستایە سەر تورکی نێوچوارچێوەی سنوری تورکیای نوێ.

ئەمڕۆ سەیری دیسانەوە دەرکەوتنەوەی کۆمەڵە تورکیەکان دەکەن لە یۆگۆسلافیاوە بۆعێراق و چین وسیبریاو بڵاوکراوەکانیشیان تێبینی ئەوە دەکەن. بۆنموونە زمانی تورکی پێنجەمین زمانە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە جیهاندا بە کاردێت. ئەویش بەپێی دیاری کردنی یۆنسکۆ(11). ئێستا بەشێوەیەکی گشتی لەناو تورکیادا ئەوە دەگوترێتەوە کەسەدەی بیست و یەك (( سەدەی تورکەکانە )). ئەم دەستەواژەیە لەلایەن نورسوڵتانو نازاربایفیی سەرۆکی کازاخستانەوە لەکاتی سەردانێکیدا لە ئەیلولی1991دا دووجارە کرایەوە.(12) هەمووئەم بەشداریکردنانە بۆووریاکردنەوەیەکی پێگەیشتوون

لەبەر مەترسی ستراتیژی لەیەکێتی سۆڤێتەوە هەر لەستەوەختی دامەزراندنی تورکیاوە، سیاسەتی تورکیا بەشێوەیەکی تەقلیدیانە لە پیای هەر دەربڕیینێکی ئاکادیمییانە یان دەربڕینی تری هێناوەتە خوارەوە و تەنانەت سزایش داوە کە دەربڕین بوو بێت لەبایەخی گشتی تورك لەبەشەکانی تری جیهاندا، بەتایبەتی لەیەکێتی سۆڤێتدا. بەڵام لەڕاستیدا دانیشتوانی ئێستای تورکیا پێکدێت لەنەوەی کە هەندێ جار نەوەی دوومە – تورکی بنەما جیۆپۆلەتیکە جیاوازەکان لەدانیشتوانی هەموو بەشەکانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی وروسی و چینی کە ئەوانیش بریتین لە تورکی بەڵقان و جیهانی عەرەب و قەوقاز و ئاسیای ناوەند و تورکستانی چین. لەساڵی 1991دا بۆ یەکەمجار ئاڕاستیەکی نوێ لەناو تورکەکاندا دەرکەوت بۆ دەستکردن بەئاخاوتن لەسەر بنەمای جیۆپۆلەتیکی جیاوازی خۆیان لەبەرئەوەی تورك لەناوچەی جیاجیادان(13). ئەم دیاردەیە هەستی کەسێتی هەمە جۆری (( تورکبوونی)) بەهێزکردووە و بەئاگابووانی لەبارەی دەوڵەمەندی میراتی ئیمپڕاتۆرەکۆنەکەوە پەرەپێداوە و شانازی کردنی بەتورك بوونەوە بپتەوکردووە. لەتێڕوانینینێکی ترەوە – دەرکەوتنی ڕوانینی ناسیونالیستی کورد – لەلایەن جیاخزازیش– لەتورکیادا دەبێت بەهۆی لەدواەو لێدان لەلایەن ئەو تورکانەوە کەبەشێوەیەکی خراپ کاردەکەن لە پەیوەندییە سنورە دارە هارمۆنیە ئیتنیکییەکان کەلە سەردەمی نوێدا لەتورکیادا هەن (دوور لە ڕەفتارکردنی هێزەکانی ئاسایش ئەو کوردانەی لەناوچە سنوورییەکانی هەرێمەکانی باشووری ڕۆژهەلاتدا دەژین لەلایەن چالاکیەکانی پارتی کرێکاران کوردستانەوە کاریان لێکراوە).



www.pertwk.com

بەکورتی مەسەلەی کورد لەسەر مێزی گفتوگۆ نییە. لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی 1991دا تاڕادەیەك هەرەیەکە لەپارتە سیاسیەکان دەبوو جۆرە هەڵوێستێك بەرامبەر کێشەی کورد وەربگرێت. هەندێ جاریش هێشتا بەشێوەیەکی نەرمونیانیانە ئاماژەیان بۆ (کێشەی باشووری ڕۆژهەلات)کردووە. بەشێوەیەکی تاڕادەیەك گشتی هەموو پارتەکان بەئاشکرا دانیان ناوە بەوەدا کەئەم کێشەیە لەڕێگای هێزەوە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو تەنیا بەدانان بەپێویستیە ئابورییەکانی ناوچەکەو بەچاککردنی دەسەڵاتی سەربازی ئێستای هەرێمەکە و پێشکەش کردنی دیموکراتیەکی بەرفراواندا چارەسەر دەکرێت. پارتێکی کوردیدان پێدانراو کەئەویش پارتی زەحمەتکێشانی جەماوەرییە، لەڕاستیدا بەهاوبەشی لەگەڵ پارتی گەلی سۆشیال دیموکراتدا چووە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە و لەهەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بیست و دوو کورسی بەدەست هێنا کە پێشتر شتی لەوجۆرە نەبووە. ڕێژەیەکی بەرز لەوانەی کە هەڵبژێردران وا دادەنرێن کەکەسانی ڕادیکاڵن. زۆربەیان کاتی زۆریان لەبەندیخانەکانی تورکیادا لەقۆناغەکانی پێشتردا بەسەر بردبوو(14).

دەسەڵاتدارانی تورکیا بەقوڵی لەخەمی ئەوەدان کە پارتی کرێکارانی کوردستان ئێستا لەوانەیە هەوڵبدات بۆ بڵاوکردنەوەی توندوتیژی شۆڕشگێڕانە لەبەشەکانی تری وڵاتدا، بەتایبەتی لە شارە گەورەکانی ڕۆژئاوای تورکیادا کەلەوێش دانیشتوانێکی زۆری کوردهەیە. پێشترچەندین ڕووداو کەڕوویان داوە خزمەتی دوژمنایەتی ئینتیکییان کردووە لەنێوان تورك وکوردا کەلەباشوری ڕۆژهەلاتدا زیاتر ترسناك دەبێت وکاریگەری پەشێوی دروست دەکات. پارتی کرێکارانی کوردستان کەلەدەست پێکردنیدا لە هێڵی مارکسی_ لینینییەوە دەستی پێکرد، لەسەر ڕێرەوی جدی جیاخوازی سووردەبێت و

## عوسمانی نوێ

بێگومان سەردەمی عوسمانی هەمیشە لە ڕوانگەی ئەتاتورکیەوە بەشێوەیەکی زۆر خراپ ڕەفتاری لەگەڵدا کردووە. بەگوێرەی نوخبەی ئەتاتورکی، دەوڵەتی عوسمانی هەرەس و خۆبەدەستەوە دانی بۆڕۆژئاوا نواندووە، نفوزی نەگونچاوی نەتەوەییە ناتورکەکان بووە لەناوئیمپراتۆردا ونەبوونی دیموکراسی ودەسەڵاتی لەڕادەبەدەری دەوڵەتی ئیسلامی نیشانداوە



www.pertwk.com

لە ڕوانگەی مێژوویانەوەبوارێکی زۆر کەم بۆڕووانینی بابەتیانە بۆڕابوردوی دەوڵەتی عوسمانی هەیە لە بیرکردنەوەی نوخبەی هاوچەرخدا.

لەسالآنی هەشتاکاندا هەرچەندە هەندێبەهادانان لەلایەن روناکبیرانی چەپ و ڕاستەوە بۆدەوڵەتی عوسمانی وەکو ئیعتیبار گەڕێندرایەوە، بەڵام ئەم ئیعتیبار پێدانەوەیە لەناو ئەوانەدا نەبوو کەلە ئاڕاستەی سەرەکین، ڕاست رەوەکان تاڕادەیەك کەوتبوونە ژێر کاریگەری بیرکردنەوەی ئیسلامیە فاندەمێنتاڵەکانەوە و زەمینەدانان بۆپیاهەڵدانی دەستکەوتەکانی ئیمپراتۆریان دۆزیوەتەوە، بەتایبەتی بەگەورەترین قۆناغی چالاکی فراوانخوازی دەوڵەتی عوسمانیاندا هەڵدەدا. چەپەکان مەیلیان بەلای رۆیشتن بەدوای رەگ و ریشەی خەباتی دژی ئیمپریالیزمی رۆژئاواداهەبوە لەدواساتەکانی مێژووی ئیمپراتۆردا و لە ناو ڕیفۆرمیست ونەتەوەیەکاندا پاڵەوانی دژی ڕۆژئاواو دژی ئیمپریالزمیان دەدۆزییەوە.

دیسانەوە هەڵسەنگاندنەوەیەکی فراوانتری سەردەمی عوسمانیوادەردەکەوێت ئەمڕۆ لە ڕێگای ئەنجامداندا بێت چاو پۆشین لەرازی بوونی زۆر گەورەی تورکیا بۆبیرکردنەوە بەشێوەیەکی بابەتیانە سەبارەت بەڕابوردوی نائەتاتورکیانەی،دیسانەوە دەرکەوتنەوەی زۆرلەهەرێمەکانی ئیمپراتۆری کۆن لە بەڵقان و قەوقاز ئێستا قورسی دەخاتەسەر گرنگیدان بەبەرژەوەندیە مێژوویەکانیتورك و خۆخەریك کردنیان یان دەست وەردانیان لەو ناوچانەدا(17).

ئەم روانینە نوێترو زۆرلادەرانە. کەهێشتا بەبەرفراوانی بڵاونەبوونەتەوە. ڕەتکردنەوەیەکی گشتی ئەتاتورك نانوێنێت بەڵکو زیاتر دان پێدانانێکە بەوەدا کەناشێت هەموو بیرو بەهایەکی ئەتاتورك بۆ هەتاهەتایە لە روانینیتورکەوە بۆداهاتورەوابێت. نەریتی ئەتاتورکی خۆی بەمجۆرە بە هەندێ لاداندا دەروات

دیسانەوە هەڵسەنگاندنەوەونرخاندنەوەی مێژووی عوسمانی بێ مەبەست دەرکەوتنی رزگارکردنی هەرێمی نوێی تورکی (بەتەنیا فراوانخوازی تورک نیشان دەدات). ئەمەش پێشنیاری بەرژەوەندیەکی نوێ بووە وە دەکات لەهەرێمەکانی پێشتردا و لەخەڵکی ئیمپراتۆریەتەکەدا کەئەو خەڵکەموسڵمانانەیان تێدایە کەبەشێك بوون لە ئیمپراتۆریەتەکە، ئەوەش پێشنیاردەکات کە لە قۆناغی نائاسایی جەنگی ساردی جەمسەرگیریدابوونیان نەبووە لە زەمینەی هەرێمایەتی ( ئاسایی ) نوێدا دەشێ‌دەربکەونەوە. هەروەها پێشنیاردەکات کەتورکەکان ئێستادەشێ بگەنە ئەوەی کەجارێکی تر لەناوەندی جیهانێکی دیسانەوە پێکهاتوودا کەدەوریان دەدات خۆیان ببیننەوە، لەچاو ئەوەی کەخۆیان بەپاشکۆی جیهانی ئەورو پاوە ببینن، کەبەشێوەیەکی بە ربڵاویش دڵنیانین سەبارەت بەوەی‌داخۆ ئەوروپا وەها سەیر ی تورکیا ناکات کە بەشێك بێت لێی. ئەم گۆرانکاری‌یە لە تێروانینی تورکەوە زۆر بە هێواشی روودەدات. بەتایبەتی‌لەسیاسەتی رەسمی دەرەوەی تورکیادا، کە ئەویش لە ماوەی حەفتا ساڵی مێژووی تورکیاو میراتی سیاسەتی دەرەوەی‌دامەزرێنەری‌گەورەی تورکیاوە دژی بەرگری کردن بەرێوە دەبات، سەرباری ئەوەش ناشێت کەتورکیا بۆهەمیشە رەفزی دەورێکی گەورەتری هەرێمایە تی بکات بەهەموو ئاڕاستەکان لەم سنورەدا. کەئەوەش واتەئەو رەفز کردنە ڕێگایەکی گەورەتر پێشکەشی تورکیا دەکات بەمەبەستی جێبەجێ کردنی دەوری خۆی لە هێزی گەورەی هەرێمایەتیدا. لەتورکیا هەندێ گفتوگۆ کراوە سەبارەت بەوەی کە داخۆ تورکیا ئێستا تەحەمولی هەندێ بەرپرسیارێتی



www.pertwk.com

تایبەتی بۆ بەرژەوەندییەك لەناوچە كۆنەكانی ئیمپراتۆردا دەكات بەلایەنی كەمەوە لە بەڵقاندا كەئێستاكە سەربەخۆن وزیاتریش لەشەردان دژی یەكتری، ئەم رووانینە لەوانەیە بیانووبدات بەپەیوەست بوونی تایبەتی موسڵمانەكانی بەڵقان وەكو قوربانیانی تالان وبڕۆی سیربییەكان لەماوەی شەڕی ناوخۆی یۆگۆسلافیادا. ئەم روانینە جیاوازی دەكات لە نێوان بەڵقانیەكان وەكو بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی پێشوو لەگەڵ ئاسیای ناوەندا كەهەرگیز بەشێك نەبووە لە ئیمپراتۆری عوسمانی. لە كاتێكتدا كە بەدڵنیایەوە بەرژەوەندی مێژوویی هەیە لەبەلقاندا چونكە پێشتر بەلقان بەشێك بووە لە ئیمپراتۆری عوسمانی، جگەلەوەش بەڵقان زۆر ئاشنایە بە تورك،بایەخی ئاسیای ناوەندلەسەر زەمینە تەواو جیاوازو شەرعیەكانی بە بیانوو دەهێنرێتەوە بۆسەلماندنی ئینتیكیەتی توركی. بە پشت بەستن بە مێژوو، مامەڵەكردنی سیاسی توركیا لەهەردووناوچەكانی ئیمپراتۆریەتدا وا پێناچێت لەرووی گرنگیەتی‌یەوە جیاواز بێت.

شكستی پارتی نیشتمانی‌دایك لەهەڵبژاردنەكانی تشرینی یەكەمی ساڵی 1991ی توركیاداهەرچەندە بەشێوەیەكی سنوردار ئەوهەنگاوەی گۆرانكاری خاوكردەوە كەبووبووە خاسیەتی دیاری سیاسەتی توركیا لەدەیەی رابوردودا. ڕاستی‌یەكەی دەنگدەران زۆر ناڕەزایان هەبوو دژی هەڵاوسان و دانانی خزم و كەسانی نزیك لە كاروباردا و هەروەها شێوازی توندوتیژی بێ بەرنامە كە پارتەكەی بەرەو شكست برد سەرباری دەست هاتەچاكەكانی لەدەیەی رابوردودا. هەروەك چەمكە نوێیەكانی شۆڕشگێری لە هەردو ئاستی دەرەوەو ناوخۆدا هێنرانە ناوسیاسەتی‌توركیاوە. ئەوەش زیاتر وەكو ئەوە وایە كەدەنگدەران ماندووبووبوون لەو ئاڕاستەو رارەوەداو هەروەهالە ناكۆكی ولە گەڕانیش بەدوای گۆراندا بێزاربووبن، تەنانەت ئەگەر مەبەست گەڕانەوەش

## توركيا و عەرەب

هەرچاودێرێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە نەتوانێت هاریکاری بکات ئەوا توشی لێدان دەبێت بەهۆی جیاوازییە زەقەکانی نێوان عەرەبەکان وتورکەکانەوە لە ئاڕاستەی سیاسیاندا لەسەر جۆراوجۆریەتێکی بەرفراوانی مەسەلە نێودەولەتی‌یەکان. دوای‌دامەزراندنی کۆماری تورکیا لەسالآنی بیستەکاندا، تورکیا بەشێوەیەکی گونجاو ئارەزوی بەلای ڕۆژئاوادا هەبووە و خۆی بە دامەزراوە ئاسایشیەکانی ڕۆژئاوا ناساندووە و خۆی لە هەرجۆرە ئەندامێتی‌یەکی جیهانی سێیەم بەناوی بەرەی دژی ئیمپریالزم یان دەوڵەتانی بێ لایەن دوور خستۆتەوە. بەشێوەیەکی‌گشتی تورکیا زۆرخۆی دوورخستۆتەوە لەخاسێتی دوژمنایەتی کردنی زۆر لە سیاسەتەکانی عەرەب دژی رۆژئاوا.

جیاوازییەکانی نێوان دەوڵەتی تورکی ودەوڵەتانی عەرەبی لایەنە پڕ لەبایەخەکانی کێشەکانی هەرێمەکە دەردەخات. پێدانی خاسێتی ئاشکرای



www.pertwk.com

ئیسلام بە دەوڵەتی تورکیا و بەکەلتوری تورکیا و پەیوەندی پەسەندیش لەگەڵ رۆژئاواداو، بەریەککەوتنی جیهانی ئیسلام و جیهانی رۆژئاوا ناشێت دواتر فرێ بدرێتە دەرگای ئیسلامەوە. چەندین جیاوازی هەیە لەنێوان تورکیا و دەوڵەتەنای عەرەبیدا کەبەئاگابوون دەبەخشێت بەکەسێتی سیاسی‌داهاتووی تورکیا و ئاڕاستەی جیۆپۆلەتیکی هەر لەبەرئەوەیە کە جیهانی عەرەب یان ئێران توریکا جیاوازن لەزۆر ڕووەوە.

گفتوگۆکردن لەسەر جیاوازییەکان لەنێوان تورکیا و جیهانی عەرەب و ئێراندا کۆمەڵە هۆکارێکی کەلتوری و مێژوویی و کۆمەڵایەتی لەخۆی دەگرێت بەلآم هەندێ لە رەگەزە سەرەکیەکان دەشێ بەمجۆرەی خوارەوە کورت بکرێنەوە.

* تورکیا بۆ مێژوویەکی دووردرێژ فەرمانڕەوایی ئەم ناوچەیەی کردووە، تورکەکان داگیرکەر و بەرێوەبەری ئیمپڕاتۆرێتەکە بوون ئەویش هەر لەیەکەم ساتی دەرکەوتنیانەوە لەسەر گۆڕەپانی مێژووی جیهان و لەشوێنی جۆراو جۆردا. فارسەکان و عەرەبەکان لەلایەکی ترەوە لەماوەی هەزار ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی گشتی فەرمانڕەوایی کراون زیاتر لەوەی فەرمانڕەوا بووبن، کە یان لەلایەن تورکەکانەوە یان لەلایەن دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاواوە دەسەڵاتیان بەسەردا کراوە، ئەمەش جێکەوتێکی گرنگی دەرونی لەسەر هەستکردنیان بۆ بوون بەقوربانی)) لەمێژوودا هەبووە(19).

* لەکاتی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواوەوەتیەوە وەکو دەوڵەتێکی نوێی نەتەوەیی لەسالآنی بیستەکاندا، چی تر تورکیا لەلایەن ئەوروپای رۆژئاواوە هەڕەشەی لێنەکراوە بێجگە لەهەڕەشەی مەترسی گشتی فاشیزم بۆ سەر هەموو ئەوروپا لەپێش جەنگی دووەمی جیهانیدا. زۆربەی دەوڵەتە عەرەبەکان بەردەوام لاوازبوون لەژێر سایەی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمدا هەتا

*تورکیا بەدرێژایی چەندین سەدە ڕاستەوخۆ لەلایەن دسەلاتی روسیەوە چ روسیای قەیسەری و چ دەسەڵاتی بەلشەفیك هەڕەشەی لێکراوە – لەئەنجامدا تورکیا پەیوەندی کرد بەڕۆژئاواوە بۆئەوەی خۆی بپارێزێت. هەڕەشەی ڕاستەوخۆی سۆڤێت لەجیهانی عەرەب هەمیشە لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووە. (ئەگەر چی هەمیشە هەڕەشەیەکی بەخستنە بری گرنگ لەلایەن دەوڵەتانی ڕادیکاڵی سەر بەسۆڤێتەوە لەئارادا بووە). ڕاستییەکەی هێرشی ڕاستەقینەی سەربازی بۆ سەر دەوڵەتانی عەرەب بەشێوەیەکی ڕێکخراو تەنیا لەلایەن رۆژئاوا خۆیەوە بووە.

* دروستکردنی ئیسرائیل بەیارمەتی تەواوەتی رۆژئاوا هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ جیهانی عەرەب لەهەردوو بورای زیانی هەرێمایەتی و ململانێی بەرهەم هاتووی سەربازیدا کە بێ چەند و چوون عەرەب دۆڕاندویەتی " ئیسرائیل کێشەی ڕاستەوخۆی لەو جۆرەی بۆ تورکیا دروست نەکردووە.

* لەکاتێکدا کە جیهانی عەرەبی تۆڕێکی سروشتی هاوپەیمانێتی و پێکەوە ڕێککەوتنی لەنێوان دەوڵەتانی عەرەبدا پێشکەش کردووە، تورکیا هاوپەیمانی سروشتی نەبووە لەڕوانگەی گونجاندنی چەند دەوڵەتێکی نزیك لەتورکیاوە، یان لەڕوانگەی بشەداریکردنی ئیتنیکییەتی نزیك لەیەك یان بەها کەلتورییەکانی ترەوە. تورکیا هەرخۆی بووە و زیاتر مەیلی بەلای روانینی



www.pertwk.com

زیاتر دووردا بووە لە دامەزراوە سیاسیەکانیدا. ئەویش چی بۆ دەوڵەتانی جەمسەری باکوری (Tier)هاوشێوە گۆشەگیر بوو بێت یان بۆ رۆژئاوا.

لەبەرئەوەی تورکیا خۆی کرد بەهاوپەیمانی رۆژئاوا، بەشێوەیەکی سروشتی کەوتە بارێکی هەڵە یان خراپەوە بەلای زۆربەی دراوسێ عەرەبەکانیەوە کەلەم حاڵەتەدا وەها سەیری ئەنقەریان کرد کە ڕاستەوخۆ خزمەتی ئەو بەرژەوەندییانە بکات کە ڕاستەوخۆ دژی زۆر لەبەرژوەندییە گشتی یەکانی عەرەبەکانن. ئەم ململانێیە لەسەر بەرژەوەندییەکان بوو بەهۆی ئەوەی کە تورکیا بۆ چەندین دەیە درێژە بەخۆی بدات و خۆی بەهێز بکات.

بەم شێیوەیە تورکیا پارێزگاری لەبارێکی دیاریکراو یان جۆرە پەرتکردنێکی جیاکراوە کرد بەرامبەر بەزۆربەی جیهانی عەرەب هەتا ناوەڕاستی حەفتاکان. هۆکارە مێژووییەکانی تر کەلە ڕوانینی تورکیاوە پاڵپشتی ئەم پەرتکردن یان دابڕکردنەیان کرد بریتین لە :

- تورەیی تورك لە دانیشتوانی عەرەب کە دژی تورکی عوسمانی ڕاپەڕییون (خیانەتکاران لە ئیمپڕاتۆێتەکە) لەماوەی جەنگی یەکەمدا.
- ئارەزووی تورك بۆ پەیوەست نەبوونی خۆی بەبەشە ناتورکەکانی پێشتری دەوڵەتی عوسمانیەوە و بەتایبەتیش لەجیهانی عەرەبدا، کە جیهانی عەرەب بەشێوەیەکی بەهێز میراتی ئیسلامی کردووە بەڕەمز، ڕەمزێك کە ئەتاتورك هەوڵی ڕەتکردنەوەیی‌داوە.
- ناکۆکی سنوور لەنێوان تورکیا و سووریادا کە لەو ناکۆکیەدا سووریا لەلایەن زۆربەی وڵاتانی عەرەبەو پشتگیری دەکرا.
- رەفزکردنی تورکیا بۆ هەڵوێستی رادیکالیزمی عەرەبی کەبەشێوەیەکی پەردە لەسەر نراو دژی ڕۆژئاوا بوون و بەرە و یەکێتی

- كاردانەوەیــەكی خراپــی تــورك بەرامبــەر بەعەرەبــەكان، لەكاتێكـدا ڕوونـاكبیرانی تـورك بەشـێوەیەكی زانسـتیانە و عەقلانیانـە لەبارەی زۆربەی شوێنەكانەوە دەدوێن كەچی كاتێ ئاخاوتن لـەبارەی جیهانی عەرەبەوە دەكرێت، بەشی هەرە زۆری ئەم ڕوناكبیرانـەی تورك پـەنا دەبەنـە بـەر ڕق و تـا ئەندازەیـەك ریسـواكردنی ڕەگەزیانـە دەكـەن بـەدەربڕینی شـتی نادروسـت بەرامبـەر بـە ڕەگـەزی عـەرەب، بـەوتنی وشەی وەكو (پیس، تەمـەڵ، شـایانی بڕواپێكـردن نین) ئـەم كـاركردنی سۆز و عـاتیفەیـە بەرامبـەر بەعـەرەب لەهـەر نەتەوەیـەكی تـر بـەهێزترە لای توركەكان بێجگە لە یۆنانیەكان لەلایەكەوە ئارەزووی ڕق و كینـەی تـوركی پێچـەوانە دەكاتـەوە بۆئـەوەی بـە هـیچ شـێوەیەك لەگـەڵ هـیچ شـتێكی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا گونجـاو نـەبێت. ئـەو توێـژەرەی كـە دەڵێت ئەو لەتوركیادا بایەخ بەسیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت دەدات بەخێرایی ئاگادار دەكرێتەوە كەئەو لەجێگایەكی هەڵەدایە.

سـەرباری ئارەزوویـەكی ڕەگ و ریشـەدار بـۆ هەڵوێسـتی پێشـوو سیاسەتەكانی توركیا بەرامبـەر بـەدونیای عـەرەب دەسـتی كـرد بـەگۆڕین و لابردنی هەندێ شت لەماوەی سالآنی حەفتاكاندا كاتێ كە توركیا نیگـەران بـوو بەرامبـەر زۆر لایـەنی سیاسـەتی ئـەمـەریكا بەرامبـەر بەئـەو، بەتایبـەتی ڕەخنەی ئەمـەریكا لەسیاسـەتی توركیا لـەبارەی قوبروسـەوە(20) لـەڕووی سیاسیەوە توركەكان بێ ئومێدبوون ئەویش بەهۆی ئەو پشتگیرییەی كە ئەسـینا وادیـار بـوو تـوانیبێتی بـەرێك و پێكـی لـەولآتانی عـەرەب و مسـوڵمانی ئەنـدامی نەتـەوە یـەكگرتووەكانی بەدەسـت بهێنێـت سـەبارەت



www.pertwk.com

بەمەسـەلەی قـوربرس، لەكاتێكـدا كـە توركیـا خـۆی دەوڵـەتێكی موسـڵمانە نەیتوانیووە ئەو پشتگیرییە بەدەست بهێنێت. چاككردنی پەیوەندییـەكان لەگـەڵ جیهـانی عەرەبیـدا ئامانجێـك بـوو دەشـیا دەوڵـەتانی عـەرەبی، لایـەنگری یۆنـان بكـەن سـەبارەت بەمەسـەلەی قـوبروس. (عەرەبـەكان لەبەرامبـەر دان نـانی توركیـا بەئیسـرائیلدا هەمیشـە دژی توركیـا بـوون) بەلایەنی كەمەوە وەكو شتێكی گرنگ توركیا لەلایەن سامانی پەرەسەندوی نـەوتی جیهـانی عەربـەوە ڕاكێشـراوە و هەوڵیـداوە پەیوەنـدی نـوێی بازرگـانی لەگـەڵ زۆر لـەو دەوڵەتانـەدا دابمـەزرێنێت. توركیـا دەسـتی كـرد بـەناردنی كرێكـاران بـۆ كەنـداوی فارسـی و بـۆ بەڵێندەرایـەتی گـەورەی بیناكردنەوەی خاك لەجیهانی عەرەبیدا.

تەنانەت ئۆزال كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر ئابوری توركیاو ڕوانینـی سـتراتیژیانەی لەڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا هـەبوو كەئـەوەش لەسـالآنی سەرەتای هەشتاكانەوە دەستی پێكرد. دوو هۆكـار كاریـان لەبیركردنـەوەی ئۆزاڵ كرد كەئەوانیش بریتی بوون لە :

1- دەركەوتنی سیاسەتێكی ئابوری بۆ ئاڕاستەكردنی ناردنـە دەرەوە كـە قورسییەكی زۆربەی پەیوەندییەكان لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیدا دەبەخشی.

2- بایەخدانی تایبەتی ئۆزاڵ بەگێڕانەوەی قورسـی خسـتنە سـەر ئیسلام لـەژیانی توركیـادا كـە بـوو بـەهۆی بایەخـدانێك بەچـاككردنی پەیوەندییـەكان لەگەڵ دەوڵەتانی تری ئیسلامیدا بەدەوڵەتە عەرەبیەكانیشەوە.

هەموو لایەنەكانی تـری دانیشـتوانی توركیـا بەشـدارییان نـەكردووە لـەڕق و كینـەدا بەرامبـەر بـەجیهانی عـەرەبی. ئەوانـەی كەمـەیلی ئیسـلامیان هەیـە لـە توركیا بەشێوەیەكی گشتی هەستیان بەپەیوەستبوونی ئایینی كـردووە لەگـەڵ جیهـانی ئیسـلامیدا و لەئاكامیشـدا ئـەوە لەهەڵوێسـت و سیاسـەتەكانیاندا

بەڵێدەرە تورکەکان لەو قۆناغەدا سەرکەوتنێکی بەرزیان لەوڵاتانی عەرەبی وەکو لیبیا و عەرەبستانی سعودیەدا بەدەست هێنا، لەکاتێکدا کەبازاڕی ناوخۆی تورکیا هەژار بوو، تورکیا توانی مقاوەلاتی بەبڕی (3.5)سێ بلیۆن و نیو دۆلار لەکانوونی دووەمی 1981دا بەدەست بهێنێت. هەروەها لە کۆتایی ساڵی 1982 بەهای مقاوەلاتی تورکیا لەگەڵ لیبیا و سعودیە و عێراقدا تێکڕا گەیشت (10) بلیۆن دۆلار(22). لەکۆتایی ساڵی 1982دا ئەو بڕەیە بەرزبووەوە بۆ (14.74) بلیۆن دۆلار(23) لەدەوروبەری کۆتایی 1982 کرد (500) ملیۆن دۆلاریان بەدراوی گرانبەها لەساڵی 1981دا ناردەوە بۆ تورکیا. هەناردەی تورکیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی 1979 و 1981دا بوو بەدوو ئەوەندە.

بێگومان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ تورکیا وەکو بازاڕێکی گرنگ دەمێنێتەوە کەشایانی گەشە پێدانی بەردەوامە، لێرەدا هێشتا زۆرێك لەخاوەن کارەکانی تورکیا مەترسیان هەیە بەرامبەر بەبازرگانی درێژخایەن لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی



www.pertwk.com

ناوەڕاستدا لەبەرپێکهاتەی ئاڵۆزی سیاسی بۆ ئەم جۆرە بازرگانیە. لەبەرئەوەی باری سیاسی ناوچەکە ناسەقامگیر و لەدەرەوەی هەرجۆرە پێشبینی کردنێکدایە، لەبەر ئەوە پەیوەندییە ئابوریەکانیش هەمان شێوەی پەیوەندییە سیاسیەکان دەبێت. بۆ نموونە نرخی نەوت کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەو بڕە پارەیە هەبوو کەلە جیهانی عەرەبدا هەبوو بۆ مقاوەلاتی دەرەکی بەتایبەتی ئەوانەی کە تورکیا ئارەزووی هەیە پێشبڕکێی توونـد یان تێدا بکات. نەخشە دانان بەشێوەیەکی چەسپاو بۆ کارکردن لەبازارێکی لەم جۆرە ناجێگیردا کارێکی ئاڵۆزە. ڕاستی‌یەکەی هەموو دەوڵەتانی عەرەبی خاوەن نەوت بەشێوەیەکی ڕێك و پێك قەرزەکانیان نەداوەتەوە (بەتورکیا)، بەتایبەتی لیبیا چەندین ساڵە بڕێکی زۆر پارە قەرزرای بەڵێن دەرە تورکەکانە، هەروەك چەندین پێشنیاری دەوری لەلایەن قەزافیەوە کراوە کە قەناعەت هێنانی بەسیاسەتەکانی تورکیا توانیویەتی کار لە ڕێکخستنی و کاروبارە ئابوریەکان بکات، قەزافی قسەکەرێکی زۆر بەدژی تورکیا بوو لەجەنگی کەنداودا. بێگومان خاوەن کارەکانی تورکیا بەو پێکەوە بەستنە سیاسیانە دڵخۆش نین.

دوای ئەوەش لەزۆربەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، شێوەکانی بازرگانی کردن مەیلیان بەلای پێچەوانەکردنەوەی باری سیاسەتی بازرگانی ئەو وڵاتانەدا هەیە زیاتر لە هێزەکانی بازڕا ئەوەش وا دەکات پێشبینی کردنی بازاڕ تاڕادەیەك نەشیاو بێت کاتێ دەشێ زۆر بە نزیکی ببەسترێت بە ئارەزووی سیاسیانەی ئەو فەرمانڕەوایانەوە کە دەشێ سبەینێ بڕیاربدەن لەگەڵ تورکیادا هاوکاری بکەن، ڕێکخستنە بازرگانیەکان ئاسایی پشت دەبەستن بە دەوری تاکە سەرکردەیەك وەکو بەرامبەرێك بۆ پەیوەندی بازرگانی بەهێزیدامەزراوەیی، بەتایبەتی لەدەوڵەتانی وەکو عێراق و سووریا و لیبیادا کەبەدرێژایی کات سیاسەت زیاتر لە هێزی بازاڕ جڵەوەی کار دەگرێتە دەست. ناشێت

ئـەم ڕوانینانـە بێگومـان پێکهاتەیـەکی تائەندازەیـەك سـادە نیشـان دەدات.

دەوڵـەتانی ڕادیکـاڵی وەکـو لیبیـا تاڕادەیـەك پیشـەنگن لەهەڵوێسـتی هـەموو عەرەبدا، زۆرینەی دەوڵەتانی عەرەب پشتگیری زریانی بیابانیـان بـەدژی عێـراق کرد ئەگەر چی بە نارەزایش بووبێت، لەڕاستیدا عەرەبستانی سعودیە و کوێـت زۆر سوپاسی تورکیایان کرد لـەپای هەڵوێسـت وەرگرتنـی ڕاسـتەوخۆی بـەدژی عێراق و هەروەها لەنزیکیی تورکیا لەبۆریەکانی نەوتی عێراق و ئامـادەکردنی فڕۆکە خانەی ئەنچەرلیك بۆ هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەشەڕدا و کردنەوە (بـەرەی دووەم) لەلایـەن تورکیـاوە کـە ئـەو بەرەیـەش دژی تورکیـا بـوو. ڕاسـتی‌یەکەی ئـەم دوو وڵاتـەی کەنـدا و هەنـدێ هـەنگاویان نـاوە بەئاڕاسـتەی پاداشت دانەوەی تورکیا بۆ هەڵوێستی‌وەکو لەخوارەوە گفتوگۆ دەکرێت:-

لەڕاسـتیدا ئـەم هۆکارانـەن کەیارمـەتی گفتوگـۆی نـاوخۆیی دەدەن کەلەبارێکی ناهاوسەنگدا دەبێت _ بەسەربەهای سنورداری پەیوەندی‌یـەکانی تورکیـادا لەگـەڵ جیهـانی ئیسـلامیدا وەکـو دژایـەتی کردنـی ئاڕاسـتەی ڕۆژئاوایی، لەکاتێکتدا کە زۆرینەی‌دانیشتوانی تورکیاوادەردەکەوێت لەناخەوە



www.pertwk.com

پاڵپشـتی ئاڕاسـتەی بـەرەو ڕۆژئـاوای تورکیـا بکـەن وەکـو دەرخسـتنی یـان ڕەنگدانـەوەی ویسـتی تورکیـاو بەرژەوەندی‌یـەکانی تورکیـا هـەردووك پێکـەوە. کەمایەتی‌یـەکی گروپـە ئاڕاسـتە توندڕەوە هـەرە ئیسـلامیەکان گفتوگـۆی ئـەوە دەکـەن کـەتورکیا لـە ئـەنجامی پەیوەندی‌یـە رسـواو بـێ بەهاکانیـدا لەگـەڵ وڵاتـە یەکگرتووەکاندا هەموو هەلێك بۆ نفوزی سیاسی و ئابوری لە جیهانی عەرەبدا لەدەسـت دەدات، ئـەم گروپانـە گفتوگـۆی ئـەوە دەکـەن کـە تـەنیا کـاتێ تورکیـا تێبینی ئەوەی لێدەکرێت کەبەڕاستی وڵاتێکی مسوڵمان بێت کەبەسیاسـەتێکی دەرەوەی سەربەخۆی دڵسۆزانەوە خۆشی لەڕیزگرتنی جیهانی ئیسـلام ببینێـت و لەهەڵوێسـتێکدا بێـت بـۆ کـەڵکێکی چاکتری ئابوری کـە دەخرێنـە ڕوو هـەمان ڕوانـین ئاسـایی لـە چـاپەمەنی عەرەبیـدا دەخرێتـەڕوو. هـەروەك ئامۆژگـاری تورکیاش دەکات بۆ بیرکردنەوە بەشێوەیەکی وریایانەتر لەبارەی پاڕاستنی پەیوەندییـەکانی لـەجیهانی عـەرەب دا زیـاتر لەچـوون بـەدوای پەیوەندییـەکی فریودەردا لەگەڵ کۆمەڵەی ئەوروپیدا. (25)

لەکاتێك دا ئەوانـەی لـەتورکیا بڕوایان بەهەڵبـژاردنی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست هەیە وەکو دەستەیەکی بچووك دەردەکـەون، ئـەم پەیامـە تائەندازەیـەك لەلایـەن هەندێك لەو ئەندامانەی باڵی چەپەوە هاریکاری دەکرێت کە خۆیان بۆماوەی دوورو درێـژ نیگـەران بـوون بەرامبـەر بـەوەی کـە بـەئیلتیزام کردنـی گشـتی تورکیای دەزانن، یان بەرامبـەر بەپاشکۆیەتی بۆسیاسـەتەکانی ئەمـەریکا. ئـەم چەپانە زیاتر تورکیا وەکو دژە ئیمپریالیستێکی گـەورەتر یان وڵاتێکی شێوە ئاڕاستە وەك وڵاتانی جیهانی سێهەم سەیردەکەن. هەرچەندە دژە ئیپریالیستی زۆربـەی چـەپەکان شـتێکی شـیاوە سـەرباری ئـەوەی لەمەیلـدارێتی ئاڕاسـتەی زیـاتر نێـوە نەتەوەییـدا بۆتورکیـا ئـەوان واتـە چـەپەکان لایـەنگری تایبـەت بـۆ

www.pertwk.com

ڕوانینی تایبەتی ئۆزاڵ بۆڕۆڵی تورکیا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بەشێوەیەکی وریا پردی لەنێوان ڕوانینی ئیسلا می و چەپداو لەگەڵ ڕوانینی ئاڕاستە ئەوروپاییانەدا دروست کردووە، ئۆزال بەشێوەیەکی گشتی مەیلی بەلای ئاڕاستەی ڕۆژئاوایدایە بەڵام بەهیچ جۆرێك بڕوای بەوەنی یە کە ئەم هەڵوێستە ڕێگا لەدەوری گەورەی تورکیا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بگرێت بە تایبەتی لەبواری ئابوریدا، ئۆزاڵ قسەی لەبارەی پێویستبوونی جۆرێ لە پشتگیری کردنی هەرێمایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کردووە، واتە جۆرێك لە نەخشەی مارشاڵی کەپارەی نەوتی عەرەبی وپشتگیری‌دارایی ڕۆژئاوا بۆ پەرەپێدانی هەرێمەکە بەگشتی پێکەوە کۆ دەکاتەوە، ڕۆڵی تورکیا لەم جۆرە هاریکاری‌یە ئابوریەدا دەکەوێتە سنوری ڕێو شوێن دانانی ئاوەوە بۆهەرێمەکە واتە _ بۆری ئاوی شیرین _ ( سەیری دواتر بکە ) ئۆزاڵ ئاڵوگۆری سەربەستانەی شت ومەك و سەرمایەو خزمەتگوزاری و کار وەکو بنەمایەك بۆڕێکخستنی ئابوری نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر دەکات. جەخت کردنە سەر هاتنەناوەوەی ئابوری تورکیا کەمتردەبێتە هۆی وروژاندن بۆ دراوسێ ئیقلیمی‌یەکان لەچاو ڕۆلی سەرباز ی تورکیادا کە بێگومان وەکو یەکێك لە هێزە زۆر گەورەکانی ناوچە کە دەمێنێتەوە.



## پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ سووریادا

ڕوانینی تورکیا دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەرسات بەشێوەیەکی بایەخدارانە بەهۆی ئەو پەیوەندی یە نزیکانەوە دروست بووە کە زۆربەی دەوڵەتانی عەرەب لەماوەی جەنگی سارد دا لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت دا هەیان بوو، ململانێ و ناکۆکی بەردەوامی نێوان عەرەب وئیسرائیل دیسان بوو بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکانی سووریا لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمەکەدا پتەوو بناغە داربێت. ئێستا نەمانی کۆمۆنیزم و دەرکەوتنی بیرکردنەوەی نوێ لەسیاسەتی دەرەوەی سۆڤێت دا کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر سووریاو لەسەر کەسێتی سیاسی عەرەب و تەنانەت لەسەر پرۆسەی ئاشتی عەرەب. ئیسرائیل داناوە، بێ چەندو چوون ئەم هۆکارانە کار لەپەیوەندی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەب دا دەکات لەناوچەکەدا. هەلەکانی ئاشتی هەمەلایەنەی نێوان عەرەب ئیسرائیل ــ فەلەستین بەو جۆرەی ئێستای لەوانەیە پێشتر بۆ نەرەخسا بێت، لەکاتێکدا کە ئێستا ململانێی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا کۆتایی هاتووەو گفتوگۆکاتنی ئاشتی عەرەب ــ ئیسرائیل لەمەدریدو هەڵبژاردنی پارتی (کار ) بۆحکومەتداریتی ئیسرائیل گەیشتۆتە ئەنجام، بڕیار وەرگرتن لەسەر ئەو ململانێ یە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر دەوری سووریا لەناوچەکەدا لەناویدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا، چیتر کامپێکی دوژمن یان کامپی رادیکالی بۆسووریا نەما کە سەر بەوبێت، لەبەر ئەوە بنەمای بەهێزی ئەوتۆ لەئارادا نییە بۆعەسکەرییەتی سووریا یان بۆئەوەی سووریا نەیارێتی تورکیا بکات لەکاتێك دا کە تورکیا وەکو رەمزێکی ڕۆژئاوا وەهایە هەرچەندە

لەمێژە پەیوەندییەکانی نێوان سووریاو تورکیا لەسەر ناکۆکی لەسەر هەرێمی ئەسکەندەرونە (هاتای تورکیا)، هەرەسی هێناوە، ئەم هەرێمە لەڕێکەوتنی فرانکۆ تورکیا داو لەراپرسی گشتی 1939 دا درا بەتورکیا بەڵام هێشتا سووریا ئیدیعای ئەوە دەکات کە ئەم هەرێمە ناوچەی شەرعی ئەوە. سووریا بەدرێژایی کات پاڵپشتی دەوڵەتانی عەرەبی لەسەر ئەو مەسەلەیە بەدەست هێناوە، ئەو تورکانەی کە هەڵگری پاسپۆرتی تۆمارکراوی هاتای ین وەکو شوێنی لەدایك بونیان بەشێوەیەکی ڕۆتینی فیزەی عەرەبستانی سعودیەیان نەدراوەتێ بۆحەج کردن. لەگەڵ کەمی وبچوکی ململانێی‌ئایدۆلۆژی لەناوچەکەدا. دەشێ‌لەم مەسەلەهەرێمایەتی‌یە وردەوردە لەپەیوەندی‌یەکانی سووریاو تورکیادا لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا ئەوەندە دیارنەمێنێت، ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی پڕ بایەخانە وادەرناکەوێت کەوەکو مەسەلەیەکی سەرەکی خۆی نیشاندابێت لەکۆبونەوەدوولایەنەکانی نێوان وەزیرانی دەرەوەی سووریاوتورکیادا لە مارتی1991لەئەنقەرە(27).

مەسەلەکانی‌ئاو ناکۆکی شاراوەو هەل نیشان دەدات. دروستکردنی بەنداوی ئەتاتورك لەلایەن تورکیاوە لەسەر فورات توانایەکی گەورە بەتورکیا دەبەخشێت ئەوئاوەببڕێت کە بە سووریا و پاشان بەعێراقدا تێدەپەرێت و زۆر پێویستیانە. تورکیا نیشانی‌داوە کەهیچ شتێك بەرامبەر بەسووریاوعێراق ئاڵۆزوگران نی‌یە کەئەم توانای هەیە دەست بەسەر ڕۆیشتنی ئاودا بگرێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی. چاککردنی پەیوەندی‌یەکانی تورکیاوسووریا دەتوانێت سیاسەتە مەودا درێژەکانی تورکیا لەبارەی ئاوەوە بەرامبەربەناوچەکە جێگیر بکات. لەڕاستیدا ئۆزاڵ لە یەکێك لەڕۆیشتنە



www.pertwk.com

نمونەیەکانیدا پێشنیاری کردوە کەتورکیالەئاکامدا دووبۆری ئاوی شیرین ڕادەکێشێت کەدەتوانێت ئاوی ئەنادۆڵ ببات _ کەتورکیا لەو ئاوەی زۆرە _ بۆسووریاوئەردەن وئیسرائیل و هەروەها لەرۆیشتنیشدا بەعێراقدا پاشان بگات بەعەرەبستانی سعودی وبەکەنداو. لەگفتوگۆدا لەگەڵ سووریادا، تورکیالەم دوایەدا پێشنیاری کرد کەئارەزوی هەیە گفتوگۆی پرۆژەی هاوبەش لەنێوان سووریاو تورکیادا بکات لەهەردووبواری ئاوی‌خواردنەوەو بەرهەم هێنانی کارەبادا(28).

دوورلەکاریگەری نادیاری ئەم بۆریانە لەسەرپەیوەندی‌یە دوولایەنەکانی‌تورکیا لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە دا، دیسان بۆریەکە ڕاستەوخۆ کار لە پەیوەندی‌یە دوولایەنەکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە دەکات، ئەوان ناتوانن بەشداری لەوئاوەدابکەن ئەگەر رێکەوتنێکی گشتی لەسەربەکارهێنانی ئاونەبێت لەنێوان هەمووئەودەوڵەتانە خۆیاندا بەئیسرائیلیشەوە. بەکارهێنانی‌سیاسیانەی ئەم ئاوە لەلایەن تورکیاوەبەمجۆرە خزمەت دەکات وەکو پاڵنەرێکی‌تر بۆ پرۆسەی ئاشتبونەوەی عەرەب _ ئیسرائیل. خاوەنداریێتی‌تورکیا بۆ ئەم کالا ترسناکە _ کەلەوانەیەخۆی واتەئاو لەنەوت گرنگتربێت _ دەتوانێت بالآدەستی‌یەکی شاراوەبە تورکیا ببەخشێت بەسەر دەوڵەتانی‌تری هەرێمەکەدا. دانانی پرۆژەکەلە ڕاستی‌دا شتێکی پەسەندە. پێکداچونی بۆریەکانی نەوت کەئێستاناوچەکەیان گرتۆتەوە و کەناڵی جۆراو جۆر دەبەخشن بەدەوڵەتەکان کەبەهۆیانەوەنەوتەکانیان رەوانەی بازاڕدەکەن. بەڵام جیاواز لە بۆریەکانی‌نەوت، گەورەترین بەخشینی‌ئاو بەو دەوڵەتانە تەنیالەیەك سەرچاوەی باکورەوە دێت کەئەویش تورکیایە. پشت بەستنی بنەرەتی بەسودەکانی‌ئەم سەرچاوە ئاوییە بۆئەم دەوڵەتانە دیسان

دوژمنایەتی تورکیا بەرامبەر بەجیهانی عەرەب وبەتایبەتیش بەرامبەر بەسووریا بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی پەیوەندی بوونی (سووریا )وەبە تیرۆریزمەوە دروستبووە بەهۆی ئاڕاستەی دژە رۆژئاوایی سووریاو ناڕەزاییەتایبەتی‌یەکانی لەتورکیا،سووریا بۆچەند دەیەیەك پشتگیری بزوتنەوە سیاسیە نەیارەکانی دژی ئەنقەرەی کردووە لەوانەش سیٚ نەیارە هەرە ترسناکەکەی تورکیا کە بریتین لە ڕێکخراوی تیرۆرستی مارکسی ئەرمینیا ( ئەساڵە (ASALA) و گروپە رادیکاڵەکانی کوردو رادیکاڵە تورکەکان(29). هەمووئەمانە بنکەی چالاکی وراهێنانیان لەشیوی بیقاعی لوبناداهەیە کەلەژێردەسەلاٌتی سووریادایەو لەوێوەچالاکی‌دژی تورکیا ریك دەخەن، ڕێکخراوی‌تیرۆرستی مارکسی ئەرمینی شالاوێکی توندوتیژی کوشتنی‌دژی دیپلۆماتە تورکەکان لەجیهاندا ئەنجامدا. پارتی‌رادیکالی کرێکارانی کوردستان بنکەکانی خۆی لەبیقاع پاڕاستوە هەمان شێوەی گروپە توندرەوە مارکسیەکانی تری تورکیا لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی تورکیادا بەجۆرێك لێك نزیك بونەتەوە بۆپێکهێنانی هێزێکی وەکو سوپای رزگاری تورکی. لەمانەوەدالەگەل سیاسەتەگشتی‌یەکانی ڕێکخراوەی رزگاری فەلەستین (plo) دا لەسالاٌنی حەفتاکاندا پەیوەندی‌یە هاریکاریەکانی لەگەڵ ژمارەیەکە جۆراوجۆر لەگروپە ئازادی‌خواکانی جیهانی سێیەمدا پاڕاست بۆ دڵنیابوون لە گەشەکردن وشەرعیەتی خۆی بەتایبەتی لەکاتێکدا کەوێنەی تیرۆری دژی رۆژئاوا لە بیرکردنەوەی (plo) دا زۆر ئاشکرابوو. تارادەیەك هەموو ئەم ڕێکخراوانە بەلایەنی کەمەوە بەرێگایەك پەیوەندی پتەویان لەگەڵ(plo)یان لەگەڵ لقەزۆر ڕادیکاڵەکانی(plo)دا هەبووەسەرباری نکۆڵی کردنی(plo)



www.pertwk.com

لەپشتگیری کردنیان. پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ(plo) بەشێوەیەکی پڕبایەخانە وەکو ئەنجامێك تێکچوە، سەرباری‌دان پێدانانی دیبلۆماسیانەی تورکیابە(plo) داو ئیلتیزامکردنی درێژخایەنی‌بۆدامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی. هەروەها ئیسرائیل بەشێوەیەکی سروشتی لەبەخشینی زانیاری خۆی بەتورکیالەسەرئەم مەسەلەیە پاشەکشێی کرد(30).

سووریا بەشێوەیەکی دەوری پشتگیری خۆی بەتایبەتی‌بۆپارتی کرێکارانی کوردستان بەکارهێناوە وەکو ئامڕازێك بۆفشاردانان لەسەر تورکیا، پشتگیریەکانی تورکیا لەگەڵ بارودۆخی سیاسی‌دا زیاد یان کەم دەکات، لەدوای کۆتای جەنگی کەنداودا لەساڵی1991 دا سووریا بەئاشکرا جارێکی تر سنووری دیاری کراوی لەسەر چالاکی‌یەکانی پارتی‌کرێکارانی کوردستان دانا کەلەناوچەکانی ژێردەسەلاٌتی سووریاوە ئاڕاستەیان دەکرد. بەو چالاکیانەشەوە لەسنورەکانی‌ئەمەوە ئاڕاستەی تورکیا دەکرا(31). لەبەهاری1992دا، سوورییەکان داوایان لەپارتی‌کرێکارانی کوردستان کرد بوو کەبیقاع چۆڵ بکات وەکو ئاماژەیەك بۆفشاری تورکیا و ولاٌتە یەکگرتوەکان. تەنانەت بەشێوەیەکی نموونەی سووریا بەردەوام دەبێت لەهەڵسەنگاندنی بەها باش وخراپەکانی پاڕیزگاری کردن لە ئامرازی ئەم فشاردانانە بەرامبەر بەتورکیا، بەتێچوە زۆرو زەبەندەکانی یەوە یان بەهێزکردنی وێنەو بەرژەوەندی و پەیوەندیەکانی لەگەل ولاٌتە یەکگرتوەکانی‌تورکیادا. ئەو واتەسووریا هەمیشە دەتوانێت پشتگیری کردنی خۆی بۆپارتی کرێکاران زیندو بکاتەوە ئەگەر بەرژەوەندی‌یەکانی لەداهاتودا زۆر ئاشکرابن.

پەیوەندی تورکیا لەگەڵ سووریادا بەردوام دەبێت لەپشت بەستن بە مەودایەکی لەبەرچاو لەسەر پەرەسەندنی فراوانتری کێشەی کورد. بەشێوەیەکی بنەرەتی کێشسەی کورد لەنێوان تورکیاو سووریادا

پرسیاری سەرەکی بۆپەیوەندی‌یەکانی‌داهاتوودەکەوێتە ئاستێکەوە کەبۆئەو ئاستە سووریا دەشێ بەردەوام بێت بۆسەیرکردنی تورکیا وەکو دوژمنێک، وەکو ئامادە بونێکی رۆژئاوا بەدژی سووریا، بڕیاردان لەم روبەروبونەوەیەدا بەشێوەیەکی بەربڵاودەکەوێتە ئەستۆی سووریا لەخۆدوورگرتنیدا لەسیاسەتەکانی پێشتری جەنگی ساردیدا.ئەگەر کێشەی عەرەب ئیسرائیل چارەسەر بکرێت، دەشێ سووریا هەست بەبونی هۆکاری کەم بکات بۆ ترساندن لەنفوزی ڕۆژئاوا لەناوچەکەدا. بێگومان ئێستا نازانین چی هاوپەیمانێتی‌داهاتوو پێکدێنێ، هەروەك دەشێ ڕێککەوتن لەناوچەکەدا بگاتە ئەنجام، دەشێ‌سووریا بەئاسانی خۆی لەگەران بەدوای هێزی هەمیشە بەرامبەر بە خۆیدا لەعێرق ببینێتەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو وەکو چۆن لەمێژە لەگەڵ ئێراندا هاوپەیمان بووە دژی بەغدا. ڕاپۆرتێك لەماوەی جەنگی سارددا ئاشکرای کرد کە دیمەشق بەنهێنی‌داوای‌لەتورکیا کردوە کەجێگای هێشتنەوەی هێزی ئاسمانی‌ئەو بدات لەو ڕووداوە دا کەسەدام حسێن هەوڵی‌دا



www.pertwk.com

لەکاتی دوژمنایەتیاندا هێرش بکاتە سەر سووریا. ئەنقەرە توانی بەرامبەرێکی تر بۆ بەغدا یان تەنانەت بۆقاهیرە نیشانبدات ئەگەر لەداهاتودا ناکۆکی‌لەنێوان میسرو سووریادا دەرکەوت. هەروەهالە مەسەلەکانی بازرگانیدا دەشێ تورکیا بۆ سووریا گرنگ بێت وەکو خاڵێکی گرنگی پێدا تێپەرین بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا. هەروەها سووریا دەشێ بازارێکی بەنرخ بێت بۆ تورکیا لەبەرئەوەی بەتایبەتی‌داهاتەکانی نەوتی سووریا بەردەوامە لەگەشەکردنیدا، بەکورتی هیچ هۆیەك لەئارادانی‌یە بۆبڕواکردن بەوی کە ئەنقەرەو دیمەشق دەبێت هەمیشە لەحاڵەتی خەنجەر لەیەکتر ڕاکێشاندا بمێننەوە. بەڵام دەبێت سووریا بەردەوام بێت لەجوڵاندن بەئاڕاستەی میانرەوی ئەگەر ئێمە بمانەوێت دیسانەوە ئاڕاستەکردنەوەی ئەم پەیوەندییە ببینینەوە.

سووریایەکی نەیارو ڕادیکاڵ بێگومان بەردەوام دەبێت لەڕووبەروبونەوە یان بەریەك کەوتن لەگەڵ تورکیادا لەسەر ( ئەسکەندەرونە ) و کوردەکان وئاو و هەروەها لەسەر ئاڕاستەی سەر بەرۆژئاوای تورکیاو پشتگیری کردنی ستراتیژیانەی وڵاتە یەکگرتوەکان لەبارو دۆخێکی وەهادا سووریا چاوەروانی ئەوەی لێدەکرێت کەلەرۆڵی کلاسیکیانەی خۆیدا وەکو سەرکردەی ڕادیکاڵی لەجیهانی عەرەبدا بمێنێتەوە و هەروەها رەفزی ئەوە بکات کەبەهەر جۆرە ئاشتبونەوەیەك بگات لە ئیسرائیل دا. بوونی بەردەوامی هێزە رادیکاڵەکان لەجیهانی عەرەبدا پێشنیاری ئەوە دەکات کە لەداهاتودا تورکیا رووبەروی نەیارێتی دەبێتەوە نەك تەنیا لەلایەن سووریاوە بەڵکو دیسان لەلایەن ئێرن یان عێراقیشەوە ئەویش لەسەر بنەمای جۆری ئەو ڕێکەوتنە نوێیانەی کە دە شێ گریێ بدرێن. دواتر تورکیا بەردەوام دەبێت بۆدانانی جەختی تایبەتی لەسەر پەیوەندیەکانی ئاسایشی لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەتایبەتیش لەگەڵ وڵاتە

www.pertwk.com

سووريايەكى راديكالى دژى توركيا لەوانەنىيە لەهيچ مەسەلەيەكى ڕاستەوخۆى سەربازيدا لەرووى توركيادا بووەستێت، ڕووبەڕوبونەوەى سەربازى هەرگيز ئامرازى هەڵبژێردراوى سووريا نەبووە لەڕابوردودا. وێرانكارى نكۆڵى لێنەكراوو پشتگيرى كردنى دوژمنە ناوخۆىيەكانى توركيا لەوانەشە چەپە ڕاديكاڵەكان يان كوردە جيا خوازەكان دەشێ ببنە پاڵپشتى ئامرازەكانى سووريا دژى توركيا. ئەگەر چى ئەم جۆرە ئاڕاستە نێگەتيفەى كاركردن لەڕاستيدا بەرجەستە ببێت، ئەوا ناشێت ململانێى سەربازى لەنێوان توركياو سووريادا رووبدات، سووريا بە شێوەيەكى تەواو ئاشكرا پێويستى خۆى بۆكۆكردنەوەى هێزەكانى بەشێوەيەكى سەرەكى لەبەرەى ئيسرائيل دا راگەياندوە. ئەم جۆرە سيناريۆيە ديسان لەناوەوە ڕا پەيوەندىيەكانى سووريا و ئيسرائيلى ئاڵۆزتر كردوە بەجۆرێك كە ئيسرائيل ڕێكەوتنى زەوى بەرامبەر بەئاشتى سەبارەت بەبەرزايەكانى جۆلان رەتكردەوە، سووریاش گەڕاوەتەوە بۆراديكاڵيەتى كلاسيكيانەى دژە ئيسرائيلى خۆى. هەروەها توركيا دەشێ پرۆژەى سزاى كارى سەربازى دژى سووريای كەمتر كردبێتەوە لەم سەروەختەدا كەجەنگى سارد كۆتاى هاتووەو رووسيا چيتر پشتگيرى ويستەكانى ناكات و هەڵوێستى دژە ئيسرائيلى سووريا بە شێوەيەكى بەرفراوان لەسەر بنەماى ئيرادەى سووريا خۆى دەبێت. بڕيارو سوربوونى توركيا بۆبينينى دەورێكى گەورەتر لەناوچەكەدا ديسان توانايەكى كەمترى رسواكردنى چالاكىيە روخێنەرەكانى دژى توركيا دەدات بە توركيا كە لەلايەن سووریاوە پشتگيرى دەكرێن.



# توركيا لە نێوان عەرەب و ئيسرائيل دا

توركيا بەردەوام تارادەيەكى زۆر بەرامبەر بە ئيسرائيل ڕاڕاو دوو دڵ بووە. توركيا هاوڕيزى خۆى لەگەڵ ئيسلامدا تێكدا كاتێ لە ساڵى1949دا دانىنا بە ئيسرائيل دا. ئەو دان پێدانانەش كارێك بوو لەروانگەى كەڵك وەرگرتنەوە لەدان پێدانانێكى واقعيانەدا توركيا بيانوى بۆهێنايەوە. لەساڵانى پەنجاكاندا ئاستى بازرگانى لەنێوان توركياو ئيسرائيل دا زۆر فراوان بوو. ديسان توركيا بەشدارى كرد لەبەرژەوەندى ئاسايشى ئەمرى واقيعدا لەگەڵ ئيسرائيلدا كەئەوەش دەرئەنجام و هەڵقوڵاوى متمانە نەبونى تەواوەتى بوو بە هێزە راديكاڵەكان لە ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاستدا. سەربارى ئەوە توركيا بە چاكى ئاگادارى پشتگيرى كردنى بەهێزى ئيسرائيل بوو لەلايەن وڵاتە يەكگرتوەكانەوە، بەتايبەتيش لەلايەن كۆنگرێسەوە كە ديسان توركيا هەوڵىداوە لەوێرا پشتگيرى بە دەست بهێنێت. ئيسرائيل خۆى هەميشە جۆرە سۆزێكى بەرامبەر بەتوركيا هەبووە كەئەويش لەهەڵوێستى لێبوردەى ديارى ئيمپراتۆرى عوسمانى يەوە لەگەل مەسەلەى جولەكەكانى سنورەكەيدا دەست پێدەكات. توركيا هەميشە يەكێك بووە لەوچەند وڵاتە كەمەى ئيسلام كە ئيسرائيلىيەكان توانيوويانە سەردانى بكەن. دەشێ لەهەركاتێكدا لە توركياپاسى پر لە گەشتيارى ئيسرائيلى ببينێت. لەڕاستيدا پەيوەندى بەهێز لەگەڵ توركيادا لەروى دەرونىيەوە بۆئيسرائيل گرنگ بوە، ئەمەش هيواو بڕواى ئيسرائيل بەهێز دەكات بەوەى كە كێشەكانى ئەو زياتر لەگەڵ جيهانى عەرەبدايە لە چاو ئەوەى بەشێوەيەكى گشتى لەگەڵ جيهانى ئيسلاميدا بێت.

تورکیا پەیوەندییەکی خێراو باشی کارکردنی لەگەڵ ئیسرائیلدا دامەزراند کە تەنانەت ئاڵوگۆری بەرفراوانی موخابەراتیشی لەسەر مەسەلەکانی تیرۆریزم وبزوتنەوە تێکدەرەکانی عەرەبی گرتەوە کە دوا ی روخاندنی پاشایەتی لە عێراقدا لە ساڵی (1958) دا دەستی پێکرد. ئاڵوگۆرکردنی زانیاری موخابەراتی لەسەر لوبنان وەکو شتێکی هەمیشەیی لەتورکیادا هەبووە سەبارەت بە بەکارهێنانی دۆڵی بیقاع لەلایەن گروپە رادیکاڵە نەیارەکانی تورکیا. ڕوخاندنی دەسەڵاتی ناوەندی لە لوبناندا لەکۆتای ساڵانی حەفتاکاندا سەرچاوەیەکی نیگەرانی بووبۆ ئەنقەرە بەهەمان شێوە کە بۆ تەلئەبیب مایەی نیگەرانی بوو.

لەلایەکی ترەوە تورکیا هەمیشە لەوە گەیشتوە کە زۆر پێویستە بەپاڕاستنی پەیوەندییە رەسمی یەکانی هەیە لەگەل ئیسرائیل دا. تورکیا بەردەوام پشتگیری جیهانی سێیەمی ویستوە بەتایبەتی پشتگیری جیهانی ئیسلام بۆبە هێزکردنی هەڵوێست وپایەی خۆی لە قوبروسدا هەروەها بەدرێژای کات پشتگیریداوای فەلەستینی یەکانی کردوە بۆدروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ سەرباری ئەوە تورکیا هەڵیداوە کە لەبەخششی دەوڵەتانی خاوەن نەوتدا بەشداربێت، بەتایبەتی لە گەشەسەندنی بازرگانی لەناوەڕاستی حەفتاکاندا عەرەبستانی سعودی لەلاوازکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیلدا هەوڵدانی باشی هەبوولە بەرامبەر بڕی (250) ملیۆن دۆلار قەرزدا کەداویەتی بەتورکیا، لەئاکامدا تورکیا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەل تەلئەبیب دا کەمکردەوە، هەرهیچ نەبێت لەو روەوە کە پەیوەستە بە بەبەرژەوەندیەکانیەوە لەپەیوەندییە ئابوریەکاندا لەگەڵ سعودیەدا. پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەل جیهانی ئیسلام و عەرەبدا بەمجۆرە دڕێژەی



www.pertwk.com

بەخۆیداوە کەبەشێکی لەسەر حسابی پەیوەندییەکانی بووە لەگەڵ تەلئەبیب دا.

تورکیا هەمیشە وەکو دەوڵەتێکی مسوڵمان لەهەڵوێستی خۆی بە ئاگایە. تەنانەت ئەگەر وەزارەتی دەرەوەی ئەنقەرە دان پێدانانێکی زۆرکەمیش یان گرنگی پێدانێك بۆبەهێزکردنی ئیسلام پێشکەش بکات، ئەوەسۆزی ئیسلامی لەنێو جەماوەرداهەمیشە لە سیاسەتیدەرەوەیداهاتوی تورکیادا دەور دەبینێ کەئەوەش بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی تری تورکیا هاوسەنگ دەکرێت. پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل دا سەرباری ئەوەی لەوانەیە بەشێوەیەکی گرنگ چاك رابگیرێت لەبەرێوەبردنێکی دوورودرێژدا ئەگەر پەرە سەندنی گەورە لەسەر مەسەلەی ئاشتی عەرەب _ ئیسرائیل دروست بکرێت. هەرەسهێنانێکی پر بایەخی هەمەلایەنە لەپەیوەندیەکانی عەرەب _ ئیسرائیل دا بەتایبەتی ئەگەر لە سیاسەتە کەم خایە نە بەهێزەکانی تەلئەبیب دا دەربکەوێت کە(پێشنیاری) زەوی بەرامبەر بە ئاشتی رەت بکاتەوە ئەوە دەبێتەوە هۆی دورخستنەوەی تورکیا لە ئیسرائیل. وەکو لەسەرەوە تێبینی کرا، بەکارهێنانی شاراوەی بۆری ئاوی شیرین لەلایەن تورکیاوە بۆ جیهانی عەرەب و ئیسرائیل کارگەرییەکی گرنگی لەسەر ڕۆڵی داهاتووی تورکیا لەناوچەکەدا دەبێت، شان بەشانی کەمترکردنەوەی فاکتەرە ئاڵۆزەکانی پەیوەندییە نزیکەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا کە دەگاتە ئاستی رێکەوتن لەگەڵ عەرەبەکاندا. دەشێ تەکنۆلۆژیای ئیسرائیل گەورەترین ڕاکێشانی تورکیا بێت لە پەرەسەندنی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیایداهاتوویدا.

# توركیا و عێراق

جەنگی ئێران – عێراق بۆ یەکەمجار لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، جەنگی هێنانە بەر دەرگای توركیا. ئەو حەوت ساڵەی ناكۆكی لە كەنداودا كە لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا یەكی گرتەوە بەشێوەیەكی بەرفراوان ئاستەكانی پەشێویی لەدەوڵەتانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی توركیادا بەرزكردەوە و فشاری خستە سەر ئەنقەرە بۆ تەرخان كردنی چاودێرییەكی گەورەتر سەبارەت بە ((سیاسەتەكانی ڕۆژهەلات))ی لەچاوپێشتردا. توركیا بۆ پاراستنی شێوازی ئاسایی سیاسەتی دەرەوەی لەجیهانی سێیەمدا، سووربوو لەسەر بێ لایەنی خۆیی لەماوەی ئەو ناكۆكی‌یەدا پاڕاست.

بێ لایەنی بوون نەك تەنیا توركیای خستە دەرەوەی ململانێوە، بەڵكو خزمەتی بەرژەندییە ئابورییەكانی توركیاشی كرد. جەنگی ئێران – عێراق لەڕاستیدا شێوازی بازرگانی كردنی توركیای زیاتر گۆڕی، كەئەوەش لەحسابكردنی نزیكەی پێنج بواری پەرەسەندووی بازرگانیدا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەنێوان ساڵی 1982 بۆ 1987دا خۆی دەبینێتەوە بەتایبەتیش لەگەڵ ئێران و عێراقدا. لەئەنجامی وێرانەكاری جەنگدا هەردوو لایەنی ئێران و عێراق پێویستیان بەتوركیا هەبوو وەكو هێڵێكی زیندووی ئابووری و پەیوەندی گواستنەوە و هەناردن بۆ ڕۆژئاوا و هەروەها وەكو سەرچاوەیەكی بەرهەمیش.

بەڵام جەنگی ئێران – عێراق دوو كێشەی تری ئیتنیكی و مەسەلەی هەرێمایەتی سەبارەت بەكوردستان و بەهەرێمی دەوڵەمەندی نەوتی لە موسڵدا وروژاند. كوردەكانی عێراق وەكو هەمیشە كەڵكیان لەو ململانێیە وەرگرت بۆ



www.pertwk.com

دامەزراندنی ئاستێكی بەرزی ئۆتۆنۆمی لە سنووری ڕژێمی هەرە سەركوتكەری بەغداد. لەدرێژەی ئەم جەنگەدا كوردەكان توانیان ئاستێكی زیاتری كاركردن لە ناوچە لەمێژینە كوردییەكاندا دابمەزرێنن و جەنگی پێشمەرگەییانەی بەردەوامی خۆیان لەگەڵ هێزەكانی عێراقدا زیاتر برە و پێبدەن. ئێرانیەكان یارمەتی بزووتنەوەی پێشمەرگایەتی كوردی عێراقیان دا وەكو ئامڕازێك بۆ لاوازكردنی بەغدا و دروستكردنی ئاڕاستەی دژ بەسوپایی عێراق. كوردەكانی عێراق بەیارمەتی ئێران لەدوای بڕینی بۆری نەوتی عێراقدا ڕۆیشتن، ئەو بۆرییەی كە بە توركیادا بەرەو دەریای ناوەڕاست تێدەپەڕی.

ئەنقەرە ئاواتە خوازی ئەو نەبوو كە داهاتی ئەو بۆریە نەوتەی لەدەست بچێت، هەروەك نەشی دەویست ببێتە نەیاری هیچ دەربڕینێك كە دەربڕینی شۆڕشگێری كوردی بێت لەناوچەكەدا، بەڵام بە هەڵوێستێكی توند وەڵامی ڕاپەڕیوانی كوردی لەعێراقدا دایەوە. بەڕەزامەندی عێراق توركیا چەند هێرشێكی ئاسمانی بەنێو سنووری عێراقدا لەساڵانی 1986 و 1987دا بۆ سەر بنكەی پێشمەرگە شۆڕشگێڕەكانی كە چالاكیان بە دژی توركیا دەكرد ئەنجامدا(37) لەئەنجامی ئەوەدا جۆرێكی نوێ لە خۆ تێهەڵقورتان لەكاروباری كوردی باكوری عێراقدا دروستبوو، لەو كاتەشەوە ئەو دەست تێكێشانە بەردەوامە و زیاد دەكات. بۆ یەكەمجار لەم چەند دەسەلایەی دوایدا بڵاوكراوەكانی توركیا – كە بێ چەندوچوون بەئیلهام پێ پێدان لەلایەن حكومەتەوە – دەستیان كردوە بەگەڕانەوە بۆ داوا كۆنەكانی توركیا بۆ هەرێمی موسڵی عێراق كە لەساڵی (1926)دا لەژێر فشاری بەریتانیادا توركیا دەستبەرداری بوو چاپەمەنی‌یەكان جار لەدوای جار پێشنیار دەكەن كە پێویستە توركیا بچێتە نێو عێراقەوە و دەسەڵات بەسەر ناوچە نەوتیەكانی‌دابكات بەمەبەستی پاراستنی بۆریە نەوتیەكان لەڕاپەڕیووە

داواکارییەکانی تورکیا بۆ موسڵ – کەبەڕەسمی لەساڵی 1926 دەست بەرداری بوو، ئێستا بۆ هەرێمی موسڵ تەنیا پشتی بەو نەبەستبوو کە پێشتر دەوڵەتی عوسمانی فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیەی کردووە بەڵکو پشتی بەستبوو بەبایەخی بوونی سێ سەد بۆ پێنج سەد هەزار تورك یان تورکمان کە لەو هەرێمەدا دەژین کەڕەنگە هەر ڕێژەی 2٪ تا 3٪ی سەرجەمی‌دانیشتوانی عێراق پێکبهێنن.(39)

ئەم تورکمانانە واهەست دەکەن کە بەتووندی لەلایەن بەغدا و کوردەکانەوە سەرکوت دەکرێن. بەڵکو واحسابی خۆیشیان دەکەن کە تورکیا بۆ ساڵانێکە وازی لێهێناون. شتێکی دوور لەبایەخ و گرنگی نی‌یە کەسەرچاوە نەوتیەکانی ئەم هەرێمی کەرکوکە کە ڕۆژانە لەساڵی (1990)دا ملیۆن و نیوێك بەرمیل نەوتی بەرهەم دەهێنا فاکتەرێکی هێجگار گرنگ بێت کە لە هەر گفتوگۆیەکی‌داهاتووی کورد و عێراقدا لەسەر مەسەلەی کوردستان حسابی بۆ بکرێت و بەهێند لەبەرچاو بگیرێت.(40)

جەنگی کەنداو دژی عێراق و بەزینی سەدام حسێن پەشێوییەکی هێجگار گەورەی لەنێوان ئەنقەرە و بەغدادا دروست کرد، جیاواز لە هەڵوێستی بێ لایەنانەی لەجەنگی عێراق – ئێراندا ئەمجارەیان ئەنقەرە ڕاستەوخۆ بووە هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی عێراق لەجەنگدا. هەر هەڕەشەیەکی



www.pertwk.com

عێراق بۆ چالاکی سەربازی دژی تورکیا ئاگری تموحی شاراوەی تورکیای بۆ هێرش کردن بۆ سەر موسڵ گڕدایەوە. دیسان ئەنقەرە هەریەکە لەسوریا و ئێرانی ئاگادارکردەوە کە لەڕووداوی هەرەس هێنانی بەغداد و فەوزای گشتی لەعێراقدا، تورکیا دەستەوسان دانانیشێت و ڕێگا بدات بەهەریەکە لەووڵاتانە کە تموحی فراوانخوازانەی خۆی لەئاستی هەرێمایەتیدا لەسەر حسابی بەغداد پەرە پێبدات(41).

**پەیوەندییە جیۆپۆڵەتیکی‌یەکانی نێوان تورکیا و ئێران کۆمەڵێ مەسەلەی ناکۆکی دەسەڵاتیان بەسەردا دەکات کە بریتین لە :–**

- پەرەسەندی خێرای بارودۆخی کورد.
- پەیوەندی تورکیا بەدانیشتوانی تورك – تورکمانەوە لەباکوری عێراقدا.
- پەیوەندی تورکیا بە تموحی فراوانخوازی عێراقەوە و هەوڵدانی عێراق بۆ دەسەڵاتدارێتی لەناوچەکەدا.
- گەڕانی عێراق بەدوای چەکی کۆکوژدا.
- توانای شاراوەی عێراق بۆ خزمەتکردنی سەنگداری جیۆپۆڵەتیکانەی هەریەکە لەئێران یان سوریا پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتەدا هەڵدەوەشێنێتەوە، بەشێوەیەکی پێچەوانەش ئەو دوو دەوڵەتە قورسیان لەسەر عێراق هەیە لە واقیعی دوژمنایەتی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراقدا.
- بەریەك کەوتنی شاراوە لەسەر دەسەڵاتکردنی تورکیا بەسەر سەرچاوەکانی ئاوی دیجلە و فوراتدا کە دەڕۆن بۆ عێراق.
- دەسەڵاتی تورکیا بەسەر بۆری نەوتی عێراقدا کە دەڕوات بۆ دەریای سپی ناوەڕاست.

دوو بابەتی دوواییان لەخۆیاندا خاڵی بەریەك كەوتن نیشان نادەن بەڵام دەتوانن ببن بەهۆكاری كاری دوژمنایەتی لەڕووداوی خراپبوونی پەیوەندییە دوو جەمسەرییەكاندا لە زەمینەكانی تردا – وەكو ئەوەی ماوەی جەنگی كەنداو و دوای جەنگەكەش.

مەسەلەی تورك بەدڵنیاییەوە زیاتر شتێكی چارەنووس سازانە دەبێت بۆ خوڵقاندی بەریەككەوتنی توونـد لەنێوان توركیا و عێراقدا. لەپرنسیپدا، هەردوو دەوڵەت بەشداری دەكەن لەبەرژەوەندییەكی گشتیدا ئەویش مەسەلەی سنووردانانە بۆ دەركەوتنی هەر جۆرێك لەئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی كوردی، ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشەش بەشێوەیەكی جار لەدوای جار لەچەند دەساڵی ڕابردوودا دەركەوتووە، تەنانەت لە نێوان شەڕی ئێران – عێراقدا بەغدا تیشكی سەوزی بۆ ئەنقەرە هەڵكرد بۆ یارمەتیدانی سەركوتكردنی چالاكیەكانی پێشمەرگەكانی كورد لەباكوری عێراقدا، لەكاتێكدا كەسوپای عێراقی سەرقاڵ بوو بە شەڕكردنەوە لەبەری دژ بەئێراندا، بەڵام ئەنقەرە و بەغداد بەردەوام بەچاوێكی جیاواز لەكێشەی كوردیان ڕوانیووە، لەكاتێكدا كە كوردی عێراق ئاستێكی كەم لە ئۆتۆنۆمیان لەڕووی كەلتورییەوە بەدەست هێناوە وەكو كەمایەتییەكی ئیتنیكی، بەڵام بەشێوەیەكی توندوتیژ سەركوتكراون و بوونەتە ئامانجی هێرشی گەورەی سەربازی بەمەبەستی لەناوبردن – لەبەرامبەر هەوڵ و كۆششیاندا بۆ بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمیەكی زیاتر و لەپای ڕۆڵی خزمەت پێشكەشكردنیان بەئێران بەو جۆرە هەوڵی سەركوتكردنیان دراوە و ئەمانیش دەنگێكی هێندە كاریگەریان نەبووە وەكو كۆمەڵێك لەژیانی سیاسی عێراقدا هەروەك كورد لەتوركیاش هەتا ئەم دواییەش كە ببێتە "كەمایەتی" یان لە حاڵەتی



www.pertwk.com

كەمایەتیدا ئازار دەچەژێت بە درێژایی هەموو ئەو ماوەیەی كەسوورە لەسەرئەوەی كەوەكو كەمایەتیەك بێت.

هەروەك ئۆزاڵ لەڕەزامەندی دیاری خۆیدا ئەوەی خستە ڕوو كە قسە لەكێشەی كورد بكرێت لەتوركیادا و بەڕاستیش لەگەڵ سەركردەكانی كوردی نەیاری عێراقدا كۆدەبووەوە. دەشێ لەتوركیادا هەندێ بنەما جێگای ئاوات خواستن بن بۆ دیسانەوە بەهێندگرتنەوەی ئایندەی بزوتنەوەی كوردی. ئەگەر توركیا ئاواتە خواز بێت بۆ بەهێنگرتنی ئەو ئیحتیمالەی كە هەندێ جار لەبزوتنەوەی سەربەخۆیی خوازی كورد لەجوڵەی بێ چەندوچوون دەردەكەوێت، پاشان توركیا ڕووبەڕووی هاوكێشەیەكی سیاسی تەواو نوێ دەبێتەوە. ئەنقەرە قوماری مەزایدەكردنێك لەپێناوی دەنگی دەسەڵات و نفوزكردن بەسەر دەوڵەتیداهاتووی كوردیدا دەكات. ئەگەر دەوڵەتی یەكگرتووی كورد لەداهاتوودا پێكبێت، ئەوا كوردەكانی توركیا تەنیا لەوتندا زۆرینەی پێكناهێنن واتە بەزارەوەی ژمارە، بەڵكو لەڕووی ڕۆشنبیری و پەرەسەندنیشەوە زۆرینە پێكدێنن ڕێژەیەكی بەرزی كوردەكانی توركیا تەنیا لەهەرێمە دواكەوتووەكانی باشووری ڕۆژهەڵاتی توركیادا ناژین، بەڵكو بەهەموو لایەكدا بڵاوبوونەتەو و بەشداری ژیانی شارستانی ڕۆژئاوای توركیا دەكەن. ئەم بەشەی كوردەكان كە بەڕۆژئاوای توركیادا بڵاوبوونەتەوە پەیوەندی بەتینیان لە ڕووی زمان و كەلتوروباری كۆمەڵایەتیەوە لەگەڵ توركیادا هەیە كەكاریگەرییەكلاكەرەوەیان لەسەر سروشتی هەر دەوڵەتێكی بەسەربەخۆی كوردیداهاتوو دەبێت. بەكورتی ئەو پرسەی كە دەخرێتە بەردەم توركیاوە بەم جۆریە: بۆ چ مەودایەك ئاواتە خوازیت كە پێشبینیبزوتنەوەیداهاتووی ناسیونالیزمی كوردی بكەیت و لەدوای دیاری كردنی شوێن دەستی خۆت بگەڕێیت لەسەر ئەو بزوتنەوەیە لەمیانەی

هیچ کەس ناتوانێت بڵێت کە دەرکەوتنی کوردستانێکی سەربەخۆ بەهەر مانایەك یان شێوەیەك بێت شتێکی ڕەتکراوەیە. سیاسەتەکانی تورکیا بەرامبەر بەدانیشتوانی کورد کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئەو پرۆسەیە هەیە بەڵام لەوانەیە یەکلاکەرەوە نەبێت.

سروشتی پەیوەندی ناوخۆیی لەنێوان کوردی ئێران و عێراق و تورکیادا بەچاکی کار لەو پرۆسەیە دەکات. لەنێوان کوردەکاندا جیاوازی ئاشکرایداب و نەریت و پێکهاتەی تیرە و خێڵ و مێژووی ناوچەیی و ڕوانین و شێوازی ژیان و تەنانەت لەزاری ئاخاوتنیشدا هەیە. هەروەکو کەسێکی تورك ئاماژەی پێداوە، ئەگەر تورکیا مافی بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ڕادیۆیی بەزمانی کوردی لەڕۆژهەڵاتی تورکیادا بدات، ئەوا بەخێرایی ناڕەزایی دەربڕینی کوردەکان سەرهەڵدەدات لەبەرئەوەی کە داخۆ کام لەو دوو زارە (زازاو کرمانجی) کەتەوا جیاوازن لەیەکتری دەبێ لەنێو تورکیادا بەکاربهێرنێت و ببێت بەزمانی پەیوەندیکردن. بەڵام هەلەکان بەو ئەندازەیە گونجاو و باشن کە سیاسەتەکانی تورکیا و عێراق لەسەر ئەم مەسەلەیە جیا دەکەنەوە دەبن بەهۆی بەریەکتر کەوتن لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا. ئەو بەریەککەوتنانە زۆر توندن و هێجگار سەرکەوتکەر لەڕوناگەی بەراوردکردنیەوە لەگەڵ پیادەکردنی دیموکراسی لەتورکیادا. بەمانایەکی سەرەتاییانەترو کاتێ بەغدا دەتوانێت کوردەکانی خۆی بخاتە ژێر رکێفەوە، تورکیا لەڕووی مێژوویيەوە دەیباتەوە, هەر پێشکەوتنێك کەلە عێراقدا بگاتە ئاکام ئازادیەکی زیاتری کارکردن دەبەخشێت بەکورد و ئازادیان دەکات بۆئەوەی کەداوای سیاسیانەیان بۆ ئۆتۆنۆمی لەهەر



www.pertwk.com

جێگایەکی تر فراوانتر بکات. ئەمڕۆ ئەمە بارودۆخی عێراقەو لەوانەیە هەرئەمجارە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەرە و قۆناغێکی نوێ بجوڵێت. ئەمڕۆ وا دەردەکەوێت بۆ تورکیا هارکاریکردنی لەگەڵ بەغداد دژی کوردەکان کارێکی هێجگار گران بێت.

هەروەها ئێران لەسیاسەتی کوردا لەناوچەکەدا ڕۆڵی یاریکەرێکی هەیە لێرەدا دینامیکیيەتی جێگرەوە لەبواری کارکردندایە. بەدرێژایی مانەوەی نەیارێتی نێوان ئێران و عێراق، ئێران بەردەوام هەوڵی شلۆقکردنی باری سەقامگیری عێراق دەدات لەڕێگای هاندانی کوردەکانی عێراقەوە. بەشێوەیەکی توندوتیژ, ئەمەش بەوجۆرە وای وەربگرە کەئەوەی لەبەرژەوەندی تارانە لەبەرامبەر کوردی عێراقدا ئەوە بەدژی بەرژەوەندییەکانی تورکیایە. ئایا دەبا توریکا و ئێران لەناکۆکی بەردەوامدا بن لەسەر مەسەلەکانی تر لەداهاتوودا (بڕوانە خوارەوە) پاشان ئێران هەروەها بتوانێت پشتگیری ڕاپەریوان بکات لە نێو کوردەکانی تورکیادا. ئێرە ئەو جێگایەیە کە تورکیا پێویستیيەتی بۆ بڕیاردانی ئەو ئاستەی کە تیایدا لەناو تورکیادا مەسەلەی کوردی دیموکراتیزە دەکات و بوار دەدات بەڕووداوەکان بەرێگای سروشتی خۆیاندا بڕۆن.

زیادبوونی ئاستی بواردان و گفتوگۆکردنی هەموو ئەم بابەتانە لەتورکیادا لەکۆتایدا دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی پێکدادانیان. بێگومان مایەی ئاسوودەیيیە بۆ کوردی تورکیا کە گفتوگۆی چەمکی جیاخوازی بکەن، هەروەك بەریەککەوتنی زیاد بێ چەندوچوون لەگفتوگۆکردنی کراوەی ئەم مەسەلەیەدا کەلەمێژە سەرکوت کراوە دەردەکەوێت. لەکۆتایشدا کورد بەهەر شێوەیەك سەیری ڕاستیيە بایەخدارەکانی ئەم مەسەلەیە بکات، ئەوە ئاڕاستەی جیاخوازی دەشێ هەندێ لەتوانای بەلای خۆدا ڕاکێشانی لەدەست

پرسی عێراق بۆ دەسەڵات لە ناوچەکەدا بێ چەندوچوون عێراق دەخاتە بەردەم ململانێوە لەگەڵ تورکیادا بەتایبەتی لەئێستادا عێراق لەروانگەی بوونی چەکی کۆکوژەوە لەوانەش چەکی کیمیاوی‌و بایۆلۆژی‌و ناوکییەوە سەیری دەسەڵاتی هەرێمایەتی دەکات. بوونی ئەم جۆرە چەکانە لەعێراقدا بەشێوەیەکی بنەرەتی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی‌تورکیا خۆیدا ناگونجێت ئەگەر عێراق بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە بتوانێت هەنگاوی بەرەو بەدەستهێنانی ئەوجۆرە چەکانە هەڵبنێت و روبەروی لەرووداوەستانی نێو دەوڵەتی نەبێتەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە تورکیاش دوای ئەوە بەدوای بەدەستهێنانی هەمان ئەو جۆرە چەکانەدا دەچێت، تەنانەت ئەگەر تەنیا لەسەر بنەمای بەرگری لەخۆ کردنیش بێت. هەروەها ئێرانیش تێڕوانینێکی درێژخایەنی هەیە لەسەر دامەزراندنی بەرنامەی ناوکی خۆی وەکو پێویستی یەك بۆڕوبەڕوبونەوەی عێراق. ئەوەی چاوەروان دەکرێت کەبمێنێتەوە ئەوەیە کەسێگۆشەی ئێران _ عێراق _ تورکیا دەشێ لەچەند دەساڵی‌داهاتودا بارێکی ئێجگار خراپ بهێننە ئاراوە و خاسێتی خراپ ببەخشرێت بەتەماعکاریە لەگەڵ یەك ناکۆکەکانی ئەم سێ دەوڵەتە کەبەشێوەیەکی بنەڕەتی بەشدارن لە ئامانجە ستراتیژیە جیاوازەکاندا. لەوانەیە گەورەترین مەسەلەی دیاری کراو بۆسیاسەتی‌داهاتوی تورکیا بکەوێتە ئاستێکەوە کە تورکیا بۆگەیشتن بەو ئاستە هەوڵی خۆ هەڵقورتاندنی خۆی بەهەموجۆرێك لە سیاسەتی عەرەبدا بدات، هەروەك پێشتر تێبینیمان کرد تورکەکان بە شێوەیەکی تەقلیدیانە ڕقێکی شاراوەیان بۆ دنیای عەرەب هەبوەو بەشێوەیەکی گشتی وەها سەیری دنیای عەرەبیان کردووە کەتائەندازەیەك بکەوێتە ژێر نفوزی سەربازگەی دوژمنەوە، واتە



www.pertwk.com

یەکێتی سۆڤیەت وەکو ئێستا سیاسەتی عەرەب بە ئاڕاستەی سەردەمێك دەجوڵێت کەسەردەمێکی خاڵیە لە جەنگی ساردی جەمسەرگیری جیهانی لە هێزەکانی. سیاسەتەکانی عەرەب وادەردەکەوێت کەکەمتر بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەروی ئایدۆلۆژییەوە دژی تورکیا بێت. خۆ تێهەڵقورتاندنی تورکیا لە سیاسەتی عەرەب دەشێ لەدواتردا وەکو شتێکی ئاسای ببینرێت، بە تایبەتی ئەگەر ئایدۆلۆژیای پان _ عەرەبی بگاتە ئەو ئاستەی کە دەورێکی کەمتر ببینێت.

بۆ نمونە ئایا تورکیا لە سیاسەتی ئاسایشی‌داهاتوی کەنداو ی فارس دا دەیەوێت گرنگی خۆی هەبێت ؟ دەوڵەتە گەورەکانی عەرەب بەشێوەیەکی بنەرەتی ساردن بەرامبەر بە بیرۆکەی بونی هەر دەوڵەتێکی غەیرە عەرەبی _ تەنانەت ئێرانیش _ کەهەر قسەیەکیان لەسیاسەتی ئاسایشی کەنداودا هەبێت. دەشێ گفتوگۆیەکی چاك لەو بارەیەوە ئەنجام بدرێت، هەرچەندەئەوە شتێکە کە جێگای ئارەزوە بۆ ئاسایشی کەنداو کەلەلایەن دەوڵەتانی ناوچەیی خۆیانەوە بپارێزرێت لە جیاتی‌داواکردنی هاتنە ناوەوەی ڕێکخراوانەی هێزەکانی رۆژئاوا. بەڵام بە شێوەیەکی وردەکاریانە کام دەوڵەتانە ناوچەین ( هەرێمایەتین ) ؟ ئەم پێناسەیە بەشێوەیەکی ژیرانە دەوڵەتی زیاتر لە دەوڵەتانی عەرەب لەخۆ دەگرێت، بەڵکو بەلایەنی کەمەوە ئێران وهەروەها دەشێ تورکیا وپاکستانیش بگرێتەوە. کاتێك عەرەبەکان بەتەنیا بڕیاری سیاسەتی کەنداو دەدەن، ئەوا لەروی مێژوویەوە ئارەزویەکی زۆر لەلای حکومەتە لەبنەرەتدا پان _ عەرەبیەکان هەیە بۆ کۆتایی هێنان بەو پێناسە کردنەی کە ((رەوایەتی عەرەب )) ی حکومەتەکان لە هەرێمەکەدا پێکدێنێت. مەبەست لە هێنانە ناوەوەی سێ دەوڵەتی غەیرە عەرەبی بۆکۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمەکە بۆ دوورخستنەوەی بواری ڕێگادانە بەو هەستی پان _ عەرەبێتی‌یە

بالْویْزی پیْشتری تورکیا له ناتۆ دەریبری کە دەبیٚ تورکیا زۆر ووریا بێت لـە بەشـداریکردنی هــەر جـۆرە پەیمانێکـدا و زۆر بـەی وڵاتـانی عــەرەبیش هەستێکی گـەرمیان نیـیە بەرامبـەر بـە تورکیـاو گومانیـان هـەبووە بەرامبـەر بە بەشـداریکردنی تورکیـا. ئیسـلامیە فانـدە مێنتالـەکانی تورکیـا بـە ئاشـکرا نائاسـودەن بەهــەر جـۆرە ( دەورێکـی ئاسایشــی ) تورکیـا لەناوچـەکەدا کـە پەیوەسـت بێـت بـەرۆژئاواوە، لەڕاستیشــدا دژی پشـتگیری ئـۆزاڵ بــوون بۆبەشدایکردنی هاوپەیمانێتی دژی عێراق له جەنگی کەنداودا(43). لەلایـەکی تریشەوە تورکیا بـە ئاشکراو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەندێ بیٚ ئومێدی خستبووە روو هەرچـەندە دەوری گرنگـی هـەبووە لەجـەنگی کەنداودا. تورکیا بەشـدار نـەبوو لەکۆبوونـەوەی دیمەشـقدا کـەدوای جـەنگ گیراو تیایـدا شـەش دەوڵـەتی عـەرەبی کەنـداوو سـوریاو میسـر باسـی پێکهێنـانی هێـزی ئاشـتی پـاڕیزی نوێ‌یداهاتویـان کـرد لەناوچـەکەدا واتـە لـە بـەیانی دیمەشـقدا(44). سـەرباری ئـەوەی ئـۆزاڵ پێشـبینی هەنـدێ دەوری بـۆ تورکیـا کـرد لەجـەنگی کەنــداودا کاتیٚکــە لــەمانگی ئــازاری 1991دا رایگەیانــد کــەتورکیا لەهــەر سیستەمێکی ئاسایشـی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا دەورێکـی سنورداری دەبێـت، بەڵام وڵاتـە یـەکگرتووەکانیش هـەروەها دەبێـت ئامـادە بـونی هـەبێت، ئەگـەر ئـەم



www.pertwk.com

هێـزە نـەتوانێت پاڕیزگـاری ئاشـتی بکـات. سیاسـەتی تورکیـا بەشـێوەیەکی تەقلیدیانە و غەڕیزەیانە هەولی دورخستنەوەی هەر پەیبردنێکی بە دەوربینینی وڵاتە یەکگرتووەکان لەناوچەکەدا داوە کە دەوری چنگی پشیلەی هـەبێت. بـەڵام لێرەدا جارێکی تـر هـەر ئـۆزاڵ بـوو کەبەشێوەیەکی تایبـەتی زەمینـەی گرنگـی سیاســەتی نــوێی لــە ئاشــکراکردنی کــراوەی ئــەو روانینــەدا شــکاند کــە بەرژەوەندیــەکانی تورکیـا بەتونـدی پەیوەسـت بـوون بەبەرژەوەنـدی یـەکانی ئەمـەریکاوە لەجـەنگی دوایـی کەنـداودا. هەڵوێسـتی ئـۆزاڵ هـەروا بەسـادەیی پشتی نەبەستبوو بەپشتگیری کردنی هـەر سیاسـەتێکی هەرێمایـەتی ئـەمریکا، بەڵکو پشتـی بەستبوو بـە بەشـداریکردن و هاتنـەناوەوە ی فـراوانتری رۆژئـاواو وڵاتەیەکگرتووەکان بەگشتی. ئۆزاڵ ئاواتە خوازبوو کەتورکیا دەرکی بە شتەکان بکردایە وەکو کارکەرێکی سەربەخۆو پێویست بۆداکۆکی کردن لـەمافی خۆی. ئـۆزال بەشـێوەیەکی پـڕ بایـەخ لـەدوای جـەنگی کەنـداو دەریخسـت کـە ئەمـە یەکەمجار بووە لەماوەی دووسەد ساڵدا تورکیا لەبەرەی براوەی شەڕێکدا بێت، هەروەها ئاواتە خواز بوو کەلەو جەنگەدا هەندێ کەڵك وەربگرێت.

دیسان لـەپێناوی ئـەو دەستکەوتانەدا دەشیا تورکیا هەنـدێ بەرژەوەنـدی لەدەورێکی گەورەتری خۆیدا لە ئاسایشـی کەنداودا هەبوایـە، وەکو لەسـەرەوە باسکرا، بۆریـەکی گـەورەی ئـاوی شیرنی تـورکی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکییانـە لەگـەڵ قسـەی زیـاتر لـەبارەی کاروبـارە هەرێمایەتیەکانـەوە وەبەرهـەم هێنـراوە. پێدەچـێت سیاسـەتەکانی کەنـداو لەچـاو ئـەو ئاڵۆزکاوییـە کەمـەی بۆئاینـدە چــاوەڕوان دەکرێــت پەرەبســێنێت.ئاســتێکی پێشــبینی کــراو لــەنائارامی لەدەســاڵیدا هــاتودا ســەرهەڵدەدات لەبەرئــەوەی دەســەڵاتە پاشـایەتیەکانی کەلەوێدا هـەن بـەرەوکۆتای ڕەتنـەکراوەیان هـەنگاو دەنێن.داڕمـانی پاشایەتیە کۆنـەکان تـەنیا هـەر ئەوەندەنـەبوو کەئاڕاستەی ڕژێمـە نوێیـەکان بـەرەو هـەوڵی

لەسەدەی شانزەیەمدا،مەزهەبی شیعە کە تازە لە ئێراندا چەسپابوو، یارمەتی هاوسەنگ کردنی ئێرانیدا لەخەباتی ئایدیۆلۆژی جەماوەریدا بە دژی ئیمپراتۆری عوسمانی کە سوڵتان و خەلیفەی عوسمانی بووبوونەرابەری جیهانی ئیسلامی سونە مەزهەب. پەیوەندی دژبەیەك لەم ئاست یان لەو ئاستدا هەتا کۆتایی, جەنگی یەکەمی جیهانی بەردەوام بوو. لەوکاتەدا واتەلەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، دوو سەرکردەی نوێ دیاری نەتەوەیی لەو دوو وڵاتەدا دەسەڵاتیان گرتە دەست کە ئەوانیش ڕەزاشا لە ئێران و مستەفا کەمال ئەتاتورکی تورکیا بوون. لە ئاستی یەکەمدا هەریەکە لەم دوو سەرکردەیە وەها سەیری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی دەکرد کەپشت دەبەستێت بە پێشکەوتنی نیشتمانی وڵاتەکەی خۆی و وازهێنان لەسەرکێشییەکانی دەرەوە. ئەم دوو پیاوە هەر دوو کیان هەوڵی دامەزراندنی سەروەرێتیەکی نیشتمانی ڕاستەقینەیان دا کە ئازاد بێت لەفشاری ئیمپریالیزمی ئەوروپی و ئەو سەروەرێتی یە توانایانٍ بداتێ بۆ پیادە کردنی دەسەڵاتی نیشتمانی خۆیان کە ئەوەش لە ماوەی چەند سەدەیەکدا یەکەمجار بووە ئەوە بکەن. هەر دوو دەوڵەت بە خێرایی زنجیرەیەك ڕێکەوتننامەیان لەگەڵ یەکتردا ئیمزا کردو هەروەها لە پەیوەندیەکدا بەرامبەر بەدەسەڵاتی ئیمپراتۆری نوێی بەلشەفێك لە باکوردا هاوکاری یەکتربوون. هەردوو دەوڵەت





بەشداریان کرد لە ڕێکەوتنە جۆراو جۆرەکانی ئاسایشی باکوری (Tier) دا لە وانەش پەیمانی بەغدا و سینتۆ دژی یەکێتی سۆڤێت. هەتاکو شۆڕشی ئیسلامیش لە ئێراندا، پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە زۆرباش بوو، سەرباری سەرسامبوونی هەر یەکە لە تورك یان فارس بە ویتریان.

بەلاّم شۆڕشی ئێرانی کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەسەر بنەمای پەیوەندی باشی تورکیا لەگەڵ ئێران کە لە نیو سەدەی ڕابردوو دا ئەو پەیوەندیە باشە بەردەوامبوو. سەر هەڵدانی پەشێویی لە هەوڵ وکۆششە کانی ئێرانە وە بۆ ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی ئەنجامی گرت. تورکیا بەشێوەیەکی غەریزەیی هەستێکی پڕلە قینی هەبوو بەرامبەر بە هەر دوو کەسێتی ڕادیکاڵی و فێتدە مێنتاڵی ئیسلامی ڕژێمەکەی ئایەتولاّی خومەینی. تاران ڕایگەیاند کە مستەفا کەمال ئەتاتورکی باوکیدامەزرێنەری تورکیا دوژمنی ئیسلام بووە، هەروەك تاران لەگەڵ هەوڵداندا موغازەلەی کرد بۆ جولاّندنی سۆزیدانیشتوانی شیعەی (Alevi) تورکی خۆیان. هەروەهاڕژێمی ئێرانی بەشێوازە هاوار کردنێکی قایلکەرانەوە پشتگیری ئەخلاقی و دارای پێشکەش بە گروپە سونیە فاندەمێنتالیستەکانی تورکیا خۆی دەکرد و هەوڵیدەدا مەیلە دژ بە ڕۆژئاواییەکان برەو پێبدات. وەکو لە سەرەوە باسکرا دیسان تاران یاری بەسیاسەتی حیزبی کوردیش کردووە لە عێراقدا، لە ویشەوە هەڕەشەی لەو بۆرییە نەوتیانەی عێراق کردووە کەبۆ تورکیا دەچن. لە لایەکی ترەوە ئەنقەرە هەستی کرد کارێکی گرنگە ئەگەر هەوڵ بدات بۆ ئاسایی کردنەوەی سیاسەتەکانی ئێران و بۆ مامەڵە کردنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی تاران بە گیانی لێبوردنەوە تا ئەو ئەندازەی دەشێت، بەتایبەتی لە بەرئەوەی کەیەکێتی سۆڤیەت لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە دوای هەڵگەڕاوە بۆ ئەوەی ڕێگای چوونە ناو ئێران بدۆزێتەوە. لە بەر ئەوە ئاڕاستەی زۆر پراگماتیکانەی

Tier) ی دێرینی باکورو
که ئەمجارەیان ڕێکخراوێکی هاریکاری ئابوری بوو(47).

لەگەڵ ئەوەدا پەشێویی و ئاڵۆزی لە جەنگی کەنداوی ساڵی 1991 دا بوو بەهۆی ئەوەی کە بۆ ئێرانی ئاشکرابکات کە دەشیّ تورکیا کەڵك لە هەر هەرەسێکی عێراق وەربگرێت بۆ دەست بە سەرا گرتنی هەرێمە نەوتیەکانی باکوری عێراق(48). دیسان پەیوەستبوونەکانی ئێران بەو مەسەلەیەوە زیاتربەرزبووە ئەویش بەهۆی دروست کردنی جۆرێك لە هاریکاری لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەویش لە کۆتایی جەنگەکە دا و بە درێژایی سنوری عێراق لە باکورەوە لەگەڵ تورکیا دا بە مەبەستی پاراستنی ئاوارە کوردەکان. ئێران ترسا لەوەی کە ئەم کارە لەوانەیە نەخشەکانی تورکیا دژی هەرێمی کوردی عێراق فراوان بکات یان ببێتە هۆیداگیرکردنی چەند بەشێك لەباکوری عێراق لەلایەن وڵاتەیەکگرتوەکانەوە یان لەلایەن هێزە رۆژئاواییەکانی ترەوە. بەکورتی لەکاتێکدا هیچ کام لەئێران وتورکیا لەدەست درێژی ڕاستەوخۆی ئەویتریان نەدەترسان، هەردوو لایان کەوتنە گومانەوە لەمەبەستی ئەویتریان بەرامبەر بە عێراق لەساتەوەختی جەنگی کەنداوەوە هیچ کام لەم دوو دەوڵەتە رازی نابێت رێگا بەویتریان بدات بۆکەڵك وەرگرتنی بەشێوەیەکی یەك لایەنە لەلاوازی یان شکستی عێراق. ئەم مەسەلانە بەلاوە نانرێن، بەڵکو لە ڕاستیدا وەکو بێزارکردنی خەباتی عێراق بۆ پێکەوە رێکخستنی هەندێ سیاسەتی نوێ بەبەشداری کردنی گەورەتری دیموکراتیانە وە سەیر دەکرێن. هەر گۆرانکاریەك لەسیستەمی سیاسی عێراقدا لەوانەیە ببێتەهۆی



www.pertwk.com

ناسەقامگیرییەکی لەبەرچاو لەبەرئەوەی شیعەکان هەوڵی بەدەستهێنانی پێگەی دەسەڵاتی سیاسی دەدەن کەژمارەو کۆی دیموگرافیشیان ئەوەیان بۆفەراهەم دەکات و تورکیاو ئێران هەردوکیان هەوڵدەدەن کەکاریگەری لەسەر ئەو بەرەو پێشەوە چونانە دابنێن، هەروەها هەوڵدەدەن وەکو دوونەیارلەسەر نفوز لەکاروباری عێراقدا لەیەکتری تێبگەن. بەڵام دوای چەند دەساڵێکی دوورودرێژ لە پەیوەندی زۆر هێمن و ئاسایی، ئێستا لەڕاستیدا پەیوەندییەکانیداهاتوی نێوان تورکیاو ئێران زۆر لاواز دەردەکەوێت. ئەم ستراتیژیەتی (( گۆرانکاری _ دەریای )) یە بەرەو پێشەوە براوە بەهۆی هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت و دەرەنجامە گۆرانکاری یەکانیەوە لەپەیوەندی یە جیۆپۆلە تیکیەکانی هەموو ناوچەکەدا. تورکیا رووبەرووی ململانیّی توند دەبێتەوە، تەنانەت دوژمنایەتی پەردە لەسەر نراو یشی لەگەڵ ئێراندا پەیوەندی بەم مەسەلانەوە هەیە :

*بارو دۆخی کورد

*ململانێی شاراوە بە هۆی هەوڵ و کۆششەکانی ئێرانە وە بۆ ناردنە دەرەوەی چەمکەکانی ((ئیسلامی سیاسی )) لە ناوچەکە دا، ئەگەر بەڕاستی رژێمی ئێستای تاران سوور بێت لەسەر بە دووا دا چوونی ئەو مەسەلانە دا.

*پێشبڕکیّ کردن بۆ نفوز لە ئاسیای ناوەند دا.

*لە هەمووشی جدی ترو پەرەسەندنی ناسیۆ نالیزم لە ئازربایجان،هەر دوو لایەنی ئێران و تورکیا دەخاتە پێشبڕکێوە و هەرەشە لە یەکێتی هەرێمایەتی ئێران دەکات. (ئەم دوو مەسەلەی دووابیان دواتر لە بابەتی ((تورکیاو ئاسیای ناوەند )) داو لە بابەتی ((تورکیاو قەوقاز :ئازربایجان )) دا گفتوگۆ دەکرێن.

## توركیاو ئاسیای ناوەند

کاتێ کۆمارەکانی ئاسیای ناوەند لەیەکێتی سۆڤیەت، هەستێکی کەمتر پێشکەتوویان لەبارەی ناسنامەی نەتەوەییەوە هەیە لەچاو زۆر لەکۆمارەکانی تردا کەبەشداری ئەوانیان کردووە لەڕاگەیاندنی سەربەخۆیدا، لەوانەیە لەوەش خێراتر بوو بێت لەچاو ئەوەی کە هەوڵیان بۆداوە. ئەم نەتەوانە بۆ یەکەمجار بەئازادی چەکدار بوون بۆ دەربڕینی بەژەوەندییە ئیتنیکی و نەتەوەییەکانی خۆیان و لەپرۆسێسی گەڕانەوەدا بوون بۆ هەستێکی ڕووناکتری کەسێتی توركی خۆیان. لەڕاستیدا لەسەدەی ڕابردوودا (واتە لەسەدەی نۆزدەیەمدا) هەموو هەرێمەکە وەکو (تورکستان، ئاماژەی بۆ کراوە و وەکو یەکەیەکی کەلتوری ناسراوە. لەئاسیای ناوەندا (یان تورکستان) کە ئەمڕۆ جگە لە کۆماری تاجیکستان کەبەفارسی دەدوێت، هەموو کۆمارەکانی تر بەزمان و کەلتور تورکن. زمانەکانیان بەشێوەیەکی بنەڕەتی و پێگەیشتوانە لەئاستی تێگەیشتن و وەرگرتندان (هەرچەند هەندێ کات جیاوازی لەنێوان دایەلێکتە دیارەکاندا دەبینرێت)، تەنانەت توركی توركیاش بەزەحمەت لەئاستی تێگەیشتندایە. لەبەرئەم هۆیانە کەلتوری توركی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کەلتوری تورکستانی تەقلیدی بووە، تەنانەت لەسەدەی نۆزدە هەمیشدا.

کۆمارە توركیەکانی ئاسیای ناوەند ئەمڕۆ جارێکی تر لە پەیوەندیاندا لەگەڵ توركیا بایەخیان پەیداکردۆتەوە و هەروەها هەوڵی بەکارخستن و پەیوەندی نزیکی کەلتوری دەدەن. وەڵامی حکومەتی توركیا وەکو شتێکی سەرەتاییانە وریاکارییە، بەتایبەتی لەدەست پێکردندا کە هەڵوێستی کۆمارە



www.pertwk.com

نوێیەکان نائاشکرابوو. توركیاش هەوڵیدا بۆ دوورکەوتنەوە لەهەر پەیبردنێك بۆ کۆشش کردن بۆ لاواز کردنی یەکێتی سۆڤێت. میراتی ئەتاتورکی بەئاشکرا وریاکردنەوەی دژی هەر جۆرە سەرکێشییەکی پان – توركی ڕاگەیاندووە، واتە بەرامبەر ئەو جۆرە سەرکێشیانەی کە هەمان سیمای سیاسەتەکانی ڕۆژانی کۆتایی ئیمپراتۆری عوسمانی هەبوو. دوای ئەوە ئینڤار پاشا هەوڵیدا بۆ جوڵاندنی تورکەکانی نێو سنووری دەوڵەتی تازە پێکهاتووی سۆڤێت بەمەبەستی دروستکردنی دەوڵەتێکی جیای سەربەخۆی پان توركی، ئەتاتورك لەوە تێگەیشتبوو کە سیاسەتی پان – توركی تەنیا دەیتوانی هێزی ترسناکی دەوڵەتی سۆڤێتی دژی تورك بوروژێنێت، هەورەك کۆماری نوێی توركیاش دەبوو جەخت بکاتە سەر تواناکانی خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی بچوکتری نەتەوەیی ئیتنیکی هاوشێوە لەچوارچێوەی سنووری واقیعی خۆیدا.

سیاسەتی دەرەوەی توركیا گۆڕانکاری خێرایی دەرخست لەدوای هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤێت لەکانونی یەکەمی ساڵی 1991دا. ئەم گۆڕانکارییە لەلایەن ڕای گشتی توركی و چاپەمەنیەکانەوە چالاك کرا، کە نیگەرانیان بۆ ونبوونی دووردرێژی ئەو برا تورکانە لەیەکێتی سۆڤێت نمایش کرد، بەهۆی قسە لەسەرکردنی نێو دەوڵەتی هەڵسەنگێنرا و لەسەر پەیوەندییەکانیداهاتووی نێوان توركیا و ئەو کۆمارانەوە (49). بەهۆی بەرژەوەندی پەرەسەند و لە پەیوەستبووندا بەتورکیاوە کە لایەن خەڵکی ئاسیای ناوەند خۆیانەوە دردەبڕێت و بەداوی ((چاودێران))ی دەرەوەدا دەگەڕێن و هەروەها بەهۆی بەرژەوەندی پەرەسەندوی سیاسەتەکانی تورکەوە کە خۆڕاگری زیاتریان سەلماندووە و بەدەست هێناوە لەچاو وەزارەتی دەرەوەی عەقڵیەت تەقلیدیانەی توركیا و لەبەشێکی گەورە لەدامەزراوەی

لەتورکیادا شانازی بەخۆوە کرنێکی نوێ هەیە کەلەو ڕاستییەوە دێت زۆرێك لە جیۆپۆلۆتیکەکان گفتوگۆی دەرکەوتنی هێزێکی نوێی تورکی دەکەن و هەروەك پێشتریش باسکراوە، سەدەیداهاتوو بە ((سەدەی تورکیا)) ناو دەبرێت، ئەم دەربرینەش هەمیشە لەبڵاوکراوە تورکیەکاندا دووبارە دەکرێتەوە. لەبەرئەوەی ((دەسەڵاتی تورکی)) لەجیهاندا هەر لە بەڵقانەوە بۆ ناوچەی خینجانگ پەرە دەستێنێت و لەوانەیە تەنانەت کاریگەری گەورەی بە لەسەر ناسینالیزم لەتورکیا خۆیشیدا هەبێت و سیاسەتی دەرەوەی فرە چالاکی تورکیا بگەشێنێتەوە، لەوانەشە دوادا چوونێکی نوێش بۆ نفوز لەئارادا بێت. هەروەك کامەران ئینانی وەزیری دەورەی تورکیا دەریبڕی (( زەمینەی نێو دەوڵەتی)) گۆڕاو (( سیستەمی جەمسەرەکان کۆتایی هاتووە، تورکیا دەبێ بەپێوانەی ویستی خۆیەوە ڕازی بێت بەوەی کە هێزێکی ئیقلیمییە(50).

لەپایزی ساڵی 1991دا وەزارەتی دەرەوەی تورکیا تیمێکی تایبەتی پێکەوە نا بۆ سەردانی ئاسیای ناوەند بۆ ئامۆژگاری کردن و ڕێ نیشاندان لەسەر چۆنێتی پێکهێنان و داڕشتنی سیاسەت بەرامبەر بەدەرکەوتنی تازەی دەوڵەتانی تورکی لەئاسیای ناوەندا(51). بەدوای ئەوەدا وەزارەتی دەرەوە هێڵەکانی ڕێکخستنی خۆیی نوێ کردەوە بۆ لەخۆگرتنی بەشێکی نوێ لە کاروبارەکانی ئاسیای ناوەندا لەکاتێکدا کەبەشی کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان هێشتا بڕیاری نەدابوو کە ئایا دەوڵەتە ئیسلامیەکانی سۆڤێتی کۆن دەبێ بەشێك بن لە دەزگای کاروباری ئەوروپیەکان).



www.pertwk.com

بەشێوەیەکی نموونەیی، ئەوە ئۆزاڵ خۆی بوو کە لە پێشەنگی هاندانی پەیوەندی نوێ بوو لەگەڵ ئاسیای ناوەندا. ئۆزاڵ بەمەبەستەوە (ئەلما ئەتای) خستە ناودرێژەی بەرنامەکەی خۆیەوە لەسەفەرێکدا بۆ یەکێتی سۆڤیەت لەئازاری ساڵی 1991دا. هەر لەو مانگەدا وەزیری تەندروستی کازاخستان سەردانی ئەنقەرەی کرد و ڕێکەوتنێکی بۆ هاریکارکردن لەگەڵ تورکیادا ئیمزاکرد کە بوارەکانی تەندروستی و دەرمان بەگشتی و بەرهەمهێنانی دەرمان و ئامێر و ئامرازی تری پزیشکی بەتایبەتی دەگرتەوە. تورکیا پێشتر ڕێکەوتنی لەو جۆرەی لەگەڵ ئازربایجان و جۆرجیادا ئیمزا کرد بوو(52) لەبەهاری ساڵی 1992دا سەرۆکی هەر شەش دەوڵەتە مسوڵمانەکانی سۆڤێتی پێشوو، سەردانی دەوڵەتیان بۆ ئەنقەرە ڕاگەیاند. حکومەتی نوێی ژێر سایەی دەسەڵاتی سلێمان دیمیریل کاتی بیناکردن و فراوانکردنی ئەم پەیوەندییانەی لەدەست نەدا، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێشانە لەسەفەرێکی یەك هەفتەیدا بۆ ئاسیای ناوەند لەئازاری 1992 لەگەڵ ژمارەیەکی گەورەی پیاوانی خاوەن کار و تایبەتمەندانی بواری سیاسی و کەلتوری و ئابوریدا ئەو پەیوەندییانەی پتەوکرد لەبەرئەوە بایەخێکی هێجگار گەورە درا بەو کۆمارە نوێیانە لەلایەن دەوڵەتێکی بێگانەوە. لەسەردانەکەیدا لەلەڕووداوەستانێکی ڕاستەوخۆ و بێ وێنەی پێشتردا بەرامبەر بەبەرژەوەندییەکانی ڕوسیا لەناوچەکەدا، دیمیریل دەربارەی ئەگەریدامەزراندنی یەکێتییەك لەنێوان دەوڵەتانی تورکدا دوا و پێشنیاری کرد کە دەشێ کارێکی باشتر بێت ئەگەر ئاسیای ناوەند لەسایەی ناوچەی تێکشکاو بێتە دەرەوە. چەند مانگێك پێش ئەو سەردانە، تورکیا ئیحتماڵیدابین کردنی ڕاهێنانی سەربازی بۆ ئاسیای ناوەندی گفتوگۆکردبوو، بەشێوەیەکی چالاکانە داوای پاڵپشتکردنی پیتە تورکیەکان کرا بۆ هەموو زمانی تورکی ئاسیای ناوەند، هەروەها نەخشەش

ئەمڕۆ بڵاوکراوەی نەتەوەیی و ئایینی لەتورکیادا تا ئاستێکی بەربڵاو وردەکاری هەمە لایەنەی ڕووداوەکانی ئاسیای ناوەند و ئازربایجان بڵاودەکاتەوە. ڕۆژنامەکانی پارتی نەتەوەیی ((ئەلپاسلان تورکسی))، (( یەنی دۆسۆنس))، (( بیری نوێ)) و نەتەوەیی تورک ((تورکیا)) و ڕۆژنامەی ئیسلامی (زەمان) و ڕۆژنامەی گەل ((میللی غەزەتە)) لەو بارەوە لێدوانی پڕ بەهایان هەیە و سیاسەتی ڕۆژنامەییان بەشێوەیەکی بەهێز پشتگیری پەیوەندییە نزیکەکانی تورکیا لەگەڵ ئەو کۆمارانە دەکات و لەگەڵ پشتگیری گشتی بۆ هەموو تورک لە هەر کوێیەك بێت. هەروەها ئاڕاستەی سەرەکی بڵاوکردنەوە لێدوان و ئاخاوتنی نایاب لەبارەی ئەم ناچانەوە پێشکەش دەکات، ئەوەش بەشێوەیەکی بەردەوام لەو لاپەڕەیدا دەکرێت کە تەرخانکراوە بۆ تورکەکانی دەرەوەی تورکیا. جێگای بایەخ پێدانە کە تێبینی ئەوە بکرێت, کەجیاوازی ئەمری واقیع نییە لەنێوان ڕۆژنامە نەتەوەیی و ئیسلامییەکاندا بۆ پشتگیری کردنی تورکەکانی دەرەوە. لەڕاستیدا پارتی نەتەوەیی تورک کەپارتێکی توندڕەوە و ماوەیەکی دوور و درێژیش پارتێکی کەمایەتی دیارو ناسراو بووە، ئیدیعای کردووە کە تێڕوانینە نەتەوەییە درێژخایەنەکانیدامەزرێنەکەی ئێستا بەئاشکرا لەلایەن پێکهاتنی نوێی ئاسیای ناوەندەوە بەهانەی بۆ دەهێنرێتەوە و چەمکی درێژخایەنی عەقڵی سیاسی پان – تورکی نیشان دەدات. تەنانەت بڵاوکراوە پڕ بایەخە نا نەتەوەییەکانیدان دەنێن بەجەماوەرداڕێتی ئەو وتارانەدا کە دەربارەی تورکی دەرەوەی وڵاتن





لەناویشیاندا تورکەکانی بەڵقان. ڕۆژنامەکانی چەپی ناوەند وەکو جمورییەت ڕووبەرێکی کەمتر بۆ ئەم بابەتانە تەرخان دەکەن.

بەرژەوەندی گشتی لەو تورکانەدا کە لەدەرەوەی سنووری تورکیادا دەژین تەنیا یەك شتە. ڕەزامەندی بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەکان بۆ سیاسەتە نوێیەکان شتێکی ترە. ڕای گشتی لەتورکیادا بەشێوەیەکی هەمە لایەنە لایەنگری سیاسەتی دەرەوەی ناسیونالیستی تورکی نییە. چەپ بەردەوام دژی هەر پشتگیرییەکی تورکەکانی یەکێتی شۆڤێت بووە ئەوەش لەسەر بنەمای هەندێ لێکدانەوەی عەقڵی هاتووە. شەپ هەوڵی پەیوەندی باشیداوە لەگەڵ ڕوسیادا و بەشێوەیەکی دروستیش لەوە تێگەیشتووە کە هەر سیاسەتێك کە ئیحای پان تورکێتی بدات دەبێتە هۆی دروستکردنی شەپۆلێکی دژی ئالای سووری کۆمۆنیزم لەبەردەم ئامانجی کۆمۆنیستیدا. دیسان چەپ ترسا لەوەی کە هەر سیاسەتێك کەببێتە هۆی بە ئاگا هێنانەوەی ناسیونالیزمی تورکی لەیەکێتی سۆڤێتیدا لەلایەن ((CIA))یەوە وەرگیراوە وەکو هەوڵدانێك بۆ بەکارهێنانی تورکیا وەکو ئامرازێك لەخەباتی جەنگی سارددا بەدژی یەکێتی سۆڤیەت سەیردەکرێت. تەنانەت چەپی دژی ئیمپریالیست بەشێوەیەکی بەربڵاو دەبڕوانیە ئەوروپا لەپێناوی ئایدۆلۆژیای چەپی خۆیدا، هەروەها بەوجۆرەش دەیڕوانیە گەڕاندنەوەی تورکیا بۆ ڕۆژهەلات پەیوەست بەسیاسەتی نوێی ناسیونالیستەوە کە شتێکی کۆنە پەرستانەیە، بەتایبەتی کاتێ ئەم سیاسەتانە چەندین ئاماژەی وەکو ((خۆڕاگرتنی ئیسلامی)) لەخۆ بگرن کە چەپ سوکایەتیان پێدەکات.

ئەمڕۆ بازنەکانی چەپی ناوەند ئاماژەی ئەوە دەکەن کە تورکیا لەناوخۆدا ئەوەندەی گیروگرفت هەیە کەوای لێدەکات بواری گرنگیدانی بەئاسیای ناوەند لەدەست بدات(53) ئەو بازنانە ئاماژە بۆئەوە دەکەن کەئەم کۆمارانە هەژار و

چەپەکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە سێ سەد هەزار تورکی بولگاری لەناوەڕاستی سالآنی هەشتاکاندا ڕایانکردووە بۆ تورکیا کە بوونەتە هۆی دروستکردنی گیروگرفت بۆ تورکیا بەتایبەتی لەڕووی نیشتەجێ کردن و کارپێکردنەو، لە ئاکامیشدا زۆربەیان هەست دەکەن کەبەگشتی زۆر دوورن لەئەورپیەکانەوە لەچاو پەیوەندییان بەتورکەکانی ئاسیای ناوەندەوە. هەندێ کەس تەنانەت تورکەکانی ئاسیای ناوەند وەکو پێکهاتەیەکی سەرەتای سەیر دەکەن. کە لە ڕووی چینایەتیەوە ئەو جوتیارانەن کە بەئاستەم خاسێتی بەئەوروپی بوونیان هەیە و جوتیاری ئەنادۆڵین کە ئێستا دەرژێنە شەقامەکانی ئەستەمبولّ و ئەنقەرەوە، بەلآم سەبارەت بەم جۆرە هەستکردنانە تورکیا ناتوانێت کەمتەرخەمانە بمێنێتەوە سەبارەت بەپەرەسەندنەکانی ئاسیای ناوەند و بەرژەوەندییەکانیان کەدەشێ لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا پەرە بسەنێت. هەروەك بیرمەندێکی تورك ئاماژەی بۆ کردووە (( بۆ تورکەکان وروژاندنێکی گەورە بوو کە بزانن چیتر لەدنیادا بەتەنیا نین)).

هێشتا ئەم ناڕەزاییان بێ بنەمانین. بارودۆخی ئابوری تورکیا و کەموکورتی لەڕادەبەدەری و هەلآوسانی بێسنووری فراوان دەبێت, ئێستا بەڵێن و ئیلتیزامی تورکیا بۆ ئاسیای ناوەند دەگاتە (52) ملیۆن دۆلار بۆ چەند سالّیداهاتوو. مایەی پرسیارە داخۆ تورکیا دەتوانێت ئەم ئیلتیزامانە جێبەجێ بکات بەبێ کەمکردنەوە و سوو ك کردنی لایەنە پێویستەکانی تری ئابوری. تورکیا لەوانەیە یان پەی بەبێ توانایی خۆی ببات بۆ جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی بەدەوڵەتانی ئاسیای ناوەند، یان دەشێ خۆی وابببینێت کە



www.pertwk.com

فێڵی لە سنوورەکانی توانای خۆی کردوووە. ئەمە بەشێکی سیاسەتی حکومەتەکەی دیمیریلە کە لە بەرێوەبردنی کار و دەسەلآتدا هاوبەشە لەگەڵ پارتی چەپی ناوەندا کەئەوەش بەدەگمەن بنەمای یەکێتییەکی نەتەوەیی بەهێزی هەیە. ئەوەی دەمێنێتەوە کەببینرێت ئەوەیە کە چۆن حکومەتێکی زۆر نەتەوەیی دەشێ خۆی لە نێو چوارچێوەی سیاسەتی پان – تورکێتیدا ببینێەوە.

ناتوانرێت مەودای درێژتریداهاتووی سیاسەتی تورکیا بەشێوەیەکی پڕ دڵنیاییەوە تەئکید بکرێت بەتایبەتی لەسایەی بەرەو پێشەوە چوونی زۆر خێرای هەلومەرجەکانی دوای جەنگی ساردا. دەرکەوتنی تورکەکانی جیهان لەچینەوە بۆ بەڵقان، هەروەك لەوانەیە مەنگۆلەکانی چینیش کەبەئاستەم پەیوەندییان بەتورکەکانەوە هەیە دەشێ هەستی نەتەوەیی تورك بجولێنن، بەتایبەتی ئەگەر ڕەفزکردنی ئەوروپا بۆ هەر پەیوەستبوونێکی تورکیا بەکۆمەڵەی ئەوروپاوە ڕووبدات. دەرکەوتنی سەرکردایەتیەکی نوێی نەتەوەیی تورکی دەتوانێت بایەخێکی گرنگتر بداتە تورکەکانی دەرەوەی لەچاو هەرکام لە وسیاسەتانەی کەلە سەردەمیدامەزراندنی کۆماری تورکیاوە پەیڕەو کراون. دیسانەوە ئاشکراکردنەوەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و داننان بەوەدا کە هەموو شتێکی ئەو ئیمپڕاتۆرێتە خراپ نەبووە، خزمەتی وروژاندنی بەرژوەندی و بایەخدان دەکات لەناوچەکانی پێشتری ژێر سایەی دەسەلآتی ئەو ئیمپڕاتۆرێتە سەرباری نفوزی کەلتوری ئیمپڕاتۆر لەسەری).

بێگومان ئەم پەیوەندیە نوێ یانە بە تەنیا ناوەستنە سەر تورکیا. تورکەکانی ئاسیای ناوەند خۆیان کاریگەریەکی لە بەرچاویان دەبێت لە سەر ئەوەی کە تورکیا چۆن سەیری ناوچەکە دەکات. لەم قۆناغە دا تورکەکانی ئاسیای ناوەند هێشتا سەر گەرمی پرۆسەی خۆ سەلماندنن. سەرباری ئەوەی

سەرباری بەئاشکرا دەرکەوتنی ئەجندەیەکی نەتەوەی لەهەموو کۆمارەکانی ئاسیای ناوەندا لەپێش لەبارچونی کودەتای ئابی ساڵی1991 دا لەمۆسکۆ، کە لە کۆتایی هەمان ساڵدا یەکێتی سۆفیەتی هەڵوەشاندەوە _ کۆمارەکان بەئاستەم ئامادەییان هەبووە بۆ سەربەخۆی، سەربەخۆیش لەوە خێراتر هات کەئەوان ئارەزوویان دەکرد، ئەوەش بەکۆمەڵێ گیروگرفتی نوێ ولەبەردەم کۆمەڵێ بریاردا بەجێیهشتن، کەزۆر باشتر بوو لەقۆناغی درێژی گواستنەوەدا پێیانەوە خەریك بن. سەرۆکەکۆمەنیستەکانی پێشتری هەموو کۆمارەکان پێیان پەسەند بوو بەلایەنی کەمەوە هەندێ شێوەی ڕێکخستنی کۆنیان بپارێزن بۆکەڵك وەرگرتن لەیەکێتییەکی ئابوری ناپەیوەستدا. لەبەرئەوەی ئەو سوودانەی کەجێگای بروا پێبوونن لەهەر جۆرە یەکێتی یەکی رەسمی ئابوریدا لەگەڵ تێپەربوونی هەر ڕۆژێکدا بچوکتر دەبنەوە، هەروەك لەبەرئەوەی رووسیای سەردەمی یەڵتسن زیاتر دەگەڕێتەوە بۆسیاسەتی یەکەمی روسیا، ئەم کۆمارانە زیاتر بە ئابوری خۆیانەوە بەجێدەهێلرێن و داوایان لێدەکرێت کە پەیوەندی یە ئابوریەکانی خۆیان بۆداهاتوو بنیادبنێن. بەڵام ئایا پێویستە هەریەکەیان بۆخۆی جیا بێت یان پێکەوە یەکبگرن بۆ پێکهێنانی شێوەیەك



www.pertwk.com

لەپێکهاتنی تورکستانی گەورە ؟ ئێستا بیرکردنەوە لە گۆرانی بەردەوامدایە. زۆربەی ئەم کۆمارانە هێشتا لەژێر سایەی دەسەڵاتی پێکهاتەکانی پارتی کۆمۆنیستی پێشتردان کەئێستا وەکو سەرکردایەتی نەتەوەی سازدەکرێنەوە کەبەشێوەیەکی دیاری کراو نەتەوەییانە دەردەکەون کەلەو ئاقارەشدا بەدوای باشترین بەرژەوەندییەکانی کۆمارەکانی خۆیاندا دەگەرێن. بەڵام ئەمان بەتوندی لەلایەن ئەو پارتە نەتەوەیە دەمارگیرانەوە دژایەتی دەکرێن کەململانێی دەسەڵات دەکەن وئاسایی بەرنامەیەکی فراوانی چاکسازی دەجولێنن وزۆر دژی مۆسکۆن. ئەگەر پارتەنەتەوەیەکان لەئاکامدا دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت لەکۆمارە جۆراوجۆرەکاندا دەبێت ئاستێك دیاری بکەن کەبەپێی ئەوە بەدوای جۆرە فیدراسیۆنێکی تورکستانیدا بگەرێن. ئەمەش لەوانەیە بۆبە تەواوەتی خۆ بەستنەوەیان بێت بەتورکیاوە.

تائەم بەرواره سەرکردایەتی نەتەوەییە کۆمەنیستە کۆنەکان کەلەکۆمارەکانی ئاسیای ناوەند بێجگە لە قیرجیزیا کەدەسەڵاتیان لەدەستدا ماوە. بەشێوەیەکی سەرەتاییانە لەبەردەم فشاردان. بەڕاستیش لەبەردەم مەسەلە زۆر پراگماتیکیەکانی پەیوەندییە ئابوریەکانی ئایندەی کۆمارەکانیاندان لەگەڵ کۆمارەکانی پێشتری یەکێتی سۆفیەت وهەروەها لەگەڵ دنیای دەرەوەشدا. بێگومان تورکیا بایەخدەری سەرەکیە بەتورکەکانی ئاسیایی ناوەند وهەروەها نمونەیەکیِ زۆر ڕاکێشەرە لەرووی ئابوری و هەروەها لەروی کەلتوریشەوە(54).

بەڵام تورکیا تاکە سەرچاوەی بایەخ و بەرژەوەندی ئەوان نییە، بەڵکوئەوان کەڵك وەردەگرن لە پەیوەندیاندا بە دەوڵەتانی ئابوری پەرەسەندوی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە بەتایبەتی کۆریاو یابان. ئەمان لەرابوردودا پەیوەندی ئابوریان لەگەڵ هیند هەبووە کە دەشێ ئەو پەیوەندییە دروست بکرێتەوە، هەروەها هەوڵی

ئاڕاستە کردنیداهاتووی سیاسەتی دەرەوەی ئەم کۆمارانە هێشتا لە بەرەو پێشەوە چوندایە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کەپارێزگاری پەیوەست بوونی بەهێزی کەلتوری و عاتیفی دەرونیان لەگەڵ تورکیا دا دەکەن، هەروەها پەی بەوەش دەبەن کە نابێت هیچ کام لەو دەروازانەی تریان دابخەن. ئەوان بە ئاگان لە سنورداریێتی سەرچاوەکانی تورکیا. هەروەها ئەو جیۆ پۆلەتیکەش دەناسن کە لەپلەی یەکەمدا ئاماژە بۆ گرنگی لە ڕادە بەدەری ئێران دەکات وەکو تاکە ڕێگایەکی وشکانی بۆ سەر کەنداوی فارس و بۆ خودی تورکیاش خۆی. سەر باری لایەنگری و پەسەند کردنی ئاشکرای ئەمریکا بۆ تورکیا لە چاو ئێراندا وەکو نمونەیەك بۆ پەرەسەندنی ئاسیای ناوەند، هیچ کۆمارێکی ئاسیای ناوەند ناتوانێت خۆی بخاتە بەردەم ئەو بەر پرسیاریێتی یەوە کەواز لە پەیوەندی ئێران بهێنێت.

نوخبە (هەڵبژاردە ) لەو کۆمارانەدا پەی بەوە دەبات کە ئەوروپا گرنگی‌یەکی نا جێگیری ئابوری هەیە بۆیان. لە بەر ئەوەی ئەگەر تورکیا خۆی ڕێگای چوونە ناوکۆمەڵەی ئەوروپی پیٚ نەدرێت، چۆن تورکیا دەتوانێت ئاسان کاری بۆ دروست کردنی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەوروپادا بکات ؟ هەروەها دەوڵەتانی تری وەکو هیند ئەم کۆمارانە ئاگادار دەکەنەوە کە خۆیان بە لایەنی ئایدۆلۆژیاوە خەریك نەکەن چی لە ڕووی ئیتنیکی یەوە بێت یان لەڕووی ئاینی یەوەو نەبەسترێن بەهیچ جەمسەرێکەوە چونکە ئەوە دەبێتە



www.pertwk.com

دژی پاڕاستنی پەیوەندی‌یە نزیکەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا. هەروەها چینیش دادەنرێت وەکو هاوبەشێکی گرنگی ناجێگیری بازرگانی بەتایبەتی بۆ بەکارهێنانی کالاّ، لە کاتێکدا بەشەکانی تری ڕۆژهەلاّتی ئاسیا نمونەیەکی بەرزی پەرەسەندنی سەرکەوتووە لەجیهاندا. هاوشێوە بوونی نزیك لەگەڵ تورکیادا شتێکی دەرك پێکراوە بۆ هەڵگرتنی هەمان شێوازی بەر لە پێگەیشتنی ئەمریکا، ئەوەش شتێکی حەز لێنەکراو نییە، بەڵکو لەچاوی زۆر لە ئاسیای ناوەندەوە ئاڵۆزکردنی ئیختیارەکانی ترە، ئەگەر ئیلتیزامکردنی بێتە شتێکی توندو تیژ. بە وشەیەکی ترو لەم ڕووەوە ئەوان حەز دەکەن هەموو ئیختیارەکان بە کراوەی بهێڵنەوە زیاتر لەوەی کەخۆیان لە دەرەوەڕا ببەستن بە تورکیاوە.

لە سایەی ئەم بارودۆخەدا، هێشتا تورکیا ناگات بە ئاستی مۆنۆپۆلی یان نابێت بە خاوەنی ئیمتیازی تایبەتی لە ئاسیای ناوەندا سەرباری دەرکەوتنی. لە ڕاستیدا سەرکردایەتی ئاسیای ناوەند بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی سوود وەرگرێت لە هەر پەیوەندیەك کەزۆر کاریگەر بێت لە بەرەو پێش بردنی پەرەسندنی ئابوریدا. بۆ نموونە سەرباری ئاڕاستەی ئیسلامیانەیان، ئازربایجان و قرغستان پێشتر هەندیٚ پەیوەندیان لەگەڵ ئیسرائیل دا دروستکردووە، ئەوەش کەوتۆتە سەر کەموو کورتی‌دان پێدانانی تەواوەتی دیبلۆماسیانە. ڕاوێژکاری سەرەکی سەرۆك کەریمۆفی ئۆزباکستان تەنانەت بێزاریش بوو لە کاتی گفتوگۆیەکدا لە مایسی ساڵی 1991 دا کاتیٚ ڕۆژنامەنووسەکە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئۆزباکستان دەوڵەتێکی موسوڵمانە. ڕاوێژکاری کەریمۆف وەلاّمی ئەو قسەیەی‌دایەوەو گووتی ئۆزباکستان دەوڵەتێکی لەوەزیاتر مسوڵمان نییەٍ کە ولاّتە یەکگرتووەکان بە دەوڵەتێکی مەسیحی ناودەبرێت. هەروەها ڕاوێژکاری کەریمۆف وەها بیری نەکردەوە کە

www.pertwk.com

بەڵام دووای تێپەڕ بوونی ماوەیەکی درێژ ترو لە ڕاستیدا دەشیا تورکیا بازاڕێکی سروشتی بدۆزێتەوە، ئەویش نەك تەنیا لە ئاسیای ناوەندا بە ڵکو لە ڕوسیا خۆیدا. هەروەها تورکیا پێشتر بایەخدانی ڕوسیای بەلای خاسێتی ئابوری خۆیدا ڕاکێشاوە کە ((پیرسیترۆیکا )) یەك بوو لەژێرسایەی دەسەڵاتی ئۆزاڵدا لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا کە ئەویش دامەزراندنی باری ئاڵوگۆری ئازادو کەمتر کردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و پرۆسەی تایبەتمەند کردن و ئاڕاستەی ناردنەدەرەوەی نوێی ئابوری لە خۆ دەگرت. خاوەن کارەکانی تری تورکیا هەرچەندە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کەبازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاسدا لە بارێکی ناجێگیری تەواو دایە، بەڵام بازرگانی لە ئاسیای ناوەندا هێشتا مەسەلەیەکە لە بەردەم ئەگەری زۆردایە چونکە بە شێوەیەکی تەواوی ئابوری و ڕێژەیەکی هاوشێوە لە هەژاری لەو کۆمارانە دا و نادڵنیای و گومان بەرامبەر بە دامەزراوە نوێیە ئابورییەکان ئامادەن. هەر سەر کەوتنێکی تورکیا لە یەکێتی سۆڤێتی پێشوودا بە ڕاستی تەنیا کاتێ دەگاتە ئەنجام کە کۆمپانیاکان پێکەوە کۆببنەوە بەمەبەستی هەوڵدان بۆ کردنەوەی ناوچەی بازرگانی نوێلە دەوڵەتانی خێرا پەرەسەندوی پێشتر کۆمۆنیستدا.

بەرژەوەندی تورکیا لە ئاسیای ناوەندا دیسان فراوان دەبێت بۆ ئەو دیووی سنووری دەوڵەتانی پێشتر سەر بە یەکێتی سۆڤێت و دەگاتە تورکستانی پێشتری چین و هەرێمی نینجانگ لە چین. دانیشتوانی ئەم هەرێمە لە بنەڕەتدا تورکی یۆگارین وUighur نزیکەی شەش ملیۆن کەسن و بە شێوەیەکی توند مە یلیان بەلای تورکیاو ئیتنیکە تورکەکانی تری ناوچەکەدا هەیە، هەروەها لە ژێر فشاری بەهێزی ئیتنۆگرافی چیندا هەست بەوە دەکەن کە لە تورکەکانی ئاسیای ناوەند ئاڕاستەی بەرەو تورکیایان هەیە. دەسەڵاتدارانی چین نەك هەر



www.pertwk.com

توانای تەواوی تواندنەوەو لە نێو بردنی ئەم تورکە یۆگاریانەیان نییە، بەڵکو بە تەواوی بەو کارەیەوە سەر قاڵ بوون. بینجانگ بۆ ماوەی دوورو درێژ ژمارەی زۆری ئەندامانی (هات چینی) گواستۆتەوە بۆ ئەم هەرێمە هەتا بەشێوە یەکی لە بەرچاو هاوسەنگی دیمۆ گرافی بگۆڕێت، ئەمەش کاردانەوەیەکی توندو تیژی لای یۆگارەکان دروست کردووە، یۆگار بەتایبەتی پەرۆشی ئەوەن کەسەرچاوەی دەرەکی بدۆزنەوە تا پشتگیریان بکات بۆ یارمەتیدانی دورخستنەوەی ئەم هەڕەشە ترسناکە دیمۆگراڤیە. تورکیا یەکێکە لەو هەڵبژاردە زۆر ئاشکرایانە. بەڵام ئایا تورکیا ئاواتەخوازی دواکەوتنی ئەم ئاڕاستە سیاسیە یە، یان داخۆ پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ بینجانگ دا زیاتر پتەو دەکات ؟

بەرژەوەندی تورکیا هێشتا زیاتر بە ئاڕاستەی ڕۆژهەلات دەڕوات مۆنگۆلیا کەئێستا پاش چەند سەد سالێك ئاهەنگی یەکەمی سەربەخۆیی ڕاستە قینەی خۆی دەگیرێت، دیسان بایەخ دەدات بە دۆزینەوەی هاوپەیمانان بۆ یارمەتیدانیچاککردنی هەلوێستی زۆر ئاشکرایخۆی لە نێوان دووهێزی گەورەی ڕوسیاوچیندا کەلەکاتی جۆراوجۆردا بەتووندی دەسەڵاتیان بەسەر مۆنگۆلادا هەبووە. تورکیا هەمیشە وای داناوە کە مۆنگۆلەکان لەڕووی ئیتنیکی یەوە نزیکن لەتورکەوە ناوی مۆنگۆلەکان تەنانەت تاکو ئەمڕۆش لەنێو تورکەکاندا ناوێکی میللی یە (ئاشکرایە). مۆنگۆلیەکان وەکو یەکێك لەوچەند هێزە دوورە سەیری تورکیا دەکەن کەبەشێوەیەکی ئاشکرا یارمەتی خوڵقاندی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندیکردن دەدات بۆ پشتگیری کردنی دڵنیاکردنی سەربەخۆیی مۆنگۆلیەکان ئەم جۆرە بیرکردنەوە جێۆپۆلە تیکی یە هێشتا تاقی نەکراوەتەوە و تورکیاش بەو ئەندازە کەمەی کە خۆی گونجاندووە لە واقیعی نوێی ئاسیای ناوەندا، زۆر لەوە کەمتریش خۆی گونجاندووە لە

پەیوەندی نوێی تورکیا لەگەڵ ئاسیای ناوەنددا بێ لە ڕوودا وەستانی ئێرانی ناڕوات لە داهاتوو دا. ئێران نفوزێکی سیاسی و کەلتوری بەسەر ئاسیای ناوەنددا بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ هەبووە. ئەگەر زمانی بەڕێوە بردن لە ئاسیای ناوەنددا بە شێوەیەکی سەرەکی زمانی تورکی بوو بێت، ئەوا زمانی ڕۆشنبیری هەتا سەردەمی سۆڤیتی زمانی فارسی بووە. زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئاسیای ناوەند بە شێوەیەکی تەقلیدیانە دوو ئاڕاستەیی بوون لە ڕۆشنبیریدا ئەویش تورکی و فارسی. ئێرانیش لە ڕووی ئامادەبوونەوە هاوسێ و هاو سنوری ئاسیای ناوەندە نەك تورکیا. ئێران بڕوای وایە کەدەسەلاتێکی کەلتوری سروشتی لە ئاسیای ناوەنددا هەیە. لە ژێر سایەی ئایەتوڵای خومەینیدا ئێران دەستیدایە پڕو پاکەندە کردن بۆ شۆڕشی ئیسلامی لە ئاسیای ناوەنددا. ئەمڕۆ بە ڕژەوەندیەکی بەربلاو لە دروست کردنی نفوزی سیاسی و ئابوریو کەلتوریدا لەو ناوچەیە دا هەیە. ئەو نفوزەش لە تاجیکستان کاریگەرترە کاتێ زمان لەوێ زۆر نزیکە لەزمانی فارسیەوە. زۆر بەی تاجیکیەکان هەوڵدەدەن جەخت لەسەر بوونی ڕەگ وڕیشەی ئێرانێتی خۆیان بکەن بۆخۆجیاکردنەوەیان لەو دەریای تورکەی دەورەیداون.

ئێران سەرباری پەیوەست بوونی بەئیسلامی سیاسییەوە، لەڕاستیدا پڕۆژە ڕێبازێکی زۆر وریایانەی بۆئاسیای ناوەند لەسالآنی داهاتودا داناوە، ئێران خۆی لەپشتگیری کردنی ئاشکرای سیاسەتی ئیسلامیانەی ناوچەکە دوور خستۆتەوە. بلاوکراوەکانی ئێران بەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر ڕێگایان لەو بابەتە گرتوە و واش دەردەکەوێت کەبەڵگەی زۆر کەم لەبەردەستدابێت لەسەر



www.pertwk.com

چالاکی ئێران وادەردەکەوێت کەزۆر ئارەزومەندی بەدواداچونی پەیوەندی دەوڵەت بۆدەوڵەت و پەیوەندی ئابوریانەیە. ئەمەش ئەوەناگەیەنێت کەناشێت ئێران لەداهاتودامەیلی پشتگیری کردنی گروپە ئیسلامیە نەیارەکانی لەحسابکردنی سیاسیانەیداهاتودا نەبێت. بەلآم ناردنە دەرەوەی شۆڕش لەمردنی خومەینییەوە لەدەرکەوتنی ئاسیای ناوەندی سەربەخۆوە ڕاوەستاوە, تایبەتمەندانی ڕوسیا لە ئاسیای ناوەنددا دەڵێن : بەڵگەی زۆر بچوك لەبەردەستدایە لەبارەی دەوری خراپی ئێرانەوە لەم ڕۆژگارەی ئەو هەرێمەدا ولەڕاستیدا دەڵێن کە ئێران وادەردەکەوێت کەمەرج وبەندی لەسەرخۆیدانابێت لەچاو تورکیادا لەڕوانگەی ڕۆیشتن بەدوای بەرژەوەندییەکانیدا لە ئاسیای ناوەنددا.

پێشبرکێی ئێران لەگەڵ تورکیادا لەئاسیای ناوەندا دەشێ لەداهاتودا ببێتە ململانێیەکی زیاتر ئایدیۆلۆژیانە ئەگەر پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ تورکیادا لەشوێنانی ترهەرەس بهێنێت بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی ئازەربایجان. لەو حاڵەتەداسیاسەتی ئیسلامیانە دەشێ یەکێك لەو ئامڕازانە بێت کەئێران بەکاریان بهێنێت بۆدژایەتی کردنی نفوزی تورکی واتە نفوزی ڕۆژئاوایی یان واشنتۆنی لەناوچەکەدا. ئێران پێویستی بەوەیە بەئاگابێت سەبارەت بەبەدواداچونی ڕێگای ئایدۆلۆژیانە لەهەر بارودۆخێکدا لەبەر پەیوەست بوونی بەربلاوی بەبەشێك لەسەرجەم سەرکردایەتی ئۆپۆزسیۆنی نائاشکرای ئیسلامی ئاسیای ناوەندەوە. سەرباری ئەوەی کەئێران بەئاشکرا وەکو دەسەلاتێکی شیعە دەناسرێت و ئاسیای ناوەندیش بەشێوەیەکی سەرەکی سونەن ئێران بڕوای وایە کە ڕوانینی بۆئیسلامی بەسیاسەت کراو پەیوەندی هەیە بەهەموو مسوڵمانانەوە. سەرباری ئەوەش ئێران لەپێشبڕکێیەکی توندایە لەگەڵ عەرەبستانی سعودیدا _ کەنەیاری سەرەکی

www.pertwk.com

روسیا لەڕووی مێژووییەوە بەرامبەر بە ئیسلام لەباشووریدا توڕەیەو، هەستێکی توندوتیژی هەبوو بەرامبەر بە هەر ئاراستەیەکی پان – تورکێتی یان ئیسلامی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بەلشەفیکدا. ئەم حاڵەتە هەرچەندە کەم بۆتەوە، بەڵام بەردەوامە، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتانی ئاسیای ناوەند بەتەواوی سەربەخۆش بن. لەکاتێکدا کە روسیا بەشێوەیەکی سەرەتایی خاوەنی ئەو زەمینەیە بوو کە بۆ یەکەم جار بەسەر نفوزی تورکیدا لە ئاسیای ناوەندا بەخشندانە مامناوەند دەربکەوێت. ئێستا ئەو ڕوانیانە دەگۆڕێن چونکە تورکیا بەشێوەیەکی زۆر دوژمنکارانە دەجوڵێت بۆئەوەی جێگای نفوزی روسیا لەبوارەکانی ئابوری و بازگانی و سیاسی و تەنانەت سەربازیشدا بگرێتەوە.

هەندێ لەروسەکان بەتایبەتی ئەو مەسەلەیە وادەردەبڕن کەدەشێ ئەنقەرە بووبێتە ئامرازی هەڵبژێردراوی واشنتۆن بۆ نفوز پەیداکردن لەئاسیای ناوەندا یان بۆ دەرکردن و بەلاوەنانی نفوزی روسیا. بۆ هاوسەنگ کردنی ئەم هۆکارەی تورکیا، روسیا زۆر بە پەرۆشەوە دەڕوانێتە ئێران و تەنانەت فرۆشتنی پێداویستی سەربازی زیاتری ڕەوانەی ئێران کردووە لەکاتێکدا کە روسیا

لەلایەکی ترەوە روسیا لە گەیشتنی فاندەمێنتالیزم بۆ ئاسیای ناوەند دەترسێت وەکو ئەوەی ببێتە سڕەرەوەی پلە و پایەی ئەو لەهەرێمەکەدا. ئەگەر تورکیا بتوانێت وەکو هێزێکی سەقامیگری دروستکەر و پاڵپشتکەری ئاراستەی علمانیەت خزمەت بکات بۆ سیاسەت، ئەوا ئامادەبوونی بێ پێشوازی نابێت. بەڵام لەڕوانینی روسیاوە سیاسەتە دوژمنکارییە پان – تورکێتی یەکانی زۆر باشتر نین لەدەستدرێژی ئیسلامیەکان ئەگەر تۆڕی کاریگەری بۆ بەلاوە نانی نفوزی روسی بێت لەسەر ئیتنیکیەت ئەگەر زەمینەی پاشخانی ئایینی بوونی نەبێت.

## تورکیا و قەوقاز

قەوقاز هەرێمێکی ترە کەئەمڕۆ سیاسەتێکی ناجێگیر دەیجوڵێنێت، کە پێشتر ئەم هەرێمە بەگشتی هێمن بووە– لەڕاستیدا ئەم هەرێمە ناپەیوەستە – بەبەرژوەندی و بایەخ پێدانی تورکەوە هەر لە سەردەمی دروستبوونی ئیمپڕاتۆیەتی بەلشەفیکەوە. ئەمڕۆ هەرێمی قەوقاز بەوپەڕی هێزی بزوتنەوە نەتەوەییە ناکۆکەکانی نێوان سێ دەوڵەتی نوێی سەربەخۆوە دەرکەوتووە. کەئەو دەوڵەتانەش بریتین لە ئەرمینیا و جۆرجییا و ئازربایجان. هەریەکە لەم دەوڵەتانە بەدوای هاوپەیمانی دەرەکیدا دەگەڕێت: تەنیا تورکیا و ئێران لەبەردەستدان بۆئەوەی ببنە ئەو هاوپەیمانە دەرەکیە. تەنیا تورکیاش



www.pertwk.com

دەتوانێت وەکو پانتاییەکی زیندووی وشکانی خزمەت بەرۆژئاوا بکات. گەروەترین مانا و ناوەڕۆکی ئەم پەرەسەندنانە بۆئەوەیە کە تورکیا بخاتە ململانێوە لەگەڵ ئێراندا، تەنانەت ئەگەر ئەنقەرە خۆی بەربەست لەبەردەم ئەم کارەدا دروست بکات.

## ئەرمینیا

سەربەخۆبوون بەخێرایی ئەرمینیای بەرە و رێگایەکیداخراوی ستراتیژی ترسناك بردووە. بەلایەنی کەمەوە بۆماوەی دوو سەدەیە ئەرمینیا وەکو پارێزەری خۆی سەیری روسیای کردووە، بەتایبەتی لەبەرامبەر تورکیادا. ئێستا ئەرمینیای سەربەخۆ ڕووبەڕووی واقیعی دژایەتی کردن دەبێتەوە لەلایەن تورکە دوژمنکارەکانی ئازربایجان لەلایەك و تورکیا و سزا تەقلیدیەکانی لەلایەکی ترەوە. هەروەها ئەرمینیا وا لە مۆسکۆ تێدەگات کە هیچ سۆز و مەیلێکی بەلای بەرژەوەندییەکانی ئەرمینیادا نەبێت و لایەنگری نەکات لەململانێ‌یدا بۆ ئۆتۆنۆمی ناگۆڕنا کەرەباخی هەرێمی ئەرمینیا کەکەوتۆتە ناو سنووری کۆماری ئازربایجانی دراوسێوە. ئەرمینیا کە کەوتۆتە ناو سنووری کۆماری ئازربایجانی دراوسێوە. ئەرمینیا بڕوای وایە گورباچۆف توڕە بووە لە بایەخپێدانی نادروستی ساڵی 1987ی ئەرمینیا بەناگۆرنۆ کەرەباخ لەوساڵەدا. کە لەو پرۆسەیەدا لەڕووی ئازربایجانیەکاندا وەستا. هەر لەئەنجامی ئەوەشدا یەکەم هەنگاوی گرنگی هەڵنا بەئاڕاستەی دوا هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکێتی‌یەی نێوان ئیتنیکە جیاوازەکانیدا.

ئەرمینیای دوای بەڵتیك یەکەم کۆمار بوو کە ئارەزووی چەسپاوی خۆیی بۆ سەربەخۆیی لەو یەکێتی‌یە ڕاگەیاند بەڵام ئەو سەربەخۆییە بەوریاییانە

بەڵام هەر لەسەرەتای پرۆسەی سەربەخۆبووندا, سەرکردایەتی نوێی ئەرمینیا لەسایەی دسەڵاتی سەرۆك لیڤۆن تێروپترۆسیاندا گەیشتە پەیبردن بەوەی کەلەڕاستیدا ئەڵتەرنایتڤێکی لاوازی هەبوو بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا. هەنگاوە دوو لایەنە کاریگەرەکانی دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەنێوان هەردوو وڵاتدا بەرێگای خۆیاندا نەدەڕۆیشتن تاکو چڕبوونەوی توندوتیژی لەکەرەباخدا نەوەستایەوە, لەوانەشە بەشێوەیەکی بێگیان ئەو پرۆسەیەی هەرەس پێهێنابێ, لەنیسانی 1991دا باڵیۆزی تورکیا ڤۆڵکان ڤۆرال بەسەرۆکایەتی شاندێکی بەرزی تورکی سەردانی ئەرمینیای کرد بەمەبەستی گفتوگۆکردن بۆ چاککردنی پەیوەندییە دوولایەنیەکانی نێوانیان (58) ڕەشنووس و ڕێکەوتنێکی باشی هاوسێیەتی و , هەروەها ڕێکەوتنێك بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی ڕاستەوخۆ لەسنوورەکانەوە و کردنەوەی ڕێگایەکی سەرەکی لەنێوان هەردوو وڵاتدا دڕێژرا(59) هەر دوو لا دەرکیان بە پێویستبوونی دەسەڵات کردن بەسەر بەربەستە دەرونیەکانی نێوان هەردوو گەلدا کرد کە ئەو بەربەستانە لەقەسابخانەی ئەرمینیەکانەوە لە ڕۆژهەلاتی تورکیادا لەجەنگی جیهانی یەکەمەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم



www.pertwk.com

هەستی دوژمنکارییانە تەنانەت لەناو ئەرمەنییە کۆچپێکراوەکاندا بەهێزترە لەچاو ئەو ئەرمینیانەی لەئەرمینیا خۆیدان, لەناوخۆی ئەرمینیادا لەچاو ئاستی واقیعیەت لەبارەی تورکیاوە ئەوە دەخوازێت کەئازارەکانی ڕابردوو بەلاوە بنرێت لەپێناوی خەریك بوون بەڕاستییەکانیداهاتووەوە. تەنانەت لەسەرەتای ساڵی 1991دا, هێشتا شتێکی ڕەتنەکراوە بوو کەئەرمینیا توانی بەواقیعیداوا لەدەزگا باڵاکانی تورکیا بکات بۆئەوەی ناوبژی لەنێوان ئەرمینیا و ئازربایجاندا بکات لەسەر کێشەی کەرەباخ. داواکارییەکانی لەم جۆرە تورکیای خستە بەردەما هەڵوێستێکی قورسەوە. ناسیونالیستەکانی تورك دەشێ داوای ئەوە بکەن کە تورکیا بەتەواوی پشتگیری ئازربایجانیەکان بکات لەهەر ناکۆکیەکدا. لەلایەکی ترەوە تورکیا بۆدەرخستنی هەندێ پەیوەندی باش لەناوچەکەدا, دەبوو دەسەڵاتی بەرفراوانی تورکیا لەهەرێمی قەوقازدا بەتەواوی بەهێز بکاتەوە. بۆ دەنگدان لەسەر ئەم مەسەلەیە دەبوو ناسیونالیستە توندڕەوەکانی تورکیا بەشێوەیەکی گشتی بخرانایەتە پەراوێزەوە. لەڕاستیدا لەکۆتایی ساڵی 1991دا تورکیا بەشێوەی نووسراو حکومەتی ئازربایجانی ناچارکرد کە بچێتەوە بەبڕیارەکەیدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆنۆمی کەرەباخ ئەوەش وەکو هەنگاوێك بەمەبەستی کەمکردنەوەی قەیرانەکە. بەڵام پەیوەندی نزیکی ئەرمینیا و تورکیا بۆئەوە نەبوو کەئازربایجان. بجوڵێنێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی سەربازی (زۆرلاوازی خۆی) لەدەوروبەری کەرەباخ ئەرمینیا خۆی لەبەهاری1992دا دەستی کرد بەدەرکردنی هەموو ئازربایجانیەکان لەناو کەرەباخدا کەئەوەش قەسابخانەی گوندێکی ئازربایجانی لێکەوتەوە بۆ دابین کردنی ڕاڕەوێك بۆ پێداویستی و هۆیە سەربازییەکان لە هەرێمی ئازربایجانەوە بۆ کەرەباخ, هەروەها بۆ هەڕەشەکردنی سەربازی لەهەرێمی ئۆتۆنۆمی ناخچەڤانی (ناوئەرمینیا)ی

ئێستا زۆر زەحمەتە تورکیا لەو ململانێیەدا بێ لایەن دابنرێت، بەڵام هێشتا وەکو هاوپەیمانێکی ڕاستەقینەی ئەرمینیا دەرنەکەوتووە. تورکیا لەگەڵ ئازربایجان چەند ڕێکەوتننامەیەکی ئیمزاکردووە بۆ پێشکەش کردنی ڕاهێنانی سەربازی، هەروەها خەریکی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ باکۆدا. دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن بەرەی میللی دژە – کۆمۆنیستی ئازربایجان و ناسیونالیستەوە لەکۆتایی بەهاری 1992 بوو بەهۆی هێنانی حکومەتێکی هێجگار مەیل ناسیونالیستانە بۆ سەرکورسی دەسەڵات و ئەوەش چارەسەر کردنی کێشەی قەرەباخی قورستر کرد. جەنەراڵ شاپۆشنکۆڤی سەرۆکی دەستەی فەرماندادری سەربازی روسیا بەشێوەی وریاکردنەوە ڕایگەیاندووە ئەگەر تورکیا لەڕووی سەربازییەوە بچوایەتە ناوەوە ئەوا کێشەکە دەبووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی سێیەمی جیهانی. سەرباری پێوەنانی زۆری، ئەم قسەیە هەڵوێستی روسیا نیشان دەدات سەبارەت بە گرانی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و شیانی خۆتێهەڵقورتاندنی هەریەکە لەئێران و تورکیا.

هەروەها دەشێ هاوسنووری نێوان تورکیا و ئەرمینیا ببێتە هۆی ناکۆکی چونکە سەربەخۆیی ئەرمینیا بەلایەنی کەمەوە ئیحتماڵی ئەوە دێنێتە ئاراوە کەئەرمینیا داوای خاکی تورکیا بکات. لەڕووی مێژوویەوە هەر داوایەکی لەم جۆرە دەشێ جەختی بکرێتە سەر لەکاتێکدا تورکیا ڕێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ



www.pertwk.com

کۆماری سەربەخۆی کورت تەمەنیئەرمینیادا لەساڵی 1921دا ئیمزا کردووە و دانی بەبوونی سنوورەکانیدا ناوە و پاشانیش پەیمانی نێوان سۆڤێت و تورکیا لەساڵی 1921هەموو سنوورەکانی نێوان تورکیا و یەکێتی سۆڤێتی دیاریکردووە. لەم پەیمانەدا یەکێتی سۆڤێت بەشاراوەیی قسەی بۆ ئەرمینیا کرد و دەسەڵاتی بەسەر هەر هەڵوێستێکی شیاوی ئەرمینیای سەربەخۆدا کرد لەمەسەلەی سنووردا. لەگەڵ هەرەسی یەکێتی سۆڤێتدا، دیارە چی تر تورکیا سنووری بەسنووری روسیا یان یەکێتی سۆڤێتەوە نەماوە، ڕەوایەتی ئەو پەیمانە و مەرجەکانی سەبارەت بە سنوورە ناوخۆییەکان لەگەڵ کۆمارەکانی پێشووی شۆڤێتدا کەوتنە بەردەم پرسیارەوە(60). تورکیا ناتوانێت خۆزگەی ئەوە بخوازێت کە هەر دەسەڵاتێکی فیدڕاڵی، کۆنفیدراڵی، کۆمۆنوێڵی لە مۆسکۆ بتوانێت لەمۆسکۆوە قسە بۆ کۆمارەکان بکات. پێویستە ئەنقەرە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو کۆمارانە خۆیاندا مامەڵە بکات. کێشەکە وروژا کاتێ پەرلەمانی ئەرمینیا ڕایگەیاند کە دانی بەو سنوورانەدا نەناوە کە مۆسکۆ دیارکردوون لەنێوان ئەرمینیا و تورکیادا (61). بەم جۆرە لەبەهاری ساڵی (1992)دا تورکیا مەرجیدانا کە ناچێتە پێشەوە بۆ بەرەسمیکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی لەگەڵ ئەرمینیادا هەتا ئەرمینیا نووسراوی ڕەسمی پێشکەش نەکات و تیایدا دان بەبوونی سنوورەکاندا نەنێت.

هەر حکومەتێکی واقیع بین لە ئەرمینیادا هەبێت زەحمەتە مەسەلەی کۆنی سنوور لەگەڵ تورکیادا لە هیچ حاڵەتێکدا بهێنیتەوە بەرباس – لەبەر گرنگی لەرادە بەدەری ڕێگای پێکەوە بەستنی بە تورکیاوەو رۆژئاواوە– بەتایبەتی لەکاتێکدا کە ڕێگای شەمەندەفەری ئەرمینیا بەڕوسیاوە بێ چەندوچوون چاوەڕوانی داخران دەکات لەلایەن ئازربایجانەوە. دیسان ئەرمینیا بەرژەوەندی دەبێت لەئاراستەی بەرەو دەریای ڕەشدا، کەئەوەش تەنیا لەمیانەی مافی

www.pertwk.com

پەیوەندی تورکیا لەگەڵ ئێراندا دیسان بەهۆی قەیرانی قەرەباخەوە ئاڵۆزە، لە بەرئەوە هەردوو وڵات هەوڵی ئەوە دەدەن کە دەورێکی ناو بژیوانیان لە نێوان ئەرمینیاو ئازربایجاندا هەبێت. ئەم ڕووەی کێشەکە لەو بەشەی (کتێبەکەدا) سەبارەت بە ئازربایجانە دواتر گفتو گۆ دەکرێت.

کێشەی قەرەباخ دیسان کاریگەری گەورەی لە سەر داهاتووی قەوقاز هەیە. هەر دوو لایەنی ئەرمینیاو ئازربایجان قورسیەکی تەواوی هەستی ئیتنیکیان هەیە کە لەم مەسەلەوە وەریان گرتووە و بووە بەدوو ئەوەندە چونکە هەردوو لایان ئێستا لە مێژووی حەفتاساڵی لە قاڵبدان و زیندانی ئیمپراتۆری سۆڤێتیدا کە تیایدا تائەندازەیەکی زۆر هەموو پاڵنەرو جوڵێنەرە نەتەوەییەکان خنکێنرابوون، دەردەکەونەوە. ئەرمینیا بەشێوەیەکی چالاك بەئاگایە لەفراوانبوونی بەربڵاوی _ئێستا ئەو فراوان بوونە لە دەست چووە _ئەرمینیای کلاسیك (کۆن) لە سەردەمی ڕۆمان وبیزەنتیدا باڵی کێشاوە بەسەر بەشی گەورەی ئەنەدۆڵدا. ئەرمینیا هێشتا دەناڵێنێت بەدەست بیرەوەری زیندووی زیاتر لە ملیۆنێك ئەرمینییەوە کە لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەکۆمەڵ کوژران، هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی نەکوژران ڕایان کرد. ئەرمینیا بە نیازی پاراستن و بە هێزکردنی هێزی چووەوە یەکی دیمۆگراڤی ئێستایەتی لە قەوقازدا لە بەرئەوەی مەسەلەی قەرەباخ هەستی بەرزو بەوزە ئاڕاستە دەکات. بۆ ئازربایجانیەکان لە دەست

تاكە هیوایەكی شیاو بۆ سەوداگەری كردن، كردنەوەی ڕێگای تەواوە بۆ ناوچەی قەرەباخی ئابلۆقە دراوی سەر بە ئەرمینیاو ناوچەی ناخچە ڤانی چوار دەور دراوی سەر بە ئازربایجان، كەهەریەكە لەم دوو ناوچەیە لەچوارچێوەی سنووری جیۆپۆلەتیكی ئەوی تریاندا دیل و دابڕاوكراوە. بەشێوەیەكی ڕەش بینانە، دەشێ خوێن ڕشتنی زیاتر هەر دوولا بگەڕێنێتەوە بۆ قولاّیی هەستكردن بە خۆیان. هەرچەندە كاری سەربازی یەكلاكەرەوە بەشێوەیەكی بەردەوام ئەم قەیرانە چارەسەربكات، بەلاّم هێشتا ئەو كارە سەربازیە برینێكی جەستەی ژەهراوی دروست دەكات، كەئەوەش هاندەرێكە بۆناسیونالیستە سەركێشەكان لەهەردوولا بۆ دیسانەوە دووبارە بوونەوەی كێشەی پێكدادان لەهەر كاتێكدا. مەترسی ئەو كێشەیە ئێستا تەنانەت لەڕۆژئاواش پەی پێدەبرێت كە كۆنفرانسی ئاسایش و هاریكاری لەئەوروپا (SCE) و تەنانەت ( نەیتۆ ) ش سەرقاڵە بەهەوڵ و كۆششەوە بۆ وەستاندنی شەڕو دۆزینەوەی جۆرێك لەڕێگاچارە نەوەكو كێشەكە بلاّو ببێتەوە. لەتێڕوانینی توركیاوە ئەم كێشە حاڵەتێكە بردنەوەی تێدا نییە. رای گشتی توركی بەتەواوی لایەنگری ئازەربایجانە. هەر حوكمەتێكی توركیش لەسەر



www.pertwk.com

دەسەلاّت بێت لەژێر فشاردایە بۆئەوەی لەپەرەسەندنی پێكدادانی سەربازیدا لە هێڵەكانی سنوورەوە سەیر نەكات. خۆ تێهەڵنەقورتاندنی توركیا رای گشتی توركیا دەوروژێنا و هەل بۆئیران دەرەخسێنا كەڕۆڵی سەركردایەتی لە توركیا ببینێت و دەوری پاریزەری ئازەربایجان ببینێت. خۆتێهەڵقورتاندنیش زۆر دەكەوێت لەسەر توركیا لەپەیوەندی یەكانی داهاتوویدا لەقەوقاز و لەپەیوەندیەكانیدا لەگەڵ روسیاو نەیتۆ و ولاّتە یەكگرتوەكاندا. بەهیواوە ئەم كێشە دەشێ لەلایەن هێزی دەرەكیە وە سنوری بۆدابنرێت، پێش ئەوەی توركیا ناچار بێت كەلەوانەشە بەشێوە یەكی نالەبار و زیاتر لەبەرژەوەندی خۆی بجولێت.

## جۆرجیا

پەیوەندی یەكانی توركیا ئێستا لەگەڵ جۆرجیادا دەبێ گفتوگۆی لەبارەوە بكرێتەوە لەكاتێكدا كەئەم كۆمارە سەربەخۆیی بەدەست هێناوە. هەمان شێوەی ئەرمینیا، جۆرجیای سەربەخۆ بەتەواوی لەرووی ئابووریەوە لەبەردەم مەترسی شكستدایە. خاكی جۆرجیا كە بەتوركیاوەبەستراوە بایەخێكی زۆری هەیە لەسنوری بازرگانی خێرا پەرەسەندوی پشت بەستوو بە پرۆژەی تایبەتیدا _ كەئەو ئافرەتەلەش فرۆشە جۆرجیایانەش دەگرێتەوە كەئێستالەسنورەوە دەپەڕنەوە بۆئەوەی لەشارەكانی ڕۆژهەلاّتی توركیادا ئاڵوگۆڕی بازرگانی خۆیان بكەن. كارخانەی شتومەكی كڕراوی جۆرجیا كەبەشێوەی تایبەتی لەتوركیا دەكڕرێت ئێستاگەیشتۆتە بایی پانزە ملیۆن دۆلار لەساڵێكدا و توركیاش بڕی كارەبای نێردراو بۆجۆرجیا زیاد دەكات.(64) توركیا لەداهاتودا بایەخێكی زۆری دەبێت بۆجۆرجیا وەكو

ململانێی ئینتیکی لەناو جۆرجیاخۆیدا، هەرچەندە کاریگەریەکی نێگەتیفی دەبێت لەسەر پەیوەندی‌یەکانی جۆرجیا لەگەڵ تورکیادا. ئازەربایجان، کەبەشێوەیەکی سەرەکی موسڵمانن هەوڵی جیابوونەوە ( سەربەخۆی) دەدەن لەجۆرجیا کە( مەسیحیە ) وچاوەڕوانی پشتگیری لەتورکیا دەکەن. مسوڵمانە ئاجەریەکان کەئەمانیش دیسان کۆماری ئۆتۆنۆمی خۆیانیان لەسەر سنوری جۆرجیا _ تورکیا هەیە، ئەمانیش لە داواکاریاندا بۆ ئۆتۆنۆمی‌یەکی زیاتر چاویان لەپشتگیری تورکیایە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئەجاریەکان دیسان لەسنوری تورکیادا دەژین, تورکیا لەوانەیە خۆی دووربخاتەوە لەدەستوەردان لەململانێی ئەم جیاخوازە ئینتیکی‌یانە، هەرچەند بایەخدانێکی گشتی کەم بەچارەنووسی ئەم کەمایەتییەن تورکانە لەئارادایە. لەوانەیە تورکەکان سۆزێکی زیاتریان بۆچیچانی‌یەکان لەباکوری قەوقازهەبێت کەخەبات دەکەن بۆسەربەخۆی لەرووسیاو ئەمانە ژمارەیەکی کەم لەهاوڵاتیشیان لەناو تورکیادا هەیە کەزۆربەی ئەوانەش پێش سەد ساڵ لەکاتی ڕاپەڕینی گەورەی چیچاندا دژی روسیا ڕایانکردووە بۆتورکیا. تورکیا پێویستی بەوەیە کەچۆن لەداهاتودا سیاسەتی (مسوڵمانی) خۆی لەقەوقازدا بینا بکات لەگەڵ بڕیاردانی مەودای ئامادەبونی خۆی بۆ پێشکەشکردنی بنکەی باش بۆئەوەی دەوری ناوبژیوان ببینێت. ئەگەر خاسێتی سروشتی هەڵچون یان زیندوێتی بەسیاسەتی قەوقاز ببەخشرێت، ئەوە کارێکی نەشیاوە کەپێشبینی ئەوە بکەی کەچ جۆرە پەیوەندی‌یەکی ستراتیژی لەنێوان



www.pertwk.com

دەوڵەتانی جۆراوجۆردادروست دەبێت و بۆچ پلەیەکیش تورکیا بشێت یان نەشێت ڕابکێشرێتە نێو جۆرێك لەهاوپەیمانیەوە. ئەگەر ڕابوردو هەر جۆرێك نیشان بدات، تورکیا لەداهاتودا هەوڵی دوورکەوتنەوە دەدات لەهەر تێوەگلانێکی ناوجەرگەی یان عاتیفی یان ململانێی مایکرۆ ئیتنیکی دوور لەسەوداگەری لەهەرێمی قەوقازدا. لەبەرئەوەی سیاسەتی قەوقاز لەدوای حەفتاساڵی جوڵەی ژێر کاریگەری هێز ئێستادەست بەدەرکەوتن دەکات و شێوەیداهاتوی ئەم سیاسەتەو گونجاندنی لەهەرێمەکەداهەروا بەئاسانی پێشبینی ناکرێت. بەڵام پێشبینی کردنی ئاستێك لەململانێ شتێکە جێگای گومان نیە، ئێران وتورکیا تاکەدووهێزی گەورەن کەلەناوچەکەدا بەمەنتیقی بیردەکەنەوە بۆدەسەڵاتکردن وبڕیاردانی ململانێی هەرێمایەتی دوور لەڕووسیا خۆی کار دەکەن. لێرەدا جارێکی تر دەشێ تورکیاو ئێران بکەونەوە نەیارێتی یەکتریەوە ئەگەر دەوڵەتانی قەوقاز هەوڵبدەن ئەنقەرە هانبدەن بەدژی تاران لەبەرئەوەی ئەوان بەدوای تموحەهەرێمایەتیەکانی خۆیاندا دەڕۆن.

## ئازەربایجان

ئەگەر تورکیا و ئێران سەرقاڵی ناکۆکی بن لەسەر نفوز لەعێراق ولەئاسیای ناوەندا، ئەوا هێزی شاراوەی ململانێ لەنێوان ئەنقەرەوتاران دا زۆرترسناك دەبێت لەبارودۆخی دەرکەوتوی ئازەربایجاندا. ئازەربایجان لەرووی مێژوویەوە دابەش بووە بۆدوو بەش ئەوەش لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە روویداوە، واتە لەو کاتەوە کەرووسیا نیوەی باکوری ئازەربایجانی لەژێر دەستی فارسەکان دەرهێنا. بەشی باشوری ئازەربایجان وەکو بەشێك لەئێران مایەوە کەتەورێز پایتەختەکەیەتی. لەبەر ئەوە ئازەریە ئێرانی‌یەکان کەبەزمانی تورکی قسە

لەڕاستیدا ئازەرییە ئێرانییەکان لەوانەیە هەر لەو تورکانە بن کە لەهەموو جیهاندا دڵنیا نین لەناسنامەی نەتەوەیی خۆیان. هەندێ ئازەری بڕوایان وایە کە فارسن ولەئەنجامی ڕووداوێکی مێژوویی‌داگیرکردندا لەلایەن تورکەوە نزیکەی هەزار ساڵ پێش ئێستا وایان لێهاتوە بەتورکی بدوێن. ئەمان سوورن



www.pertwk.com

لەسەر ئەوەی کەلەبنەڕتدا ئێرانین ولەسەراپای ڕێبازو ئاڕاستەی کەلتوریاندا فارسن، زمانی پەروەردەو کەلتورو پەیوەندیکردنیان لەولاتدا فارسی‌یە نەك ئازەری، ئەوانی تریان بڕوایان وایە کەئەمان لەڕاستیدا تورکن بەلام لەدێرزەمانەوە ڕاهێنراون بەکەلتورو سیاسەتی فارسی. ئەمانە ئاواتە خوازی دەربڕین وگوزارشکردنن لەناسنامەی خۆیان زۆر بەکراوەیی, بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نایانەوێت ڕێگای جیابونەوە لەئێران هەڵبژێرن. ئەو دیبلۆماتە تورکانە ی کەماوەیەك لەتەورێز بوون حیکایەتی ئەوەیان لایە کەچۆن ئازەریەکان خۆیان بەتورك دەزانن وهەست بەجیاوازی دەکەن یان تەنانەت نامۆن بەکەلتوری فارسی, گومانی تێدا نی‌یە کەئازەریەکان دەورێکی دیاریان بینیوە لەبەرهەم هێنانی کەلتوری ئێرانیدا. ئازەریەکان نزیکەی25٪ی‌دانیشتوانی ئێران پێکدێنن(66). لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە پایتەختەکەیان کەشاری تەورێزە زۆر لەتاران پەرەسەندووتر بووە. ئەم شارە لانکی سیاسەتی لیبریالی بووە لەئێراندا لەهەمان قۆناغدا. ئازەریەکان لەئاستە هەرەبەرزەکانی پیاوانی ئاینیدا نوێنەریان هەیەو بەشێوەیەکی تۆمارکراو نزیکەی75٪ ی بازاڕ لەتاراندا بەدەستی ئەمانەوەیە.

پەرەسەندنی بەردەوامی هەستی ئازەریەکانی ئێران بۆ ناسنامەی ئینتیکی لەداهاتودا بەشێکی دەوەستێتە سەر ئەو سیاسەتانەی کە تاران بەرامبەر بەئازەربایجان بینای دەکات بەتایبەتی‌ئەو ئاستەی سەربەخۆیی کەلتوری کەتاران لەداهاتوودا بواری دەدات. ئازەرییەکانی ئێران بەدەگمەن بواریان پێدەدرێت مافی ئەوەیان هەبێت بەزمانی خۆیان شت بڵاو بکەنەوە یان بخوێنن. ئەوان ئاواتەخوازی ئەوەن کەسەربەخۆیی کەلتوری وزمانیان لەپەروەردەو بوارەکانی تردا هەبێت و لەم مەسەلانەدا سەربەخۆییەکی زیاتر لەتاران بەدەست بهێنن. پەرەسەندنی سیاسەتەکانی سەربەخۆیی لە

**سەرۆکی نوێی نەتەوەیی ئازربایجان ئەبولفەز ئێلچیبی بەدوای سیاسەتێکی پان – تورکێتی ئاشکرادا دەڕوات. ئەولایەنگری پەیوەندی بەتین لەگەڵ تورکیادا دەکات و هەروەها لایەنگری پاڵپشتکردنی ئەبجەدێتی لایتنیی‌یە بۆ تورکە ئازەرییەکان (68) ئێلچێبی بەشێوەیەکی بێزارکەرانە سوکایەتی بە ((رژێمی مەلا)) کانی ئێران دەکات و پێشبینی جیابوبونەوە لە ئێران و یەکگرتنی هەردوو ئازربایجانی سەربەخۆ دەکات.**



www.pertwk.com

**ئامادەبوونی تورکیا لەهەرێمەکەدا باری خراپی (دۆزەخ) بۆ ئێرانیەکان خراپتر دەکات. ئەگەر ئێرانیە ئازەرییەکان لە جۆرە گومانێکدا بن سەبارەت بە تورك بوونیان, ئەوا ئازەرییە سۆڤێتی‌یەکان ئەو گومانەیان نییە, ئەمە سەرباری پەیوەستبوونیان بەمەزهەبی شیعەوە لەگەڵ هەموو ئێراندا کەزۆربەی ئازەرییەکان شیعەن. بڵاوکراوەکانی ئازربایجانی سۆڤێت پڕن لەوتار دەربارەی تورکیا و پەیوەندی ئیتنیکی لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا. لێرەدا فارسەکان ململانێ‌ی تورکە ئازەرییەکان ناکەن, بەڵکو روسیا وەکو هێزێکی گەورەی خاوەن پەیوەندی نێونەتەویی ململانێ دەکات. کتێبی تورکی لەتورکیاوە بەرە و ئازربایجان دەروات. گومانی تێدا نییە کە ئازەرییەکانی باکور رۆژ بەرۆژ لەتورکیا نزیکتر دەبنەوە لەچاو ئێراندا. ئێرانیش هەست بەمەترسی ئەم ڕاکێشانە کەلتورییە دەکات و , هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی سەرسنوور سنووردار بکات و بڕوایش وایە کە ئەنقەرە بەنهێنی ئەم پێشەوە چوونانە هان دەدات.**

**تەنانەت لەسەردەمی ئەتاتورکدا تورکیا بەرژەوەندی دیاری لە ئازربایجاندا هەبوو, کاتێ سنوری تورکیا – ئێران لەساڵی 1932دا دیاری کرا. تورکیا تەئکیدی ئەوەی کرد کە لایەنگری ڕووبەرێکی بچووکی ئەوخاکە دەکات کەلەدوای ئەو ناچەیەوە دێت کەئەرمینیەکان دەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە. کەئەویش کۆماری ئۆتۆنۆمی‌دانیشتوانی ئازەری ناخچەوانە. بەڵام تەنیا لە مانگی مارتی 1991دا بایەخی ئەم ناوچە سنووریە دەرکی پێکرا کە گۆڕانکاری سیاسی لەیەکێتی سۆڤێتدا رێگای لەبەردەم تورکیادا کردەوە بۆ بنیادنانی پردێکی پێکەوە بەستن لە رێگای ئاسن لەنێوان هەردوو وڵاتدا. هەر لەومانگەوە تورکیا فڕینی هەفتانەی لە ئەنقەرەوە بۆ باکۆ دەست پێکرد (69) تورکیا یەکەم وڵات بوو کە دانی نا بەسەربەۆخۆی ئازربایجاندا ئەوەش**

ئەم هەستە پەرەسەندووەی تورکایەتی لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا پەرەدەسێنێت و دەگاتە ئازربایجانی ئێرانی و لەوانەشە ئالودەی بکات بەئارەزووی دروستکردنی پەیوەندی نزیکتر لەگەڵ باکۆدا. بەکورتی ئێران هیچ شتێکی نییە کە بەدەستی بهێنێت, بەڵکو هەموو شتێکی لەسەربەخۆبوونی ئازربایجانی باکوردا لەدەست دەچێت. تەنانەت ئەگەر تورکیا بەهیچ شێوەیەك هانی هیچ جولانەوەیەکی جیاخوازی لەئازربایجانی ئێراندا نەدات, ئەوا هێشتا ئێران بەرامبەر بەنیازەکانی ئەنقەرە سەبارەت بەدانیشتوانی تورك لەگوماندا دەبێت و بێ چەند و چوونیش لەم پەیوەندییە پەرەسەندوانەدا وەکو براوە سەیری ئەنقەرە دەکات کەئەوەش ڕاستەوخۆ کار لە یەکێتی هەرێمایەتی ئێران دەکات.

لەڕاستیدا لایەنە ناسیونالیستەکان لە تورکیا پشتگیری هەوڵەکانی ئازربایجان دەکەن بۆ بەرزرکدنەوەی هەستی تورکێتی لە نێو ئازەرییەکانی ئێراندا و هەروەها بۆ هەوڵدان بۆ دروستکردنی یەکێتی لەگەڵیاندا, بەشێوەیەکی گشتیش پشتگیری سیاسەتەکانی پان – تورکێتی دەکەن کەنەخشەیدانراوە بۆ نزیك کردنەوەی هەردوو ئازربایجان و تورکیا لەیەکتر. بەلاّم تا ئاستێکی دیار ئیحتمالی ئەوە لەئارادا نییە کە هەرگیز ئازربایجان



www.pertwk.com

هەوڵی یەکگرتن لەگەڵ تورکیادا بدات– لەڕاستیدا ئازربایجان والەخۆی دەڕوانێت کە زۆر لە تورکیا پێشکەوتوو ترە لەبواری پەروەردە و تەکنیکیدا. هەروەها ناشێت دەست بەرداری سەربەخۆیی خۆیی و هەستی جیاوازێتی و جیاوازی کەلتوری خۆی ببێت کەئەوەش کاریگەری لەبەرچاوی کەلتوری و مێژوویی ئێرانی پێوە دیارە. بەلاّم ئەگەر حکومەتێکی نەتەوەیی بەهێز لەهەرکاتێکدا لە تورکیا دەسەلاّتی بەدەستگرت, ئەوا ئەو حکومەتە تورکیە سیاسەتێکی تەواو پان – تورکێتی دەگرێتە بەر کە زیاترین هەڕەشە بێت بۆ سەر ئێران کە ئێران لەسنووری خۆیدا کەمایەتیەکانی قەشقایی (Qashqai)و تورکمانی هەیە کەئەوانەش تورکن. مەسەلەی ئازربایجان بەم جۆرە وا دەردەکەوێت کە بۆ زیادکردنی ململانێی تورکیا و ئێران ئاڕاستە بکرێت, بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەرکام لەو دوو ولاّتە ئەنجامی دەدات.

ئەگەر ئێران بگاتە ئەو بڕوایەی کە تورکیا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاردەکات بۆ بەرزکردنەوی هەستی تورکێتی لەئازربایجانی باشووردا و ئەوەش بەشداری بکات لەدابەشکردنی ئێراندا, لەم کاتەدا ئێرانیش بەدڵنیاییەوە هەموو ڕێگایەك دەگرێتە بەر بۆ خۆ ئامادەکردن بەمەبەستی ڕێگاگرتن لەو ئاکامە. ئێران دەتوانێت هەوڵی پاشەکشێ پێکردنی تورکیا بدات بەهاندانی کوردەکانی تورکیا بۆ داخوازی جیابوونەوەیەکی بەرفراوانتر. هەروەها ئێران دەتوانێت هەوڵی هاندانی دانیشتوانی تورکی ئەلیڤی بدات وەکو نیشانەی وریاکردنەوە بۆ ئەنقەرە , ئەنقەرە لەهیچ حاڵەتێکدا توانای ڕێگاگرتنی لەپەرەسەندنی هوشیاری تورکێتی لەئازربایجانی باشووردا نییە تانەت ئەگەر خۆیشی ئاوەتەخوازی ئەو ڕێگا لێگرتنە بێت, ئەم مەسەلەیەش وەکو یەکێك لەمەسەلە تەقیوەکانی هەرێمەکە دەمێنێتەوە.

ئەم هۆكارانە دیسان نزیك بوونەوی ئێران لە ململانێی قەرەباخ ئالۆز دەكات. ئێران دەیەوێت پەیوەندی باشی لەگەڵ باكۆدا بپارێزێت لەبەرئەوە دەبینێت شتێكی بەسوودە ئەگەر خۆی وەكو ناوبژیوان لەنێوان ئەرمینیا و ئازربایجاندا پێشكەش بكات. هەروەك ئێران كەمایەتیەكی گەورەی ئەرمینی هەیە كەئەوەش وای لێدەكات كەپەویەندییەكی باشی لەگەڵ ئەرمینیادا هەبێت. بەم جۆرە دەزگا باڵاكانی ئێران زیاتر بروایان بە ئەرمینیا هەیە لە چاو دەزگا باڵاكانی توركیادا. ئێرانیش پەرۆشی پاراستنی پەیوەندییە باشەكانیەتی لەگەڵ ئەرمینیادا. هەڵبژاردنی یەكێك لە دوو رێگای ئالۆز لەبەردەمی تاراندایە بۆ بڕیاردانی لەلایەن تارانەوە بۆئەوەی چۆن بتوانێت سۆزدارێتی بۆ ئەرمینیا بپارێزێت پێش لەدەستدانی پایەكانی خۆی لەباكۆ كە ئێستا باكۆ بەناڕاستەی توركیا دەڕوات. ئەگەر لەئاكامدا تران بینی باكۆ دوژمنێكی نەگۆڕیەتی لە پشتگیری كردنی جیابوونەوەی ئازربایجانی ئێران لە ئێران , ئەوا ئێران لەوانەیە یارمەتی تەواو بدات بە ئەرمینیا لەقەیرانی قەرەباخدا و خۆی بخاتە نەیارێتییەكی زیاترەوە لەگەڵ توركیادا.

بێگومان ئێران كەڵكی جوگرافیای لە سنووری دراوسێیەتی لەگەڵ ئەرمینیا وئازربایجان وەردەگرێت, ئەوەش هەڵی ئیختیاركردنی جیۆپۆلەتیكانەی زیاتری پێشكەش دەكات لەچاو توركیادا. ئەم ڕاستەیش لە توركیا دەركی پێكراوە كەلەوێ هەندێ لەقسەكەرە ناسیونالیستەكان تێبینی ئەوەیان كردووە كەئەرمینیا و ئێران لەبەردەم دروستكردنی نیشتمانێكی سنوور دیاری كراودا بۆ گەلانی تورك ڕادەوەستن كەبەئاسیادا درێژبێتەوە. ئەگەرچی پان – توركێتی لە توركیادا مایەی گومانە, بەڵام بنەما پێكەوە بەستراوەكان بۆ ئاڕاستەكردنی جوڵەن لەپێناوی شوێن و جێگادا و بەمجۆرەش بۆ ململانێی شاراوەیداهاتوو.



www.pertwk.com

بێگومان ولاتە یەكگرتووەكان هەندێ بەرژەوەندیداهاتوویی دەبێت لەپەرەسەندنی سیاسەتەكانی توركیادا لەقەوقاز و لەبوونی هێزی شاراوەدا بۆ بوونی ململانێ لەو ناوچەیە كەئەوەش كۆڕپەلەی ناكۆكی لەئاسیای ناەندا گەشە پێدەدات, ئەمەش گرنگە بۆ پەیبردن بەوەی كە تا ئەندازەیەك ئەم مەسەلانە گرنگیەكی گەورەتریان هەیە بۆ ئەنقەرە لەچاو گرنگیاندا بە واشنتۆن. لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی جەنگی سارددا واشنتۆن لەگەڵ ئەنقەرەدا كاری كرد لەپێناوی بەرژەوەندییە زیندووەكانی ئەمەریكادا لەناوچەكەدا. ئەمڕۆ بەرژەوەندییەكان و نفوزی توركیا زۆر دەكەونە سەروی بەرژەوەندی و نفوزی ئەمەریكاوە. ئاسایی ئێستا واشنتۆن نفوز و دەسەڵاتێكی كەمتری هەیە لەچاو ئەنقەرەدا لەسەر مەسەلە هەرێمایەتیەكان لەچاو سەردەمی پێشوودا. ئامانجی سیاسەتی ئەمەریكا ((ولاتە یەكگرتووەكان))لەمانەی خوارەوە پێكدێت.

+ بەربەست دانان لەبەردەم پێكهاتە گەورە سەربازییەكاندا یان بەربەست دانان لەبەردەم ململانێی سەربازیدا لەقەوقاز.

+ ڕێگاگرتن لەناسیۆنالیستی توندڕەو یان ئاڕاستە ئیسلامیە فاندەمێنتاڵەكانی ناوچەكە.

+ پاڵپشتكردنی ئیرادە و توانا و ویستەكانی تورك بۆ خزمەتكردن وەكو ناوبژیوانێكی سەر ڕاست لە ململانێی سیاسی لەقەوقاز یان لەئاسیای ناوەندا.

+ ڕێگاگرتن لەململانێی ئێران و توركیا لەسەر قەوقاز و ئاسیای ناوەند دەوڵەتی نوێی توركی لەنزیكەی هەمان ئەوكاتەدا دروست بووە كەیەكێتی سۆڤێت دروستبووە, هەتا ساڵی 1991 تێروانینی توركیا بۆ جیهان ئەوەبوو كە هەیكەلی سۆڤێتی لەباكوردا مۆدێلی دەسەڵات و بەردەوامی بوو. ئەمڕۆ

لەبەرئەوەی هێشتا روسیا تاکەگەورەترین دەسەڵاتی ڕاستەقینەیە لەناوچەکەدا، تورکیا پێویستی‌بەوەیە کەجەختێکی زۆر بکاتەسەر چاودێری کردنی روسیا. هەرچەندەتورکیا بەرەبەرەخەریکی گۆرینی‌پەیوەندی‌یە پێشینی‌یەکانی خۆیەتی بۆدورکەوتنەوەلەروسیا ئەویش لەڕێگای گرنگی‌دانیەوە بەکۆمارەتورکیەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو. بڕیاردانی ئەوەی ئەگەروکەی بە پلەی یەکەمی بایەخدان بدرێن بەپەیوەست بوونی رووسیا بەم هەرێمانەوە، لەسەرڕووی بەرژەوەندی‌یەکانی تورکیاوەئەوە لەداهاتودامایەی تەنگ پێهەڵچنین دەبێت بۆئەنقەرە. مۆسکۆ خۆی هێشتا لەپرۆسێسی سنوردانانی‌دایە بۆبایەخدانی‌بەسیاسەتی دەرەوەی وهێشتاڕوانینێکی‌ئاشکرایی نی‌یە لەسەر ئەوەی کەپەیوەندی‌یەکانی تورکیا چۆن دەبێت وچۆن نابێت لەگەڵ کۆمارەکانی قەوقازو کۆمارە تورکەکاندا.

لەبەر ئەوەی لەیەکێتی سۆڤێتی ژێرسایەی دەسەڵاتی گورباشۆف وشیفەردنازەدا (( بیرکردنەوەی نوێ )) دەرکەوت، کاردانەوەی ڕوسیا بۆ سیاسەتەکانی تورکیا زۆر پەسەند بوو(71). مۆسکۆ تێبینی وریایی ومیانرەوی کرد کەلەبەرامبەردا تورکیا بەجیاکاریەکی لەرادەبەدەرەوەبۆسیاسەتەکانی ( نەیاری تەواوەتی ) ئێران وعەرەبستانی سعودی جولا کەهەریەکەیان هەوڵی دەدا بۆبەهێزکردنی هەڵوێستی خۆی لەکۆمارە ئیسلامیەکاندا لەڕێگای سیایەتی ئیسلامیەوە کەلەجەنگی



www.pertwk.com

ئەفغانەوەدەستی‌پێکرد. بێگومان نفوزی تورکیا لەیەکێتی سۆفێتی پێشودا بەشێوەیەکی تەواو لەچوارچێوەی قەوقازو ئاسیای ناوەندا سنوردار نادرێت، گروپێکی گەورەی تورکی کەتەتەرە کریمنیەکانن ولەکریمیا دە ژین ( کەزۆربەیان بەبەردەوامی لەئاسیای ناوەندەوە کەپێشتر بۆئەوێ دورخرابوونەوەدەگەڕێنەوە) کریمیا نیمچە دورگەیەکە ئێستا بەشێکە لەئۆکرانیا بەڵام ئیستاپێگەی ململانێ یە لەپێناوی دەسەڵاتدا لەنێوان زۆرینەی روسی وکەمایەتی‌یە ئۆکرانی وتەتەرەکاندا. هەمان شێوە هەرێمی ئۆتۆنۆمی تەتەرو باشقار لەهەرێمی ڤۆڵگا سەربەخۆیی خۆیان لەکۆماری روسیا ڕاگەیاندوە. هەروەها ناوچەی ئۆتۆنۆمی یاکوتیا لەسیبریا کەناوچەیەکی دەوڵەمەندە لەکانزادا، تورکە یاکوتیەکانی لێ نیشتەجێ دەکرێن، هەرچەندەئەم تورکە یاکوتیانە موسڵمان نین و هەستی تورکێتیشیان هێشتا لاوازە. ئەم سێ ناوچە تورکیە دەتوانن بەلایەنی کەمەوە وەکو سەرچاوەیەکی کەلتوری بڕواننەتورکیا، ئەگەر پشتگیری ئابوری وسیاسیش لەئارادانەبێت. تورکیا پێویستی بەوەیە زۆر بەوریایی بیرلەوەبکاتەوەکەچۆن پەیوەندی‌یەکانی خۆی لەگەڵ ئەم هەرێمانەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا ڕێك دەخات، بەتایبەتی ئەوانەیان کەدەکەونە ژێر سایەی رووسیاوە مەسەلەی جیابونەوەیان شتێکی زۆر حەساسە بەلای مۆسکۆوە. حکومەتەکەی دیمریل هەمیشە ئەوەی هەڵبژاردووە کەخۆی بەدوور بگرێت لەدەست خستنە نێو مەسەلەی گاگاوزەوە.(72) بۆسەربەخۆی لەمۆڵدۆڤادا، چارەنووسی ئەو کۆمارە هەرچیەك بێت سەرباری بەرژەوەندی میللی تورکیا, ڕۆڵی تورکیا لەناوچەکەدا وەکو شتێکی بنیادنە رانە لەروانینی روسیاوە سەیر دەکرێت ئەگەر تورکیا هانی بزوتنەوە جیا خوازە تورکەکانی روسیا نەدات. بێگومان رای گشتی تورکی کەوەکو مەسەلەیەکی گەورە ( پرسیارێکە دیار ) دەمێنێتەوە بۆداهاتوو،

بێگومان روسیا لەئێستادا دەبێت حسابی بەرژەوەندی‌یە نەتەوایەتی‌یە نوێ‌یەکانی بکات خۆی بکات. لەبەر پەردەپۆشکردنی حەفتا ساڵەی سیاسەتی مارکسی _ لینینی کەئەوەی سەپاند بوو گوایە هەموو جیهان بواری ململانێ‌یەکی ئایدۆلۆژی پێکهێناوە، روسیای ئێستا پێویستی بەوەیە زۆر جدیانە بیرلەمەودای تەسکی بەرژەوەندی‌یە نەتەوەیەکانی خۆی بکاتەوە. لەکاریگەریدا، یەکێك لەکارەساتە خەیاڵیە هەرەخراپەکان لەگەڵ ڕوخاندنی ئیمپراتۆری سۆڤیەتی‌دا روویداهەڕەشەی جیابوونەوەی بزوتنەوەکان بوو تەنانەت لەنێو روسیاخۆیدا. لەنێو دەوڵەتە زلهێزەکانی پەراوێزی روسیادا کەتوانیان هەڕەشەی شاراوەی ( بیردۆزی _ ناعەمەلی ) بووەستێنن چین وژاپۆن وئەڵمانیا بوون.

بەڵام سەرباری باری هێمنی پەیوەندیەکانی ڕوسیا و تورکیا لە ئەمڕۆ دا، ڕوسیا ناڕەحەتە بەبرەو سەندنی ئاستی پەرۆشی تورکیا بۆ وەرگرتنی ڕۆڵێکی نوێ‌ی ستراتیژی لە ناوچەکانی ژێرسایەی دەسەڵاتی پێشتری ڕوسیا دا.



www.pertwk.com

هەروەك لە سەرەوە تێبینی کرا، داواکاری دیمیریل بۆ یەکێتیەکی شیاو لە نێو دەوڵەتە تورکەکاندا و پرسیار کردن لە بارەی مەعقولیەتی مانەوەی ئاسیای ناوەندە وە لە سنوری هەرێمی ڕۆبل دا لە ڕوداوەساتێکی ڕاستەوخۆ بۆ بەرژەوەندی و نفوزی ڕوسیا دەنوێنا. لە کاتێکدا ململانێی ستراتیژی لە جیهاندا چیتر وەکو مەسەلەیەك نەماوە، بەڵام بوارە کلاسیکیەکانی نفوز هێشتا بەردەوامن و ڕوسیاش ئامادەنییە دەست بەرداری هەموو هەرێمە موسوڵمانەکانی نێو سنوری ئیمپراتۆری پێشتر ببێت بۆ تورکیا. دەشێ ڕوسیا تەواو بەئاشکرا بە دووای پەیوەندی زیاتر کراوەدا بڕوات لەگەڵ ئێرندا وەکو هاوسەنگی‌یەك بۆ چالاکیەکانی تورکیا لە قەوقاز و ئاسیای ناوەنددا. هەروەها ئەو پێشنیارانەی کە دەشێ وڵاتەیەکگرتووەکان تورکیا بەکار بهێنێت وەکو ئامرازی دەستی خۆی بۆ نفوزی هەرێمایەتی ڕوسەکان نیگەران دەکات. پەیوەندی ڕوسیاو تورکیا هێشتا لە پڕۆسێسی دۆزینەوەی هاوسەنگی یەکی نوێدایە چونکە هەر دوو دەوڵەت بڕیار سەبارەت بەسروشت و قوڵی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەدەن لەم هەرێمانە دا هەروەك بڕیاری ئەو نرخەش دەدەن کە ئامادەن لەو پێناوە دا پێشکەشی بکەن.

ئەگەر تورکیا پێی خۆش بێت یان نا ئەوا پاپەند دەبێت بە پەیوەندیەکانی داهاتووی ڕوسیا لەگەڵ چیندا. لەبەر ئەوە ئیمپرا تۆرێتەکانی دنیا بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچن، ئەوا چینیش زەحمەتە پارێزراو بێت. جیا بوونەوەی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەند لە یەکێتی سۆڤێت کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر کەمایەتیەکانی چین دەبێت. بە هەموو ئیحتمالێك گەلانی تورکی ڕۆژ ئاوای چین، لە هەموو شیان لەبەر چاوتر یۆگاری کازاخستەکان بێ چەندو چوون تەئکید لەسەر داوای درێژ خایەنی مەسەلەی سەربەخۆییان دەکەنەوە. ئەمانە لەوانەیە هەوڵی یەکگرتن یان پەیوەندی(پەیوەندی فیدراڵی)لەگەڵ

هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیاو چین ناڕاستەو خۆ لەبەڵقاندا تورکیاش دەگرێتەوە. لە ڕابردوودا ئەو دوو دەوڵەتە لە پەیوەندییەکانیاندا لە بەڵقاندا لە ڕووی مێژووییەوە خۆیان خستۆتە پەیوەندیەکی سێلایەنەوە لەگەڵ تورکیای عوسمانیدا. لە کاتێکدا تورکیا چی تر ڕۆڵی هەرێمایەتی لە بەڵقاندا نەماوە لەوانەیە بەشێك لەو پەیوەندیە سیٚ لایەنە بۆ بەدەست هێنانی نفوزی سیاسی لە داهاتووی ئەو ناوچەیە پێکبهێنێت. بەتایبەتی ئەگەر ناکۆکی توندی نێوان ڕوسیاو ئەڵمانیا لەو هەرێمەدا دیسان سەر هەڵبداتەوە.

چۆن لەبارو دۆخێکی وەهادا تورکیا خۆی دەگونجێنێت ؟ بەرەو پێشەوەچون لەسیاسەتی بەڵقانی دووای جەنگی ساردا بێگومان هێشتا زۆر لەوە دورترە کە لە ئاستێکی نوێی وەهادا بێت کەبڕیاری مانا بەخش دروست



www.pertwk.com

بکات. لە کاتێکدا کە ئەوە مێژووە تاکە کلیلی کرانەوە پێشکەش دەکات کە لەوانەشە کلیلێکی پشت پێنە بەستراو پێشکەش بکات. سلۆڤانیاو کرواتیا لە ڕووی مێژووییەوە وا دەردەکەون کە بەلای ئاڕاستەی ئەڵمانیا دا بشکێتەوە، هەروەها سیربیاو ڕۆمانیا (کەدانیشتوانەکانیان ئۆرسۆدۆکی ڕۆژهەلاتین)لەوانەیە زیاتر بەرەو ئاڕاستەی تورکیا بڕۆن. ئەگەر سرب و ڕۆمانەکان و کۆمەڵیٚ گریکیش کە لەوانەیە سەرهەڵبدەن زیاتر مەیل داری ڕوسیا بن ئەوە دەشیٚ تورکیا لەو بارو دۆخەدا هۆی لە ململانێدا لەگەڵ ڕوسیادا ببینێت و بەرەو ئەمری واقیعی یەکگرتنەوەی بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ ئەڵمانیا دا بڕوات. لەلایەکی ترەوە ئەگەر پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ ئەڵمانیا دا لە سەر کرێکارە تورکەکان کە لە ئەڵمانیان و لەسەر مەسەلەی کورد دووچاری پێکدادان هات، ئەوا دەشیٚ تورکیا مەیلداری پێکهێنانی جۆرێك لە ڕێکەوتنی سەر بە ڕوسیا بێت لە بەڵقاندا. ئەم ڕێکەوتن ولایەنگریە شاراوەیە لە ئێستادا تەنیا لە سنوری سەرنج و تێڕماندا یە.

کلیلی کارێکی یاخی نویٚ ئۆکرانیایە کە هەرگیز لە سەردەمی نویٚدا دەورێکی سەربەخۆی لە بەڵقاندا نەبینیووە. ئەگەر ئۆکرانیا وەکو کلیلی هەڕەشە لە ئاسایشی خۆی سەیری ڕوسیا بکات ئەوا دەشیٚ یان بەلای ئەڵمانیا دا یان بەلای تورکیا دا لابداتەوە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی. تورکیا ئێستا زۆر پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ئۆکرانیا دا هەیە لەمیانەی یەکێتی دەریای ڕەشەوە. لە کۆتایدا دەشیٚ تورکیا خۆی وەکو هاوکاری لایەنی ئیسلامی لەبەڵقاندا ببینێتەوە کە ئەویش وەکو پێکهاتەیەك بۆسنیا و ئەلبانیا و موسوڵمانانی ماکدۆنیاو گریك دەگرێتەوە. لەوانەشە تورکیا پشتگیری موسوڵمانەکانی مەکدۆنیا بەگشتی بکات وەکو لایەنێکی دژە گریك و دژە سرب.

یەکبوونی جۆراو جۆر شتێکی شیاوە بەڵام ئەم جۆرە یەکبوونانە هێشتا بە ئەنجام نەهاتوون. دیارە یەکبوونی لەم جۆرەش با چەندو چوون کار لە پەیوەندیەکانی تورکیاو ڕوسیا دەکەن کە ئەوەش لەلایەکەوە بەشداری لە بوونی ئارەزوو دا دەکات بۆ سنوردار کردنی پەرەسەندنی فاندەمێنتالیستی ئیسلامی، بەڵام لەلایەکی ترەوە بەرەو ناکۆکی کلاسیکی سەردەمی ئیمپڕاتۆریتەکانی عوسمانی و قەیسەری دەگەڕێتەوە.

بەکورتی خاسیەتی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو ڕوسیا لەڕوانگەی جیۆپۆلەتیکانەوە دەبێت جارێکی دی لەبەر ڕووناکی ئەو گۆڕانکاریە گەورانەدا هەڵبسەنگێنرێنەوە کەهەر دوو وڵات دەگرنەوە. لە ڕاستیدا ئێستا تورکیا دەوڵەتانی لایەنگری هەیە کە ئەوانیش لەو دەوڵەتە نازە پێکهاتوانەی نێوان خۆی و دەسەڵاتی سەربازی ڕوسیادان لەقەوقاز دا. هەرچەندە لەتێڕوانینی سەربازییەوە ڕوسیا وەکو هەڕەشەی سەرەکی هەرێمایەتی دەمێنێتەوە. کەمکردنەوەی چەکە ستراتیژییەکان لە ئەوروپای ڕۆژهەلات هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی ئەوروپای ڕۆژئاوا کەمکردۆتەوە، بەڵام ئەو هەڕەشەیە بۆ سەر تورکیا هەر بەردەوامە. لە ڕاستیدا پاشەکشێ و لابردنی زۆر چەکی ستراتیژی و هێزی سۆڤێت لەپشتی(ئۆراڵی)ەوە لەڕووی تەکنیکی یەوە ئەم هێزانەی لە تورکیا نزیکتر کردۆتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە تورکیا چیتر ناتوانێت چاوەڕوانی(ناتۆ)بکات بۆ لەکار خستنی ئەگەری هەر ڕووداوێکی بەهێز کە لەئەنجامی جوڵەی سەربازی ڕوسیا دژی تورکیا ڕووبدات. لە ڕاستیدا ئەمڕۆ ناکۆکی شاراوەی نێوان تورکیا و ڕوسیا هیچ پەیوەندیەکی بە ناتۆوە نییە، بەڵکو زیاتر لەوانەیە پەیوەندی بە قەوقاس یان سیاسەتەکانی ئاسیای ناوەندەوە هەبێت.



www.pertwk.com

ئەگەرناتۆ سوودی وەرگرتبێت لە ئامادەبوونی تورکیا، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە بەرامبەر ئەوەدا تورکیا بەدڵنیاییەوە بە شێوەیەکی بەهێزتر سوودی لە هەمان ئەندامێتی وەرگرتووە، ژمارەیەك کۆمەڵەی تر دەشیا  بتوانن بەخێرایی تورکیابهێننە ناو((یانەی ئەوروپییەوە))وەکو(ناتۆ).لەگەڵ نەمانی هەڕەشەی سۆڤێتیدا، تورکیا هێشتا هەست بەوە دەکات کە بەئاشکرا وەکو(نێچیر)لە بەردەم گیروگرفتە ئاسایشیەکانی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەیدا بەجێهێڵراوە. کەئێران و عێراق و سوریا و کێشەی کوردن, دیمەنی نەیارێتی واقیعیانەی تورکیا لەگەڵ هەندێ لەم دەوڵەتانە دا زۆر گەورەترە لەچاو ئەو نەیارێتییەی کەپێشتر لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا هەیبووە. تورکیا زیاتر بایەخ بەوەدەدات کەسروشتی ئەو ئیلتیزاماتەی ناتۆ بەسەر تورکیادا چی دەبێت لە دەساڵیداهاتوو و بەپێچەوانەشەوە, سروشتی هەڕەشەکانی باشوری ڕۆژهەڵات چی دەبێت. ڕوسیا وەکو حسابکردنێکی ئاسایشی بەشێوەیەکی پڕ بایەخ لەسەر وێنە دیارنامێنێت. ئەوروپای ڕۆژئاوا لە بەرامبەر هەر ئیلتیزامێکدا بۆ تورکیا شەرم دایدەگرێت کاتێ سەرنجی سیاسەتەکانی تورکیا لەڕۆژهەلاتدا بدرێت.

لە ڕاستیدا تورکیا ئێستا زۆر بایەخ دەدات بە پەیوەندییە نوێیە شاراوە ئابورییەکانی کەدەتوانێت لەگەڵ ڕوسیا(یەکێتی سۆڤێتدا)دروستی بکات. دوای وەستانێکی دوورو درێژی قەوارەی گشتی ساڵانەی بازرگانی دەوروبەری 600ملیۆن دۆلار بوو بۆ ساڵێك، بڕی بازرگانی نێوان ڕورسیاو تورکیا بەرزبوونەوە بۆ 1,8بلیۆن لە ساڵی 1990داو واش چاوەڕوان دەکرێت ئەو بڕە بگاتە(2,3)بلیۆن دۆلار لە ساڵی 1991دا. تورکیا ئاواتە خوازی ئەوەیە کە قەبارەیەکی گشتی لە بازرگانی ساڵانە بە دەست بهێنێت کە لەکۆتای ئەم دەساڵەیەدا بگاتە(15)بلیۆن دۆلار(73).

گەوهەری پەیوەندی نوێی بازرگانی ڕێکەوتنێکی هاوسەنگ کردنی گازە کە بەهۆیەوە تورکیا غازی سروشتی سۆڤێتی بە دراوێکی گران دەهێنێت. لە بەرامبەردا یەکێتی سۆڤێت ناچارە شت ومەکی تورکی بهێنێتە ناوەوە و ڕێکەوتن لەسەر مەسەلەی خزمەت گوزارییەکان گرێبدات کەکەمترین ئاستی ئەو پارەیەی کە دەدرێت لە 70./.ی بۆ گازە. لە30./.یەکەی تریشی لە دانەوەی قەرزەکانی سوریا بەیەکێتی سۆڤێتدا دەڕوات. ئەم ڕێکەوتن نامەیەیە لە ساڵی 1993دا700ملیۆن دۆلار دەگرێتەوە، ساڵانە ڕێکەوتنی تورکیا لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتیدا یان بەڵێندەرایەتی تورکیا لە یەکێتی سۆڤێت پەرەی سەندووە بە بەهای گشتی 5/1بلیۆن دۆلار کە لە ناوەڕاستی ساڵی 1992گەیشتۆتە ئەوئاستەی کە هەندێك بەڵێندەرایەتی بینای دیار لە مۆسکۆ دا لە خۆ دەگرێت. هەروەها تورکیا خەریکی پێدانی شت ومەکی بیناکردن و بۆری‌و شت ومەکی کارخانەکانە بەیەکێتی سۆڤێت و تاڕێژەی 20./.ی هێڵەکانی پەیوەندی لەسۆڤێتدا بەرهەمی پیشەسازی پەیوەندییە تێلفۆنیەکانی تورکیایە. بیناکردنی کەشتی‌گەلی لە پەرەسەندندایە، هەروەك فرۆشتنی بەرهەمەکان لەیەکێتی فرەنەتەوەیدا کەلەتورکیا دامەزراوە هاتۆتەکایەوە کەئەویش بۆ فرۆشتنی خۆراك وداودەرمان و خواردنی نێو قوتوو، بەرهەمی خاوێن کردنەوەو(cleaning)پاسی هاتوو چۆ پێشکەشی دەکات. مەترسیەکانی پێکەوە بەستن لە گەشتیاری و گواستنەوەو بوارەکانی تردا لەڕێگادایە. تا ئەم بوارە تورکیا(1,35)بلیۆن دۆلاری بەقەرز داوە بەیەکێتی سۆڤێت(74). تورکیا زیاتر لە دوای ئەوە دەگەڕێت کە خۆی بەهاوکارێکی وڵاتانی تر نیشانی ڕۆژئاوابدات لەڕێکخستنی بازرگانی و بەکارخستنی(سەرمایە)دا لەگەڵ کۆمارەکانی سۆڤێتی پێشوودا بەتایبەتی کۆمارە موسوڵمانەکان. تورکیا نزیکی جوگرافی خۆیی و ئاسانکارییە



www.pertwk.com

بەرفراوانەکانی خۆی لە بەندەری دەریای ڕەشدا و نزیکی زمانی و کەلتوری خۆی لەگەڵ ئەو هەرێمانەدا ڕادەگەیەنێت لەگەڵ پرۆژەی ئەزموونی خۆی لەگەڵ پیرۆستریکا لە دەساڵی دواییدا، کەپرۆسەی تایبەتمەند کردن و کردنەوەیە بەڕوی بازاڕی نێودەوڵەتیدا کەتیایدا بەشێوەیەکی بەربڵاو پەرەی‌داوە بەشارەزایی پەیڕەوکراوی خۆی(75).

بەچاو پۆشین لەبازرگانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا پێشنیاری دروست کردنی ناوچەی هاریکاری ئابوری دەریای ڕەش یەکێك بووە لەو بیرو بۆ چوونە بەرهەم دارانەی کە ئۆزاڵ لە پێناوی ئابوری داهاتووی ناوچەکەدا برەوی پێداوە. ئەم ناوچەیە هەموو وڵاتانی سەر ڕۆخی ِدەریای ڕەش لە خۆ دەگرێت، بەلایەنی کەمەوە شەش وڵاتن کە هەر دوو کۆماری سەربەخۆی تازە دروستبووی ئۆکرانیا و جۆرجیا لە خۆ دەگرێت،

تەنانەت ئەگەری جۆرێك لەبوونی تەتەر لەلەکریمیا ( بەشێك لەقەوقاز )دا هەیە(76). بازرگانی کردن لەگەڵ ئۆکرانیادا وادەردەکەوێت کەپەرەسەندنی‌شێوازەکانی بازرگانی دەریای ڕەش بەتایبەتی دەستەبەربکات. گورباشۆف بەئاشکرا پڕۆژەی دەرای ڕەش بەباشترین شێوەباس دەکات.

بەکورتی پەیوەندی تورکیا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا بەئاشکرا لەپێنج ساڵی رابوردودا لەگەڵ بەلاوەنانی دوژمنایەتی تەواو و گۆرانکاری لەڕوخساردا لەپەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو سۆڤیەتەوە گواستراوەتەوە بۆ پەیوەندی تاکەکەسی لەگەڵ روسیاو کۆمارەجۆراوجۆرەکاندا، هەروەهادروست بوونی‌پەیوەندی نوێی بازرگانی لەسیستەمێکی بازاڕی بەخێرای پەرەسەندودا لەسۆڤیەتی پێشودا هاتەکایەوە. دەبێ تورکیا لەشێوازەکانی‌ئابوری‌داهاتوی رووسیاو کۆمارەکانی باشوردا بەتایبەتی ئۆکرانیا بەشێوەیەکی لەبەرچاو دەربکەوێت. بەم جۆرەدەبێ سیاسەتی

www.pertwk.com

## ئه نجام

ڕوداوەکانی جیهان وپەرەسەندنی سیاسەتی ناوخۆی تورکیا پێکەوەکۆدەبنەوە بۆئەوەی دەرکەوتنێکی نویٚ بەتورکیا ببەخشن لەسیاسەتی‌نێودەوڵەتیدا وێنەیەکی بەرزتری تورکیا لەڕۆژهەلأتی ناوەڕاست ولەناوچە موسڵمانەکانی یەکێتی سۆڤێت وچین دا دەربخەن. لەکلتێکداتورکیا بەشێوەیەکی تەقلیدیانە لەم جۆرە دەست تێوە ردانە دورکەوتۆتەوە، دەکەوێتەژێر فشارەوە بۆگۆڕانکاری لەبەرهۆکارە ئابورییەکان ولەبەرئەوەی ناوچە تورکیەکانی تر هەوڵی پەیوەست بوون وپشتگیری تورکیا دەدەن لەداهاتودا. وەکو هێزێکی گەورە لەناوچەکەدا، تورکیا بیٚ چەندو چون پێویستی بەخۆزیاتر خەریك کردنەوە هەیە بەروداوەکانی‌جیهانی عەرەبی وئێران و هەروەها ئیسرائیلیشەوە.

پاشان تورکیا بەدڵنیایەکی زیاترەوە سەرنجی زیاترلەسیاسەتی‌ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستی دەساڵی‌داهاتوودەدات، ئەم گۆڕانکاریە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بڕیاردەدرێت کەبریتین لەپێویستی‌ئابوری، پێویستبونی فەزای ئەڵتەرناتیف بۆ نفوز لەدوای ئەوەی کۆمەڵەی ئەوروپی ڕەفزی تورکیای کرد، هەلی نویٚ بۆپەیوەندیکردن و پەیوەست بوون بەقەوقاز و کۆمارەکانی‌ئاسیای ناوەندی یەکێتی سۆڤێت ونائارامی پەرەسەندو لەکەنداوی فارس دا، پوکاندنەوەی بەرەبەرەی حاڵەتی گۆشەگیرێتی ئەتاتورکیانەی تورکیا لەهۆکارەکانی گۆڕانکارییین.

جیهان خۆی بەردەوام دەبێت لەگۆڕانکاری بەرفراواندا ئەوەش ئەو جیهانەیە کەئێمە تیایدا هاوکات ئاڕاستەی هەڵوەشاندنەوەو ئاڕاستەی یەکگرتنەوە دەبینن. ئەم سەردەمەی پەشێوی ونائارامی مژدەی قۆناغێکی

www.pertwk.com

# تێبینی

1- Hugh Pope"Legacy of Turkeys Immortal Ataturk Slowly States to Fade " Los Angeles, January 15, 1991.

2- سەرۆکی تورکیا (Cevdet Sunay) و تورکۆت ئۆزال تاکە دوو نمونەی دیارن, هەروەها وەزیری دەرەوەی ئێستا حیکمەت چەتین کوردە. ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیر و هونەرمەند و نووسەرانی تورکیا لەرەگەزی کوردن. نووسەر جیهانی یەشارکەمال لەبەناوبانگترینیانە، هەرچەندە هەمویان خۆیان بەکورد نیشان نەداوە، زۆر لەتورکەکانیش خوێنی تورك و کوردیان تێکەلاو کردووە

3- سەرنجی " on "gournat ,Brifing , April, 1991, May , 1991 کە لەئەنقەرە دەرچووە. نووسەر هەروەها ژمارەیەکی زۆر گفتوگۆی لەسەر ئەو کاریگەرییە بیستوە کەلەکاتی توێژینەوەیەکدا لەسەر لەسەر گەشت بۆتورکیا لەتشرینی یەکەمی1991بەرزی کردۆتەوە. هەروەها سەیری محەمەد عارف دیمیریە. بکە ((ئارەزوی بەریتانیا بۆزیندوکردنەوەی بەندەکانی سیڤەر)). لە .TheTurkishTime.November, 15, 1991.. سەبارەت بەگفتوگۆیەك" لەسەر شێواندنی ترسناکی ڕاستیەکان لەبارەی مەسەلەی کوردەوە لەپێش کۆمەڵەی نەتەوەکاندا" لەمیدیاکانی بەریتانیدا. سەبارەت بەشیکردنەوەیەکی بەرزی چەپ بڕواتە شیکردنەوەکە ی دۆگۆ پێرنسیك لە:

Metin Sever. Ed.kurt Sorunu (How onr inteellectuals look at the Kurdish Issue), cem Yajinevi, Istantoul, 1992 p zi3

4. Ozal: Germany protets Marxist PKK Turkish Times, November 15_ 1991

5. Denye (Turkish gurnal) August 1991. p.p 2_ 18
6. See Briefing, March 18, 1991

بۆنمونه بڕوانه

7. Aydin yalcin. Thinking about Turkey and Turkishness , Uoniforum April , 1991 and Ozal s links with kurdish Rebels come under press fire " Turkish Times, October 10, 1991.

8. ئـەم دەرەنجامانـە تائاسـتێك پشـت دەبەسـتن بـە گفتوگۆكـانی نووسـەر لەگـەڵ ژمارەیـەكی زۆر لـە ڕۆنامـەنووس وئـەكادیمی و سیاسـیەكانی كـوردا. لەتشرینی یەكەمی 1991و حوزەیرانی 1992دا.

9. Sever , kurt sorunn.

10. پێش دەركەوتنی دەوڵەتی نوێی تورك " لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیداٍ جار لە داوی جار كەمكراوەتەوە براوەو ئارەزووی ئەوەش هەبووە كەوەكو جوتیاری سەرەتایی یان وەكو توركی ئاسیایی ئاماژەی بۆ بكرێت.

11. Ali fuat Ugay ((Turkish fifth most widely spoken language)) Tukish Times, October, 1991

((ئەم وێنەیە هەموو زمانە توركیەكانی جیهان پێكەوە كۆدەكاتەوە بۆ یەك گرووپ ))

12. Mart Arras. Istikbal turkerin. (The fegare belongs to the Turks)Turkiye, sept, 25, 1991.

13. Interviews with Sociologistsin Istanbul , September 1991.

14. William D. Montalbano "Surge in Kurdish Natio nalism poses Tough Test for New Turkish Regime" loss angale





15. Montalbano "surge in kurdish Nationalism.
16. Hugh pope "17 Turkish Troops die in kurds Biggest Raid los angles time OCT, 26, 1991.
17. Osman Okyar. Tarihe Bahislarimiz yumusugor Mu? Yeni forum, August, 1991.

هەروەها بڕوانه

Murat Belge, Tarihen Guncellige), Alan Yayincilligi. I stanbul 1983.

18. لـەم كاتـەدا بێگومـان ئـەتاتورك هۆیـەكی باشـی لەبەردەسـتدابوو بـۆ شێواندنی ناوبانگی ئیمپراتۆرە كۆنە فرە نەتەوەییەكە و جەخت كردن لەسـەر دروسـتكردنی دەوڵـەتێكی نـوێی نەتـەوەی لـەتوركیا كـە لەسـنوری نـوێی نەتـــەوەی و وەكـــو ئیتنیكێكـــی نـــوێ و عـــەلمانیو بەنـــەریتی نەتەوایەتیلەچوارچـێوەی توركیـادا كاربكـات. بـەڵام ئێسـتا ئـەو دەوڵەتـە نەتەوەیـە لەچوارچێوەیەكی واقیعـی چەسپاودایە، لەوانەیـە ئازادیـەكی زیـاتر هــەبێت بۆهەڵســەنگاندنی رابــردوو بــە دوودڵیــەكی كەمتروبڕوابــەخۆبوون ومەوزوعیەتێكی زیاترەوە.

19. بەبێیەخەوەتەنانــەت توركیــا لەهــەموو ســەدەكانی بــەكارهێنانی دەسـەڵاتی خۆیـدا مـەیلی ئـەوەی هـەبووە كـەبیر لـەخۆی بكاتـەوە لەڕوانگـەی دۆڕاوێكـەوە. لەبەرامبـەر رۆژئـاوادا لـەم چـەند سـەدەیەی دوایـدا. لەبەرئـەوەی ئیمپراتـۆری عوسمـانی كەوتـەلاوەو ئیمپریالیسـتی رۆژئـاوا هەوڵیـدا هـەر لەسـەرەتای دروسـت بـوونی توركیـای نوێـوە توركیـا لاواز بكـات. ئـۆزاڵ لـەم دواییانەدا قسەی لەوەكردو بەئاشكرا لەبارەی سەركەوتنەگەورەكانی توركیاوە لـەبواری ئـابوری وشـوێنی دیـارو دەركـەوتوی توركیـا لەجیهانـدا دوا لەدەسـاڵی ڕابــردوودا. توركیـا بـەرەو ئـەوە دەڕوات كـەببێت بـەزلهێزێكی هەرێمایـەتی

بڕوانە : Turkish Times , November , 15 , 1991

20. Ali L karosmanogln, Turkeys security and the mide east "foveign police

21. Erbkans vision: Islam harmony and cleansed society, Brieting, Oct, 14

22. Karaosmanogln, Turkey s security, pp. 165 _ 166.

23. George E. Gruen, Turkeys relations with Israel and its Arab Neighbors, Middle East review, spring 1985 , p. 42

24. See kavaosmanogln, Turkeys security. p.p 165_ 166.

25.. بۆ نمونە بڕوانە وتاری ڕەجەب ئەلسالح

Raghib 1_ sulh in the pan _ Arab daily al _ hayat October, 18, 1991

لەم گۆڤارەدا گفتوگۆی ئەوەدەكات كە پێویستە نەدوای ڕۆژئاوا بكەون نەبەدوای سیاسەتی پان _ توركیدا بڕۆن بەڵكو ئیختیاری جیهانی سێهەم هەڵبژێرن. بەشێوەیەكی نمونەی سەرۆكی لیبیا معەمەر قەزافی لەكاتی جەنگی كەنداودا رایگەیاند كە هیچ ئومێدی بەتوركیا نەماوە لەئەنجامی ئەوەدا كە توركیا پشتگیری ولاتە یەكگرتوەكانی كرد دژی عێراق، هەروەها گووتی پێویستە توركیا چیتر ڕێگانەدات بەولاتە یەكگرتوەكان تائەو فڕۆكەخانەیە بەدژی عێراق بەكاربهێنێت. ئەگەر جەنگی سێیەمی جیهان دوور بێت. قەزافی هەڕەشە دەكات بەكردنەوەی بەرەی دووەم لەلایەن توركیاوە، ئەوە شەڕی سێیەم روودەدات، بڕوانە

Turkish Times, March. 15, 1991

26. See brieting, February 11, 1991, pp 3_ 4



www.pertwk.com

27. Shrara visit marks new phase in Turkish. Syrian relations, Brieting March 25, 1991, pp 9_ 10

28. Briefing, March, 25 _ 1991.

بیركردنەوەی توركیا لەبۆری ئاو لەوانەیە گەشبینانە بێت لەهەردوولایەنی بڕی ئاو كە توركیا دەینێرێتە دەرەوە و هەروەها تێچونی ڕەوانە كردنی ئاو بەرەو باشور.

29- Neil C.Living stone and David Halevy, Inside the PloWilliam Marrow and company, NewYourk, 1990, p.82.

30- Gruen, Turkeys Relations with Israel p.34.

31- Ismet G. Ismet: Syria Suspends Support to pkk" Turkish Times, March 15, 1991.

32- U.S. Asks Ankara to Accept Automous Kurdistan, Turkish Times, Feber.1, 1991.

33- Gruen, Turkeys Relations with Israel p.41.

34- Gruen, Turkeys Relations with Israel p.35.

35- Turgut Ozal" An unavoidable War" The Washington post, January 21, 1991.

36- Gruen, Turkeys Relations with Israel p.38.

37- Ali Fual Borovali, Kurdish Insurgencies. The Gulf war and Turkeyەs Changing Role" Conflict Quarterly Fall 1987, pp.39-40.

38- Richard C.Hottelet, Mideast Wild Card: Kurds in Iraq, Turkey, Christian Science Monitor, October 24, 1990.

39- ڕێژەی نەخشێنراو لە ((مێژووی عێراقی هاوچەرخ)) وەرگیراوە

Marr. A History of Modern Iraq" Boulder: Westview press, 1989. p.p. Quotin Richars Nyrop, Iraq: A Country Study, U.S. Government printing Office, Washington, D.C. 1979.

بڵاوكراوەیەكی ((پارتی نیشتمانی توركمانی عێراق كەمێژووی پێوە نیە و توركمانەكان خۆیان لە ساڵی 1990 لەبارەی دانیشتوانی توركمانەوە قسە دەكەن " كە ژمارەیان دەگاتە دوو ملیۆن ئەم ژمارەیە بەتەواوی بەدرۆ دەخرێتەوە, هەرچەندە ژمارەی تەواوی توركمانیش لەبەردەستدا نیە توركیا و عێراقیەكان و كوردیش ئەم ژمارەیە ڕەت دەكەنەوە.

40- Foreign Reports Bultetin (newsletter) Washington, D.C. March 14, 1991.

41- President Turgut Ozal warns Syria and Iran to stay out of Iraq. Turkish Times, March, 15, 1991.

42- Ankara cautlons on Detense palt, Turkish Times, March, 15, 1991.

43- Clyde Haberman" Turkish Fundemnetalists call for with drawal from coalition, new yourk times, Jan. 30, 1991.

44- Brifing, March 225, 1991. p.10.

45- William D. Montabano" Ozal Seeks to translate Role as Gulf war Ally into power for turkey" Los Angales Times, March, 16,1991.

46- Ozal upbeat on Gulf Policy and future. Turkish Times, April, 1, 1991.

47- Mushahid Hussain" Iran Forges Newlinks" middle East International, Feb.17, 1999, p.17.

48- See Sheherezade Daneshkhu: Iran. New Force of Stability" The Middle East, March, 1991, p.8.

هەروەها بڕوانە (Tahran Times, January 20, 1991) لەم باسەدا نووسەر بەئاشكرا وریایی لەبارەی تەموحی درێژخایەنی توركیاوە بۆ دەسەڵاتكردن بەسەر باكوری عێراقدا دەدات.

49- لەنێو نووسەرانی تریشدا , وتارێكی سەرەتای نووسەر لە گۆڤاری: (Foreign Policy, Spring 1990)





بەناونیشانی (( دەركەوتنی ئاسیای ناوەند)) سەبارەت بەكاریگەری شاراوەی هەرێمایەتی لەسەر گۆڕانكاری لەئاسیای ناوەندا.

50- Montalbano, Ozal Seeks to translate Role as Gulf war Ally.

51- جێگای بایەخە كە تێبینی ئەوە بكرێت كە زمانی توركی وشەی جیاوازی نییە هەتا توركی توركیا لە توركی ئاسیای ناوەند جیا بكاتەوە لەكاتێكدا كە زمانی ئینگلیزی جیاوازی دەكات لەنێوان (زمانی توركی) و (توركێك)دا, هەروەها زمانی روسیش هەمان جیاوازی دەكات لە نێوان (Tureteski) و (Tyurkski)دا تەنیا لە ناوەڕاستی ساڵی 1991 دا هەندێ ڕۆژنامەی توركی زمانی توركی ((توركی)) یان تۆماركرد بۆ جیاكردنەوەی توركی ئاسیای ناوەند لەئاوەڵناوی ((تورك)) كە ئێستا بەكاری دێنن بۆ ئاماژەكردن بۆ توركی توركیا و بەس بەڵام ئەم بەكارهێنانە شتێكی دەستكردەو دوورە لەئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵكەوە. ((تورك)) هێشتا بەو وشەیە دەگوترێت كەبەكاردێت بۆ وەسفكردنی هەموو تورك یوگۆسلاڤیاوە بۆ كینجانگ.

52- Kazakhstan Minister Sings Accard, Turkish Times, March, 15, 1991.

53- ئەم تێبینیانە پشت دەبەستن بەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ ژمارەیەك لەرۆشنبیرانی چەپی توركدا لە سێپتەمبەری 1991دا كراوە.

54- Report on the UsSR( Radio Liberty Bulletin) Feb,8,1991, p.19.

55- ئەم ڕوانینانە پشت دەبەستن بە توێژینەوەی گەشتكردنی نووسەر بۆ ئاسیای ناوەند لەهاوینی 1991 و بەهاری 1992 دا بۆ هەڵسەنگاندنی ئاڕاستەی جیۆپۆلەتیكانەی كۆمارە تازە دەركەوتووەكان.

56- This figure is the estimate of the Tukestan Research Turast.

57- Based on discussion with a Mongol official at the Mangolian Center for strategic studies, August, 1991.

58- See Newpost, English Language edition, Ankara, April, 11, 1991.

59- See Hurriyet, April, 12.1991.

60- See Brriefing, March, 18, 1991, Ankara, p.3.

61- Coskun Kirca," The only Hope for Armenia," Turkish Times, Feb, 12, 1991.

62- From an American journalist recently examining Turkish. Armenian relations, Dece.1991.

63- لەماوەیەکی کورتدا ئەرمینیا تاڕادەیەکی زۆر باش خۆشی لەشارەوایی سەربازی و ئامرازی بەرز وەردەگرێت ئەگەر ئازاربایجان جەخت بکاتە سەر چاکسازی درێژخایەنی توانا سەربازییەکانی (بەیارمەتی تورکیا) , ئەوا دانیشتوانی لەرادەبەدەر گەورەی ئازربایجان و سنووردانی واقیعیانەی کەرەباخ ئاستێکی توندوتیژی پیٚ دەبەخشیٚ لەبڕیاری سەربازیدا.

64- Paul B, Henze" Turkey and Georgia, Expanding Relations, p.1758. Santa Monica, Ca: Rand, 1992.

65- Henze, Turkey and Georgia, p.15.

66- Patricia J. Higgins" Minority – state Relations in Contempory Iran" in Ali Banuazizi and Myron Weiner, eds, The State, Religion and Ethinic Politics: Afghanistan, Iran and Pakistan, Syracuse: Syracuse University Press, 1986, p. 178.

لەکاتێکدا ئەم وێنانە پشتیان پیٚ نابەسترێت, هیجنس وا ئازەرییەکانی هەڵسەنگاندووە کە لەسەرجەمی سی و چوار ملیۆن کەس لەساڵی 1986دا نۆ



www.pertwk.com

ملیۆن پێکبهێنین, ئازەرییەکان خۆیان وای دادەنێن کەئەو ژمارەیە زۆر کەمە و ئەمان دەڵێن ئازەرییەکان لە دوانزە بۆ پانزە ملیۆن کەس دەبن.

67- چاوپێکەوتنی شەخسی (تایبەتی) لەگەڵ ئەندامێکی بەرزی بەرەی نەتەوەی ئازەربایجانیدا لە تشرینی یەکەمی 1991.

68- ئازربایجان ئەبجەدێتی دەستکاری کراوی سیریلی (ئەبجەدێتێکی نزیك لەئەبجەدییەتی سلاڤی کۆن) بەکاردێنن, بەڵام لەساڵانی بیستەکانەوە گەڕاونەتەوە بۆ ئەبجەدێتی ئەسڵی لاتینی خۆیان (تەنانەت لەپێش تورکەکانەوە ئەبجەدێتی لاتینی بەکاردێنن). ئەمەش جیاوازە لەوەی کە ئازربایجانی ئێران کە ئەبجەدێتی فارسی – عەرەبی لەنوسیندا بەکاردێنن.

69- Azerbaijan Bridge Begins in March, Turkish Times, March, 15, 1991.

70- Turkish Times, Dece1, 1991.

71- Bruce Kuniholm, Turkey and the west, Foregn Affatrs, spring, 1991.

72- Christian Turkish Minority in Moldora, Gok Oguzin Turkish – aname highly redolent of the Turkish atavistic past.

73- زانیاریەکانی نێو ئەم پەرەگرافە و زۆربەی زانیاری‌یەکانی دوای ئەم پەرەگرافەش وەرگیراون لە :

"Economic Relations between Turky and Soviet Union" by Nihat Gokyigit, Cochairman of the Turkish- Soviet Business Council, presented in, report to the Turkish- U.S: Business Council in New yourk on October 31, 1991.

74- Gokyigit" Economic Relations between Turkey and the Soviet Union.

75- ئەم ئەزموونە لەبەرەو پێشەوە بردنی شارەزایی‌یەکی پەیوەستی تازە دۆزراوەدا زۆر گرنگە, ئەوەش نەك تەنیا بۆ تورکیا بەڵکو بۆ دەوڵەتانی تری

www.pertwk.com

76- Blach Sea property Zone" Agreement to be Signed in April," Turkish Times, January 15, 1991.

77- Economist Foregn Report, April, 11, 1991, p.6.

www.pertwk.com

# بەشی سێیەم

## پرد یان بەربەست ؟

ن/ ئیان – ئۆ – لێسەر

## توركیا و ڕۆژئاوا لەدوای جەنگی سارد

لەگەڵ پەرەسەندنە شۆڕشگێرییەکاندا لە ئەوروپای ڕۆژهەلات و یەکێتی سۆڤێتی پێشوودا و لەگەڵ گواستنەوەی پەیوەندییەکانی ڕۆژئاوا – ڕۆژهەلاتدا زۆر لەچاودێران لە توركیا و ڕۆژاوا بۆچوونەکانیان بەو جۆرە بوون کە توركیا قوربانیەکی سەرەکی پشتگوێ خستنی ستراتیژی بێت لەدوای جەنگی سارد. ڕووداوەکان لەکەنداوی فارسدا توركیایان گێڕاوەتەوە بۆ نێو ئاستی بەرەی ستراتیژی. بەڵام لەگەڵ پەیوەستبوونی دوور و درێژ بەپەرەسەندنەکانی ئەوروپا و ئاسیای ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەرژەوەندییەکانی توركیا و ئارساتەکردنی جیۆپۆلەتیکانە کەمتر ئاشکران. دیسانەوە تەئکیدکردنەوە لە بایەخی توركیا لە سنووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر لە ئاسایشی ئەوروپا, بەتایبەتی وێنەی چەسپاوی ڕۆڵی توركیا لەواشنتۆن و برۆکسل و ئەنقەرە ڕووبەڕووی لەروودا وەستان دەکاتەوە.

توركەکان لەناو حکومەت و لەدەرەوەی حکومەتدا بەشێوەیەکی بەربڵاو دەستیان پێ لەکار دەکێشرێتەوە بۆ دەرەوەی توركیا, هەر هیچ نەبێت لەماوەی نزیکدا و لە پرۆسەی ڕەسمی یەکگرتنی ئەوروپیدا بەپەرەسەندنی ناسنامەی بەرگری ئەوروپاشەوە. بەڵام توركیا لە پەیوەستبوونیدا بەئەورپاوە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکی بەهێز دەکات لەبەرهۆکاری سیاسی و ئابوری و ئاسایشی. لەپشتی ئەمەوە نوخبەی توركی بەجێگیری پەیوەستە بەڕوانینی ئەتاتورکیانەوە بۆ ڕۆژئاوا و نەریتی ئەتاتورکی ڕۆژئاوا لەبواری ڕۆشنبیری و فیکریدا. لەسەر ئاستێکی فراوانی جێبەجێ کردن, بێ ئومێدبوون لە ڕۆڵی سنوورداری توركیا لەئەوروپادا, هانی توركەکانی داوە بەدوای دەروازەیەکی



www.pertwk.com

جێگیرەوەدا بۆ چالاکی‌یە نێو دەوڵەتیەکان بگەڕێن لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو لەبەڵقان و (لەوانەیە لەدەست پێکردنی جەنگی کەنداودا خۆپارساتنێکی زیاتر هەبوو بێت) لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. گۆڕانگاری زۆر گەورە لەزەمینەی ستراتیژی‌دا بەشێوەیەکی گشتی هانی دیسانەوە تەئکیدکردنەوەی زۆر چالاکانەی بەرژەندییە دەکیەکانی توركیا و سیاسەتی توركیا دەدات هەر لەسەردەمی دامەزراندنی کۆماری توکیاوە گریمانە درێژخایەنەکان لەناویاندا فەرمانە سەپێنراوەکانی ئەتاتورك سەبارەت بە دەست تێوەردان و سەرەتایی بوون لەپەیوەندییەکاندا لەگەڵ ئەوروپادا بابەتن بۆ تاقیکردنەوەی بابەتی زیاتر ڕەخنەییانە.

هەڵبژاردنەکانی ئۆکۆتۆبەری ساڵی 1991 پارتی دایکی سەرۆك تۆرکۆت ئۆزاڵی لەدەسەڵات دوور خستەوە و داهاتووی تۆرکۆت ئۆزاڵی خستە بەردەم گومانەوە. هاوپەیمانێتی جێگرەوەی پارتی دایك کە پێکهاتبوو لە ناسیونالیستەکان و سۆشیال دیموکراتەکان کەلەلایەن پارتی ڕێگای ڕاستی کۆنسێرڤەتڤەوە بەسەرۆکایەتی سلێمان دیمیریل سەرکردایەتی دەکرێت ناشێت ئاڕاستەیەکی رادیکالانەی لەسیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی توركیادا بگرێتەبەر. بەڵام ئاڕاستە دیارەکان لە توركیادا کە بەڵگەی پێشینەیان هەبوو بۆ هەڵبژاردن, بەشێوەیەکی لەبەرچاو هەستیارییەکی پەرەسەند و سەبارەت بەمەسەلەی سەروەرێتی و , ڕێگایەکی توندوتیژ سەبارەت بە ڕاپەرینی کوردی(لەگەڵ هەڵوێستێکی نەرم و نیانی سەرنج ڕاکێش بەرامبەر بە کەلتور و پرسی کۆمەڵایەتی کوردی) و هەروەها توندوتیژی تازەبووەوە لەمەسەلەی قوبروسدا دەشێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کەئەمانە پێکەوە یەکبگرن(1) حکومەتی هاوپەیمانی توركیا زۆرێك لەچاودێرانی سەرسام کردووە لەرێگای کرانەوەی چالاکی‌یەوە لەقەوقاز و ئاسیای ناوەند و دەوروبەری دەریای

ئەم شیکردنەوەیە پێشهاتە درێژخایەنەکان بۆ تورکیا و ڕۆژئاوا ئاشکرا دەکات. ئەو بابەتە تایبەتانەی کەئاڕاستە دەکرێن پەیوەستبوون بەبۆچوونە تەقلیدیەکانەوە سەبارەت بە تورکیا لەخۆدەگرێت لەو ڕوانگەوە کە تورکیا پردی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە. پێشهاتەکان لەئەوروپا سەبارەت بە تورکیا پەیوەندییەکانی دەریای ئیجە و هەڵوێستی ستراتیژی تورکیا و پەیوەندی هاوپەیمانێتی و ڕوانین بۆ پەیوەندییە دووسەرییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا لەخۆ دەگرێت. لەکۆتایدا هەندێ دەرئەنجام و تێوەگلان بۆ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پێشکەش دەکرێت. فکرەی گەوهەری بەم جۆرە ئەوەیە کەئاڕاستەی دەرەوەیی داهاتووی تورکیا پەرەی پێنادرێت لەبۆشاییدا. بەڵکو بەلایەنی کەمەوە وەك بەشێك لەوەڵامدانەوەدا بۆ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا ئەو پەرەسەندنە دەردەکەوێت. لەبەرئەوەی زۆر تورك بەشێوەیەکی ئامادە دان بەوەدا دەنێن کە ستراتیژی بەرامبەر بە تورکیا زۆر لەوە گرنگ ترە کەبەتەنیا بۆ تورکیا بەجێ بهێڵرێت.



www.pertwk.com

## پرد یان بەربەست لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا؟

بیرۆکەی سەیرکردنی تورکیا وەکو پردێك لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا لەنێو نوخبەی سیاسی و ئابوری تورکیا و چاودێرە لایەنگرەکاندا لەشوێنانی تر بیرۆکەیەکی فرە بڵاوە. لەڕووی جوگرافیەوە بێگومان تورکیا ئەوروپا و ئاسیا لەیەکتر جیادەکاتەوە. هەروەها لەڕووی کەلتورییەوە تورکیای نوێ زیاتر بەرهەمی کاریگەری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایە پێکەوە لەبەرئەوەی تورکەکان خێران لەئامادە کردندا. بەڕۆژئاوایی کردن زۆر لەسەرەمی ئەتاتورك کۆنترە و بۆ نموونە دەشێ تێبینی کاریگەری یەکانی بێزەنتی‌یەکان لەسەر کۆمەڵگای عوسمانی بکرێت.

لەڕوی سیاسی و ئابوری و ستراتیژی‌یەوە تورکیا بەردەوام بەشێوەیەکی نائاشکرا ئەکتەرێکی گرنگ دەبێت لەئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئاسیای ناوەندا. بەڵام ئایا ئەمە تورکیا دەکات بە پردێکی سروشتی لە نێوان ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ یان ئایا بوون بەوپردە پایە و ڕۆڵێکی تایبەتی دەبەخشێتە تورکیا؟ لەڕووی مادی و مەعنەوییەوە تورکیا ئەوتوانا شاراوەیەی هەیە کەڕۆڵی پردێك ببینێت لەنێوان ئەم ناوچانەدا, بەڵام ئەم ڕۆڵە شتێکی ئۆتۆماتیکی نییەو داوای هەڵسەنگاندانی ڕەخنەییانە دەکات(3) مێژووی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانی و ئەزموونی زۆر نوێی هاریکاریکردنی تورکیا لەگەڵ ئامانجەکانی ڕۆژاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هانی پەیوەندییەکی درێژخایەنی سەربازی دەدات لەنێوان تورکیا و دراوسێکانی‌دا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا. بەرژەوەندییە ئابوری و سەرچاوەییەکان (خۆراك و ئاوو نەوت) لەوانەیە یارمەتی پەرەسەندنی

بەئاگایی وردی نوخبەی تورکی لەخەریك بوونی دووردرێژیدا بەکاروباری ئەوروپاوە, لەڕاستیدا دەری دەخات کە ڕۆڵی تورکیا وەکو بەشێك لە سیستەمی ئەوروپی تەنیا ڕەنگدانەوەیەکی هەڵوێستەکانی ئەوروپای دەسەڵاتدارە. ئەوروپیەکان بەهەستێکی هێجگار پەرەسەندوی تێوەگلانی مێژووییانەی تورکیا لەئەوروپادا لەبەڵقانـدا دەبینرێتەوە, لێرەشدا ئەم ئەزموونە میراتێکی خراپی بەجێهێشتووە لەگەڵ بەلاوەخستنی دەوری زۆر گرنگی تورکیا لە بلۆکی روسیادا و پاشانیش ویستەکانی سۆڤیێت لە بەڵقان و قەوقازدا, ئەوروپا بەشێوەیەکی تەقلیدیانە زۆر دووربووە لە پەیوەستبوون بەبنیادنانی بەرەبستەوە لەبەردەم دەسەڵاتی تورکیا و نفوزکردن بەسەر کیشوەرەکەدا لەچاو سەرقاڵ بوونی بەتورکیاەوە وەکو پردێکی ستراتیژی لەنێوان رۆژهەلات و رۆژئاوادا. لەبەرئەوەی تورکیا بەشداریێکی چالاکە لە سیستەمەکانی هاوپەیمانی ئەوروپادا بۆ نموونە هاوپەیمانی لەگەڵ فەڕەنسادا لەسەدەی شانزەدا, هەروەها لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیادا لەماوەی شەڕی قرمدا و هەروەها لەگەڵ دەسەڵاتە سەرەکیەکاندا لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا. بەشداری کردنی تورکیا لەناتۆدا دەشێ بەدرێژکراوەی ئەم





ئەزموونە دابنرێت. ڕوانینی نوخبەی تورکی لەم مێژووە بەئاشکرا لەڕوانینی ئەوروپیەکانەوە پێکهاتووە(5) ڕاڤەکردنێکی ئەلتەرنایتیڤ زۆر لەم ئەزموونە دەبینێت کە بەدڵنیاییەوە وەکو ئەزموونی سالانی پەنجاکانی سەدەی هەژدەیەمە, کەلەڕوانینی بەشداریکردنی تورکیاوە لەدەریای ناوەڕاستدا زیاتر دەبێت لە سیستەمی ئاسایشی ئەوروپا (6) لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی تووندتیژی نیوسەدەیی سۆڤیێتی لاواز دەبێت. ئەوروپا بەشێکی گەورە لەبایەخدانی خۆی و بەرژەوەندی خۆی لەجەنگی ستراتیژی تورکیادا لەدەست دەدات. لەڕاستیدا لەبەرئەوەی تورکیا سەیری دروستکردنی ناسنامەی بەرگری خۆی دەکات, مەترسیەك لەئارادایە کەوەها سەیری تورکیا دەکرێت وەکو بەرپرسیارێکی ستراتیژی و سیاسی. بەرپرسیارێتییەکی ستراتیژیانە لەبەر مەسەلەی ئاسایشی ئاڵۆز و بەپەلەی‌و هەروەها بەرپرسیارێتییەکی سیاسیانە لەبەر پێگەی لەدەرەوەی کۆمەڵەی ئەوروپی و پەیوەندی نزیکی دوو لایەنەی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا دێتە ئاراوە(7).

بەڕەچاوکردنی کێشە هاوچەرخەکانی ئاسایش لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا, تورکیا جارێکی تر لەوانەیە وەکو بەربەستێك سەیر بکرێت بۆ زیاتر بێزارکردنی ئەوروپیەکان و هەڕەشەی سەربازی زیاتر لەوەی کەلایەنێك بێت بۆ گفتوگۆ. تەنیا لەهەستێکی زیاتر سنووورداری ڕۆڵی تورکیادا وەکو مۆدێلێك بۆ پەرەسەندنی سیاسی و ئابوری لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و یەکێتی سۆڤیێتی پێشوودا بیرۆکەی تورکیا وەکو پردێك دەنگدانەوەیەکی گرنگی هەیە لەئەوروپادا. تەنانەت لێرە پەیبردنەکانی ئەوروپا بەتەواوەتی لەبەرژەوەندی تورکیا نییە لەبەرئەوەی کەلەوانەیە چاودێران تەنیا دەست نیشانی ڕەگەزەکانی (( ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست)) بکەن لەبارودۆخی سیاسی تورکیا خۆیدا. لەم ئاقارەدا کێشەی ڕەگ و ریشەداری بزوتنەوەی کوردی لەباشووری

لەڕاستیدا بەئەندام بوون لەم ڕێکخراوانەدا بەشێوەیەکی تەواو تێگەیشتنی تورکیای لەئەوروپا یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێزنەکردووە(10). گرنگی ئەم ڕێکخراوانە کەم ببێتەوە بەتایبەتیش توانای ئەم ڕێکخراوانە خاو دەبێتەوە لە دڵنیاکردنەوەی نوخبەری تورکی و ناتۆ و ئەنجومەنی ئەوروپا ( کۆمەڵەی ئەوروپی)دا, هەروەك خامۆش دەبێت لە بوارکردنەوەدا بۆ چاکسازی نێودەوڵەتی بەمەبەستی پرۆسەی بەدیموکراتی کردن لەتورکیادا. لەکۆتایدا



www.pertwk.com

بیرۆکەی ((پرد)) پێشنیاری هاوسەنگی وڵاتێك لەنێوان رۆژهەلات و رۆژئاوادا دەکات. لەڕاستیدا هەڵوێستەکانی تورکیا بەرامبەر بەسیاسەتی رۆژئاوا و سیستەمی ئابوری بەسەنگێکی گران دەمێنێتەوە, بەتایبەتی بۆ ئەو مەودایەی کە هەلە بەدیلەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەدەوری دەریای ڕەشدا ئاسایی بەهێز دەبن ئەویش لەڕوانگەی بوونیان بەهۆکاری بەرزکردنەوەی شوێن و پایەی تورکیا بۆ ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکان(11).

## دەستپێشکەری دەریای ڕەش وەکو پردێکی سیاسی و ئابوری

بەدواداچوونی دەستپێشکەری بۆ هاریکاریکردنی هەرێمایەتی وەکو سیاسەتێکی دەرەوەیی گرنگ دەستی پێکردووە و بەرە و باشووری ئەوروپا کشاوە. تورکیا بەشدارییەکی بەرچاوی ئەم ئاڕاستەیەی کردووە لەرێگای پرۆژەی هاریکاری ئابوری دەریای ڕەشەوە, ئەوەش بەمەبەستی دامەزراندنی لەسەرخۆی ناوچەیەکی بازرگانی ئازاد بوو لەنێوان ئەو دەوڵەتانەی کە چواردەوری دەریای ڕەشیان داوە. بیرۆکەی دەسپێشکەری دەریای ڕەش لەلایەن کەسێتیە سەرکردەییەکانی دەرەوەی حکومەتەوە بۆ چەند کاتێ گفتوگۆکراوە, بەڵام ئەو گفتوگیانە لەلایەن چالاکی لەرادەبەدەری سەرۆك ئۆزاڵەوە لەسەرەتای ساڵی1990 دا دەستی بەسەردا گیراوە. ئۆزاڵ لەگفتوگۆکانیدا لەگەڵ سەرۆك بۆش و سەرۆك گورباشۆف بەدرێژایی ساڵی 1991 ناوبانگی دەرکردووە دەستپێشکەرییە پێشوەختییەکان دامەزراندنی بارودۆخێکی زۆر گونجاو بۆ بازرگانی و بەکارخستنی لەنێوان دەوڵەتەکانی سەر رۆخی دەریای ڕەش و چاکسازی لەبواری پەیوەندیکردن و ژێرخانی ئابوری و ریفۆرمی بەرێوەبردندا لەخۆی دەگرێت ئەویش بەمەبەستی هاندانی

پرۆژەی دەریای ڕەش لەسەر بنەمای قەبارەیەکی خێرای فروانکردنی بازرگانی تورکیا و خستنەکاری پارەوە لەدەریای ڕەشدا بنیاد دەنرێت کەمۆسکۆ و ئەو شەش کۆمارە لەخۆی دەگرێت. پرۆژەکانی تورکیا لەلایەن ئاوەدانکردنەوە و پیشەسازی دەرمانسازییەوە بەڕێوە دەبرێن و بەتایبەتیش لەبەرەو پێشەوە بردنی پەیوەندییە بازرگانیەکاندا چالاکن لەو کۆمارانەدا کەژمارەی گەورەی دانیشتوانی تورکیان تێدایە, بەڵام چالاکیەکانی ئەم پرۆژانە هێشتا باڵیان بەسەر هەموو ئەم ناوچانەدا نەکێشاوە(15) فراوانبوونی ئاستی دەست تێوەردانی تورکیا لە کۆمارەکانی باشوور بەپاڵپشتی مۆسکۆ گەیشتۆتە ئەنجام کەلە وکۆماراندا تورکیا وەکو بەدیلێکی عەلمانی سەرنج ڕاکێش بۆ مۆدێلی ئیسلامی کە ئێران پێشکەشی کردووە دەرکەوتووە(16).

بەزاراوەی ستراتیژی ئەم دەستپێشکەری‌یە, پێکەوە لەگەڵ کرانەوەی ئابوریانە و سیاسیانەدا بۆ ئاسیای ناوەند وەکو ناوەندێکی شیاو بۆهەوڵەکانی ئەنقەرە دەرکەوتووە بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی زۆر چالاکی دەروەیی لەدوای جەنگی سارد. ئەم پرۆژەیە ناوەستێتە سەر پەیوەندی‌یەکان لەئەوروپادا یان لە (پەیمانی) ئەتڵەسیدا, لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەم پرۆژەیە سەرکەوتوو بێت ئەوە شوێن و پایەی تورکیا لەلای هاوکارە رۆژئاواییەکان



www.pertwk.com

بەرز دەکاتەوە. نەخشە سازی سەرەکی پرۆژەی دەریای ڕەش والەو پرۆژەیە دەروانێت کەلەوانەیە یەکەم دەستپێشکەری هەرێمایەتی سەربەخۆی تورکیا بێت لەماوەی پەنجا ساڵدا, هەروەها دەستپێشکەرییەکی گرنگی شاراوەی ئاسایشی و دەرئەنجامی ئابوری و سیاسیشی هەیە(17) کاربەدەستانی تورکیا قورسییان خستۆتە سەر توانای پرۆژەکە بۆ چاککردنی پێشهاتە درێژخایەنەکانی تورکیا بۆ بوون بەئەندام لەکۆمەڵەی ئەوروپیدا. لەسەر ئاستی جێبەجێکردن و دوای هەندێ دوو دڵی, دەستپێشکەرییەکە لەلایەن واشنتۆن و بروکسلەوە پێشوازی لێکرا وەکو ڕێگایەکی سەرنج ڕاکێشی بەشداری پێکردنی دەوڵەتانی دەریای ڕەش بەبێ پەرتکردنی ئاشکرای مۆسکۆ. تورکیا بەهۆی ژێرخانی تا ئەندازەیەك پەسەندییەوە, توانی ڕێگایەکی زۆر کاریگەر بۆ ئاڕاستەکردنی پشتگیری وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەی ئەوروپی بۆ کۆمارەکانی باشووری یەکێتی سۆڤێتی پێشوو لەبەر بگرێت(18). لەهەندێ ئاڕاستەدا, پرۆژەی دەریای ڕەش وەکو بەڵگەی پێشوازی لێکردن سەیرکراوە کەئەنقەرە پەرە بە بەرژەوەندی‌یەکانی دەدات لەپشت کاری پڕ زەحمەتی بەئەندامبوونیەوە لەکۆمەڵەی ئەوروپیدا. لەئاکامدا هاریکاری کردنی چالاکانە بەدەوری دەریای ڕەشدا کەناوەندی ئەو هاریکارییەی ئەنقەرەیە وەکو پارسەنگێك وایە بۆ نفوزی گریك لەبەڵقان و بەهێزکردنی پلە و پایەی تورکیا وەکو دەسەڵاتێکی ئابوری هەرێمایەتی(19). بەربەستە نادیارەکان لەبەردەم پەرەسندنی هاریکاری دەریای ڕەشدا بەدرێژایی ئەو هێڵانەی لەلایەن تورکیاوە پێشنیارکراون توانای هەبوو پەشێوییە زۆر ترسناکەکانی لەیەکێتی سۆڤێتی پێشوودا دەربخات کەکاریان لەکۆمارەکانی دەریای ڕەش یان لەئیفلیجی سیاسی تورکیا خۆی دەکرد کە دەشیا سیاسەتێکی چالاك بەرامبەر بەناوچەکە جێگیر بکات.

# تورکیا و ئەوروپا

پێشهاتەکانی پەیوەستبوونی تورکیا بە ئەوروپاوە لەروانگەی دامەزراوەییەوە, ئەوەیە کە تورکیا ببێتە ئەندامێکی تەواوی کۆمەڵەی ئەوروپی و یەکێتی ئەوروپای رۆژئاوا, لەو حاڵەتەشدا تورکیا بەهەژاری بمێنێتەوە. بەشێوەیەکی سەیر, پێشهاتەکان بۆ ئەندامێتی تورکیا لەهەردوو رێکخراوەکەدا ئەمڕۆ لەوانەیە لەچاو پێش قەیرانی کەنداودا شتێکی خراپتر بێت. ڕووداوەکانی کەنداو و ڕۆڵی گەوهەری تورکیا لە یەکێتی هاوپەیماناندا ئەو بیرۆکەیەی بەهێزکردووە کەلە نێو سیاسەتی نوخبەی ئەوروپادا بڵاوە کە تورکیا لەڕاستیدا هاوپەیمانێکی گرنگ و پشت پێبەستراوە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. لەبەرئەوەی کۆمەڵەی ئەوروپی پەرەسەندنی سیاسەتی ئاسایش و سیاسەتی گشتی دەرەوەی ئاشکرا دەکات, ئەوا بەشێوەیەکی زۆر لەرادەبەدەر ناڕازی دەبێت بۆ پەسەندکردنی باری لەرادەبەدەرگرانی ئاشکراکردنی ڕاستەوخۆ لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی لەسەر هەوڵدانی ئەزموونی کەنداودا. زۆرێك لەچاودێرە تورکەکان بەئاگان لەم بەربەستە نوێیانە, بەڵام ئەو بیرۆکەیە بەهێز دەکەن کە تورکیا دەبێتە بەشدارێك لەپرۆسەی گشتی یەکبوونی ئەوروپادا سەرباری نەبوونی بەئەندامێکی تەواو(20).

# تورکیا و کۆمەڵی ئەوروپی

لەمانگی دیسەمبەری 1989دا کۆمسیۆنی ئەوروپی لەجولانەوەیەکدا کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوروپاوە پشتگیری کرا گفتوگۆی کراوەی



www.pertwk.com

لەسەر داوکاری ساڵی 1987ی تورکیای بۆ بوون بەئەندامی تەواوەتی ڕەتکردەوە. لەدواخستنی داواکارییەکەی تورکیادا تاوەکو ساڵی 1993 بەلایەنی کەمەوە, ئەم کۆمسیۆنە ئاماژەی کرد بۆ مەودای ئەو لەڕووداوەستانەی کە ڕووبەڕووی هەردوولادەبێتەوە. ئاستی نزمی پەرەسەندنی ئابوری تورکیا بەپێوانەی کۆمەڵەی ئەوروپی( نزیکەی نیوەی داهاتی تاکەکەسی لەولاتە هەرە هەژارەکانی کۆمەڵەی ئەوروپی سەرباری ڕێژەی گەشەکردن بە تێکڕایی 5٪ لە ساڵانی هەشتاکاندا لەسەرووی باری ئاسایی ئیکۆوە بووە بەچاکی). ڕێژەی بەرزی پەرەسەندنی دانیشتوان لە تورکیا ( کە نزیکەی ڕێژەی 25٪ ساڵانە و دە ئەوەندەی تێکڕایی کۆمەڵەی ئەوروپیە), پێشبینی کردنی حەفتا ملیۆن تورك لەکۆتایی ئەم سەدەیەدا (کۆتایی سەدەی بیست) بەراورد بەبڕی 330 ملیۆن کەس لەکۆمەڵەی ئەوروپیدا بەم قەوارەی ئێستایەوە و قەرزی درێژخایەنی 38 بلیۆن دۆلاری دەرەوە کە حەوتەمین بەرزترین قەرزی جیهانە, داهاتی کەمی باج و ئاستی زۆری خەرجکردن( کە دوو ئەوەندەی تێکڕایی خەرجی کۆمەڵەی ئەوروپی زیاترە). حاڵەتی خاوەنداریێتی دەوڵەت بەبڕی 40٪ی بەرهەمی دروستکراو, سەرباری شالاوی بۆسەر کەرتی تایبەت لەلای ئۆزاڵ. بەرامبەر بەم نەخشە ترسناکە, لەوانەیە کەسێك ڕێژەیەکی هەڵاوسانی بەبڕی 70٪ لەساڵی 1992ی بۆ زیاد بکات. لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کەبەرهەم هێنانی کشتوکاڵی پەسەندن. ئەندامێتی تورکیا لەکۆمەڵی ئەوروپیدا ڕووبەری بەکارهێنراوی کشتوکاڵی کۆمەڵی ئەوروپی فراوان دەکات بۆ ڕێژەی 22٪ و هەروەها بەرهەمی ئەوروپا دەکاتە دوو ئەوەندە لەبەرهەمی گرنگی جۆراوجۆردا. بەکورتی تەنانەت لایەنە باشەکانی بارودۆخی تورکیا ڕاستکردنەوەی کێشە لەبەرچاوەکانی کۆمەڵەکە ڕادەوەستێنێ کەئەوەش کەمتر

بەڵام مەسەلەی بەئەندامبوون تائەندازەیەك پەیوەندی بەدەرئەنجامە ئابورییەکانی ئەو فراوانبوونەوە هەیە بۆ تورکیا و ئەوروپا. گرنگترین شت لە گفتوگۆی ئێستادا پێکەوە بەستنی سیاسی و ستراتیژی ئەندامێتی تەواوە، لەگەڵ ئەو پرسیارە کەلتورییە نەگونجاوانەی کە چۆن دەبێ ئەوروپا پێناسە بکرێت و ئایا بە هیچ شێوەیەك ئەگەری پێناسەکردنی هەیە. مەسەلەی سەرەکی بۆ زۆر لەئەورپییەکان ئەوەیە ئەورپا دەتوانێت یان ناچارە وڵاتێکی ئیسلامی (57) ملیۆن کەسی لەخۆیدا جێگابکاتەوە. بەشێویەکی پڕ لەبایەخەوە ئەم مەسەلە ڕاوەستێنراوە لەکاتی پەرەسەندنی توندوتیژی و ترسی لەڕادەبەدەر لەوانی تر لەئەوروپای رۆژئاوادا، کە زۆرێکی ئەوەش دژی مسوڵمانە کۆچکردووەکانی مەغریب و تورکیا ئاڕاستە کراوە تەنانەت لەسەر زەمینە جوگرافیە تەسکەکانیش جێ پێی تورکیا لەسەر کیشوەری ئەوروپا لەروانگەی پەیبردنی ئەوروپییەکانەوە زۆر گرنگە بەهەمان قەوارەی کێشی سیاسی و ئابوری ئەنادۆڵی تورکی. لێدوانی وەزیری دەروەی پێشتری تورکیا مەسعود یەڵماز ئەوەبوو(( ئەوروپا دەوڵەتی عەقڵە، ئەوە نییە هێڵێك لەخۆوە لەخوار بۆسفۆروە کێشرا بێت و ئەوە سنووری ئەوروپا بێت (( ئەو بارەی ئەوروپا کاریگەرییەکی ورد و دیاری لەسەر هەڵوێستی نوخبەی تورکی هەیە، زۆربەی ئەوروپییەکان ڕازین بەشوێنی تورکیا لەئەوروپادا، بەڵام دەگەڕێنەوە بۆ مەسەلەی جیاوازییە کەلتورییەکان(22).

لەڕووی مێژووییەوە تورکیا بەشێك بووە لەئەوروپا و لە سیستەمی ئابوری دەریای ناوەڕاست، هاوکارە سەرەکیەکانی بواری بازرگانی دەوڵەتی عوسمانی



www.pertwk.com

ئەوروپییەکان بوون چ ڤینسا و چ (Ragusan) و چ (Genoese) چ بەریتانیا (23) دوای سەدەی نۆزدە ئەم پەیوەندییانە پێکەوە بەندبوون، بەڵام پێش ئەم ساتە بەشێوەیەکی بنچینەیی لەسەر پێگەیەکی هاوشێو بەرێوەدەبران. سەرباری ئەوەی کە تورکیا لە سنووری سیستەمی باوی ئابوری ئەوروپادا یە، بەڵام لە هێڵی سەرەکی ئابوری ئەورپادا نییە، ئەوەش حاڵەتێکە کەلەلایەن ئاڕاستەی بەرەو رۆژئاوای ئابوری ئەوروپاوە لەساڵی 1945ەوە بەهێز دەکرێت. شوێنی تورکیا لەپەراوێزی ئەوروپادا رێگا لەپەیوەندی کردن لەگەڵی باقی ئەوروپادا دەگرێت، هەرچەندە ئەمە بێ هیچ گومانکردنێك بەربەستێکی کەمکەرەوەی پەیوەندییە ئابورییەکانە لە زۆر ناوچەدا(ئەمەش مانای رێگایە بەرە و بازاڕە داراییەکان). لەگەڵ ئەوەشدا کەوتنە دەروەی ئاڕاستەی سەرەکی ئەوروپا بۆ تورکیا شتێکی دەگمەن نییە. پرتوگال و ئیرلەندە و یۆنان و تەنانەت تا ئەندازەیەکی زۆریش وڵاتانی بەڵقان ڕووبەڕووی هەمان بارودۆخ دەبنەوە. لەم سەربەندەدا، تێرامانێکی پڕ بەها سەبارەت بە دەرئەنجامە درێژ خایەنەکانی دیسانەوە یەکگرتنەوەی وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەلات لەگەڵ ئەوروپادا هەیە، لەوانەشە دەرکەوتنی هەندێ لەکۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو وەکو نوێنەرانی گرنگی ئابوری دەوری هەبێت بۆ هاوسەنگی ئابوری ئەورپا و هەروەها بۆ دیاریکردنی شوێنی تورکیا لەپەیوەندی بوونیەوە بەئەوروپاوە(24) بیرۆکەی بوونی تورکیا وەکو پردی نێوان رۆژهەلات و رۆژئاوا دەشی لەروانگەی ئابورییەوە زیاتر جێگای قایل بوون بێت هەتا لەڕوانگەی سیاسیەوە. دەستپێشکەرییەکانی تورکیا لەیەکێتی سۆڤێتی پێشوو لەبەڵقان بەنەخشەی پڕ لەتەماحیەوە بۆ هەرێمی ئابوری دەریای ڕەش توانیوویەتی تورکیا بکاتە بەشدارێکی تەواوی ئابوری بۆ ئەوروپا بێ لەبەرچاوگرتنی پایەی کۆمەڵەی ئەوروپی.

لەڕوانگەیەکی تەواو عەمەلیەوە, ئامانجی سەرەکی ئابوریانەی تورکیا, ئەندامێتی نییە لەکۆمەڵەی ئەوروپپیدا, بەڵکو ئامانجی سەرەکی ڕێگایەکی پڕ لە دڵنیاییە بۆ بازاڕی ئەوروپی. بەشێوەیەکی نائاشکرا, بەڵام ڕەخنەییانە لەتێگەیشتنی تورکیاوە ئامانجی سەرەکی بەهای ڕەفزی ئەندامێتی کۆمەڵەی ئەوروپی دەرئەنجامە سیاسیەکانی ناوخۆ و دەرەوەیەتی. ئەندامێتی تەواو ڕوانینی ڕۆژئاواییانەی نەریتی ئەتاتورکی, دیسانەوە دەژێنێتەوە و هەروەها ڕەزامەندییەکی دەرەکی پڕ بەها دەبەخشێت بەپرۆسەی دیموکراتی لەتورکیادا. دیسان سیاقێکی بەهێز پێشکەش بەسیاسەتی ئاسایشی و دەرەوەیی تورکیا دەکات لەکاتی گۆڕانکاری بەردەوامی ستراتیژیانەدا. پاڵنەرەکان بۆ تورکیا بەشێوەیەکی ڕێك و پێك لەو تێبینیەی پرۆفیسۆر (سەیفی تاشان)ەوە چڕکراوەتەوە کەپێی وایە ناتۆ جێ پێی شەرعی ئێمەیە لەکامپی ئەوروپپیدا, بەڵام کۆمەڵەی ئەورپی جێ پێی ڕاستەقینەیە(25).

بڕیاری 1989ی کۆمسیۆنی ئەوروپی ڕایدەگەیەنێت کەئەگەری بەئەندامبوون تەنیا بەپەرسەندنی ئابووری و سیاسی تورکیا پێکنایەت, بەڵکو پەیوەستە بەپەرەسەندنی کۆمەڵەی ئەوروپی خۆیەوە. کۆمەڵەی ئەوروپی تائەندازەیەك بەپێکهاتە و قەوارەی ئێستایەوە گرنگی زیاتر دەدات بە قوڵکردنەوەی دامەزراوو ڕێکخستەکانی کە هەن و ئەگەری ئەوە دوورە کە هانی یەکگرتنی ڕەسمی تورکیا لەگەڵ خۆیدا بدات لەلایەکی ترەوە کۆمەڵەی ئەوروپی فراوانبوو, سێ وڵاتی ناوچەی بازرگانی ئازادی لەخۆی گرتووە, لەوانەشە هەندێ لەوڵاتانی تری ئەوروپای ڕۆژهەلاتیش لەخۆی بکرێت, هەروەك پێ دەچێت ئەندامێتی تورکیاش ڕازی بوونی لەسەر نیشان بدرێت. لەئۆکتۆبەری ساڵی 1991دا تورکیا ڕێکەوتنی بازرگانی ئازاد و هاریکاری لەگەڵ ناوچەی بازرگانی ئازادی ئەوروپپیدا گرێدا. لەگەڵ بڕیاری نوێی



www.pertwk.com

کۆمەڵەی ئەوروپپیدا بۆ لەخۆگرتنی وڵاتانی ناوچەی بازرگانی ئازادی ئەوروپی بەپێی چەمکی ناوچەی ئابوری ئەوروپی دوای ساڵی 1992, ڕێکەوتنە نوێیەکە بەشێوەیەکی پڕ لەبایەخ بەشداری دەکات لە یەکگرتنی تورکیادا لەسیستەمی ئابوری ئەوروپپیدا(26) ئەگەری فراوانبوونی ڕەسمی کۆمەڵەی ئەوروپی بەرەو ئەوروپای ڕۆژهەلات, بەتایبەتی بەرە و بەڵقان نەبێتە هۆی حسابکردنی زیاتر چالاکانەی داواکانی تورکیا, ئەوا بێ ئومێدی و بێزاری تورکیا بەرەو زیادبوون دەچێت.

لەڕوانینی تورکیاوە هەڵسەنگاندنی پایەی ئابوری تورکیا لەلایەن کۆمسیۆنی کۆمەڵەی ئەوروپییەوە ڕێگایەکی بەئاشکرا جێگیرە. ڕەخنەگرانی بیر و بۆچوونی ئەو کۆمیسیۆنە ئەوە دەخەنە ڕوو کەئەو کۆمیسیۆنە شکست دەهێنێ لە پێچەوانەکردنەوەی خاسێتی داینامیکی پەرەسەندنی ئابوری و پیشەسازی و کۆمەڵایەتی تورکیا و هەروەها بۆشایی بەخێرایی تەسککراوی نێوان کۆمەڵەی ئەوروپی و تورکیا, سەرباری ئەوەش گفتوگۆی ئەوە دەکرێت کە جیاوازییە هاوشێوەکان هەر لەدەستپێکردنی مفاوەزاتەکانەوە لەگەڵ یۆنان و ئیسپانیا و پرتوگالەو هەبوون. شکستی کۆکەڵەی ئەوروپی بۆ دانانی هەرهیچ نەبێت بەراورێکی نزیکەی بۆ کردنەوەی گفتوگۆکانی قبوڵکردن وەکو ئاماژەیەکی بەتایبەتی ڕێگا لێگرتنی ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵەیە سەیر دەکرێت(27).

دواخستنی کاتی دیاری نەکراوی داواکەی تورکیا, هەرچەندە بەڵێنێکی لەبرۆکسلەوە لەگەڵدا بووە بۆ زیندوکردنەوەی هاریکاری ئابوری لەژێر سایەی بوونی ((کۆمەڵەی ڕێککەوتن))دا کەئەویش تەواوکردنی یەکێتی باجە گومرکییەکانە لەنێوان کۆمەڵەی ئەوروپی و تورکیادا لەساڵی 1995دا لەخۆ دەگرێت هەروەها یارمەتی دارایی تایبەت کراو بۆ تورکیا دەکاتەوە

## پێشهاتەکان بۆ بەشداریکردن لە ڕێکخستنە نوێیەکانی ئاسایشی ئەورو پادا

ئەگەری ئەوەی کە تورکیا بخرێتە دەرەوەی هەر هەوڵو کۆششێکەوە بۆ بنیادنانی ناسنامەی بەرگری ئەوروپا (لەڕووی کردەوەییەوە) لەدەرەوەی WEU بەگوێرەی ئەنقەرە زیاتر مایەی پەشێویە لەچاو ئەوەی بخرێتە دەروەی کۆمەڵەی ئەوروپییەوە(30) سەرۆك ئۆزالْ ناڕازی بوونی خۆیی بەرامبەر بەوەی کە تورکیا دەوری چاودێری هەبێت لە WEU دەبڕی و تەئکیدی لەوەکرد کە تورکیا ناشێت چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرێت دەوری



www.pertwk.com

بەهێزی پێشتری لەبەرگری ئەو کیشوەرەدا ببینێت ئەگەر نەتوانێت بەتەواوەتی بەشداری بکات لەپێکهێنانی ئەوروپای نوێدا(31) هەمان شێوە خۆدوورگرتن هەیە سەبارەت بەحسابکردنی باری ئێستای ئەنقەرە و دەنگ نەدان و پایەی پەیوەستبوون لەڕێکخراوەکەدا. نادڵنیابوون سەبارەت بەدەوری داهاتوو, گرنگی ناتۆ, بەرژەندییەکانی تورکیا بەهێز دەکاتەوە لەپێکهێنانی ڕێکخستنەکانی بەرگری ئەوروپیدا. بەلاوەنانی تورکیا لەبەشداریکردنی تەواوەتی لەم ڕێکخستانەدا بێ لەبەرچاوگرتنی شێوازی وردەکاریەکانیان, ئەنقەرە وایان لێ تێدەگات کە دەرخستنی ناڕازی بوونی ئەوروپا بێت بۆ بەخشینی دەورێکی ئاسایشی ڕەوا لەهەموو کیشوەری ئەوروپادا.

نکۆڵی کردنی ڕۆڵی ڕەسمی, لە تێڕوانینی تورکیاوە چەندین سەدەی تێهەڵکێشبوونی تورکیا بەکاروباری ئاسایشی ئەوروپاوە پشت گوێ دەخات. ڕاستییەکەی ئەوەیەکە دەوری تورکیا بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی دوژمنکارانە بووە لەچاو ئەوەی کە هاوپەیمانێك بووبێت, ئەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە تێهەڵکێشبوونی تورکیا بایەخێکی گەورەی هەبووە بۆ هاوسەنگی ئەورپا لەڕابردوودا( ئایا مێژووی دوژمنایەتی فرانکۆ – ئەڵمان گفتوگۆ دەکات بەدژی بەشداریکردنی هیچ کام لەو وڵاتانە لە WEUدا؟ دیسانەوە دەرکەوتنەوەی بەڵقان وەکو ناوەندی جێبایەخی ئاسایشی ئەوروپا پەیوەستبوون بەم مێژووەوە بەهێز دەکاتەوە(32).

گرنگی دانی تورکیا سەبارەت بەدەوری خۆی لەڕێکخستنەکانی بەرگری داهاتووی ئەورپادا دوو جۆر بووە: ترسی بەرفراوان لەوەی کە دەستەی ئاسایشی داهاتوو بەشێوەیکی بەرفراوان زیاد لەسنوور بەپێی مەرجی ئەورپییەکان دەبێت, ئەو بایەخە سنوور تەسکەی چەتری ئاسایشی ئەوروپی تاکو یۆنان درێژ دەبێتەوە بەمەبەستی دابین کردنی سەقامگیری بێت لە دەریای

WEU و بـۆ لـەخۆگرتنی دانمـارك و ئێرلەنـدە یۆنـان کـە پاڵپشتکردنی ئەم ڕێبازەی ماستریخت دەگات بایەخی تورکیا بـەهێز دەکاتـەوە سـەبارەت بـە دوورخسـتنەوەی لەرێکخسـتنی پێکهـاتووی ئاسایشـی ئـەوروپی (35) ئەگەر بەوجۆرە دەربکەوێت کە کۆمەڵەی ئەوروپی WEU قبوڵ بکات وەکو بازوی ئاسایشی خۆی یان پێکەوە بەکۆی دەنگ تورکیابکەن بەئەندام, ئەوا پێشهاتەکان بۆ بەشداریکردنی ڕەسمی تورکیا لەرێکخستەکانی بەرگری ئەوروپیدا بەدڵنیاییەوە دەپوکێنەوە, لەلایەکی ترەوە, زۆر بە بڕواوە لەوانەیە WEU بەچاکی بگەرێت بەدوای پاڵپشتکردنی ئەو ڕێکخستنانەی کەهەن لەگەڵ ئەنقەرەدا. بڕیار بۆ ئەوەی پایەیەکی پەیوەست لە WEU دا ببەخشێت بەتورکیا, لە کاتێکدا کەئەوە دوورە لەشێوازی نموونەییەوە بەپێی تێروانینی ئەنقەرە ئەوەش بەڵگەیە بۆئەم هەوڵەی WEU هاریکاری بەرفراوانی نێوان تورکیا و کۆمەڵەی ئەوروپی لەسەر مەسەلەکانی سیاسەتی دەرەوە لەوانەیە لەڕێگای بەخشینی دەورێك بە تورکیا لەمیکانیزمی هاریکاری سیاسەتی ئەوروپیدا هان بدرێت.

لەئەنجامی هەڵوێستی بەهێزی سەربەرۆژئاوای تورکیا لەکاتی قەیرانی کەنداودا, ڕوانین بۆ بەشداریکردنی تورکیا لەڕێ و شوێنی ئاسایشی



www.pertwk.com

یەکبوونی ئەرووپادا, هەمان شێوەی ڕوانین بۆ بەشداری ڕەسمی لەپرۆسەی بەکگرتنی ئابوریدا هیچ گەشاوەتر نییە لەچاو پێشتردا. دیسانەوە تەئکیدکردنەوە لەگرنگی ستراتیژی تورکیا بۆ بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا توانایەکی تازەی بەرە وپێشەوە چوونی بەخشیووە بە پەیوەندییەکانی تورکیا لە هەردوو بەری ئەتڵەنتیکدا, بەڵام هەمان تەئکیدکردنەوە شکستی هێناوە لەبەرهەم هێنانی هەمان جۆرە کاریگەریدا لە پەیوەندییەکانی تورکیادا لەگەڵ کۆمەڵەی ئەوروپی و WEU دا(36).

## پەیوەندی دوو جەمسەری لەگەڵ ئەورووپادا

گیروگرفتە دامەزراوییەکانی تورکیا لەئەوروپا زیاد دەکرێن بۆ مەودایەك کەلەکەمی پشتگیری کردنی پتەوی دوو جەمسەرییەوە دادەڕێژرێت. هەموو بەریەك کەوتنێکی نێوان تورکیا و ئەوروپا لەئاستی دوو جەمسەریدا لە ناکۆکی نێوان یۆنان و تورکیا و کێشەی چارەسەر نەکراوی قوبرسەوە سەرچاوە ناگرێت. لەڕاستیدا زۆر لەچاودێرانی تورك پێیان وایە کە یۆنان تاکە نەیار و تەنانەت گرنگترین نەیاری تورکیا لەئەورووپادا نانوێنێت.

پەیوەندییەکانی نێوان تورك وئەڵمان نموونەی سەرەکی پەیوەندییە پڕ لە گیروگرفتەکان لەگەڵ ئەورووپادا دەخەنە ڕوو, لەسەر ئاستی دوو جەمسەری ئەڵمانیا گەورەترین هاوکاری بازرگانی تورکیایە. هەردوو وڵات بەشداری دەکەن لەمێژوویەکی ئابوری و سیاسی چالاك و هەروەها بەشداری دەکەن لەهاریکاری ستراتیژیانەدا کەئەوەش لەسەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێدەکات. ئەم پاشخانە پێکەوە لەگەڵ ئامادەبوونی ڕێژەی نزیکەی (1.5)ملیۆن لە کرێکارانی تورکیا لەئەڵمانیا پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەڵمانیا ئاڵۆز دەکات و

ڕای گشتی وڕەسمی ئەڵمانیا لە ڕایە هەرە حەساسەکان بووە لەئەورپادا سەبارەت بە مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەنقەرە کە بەگشتی تۆمارکراوەو بەتایبەتیش سەبارەت بەکێشەی کورد. لەبەرئەوە ڕاپەڕین لەباشوری ڕۆژهەلاتدا بەهێزوچڕبووە، ڕەخنە لەسیاسەتی تورکیاو بەتایبەتیش چالاکیەکانی ئەو دیوو سنوور دژی پارتی کرێکارانی کوردستان زیادی کردووە. لە زستانی 1991–1992 دا بەشێك لەلایەنگرانی سەربازی ئەڵمانیا



www.pertwk.com

بۆ تورکیا خراونەتە بەردەم چاوەڕوان کردنی بڕیار دانەوە سەبارەت بەو مەسەلانەوە کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەوە کە لەڕووی داراییەوە ئەڵمانیا لەپشتیانەوە یە ئەویش لە هێرشدا دژی کوردە جیاخوازەکان بەکار دەهێنرێن(40). کاربەدەستانی تورك لای خۆیانەوە ڕەخنەی توندیان لە(بۆن)گرتووە سەبارەت بەهەڵوێستی پڕ لەلێبوردنی بەرامبەر بەچالاکییەکانی پارتەسیاسیە کوردەکان لە ئەڵمانیادا. بەهەموو ئەمانەوە، کەمتەرخەمی ئاشکرای سیاسیەکانی ئەڵمانیاو فشار بۆ سەرمامەڵەی زۆر ڕاستەوخۆی حوکمەتی نوێ سەبارەت بەمافی مرۆڤ و کێشەی کورد وەکو بێ ئومێدیەکی لە ڕادەبەدەر دەرکەوتووە بەلای نوخبەی سیاسی و ئابوری تورکیەوە(41). هەرەسهێنانی پەیوەندی دوو لایەنە لەگەڵ ئەڵمانیادا پێشنیار دەکات کەڕوانینی زۆر لیبڕالیانەی حوکمەتەکەی دیمیریل بۆمەسەلەکانی مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی پێویست ڕێگا بۆ پەیوەندی نزیکتر لەگەڵ ئەورووپادا ناکاتەوە ئەگەر ڕاپەڕینی کورد بەردەوام پەرەبسێنێت و ئەگەری ئەوەش هەبێت لەسەر ئاستی شاریش گەشەبکات.

ئەڵمانیا بەشێوەیەکی بەرفراوان وەکو وڵاتێك سەیر دەکرێت کە بەسەرکەوتووانە توانیویەتی داواکاری تورکیا بۆ ئەندامێتی کۆمەڵەی ئەورووپی بەهێز بکات. ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کەسیاسەت دروستکەرانی ئەڵمانیاڕازی نەبوون شتێکی وەها بکەن کەهەستی بێ ئومێدی تورکیا لەبارەی سیاسەتی ئەڵمانیاوە جارێکی دی بەهێز بکەنەوە. ئەو بنەمایەی کەجێگای بایەخ پێدانی ئەڵمانیایە لەم سەرو بەندەدا ئەگەری کۆچکەرانی زیاتری تورکیایە بۆ ئەڵمانیا، ئەکەر هەموو بەربەستەکانی بەردەم جوڵەی کار لابرێن. لەڕاستیدا داهاتووی بوونی ملێون و نیوێك تورك لە ئەڵمانیا ئەوەی کەتەنانەت وەکو مەسەلەیەکی فشار دروست کەر دەربکەوێت لە پەیوەندییە دوولایەنەکاندا لەبەر ئەوەی

ئەڵمانیا سەرچاوەی سەرەکی وەبەرهێنانی(ئیستسمار)ی بێگانەبووە لە تورکیاداو هەروەها گەورەترین سەرچاوەی داهاتی گەشتیاری بووە بۆ تورکیا(43). ئیستسمار کردنی تورکیاش لەئەڵمانیا شتێکی لەبەر چاو بووە. پێشهاتەکان بۆ زیادکردنی ئیستسماراتی ئەڵمانیاو یارمەتی بۆ تورکیا بێگومان بەهۆی زیادبوونی مونافەسەوە سنوردار دەکرێت کە ئەوەش دەروازەیە بۆ بایەخی دارایی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەلات و ئەوروپای ڕۆژهەلاتدا.

فەرەنسا بەنەریتی درێژخایەنیەوە لە پشتگیری کردنی یۆنانەدا و لەڕادەبەدەر سیاسی بوونی کۆچکردن و ئارەزوی پەسەندی ئەو بۆ یەکگرتنی



www.pertwk.com

خێرا لەسنوری کۆمەڵەی ئەوروپیدا دووره لەوەی کەوەکو جەنگاوەری ڕێگای بەئەندامکردنی تورکیا لە ئەوروپادا دەربکەوێت. ئیتاڵیاو ئیسپانیا دەتوانن دەوری یارمەتی دەرانەببینن لە مەسەلەی بەئەندامبوونی تورکیاو چاککردنی پەیوەندیەکانی نێوان کۆمەڵەی ئەوروپی و تورکیادا, بەشێوەیەکی گشتی(44) بەدڵنیاییەوە وەلامی ئیتاڵیا بۆ پێداویستیەکانی تورکیا لەکاتی قەیرانی کەنداودا لە ئەنقەرەتێبینی کراوە(45). بیرۆکەی کۆنفرانسی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا(CSCE)بۆ دەریای ناوەڕاست یان CSCM کەلەلایەن ئیتاڵیاو ئیسپانیاوە بەهێز کراوە توانیویەتی هۆکارێکی بەسوود پێشکەش بکات بۆ بەشداری کردنی تورکیا لە چوارچێوەیەکدا کە نەزۆر بەلای ئەوروپیەکاندا بێت نە زۆر بەلای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدابێت(46). بۆ ئەو مێژووە هەرچەندە(کۆنفڕانسی ئاسایش و هاریکاری دەریای ناوەڕاست) زیاتر لە بایەخی ڕاگوزاری بەئەنقەرە جوڵەیەکی وای نەکردووە، لەوانەیە ئەوەش بەهۆی شوێنی بەرزی سیاسەت دروستکەرانی تورکیاوەبێت لەسەر دەوری وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاستدا.

لەگەڵ کۆتای هاتنی جەنگی ساردد‌ا پەیوەندیەکانی نێوان باکور وباشور لە دەریای ناوەڕاستدا بووە بەخاڵی ناوەندی گفتوگۆی پەرەسەندوو، کە ئەوەش تەنیا وڵاتانی باشوری نەگرتووەتەوە، بەڵکو بەگشتی هەموو ئەوروپای گرتۆتەوە. مەسەلە بایەخدارەکان کە ناهاوسەنگی پەرەسەندن و دیمۆگرافی دەگرێتەوە لەنێوان باکورو باشوردا، هەروەها فشارە بەئەنجام هاتووەکانی کۆچکردن و خۆ تێهەڵقورتانی فاندەمێنتالیزمی ئیسلامی وگۆڕانکاری سیاسی لە مەغریب و پەرەسەندنی بەردەوامی جبەخانەی تەقلیدی بە درێژای ڕۆخەکانی باشور و ڕۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاست لە خۆ دەگرێت. گفتوگۆ لەسەر ئەومەسەلانەی ئاسایش و ئاسایش ئەنجام دەدرێن بەدژی پاشخانێکی

WEU دا

دەربکەوێت، ئەوا ئەمە وا لەتورکیا دەکات بەرەو دروستکردنی پەیوەندی نزیکتر لەگەڵ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بچێت و هانی بلاوبوونەوەی فاندەمێنتالیزم بدات و پەیامێکی هەڵە بۆ جیهانی عەرەب ڕەوانەبکات(47).

## پەیوەندیەکانی تورکیا و یۆنان

سەرباری پشتگیری کردنی زارەکی بەرفراوان لە ئەنقەرەوە بۆ هەوڵەکان بە مەبەستی چالاککردنەوەی پرۆسەی ڕێککەوتنی دەوڵەتی کەلەلایەن ئۆزاڵ و پاپاندریۆ وە لە ساڵی 1988 دا لە داڤۆز دەستی پێکرد، لە ڕاستیدا بەرەو پێشەوە چونێکی زۆر کەم بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لەئارادا بوو(48). هەستی ڕوخاوی بڕوای سیاسی لەنێو حکومەتی پارێزگارانی ئەسینا دا ئەم ئامانجەی کردووەتە ئەرکێکی گران. گیرو گرفتی هاوشێوە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1991 و گەڕانەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانیی‌یەوە بەئەنجام هاتووە. لە سایەی ئەم بارودۆخەدا دەستپێشکەری نوێی چەسپاو لە پەیووەندییەکانی دەریای ئیجەدا کارێکی نەشیاوە. لەنەبوونی کەسێتی



www.pertwk.com

سیاسیانەو بڕواو ئازادی ئیشکردندا، ئۆزاڵ و پاپاندریۆ دڵخۆشبوون لە لوتکەی هەنگاوی سیاسیانەیاندا، کەپێشهاتەکان بۆ چاککاری گشتی لە پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو یۆنان لەسەر شێوەی نایابی هاو پەیمانێتی نێوان ئەتاتورك و ڤینیزولۆز لەسالانی جەنگدا دەبێ بەسنووردار دابنرێت.

گفتوگۆیەکی تەواوی مێژوو، خاڵەکانی ناکۆکی لە ململانێی دەریای ئیجەدا لە دەرەوەی مەودای ئەم لێکۆڵینەوەیە(49) لیستەیەکی کورتی مەسەلە سەرەکیەکان بەدڵنیاییەوە ناکۆکی لەسەر ناوچەکانی فڕینی سەربازی وفڕینی مەدەنی لە خۆ دەگرێت. لەگەڵ وێنەکێشانی مافەکانی سەروەری لەسەر کەنارەکانی کیشوەری ئەوروپاو مەسەلەی ئاوەئیقلیمی‌یەکان کەهەر دەوڵەتە بۆ خۆی داوای دەکات و بەهێزو پتەو کردنی دورگەکانی یۆنان لە دۆدیکانس و ڕۆژهەلاتی ئیجەدا لە خۆ دەگرێت(50). لە پشتی ئەم مەسەلانەوە پرسی جیا بوونەوە بەلام پەیوەست بە پایەو مامەڵەکردنی کەمایەتیەکانەوە هەیە. پاشماوەی دانیشتوانی ئۆرسۆدۆکسی یۆنانی لە ئەستەمبوڵ و لە دورگە تورکیەکانی کۆکسیداو بۆزکادا و هەروەها ژمارەیەکی زۆر بەرچاوی کەمینەی موسوڵمان(کە زۆرینەیان تورکن)لە ترەیس Thrace ی یۆنانی(51).

لەسەروی هەموو ئەمانەوە، پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەشێوەیەکی ترسناك ململانێی بەردەوام لەسەر قوبروس کاری لێکردووە، لەکاتێکدا کەنیوەی باکوری ئەم دوورگەیە لەلایەن نزیکەی سی هەزار سەربازی تورکیەوە لەساڵی(1964)داو پاشان بەهۆی ئابلۆقەی سەربازی ساڵی(1974)ەوە داگیر کراوە(52)، مەسەلەی قوبروس بوو بەهۆی قەیران لە پەیوەندییە دوولایەنەکاندا لەگەڵ واشنتۆن دا(53).

سەرباری ئەمەش مەسەلەی قوبروس و مەسەلەی پەیوەندییەکانی یۆنان و تورکیا بەگشتی لەکاتێکدا کەپەیوەست بێت بەسیاسەتی ناوخۆی تورکیاوە

له هەڵگیرساندنی جەنگی كەنداودا، ولآتەیەكگرتووەكان ڕێگایەكی چالاكی بۆ كێشەی قوبروس پاڵپشت كرد، ئەویش سیاسەتێك بوو كە گفتوگۆی جدی لە ژێر چاودێری نەتەوە یەكگرتووەكاندا هێنایەكایەوە(55). كۆبوونەوەی سێپتەمبەری ساڵی 1991 لەپاریس لەنێوان مەسعود یەڵمازی سەرۆك وەزیرو میتۆتاكیسی سەرۆك وەزیردا، هەرچەندە كەخستنە ڕوویەكی نیاز چاكی سیاسی بوو، شكستی هێنا لەبەرهەم هێنانی ڕێكەوتنێكی چاوەڕوانكراودا لە كۆنفرانسێكی چوار لایەنەدا. بەربەستەسەرەكیەكانی بەردەم پێشكەوتن لەم حاڵەتەدا وادەردەكەون كە بوونە هۆی ئامادەباشیی‌یەكی پەرەسەندوولای توركە قوبروسییەكان كەئەوەش جووت بووە لەگەڵ هەڵبژاردنە چاوەڕوانكراوەكانی توركیا دا كەئەنقەرەی بەتوانایەكی كەمەوە بۆ گفتوگۆ كردن بەجێهێشتوە(56). نەحكومەتی هاوپەیمانی ئەنقەرەو نەسەركردایەتی خۆپارێزی شلۆق و ناجێگیر لە ئەسینا(پارتی دیموكراتی نوێ كەبەزۆرینەی تاكە یەك دەنگ فەرمان ڕەوای دەكات)ئەگەری ئەوەیان هەیە سەركێشی تاوان باركردنی كۆتایی هاتنی بەرژەوەندییەكانی كۆمەڵە تایبەتیەكان لە قوبروسدا بكەن. پێشكەوتنەكانی یەكێتی سۆڤێتی پێشوو جارێكی دی كاردەكەنە سەر



www.pertwk.com

پێشهاتەكان بۆ یەكلاكردنەوەی كێشەكان. ئایا یەكێك یان زیاتر لەكۆمارە پێكهاتووەكانی ئاسیای ناوەند دان دەنێن بەبوونی كۆماری توركیای باكوری قوبروسدا و كۆتای بەباری گۆشەگیریەكەی بهێنن، سیاسەتی تورك وسیاسەتی توركە قوبروسیەكان لەوانەیە سەختتربێت.

لەكۆتایدا ئاستێكی دیار لەسستی هەیە كەپەیوەستە بە بارێكی ئاشكرای لێبوردنەوە. كۆماری قوبروس وكۆماری باكوری قوبروس هەردووكیان ئاستێكی بەرزتری ژیانیان هەیە لە چاو یۆنان یان توركیادا. لەڕاستیدا بارێكی سەقامگیری پێشتر لە قوبروسدا دەبوو بەهۆی ئەوەی كە ئەندامێتی كۆمەڵەی ئەوروپی هەڵبژێردرێت(57). لەغیابی بەرەوپێشەوە چووندا بۆ چارەسەر كردنی كێشەی قوبروس، ئۆپۆزسیۆنی یۆنانی بەردەوام دەبێت لە خزمەتكردندا وەكو بەربەستێك نەك تەنها بۆ ڕێگاگرتن لە ئەندامێتی توركیا لە كۆمەڵەی ئەوروپیدا بەڵكو لەقوڵكردنەوەی پڕبایەخی پەیوەندییەكان لە سەر ئاستی ئێستادا. وەكو پێشتر تێبینی كرا، یۆنان بەشێوەیەكی گونجاو توانای(ڤیتۆ)ی خۆی لەناو كۆمەڵەی ئەوروپیدا بەكارهێناوە بۆ ڕێگاگرتن لە ئازادكردنی زیاتر لە هە شت سەد ملیۆن دۆلار یارمەتی دارایی تەرخان كراو بۆ توركیا لەساڵی 1986 هەتائەو كاتەی جوڵەی بەرەو كشانەوەی هێزەكانی توركیا لە باكوری قوبروس دەگاتە ئەنجام(58).

ڕای ئەنقەرە حكومەتی خۆپارێزی ئەسینا بەجێگای گومان دادەنێت ئەویش بەوردی لەبەر جەماوەرداریی ڕێژەداری لەچاو شوێنەكانی تری ڕۆژئاوا دوای دەیەیەكی فەرمانڕەوایەتی سۆشیالست بەكورتی جێگای مەترسیە كەحكومەتی میتسۆتاكیس پشتگیری خۆی لەلایەن زۆر ولآتە یەكگرتووەكان و ئەوروپاوە بەكار بهێنێت بۆ دواكەوتنی سیاسەتی زۆر دوژمنكارانە بەرامبەر بەتوركیا لەو ئاقارەشدا فشاری نوێ بخاتە سەر

Thrace دا(59). ئامادەبوونی پایەی ئەم کەمایەتیە سەرچاوەی سەرەکی مەترسی لە پەیوەندییەکانی یۆنان وتورکدا پێك دەهێنیٚ. لەکاتێکدا ناکۆکی هەرێمایەتی و ناکۆکی لەسەر سەرچاوەکان لەئیجەدا لەوانەیە لەئاکامدا مل کەچ بکەن بۆ گفتوگۆو سەوداگەری لەسەرکردن لە نێوان ئەو حکومەتانەی کەلەThrace دا بەریەك دەکەون، وەکو ئەو بەریەك کەوتنانەی قوبروس کە زۆر لەوە دەچێت کەلەلایەن پەیپێبردنی ئەو دانیشتوانەوە بجولێنرێت کە لەوانەیەو لەوانەش نییە لەلایەن ئەنقەرەو ئەسیناوە کۆنترۆل کرابن. لەگەڵ بوونی قەیرانێکی قوڵدا لەناو دەورو بەری یۆگۆسلافیادا مەترسی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی کە Thrace بخرێتە نێو ململانیٚی فراوانی بەڵقانەوە.

نزیکەی دوو سەد هەزار موسوڵمان کە زۆرینەیان لە ڕەگەزی تورکن لە Thrace ی یۆناندان، کەبریتین لە کۆمەڵەیەك بە پێوانەی یۆنانی بەخێرایی گەشە دەکەن. لەڕاستیدا حکومەتی یۆنانی هەوڵیداوە بۆ هاوسەنگ کردنی ئەم گۆڕانکارییە پەرەسەندووە لەسەر بنەمای هاوسەنگی ئیتنیکی ئەویش بەدووبارە نیشتەجیٚ کردنەوەی کۆچکردووانی بەڕەگەز یۆنانی لە Thrace کە لە هەرێمی پۆنتۆسی یەکێتی سۆڤێتی پێشوون (60) تا ئەو مەودایەی کەکەمایەتی تورك لەم هەرێمە دواکەوتووەی ئابوورییەوە وەها سەیری تورکیا دەکات کە پارێزەری سروشتی ئەو بێت، ئەسینا دەترسا لەوەی کەهەلو مەرجەکە هەمان جۆرە دەستێوەردان بۆ قوبروسیش بهێنێتەکایەوە. ئەم مەسەلەیە بەهۆی بوونی بارێکی دابەشبوونی فراوانەوە لەنێوان کۆمەڵە ئۆرسۆدۆکسی و موسوڵمانەکاندا لەجێگاکانی تری بەڵقان ترسناکترو بەهێزتر دەکرێت. پایەی کەمایەتیە موسوڵمانەکان لە Thrace ی یۆنان وکۆسۆڤۆو مەکدۆنیاو بولگاریادا مەسەلەیەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەئەنقەرەوە هەیە



www.pertwk.com

ئەوەش بەشتێکی کەم دانانرێت بەهۆی نیگەرانی گشتیی‌یەوە سەبارەت بەپێشهاتەکانی کۆچکردنی زیاترەوە لەناوچەکانی بەڵقانەوە.(هەمان شێوە سەبارەت بەقەوقازو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش). ئەزموونی ساڵی 1989 کەتیایدا 320,000 تورکی بولگاری ڕایانکرد بۆ تورکیا، هێشتا لەیادەوەری زۆر تورکدا ماوەتەوە کەوەکو ئاماژەیەکی دەرەنجامە نادیارەکانی دەستێوەردانی زۆر نزیك لە هەرێمە دراوسێکاندا سەیری دەکەن(61). لە زەمینەی دوای جەنگی ساردا، مەسەلە سەرەکیەکان لە پەیوەندییەکانی تورك ویۆناندا بەشێوەیەکی ڕوو لە زیاد بوون بەندە بە بەرەو پێشەوەچوونی فراوانتری کێشە ئیتنیکیو نێو دەوڵەتیەکانەوە لەبەڵقاندا.

لە زۆر خاڵی ناکۆکیدا لە نێو ئێمەدا، یەکێك لەفشار خستنەسەرە توندەکان لە ڕوانینی تورکیاوە بریتی بووە لە ئامادەبوونی هێزەکانی یۆنان لەو دوورگانەدا کەنزیکن لەکەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای ئیجەوە بەسەر بەسنوری تورکیادا. ئەنقەرە بەشێوەیەکی گونجاو دژی هاتنەناوەوەی ئەم هێزانە بووە کەلەساڵی شەستەکانەوە بەشێوەیەکی جدی دەستیان کردوەتە هاتنە ناوەوە بۆ ئەو ناوچانە وەکودووبارە سەربازیکردنەوەی ناشەرعی هەرێمێك کەچەکی لێداماڵرابوو, بەپێی پەیمانی لۆزانی ساڵی 1923 ستراتیژ داڕێژەکانی تورکیاو سیاسەت دروست کەرانی تورکیا بایەخ دەدەن بەپارێزگاری کردن لەجوڵەی بیٚ گیروگرفت بەنێو دورگەکانی دەریای ئیجەدا ئەویش وەکو مەسەلەی جیٚبەجیٚکردنی کاروباری بازرگانی و وەکو مەسەلەی ستراتیژیش، هەروەها وەکو هەستێکی کەمتر واقعیانەی بنەمای لاوازی جیۆپۆلەتیکانە. لەم سەرو بەندەدا تورکەکان بەتەواوی بەئاگان لە مێژووی هێرشەکانی یۆنان لە ئەنادۆڵ لەساڵی 1922 داو هەروەها ئاگاداری گفتوگۆی بەردەوامن لە ناوەندە سیاسی و فیکرییەکانی یۆناندا لەسەر((بیروباوەڕی مەزن))و گەڕان بەدوای

پێشنیاری تازەی یۆنان بۆ لە چەك داماڵینی سنوورەکان لەسرەیس دا لەلایەن بولگاریاوە پشتگیری لێکرا بەڵام لەلایەن ئەنقەرەوە ڕەفز کرا، ئەوەش بەڕوکەش لەبەر ئەوەی تورکیا شکستی هێنا لە ئابڵوقەدانی هێزەکانی یۆنان لە دوورگەکانی دەریای ئیجەدا(63). بەرژەوەندیەکانی یۆنان و بولگاریا لە وڵاتانی بەڵقاندا بەئاشکرا بەهۆی ڕێکخستنی دەسەڵاتی سەربازییەوە پارێزراوە کە ئەوەش هانی گۆڕانکاری دەدات لەناوەندی ڕاکێشانی ئاڕاستەکردنی ستراتیژی تورکیادا لە ئەوروپاوە بۆ ئاسیا. سەربای بوونی داواکارییە ستراتیژیەکانی کەجێگای موناڤەسە لەسەر کردنن، لەسەر سنورەکانی تورکیا بەڕوی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیدا و سەرباری پوچبوونەوەی هەڕەشەی پەیماننامەی وارشۆ بۆ سەر سرەیس، سەرکردە سەربازی و مەدەنیەکانی تورکیا چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت کەکاردانەوەی پڕلەوریایانەیان هەبێت بۆ پێشنیارەکانی داهاتوو کەکار لە هێزەکان بکات لەسرەیس دا، ئەوەش کاردانەوەیەکی کەم نابێت بەهۆی قورسی تێبینی کراوی باڵا دەستی سەربازی تورکیاوە بۆ قەدەغەکردنی مامەڵە کردنی خراپ لەگەڵ کەمایەتییە موسوڵمانەکانی بولگاریاو یۆنان و جێگاکانی تری بەڵقان پوچبوونەوەی هەڕەشەی سۆڤیەت بۆ سەر سرەیس بواری کردۆتەوە بۆ نەخشە دانەرانی بەرگری یۆنان تا ڕوانینی خۆیان بەرامبەر بە سۆڤیەت بگۆڕن بەتەواو بوونی ئاڕاستەی چاودێری کردن کەلەقەیرانی قوبروسی ساڵی(1974)ەوە بەردەوام بووە(64). بایەخدانی یۆنان و بولگاریا سەبارەت بە کاریگەری ئەو ئامرازانەیە کە هاوپەیمانان دەیگوازنەوە بۆ تورکیا لەئەنجامی پەیمانی((هێزە تەقلیدیەکانی ئەوروپا))و جەختکردنی نادیاری



www.pertwk.com

هێزەکان لە((ناوچەی دەرەوە))دا، لەڕیزی ئەو شوێنانەشدا بەندەری مێرسین کەلێیەوە یەکەی سەربازی تورکی لە قوبروس پشتگیری دەکرێت و لە سایەی ڕێکەوتندا بواریان بۆ کراوەتەوە بەهۆی قەیرانی کەنداو و هاوچەرخکردنی چاوەڕوانکراوی هێزی سەربازی تورکیاوە بەهێزکراونەتەوە(65). پێشبینی کردنی پەیوەندیەکانی تورکیاو یۆنان ئەوەیە کەتائەندازەیەکی زۆر لە ئاستی نادڵنیایدا دەمێننەوە و وەکو کێشەیەکی بەردەوامی قەیران دەردەکەون کەڕێگر دەبن بۆ ئەوروپاو وڵاتەیەکگرتووەکان. هەستی یۆنان لەبارەی نەبوونی ئاسایشەوە لە پەیوەندیدا بەپێوانەی کیشوەریو ئاڕاستەی ستراتیژی نادیارەوە بەدڵنیاییەوە بەردەوام دەبێت و بەهۆی فاکتەری مێژووی و کەلتوری ڕەگ داکوتاوەوە پشتگیری دەکرێت.

ئایا دەبێت تورکیا بەردەوام گۆشەگیر بکرێت لە پرۆسەی یەکگرتنی ئەوروپاو گەشەپێدانی ڕێکخستنی نوێیبەرگری ئەوروپیدا، لەکاتێکدا ڕوانین بۆ پەیوەندییەکانی ئاشتی لە دەریای ئیجەو سرەیسدا ئەگەری زۆری بەرەو خراپتر بوونی دەبێت. بەشێوەیەکی زۆر گەشبینانە، ئاماژەی مەبەستدار هەن کەدەری دەخەن ئەسیناو ئەنقەرە دەرکیان بەوە کردووە کە دەربڕینەکانی دوژمنایەتی لەوانەیە چیتر خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هیچ کام لەو دوو وڵاتە نەکات لە زەمینەی دوای جەنگی سارددا کەکەمتر لێبوردنی تێدایە. هاوسەنگی جوڵێنەر لەوانەیە بەچاکی بەگوێرەی هەردوولا لە گۆڕاندا بێت بۆ پشتگیری کردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا(66) بەڵام بەرژەوەندییە ناکۆکەکان لەبەڵقاندا وەکو سەرچاوەیەکی مەترسی لە پەیوەندییەکانی تورکیاو یۆناندا دەمێننەوە.

لە بەرئەوەی ناتۆ لەسەردەمێکی پڕ لە نادڵنیایدا دەجوڵێت, ئەو بیرۆکەیەی کە تورکیا بچێتە نێو کۆمەڵەی ئەوروپییەوە دەتوانێت خزمەتی چەسپاندن و

## پێوانەی ئاسایش

گۆڕانی پێشینەستراتیژیەکانی تورکیا لە هێڵە تەقلیدیەکاندا لە بەڵقان و قەوقاز بۆ ئاڕاستە کردنی مەترسیە نوێیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ناو ئەو مەترسیانەشدا ژیانەوەی مەترسیەکان لە ئێران وعێراق و سوریاو چالاکیەکانی کوردە جیاخوازەکان لەباشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆلادا، لە وانەیە هانی جیابوونەوەی زیاتری بەرژەوەندییە ئاسایشیەکانی تورکیاو ئەوروپا بدات(69). لەگەڵ ئەوەشدا کە تورکیا لەداهاتوودا پارێزگاری لەبەرژەوەندییەکی بەهێز دەکات لەرێکخستنی ئاسایشی ئەوروپادا و لەدوای پەیوەندی خۆی دەگەڕێت بۆ بینینی دەوری بەردەوامی, سەرکەوتنی ئەم بۆچوونە



www.pertwk.com

بەشێوەیەکی بەربلاو پشت دەبەستێت بەتێگەیشتنی ڕۆژئاوا لەگرنگی ستراتیژی تورکیا و تێهەڵکێشی پێشهاتەکانی بواری چاککاری بەرگری.

## تورکیا و ناتۆ

تورکیا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەشداری بەرژەوەندییەکی بەهێز دەکات لە پاراستنی بنیادە موجودەکانی ئاسایش و پەیوەندییەکاندا کە ئەوەش کەمتر نییە لە پەیوەست بوون بەناتۆوە.بەشێوەیەکی تەقلیدییانە ئەم چاودێریکردنە دانراوە بۆ زۆربەی وڵاتانی هەرێمی باشوری ناتۆ وەکو(پرتوگال ، ئیسپانیا ، ئیتاڵیا ، یۆنان و تورکیا). بەڵام پایەی تورکیا لەپاراستنی پێگەوپایەی دامەزراوەیدا کەبەشێوەیەکی تایبەتی ئاشکرا کراوە لەوکاتەوەی کەجێگرەوەی شوناسی بەرگری ئەوروپی بۆ تورکیا بە داخراوی دەمێنێتەوە. وەڵامدانەوەی ئەڵمانیا لەسنووری بڕیاری ناتۆدا بۆ ناردنی یارمەتیدانی سەربازی هاوپەیمانانە بۆ تورکیا لەماوەی قەیرانی کەنداودا کە گەڕاوەتەوە بۆ کاتی پێشتر, دیسان گومانێکی درێژخایەنتری لەوەی چاوەڕوان کراوە بەجێهێشتوو سەبارەت بە جێگا بڕوا بوونی زەمانەتی ناتۆ کاتێ هەڕەشەی سۆڤێتی بوونی نەبێت. هێشتا پەیوەستبوون بەناتۆوە گرنگی گەورەی مادی و رەمزی دەپارێزێت. لەسەروی هەموو ئەمانەوە, بەشداریکردن لەهاوپەیمانیدا زیاتر دەبینرا لەچاو ئەو دیمەنەی لەئەندامێتی کۆمەڵەی ئەوروپیدا بەرچاو دەکەوێت کەئەوەش وەکو هێمای ئەندامێتی تورکیا وایە لە (یانەی) دیموکراتی رۆژئاوادا. ئەوەش هەروەها دەنگێکی گەورەتر دەبەخشێت بەئەنقەرە لەچاو هەردەنگێك کە بشێت ئەنقەرە بەهەر شێوەیەکی تر لەکاروبارە نێو دەوڵەتیەکاندا هەیبێت. گرنگی هاوشێو لە پەیوەندیدا بە پەرەسەندنەکانی

سەرباری سەرنجی نویَ لەئاسایشی دەریای ناوەڕاست لە چوارچێوەی ناتۆدا، بەو مەترسیانەشەوە کەڕووبەڕووی تورکیا دەبنەوە، ئەوە جێگای بایەخ پێدانە کەچەند بەسوودە قەوارەی هەرێمی باشور، پایەی داهاتووی تورکیا لەچوارچێوەی ئەو هاوپەیمانییەدا دیاری بکات(70) بەشێوەیەکی تەقلیدیانە تورکیا بەشداربووە لەهەندیَ خاسێتی دیاری کراودا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی تری ناتۆدا لەباشوور. بەلاوەنانی مەسەلەی ئیتالیا کەشتێکی دەگەمەنە، ئەم خاسێتانە ئاستێکی نزمی پەرەسەندنی ئابوری و پیشەسازی و بەرگری و ئەزموونی نویَی گواستنەوەی دیموکراتی لەخۆگرتووە سەرباری ئاستێکی بەرزی توانا مرۆیی. جیاواز لەهاوپەیمانەکانی ناوچەی باشوور، تورکیا هەرگیز هەڕەشەی سۆڤێتی بەدوور و بەپەرش بوو(ناکاریگەر نەبینیوە، بەڵکو وەکو هێزێکی کاریگەری مێژوویانە و ڕاستییەکی فشار دروستکەر سەیری کردووە(71). لەڕاستیدا هەتا ئەم دواییانە، ئەنقەرە پارێزگاری لەروانینێکی هێجگار خۆپاڕێزانەی پەرەسەندن دەکرد لەیەکێتی سۆڤێتدا و لەگەڵ جێکەوتە ستراتیژییەکانی لەسەر رێکنەکەوتنی رۆژهەلات و رۆژئاوا لەئەوروپادا. درەنگ هەتا بەهاری ساڵی 1991 ، هێشتا بۆ میوانێك کەسەردانی وەزارەتی دەروەی



www.pertwk.com

تورکا و وەزارەتی بەرگری کردبێت شتێکی شیا و بووە کە گوایە لە (( هەڕەشەی سۆڤێتی)) بوو بێت کەبەشێویەەکی تەقلیدیانە وەسفکراوە لەخۆ نیشانداندا دژی میزاجی رەسمی لەشوێنەکانی تر لەهەرێمی باشوردا و لە بنکەی سەرەکی ناتۆدا) باسی ئەو هەڕەشەیە لەئارادا بووە.

تورکیا دوور لەئاڕاستەی بەرە و بەرئەوروپایی کردن دەوەستێت کە گەشەپێدانی سیاسەتی دەرەوە و ئاسایش لەهەرێمی باشووردا دەجوڵێنێت. لەڕوانگەی ستراتیژییەوە ئەمە مانای ئەوە بووە کە وڵاتانی وەکو پورتوگاڵ و یۆنان بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر ناڕازی بوون بەوەی کە شوێن و پایە لەسەر بنەمای مەسەلەکانی ئاسایش بینابکرێت، کەئەمەش هاریکاری بەرگری لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانیشدا دەگرێتەوە. کەوڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هاوکارە ئەوروپیەکانیاندا لێکتر جیاوازن. ئەوروپای باشور لەپلەی یەکەمدا بەم جۆرە سەیری برۆکسل دەکات وەك سەیرکردنی لەهەر مەسەلەیەکی تری جوڵەیەکی گشتیدا بەرە و یەکگرتن لەگەڵ ئاڕاستەی سەرەکی ئەوروپادا(72) گۆشەگیری تورکیا لەم پرسەیە بەتەنیا پێشنیاری ئەوە دەکات کەشوێنی تورکیا لەهەرێمی باشوردا – بەڕاستیش لەچوارچێوەی ناتۆدا وەکو یەکەیەکی گشتی زیاتر دەبێت لەچاو جیاکارییەکی کەمتردا.

ئەنقەرە پاڕیزگاری لە هەڵوێستێکی وریاکردنەوەی گەشەکردنی دەوری (( لەدەرەوەی ناوچەکەدا)) بۆ ناتۆ دەکات. لەبواری عەمەلیدا بەرفراوانبوونی رەسمی رووبەری بەرپرسیارێتی هاوپەیمانان بۆ ناتۆ دەکاتە شتێکی دوور لە روودان هەروەها بۆ تورکیاش دەیکاتە شتێکی پرۆبلاماتکانە. لەروانینی تورکەوە، بەرگری کردنی تورکیا لەسنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەئاشکرا بەرپرسیارێتی ناوچەیەکی (رووبەرێکی) ناوەندیی سنووری ناتۆیە بۆ هاوپەیمانی سەرباری ئەوە پەیمانی ناتۆ، هیچ گومانیَ بەجێناهێلێت لەوەی

AMF دڵسۆزی تورکیای لاواز کردووە لەزەمانەتکردنی ناتۆدا لەدەرەوەی پێکهاتەی رۆژهەلات – رۆژئاوادا. ئەنقەرە لەپەرەسەندنی گفتوگۆیەکدا لەدەروەی ناوچەی نفوزی ناتۆ یان لەبەرپرسیارێتی (( ناوچەی خۆڵەمێشی)) خراپتردا بەرژەوەندییەکی کەمی هەیە. هەستیارێتی تورکیا لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەگەری داواکردنی بۆ پێبەخشینی هێزەکان یان رێگای زۆر ئۆتۆماتیکانە بۆ بنەماکانی پشتگیری کردنی کارکردن لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لەخۆ دەگرێت, پشتگیری کردنی ناتۆ لەدەورێکی زۆر چالاکدا لە دەرەوەی ئەوروپا پەیوەندی‌یە نەرمونیانەکانی تورکیا لەگەڵ جیهانی عەرەبدا لەرادەبەدەر ئاڵۆز دەکات.

## CFE و مەسەلەکانی چەکی ئەتۆمی

لەئەنجامی ئەو کاریگەرییەی کەهەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت بەجێهێشت ئەنقەرە پارێزگاری لەروانینێکی هێجگار خۆ پاڕیزکارانە دەکات لەبارەی هەڕەشەی سەربازی هێشتا بەردەوامەوە لەم گۆشەیەوە بۆ سەر تورکیا. ئەم رێبازە بۆ دەست تێوەردانی پەرەسەندنە نوێ‌یەکان لەپەیوەندییەکانی رۆژهەلات – رۆژئاوادا وەکو پێشتر تێبینی کرا بریتییە لە بەرهەمی ئەزموونی مێژوویی تورکیا هەروەها ئەم ڕێبازە پاشکۆبوونێکی سروشتی ئەو روانینە ستراتیژیە دەردەخات کە لەسەردەمی جەنگی سارددا بەچاکی خزمەتی تورکیای کردووە و پەیوەستبوونێکی لەبەرچاویشی هەبووە. سوودەکانی پاشەکشەکردنی سۆڤێت لەئەوروپای رۆژهەلات و لە رێککەوتنامەی CFE لەرووی ئاسایشەوە بەگوێرەی تورکیا کەمتر ڕاستەوخۆ



www.pertwk.com

دەبێت و تەنانەت تەموژاویش دەبێت, جبەخانەی گەورەی تەقلیدی و ناتەقلیدی کەلە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەڕووی تورکیادا دەوەستیٚ دەکەونە دەرەوەی پێشهاتەکانی ئێستای دەست بەسەرداگرتنی چەکەمەنیەوە کەئەوەش سەرکێشیەکە تەنیا بەشێویەکی نیمچەیی لە پەیبردنی تورکەوە لەهەرێمی دەرەوەی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا پێشکەش کراوە لەلایەن رێکەوتنی CFE. سەرباری ئەوە نزیکی تورکیا لە هێزەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشووەوە لەپشتی (ئۆراڵس)ەوە تورکیای لە هەڵوێستێکی تائەندازەیەك ناجێگیردا بەجێهێشتووە لەنێو هاوپەیمانیدا دوای جێبەجیٚ کردنەکانی رێکەوتننامەی CFE.

کەمکردنەوەی ڕاگەیندراو لەهێزە ناوەکی‌یە نیمچە ستراتیژییەکانی ناتۆدا بەوانەشەوە کەلە تورکیا دامەزراون تەئکیدی ئەوە دەکەن کە تورکیا لەنێو پێکهاتەی سەرەکی هاوپەیمانێتی مەسەلە (چەکە) ناوەکی‌یەکاندا دەمێنیتەوە (73) هەنگاوی نویٚ لابردنی هەموو چەکە ئەتۆمی‌یەکان لەتورکیا دەگەیەنێتە ئەنجام بێجگە لەوچەکانەی کەلەلایەن هێزی ئاسمانیەوە هەڵدەگێرێن(74). ئامادەبوونی بەردەوامی ئەم هێزانە لە تورکیادا وەکو چەکی مەودا کورت کەلە ئەوروپا دەکێشرێنەوە سیمای (بەتاك بوون) یان لە تورکیا بەرزکۆدرتەوە ئەمەش لە ڕووی سیاسیەوە لەتورکیاش هەمان شێوەی ئەڵمانیاو شوێنانی تریش لەنێو ئەو هاوپەیمانێتی‌یەدا سەرنج ڕاکێش نابێت(75)هەر چەندە بۆماوەی درێژخایەن هەڵوێستەکانی تورکیا لەسەر مەسەلەکانی چەکی ئەتۆمی بەهۆی مەودای زۆربوونی هەڕەشەوە بۆ سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تورکیاوە کاری لێدەکرێت, ئەنقەرە پێویستی بەدواکەوتنی سیاسەتێکی دڕێژراو دەبێت بۆ رێگاگرتن لەهەڕەشەی چەکە کۆکوژەکان بەبیٚ پێشکەش کردنی هاندانی زیادە بۆ زۆرکەرە (بەرهەم هێنەرانی چەك) هەرێمایەتیەکان.

## بایەخپێدانە زیاترەکانی ئاسایشی ئەوروپا و کاریگەرییەکانیان

هێزی سەبازی تورکیا دووەمین گەورەترین هێزی چەکداری ناتۆیە, ژمارەی گشتی 579.000کەس لەخزمەتی سەربازیدان کەنزیکەی (500.000) یان سەبازی ئیلیزامین – هەروەها ملیۆنێك سەبازی یەدەکیشی هەیە. بودجەی بەگری ساڵی 1991 بریتی بوو لە (4.8) بلیۆن دۆلار, ئەوەی زیادی کردووە لەچاو ساڵی 1990دا (3.4) بلیۆن دۆلارە کەبەڕاستی بودجەی ساڵی 1991 دوو ئەوەندەی بودجەی ساڵی پێشترە. تەنانەت ساڵی پێش داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە خەرجی بەرگری بەشێوەیەکی بەگەڕ نزیکەی ڕێژەی 12.5٪ی هەموو بودجەی تورکیا دەنوێنی ئەم ڕێژانە ئاشکراکردنی لەبەرچاوی دوو ڕاستین یەکەم ئەنقەرە بەوریایی دەمێنێتەوە بەرامبەر بەتێوەگلاندنی دوورودرێژی سنوورەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتی پێشوودا بەحاڵەتی ناسەقامگیرییەوە, لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە, دەروانێتە مەودای مەترسیە ترسناکەکانی ئاسایش کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دێت, لەنێو ئەو مەترسیانەشدا لەڕووداوەستانی ڕاپەرینە دوژمنکارییە ڕو لەزیاد بووەکانی کورد دێت بەسەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان کەبنکەکانیان لە عێراق و سوریادایە. دووەم ئێستا تورکیا, ڕایدەگەینێت کەجدییە سەبارەت بە پێداویستییە درێژخایەنەکانی هاوچەرخکردنی بواری سەربازی کەئەوەش مەسەلەیەکی زۆر بەپەلەیە و ئەزموونی جەنگی کەنداویش وای لێکردووە کەپەلەتربێت.

شەڕی ئێران و عێراق و پرۆسەی سەربازیکردن کاری لە هاوسێکانی تورکیا کردووە لەناویاندا سوریا, کە ئەوەش گۆڕانکاری بەروپێشەوەی



www.pertwk.com

چوونی لەپێشینەکانی بەرگری تورکیادا هێنا بووە کایەوە ئەویش دوور لە هێڵە تەقلیدییەکان لەسەرەیس و قەوقازدا بەڵکو بەئاڕاستەی باشورو و رۆژهەلات. بەهێندگرتنی ستراتیژی ئاشکرای تورکیا و بەکارهێنانی ئەوستراتیژە بەشێوەیەکی بەسوود لەپەیوەندیدا بەئاسایشی تورکیاوە لەسنورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیسان دەبێتە مایەی سەرنج و ڕاکێشانێکی زۆر (77) وەکو نموونەیەك لەناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا کاربەدەستانی بەرگری تورکیا کەوتبوونە بایەخدانێکی تەواو بە پێشتبەستنی دیاری عێراق بەبۆرییە نەوتیەکانی تورکیا و ڕێگای گواستنەوە بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت لەماوەی جەنگی عێراق لەگەڵ ئێراندا. جەنگی کەنداوو کارەساتەکانی ئاسایی پەیبردنی دەرکەوتووی سەبارەت بەنمونە هەرێمایەتیەکان و فراوانبوونی جبەخانەکانی نزیك سنوورەکانی تورکیای چەسپاندوە و بەهێزکردەوە, کەمەترسی ئەوەش کەمتر نەبووە لە مەترسی هەڕەشەی پەرەسەندوی چەکە کۆکوژەکان بەساروخی باڵاستیکی مەودا زۆری پڕ وردەکاریشەوە.

پێشهاتەکانی وەسانی هەڕەشەی زیندوی تەقلیدی و ناتەقلیدی عێراق بۆ سەر تورکیا سەرچاوەیەکی ئاشکرای بایەخپێدانە لەبەر ڕووناکی دەوری دیاری تورکیادا لە هاوپەیمانێتی‌دا دژی بەغدا. بەرزبونەوەی نوێی چالاکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بنکەکانیەوە لەعێراقەوە و هێرشەکانی تورکیا لەبەزاندنی سنووردا بەمەبەستی سەرکوتکردنی پارتی کرێکاران, زۆر بەڕاستەوخۆ توریکای ڕاکێشاوەتە نێو کێشەی داهاتووی عێراقەوە ئەوەش بایەخپێدانێکی نوێی لەئەوروپا سەبارەت بەسیاسەتی تورکیا بەرامبەر بەکوردەکان هێناوەتە ئاراوە.(78). پێشهاتەکان بۆ پشتگیری کردنی تەقلیدیانەی ئاسایش لەلایەن ئەوروپاوە (بەتایبەتی ئەڵمانیا) بۆ تورکیا

لەسەروی هەموو ئەوانەوە, تورکیا ڕووبەڕووی مەترسی درێژخایەنی ئاسایشی دەبێتەوە لەلایەن ئێران و سوریاوە ئەویش لەئامانجە پڕ لەمونافەسەکانیدا لەئازربایجان و لە بایەخی چالاکیدا لە تەکنۆلۆژیای ساروخی بالاستیکی و لەبواری ئەتۆمیدا. خاڵەکانی مەترسی پەیوەست بەسوریا بریتین لەناکۆکی هەرێمایەتی لەسەر Antiochی تورکیا ویارمەتیدانی بەردەوامی سوریا بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان و پەرەسەندنی جبەخانەی سوریا( پارتی کرێکاران و دیڤ سۆڵ کەرێکخراوێکی تیرۆریستیە رێگایان پێدراوە کەبنکەی ڕاهێنان لە سوریا و لەژێر سایەی دسەلاتی سوریادا دابمەزرێنن). دانیشتوانی تورکیا کەلە باشوری رۆژهەلاتدان ئاسایی هیچ بەربەستێکیان نییە بۆ رێگاگرتن لەساروخی سکۆدو(SS21)ی سوری (79) بۆ ئەم مەسەلانە لەوانەیە کەسێك مەسەلەی بەریەککەوتنی بەردەوام لەسەر دەسەڵاتکردنی تورکیا بەسەر ئاوی دیجلە و فوراتیشدا زیاد بکات. سوریا و عێراق ڕایگەیاندووە بەنداوی ئەتاتورك کە ئێستا لەدروستکردندایە وەکو بەشێك لەپرۆژەی ئەنادۆڵی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لەداهاتوودا بەتووندی لەبەر رۆیشتنی ئاوەکە سنوردار دەکات(80) ستراتیژی دوژمنکارانە کە تورکیا بەرامبەر بەراپەڕینی کوردی پەیڕەوەی کردووە بە





چالاکیەکانی بەزاندانی سنوری عێراقیشەوە کە هێرشی زەمینی مەودا فروان و هێرشی ئاسمانی بەرفراوان و دروستکردنی (ناوچەی پارێزراو)ی ئەمری واقیع لەناو عێراقدا لەخۆ دەگرێت لەوانەیە لە ئاکامدا کار لەپەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سوریا بکات(81) هەندێ لە چاودێرانی تورکیا تەنانەت لەبارەی ئەگەری پێدانی, تورکیا لە بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانو (دایڤ سۆڵ)ەوە لە دۆڵی بیقاع ڕاماون. دوای ئەمە, روداوی (( بەدواداچوونی گەرماوگەرم)) لەسەر سنووری سوریا مەترسی ترسناکی بەرزبونەوەی کێشەکان دەوەستێنێ.

## چاککردنی بەرگری و دەرسەکانی کەنداو

خستنە رووی سروشتی ئەو لەڕوودا وەستانە ئەمنیانەی ڕووبەڕووی تورکیا بوونەتەوە لەڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا( کاربەدەستانی تورکیا حەزدەکەن لەبەکارهێنانی میتافۆڕی: ژیان لەدراوسێیەتیەکی توندوتیژیدا), هێزی پاڵنەری بەردەوامبوون و فراوانکردنی بەرنامەی هاوچەرخکردنی بەرگری تورکیا بەهێز. دەکات. تورکیا خراوەتە بەردەم ئەم پێوانەیەوە کەوەرگری مادە چاکسازییە زیادەکانی CFE بێت کە بکەوێتە ژێر (کاریگەری) بەرنامەی گواستنەوەی ئامرازی ناتۆوە. ئەم گواستنەوانەش نزیکەی (1.050m60) و دەبابەی لیوپارد و (700) ئۆتۆمبیلی سەربازی شەڕکەر و (mm7.110) پارچە تۆپی قورس و (f.4-40) جەنگاوەر و هیلێکۆپتەری هێرشکەری کۆبرا و سەکۆی رۆلاند بۆ ساروخی هەوایی لەخۆی دەگرێت. دیسان تورکیا چەند رێکەوتنێکی بۆ کڕینی هەلیکۆپتەری زیاتر لە سۆڤێت و کڕین و بەرهەمهێنانی هەلیکۆپتەری وڵاتە یەککگرتووەکان ئەنجام داوە. ئەم چەکانە بەشداری

قەیرانی کەنداو کاریگەری هەبووە لەسەر دیسانەوە بەهێزکردنەوەی ئاراستەیەکی جولاو بەرە و دیسانەوە ئاڕاستەکردنەوەی پێشینە بەرگرییەکانی تورکیا لەسرەیس و قەوقازەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەزموونی ئەم قەیرانە دیسان کاری کردۆتە سەر بیرکردنەوەی ستراتیژیانەی نوخبەی تورکی بەرێگای تر. بەپێچەوانەی ئەم ئەزموونەوە لەشوێنەکانی تری هەرێمی باشووری ناتۆ کەلەوێ وەکو فەرمانڕەوایی, حەماسەتی سەربازی بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە کاری هاوپەیمانانەدا بەهۆی خۆپاڕیزێتی سەرکردایەتی سیاسیەوە هاندراوە. دەستەی ژەنرەلانی تورکیا رێبازێکی زۆر پڕ لەوریاییان بیناکرد بۆ چوونە ناوەوەی سەربازی لەکەنداودا. خۆپاڕیزێتی سەرکردایەتی سیاسی دەشێ لەلایەکەوە لێکبدرێتەوە بەهۆی ئینتیمایانەوە بۆ چەمکەکانی ئەتاتورك دژی هاتنەناوەوەی بیانی و سەوداگەری لەسەر سەروەرێتی تورکیا. لەپشت ئەمەوە , سەرکردایەتی سەربازی بەئاشکرا گومانی ترسناکی هەبوو سەبارەت بەتوانای تورکیا بۆ بڵاوکردنەوە و پشتگیری کردنی هێزەکانی لەو دیووی هەرێمەکانی خۆیانەوە یان تەنانەت بۆ رێکخستن و ئاڕاستەکردنی جوڵەی چالاکی مەودا فراوان لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ عێراقدا. بەکورتی چاودێریکردنی داخراوی ئە شالاوە لەکەنداودا



www.pertwk.com

ئامادەگی هێزە سەربازییەکانی تورکیای جێگیرکردووە بۆ هەڵسەنگاندنی سەلامەتی تەقلیدیانەی نوێ. تەنانەت گومانی تەواو هەیە سەبارەت بەئامرازی تاڕادەیەك هاوچەرخ کەبەدەست دێت لەهاوپەیمانانەوە وەکو دەرئەنجامی رێکەوتنی CFE .

بڵاوبونەوەی 100.000سەربازی تورکی بەدرێژایی سنوری عێراق ( هەڕەشەی بەرەی دووەم دەردەخات کەئەوەش بەشدارییەکی گرنگە لە ستراتیژی هاوپەیمانێتیدا لەکەنداودا) کەداوای گەورەرتین جوڵەی هێزەکانی کرد کەلەساڵی (1974)ەوە و لەداگیکردنی قوبرسەوە بەوجۆرە نەجوڵاون. ئەو گیرو گرفتانەی کەلەم چالاکیەدا لەڕووبەڕوودا وەستاون و چاودێری زۆر گشتی (وانەکان)ی کەنداویش وای لە دەستەی ژەنڕاڵەکان کردووە کە پرۆژەی زنجیریەك ریفۆرمی خاوێن کردنەوە دابنێن بەمەبەستی چاککردنی باری جوڵاندن. چالاکیەکانی وەرگرتنی سوتەمەنی لەئاسمان لەماوەی قەیرانی کەنداودا لەسنوری ئاسمانی تورکیادا مایەوە) بوو بەهۆی نەخشەی بدەستهێنانی دوو تەنکەر, کەبەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێشانە مەودای چالاکی شەڕکەرانی تورکیای زیادکردو بواری بۆکردنەوە کەلە بنکەی نائاشکرای دوور لەسنورەکانی تورکیاش جێگیر بن.(84)

جێگای سەرنج نییە, بەرگری ئاسمانی, لەناویدا بەبەدەستهێنانی ساروخی پاتریۆت و (f-16)ی زیاتر (هێزی f-16ی تورکی لەئاکامدا دەگاتە کۆی گشتی (320)یەکەی هێزی ئاسمانی ئەوەش وەکو پێشینەیەکی سەرەکی دەرکەوتووە). لەحاڵەتی نەبوونی ئەم سیستەمانەدا, تورکیا بەبێ بەرگری دەمێنێتەوە لەبەردەم هێرشی ئاسمانی و ساروخی باڵاستیکیدا, مانەوەش لەحاڵەتی بێ بەرگری کردندا کار لەڕازی بوونی تورکیا دەکات بۆ بواردان بەچالاکی سەربازی بێگانە لەبنکەکانی تورکیاوە لەڕوواوە

ئەم پرسیارانەش تەنیا بواری هێزی بەرگری ئاسمانی ناگرنەوە. بنیادنان و هاچەرخکردنی هێزی زەمینی تورکیا وەکو پێشتر تێبینی کراوە بەهۆی پێویستی گەشەکردنی توانا بۆ چالاکی ناجێگیر یان چالاکی جولاو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرێوەدەبرێت, زیاتر لە بەرگرییەکی جێگیر بەرامبەر بەهەڕەشەی سۆڤێت لەسرەیسدا یان لەقەوقازدا. دەرئەنجامی ئەم شتراتیژە و ئاڕاستەکردنەوەی چالاکی لەتوانای دوژمنکاری هێزە سەربازییەکانی تورکیادا لەئیجەوە بۆسنوری عێراق زیاد دەکات.

## تورکیا و ولاتە یەکگرتووەکان

مێژووی پەیوەندی نێوان ولاتە یەکگرتووەکان و تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم کاتێ کەئامادەبوونی ولاتە یەکگرتووەکان لەدەریای ناوەڕاستدا دەستی کرد بە بەرفراوانبوون بەئاڕاستەی رۆژهەلات



www.pertwk.com

ئەوەش بەهۆی پەیوەست نامە بازرگانیەکانی تورکیا و هاندانیەوە لەبنکەکانی لیڤانتەوە پشتگیری کراو هاندرا. قوڵبوونەوەی پەیوەندییەکان لەنێوان ولاتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتی عوسمانیدا لەهەمان کاتدا سنوور درا بەهۆی حەماسەتی جەماوەری ئەمەریکییەوە بۆ ویستە نەتەوەییەکانی گریک و بەهۆی بێزارییەوە بۆ کەوتنە حاڵەتی دوژمنایەتیەوە لە (( مەسەلەی رۆژهەلات))دا, بەتایبەتی گرفتی بوونی هێزی روسی لەڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا وەکو ڕەگەزێکی هاوسەنگی ئەوروپا (دژایەتی لەگەڵ هەڵویستەکانی دوای ساڵی 1945دا لەناو دەچێت). پەیوەندییە ئابورییەکان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا سەرباری ئەوە بە چەسپاوی پەرەی سەند ئەویش هەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە دەستی پێکرد. لەپەرۆشیەکدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم بارودۆخە باوە, بەرهەمەکانی نەوت لەڕاستیدا رێژەیەکی گەورە لەناردنەکانی ئەمەریکای بۆ ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست رۆژهەلات بەگشتی لە پێش ساڵی 1900دا پێکێناوە. تورکیای عوسمانی کڕیارێکی گەورەی چەك و زەخیرەی چەك و تەقەمەنی بوو لەکاتی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکیدا(86).

پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیمپڕاتۆری عوسمانیدا لەدوای بەشداری کردنی ولاتە یەکگرتووەکان لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا ئاڵۆز بوو, تەنانەت لەگەڵ حکومەتی نوێی تورکیشدا ئەو پەیوەندیانە چاك نەبوونەوە هەتا ساڵی 1927, پەیمانی لۆزان ڕێ و شوێنی رێکخستنی لەدوای جەنگ بۆ هەرێمەکانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی پێشتر دامەزراندا کەتیایدا ولاتە یەکگرتووەکان دەوڵەتێکی ئیمزاکەری ئەو رێککەوتننامەیە بوو, کە ئەوەش تاساڵی 1930 لەلایەن کۆنگرێسەوە ڕەزامەندی لەسەر دەرنەبڕرا. چاودێرانی تورکیا ئاسایی دەگەڕێنەوە بۆ ئەو دواخستنە درێژەخایەنەی کەلە ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر پەیمانی سیڤەر هاتە ئاراوە.

بەهۆی یەکەم شکستی ترسناکی پەیوەندییە دوو قۆڵیەکانەوە, تێبینی ئەوەش کراوە کەبەربەستەکانی بەردەم چاکبوونەوەی پەیوەندییەکان تاکو ساڵی 1930 بەدەگمەن گۆڕانیان بەسەردا هاتووە, دەرککردن بەکێشەکانی گریك – تورکیا , ئەمەریکا– تورکیا , بێ لایەنی تورکیا لەشەڕی دووەمی جیهاندا ئەوەیان تەئکیدکردەوە کەپەیوەندییە دوو قۆڵیەکان لەئاستێکی مامناوەندا ماونەتەوە بەدرێژایی ساڵی 1945. دوای ئەوە تورکیا لەساڵانی سەرەتای جەنگی سارددا وەکو نوێنەرێکی سەرەکی دەرکەوت. لەڕاستیدا جەنگی سارد و ستراتیژی گرتنەخۆ(ئیحتواکردن) ڕەگ و ریشەی خۆیان هەبووە لەڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا و بەهۆی عەقیدەی (ترومان Truman) و ئیلتیزامی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بۆ پشتگیری کردنی (هێڵی باکور (یۆنان و تورکیا و ئێران و ئەفغانستان) وەکو بەربەستێك بۆ سۆڤێت و سەرکێشی سۆڤێتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا(87) بەمجۆرە بازنەی پەیبردنی ستراتیژی پێکهات کە تیایدا گرنگی و بایەخی تورکیا لەتێڕوانینی ئەمەریکاوە بەشێوەیکی پچڕپچڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپادا ناسراوە جارێکی تریش لەدوای کارەساتی ڕووداوە نوێیەکان لەکەنداوو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم گرنگی و بایەخە پێناسەکرایەوە.(88). یەکەم ڕێکەوتنی دوو قۆڵی سەربازی بەمەبەستی فریاکەوتن لە حوزەیرانی 1954دا ئیمزاکرا کەئەو ڕێکەوتنە بنەماکانی بۆ پشتگیرکردنی ئاسایش بەشێوەیەکی بەرفراوان پێشکەش کرد و پێشینەیەکی بۆ ڕێکەوتنە ناسەرەکیە بەژمارە زۆرەکان پێکهێنا لەسەر هاریکاری ئابوری و بەرگری.

پەیبردن بەوەی کە تورکیا بەدرێژایی کات لەپەیوەندیەکاندا لەسەر ئاستی سیاسی بەشێوەیکی ناشایستە ڕەفتاری لەگەڵ کراوە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بەتایبەتی لە کۆنگرەیسدا شتێکە لەنێو نوخبەی تورکیدا





بلاوە. ئەزموونی ساڵی 1964 واتە نامەکەی جۆنسن وریاکردنەوە بوو بەرامبەر جوڵەی تورکیا دژی قوبروس و ئابڵوقەی سەپێنراوی سەربازی لە نێوان ساڵانی 1975 – 1978دا و بەدوای ئەوەشدا داگیرکردنی باکوری قوبروس لەلایەن تورکیاوە دێت کەتاکو ئێستا لەعەقڵی تورکیدا زیندووە. تازەبەتازەش, مامەڵەکردنی کۆنگرێس و لایەنی جێبەجێکردنی لەبارەی مەسەلەی ئەرمینیاوە سەرچاوەی بێ ئومێدی و ترس بووە بۆ ئەنقەرە. کۆنگریس دانی بە بریاری جینۆسایدی ئەرمینیی‌یەکاندا نەناو ئەو ڕەفزکرنەشی لە ساڵی 1990دا دەربڕی, بەڵام تەعلیقاتەکانی ئیدارەی ئەمەریکی لەبەهاری 1990دا (کەبەڕاستی مەبەستی کپ کردنەوەی ئەو مەسەلە بوو) ئاسەوارێکی خراپی لەتورکیا بەجێهێشت. ڕاگەیاندنی سەرۆك بۆش سەبارەت بەدەوڵەتی نوێی تورکی وەها وەرگیرا کەهەمان تێروانینە کە بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەبووە, کەپێشینەیەکی شیاوی بۆ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بەئەرمینیای سەربەخۆ پێکهێنا.

گفتوگۆیەکی باو کەلە ئەوروپادا هەبوو, لەئەنقەرە بەدەگمەن بەربای گوێ دەکەوت, ئەویش ئەوەیە کە مەسەلەی ئەرمینیا وەکو بەربەستێك دەمێنیتەوە لەبەردەم سیاسەتی نێو دەوڵەتی تورکیادا و لەوانەیە تەنیا لەرێگای دان پێدانانی ڕاستەوخۆی حکومەتی تورکیاوە بەو مەسەلەیدا دەسەڵاتی بەسەردا بکرێت. بەمجۆرە گفتوگۆی ئەوە دەکرێت کەلەو ماوەیەی کە تیایدا مۆسکۆ دەتوانێ (کاتیان Katyn) قبوڵ بکات و کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی پێشوو توانی دان بنێت بە هۆڵۆکۆستدا, بەدڵنیاییەوە تورکیاش دەتوانێ دان بنێت بەڕووداوەکانی سەردەمی ئیمپڕاتۆیەتی عوسمانیدا. لەبەرچەندین هۆ کە پەیوەستن بەکەلتوری سیاسی تورکەوە , قبوڵکردنێکی لەم جۆرە هێجگار قورسە. پەرەسەندنی پەیوەندییە کاتیەکان لەگەڵ کۆماری ئەرمینیادا لەوانەیە

بۆ ئەو مەودایەی کە تورکیا بێ ئومێدە لەهەوڵەکانیدا  بۆ بەشداری کردنی لەیەکێتی ئەوروپادا, پەیوەندییە دوو قۆڵیەکانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا لەڕووی تیۆرییەوە دەبێ بایەخ پێدانێکی زیاتر بەدەست بهێنێت. پرسیارێکی گرنگی درێژخایەن کەپەیوەندی هەیە بەو ئاستەوە کە کۆماری تورکیا و بیروڕای نوخبە جیاکاری دەکات لەنێوان پەیوەندییە قورسەکانی تورکیا لەگەڵ ئەوروپادا و پەیوەندییەکان لەگەڵ رۆژئاوادا بەگشتی لەنەبوونی بەرفراوانبوونێکی لەبەرچاوی هاریکارییە دوو قۆڵیەکاندا– کەئەوەش شتێکی دوور لەڕوودانە لەبەر گەلێك هۆی جۆراوجۆر– لەوانەیە بیسەلمێنێت کەکارێکی گرانە پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیا پەرت بکەیت(90) سەرباری ئەوەی کە قەیرانی کەنداو گەلێك شتی باشی بۆ تورکیا هێناوەتە ئاراوە لەسەر ئاستی رەسمی, هەروەها بەئاگاییەکی زۆر لەتورکیا و کێشە هەرێمایەتیەکانی لەنێو جەماوەری ئاگادارکراودا و بەرفراوانبوونێکی پێوانەیی هاریکاری ئابوری و ئەمنی لەوانەیە شکست بهێنێت لە قایل کردنی ئاواتە بەرزەکانی ئەنقەردا. گۆڕینی سەرکردایەتی لەواشنتۆن و



www.pertwk.com

ئارەزوونەبوونی دیمیریل بۆ بەدواداچوونی پەیوەندییە دوو قۆڵیەکان هەمان شێوەی حەماسەتی ئۆزاڵ, بنەما نوێیەکانی نادڵنیابوون پێشکەش دەکات.

دوو خاسێتی فراوانی پەیوەندی دوو قۆڵی دوای جەنگی سارد و دوای جەنگی کەنداو ئاسایی دەرکەوتوون کەیەکەمیان بریتی‌یە لە کۆ دەنگی‌یەك بۆ پارسانی پەیوەندی بەرگری زیندوو لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا کەبەدڵنیاییەوە ئەو پەیوەندییە دەپارێزێت, بەڵام بایەخ پێدانێکی کەم دەدرێت بە فراوانبوونی رەسمی ئەوریێ و شوێنانەی کەلە بەرگیراون. خاسێتی دووەم و پەیوەست بریتی‌یە لە جەختکردنی ئەنقەرە لەسەر بنیادنانی پەیوەندییەکی ستراتیژی نوێ و فرە لایەن کەتیایدا هاریکاری ئابوری و سیاسی دەورێکی پێشڕەوانە دەبینێ و مەسەلەکانی بەرگری بابەتی پشکنینی ورد دەبێت. هەردوو ئاڕاستەکەش پێش هەڵبژاردنەکان لەبەرچاوبوون و بینراون – بەڕاستیش ئەم دوو ئاڕاستەیە بەتەواوی گەشەیان کردووە لەماوەی قەیرانی کەنداودا – و لەئەگەری بەهێزبوون و بەتوانا بوونیشدان.

## ئایا پە نجەرەیەك ( دەروازەیەك ) بۆ هاریکاری بەرفراوانی بەرگری هەیە؟

دەروازەی (پەنجەری) هاریکاریکردنی بەرگری بەرفراوان کەهەندێ کەس پێشتر پێشبینیان کردبوو لەئاکامی سەرهەڵدانی قەیرانی کەنداودا تا ئەندازەیەك بە دڵنیاییەوە ئەو پەنجەرەیە ئێستا داخراوە, ئەگەر لەڕاستیدا پێشتر کراوە بوو بێت. بەرەو پێشەو چووەکان لەکەنداودا هەندێ پاڵنەریان پێشکەشی تورکیا کردووە بۆ پەیڕەوکردن یان بەهێندگرتنی پەیوەندییەکی ئاسایشی چالاکانە تر لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا. هەستکردنێکی زۆر

دوا ئەنجامی ئەم ئەزموونە بەشێوەیەکی حەساس بەرزکراوەتەوە لەمیانەی شەپۆلێکی سیاسییەوە لەسەر مەسەلەی سەروەرێتی پەیوەست بەکێشەکان



www.pertwk.com

کەئەوەش هاریکاری ئاسایشی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا لەخۆگرتووە. بڕیاڕی تورکیا بۆ درێژکردنەوەی ڕێککەوتنی هاریکاری ئابوری و بەرگری دوو قۆڵی کەلە تشرینی دووەمی ساڵی 1991دا دەبوو کۆتایی بێت, بەشێوەیەکی کاریگەرانە هەر پرسێکی پەیوەست بەگۆڕانکاری ڕەسمی دواخست لەسەر زەمینەیەك کەبگونجێت لەگەڵ باری جێبەجێکردنی یاساکاندا بۆ ئەو ڕێگایەی کەوڵاتە یەکگرتووەکان لەبەری گرتووە بەمەبەستی ئاسانکاری و ئامادەبوونی تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان یان پێکەوە بەستنی مادەکان (ڕێ و شوێنی تایبەتی لەدەرەوەی ڕێکەوتنی هاریکاری ئابووری و بەرگری لەناویدا بەکارهێنانی ئاسانکارییەکانی تورکیا بۆ ئامانجی دەرەوەی ناتۆ وەکو شتێکی شیاو دەمێنیێەوە)(92).

وڵاتە یەکگرتووەکان لای خۆیەوە لەوانە نییە هەوڵی بەرفراوانکردنی ئامادەبوونی هەمیشەیی خۆی بدات لەسەردەمی چڕکردنەوەی یان کەمکردنەوەی هێز و لاوازی ئابوریدا. فراوانبوونی ئەم ئامادەبوونە بێگومان ئاماژەی نەگونجاوی داوە بەمۆسکۆ و کۆمارەکانی باشور. لەڕاستیدا کارمەندانی تورك لەبەردەم ئەگەری تەواوی ڕووبەڕووبوونەوەدان لەگەڵ کەمکردنەوەی مامناوەدییانەی ئامادەبوونی وڵاتە یەکگرتووەکاندا. تورکیا پشتگیرییەکی زۆری پێشکەش بە بواری فڕینی فرۆکەکانی ناتۆ کردووە بۆ پاراستنمی بنکەیەکی زەمینی, ئامادەبوونی هێزی ئاسمانی و تاکتیکی وڵاتە یەکگرتووەکان لەهەرێمی باشوردا دوای جیابوونەوەی 401 فرۆکەی شەڕکەری وانیگ هات لە تۆرجینی ئیسپانیا. ئەنقەرە ئەم ئامادەبوونە ەکو بەشدارییەك لەبەربەستکردنی هەرێمایەتی و بەڵگەی ئیلتیزامی بەردەوامی هاوپەیمانێتی بۆ تورکیا سەیردەکات. ( بەشی زۆری ئەو 401 فرۆکەیە بەشێوەیەکی تەقلیدیانە نیشانە کراون بۆ بەهێزکردنەوەی تورکیا, چەند

ئەگەری دانانی بارگەدانراوە مادییەکانی ئامێر و ئامرازی ولاتە یەکگرتووەکان لە تورکیا وەکو هۆکارێکی ئاسانکاریکردنی بلاوکردنەوەی خێرای هێزەکان بەناوچەکەدا بابەتی چەند گفتوگۆیەك بووە. سەرباری ئەوەی کە گومانی تێدانیە جێگرەوەی تەواو پەسەند بۆ بلاوکردنەوەی هەمیشەیی هێزەکانی ولاتە یەکگرتووەکان, ( کەنەشیانێکی سیاسیانەی ژێر سایەی چەند مەرجێکی ئامادەیە) پێکەوە بەستنی بەربلاو و کێشەکانی خۆی دەردەخات. بەگوێرەی ڕووداوەکان لەئەنادۆڵی رۆژهەلات, بارخانەکانی کەلە ئەزمیر یان ئەسکەندەرونەوە بارکراون بەهایەکی خەیاڵیان هەیە. لەکاتێکدا پێکەوە بەستن لەباشوری رۆژهەلات لەوانەیە ناجێگیرییەکی سنورداری هەبێت( هەروەها ئەم بارگانە دادەنێت و خەریك دەبێت بە کەسێتیەکەوە لەناوەندی ڕاپەرینێکی چالاکدا).

کێشەی ڕی و شوێنی گونجاو بۆ هەر فراوانبوونێکی پەیوەندی دوو قۆڵی ئاسایشی بەردەوام لە ئارادا دەبێت, سەرباری زیادبوونی پشتگیری کردن لەئەنجامی جەنگی کەنداودا کەتیایدا یارمەتی دانی ئاسایشی ولاتە یەکگرتووەکان بۆ تورکیا لە (553.4) ملیۆن دۆلارەوە بەرزکرایەوە بۆ (635.4) ملیۆن دۆلار لەساڵی 1991دا ئەویش وەکو پارەی تەرخان کراو بۆ ئەو بوارە. زۆربەی ئەم پشتگیریە لەشێوەی بەخشیندا دەبێت و ئەگەری ئەوەش هەیە کە پشتگیری زیادەش لەحاڵەتی ڕووداوی لەناکاودا پێشکەش بکرێت. ئەگەر نرخی گواستنەوەکانی CFE یش حساب بکرێت ئەوا تورکیا دەبێتە وەرگری هەشت بلیۆن دۆلار لەولاتە یەکگرتووەکان و ئامێر و ئامراز



www.pertwk.com

لەئەڵمانیا. دەرباری ئەوەی کە کۆنگرێس هیچ ئاماژەیەکی وازهێنانی لەڕێژەی (7 بۆ 10)ی نارەسمی نیشان نەداوە کەلەسایەیدا یۆنان (حەوت) دۆلاری بەرامبەر بەهەر(دە) دۆلاری بەخشراو بە تورکیا وەرگرتووە. دیمەنی یارمەتی دانی دارایی زیاتر بۆ ڕووداوی لەناکاوو بەپەلە و بۆ یارمەتی دانی ئابوری و ئاسایشی بەشێوەیەکی گەوهەری شێوە گواستراوە پێشنیار دەکات کەبایەخی ئەو ڕێژەی (7 بۆ10)یە تائەندازەیەکی زۆر شتێکی رەمزییە. بەلام رەمزیەتی ئەم ریژەیە لەڕووی سیاسیەوە بایەخێکی گەورەی هەیە بۆ هەردوو لایەنی یۆنان و تورکیاش, هەروەك بەمەسەلەیەکی گرنگیش دەمێنێتەوە لەئەجیندەی سیٚ لایەنەی هەرسیٚ لادا. لەئەنجامی خستنە لاوەی ئەو دەستکەوتەی ئێستا کەلە CFE و جەنگی کەنداوەوە بەدەست هاتووە, چاودێرانی تورکیا بەئاگان لەهەرەس هێنانی حەماسەتی بەرهەم هاتوو بۆ پشتگیری ئاسایشی تورکیا, لەکۆنگرەیسدا سەرباری ئەوەی تورکیا بەدڵنیایەوە بەردەوام دەبێت بۆئەوەی لەنێوان داواکارە هەرە بەهێزەکاندا بێت بۆ پشتگیری کردنی دارایی داهاتوو تەنانەت ئەگەر ئەو پشتگیرییە لەئاستی نزمتریشدا بێت (بێگومان وەکو ریگاگرتن لەڕووداوی لەناکاو  لە قوبروس و بەڵقاندا یان کێشەی کورد).

ولاتە یەکگرتووەکان بووە بەئامرازێك بۆ کۆکرکردنەوەی یارمەتی نێودەوڵەتی بۆ تورکیا ئەویش وەکو بژاردنێکی ئەو زیانە ئابورییەی کەلە جەنگی کەنداودا لە تورکیا کەوتووە, داخستنی بۆری نەوتی عێراقی و لەدەستچوونی بازرگانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پێکەوە زیانەکەیان بۆ تورکیا بەزیاتر لە 9 بلیۆن دۆلار دەنرخێنرێت, داخستنی بۆری نەوتی عێراق بەتەنیا سالانە(500) ملیۆن دۆلار لەسەر تورکیا کەوتووە. پێشتر قەیرانی کەنداو بازرگانی تورکیا لەگەلٚ عێراقدا ڕێژەی 10٪ی ناردنە دەرەوەی تورکیای پێکدەهێنا(93). نزیکەی 3 بلیۆن دۆلار لەنەوت و بەخشین و قەرز

پێشهاتەکان بۆ ڕێگاکردنەوە و بوردانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ فەراهەم کردنی ئاسانکاری بۆ تورکیا لەڕووداوی لەناکاوی دەرەوەی ناتۆدا کاریان تێدەکرێت بەهۆی لاوازی توانای ئۆزاڵەوە بۆ کارکردنە سەر گفتوگۆی ئاسایشی تورکیاو گفتوگۆی سروشتی سەرکردایەتی سوپا سەبارەت بەهێزە بیانیەکان کەلەسەر خاکی تورکیان ( هەروەها هێزە ئاسمانیەکانی بێگانە کەلەبواری ئاسمانی تورکیادان)(95). بەرژەوندی تورکیا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەلایەکی ترەوە هانی هاتنە ناوەوەیەکی بەئاگایانە دەدات. هەر هەمان شێوەی ڕابردوو, سەرکردایەتی تورکیا لەداهاتوودا ناچار دەبێت بۆ بەهێندگرتنی کاریگەرییە هەرێمایەتیەکانی هاریکاری زۆر بەتین و زۆر لەبەرچاوی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا لەدەرەوەی چوارچێوەی ناتۆ سیاسەتی تورکیا لەقەیرانەکانی داهاتوودا لەوانەیە بەتەواوی ڕەفتاری  رکێف کراوی لەپەیوەندیدا بەململانێکانی ساڵی 1967 و 1973 ی ڕۆژهەڵاتی



www.pertwk.com

ناوەڕاستەوە هاوشێوە بکات زیاتر لە ئەزموونی نوێ و تاڕادەیەك دەگمەنی هاوپەیمانێتیدا دژی عێراق تەنانەت پێش هەڵبژاردنەکانیئۆکتۆبەری ساڵی 1991, بەڵگەی گەڕانەوە بۆ سیاسەتی حەزەرکردنی زۆر دەبینرا, پاشان دواندنەکانی مەسعود یەڵمازی سەرۆك وەزیران بەکارهێنانی بنکەکانی تورکیای وادەردەخست کەشتێکی نەشیاوە بۆ نوێکردنەوەی هێرشی ئاسمانی دژی بنکە ئەتۆمیەکان لەعێراقدا(96) دیمیریل لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ سەرۆك بۆش لە شوباتی 1992هەمان شێوە خۆپاڕیزانە دەرکەوت و وریاکردنەوەی دا بەدژی بەکارهێنانی هێز بۆ ڕووخاندنی سەدام حسێن(97).

## پەیوەندی نوێی ستراتیژی

لە دەساڵی داهاتوودا, چاوەڕوانی ئەوە لەئەنقەرە دەکرێت کەجەختێکی زۆر بکاتە سەر پەرەسەندنی پەیوەندی (پێگەیشتووتر)) لەگەڵ وڵاتە یەکگرووەکاندا کەلەو پەیوەندییەدا پشتگیری ئاسایشی و هاریکاری بەرگری دەورێکی کەمتر ئاشکرا و دیار دەبینین لەکاتێکدا پەیوەندییە سیاسی و ئابورییەکان پتەوتر دەبن. ئەم بایەخ پێدانە پێشتر شێوازی داواکاری وەرگرتووە بۆ ئەوشتانەی کە نوخبەی تورکی حەز دەکات وەکو ((پەیوەندی ستراتیژی)) فراوان و بەربڵاو وەسفی بکات. زاراوەی (ستراتیژ) لەم حاڵەتەدا لەهەستێکی بەرفراواندا ئەو مانایە هەڵدەگرێت. زیادبوونی بازرگانی و بەکارخستن لەگەوهەری پێشنیارەکانی تورکیادایە بۆ جۆراوجۆرکردنی پەیوەندییەکان.

لەساڵانی حەفتاکاندا قەوارەی (بڕی) گشتی بازرگانی دوو قۆڵی گەیشتە (500) ملیۆن دۆلار لەساڵێکدا. ئاڕاستەی پەرەسەندووی هەناردەی ئابوری

Gatt) و ڕێ و شوێن و ئامادەکارییەکان بۆ ناوچەی بازرگانی ئازادی ئەمەریکای باکور, بۆ بەهێندگرتنی گفتوگۆی کراوە لەسەر ئەم بەرەیە(بوارە). لەروانینی تورکەوە, پێشنیارەکە لەوانەیە ئامرازێکی بەسوود بێت بۆ پاڕاستنی مەسەلە ئابورییەکان لەپێشەوەی پەیوەندییە دوو قۆڵیەکاندا.



www.pertwk.com

هاریکاری پیشەسازی بەرگری بوارێکە تیایدا رۆیشتن لە دوای پەیوەندییەکی ستراتیژی بەرفراوانتر لەگەڵ مەسەلە ستراتیژیە تەسکتر و تەقلیدیترەکاندا دەردەکەوێت. ئامادەکارییەکانی هاریکاریکردن لەگەڵ هەڵوێستی چەسپاوی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بۆ بەرهەم هێنانی (F16) و ئۆتۆمۆبیلی سەربازی شەڕکردن لەئەنقەرە وەکو بەشدارییەکی پڕ بایەخی ئاسایشی تورکیا و گەشەکردنی ئابوری و نفوزی نێودەوڵەتی سەیر دەکرا. دیسان تورکیا (46) (F16) لەشوباتی 1995دا بۆ میسر بەرهەم دێنێت. لەسەرووی هەموویەوە تورکیا بەدوای بەرنامەیەکی چالاکی هاریکاری بەرگریدا دەروات لەگەڵ هاوپەیمانانی ناتۆدا, پەرەسەندنی پیشەسازی بەرگری لەپێشەوەی حسابکردن دەبێت لەپێشنیارەکانی داهاتووی تورکیادا بۆ هاریکاریکردنی دوو قۆڵی (99) لەماوەیەکی کورتدا تورکیا بایەخ دەدات بە فراوانکردنی بواری بەرگری خۆی پەیوەست بەهەناردەی بەرگری بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لەژێر سایەی ڕێ و شوێنی بازرگانی ئازادیدا (DECA)دا(100).

لەئاکامدا تورکیا بەدوای پشتگیری وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەگەرێت بۆ سیاسەتی هەرێمایەتی خۆیی و دەستپێشکەرییەکانی وەکو بەشێك لە پەیوەندییەکی چالاکی ستراتیژی. پشتگیری کردنی نەخشەی دەریای ڕەش و داواکاری تورکیا بۆ بوون بەئەندام لە کۆمەڵەی ئەوروپیدا لەکارە یەکەمیەکانن بەلای ئەنقەرەوە, هەرچەندە پێشهاتەکان بۆ کارکردنە سەر هەڵوێستەکانی ئەوروپا لەبارەی دوومیانەوە واتە بەئەندامبوونی تورکیا لە کۆمەڵەی ئەوروپیدا لەلایەن واشنتۆنەوە تاڕادەیەکی زۆر سنووردار دەبێت. لەکورتەی ئەمەدا, وڵاتە یەکگرتووەکان لەوانەیە لەهەڵوێستێکی بەهێز تردا بێت بۆ فشار دانان بۆ چوونە ناوەوەی تورکیا لە ڕێکخستنە پێکهاتووەکانی ئاسایشی

ئەوەی کەزیاتر جێگای گومانە لەوانەیە ئارەزووی ئەنقەرە بێت بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری وڵاتە یەککگرتووەکان لەسیاسەتی خۆیدا بەرامبەر بەراپەرینی کوردی. وەڵامێکی توندڕەوانە بۆ هێرشە توندوتیژە ڕوو لە زیادبووەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو بەهۆی دروستکردنی بەربەستێك لەبەردەم پەیوەندی بەتینی تورکیا لەگەڵ وڵاتە یەککگرتووەکان و هەروەها لەگەڵ ئەوروپاشدا, لەکاتێکدا مافی مرۆڤ لەتورکیادا دەمێکە بووەتە بابەتێ کە جێگای سەرنجە (لەو ڕواگەیەوە کەمافەکانی مرۆڤ پێشیل کراوە).(101)

تەئکیدکردنەوەی ڕۆڵی هەرێمایەتی تورکیا لەبەڵقان و دەورەبەری دەریای ڕەش و قەوقاز و ئاسیای ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەگەزێکی (بنەمایەکی) کەمتر پێشبین کراو بەتەواوەتی نوێ پێشکەش دەکات بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن. نیشاندانی ڕق و بێزاری (لەوانەیە بێ ئارەزوویەکی دروستیش بێت) بەرامبەر بەهەردوولا بۆ بینی تورکیا وەکو ژاندرمەی ڕۆژئاوا لەمەسەلە هەرێمایەتیەکاندا و دەرکەوتنی تورکیا وەکو هێزێکی هەرێمایەتی ئەو پرسیارە گرنگە بەرز دەکاتەوە کە ئایا بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەککگرتووەکان و تورکیا لێك جیادەبنەوە یان



www.pertwk.com

یەکدەگرنەوە بۆ ماوەی درێژخایەن, هەندێ لەرەخنە گرانی تورکیا پێشتر ئەم مەسەلەیان لەپەیوەندی بووندا بە (( پەیوەندی نوێ ستراتیژی))یەوە بەرزکردۆتەوە و پرسیویانە داخۆ بەرژوەندییە ناوخۆیی و هەرێمایەتیەکانی تورکیا لەگەڵ بەرژوەندییە جیهانییەکانی وڵاتە یەککگرتووەکاندا لەهەموو بارودۆخەکاندا یەکدەگرنەوە(102) بەرژوەندییەکانی وڵاتە یەککگرتووەکان لەبەرە و پێشەوەچوونی جێگیری سیستەمی سیاسی و ئابوری دەوروبەری دەریای رەش و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە رێگاگرتندا لەدەرکەوتنی نفوزی هەرێمایەتی (بۆ نموونە ئێران) بەشێوەیکی گشتی گونجاوە لەگەڵ ئەو لایانەنەی کەلە سەرئاستی ناوچەیی بەلای تورکیاوە پەسەندن. لەبەڵقاندا, بەرژوەندی تورکیا لەپاڕاستنی بەختەوەری کەمایەتیە مسوڵمانەکاندا لەگەڵ بەرژوەندییەکانی وڵاتە یەککگرتووەکاندا لە ناوچەکەدا ناکۆك نییە, بەڵام ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی لەوانەیە بایەخێکی زیاتر بدات بە دڵنیابوون لەوەی کە ناکۆکی ئیتنیکی لەبەڵقاندا هەڕەشە لەئاسایشی ئەوروپا نەکات. کارێکی گران بوو کە تەسەوری دەست تێوەردانی تورکیا لەهەر جۆرە پشتگیرییەکی وڵاتە یەککگرتووەکان بکرێت, تاوەکو تورکیا نەبووبێتە بەشێك لەچالاکی کۆمەڵەی ئەوروپی یان ناتۆ. لەدەریای ئیجەدا, توانای شاراوە بۆ جیابوونەوەی بەرژوەندییەکان و ئەو رێگایانەی لەبەردەگیرێت توانایەکی بەهێز. دەبێت. تەنانەت لێرەدا, وڵاتە یەککگرتووەکان و تورکیا بەشداری واقیعیانە دەکەن لەسەرجەمی بەرژوەندییەکانیاندا لەدوورخستنەوەی قۆناغی ترسناکدا(قەیراندا). یەکێك لە خاڵە بەژمارە زۆرکەمەکانی رێککەوتنی نێوان ئەنقەرە و ئەسینا لەسەر دەوری سەقامگیرکردنی ئامادەبوونی وڵاتە یەککگرتووەکان بووە لەڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا.

ڕێگاگرتن لەگۆڕانکاری هەمەلایەنە لە خاسێتی ئاڕاستەی سیاسی ناوخۆی تورکیاو – کەپەرەسەندێکی نەسیاوە– بەریەککەوتنی گەوهەرییانەی بەرژوەندییەکان دەبێ بەشتێکی دوور لەڕوودان دابنرێت. ئاڕاستەی رۆژئاوا و خۆپاریزی سروشتی سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ئاسایشی نوخبەی تورکیا لەوانەیە زۆر بەهێزبێت بۆ پشتگیری کردنی سیاسەتێکی دیراسەکراوی ڕووبەڕوو بوونەوە. سەرباری ئەوە, هەمان شێوەی ئەوەی کەساڵی 1974 لەگەڵ قوبروسدا ڕوویدا, هێزی شاراوەی بەریەککەوتنی ترسناك بەردەوام دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەردوولاوە و لەڕێگای دەوری خۆیەوە لەناتۆدا ، وەکو باشترین زەمانەتی ئاسایشی تورکیا دەمێنێتەوە لە پەیوەندیدا بەو سەر کێشیە هەرەپڕمەترسیانەوە کەبە درێژای کات ڕووبەڕووی ئەنقەرە دەبنەوە.(مەبەست لەوەش ئەو مەترسیانەیە کە لە سوریاو ئێران و عێراقەوە سەرچاوە دەگرن). ئەمەش کاردەکاتە سەرشێوەی سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی تورکیا. هەڕەشە کردن لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ناشێت بەتەواوەتی جێگای هێزی ئیحتواکەرو مژەری سۆڤێتی بگرێتەوە وەکو ڕەگەزی یەکخستنی لەپەیوەندیە دەرەکیەکانی تورکیادا ، بەڵام نفوزێکی بەهێز بەسەر پەیوەندییە هاریکاریەکانی تورکیادا دەسەپێنێت. وەدەرنانی بەردەوامی تورکیا لە ئەوروپا با چەندوو چوون فشارێکی زیاتر دەخاتە سەر پەیوەندی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا ، بۆ ئەو مەودایەی کەپەیوەندی ستراتیژی نوێ لەنێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیادا دەشێ بخرێتە سیاقی هاریکارییە بەرفراوانەکانی ڕۆژئاواوە ، ئەوەش لەوانەیە بەرگریەکی زیاتر دابنێت لە بەردەم ئارەزووەکانی سیاسەتی ناوخۆو گۆڕانکاری هەرێمایەتیدا.





## چاودێرییە هەمەلایەنەکان و دەرئە نجامەکان

خاسێتی گۆراوی زەمینەی ستراتیژی کێشە ڕاستەقینەکانی ڕێکخستن گۆڕانکاری بۆ تورکیا دەردەخات لە پە یوەندییەکانیدا لەگەڵ ڕۆژئاوادا. پێشینە درێژخایەنەکان بەشێوەیەکی ڕەخنەییانە لەبەرڕوناکی کۆتای هاتنی جەنگی ساردا نا سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڵقان و هەل و گۆڕانکارییە نوێیەکانی دەریای ڕەش و ئاسیای ناوەندا هەڵدەسەنگێنرێت. لە هەمان کاتدا ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستیان بە دیسانەوە هەڵسەنگاندنەوەی شێوازی ئەو پەیوەندییانە هەیە کەبەهۆی ستراتیژی ئیحتیوا کردن و هەڵمژین و پەیبردنی تەقلیدیانەی بە دەوری تورکیا لەئاسایشی ئەورپادا کاری لێکرا بوو.

ئاڕاستەی بنەڕەتی بەرەو ڕۆژئاوای تورکیا تائەندازەیەك بەدڵنیاییەوە پاشەکشە دەکات. هەڵبژاردنی دیسەمبەری ساڵی1991پێشنیاری بەهێزبوونێکی ڕاستەقینەی(ناوەند)لەسیاسەتی تورکیدا دەکات. گروپە چەپەکان و گروپە ئایینی و ناسیۆنالیستە ڕاست ڕەوەکان کەسیاسەتی دژی ڕۆژئاوا پەیڕەو دەکەن سەرکەوتنی گرنگیان تۆمار نەکردووە. نوخبەی سیاسی و ئابوری و هەروەها نوخبەی سەربازیش وەکو پاشکۆی چاو لە ڕۆژئاوای فەلسەفەی ئەتاتورك دەمێنێتەوە.

تورکیا لەدەرەوەی ئەورپا دەمێنێتەوە. پێشهاتەکان بۆ چوونەناوەوەی تورکیا بۆئەوروپا بەشێوەیەکی ڕەسمی و بەهەستێکی دامەزراوەییەوە نەهاتۆتە دی لەئاکامی جەنگی کەنداو و پشتگیری چالاکانەی تورکیا لەسیاسەتی هاوپەیمانان. بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕییانە, ئەگەرەکان بۆ

بەشێوەیەکی پڕ لەبایەخەوە , ئەگەرەکانی چوونە ناوەوەی تورکیا بۆ ڕێکخستنی نوێ ئاسایشی ئەوروپا بەلاوازی دەمێننەوە. بۆ مەودایەك کەئەوروپا بەرە و سیاسەتێکی دەرەوەیی گشتی و بەرەو سیاسەتی ئاسایشی خۆی دەجوڵێت. ئەندامانی کۆمەڵەی ئەوروپی بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوون ڕازی نین بەپەسەندکردنی ڕاستەوخۆی دەرکەوتنی زیادە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاتسدا کەبەشداریکردنی تەواوەتی تورکیا لە (WEU)دا (یان بەشداری تورکیا لەهەر ڕێکخستنێکی تری ئاسایشی ئەوروپادا)ی پێشنیار کردووە. لەئەنجامدا تورکیا بەردەوام دەبێت لەبەشداریکردنی بەرژەندییە دیارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا لەپەرەسەندنی هاوپەیمانێتی ئەتڵەنتیکدا وەکو دامەزراوەی باڵادەستی ئاسایشی ئەوروپا.

لەهەمان کاتدا تورکیا بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوون دەبێتە پێکهاتەیەکی تەواو جیاواز و لەوانەشە لەسنووری ئەو هاوپەیانیەدا گۆشەگیریش بێت.



www.pertwk.com

لەبەرئەوەی تورکیا لەدەرەوەی پرۆسێسی بەئەوروپاییکردندا دەمێنێتەوە کار لە هەرێمەکانی تری باشوری ناتۆ دەکات, ئەگەر بایەخی ستراتیژی تورکیا بەشێوەیەکی بەربڵاوتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەخشە بکێشرێت لەچاو مەرجەکانی ئەوروپادا, ئەوا تورکیا و وڵاتە یەکگرتووەکان و ناتۆ ڕووبەڕووی کێشەیەکی سەختی ڕێکخستن دەبنەوە تەنانەت لەبەرئەوەی تورکیا بەدوای دەستپێشکەری نوێدا دەگەرێت لەدەوروبەری دەریای ڕەش و شوێنەکانی تریشدا, ئەنقەرە وەکو سەرچاوەیەکی دڵنیا کەرو هاریکارێکی سیاسی و ئابوری دەڕوانێتە وڵاتە یەکگرتووەکان. پەیوەندی دوو قوڵی دەبێتە بابەتی ئاسایشی سیاسی بەتین تر لەئاکامی ئەزموونی کەنداودا. قۆناغی دوای دەسەڵاتدارێتی ئۆزاڵ لەوانەیە بەهۆی ڕێگایەکی زۆر خۆپاڕیزانەوە بۆ مەسەلکانی بەرگری دوو قوڵی بناسرێەوە یان وەسف بکرێت. ئەنقەرە لەدوای ((پەیوەندییەکی ستراتیژی)) جۆراوجۆر دەگەێت کەتیایدا بازرگانی و هاریکاری پیشەسازی بەرگری لەئاستی پێشەوەدا دادەنرێن.

سەرباری بەردەوامبوونی مەترسیەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دەریای ئیجە, بەرژوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیا لەوانەیە بەشێویەکی تەواو چوون یەك بمێننەوە مادەم ئەنقەرە نەگاتە ئەوەی وەکو دوژمنێك سەیری ئەوروپا بکات لەناوچە سەرەکیەکانی وەکو بەڵقان و ئاسیای ناوەندا. لەم سیاقەدا, تێبینییەکان بەوجۆرەن کەلەڕاستیدا پێشهاتەکان بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەرەو مەودایەکی فراوان پاڵدەنرێن لەلایەن خاسێتی یان سیفاتی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان ئەوروپا و جیهانی ئیسلامەوە بەشێوەیەکی گشتی ئایا دەبێ باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا وەکو مەیدانێکی ناسەقامگیری ستراتیژی سەیربکرێت بۆ پەرتکردنی ئەو کۆمەڵەیە و دورخستنەوەی لەپەشێوی و مەترسییەکانی

## تێوەگلان و ڕاسپاردەكان بۆ سیاسەتی وڵاتە یەكگرتووەكان

وڵاتە یەكگرتووەكان وەكو هێزێكی جیهانی دەبێ خەبات بكات بۆ بەهێزكردن و پتەوكردنی بایەخی ستراتیژی توركیا لەئەوروپادا و هەروەها لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەندیشدا. جوڵاندن بەرە و ڕێكخستنێكی ئاسایشی نوێی ئەوروپا كە توركیا بخاتە دەرەوەی خۆی (یان بەشێوەیەكی چالاكانە لەدەریای ئیجەدا دژایەتی توركیا بكات)، ئەوا ئەو جوڵەیە بەشداری دەكات لەناسەقامگیری بەڵقانداو كاردەكات بەدژی لێكتر نزیكبوونەوەی درێژخایەنی بەرژەوەندییەكانی توركیا و ڕۆژئاوا. دیسان ئەو جوڵەیە تێكدان و تێوەگلانی ڕاستەقینەی سیاسەتی وڵاتە یەكگرتووەكان لەدەریای ئیجەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەردەخات. دەبێ وڵاتە یەكگرتووەكان بەردەوام بێت لە پشتگیری كردنی هەوڵەكانی توركیادا بۆ بەشداریكردن لەپرۆسێسی یەكگرتنی ئەوروپادا( بەشێوەیەكی ڕەسمی یان نارەسمی) كەكەمتر نەبێت لەپێكهێنانی یان دروستكردنی ناسنامەی بەرگری ئەوروپا.

وڵاتە یەكگرتووەكان پێویستی بەفشار خستنە سەر ئەنقەرە نییە بۆ فراوانكردنی ڕەسمیی هاریكاری بەرگری دووقۆڵی، لەهەموو بارێكدا ئەوە گیروگرفتی ڕساتەقینەی ڕازیبوونی سیاسیانەی خستۆتە ڕوو. لەڕوانینی وڵاتە یەكگرتووەكانەوە، بارودۆخی ئێستای توركیا لەسنوورەكانی سەر دەریای ناوەڕاستدا و ئەگەری تووندوتیژی ڕوو لەزیادبوونی ڕاپەڕینی كوردی



www.pertwk.com

لەئەنادۆڵی باشوری ڕۆژهەڵاتدا پێشنیاری پێویستبوونی ئامادەبوونی گەورە و لەبەرچاو ناكات. ئامانجی سەرەكی وڵاتە یەكگرتووەكان دەبێ بۆ پاڕاستنی پەیوەندیەكی سیاسیانەی بنەما فراوانی دروست بێت كەئەوەش ئەگەرەكانی پشتگیری ئەنقەرە بەهێزدەكات كەئەوەش نزیك بوونەوە لەئاسانكارییەكانی توركیا و بواری ئاسمانی و ڕووداوە لە ناكاوەكانی دەرەوەی سنووری ناتۆ دەگرێتەوە.

لەدەستپێشكەرییە نوێیەكانی ئاسایشدا دەبێ توركیا بۆ مەودای شیاو بەدوای سیاقێكی دەستەجەمعیدا بچێت كەئەوەش یان لەسنووری ناتۆدا دەبێت یان لەهاریكاریكردندا لەگەڵ هاوپەیمانە تاكەكانی ئەوروپادا. ئەمەش بایەخی توركیا لەئەوروپادا بەهێز. دەكات و ژمارەیەك لەڕووداوەستانی سیاسی بۆ ئەنقەرە دەخاتە ڕوو، بەمەش بەشداری دەكات لەئەگەری بەهێزكردنی پەیوەندییەكانی ئاسایشدا و هەروەها بەشداری دەكات لە (( لەئەركی گران))دا لەسنووری ئەو هاوپەیمانێتییەدا. هەمان شێوە، دەستپێشكەرییە نوێیەكان لەباری سیاسی و ئابوریدا دەبێ لەهەر كوێ بشێت، خاسێی سێ لایەنەیان بدرێتی واتە (وڵاتە یەكگرتووەكان، توركیا، ئەوروپا).

وڵاتە یەكگرتووەكان پێویستە كاربكات بۆ پوكاندنەوەی گومانەكانی توركیا سەبارەت بەشیانی پێشبینی كردنی زەمانەتی ئاسایشی ناتۆ و دەركەوتنی گفتوگۆی(( ناوچەی ڕەساسی Gray Area) لەسنووری هاوپەیمانێتیدا. لەسەر ئاستی جێبەجێكردن پاڕاستنی بواری تەكنیكی ئاسمانی وڵاتە یەكگرتووەكان كەلە هەرێمی باشووردا هەیە ڕاستەوخۆ بەشداری دەكات لەدڵنیاكردنەوەی توركیادا. پێویستە توركیا هانبدرێت بۆ

بەرژوەندییە درێژخایەنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیا هەردووکیان لەلایەن پەرەسەندنی پەیوەندییەکی تەواو کامڵ و جۆراوجۆرەوە خزمەت دەکرێن کەلەو پەیوەندییەدا پشتگیری ئاسایشی شێواز تەقلیدی هاوشان دەبێت لەگەڵ فراوانبوونی هاریکاری سیاسی و ئابوریدا. لەبەلاوەنانی پێشنیارەکەدا بەمەبەستی رێککەوتنێکی دوو قۆڵی بازرگانی ئازاد دەبێ بایەخی یەکەمی بدرێت بە بازرگانی نوێ و بەبەکارخستنی پاڵنەرەکان و پشتگیری کردن لەدەستپێشکەری ئابوری هەرێمایەتی تورکی و بەرنامەیەکی فراوانتری ئاڵوگۆڕی کەلتوری و پەروەردەیدا. بەرژەوەندی پەرەسەندو لەتورکیا نابێت سنووری بۆدابنرێت لەبواری شتراتیژ و سیاسەتی دەرەوەی کۆمەڵەکاندا.

لەسیاسەتی بەرەو پێشەوەچووی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەرامبەر بەکۆمارە سەربەخۆکانی یەکێی سۆڤێتی پێشوو, پێویستە حساب بۆ دەوری شاراوەی تورکیا بکرێت لەپشتگیری کردنی دەستپێکەرییە سیاسی و ئابورییەکاندا. ئەمەش لەسەر چوونە ناوەوە و بەشداری بەرە و زیادبووی چالاکانەی تورکیا بەندە بۆ ناوچەکە و بەشداریکردن لەیەکسختنی بەردەوامی بەرژوەندییەکانی تورکیا و رۆژئاوادا. بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان و (کۆمەڵەی ئەوروپی) لەوانەیە تورکیا وەکو بنکەیەك بەکاربهێنین بۆ بەرنامەیەکی تەواو ڕاستەوخۆی فریاگوزاری بۆ کۆمارەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەند. هەمان شێوە, وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ پشتگیری چالاکانەی خۆی پێشکەشی نەخشەی ئەنقەرە بکات بۆ هاریکاری دەریای ڕەش.



www.pertwk.com

دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکان بەردەوام بێت بۆ بینینی دەورێك لەبەهێزکردنی وتوێژدا لەسەر مەسەلەی قوبروس, وەکو ئەوەی بارودۆخەکان بوار دەدات, هەردوو لایەنی بەشداریکردن بۆ بڕیاردانی ئاکامی ناکۆکی و بەڵگەی ئاشکرا بۆ بایەخ پێدانی بەردەوام بەهاوسەنگی دەریای ئیجە. بایەخی ئاشکرای ئەنقەرە و ئەسینا بەدڵنیاکردنەوە خۆیان لەبوونی پەیوەندی پتەوو بەتین لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا دوای جەنگی سارد دەوری سەقامگیری ڕاستەقینەی پێشتری وڵاتە یەکگرتووەکانی لەڕۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاستدا بەهێزکرۆتەوە.

## تێبینی

1- روانینێکی سەرەتایی تێروانینەکانی حکومەتەکەی دیمیریل سەبارەت بەمەسەلە دەرەکی و ئاسایشییەکان دەشێ لەدەقی بەشی سیاسەتی دەرەوەی هەواڵەکانی کۆنفرانسی سەرۆك وەزیراندا ببینرێت لە 11ی دیسەمبەری 1992دا. سەرنجی تەعلیقەکانی دیمیریل لەسەر سیاسەتی دەرەوە بدە.

FBIS West Europe Report. December 18, 1991. p.44.

2- Chris Hedges" Results of Turkeyەs Election……

دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی تورکیا لەوانەیە مانای گۆڕانکاری سیاسەتی بنچینەیی بگرێتەوە.

Newyork Times, November 18, 1991.

3- شیکردنەوەی جیۆپۆلەتیکانەی پایەوشوێنی تورکیا لەئەوروپا و ئاسیادا لەفەرەنسا پێشکەش دەکرێت. (( پردێك بەنێو بۆسفۆردا)).

The Fereign policy of Turkey, Baltimore Johns Hopkin press, 1971.p.p.92-98.

4- دەرکەوتنی پەرەسەندووی ئایین لەکۆمەڵگای تورکیدا دەتوانرێت لەپەرەسەندنی قوتابخانە و رێکخراوە ئایینییەکاندا ببینرێت. سەرچاوە و گەڕانەوەی باو بۆ ئیسلام وەکو بنەمایەکی سەرەکی بۆ ژیانی مەدەنی و تاکەکەسی. ئەم جۆرە دەرکەوتنە لەبەرچاوانەش وەکو جەماوەری بوونێکی پەرەسەندوی حیجاب لای ژنان لەشارەکاندا (پاشانیش ئەوە هەر هیچ نەبێت



www.pertwk.com

بەشداری دەکات لە گواستنەوەی خەڵکی لادێدا بۆ شارەکانی وەکو ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە).

5- تورکیا تەنانەت لەنزمترین حاڵەتی دەرکەوتنیدا هەرگیز پێی نەگوتراوە (( پیاوە نەخۆشەکەی ئاسیا)) ئەمەش لەدەقی ئەو قسانەدا هاتووە کەلەم دواییەدا وەزیری دەرەوە مەسعود یەڵماس لە کۆنفرانسی دوانزەیەمی بەرێوەبەران و نوێنەرانی دامەزراوەکانی پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکانی ئەوروپادا پێشکەشی کرد لە (1-2)ی حوزەیرانی 1989دا و بڵاوکراوەتەوە لە

Dis politika, Quarterly Reviw of the Foreign policy Institue. Ankera Vol.xiv.Nos.3-4.

6- پێکدادانی دەسەڵاتی ئیسپانی و عوسمانی لەدەریای ناوەڕاستدا بەشێوەیەکی بەربلاو لەلایەن فێرناند برۆدۆێڵەوە قسەی لەسەر کراوە.

The Mediterranean and the Mediteranean word in the Age of Philip 11, New York - Harper and Row, 1976.

7- Doygu Bazoglu Sezer, Turkys Strategic Dilemma, Paper prepared for the RANAD-IAI conference on the Southern Region of Europe and the Middle East: New Challenges and New Hopes, Rome. September 16-17-1991.

8- Philip Roobins- Turkey and the Middle East. New yourk; Royal Institute of International Affairs, 1991, p.19.

9- (ICo)مەیدانی رەخنەگرتنی نوێ بوو لەهێرشەکانی سنوور بەزاندنی تورکیا دژی پارتی کرێکارانی کوردستان . بڕوانە

Cross Broder: Attacks Continue: Ico Reacts" FBIS- West Europe Report, August 22, 1991, p.45.

ئەنجومەنی ئەوروپی جەختی کردووە لەسەر گفتوگۆی ئەوروپی لەسەر تۆمارەکانی مافی مرۆڤ لەتورکیادا.

10- Robins, Turkey and the Middle East.p.14.

11- بۆ نمونه بڕوانه

Soreyya yocel Ozeden"Turkey as a Gateaway to Eastern European Markets" paper prepared for the Annual conference of the Turkish- Us. Business Council, New York, October 30-November, 1, 1991 and the speech by president ozal,

کەجەختی کردۆتە سەر ئەو هەلانەی لەبەڵقان و دەریای ڕەشدا ڕەخساون، ئەمەش بۆ ئەم کۆنفرانسە لە 31 ئۆکتۆبەری 1991دا خراونەتە ڕوو.

12- Sukru Eledag"Balck Sea Economic Cooperation Region project,"draft paper for Turkish Economy and Bialogue May, 1991.

13- Agreement Reachid on Blac Sea Econo, mic cooperation project" FBIS-West Europe Report, July, 16. P.42 and Ozal open Meeting on blsck Sea cooperation"FBIS-West Europe Report, Febreuary, 4, 1992.

14- Speech by president ozal to the Annual Conference of Turkish U.S Business Council, Newyork, October, 31, 1991.

15- قەوارەی بازرگانی دووسەرە لەگەڵ سۆڤیێتدا بەگشتی بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش گەشەی کرد لە (477) ملیۆن دۆلاری ساڵی 1987 وە بۆ نزیکەی (3) بلیۆن دۆلار لەساڵی 1991دا.

16- Mr.Ali Birand"An Important USSR Request from Anakarra, Milliyat Istanbul, in FBIS-West Europe Report, September 27,1991,p.27.

17- Elekag" Black Sea Economic Cooperation, p.8.

18- من سوپاگوزرای هاوەڵی دەزگای ڕەند(پۆڵ هێنزی)م بۆ ئەم پێشنیارە بڕێکی گەورەی یارمەتیە ڕەوانەکراوەکان لەڕێگای ئاسمانی تورکیاوە وەکو



www.pertwk.com

بەشێك لەهیوا بەخشینی ئەو چالاکی‌یە لە شوباتی 1992دا ئەم خاڵە بەهێز دەکاتەوە.

19- Jonathan Eyal"Ozal Aims to Revive Turkish Power" The Guardian. April, 21, 1991.See Also Danial, Nelson." North from Bosporus: Turkeys Relations with the USSR. National Interest, spring 1990.

لەسەر هاریکاری ستراتیژی لەنێوان یۆنان و بولگاریادا بڕوانە

Paul Anastasti"Greek- Bulgarian Tactics for Turkey (New york Times, February, 7, 1991.

20- لێکۆڵینەوەیەکی نوێ بەناوی (( تورکیا لەساڵی 2020دا لەلایەنی (ڕۆژنامەی )جمهوریەتەوە پشتگیری کراوە و بڵاوکراوەتەوە، ڕووناکی دەخاتە سەر بیروڕای سی‌ودوو ئەندامی ڕابەرایەتی نوخبەی سیاسی و فیکری تورکی لەسەر ڕەهەندی چەند مەسەلەیەك لەناویاندا پێشهاتەکانی چوونەناوەوەی تورکیا بۆ ئەوروپا. ئەنجامەکان پێشنیاری ڕێککەوتنێکی توندوتۆڵ دەکەن لەسەر توانای شیاوی تورکیا لەئاڕاستەی بەرە و ڕۆژئاوایدا. تەنیا سێ‌یەکی بەشداران بڕوایان وابووە کە تورکیا ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی ئەوروپی لەساڵی (2020)دا. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە

Itellectuals view future of Economy, Regime. Cumhuriyet, March, 20-30 , April, 2-5 and 9-13, 1991 published in full in FBIS- West Europe Report, Supplement, June, 25-1991.

21- بڕوانە جاسپەر مۆتاریمەر

Jasper Mortimer" Please let us in" We Promise Weәll Behave the Middle East, January, 1989. And by the Same Auther "No Room in Europe" The Middle East. Feruary 1990.

بڕوانــه ئیــدوارد مۆرتایمــەر: كێشــەیەك چــاوەڕوانی چارەســەر دەكــات"
financial Times, May, 8,1991.

22- Mesut yilmaz" Turkish Foreign policy" Dis politika, Vol, XIV, Nos.3-4.p.13.

23– مێژووی ئەم پەیوەندیە بازرگانیانە بەدرێژی وەسفكراوە لە :

Braudel the Mediterranean and the Mediterranean world.

24-Eberhard Rhein" Turkey and the New Europe" remarkes presented at conference organized by international Heral J Tribune, Istanbul. November 14, 1990, p.10.

25– سـەیفی تاشـان سـەرۆكی دامـەزراوی سیاسـەتی دەرەوەیـە لەئەنقـەرە ئەمەش وەرگیراوە لە :

The Economist, June, 18, 1990, p.10.

26- Trade cooperation Agreement Signed with EFTA, FBIS – West Europe Report, October, 18, 1991, p.4.

27- Ali Bozer Turkish Foreign policy in the changing world, Mediteranian Quaterly, summer, 1990, p.p.17 – 18.

28- See John Murray Brown" Turkey, EC in Newpush for customs Union, financial Times, December, 6, 1991, p.3.

29– رێكـەوتنی بنـەڕەتی یەكێـتییە كـە لەسـاڵی 1963 بەئەنجام گەیـندراو سێ قۆناغی جوڵەی بینی بەئاراستەی ئەندامێتی تەواوی ماوەی بیست و پێنج ساڵ. ئـەو رێكەوتنـە ئێسـتا لـەقۆناغی دووەم یـان لـەقۆناغی گواسـتنەوەیدایە. لەكاركەوتنی پەیوەندییەكانی توركیا و كۆمەڵەی ئەوروپی لەساڵی حەفتاكاندا و هەوڵــدان بــۆ دیســانەوە زیندووكردنــەوەی ئــەو پەیوەندییانــە لــەكۆتایی هەفتاكاندا و جارێكی تر بەدوایدا گەڕانەوەی دەسەڵاتدارێتی مەدەنی لەساڵی 1983دا باس دەكرێن لە





Ismail Erturk" Turkey and the European Community, International Relations, November, 1984.

هەروەها بڕوانە :

David Barchrd" Turkey and Europe" Turkish Review, autumn, 1989.

30– یەكـەم جـار توركیـا داوای بـۆ ئەنـدامێتی تـەواوەتی لـە (WEU)دا لەساڵی 1987دا پێشكەش كرد.

31- Speech to the Western European Union, Paris, June, 5, 1991. Quated in Reuters. On the WEU role in Mediteranean and Middle Eastern Security, See Roberto Aliboni. Eropean Security Studies, 1991.

32- See Charles Eliot, Turkey in Erope. Londen .Frank Cass, 1965.

33-Giray Views of EC Moves for Military Union, FBIS-West Europe Report, October 24,1991,28.

34– ئەنجامەكانی كۆبوونەوەی لوتكەی ماسترێخت بەشێوەیەكی بەرفراوان وەكو شكستێكی ویستەكانی توركیا لەئەورووپادا لێكدەدرێنەوە بڕوانە:

Sami Kohen, inauspicious for Turke, Milliyat Istanbul, December 12, 1991. In Commentary on Decisions Reachd at Mastricht" FBIS –West Europe Report, December 18, 1991, p.49.

35– پێشنیاری بەدیلی ئەنگلۆر ئیتالی رۆڵی سەركردایەتی ناتۆ دەپارێزێ و جـەخت دەكاتـە سـەر بەشـداری تـەواوی ئەنـدامانی نـاتۆی دەرەوی كۆمەڵـەی ئەوروپی لەرێ و شوێنەكانی ئاسایشی نوێی ئەورووپادا.

36- Sezer – Turkeys Strategic Dilemma, p.20.

37- Antable Period in this history is addressed in EM. Erale, Turkey, the Great powers and the Baghdad Railway, NewYork, Macmillan. 1924.

38- هەروەها ئەڵمانیا ئامرازی بەرگری ئاسمانی پێشکەش کرد و بەشێکی گەورەی کەشتی گەلی خۆیی لە دەریای ناوەڕاستدا بڵاوکردەوە بۆ پشتگیری کردنی چالاکیە هاوپەیمانیەکان. بڕوانە:

Jonathan T.How.NATO and the Gulf Grisis "Surrial, May / June 1991.p.251.

39- لەچاوپێکەوتنێکدا لە 24ی کانونی دووەمی 1991دا کەلەتەلەفزیۆنی ئەڵمانیەوە پەخش کرا ئۆزاڵ ئەڵمانیای ناوبرد بە ((هاوپەیمانێکی پشت پێنەبەستراوی ناتۆ" کە بۆ ماوەی چل ساڵە ئەو هاوپەیمانە لەلایەن هاوپەیمانانەوە پارێزگاری لێ کراوە, کەچی ئێستا ئامادە نییە شان بەشانی تورکیا بووە ستێ لەکاتێکدا کە تورکیا پێویستی پێیەتی " ئۆزاڵ تێبینی ڕۆڵی چەسپاوی ئەڵمانیای بە بەردەوامی دەکرد بۆ پێدانی چەکی کیمیاوی بەعێراق . بڕوانە:

B.B.C. world Service. January, 24, 1991.

40- Turkish Berefing, December, 23, 1991, p.10.

41- Kurdish Issue Rasises Taencan in Turkish Ties" Frankfurter Allegmeine. December, 9, 1991 in FBIS- West Europe Report, December, 26, 1991, 8.

42- بڕی پارەی ڕەوانەکراوی کرێکاران لەساڵی 1989دا لەسەرووی 3 بلیۆن دۆلارەوە بوو. بڕوانە:

International Monetary Fund. Balance of Payments Statistics: Yearbook Washington: IMF, 1989.

43- حساباتی بەگەڕی ئەڵمانیا کەمێك لەسەرووی 10٪ی پارەی بەکارخراوی بیانیە لەتورکیا کەبەچوارەم پلە دێت دوای بەریتانیا و سویزەرلاند و وڵاتە یەکگرتووەکان. لەساڵی 1990دا حساباتی گەیشتوو ئەڵمانیا بە تورکیا لەسەروی 18٪ بوو. بڕوانە:



www.pertwk.com

Turkey 1991: An International; Comparision, Istanbul: Foreign Economic Relations Board, 1991.

44- پورتوگال پاڵپشتی هەڵوێستێکی کەمتر عاتیفیانەی کردووە بۆ بەئەندامبوونی تورکیا لەکۆمەڵەی ئەوروپیدا. پورتگال بایەخی تایبەتی خۆیی سەبارەت بە پێشبڕکێ لەسەر پیشەسازی چنین لەتورکیا دەربڕیووە لەگەڵ نیگەرانی دەربارەی لادانی پشتگیری پەرەسەندووی دارایی کۆمەڵەی ئەوروپی لەباشووری ئەوروپادا. بڕوانە:

David Buchan" Greek Ueto on Ec Aid to TURkey" Fanancial Times", March, 5, 1991.

45- Italy deployed six R.F-104 Gs to Turkey as its Contribution to the AMF-reinforcement.

46- بڕوانە : پێکەوەبەستنی (non- paper)و بەڵگە نامەی تر لەسەر چەمکی (CSCM) کە کۆکراوەتەوە لە دەریای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای جەنگی کەنداو. بڕوانە:

The CSCM, Rome: Ministry of foreign Affairs, March, 1991.

47- Quoted in Clyde Hsberman, Turkey Remains confident it will Join Europen Community, New York Times, March, 17, 1990.

48- بڕوانە بەیانی هاوبەشی تورکۆت ئۆزاڵی سەرۆك وەزیر و ئاندریۆس پاپاندۆرۆی سەرۆك وەزیر لە 31ی کانونی دووەمی 1988دا کەچڕکراوەی ڕێکەوتنەکانی پەیوەندی سیاسی و ئابوری و بنیادنانی بنەمای بڕوا بەیەکترکردن بوو, کەبڵاوکراوەتەوە لە ( Turkish Review, Spring,1988).

49- لەبارەی روانینەوە بۆ پەیوەندییەکانی یۆنان و تورکیا بەگشتی , بڕوانە:

Montagle Steams, Entangled Allies: U.S. policy Toward Greece, Turkey and Cyprus, New York: Council on Foreign Relations, press, 1992- See also: Aegean Issues: Problems and Prospects: Ankara: Foreign policy Institue, 1989, James Brown, Delicatedy poised Allies: Greece and Turkey-problems, policy choices and Mediterranean Security London: Barasseys, 1991, and Dimitri Constas, ed The Greek Turkishconflict in the 1990s : Domestic and External influence, New york:St: Martinەs press,1991 with contributions by Greek and Turkish anthers.

50- بۆ گفتوگۆی هەمەلایەنەی ئەم مەسەلانە. بڕوانە:

Andrew Wilson, The Aegean Dispute" in Jonathan Alford, Ed, Greece and Turkey: Adversity in Alliance, Newyork, and st. Martinەs press.1984.

51- پاتریارکی یۆنانی لەئەستەمبولْ بریتی بوو لەدیمەنی خۆپیشاندانەکانی دژی یۆنان لەپایزی ساڵی 1991دا ڕووداوەکانی دژی تورکیا لەهەمان کاتدا لەسرەیسی یۆنان پەرەی سەند.

52- سەرنجدانێکی هەمەلایەنەی ناکۆکیەکە پێشکەش دەکرێت لە :

Robert McDonald" The Problem of Cyprus, Adelphi Paper, No.234. London: 11ss. winter 1988/89.

53- نامەکەی جۆنسۆن لەساڵی 1964دا وریای دا دژی جوڵەی تورکیا بەسەر قوبروسدا و پێشنیاری کرد ئەگەر ئەو جوڵەیە هانی چالاکی سۆڤیەت بدات دژی تورکیا, ئەوا لەوانەیە ولاتە یەکگرتووەکان و ناتۆ هەست بەناچاربوونی وەلامدانەوە نەکەن.

54- F.Stephen Larrabee." The Southern periphery: Greece and Turkey" in Paul S. Shop, Ed problems of



www.pertwk.com

Balkan Security: Southeastern Europe in the 1990, 5, Washington: Wilson center press, 1990, p.188.

55- See Maureen Dowd" Bush Names the Next challenge: Cyprus." New York Times, July19, 1991.

56- See" Greek, Turkish prime Ministers Meat in paris: FBIS-Weast Europe Report, September,12,1991 and Kerin Hope and John Murray Brown," Ankara Denies Agreement to Return Territory in Cyprusە" Financial Times, August, 8, 1991.

57- سەرکردە تورکەکانی قوبروس سوورن لەسەرئەوەی کە قوبروس لەگەڵ ڕێکخراوێکی نێو نەتەوەیدا یەکبگرێت کەیۆنان و تورکیا هەردووکیان لەو ڕێکخراوەدا ئەندامبن. بڕوانە:

Danktsh Calls Cyprus Ec Menmbership Last Move, FBIS-West Europe Report, September3, 1991, p.31.

58- Buchan, Greek Ueto on EC Aid to Turkey.

59- پایە و مامەڵەکردنی ئەمە و کەمینەیەکی هێجگار بچوکی یۆنانی لەتورکیا بابەتی شکات و شکاتی بەرامبەر بووە لەلایەن هەردوولاوە. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە ئەو گفتوگۆیەی لەبەشی چوارەمدا دەکرێت.

60- هەندێ لەچاودێرانی تورك ئەم سیاسەتەیان بەستۆتەوە بەبارودۆخی ئیسرائیل و کەناری ڕۆژئاواوە.Weat-bank

61- نزیکەی نیوەی ئەم ئاوارانە گەڕاونەتەوە بۆ بولگاریا, ئەوەش بەهۆی لیبرالیەتی سیاسەتی ڕژێمی نوێی بولگارییەوە بەرامبەر بەدانیشتوانە تورکەکەی . بڕوانە:

Mas Migration and International Security" Stratigic Sarvey 1990-1991, London: iiss/ Brasseys, 1991. p.43.

62- Seeoral Sander Turkish, Greele Relations after world wari, Avicious circle of sixty years, Turkish Revien winter 1985, 1986 Vol. I, No .2.

63- Northern demilitarization proposal Discussed FBIS-West Europe Report, Angust 7, 1991, p. 55.

64- See Thanos veremis Greece and NATO continuity and change in gohn Ghipman, Ed NATOS southern Allies; enternal and External challenges London; Routledge, 1988.

65- **لەسەر تواناى پەى پێبردنى يۆنان بە (CFE) و هاوسەنگى لە دەرياى ئيجەدا بڕوانە :**

Yannis G. Valinakis, Greece and the CFE Negotiations, Ebenhausen: Stittung wissenschatt and politik, gune, 1990.

66- Magreen Dowd Bush names the Next challeng: cyprns, newyork Times, guly 19, 1991

67- See faruk sen The opportunities for Economic cooperation between Turkey and Greece. Turkish review, spring 1989.

**ئەنجومەنێكى يەكگرتوى توركى – يۆنانى كاركردن دامەزراوە بۆ دۆزينەوەى ڕێگاى هاريكاريكردن .**

68- Gohn Murray Brown, Turkey survey financial Times, May 20, 1991.

69- **سەرهەڵدانى پێشبڕكێى بەرژەوەنديە ئەمنىيەكان لە ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاستدا دەستى پێكردبوو بۆ كاركردن لە پەيبردنەكانى توركيا تەنانەت لە پێش قەيرانى كەنداويشدا . بڕوانە .**

Duygu sezer , Turkeyەs security policy challenges of Adaptation to the post – INF ERA , ROSI gournal , winter , 1989 and Alain Gresh la Turquie Ebrnlee perles



www.pertwk.com

Mutations Regionales , le Monde Diplomatique , guly , 1991 , p . p. 16- 17.

70- **چەمكى ستراتيژى نويێى ناتۆ بەئاشكرا ئاماژە بۆ گەشەكردنى بايەخى كێشەكانى ئاسايش دەكات لەدەورى كەنارەكانى باشورو ڕۆژهەڵاتى دەرياى ناوەڕاست بڕوانە .**

Paul B. Henze , Turkey , the Allianie and the Middle East ; problems and Opportunities in itistorrical percepeitive , Washington ; International paper NO 36, 1981 . See also, Stanford g. Shaw and Ezel kural shaw , History of the Othman Empire and Modern Tukey , Cambridge University press , 1976.

72- **لەسەر ئەمەو ئاڕاستەكانى تريش كەكاريان كردۆتە سەر هەرێمى باشور, بڕوانە :**

Ian O. lesser The United states and southern Europe after the cold war , p.7679, RAND, sanata Monica CA , 1990 , and Mediterranean security ; new persepectives and Implications for O.S . policy , R- 4178 – AF , RAND , santa monica , CA , 1992 . see Also Digo Ruiz palmer , paradigms lost ; A Retrospective Assessment of the NATO – Warsaw pact Military competition in the Allianceەs sourthen Region . Comparative strategy, vol. 9, 1990.

73- **ناتۆ كەمكردنەوەى نزيكەى 80٪ى سەرجەمى چەكە ناوكيە مەودا كورتەكانى خۆيى لە ئەوروپادا ڕاگەياندووە. بڕوانە .**

Rome Declaration on peace and cooperation, NATO press communique 5- (91) 86. November, 8, 1991.

www.pertwk.com

74- Hadi Uluengin Reduction of Nuclear Arms and Turkey , Hurriget , Istanbul , October 1, 1991 , in FBIS - west Europe Reporate , October 7 , 1991 – p. 99 .

75- see Duygn sezer Turkish foregn policy in the year 2000ەە in Turkey in the year 2000 Ankara ; Turkish political science Association , 1989-

76- llss , the Military Balance 1990 -1991, and kuniholm , Turkey and the west , p. 43.

77– پێشهاتەکان بۆ پەیوەندی‌یەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا هەڵسەنگێنرا .

78- see Germany Envoy Denies Alleged support for pkk Cumburiyet , Istanbul , August 21, 1991, in FBIS - west Europe Report , August 26, 1991, p, 43, and chris Hedges Iraqis are arming the Rebel kurds in Turkeyەs south , New york Times , October 20, 1991.

79– لەبارەی ئاڕاستەکانی زیادبوونی ساروخی باڵاستیکی‌یەوە کە کار لە ئاسایشی تورکیا دەکات . بڕوانە .

Ganne E. Nolan, the Trappings of power;

Ballastic Missiles in the Thired world Washing TON ; Bookings 1991, Martin Navies , Ballastic Missile proliferation in the Third world , Adelphi paper No . 252, London ; llss 1990 , and W. seth carus , Ballastic Missile in



the Third world ; Threat and Response , Washington ; center for strategic and International studies , 1990 .

80- See En Turquie Ce Barrage Qui commande Tout, Lexpress, August 16, 1991.

هەوڵ وتەقەلای تورکیا بۆ ڕێکخستنی کۆبونەوەیەك لەبارەی ئاوەوە بۆ گفتوگۆکردنی بەکارهێنانی داهاتووی دیجلەو فوڕات و ئاو بۆ دەستپێشکەری ئاشتی دواخراوە لە چاوەڕوانی دەرئەنجامەکانی گفتوگۆی ئاشتی مەدریدا .

بڕوانە .

Turkeyەs Giray Announces water summit postponed, FBIS – west Europe Report, October 3, 1991, p.1.

81- See Gohn Murray Brown. Turkey sets up a Bufter zore in North Iraqi to curb Rebels Washington post , August 8,1991and Turks Raid Rebel kurdes in North Iraqi , New yorke Times , August 8,1991.

82–یۆنان دیسان دەبێتە مادەیەکی داهاتووی ئەو ئامڕازەلەسایەی بەرنامەکەدا بڕوانە .

Ganeەs Detence weekly, guly 6, 1991 .pp-18-19.

Gen .Dogan Gures Modernization and Restructuring of the Turkish Lond forces NATO s sixteen Nations , February – March 1990, and 9 october 6, 1990. interview with then Minester of Detense safa Giray , quoted in FBIS –west Europ Report , November 16, 1990, p. 36.

83- see gohn Murray Brown Arms windfall Dilemma for Turkey , financial Times , gune 27, 1991,p.6 .

84- Ertugrul Ozkok, Important Decisions in the Turkish Army Hurriyet Istanbul, August 2, 1991 in FBIS –west Europe – Report, September 9, 1991.

85- Circular promises Importants in Armed forces FBIS –west Europe Report, guly 30, 1991, p.29.

86- See games A. field , America and the Mediterranean world 1776-1882 princeton ; Princeton Uneversity press , 1969 and frank Gervasi , Thunder over the Mediterranean , New york , David Makay , 1975.

87- پەرەسەندنی سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە ڕیزی(tier)باکور بە درێژیی هەڵدەسەنگێنرێ لە بروسی کۆنیهۆڵم هەڵدەسەنگێنرێ .

The origins of the cold war in the Near East ; Great power conflict and Dipolmacy in Iran , Turkey and Greece , Princeton ; Princeton Uneversity press , 1980.

88- تورکیا لە ساڵی 1952دا بوو بە ئەندامی ناتۆ ، بڵاوبوونەوەی یەکەیەکی ( سەربازی ) تورکیا لەکۆریا دووساڵ پێش ئەوە لەژێر سەرکردایەتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا کاریگەریەکی زۆر پەسەندی هەبوو لەسەر رای وڵاتە یەکگرتوەکان ( هەروەها تورکیا بەشداری کردووە لە ئەفسانەیەکی دیاریکراودا لەنێو هاوپەیمانی دا پەیوەست بە توندو تیژی سەربازەکانی تورک ) .

89- See Turkeys New Government; The Art of the compromise The Economist, November 23, 1991, p. 56.



www.pertwk.com

90- بەشێوەیەکی تێبینی کراو تەنیا ژمارەیەکی کەم لەوانەی وەڵامیان داوەتەوە لە جمهوریەتدا سەبارەت بە (( تورکیا لە ساڵی 2000دا )) هەڵسەنگاندنیان کردووە بڕوایان وابووە کە تورکیا پەیوەندی نزیکتری لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکاندا هەبوایە لەچاو ئەوروپادا لە کۆتای سەدەی ڕابردوو داو لەدوای ئەوەش . بڕوانە :

FBIS – west Europe Report , gune 25, 1991 ,p.33.

91- نەیارێتی لەنێوسەرکردایەتی سەربازی دا بۆهەڵوێستی چالاکی ئۆزاڵ لەقەیرانی کەنداودا گەیشتە لوتکە بەدەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی دەستەی ئەرکانی تورکی جەنەڕاڵ ناسیپ تۆریومتای لە کانونی یەکەمی 1990دا . بڕوانە

Torumtays Resignation seen as a Blow to Ozal Briefing, Ankara, December 10, 1990, p.4. see Also the critique offered by Bulent Ecevit in Norman Frankel , conversations in Istanbul ; An Interview –with Bulent Ecevit , political communication and persnasion , vol .8, NO.1, 1991 and public opinion ; Approval for the war but Not for Turkish Role , Briefing , Ankara , ganuary 28, 1991.

92- Defense , Economic pact with U.S. Renewed , FBIS –west Europe Report , August 30,1991,p.27, and September 17, 1991,p.25.

93- Foreign Ministry on failure to sell Iraqi oil FBIS –west Europe Report, November I, 1991, P. 41.

94- لەبارەی توانای شاراوەوە بۆژێرخانی تورکیاو پەیوەستنامەی بنیادنانەوە لە کوەیت و شوێنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بڕوانە.

Feyyaz Berker Infrastructure and constraction in Turkey and the Middle East paper presented at the Annual in turkey and of the Turkish U.S. Business council, New York, October 31, 1991.

95- لەبارەی هەستیاری سەربازی تورکیاوە لەناوچەکەدا ، بڕوانە .

Gohn Murray Brown, kurd seek to present Allied pullout from Turkish Border , Financial Times , septomber 18, 1991 .

96- بۆش دەڵێت عێراق هەڵەیە ئەگەر ڕێگای چوونە ناو پرۆگرامی ئەتۆمی سەربازی خۆی لەبەر بگرێت. بڕوانە:

New York Times, guly 29, 1991.

دیسان تورکیا سوور بوو لەسەر ڕاوێژکاری هەمەلایە نەلەبارەی چالاکی سەربازییەوە کەلەناوچەکانی ئەوەوە دەستی پێکرد وەکو بەشێك لە پێشکەشکردنی ناوچەی حەوانەوە . بڕوانە :

Patrick Tyler, U.S. Has Trouble Maintaining Unity of Allies on Iraqi, New York Times. Guly 28, 1991.

97- Barbara crossette Turkish Leader, on visit, contions Bush on Toppling of Hussein, New York Times, February 31, 1992.

98- ناردەی تورکیا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ساڵی1990دا تەنیا ڕێژەی لە42٪هاوردەبووە . بابەتە سەرەکییەکانی ناردەبۆ وڵاتە یەکگرتووەکان



www.pertwk.com

بریتییە لە توتن ، بەرهەمی چنین ، ئاسن ، ستیل ، هاوردەی سەرەکیش لەوڵاتە یەکگرتووەکانەوە بریتی یە لە ئاسن وستیل و بۆیلەرو ئامێرو ئامرازو توتن . بڕوانە

Turkish – U.S. Business Council, Tturkish – American Relation, Istanbul, 1991.

99- See lale Sariibrahimogln Building an Industry; the Turkish Dimension ganes Detence weekly, November 9, 1991, p.p.881-890

100- ناردەی کاڵای بەرگری تورکیا بۆوڵاتە یەکگرتووەکان لە ژێر سایەی ( DECA) یاداشتنامەی لێتێگەیشتن )) بڕەکەی نزیکەی 158ملیۆن دۆلارە ساڵانە .

101- See m.Ali Birand Somone is Doing something wrong. Milliyet, Istanbul, FBIS west Europe Report October 24, 1991.

102- Comment Oral Sander, quoted in Briefing, Ankara, April 1, 1991, p. 8.

www.pertwk.com

# بەشی چوارەم

## تورکیا : گەڕانەوە بۆ بەڵقان

جەی . ئێف .براون

ئەو گۆڕانکارییە لەناکاوانەی کە تیایاندا بەیەکجار یۆگۆسلافیا و هەڕەشەیەکی لە ڕادەبەدەر لە نیمچە دوورگەی بەڵقان مەسەلەی کاردانەوەی تورکیا یان وەکو پرسیارێك بەرزکردەوە. کاردانەوەی تورکیا ئەگەر هەیبێت شتێکی چاوەڕوان نەکرا و نییە, بەڵام ئەو کاردانەوەیە لە چ شێوەیەکدا دەبێت. ئەو سەقامگیرییەی کە لە کۆتایی جەنگی دووەمەوە لە بەڵقان فەراهەم بووە ئێستا ڕووبەڕووی هەڵوەشاندنەوە بووەتەوە. ناوچەکە جارێکی تر نائارمی باڵی بەسەردا کێشاوەتەوە کەئەوەش شتێکە ئاسایی لەبەرچاوبووە. تورکیا کاردەکات و کاریشی لێدەکرێت لەلایەن ئەوەوە کەلەوێ ڕوو دەدات.

لە نێوان کۆتایی سەدەی چواردەهەم و سەرەتایی سەدەی هەژدەهەمدا, ئیمپڕاتۆری عوسمانی دەسەلاتی بەسەر نیمچە دوورگەی بەڵقاندا کردووە. لەدوو سەدەی دواتردا بەشێوەیەکی چەسپاو دەسەلاتی ئەم ئیمپڕاتۆرێتە پاشەکشەی پێکرا هەتا دوا هەرەسی ئەم ئیمپڕاتۆرێتە کە دەسەڵاتی لەئەوروپادا تەسك کرایەوە بۆ ڕووبەڕێکی بچووك لەسرەسیدا (Thrace)کە ناوەندەکەی ئەستەمبوڵی پایتەختی مێژوویی بوو(1) ئەستەمبوڵ دوو کیشوەری خستبووە ژێر سایەی دەسەلاتی خۆیەوە و بوو بوووە شارێکی دەگمەن بەوەی کە بوو بووە ناوەندی بازرگانی لەئەوروپا و کەنارە گەشە کردووەکانیشی بەنێو بۆسفۆردا بەرە و ئاسیا کشابوو. کۆماری تورکیای نوێ کەلەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە دامەزرێنرا و پایتەختە نوێیەکەی شاری ئەنقەرە بوو پایتەختە نوێیەکەی کە دەکەوێتە هەرێمی ئەنادۆڵەوە, ئەمەو جیابوونەوەی زۆر بەشی تر لەقەڵەمڕەوی عوسمانیەکانی تەماع و ویستەکانی لە بەڵقان کەم دەکردەوە. بایەخی تورکیا لەدەرەوە ئێستا لای ئەوروپای ڕۆژاوا بووەتە جێگای سەرنج بەمەبەستی پەروەردە و هاوشێوە بوون(2). لەدوای





جەنگی دووەمی جیهان لەنێوەندی جەنگی سارددا, ئەم سەرقاڵبوونەی تورکیا بە پەیوەستبوونیەوە بەفراوانخوازی و بەرەو پێشەوە چوونی ڕۆئاواوە بۆ هاوپەیمانیەکی نزیك لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانو ئەندامێتی ناتۆو پەیوەستبوون بەکۆمەڵەی ئەوروپی و داواکاری بەدوای ئەوەدا بۆ بوون بەئەندامی تەواو لەکۆمەڵەکەدا.

شۆڕشی دیپلۆماسی سەدەی بیست و یەکی تورکیا گۆڕانکارییەکی توند و تیژی هێنایە نێو پەیوەندی خۆی و دەوڵەتانی جێگرەوەی دەوڵەتە پاشکۆکامی پێشتری خۆی لە بەڵقاندا. دوای دانووسانی بەرفراوانی جەماوەری خەڵك بۆ گواستنەوە لەگەڵ یۆناندا لەدوای سەرکەوتنی یۆنان لەشەڕی یۆنان و تورکدا لەساڵی 1919 – 1922دا تورکیا بەشێوەیەکی چالاك هەوڵی ئاشتبوونەوەی لەگەڵ ئەسینادا، ئەمەش لەسەروبەندی جەنگدا لەئەنجامی سەرکەوتنی زۆرپەسەندی ئەتاتورك و سیاسەتی دەسەلاتداری یۆنان ئیلفسیرۆبس ڤینزیلۆسدا گەیشتە ئەنجام(3). ئەم مەسەلانە هێشتا وەکو جێگای مەترسی مابوونەوە لەنێوان هەردوو ولاتدا, بۆیە لەدوای جەنگی دووەمی جیهان جارێکی دی سەریان هەڵدایەوە.

تورکیای نوێ لەگەڵ وڵاتەکانی تری بەڵقاندا کەبریتی بوون لەئەلبانیا و بولگاریا و ڕۆمانیا و یۆگسلافیا بەدوای پەیوەندی دروستی دوولایەنەدا چوو, هەرچەند پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ بولگاریادا ناوبەناو لەپەشێویدا بووە, بەشێوەیەکی سەرەکیش کاری لەکۆمەڵی تورکی کردووە لە بولگاریا و یادەورەی ڕابردووی وەبیر هێناوەتەوە. هەرچەندە دوور لە خستنەڕووی پەوەندییەکی بەتین لەگەڵ یۆناندا, دیبلۆماسێتی تەواو لەبەرچاوی تورکیا لەبەڵقاندا لەماوەی نێوان هەردوو جەنگە جیهانیەکەدا لەسەر ئاستی فرەلایەنی بووە زیاتر لەوەی لەسەر ئاستی دوولایەنە بوو بێت. تورکیا بەشداریکرد لە

## دوای جەنگی دووەمی جیهان

لایەنی تورکیا لەجەنگی دووەمی جیهانیدا وای لەتورکیا کرد کە لەوێرانکردن و جێگا پێچۆڵکردنی نەتەوە ئازارچەشتووەکانی تری بەڵقان دوور بکەوێتەوە. بەڵام لەوکاتەدا تورکیا خۆی لەهێڵی پێشەوەی سەرەتای جەنگی ساردا بینیەوە, ئەویش بەهۆی فشاری داواکارییەکانی ستالینەوە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی هەرێمایەتی و بۆ پێداچوونەوەی رێکەوتنی مۆنتریۆکس ساڵ 1936 بۆ دانانی یاسای دەریاوانی لەدەربەندەکاندا و تەنانەت دانانی یاسای کەشتی وانی لە بۆسفۆردا, ئەوە بوو کە تورکیای والێکرد هاوپەیمانێتی لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکاندا ببەستێت و ببێت بە ئەندامی ناتۆ لەساڵی 1952دا (5) یۆنان – کەشەڕی ناوخۆ شڕی کردبوو– لەگەڵ ئەلبانیا و یۆگسلافیا و بولگاریای هاوسێیدا, ئێستا نەیارانی سەربەسۆڤێتی (پێشوو) پێویستیان بەپاراستنی ئەمەریکی هەیە. ئەم پاراستنەش پێشکەشی هەردوو ولات کرا لەژێر ناوی بنەمای (مەبدەئی)



www.pertwk.com

ترومانی ساڵی 1947دا. تورکیا و یۆنان بوون بە هاوپەیمان، یان بەشێوەیەکی ڕاستتر بوون بەهاوەڵانی جەنگی سارد.

هەر بەزوویی یۆگۆسلاڤیا پەیوەندی کرد بە ئەلبانیاو بولگاریاوە, لەساڵی 1948دا تیتۆ لەگەڵ ستالین نێوانیان تێکچوو, بۆماوەی چەندساڵێك یۆگۆسلافیا ڕووبەڕووی هەموو شێوە فشارێك بووەوە لەلایەن مۆسکۆ و هاوپەیمانەکانیەوە تەنیا فشاری سەربازی نەبێت. لەم هەلومەرجەشدا یۆگۆسلافیا پشتی بە رۆژئاوا بەست– بەتایبەتی پشتگیری سەربازی ئەمەریکی بەمەبەستی بوژاندنەوەی بواری سەربازی خۆی. یوگوسلافیا وەکو دەوڵەتێکی کۆمۆنیست, بەزەحمەت دەیتوانی بچێتە ناتۆوە یان بەزەحمەت وای لێدەهات کەشایەتی یارمەتیدان بێت بەپێی مەبدەئی ترومان, لەپلەی یەکەمدا هیچ بەربەستێك لەرێگادا نەبوو بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی نزیك و لەوێشەوە بۆ هاریکاریکردنە چالاکانی لەگەڵ یۆنانو تورکیادا. بەمجۆرە لەبار و دۆخێکی جیاوازدا, ئەم سێ ولاتە ئەو هاریکارییەیان دەستپێکردەوە کە پێشتر لەسالانی سی‌یەکاندا دەستی پێکردبوو. ئەم جارە, لەگەڵ ئەوەشدا کە جەختکردن لەسەر بەرگری کردن بوو دژی هەڕەشەی ڕاستەوخۆی سۆڤێتی . لەساڵی 1953 دا ئەم سێ ولاتە لەئەنقەرە (پەیماننامەی هاورێیەتی و هاریکاری) یان بە ئەنجام گەیاندو دوای ساڵێکیش پەیماننامەیەکیان ئیمیزا کرد کەبەڵێنێکی ڕەسمی یارمەتی دانی تەواوی سەربازی لەخۆدەگرت لەحاڵەتی هێرش کردندا(6).

بەڵام ئەم پەیمانە سەرباری ئەوەی بۆ بیست ساڵی دوایی دانرا, تاڕادەیەك بەزوویی بەرەو هەڵوەشاندنەوە چوو. لەپەلی یەکەمدا, دوژمنایەتی نێوان تورکیا و یۆنان کە بۆماوەی چارەکە سەدەیەك زیاتر بەربەستکرا, ئێستا سەری هەڵدایەوە, ئەم جارەیان مەسەلەی سەرەکی قوبرس بوو. یەکەم قەیرانی

پەیماننامەی بەڵقان هەرچەندە بەرەسمی هەڵنەوەشێنرایەوە, بەڵام ئاسایی بوو بەشتێکی پەراوێزی. لەناوەڕساتی سالآنی پەنجاکاندا تورکیا دیپلۆماسیەتی چالاکی خۆیی لەبەڵقان ڕاگرت. تورکیا پەیوەندییە دروستەکانی خۆی لەگەڵ هەموو ولاتانی کۆمۆنیستی بەڵقاندا پاراست و لەساڵی 1968 دا و لەکۆتایدا خۆی ئامادەکرد بۆ وەدیهێنانی ڕێککەوتن لەگەڵ بولگاریادا لەسەر بۆ ولات گێرانەوەی زیاتری تورکە بولگارییەکان بۆ نیشتمانی خۆیان. ئەم مەسەلەیە پەیوەندییەکانی تورکیا و بولگاریای بەرەو خراپی برد لەوکاتەوە بولگاریا لەیاڵی 1878دا سەربەخۆیی بەدەست هێنا ئەم. هەر زوویش دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئەم کێشەیە هەردوو ولاتی گەیاندە خاڵی تەواو لێك دوورکەوتنەوە(7).

بەڵام بۆ نزیکەی بیست ساڵ، تورکیا بەکردەوە پشتی لە بەڵقان کرد و درێژەی دا بە پشت بەستن بەناتۆ و ولاتە یەکگرتووەکان بۆ پشتگیری



www.pertwk.com

سەربازی, ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوەبوو کە تورکیای بەهێزکرد بۆ ڕەفزکردنی خۆئامادەکردنی گفتوگۆی پێشنیارکراوی سۆڤێت بۆ هاوپەیمانێتی‌یەکی دەوڵەتی لەنێوان ڕۆمانیا و بولگاریادا, هەروەها سەبارەت بەناوچەی ئازادی – ئەتۆمی بەڵقان لەنیوەی دووەمی سالآنی پەنجاکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا لەسالانی شەستەکاندا, بەشێوەیەکی بەربڵاو وەکو دەرئەنجامی لەیاسا دەرچوون تورکیا بەرامبەر بەقوبروس بەسەر سیاسەتی ئەمەریکیدا تێپەڕی (8). تورکیا دەستی دایە جۆرا و جۆرکردنی وەرەقەکانی سیاسەتی دەرەوەی, پەیوەندییەکانی خۆیی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت و ولاتانی عەرەبیدا کەپێشتر بەشێك بوون لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانی چاك کرد. لەسەرەتای سالآنی حەفتاکاندا تورکیا پەرەی‌دا بەپەیوەندی نزیکی دوولایەنی بەردەوام لەگەڵ ولاتانی بەڵقاندا(9).

تورکیا سەرباری ئەوەی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یۆناندا بەردەوام لەهەرەس هێناندا بوو, هەتا ساڵی 1974 و لەقەیرانی هەرە ترسناکی قوبرسدا بوو, هێزەکانی تورکیا دورگەکەیان داگیرکرد و هەردوو وڵات گەیشتنە کەناری پێکدادان. قەیرانی قوبروس بوو بەهۆی لابردنی ڕژێمی سەربازی یۆنان لەئەسینا و گەڕانەوەی قوسەتنتین کارامانلیس بۆ دەسەلات وەکو سەرۆکی حکومەتێکی دیموکراتی, لەئەنجامی بیٚ ئومێدبوونی یۆنانەوە بەهۆی پەیبردنی بەپشتگیری لەرادەبەدەری ئەمەریکا بۆ کۆڵۆنیڵەکانی یۆنان و پشتگیری کردنی زۆر کەم بۆ یۆنان لەقوبرسدا. ئەوەش کاتێکی لەباربوو بۆ کارامانلیس بۆ هەمە جۆرکردنی وەرەقەکانی سیاسەتی دەرەوەی یۆنان. ئەمەش پەرەسەندنی پەیوەندی‌یە لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت و دوو هاوپەیمانەکەی لە بەڵقان واتە بولگاریا و ڕۆمانیا و هەروەها ئەلبانیا و یۆگۆسلافیادا و کە دوو دەوڵەتی سەربەخۆی بەڵقان بوون (10).

کارامانلیس دیسان ژیاندنەوەی هاریکاری فرەلایەنەی لەنێوان ولاتانی بەڵقاندا بنیادنایەوە لەکاتێکدا بۆماوەی چل ساڵی 1976 دا لە ئەسینا بەسترا تەواو جیاواز بوو لە کۆنفراسەکانی پێش جەنگی دووەمی جیهانی ئەم کۆنفرانسانە لەگەوهەردا زۆر گەورە بوون, بەڵام مەیلی ئەوەیان هەبوو کە کێشە هەرە سەرەکیەکان کە هێشتا بەشدارانیان دابەش کرد بوو پشت گوێ بخەن. کارامانلیس سووربوو لەسەر بەرە و پێشەوەچوونی هێمنانەی هەنگا و بەهەنگاو بەجەختکردنە سەر ئەو ناونیشانانەی کە (( گفتوگۆ ناکرێت)) لەوانەش وەکو کشتوکاڵ و تەندروستی و گواستنەوە و گەشت و گوزار. هەرچەندە تورکیا بەساردی مایەوە بەرامبەر بەبیرۆکەی فرەلایەنی, گفتوگۆی ئەوەی دەکرد کە پێویست بوو لەپلەی‌یەکەمدا کێشە دوولایەنیەکان (گفتوگۆکراوەکان) چارەسەر بکرێن, سەرباری ئەوە تورکیا بەردەوام بوو لەبەشداریکردنی کۆبوونەوە پاشکۆییەکاندا, هۆکسهای ئەلبانیا بەتەواوی گۆشەگیر بوو, بولگاریاش گومانە تەقلیدەکانی سۆڤێتی سەبارەت بەهاریکاری فرەلایەنە لەناوچەکەدا خستەڕوو کەئەوانیش بەربەستی سەرەکی بەردەم پەرەسەندن و بەرە و پێشەوەچوونی کردەوەییانە بوون.

## ناسەقامگیری بەڵقان

سەرباری ئەم بەریەککەوتنە بەرەو پێشەوە چوانە, وڵاتانی بەڵقان یەکێك نەبوون لەو شوێنانەی کە جێگای بەرژەوەندی و بایەخی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بووبن – ئەو وڵاتانە بەردەوام بوون تاببنە بەشێك لەئەورپا و لەکۆمەڵەی ئەوروپی و ببن بەهاوکاری ولاتە یەکگرتووەکان و ناتۆ, بەدوای ئەوەشدا لەپلەیەکدا ببنە هاوکاری یەکێتی سۆڤێت و هەندێ لە دەوڵەتانی



www.pertwk.com

عەرەب. تێڕوانینەکانی تورکیا تا ئەندازەیەك بەجێگیری مانەوە تائەوکاتەی سەقامگیری کۆمەلایەتی و سیاسی و نێونەتەوەیی لەهەرێمی بەڵقاندا درزی تێبوو.

ئیمپڕاتۆری عوسمانی کاتێ لەبەرزترین ئاستی هێزیدا بوو سەقامگیرییەکی دیاریکراوی بەخشیبوو بەوڵاتانی بەڵقان بەڵام ئەم سەقامگیرییە لەکۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا بەرەو هەرەس هێنان چوو ئەویش بەهۆی لەسنوور دەرچوونەکانی ئیمپڕاتۆی هاپسبێرگەوە. عوسمانیەکان لەهەرێمەکانی باکوری بەڵقانەوە بەرەو دواوە پاڵنران و ئەو هەرێمانە کەوتنە ژێر دەسەلاتی بەردەوامی نەمساوە پاشانیش لەدوای (Ausgleich) لەساڵی 1867دا لەژێر دەسەلاتی نەمسا و هەنگاریادا بوون(12) ئەم هاتنە پێشەوانەی هاپسبێرگ بوو بەهۆی بەرقەراربوونی سەقامیگرییەکی درێژخایەن تائەوکاتەی دوو ئیمپڕاتۆرێتەکە لەڕووی یەکتردا وەستان بەدرێژایی هێڵی باکور – باشوری (Theodosian) بارودۆخەکە شتێکی هاوشێوەە بوو لەگەڵ دابەشبوونی ڕۆژهەلات – رۆژئاوای ئەوروپادا کەبەهۆی جەنگی ساردەوە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستدا روویدا. بەڵام لەسەرتای سەدەی بیستەوە ئیمپڕاتۆرێتی عوسمانی بەشێوەیەکی دوور لە بەربەستکردن بەرەو لاوازبوون چوو ئەویش لەئەنجامی خەباتی بەدوای یەکدا هاتووی نەتەوە ژێردەستەکانی‌دا بۆ سەربەخۆیی. ئەم خەباتانەش لەلایەن سیربیا و یۆنانەوە دەستی پێکرد و بەردەوامبوو تاکو دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی(13).

لەم ماوەیەدا بوو, بەتایبەتیش لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا بەڵقان ناوبانگی بەناسەقامگیری تووندو بەردەوام دەرکرد. ئەم ناسەقامگیرییەش لەماوەی نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا بەردەوامبوو, کاتێ دەوڵەتە

دوای جەنگی دووەمی جیهانی کارلێکی نێوان کۆمۆنیزم و دەسەڵاتی سۆڤێی، یان هەڕەشەی دەسەلاتی سۆڤێتی بوو بەهۆی جۆرێك لە سەقامگیری کە چەندین سەدە بوو ئەو ناوچەیە بەخۆیەوە نەبینیوبوو. پارتی زانە سەرکەوتووەکانی تیتۆ یەکگرتنی نێوان سۆشیالیزم و فیدرالیزمیان سەپاند لە یۆگۆسلاڤیادا. ئەلبانیا لە ژێر سایەی دەسەلاتی ئەنڤار هۆکسا (Enverhoxa) بوو بە کۆمۆنیست ئەم دوو وڵاتە خۆیان لەدەستی دگیرکەرانی میحوەر ڕزگارکرد کەئەوەش تائاستێکی بەربڵاو بەبێ یارمەتی سۆڤێتی گەیشتە ئەنجام. بولگاریا و ڕۆمانیا کەوتنە ژێر پێی سوپای سوورەوە. یۆنان بەشێوەیەکی ترسناکانە بەرە و ئەوە دەچوو کە کۆمۆنیستەکانی خۆی دەسەلاتی بەسەردا بکەن، هەروەها یەکێتی تورکیا لەلایەن سۆڤێتەوە هەڕەشەی لێ دەکرا. بەگشتی بارودۆخەکە بەجۆرێك بوو کە جەختی لەسەر مەترسی ئەو کاتە دەکرد لەچاو ڕق و کینەکانی ڕابردوودا. ئەمەش بوو بەهۆی دەسەڵات و بەربەستکردنی تەواوەتی لەهەرێمەکەدا و ئەم بارەش بەردەوام بوو تا دوای ئەوەی یۆگۆسلافیا و ئەلبانیا بەشێوەیەکی ناسەرەکیش ڕۆمانیا سەرپەرشتیارێتی مۆسکۆیان ڕەفزکرد، یەکگرتنەوەی





پەشێویی نێو نەتەوەیی و توندوتۆڵی ناوخۆ خزمەتی کرد بۆ پوچکردنەوە و بێ بەهاکردنی نەیارێتی یە مێژووییەکان.

لەگەڵ لاوازبوونی فەرمانڕەوایەتی کۆمۆنیستی و دەسەڵاتی سۆڤێتی دا لەسالانی هەشتاکاندا، ئەم قۆناغەی سەقامگیری لەبەڵقاندا بەرە و کۆتایی چوو. ناسیونالیزم، لەهەموو حاڵەتێکدا، هەرگیز لەسەر شانۆی ڕووداوەکان دوورنەبووە(15) ناوبەناو تەقینەوەی نەتەوەیی سەری هەڵداوە. بەڵام ئێستا ئاشکرا بووە کە مێژووی بەڵقان وەکو ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان بڕوایان وابوو کە بەرێکخستنێکی نوێ جێگای گیراوەتەوە، ئاسایی کەوتبووە بەردەم چاوەڕوانی کردنەوە. ئەمەش لەبارودۆخی یۆگسلافیادا زۆر ئاشکرا بوو، بەڵام هەر ولاتێك لەو هەرێمەدا بەتەواوی لەو مەسەلە بەئاگا بوو. لەماوەی نێوان ساڵی 1989 بۆ ساڵی 1991 دا کاتێ کۆمۆنیزم تێکشکێنرا یان لەبەردەم هەڵوەشاندنەوەدا بوو، یان کاتێ دەسەلاتی سۆڤێتی نەما، یان کاتێ جەنگی سارد کۆتایی هات، مێژوویی بەڵقان تەنیا ئەوە نەبوو دووبارە بێتەوە، بەڵکو وەهاش دەرکەوت کەسەردەمی لەدەستچووش بنیاد بنێتەوە(16).

## پێگەکانی سەرهەڵدانی کێشەی مسوڵمان لە بەڵقاندا

لەناوەڕاستی ساڵی 1991 دا یۆگۆسلافیا لەئەنجامی شەڕی ناوخۆدا هەڵوەشا. لە دەستپێکدا قۆناغی هەڵوەشاندنەوە و ناکۆکی سلۆڤانیەکان شتێکی ئەوتۆ نەبوو کە ڕاستەوخۆ کاری لە تورکیا کردبێت هەروەك لەشەڕی خوێناوی نێوان سیرب و کرواتدا هیچ کام لە بەرژەوەندیی‌یەکانی تورکیا و ئەو مەسەلانەی کە جێگای بایەخی تورکیا بوون ڕاستەوخۆ کاریان لێ نەکرا (17). بەلام مەسەلەی بۆسنا و – هێرزۆگۆڤینا بەتەواوەتی جیاواز بوو. بۆسنیا

www.pertwk.com

لەسەندجاقی نۆڤی پازار (Sandjak of Navi Pazar) کە زۆربەی لەسیربیا خۆیەتی، بەڵام بەشێکی لە مۆنتیلکرۆیە کە لەسەرووی دووسەد هەزار لەمسوڵمانەوەن, ئەم موسڵمانە سەندە جاقیانە لەگەڵ برا مسوڵمانەکانیان لەبۆسنادا هاوشێوەن ئەمانە لە دوای ساڵی 1990 زیاتر تووشی بێزاری و بێ ئارامی بوون. هەروەها سیربیا کەتەنانەت کۆسۆڤۆیشی لێ بەدەرکراوە, خۆی هەرگیز بەتەواوەتی ئازادنەبوو لەمەترسییەکانی بێزار بوونی مسوڵمانان(18).

لەناوچەی کۆسۆڤۆ کە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی کۆماری سیربیایە, نزیکەی دوو ملیۆن مسوڵمان هەن هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی بۆکرا بەنەتەوە دانانرێن, بەڵکو زیاتر بەکەمایەتیەك دادەنرێن. ئیتنیکە ئەلبانیەکان نزیکەی90٪ی سەرجەمی دانیشتوانی کۆسۆڤۆ پێکدێنن, بەشەکەی تری دانیشتوان لەسیرب و مۆنتینگرۆ پێکدێن. ئەم مسوڵمانە کۆسۆڤۆیانە لەڕووی گەشەکردنەوە خێراترین گەشەکردنیان هەیە لەئەوروپادا (واتە لەڕووی زیادبوونی ژمارەوە بەخێرایی زیاددەکەن). دوای ساڵی 1989, حکومەتی ناوەندی سیربیا لەبەلیگراد دەستی کرد بەتەسککردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەسەلاتی هەرێمایەتی لە کۆسۆڤۆ و لەساڵی 1990دا دەستورێکی نوای سیربی هەردوو هەرێمی ئۆتۆنۆمی کۆسۆڤۆ و هەرێمێکی تری ئۆتۆنۆمی (ڤۆژڤۆدینا)ی ڕاستەوخۆ خستە ژێر کۆنتڕۆڵی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییەوە. کۆسۆڤۆ ئەلبانیەکان بەپشتگیری عەدالەت داواکاری ئەوەیان خستە ڕوو کە هەرێمەکەیان تەسك کراوەتەوە بۆ ناوچەیەکی کۆڵۆنی کراو لەلایەن سیربەکانەوە.

کۆسۆڤۆ ناوەندی مەملەکەتێکی گەورەی سیربیایی سەدەکانی ناوەڕاست بوو. کۆسۆڤۆ پۆلجی پێگەی بەزاندنێکی مێژوویی بوو لەلایەن تورکەکانەوە

لەماكدۆنیای دراوسیێی كۆماری كۆسۆڤۆ لەباشوری یۆگۆسلافیا, ژمارەی مسوڵمانەكان بەلایەنی كەمەوە بەنیو ملیۆن كەس دەنرخێنرێت, كە زۆربنەی هەرە زۆریان ئەلبانیەكانن, بەلام لەوانەیە نزیكەی هەشتا هەزارێك بەڕەگەز توركیان تێدا بێت ئەوەش لەكۆی گشتی دانیشتوانەكەی كە دوو ملیۆن كەس دەبن. زیادبوونی ژمارەی مسوڵمانەكان لەم ساڵانەی دوایدا بەندە بە رێژەی بەرزی لەدایكبوونەوە, شان بەشانی كۆچی لەبەرچاو لەكۆسۆڤۆوە كەئەوەش بووتە هۆی پەشێوییەكی ترسناك لەگەڵ زۆرینەی مەكدۆنیە سلاڤیەكان, ناسیونالیزمی ماكدۆنی بەشێوەیەكی لەبەرچاو لەساڵانی پێشتردا گەشەی كردبوو, ئەو ناسیونالیزمەش بەهۆی گەشەكردنی مەترسی ئیسلامیەوە كە تێبینی كرابوو چالاك بوو بوو(21) ناسیونالیزمی توندوتیژی مەكدۆنیا (رێكخراوی شۆڕشگێری) ناوخۆی مەكدۆنیا(IMRO), بەرجەستەكردنەوەی



www.pertwk.com

بزوتنەوی نەتەوەیی ئەفسانەیی ماكدۆنیایە لە ژێر هەمان ناودا, یەكەم ئاستی تەواوكاری ئەو بەرجەستەكردنەش لەهەڵبژاردەنەكانی پەرلەمانی كۆماری ماكدۆنیادا لە نۆڤەمبەری ساڵی 1990 گەیشتنە ئەنجام ئەویش بەشێوەیەكی سەرەكی لەبەرترسی گشتی بوو لە هێزی دەنگدانی مسوڵمانە ئەلبانیەكان (22).

لە سێپتەمبەری ساڵی 1991 دا مەسەدۆنیا سەروەرێتی تەواوی خۆی و سەربەخۆی ڕاگەیاند. كەمایەتی مسوڵمان بەگشتی پشتگیری ئەم جوڵەیەی كرد, بەلام دژایەتی خۆی بۆ هەندێ بڕگەی دیار لە دەستووری كۆمارە نوێیەكە نیشاندا كەوای دانان هەندێ لەو بڕگانە بنەمای جیاكارین.. لەكانونی دووەمی ساڵی 1992دا ئەلبانیەكانی مەكدۆنیا ڕاپرسیەكان كرد كە رێژەی زۆرینەی 75٪ یان ئارەزوومەندی ئەوەبوون لە ئۆتۆنۆمیەكی ناوخۆییان هەبێت. ئەم دەنگدانە پەیوەست نەبوو بە حكومەتەوە كەوای دانا ئەم ڕاپرسی‌یە ناڕەوایە و ڕەفزی ئەوەی كرد كەكاری لەسەر بكات. بەلام دەشیا ئەو ڕەفزكردنە ئاماژەی ورياكردنەوەیەكی خراپ ببەخشێت. ئەگەر دەسەڵاتی حكومەتی ناوەندی لە ماسەدۆنیا لاواز بووایە, چی لەمیانەی داڕمانی ترسناكی ئابوری‌یەوە چ لەمیانەی شكستهێنانیەوە بۆ مسۆگەركردنی دان پێدانانی ناوخۆیی پەیوەست بە ناڕەزاییەكانی یۆنان – كەلەلایەن وڵاتە یەكگرتووەكان و كۆمەڵەی ئەوروپییەوە پشتگیری دەكرا بەمەبەستی ((ڕووتكردنەوەی ناوی مەسەدۆنیا لەو دەسەلاتەی هەیبوو)), پاشان داواكارییەكان بۆ ئۆتۆنۆمی یان تەنانەت پێكەوەلكاندنی هەندێ ناوچەی مسوڵمان نیشتنی ئەلبانیا بۆ دروستكردنی ((ئەلبانیایەكی گەورەتر)) لەوانە بوو زیاتر بكرێت. ئەمەش وەڵامێكی توندوتیژی لەلای رێكخراوی شۆڕشگێری ناسیونالیزمی توندڕەوی مەكدۆنیا وروژاند و گریمانی ئەوەش هەبوو ئەو وەلامدانەوەیە ببێت بەهۆی

بە جولاندن, لە پشتی یۆگۆسلاڤیاوە, ئەلبانیا خۆی ناوەڕاستیی ساڵی 1992دا ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە سێ ملیۆن کەس بوو کە نزیکەی ڕێژەی 70٪ی دانیشتوانەکەی مسوڵمان بوون. لەکۆتایی سەدەی بیستدا کۆی گشتی دانیشتوانی ئەم ولاتە تەوەقوع کراوە کە بەدڵنیاییەوە گەورەتر دەبێت. ( ڕێژەی گەشەکردنی دانیشتوانی کۆسۆڤۆ یەکەم ڕێژەیە). مەترسی جێگری و سەقامگیری بەڵقان بۆ ئەم بەرزی و بەرزبوونەوەی دانیشتوانی مسوڵمان دەکەوێتە چوارچێوەی گەشەسەندنی بەرەبەرەی شیاوی پەشێوی لەهەردوو لایەنی ئەلبانیا و کۆسۆڤۆدا بۆ دروستبوونی یەکێتی ئەم دوو خاکە کە هەردووکیان بەگشتی لەئاییندا مسوڵمان و لەئیتنیکیدا ئەلبانین.( بەکورتی ئەم دوو سەرزەمینە لەجەنگی دووەمی جیهانیدا لەژێرسایەی دەسەلاتی دەوڵەتانی میحوەردا یەکیان گرت).

شۆڕشی ئەلبانی دەوروبەری ساڵێ دوای شۆرشەکانی زۆبەی بەشەکانی ئەوروپای ڕۆژهەلات دەستی پێکرد. یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد لەئازاری ساڵی 1991دا ئەنجام درا کەبوو بەهۆی دەستەبەرکردنی سەرکەوتن بۆ پارتی کۆمۆنیستی ریفۆرم خواز, بەلام خاڵی دووەمین نزیکەی ساڵێك دوای ئەوە بەتەواوەتی گەیشتە ئەنجام کەبەرهەمهێنانی دیسانەوە دەنگدانەوەی



www.pertwk.com

سەرکەوتنی دیموکراسی بوو لەو ولاتەدا ئەو گیروگرفتانەی کەڕووبەڕووی ئەلبانیای نویێ بوونەوە وادەردەکەوت کە تێکشکێنرابن و بەلاوە نرابن. لەزۆر ڕووەوە ئەو بارودۆخەیە بۆ ئەلبانیەکان چ لەکۆسۆڤۆ و چ لە مەکدۆنیا کەمتر جێگای سەرنج ڕاکێشانیان بوو. بەلام بەلایەنی کەمەوە ئەم ئەلبانیانە نەبوون بە قوربانی یان ئازار و ئەشکەنجە نەدراون ئەویش بەهۆی مەسەلەی نەتەواتیانەوە. ئەگەرچی بارودۆخەکە توندتر و ترسناکتر بووبێت. لکاندن بە ئەلبانیاوە لەوانەیە باشترین هەڵی بەڵێن بەخشی بێت لەنێو ئەو ئیختیارانەی کە جێگای قایل بوون نین (24). پەیوەندییەکانی ئەلبانیا لەگەڵ یۆناندا لەڕووی مێژووییەو پەیوەندی پڕ لەپەشێوی بوون, جارێکی تریش ئەو پەیوەندییانە لەساڵی 1991دا بەشێوەیەکی ترسناکانە بەرەو دڕامان چوون, سەرباری ئەوە، ئەم پەوەیندییانە بەشێوەیەکی ڕەسمی بەلاوەنراون, یۆنان داوای بەشەکانی باشوری ئەلبانیا دەکات کەئەوەش داوایەکی مێژووییە. حکومەتە یەك بەدوای یەکەکانی یۆنان کەلەلایەن ڕای گشتی و هێزی سەربازی و کەنیسەی ئۆرسۆدکسەوە پشتگیری کراون, بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوون بایەخیان داوە بەچارەنووسی کەمایەتی یۆنانی لەوێ کەبەپێی قسەی ئەلبانیەکان 60.000کەس و بەپێی قسەی هەندێ لە یۆنانیەکانیش (300.000) بۆ (400.000) کەس بوون, بەلام لە وانەیە (100.000) کەس بووبن. هەرەسی ڕژێم لەئەلبانیادا لە ساڵی 1991 دا پێکەوە لەگەڵ بارودۆدخی هەرەسهێناوی ئابوریدا بوون بەهۆی دەرپەڕاندنی هەزاران ئاوارەی یۆنانی (گریکی) ئەلبانی بۆ یۆنانی پڕ لەنێگەرانی و ترس. ئەلبانیەکان لەپەلەکردنیاندا بۆ ئازادی لای خۆیانەوە دەستیان کرد بە ئاماژەکردن یان گەڕانەوە بۆ ئەوبار و دۆخەی کەمایەتی خۆیان لەبەشەکانی باکوری یۆنان واتە بۆ ئەو ناوچەیەی کە ئێستا هەندێ لەئەلبانیەکان بە (چامێرا) ناوی دەبەن. شەپۆلی هەڵچووی

له بولگاریا, دانیشتوانی مسوڵمان پێدەچوو زیاتر لەیەك ملیۆن کەس بن لەناوەڕساتی ساڵی 1992دا, کەزۆربەیان بەڕەگەز تورك بوون, نەوەکانی دانیشتوانی ئەنادۆڵ بوون کەلەماوەی پێنج سەدساڵی داگیرکاری عوسمانیدا گەیشتوونەتە ئەوێ. لەسەردەمی دەسەلاتی ئەم ئیمپڕاتۆێتەدا دانیشتوانی زۆری تورك هەبوون لەبەشەکانی تری بەڵقاندا, بەلام زۆرێك لەمانە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم لەتورکیا نیشتەجێ کراونتەوە (واتە هێنراونەتەوە بۆ تورکیا). ژمارەیەکی زۆر لەتورکەکان لە بولگاریا خۆیەوە گەڕیندراونەتەوە(26) بەلام ئەم کۆمەڵە فراوانە کە دەیەکی کۆی گشتی دانیشتوانی پێکدەهێنا, مایەوە.

جیاکاری ڕێ و شوێنە پەیوەستەکانی سەرکوتکردن دژی تورکە بوڵگارییەکان لەسالانی هەشتاکاندا بوو بەبابەتی دەست درێژی نێو دەوڵەتی. بەڵام ئاسایی هەوڵ و کۆششی بەهێز هەبوو بۆ تواندنەوەی نزیکەی (150.000) پۆماکسی لەبولگاریا. چەند ئیتنیکێکی تری بولگاری هەبوون کە چووبوونە سەر ئایینی ئیسلام لەسەردەمی عوسمانیەکاندا (بەڵام بەردەوام بەزمانی بوڵگاری دەدوان). سەرکوتکردنی ئاشکرای تورکە بولگارییەکان کە لە



www.pertwk.com

سالانی هەشتادا دەستی پێکرد بەشێك بوو لە جووڵەو ڕۆیشتن بەرە و دەوڵەتێکی یەکگرتوو کەسیاسەتی بولگاریا و (ڕۆمانیا) لەسالانی شەستەکانەوە لەسەری ڕۆیشتوە ئێستا ئیدیعای ئەوە دەکرێت کە ئەم تورکە مسوڵمانانە بەهیچ شێوەك تورك نەبوون، بەڵکو نەوەی ئەو ئیتنیکە بولگارییانە بوون کەچوونە تە سەر ئایینی ئیسلام کاتێ بولگاریا لەژێر "نێڵەی تورك"دا بووە کە دواتر ئەم مسوڵمانە بولگاییانە کران بە تورك .لەبەر ئەوە کاتیئەوەش هەبوو کە جارێکی تر ئەمانە بکرێەوە بەبولگاری .لەکۆتای ساڵی 1984 دا ولەسەرەتای ساڵی 1985دا شالاوێکی دڕندانە بەرپاکرا بۆ ناچارکردنیان تا بەرەسمی واز لە ناوە تورکیەکانیان بهێنن وپشتگیری ناوی بولگاری بکەن .دیسان ڕێگایان لێگیرا کەبەرەسمی بەتورکی بدوێن . لە ڕۆژهەلاتی باکورۆژهەلاتی باشوری ولاتەکە زۆربەی تورکەکان لەودووشوێنەدا دەژیان, لەوناوچانەدا بەرگرییەکی لەبەرچاو هەبوو, هەروەك قوربانی گەلێکی زۆری تورکیش هەبوو.

چوار ساڵ دوای ئەوە, کاتێ ئەو ترشاندنەی (بۆگەن کردنەی) کە بوو بەهۆی داڕمانی کۆمۆنیزم لەئەوروپای ڕۆژهەلاتدا کاری لە بولگاریاش کرد, بەرگری سەرلەنوێی تورکیاش لەئارادا بوو بۆ سەرکوتکردنی ڕەسمی بەردەوام, هەر ئەمە بوو کە رژێمی زیڤۆگۆڤی لە سۆفیا بەهێز کرد بۆ دەستکردن بەدەرکردنی هەندێ لەسەرکردەکانی توركی و پاشانیش بەشێوەیەکی بەهێز هانی تورکە بولگارییەکانیدا بڕۆن بۆ تورکیا. فشاری زۆرو تەنانەت تۆقاندنیشی بەکارهات بۆئەوەی والە تورکەکان بکرێت ئەوێ بەجێبهێڵن, ژمارەی ئەو تورکانەی کەلەبەرە و کۆتایی ساڵی 1989دا لەسنوور پەڕیونەتەوە بەرە و تورکیا بەزیاتر لە 300.000 ئەندامی ئەو کەمایەتیە

لەئاکامدا, دوای لابردنی تۆدۆر ژیڤکۆڤ لەتشرینی دووەمی 1989دا و دوای هەڵوەشاندنەوەی ڕەسمی هەموو ئەو ریَو شوێنانەی بەدژی تورکەکان لەبەرگیرا بوو لەساڵی (1984)ەوە زیاتر لە 150.000 تورکی بوڵگاری گەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆیان. بارودۆخی تورکەکان دوای دەسەلاتی کۆمۆنیستی بولگاری سەرباری گیروگرفتی ئەو هەموو تورکە گەڕاوە بۆ گێرانەوەی خاك و ماڵیان بەردەوام بەرە و باش بوون دەچوو. لەڕووی سیاسیەوە نفوزی تورکەکان گەشەی کرد کاتێ لەئەنجامی هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ساڵی 1991 دا, پارتی ماف و ئازادی تورك بوو بە مایەی هاوسەنگی لەپەرلەماندا لەنێوان دیموکراتی سەرکەوتوو کۆمنیستی ریفۆرم خوازدا.

بەڵام هێشتا هەندێ هۆکار هەڕەشیان لەپێکەوە گونجاندانی ئیتنیکی دەکرد لە بولگاریادا. لەنێو ئەو هۆکارانەشدا بەردەوامبوونی گیروگرفتە بیرۆکراتیەکان (زۆربەی ئەو گیروگرفتانە ئامانج دار بوون) لەبەردەم گێرانەوەی زەوی و ماڵدا, باری ئابوری و ترسناکی ئابوری بولگاریا درێژەی‌دا بە گومانە قوڵەکانی بولگاریا بەرامبەر بە تورکەکان و تورکیا, ستراتیژی حیزبی کۆمۆنیستی ریفۆرمخوازی هێشتا دەسەلاتدار وەرەقەی ناسیونالیستی بەکاردەهێنا, لەنێو شتەکانی تردا هەستی دژەتورکی بەزیندوویی ڕادەگرت و مسوڵمانانیش بەگشتی لەبەڵقاندا لەبارێکی پەشێوو نائارمدا بوون(27).

جیاواز لەهەر ولاتێکی تری بەڵقان, یۆنان بەشێوەیەکی کردەیی لەڕووی ئیتنیکی‌یەوە لەساڵی بیستەکانەوە رێژەی (98.5٪) هاوشێوەبوون. ئەویش دوای گواستنەوەبەکۆمەڵەکانی خەڵك بۆ تورکیادا لە قۆناغی دوای جەنگی



www.pertwk.com

یەکەمدا(28). بەلام هێشتا لەسرەیسی (thrace) یۆنان, لەبەشی باکوری رۆژهەلاتی سنووری ولات کە هاوسنووری بەشی تورکی نێو ئەوروپایە, لەساڵی 1991 دا نزیکەی (200.000) هاونیشتیمانی یۆنانی مسوڵمان هەبوون وەکو بەرەسمی وەسفکراون زۆرێك لەوانە بێ چەندوچوون لەئەسڵی ئیتنیکی تورکن. پلە و پایە و باری ئەمانە بەشێوەیەکی گەرموگوڕ لەلایەن حکومەتی یۆنانو حکومەتی تورکیاوە ناڕەزایی بەرامبەر دەربڕراوە, یەکەمیان واتە یۆنان وای نیشان دەدا کە مسوڵمانەکان بە باشی رەفتاریان لەگەڵدا کراوە, بەلام ئەویتریان واتە تورکیا سووربوو لەسەر ئەوەی کە مسوڵمانەکان بەچاکی ڕەفتاریان لەگەڵدا نەکراوە.

ئەو تفت و تاڵیەی کەلەگەڵیدا ناکۆکی بەردەوامبوو نەیارێتی پەرەسەندووی نێوان ئەسینا و ئەنقەرەی لەسەر قوبروس و لەسەر سەرجەمی کێشەکانی دەریای ئیجەی خستۆتە ڕوو. نوێنەرانی کەمایەتی خۆی کەئەمانیش هەروەها کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو نەیارێتی‌یە پەرەسنەدووەوە و بە(هەڵچوونی) (هەوێنی) ئایینی و ئیتنیکەوە لە هەموو بەڵقاندا سوور بوون لەسەرئەوەی کەوەکو هاوولاّتی پلە دوو لەلایەن حکومەتی یۆنانەوە ڕەفتاریان لەگەڵ کراوە. داواکاری ئەوان بەئاشکرا هەندێ ڕەوایەتی تێدابوو, دواتریش ئامآژەکان دەریان خست کە حکومەتی یۆنانی بەئاراستەی باربووکردنەوەی ئێش و ئازارەکانی هەندێ لەو کەمایەتیانە دەجوڵێت(29). لەبەرئەوەی یۆنان, رێگای پێدابێت یان نا, ئەوە ((کێشەیەکی تورکی)) پەرەرەسەندنی هەبوو(30).

بێگومان بەشێوەیەکی تەقلیدییانە یۆنانیەکان سوکایەتیان بەدراوسێکانی باکوری خۆیان کردووە چی سلاڤ بووبن یان غەیری سلاڤ. بەڵام لەساڵانی هەشتاکاندا ترسێکی گشتی و دوژمنایەتی بەرامبەر تورکیاو تورکەکان هاوپەیمانێتییەکی تەواو گونجاوی لەنێوان یۆنان و بولگاریادا پێکهێنا.

## وەلأمی توركی

لەوانەیە هۆكاری مسولْمان لەبەلْقانی سالأنی نەوەدەكاندا هۆكارێكی دابەشكەر و یەكلاكەرەوە بێت, تەنانەت لەپێش ناكۆكی بۆسنەدا هەندێ لەچاودێران تەوەقوعی قۆناغێكی بلأوبوونەوەی بەرفراوانی مسولْمانانی سلاڤی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلامی ئۆرسۆدۆكسیان دەكرد. ئەم ڕووبەڕوونەویە, هەرچەندە چاوەڕوان نەكراو بوو كەببێتە هۆی تەقینەوە (كلْپەسەندن), بەلام پەشێوەییەكی تاڕادەیەك كاریگەری خستە ناوەوە كەئەویش لەڕێگای پێكدادان یان ڕووداوی توندوتیژی قەبارە جیاوازەوە تەئكید دەكرا. ڕاستەوخۆ ئەوە تەوەقوع نەكرا بوو كەلەكۆتایی ئەو سەدەیەدا هەلْسەنگاندنێكی هەمە لایەنەی جێگا بڕوا بخرێتە ڕوو(31).

شەڕی بۆسنای سالْی 1992 تەوەوقوعەتاكانی سەبارەت بەڕووبەڕووبونەوەی مسولْمانە سلاڤیەكان بەهێزكرد, بەلام ئێستا هەلومەرجی تەقینەوە و چوارچێوەی كاتیش زۆر كورتترن لەچاو ئەوەی كە پێشتر لەكراوتیاوە دەڕژێنرا بەسەر بۆسنیا – هێرزۆگۆڤینیادا و كۆمەلْە مسولْمانەكان لەلایەن سربەكانەوە فشاریان خرابووە سەر. سلۆبۆدان میلۆسیفچ و فرانجۆ تودحمان و سەركردەكانی سیربیا و كراوتیا پێشتر وەكو دەركەوتووە بەنهێنی



یەكتریان بینیووە بۆ گفتوگۆكردنی مەسەلەی دابەشكردنی بۆسنیا – هیرزۆگۆڤینیا(34) وەكو لەبەلیگراد و زاگریب بینرا, ئەمە وادەردەكەوت كە دوا هەل بێت بۆ دوورخستنەوەی هەر شەڕێكی چاوەڕوانكرا و لەنێوان ئەو دوو نەتەوەدا. ئەگەر سەوداگەراییەكی جێگا قایل بوونی تەواوەتی لەنێوان سربیا و كراوتیاندا بگەیشتایەتە ئەنجام, ئەوا دەشیا سلۆڤینیا سەركەوتنی بەدەست بهێنیایە بەرژەوەندییەكانی كراوتیا و سیربیاش بە شێوەیەكی بەربلأو بپارێزرانایە بەلأم ئەو پاراستنە دەبوو لەسەر حسابی باری ئامادەیی بۆسنا هێرزۆگۆزڤینیاو لەسەر حسابی كەمایەتیە مسولْمانەكانی ئەوێ بوایە. سەرۆكی بۆنیا ئەلیجا عیزەت بیكۆڤیج زیاتر لەجارێك ڕایگەیاند بوو كە مسولْمانەكان بجەنگن دژی هەر هەولێك بۆ دابەشكردن كە دەبوو بەهۆی تێكشاندنی گەلی مسولْمان ئەگەر خوێن ڕشتن لەبۆسنیا ڕوی بدایە, ئەوا ترسێكی بەرفراوان لە ئارادا دەبوو بۆئەوەی ئەو خوێن ڕشتنە بەشەكانی تری كۆسۆڤۆی یۆگۆسلافیاش بێ هیچ گومانێك بگرێتەوەو هەروەك لەوانەش بوو ماكۆدنیاش بگرێتەوە.

گرنگی پێدان و لەهەمان كاتدا ترسی توركیا لەسالْی 1991دا پەرەی دەسەند, بەلأم هیچ كەس لەئەنقەرە پێشبینی دووبارە بوونەوەی كارەساتەكانی ئەو ڕووداوانەی ئەكرد بۆ سالْی دواتر لە ڕاستیدا بارودۆخی بەلْقان دوور بوو لەوەی كەببێتە یەكێك لەمەسەلە یەكەمینەكانی كەئەنقەرە گرنگی پێدەدا لەنیوەی یەكەمی سالْی 1992دا. ئەنقەرە سەرقالْ بوو بەشەڕی نێوان ئازربایحان و ئەرمینیاو بەڕاپەرینی كوردەوە لەسنووری هەرێمەكەی خۆیدا. لەیەكەمیاندا بەتووندی پشتگیری ئازەربایجانیەكانی دەكرد و هەڕەشەی بەكارهێنانی هێزی سەربازی لەلایەن تورگۆت ئۆزالەوە بوو بەهۆی نائارامیەكی ترسناك لەرۆژئاوا و وەلأمدانەوەیەكی زۆرتووندیش لەلایەن

لەپشتی ئەم پەرەسەندنە پڕ لە فشارانەوە، تورکیا بنەمای دادەنا بۆ پەیوەندییەکی پەرەسەند و کاریگەر لەگەڵ دەوڵەتە جێگرەوە تورکە مسوڵمانەکانی یەکێتی سۆڤێتی, کەئەوەش پەرەسەندنێك بوو لە ڕۆژواوا پێشوازی بەرفراوان و گشتی جەماوەری لێ دەکرا(35). هەروەها تورکیا نەخشەی خۆی بۆ ناوچەی هاریکاری ئابوری دەریای ڕەش ئامادە دەکرد(بڕوانە دواتر) کەئەوەی لە کۆبوونەوەیەکدا لەئەستەمبوڵ لەحوزەیرانی ساڵی 1992 ئەنجام دا.

بەڵام کاتێ کە شەڕ لەبۆسنیا – هێزۆگۆڤێنیا پەرەی سەند, دەربڕینەکانی تورکیاش سەبارەت بەو مەسەلەیە پەرەیان سەند. دەشیا بەڵقان ببوایەتە، جێگای گەورەترین گۆڕانکاری لەو هەلە نوێیانەدا کەبارودۆخی جیهان بەشێوەیەکی کوتووپڕ بەخۆیەوە بینبیووی. کاتێ تورکەکان هەستی ڕاستەقینەی بایەخدانیان هەبوو بە موسوڵمانەکانی بۆسنیا, دیسان لەوەش بەئاگابوون کە هەلومەرجی بۆسنیا حەوانەوەی پێبەخشیبوون لەبەردەم شەپۆلی ڕەخنەی ڕۆژئاوادا کە پێشتر ڕووبەڕووی بووبوونەو ئەویش لەپای مەسەلەی ئەرمینیا و کوردەکان. لەحوزەیرانی ساڵی 1992دا تورکیا میوانداری کۆبوونەوەیەکی وەزیرانی دەرەوەی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی کرد کەئەو کۆنگرەیە بەڵێنی پشتگیری سەربازی و چوونە ناوەوەی دا ئەگەر بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەربەستکردنی سیربەکاندا شکستی هێنا(37) بەڵام هێشتا وەڵامدانەوەی تورکیا تائەندازەیەك بێدەنگ بوون بوو,



www.pertwk.com

لەئەنقەرە و ئەستەمبوڵ (هەروەها لەرۆژئاواش) ئومێدی ئەوە هەبوو کە بڕیارەکان کاربکەن و هەوڵوکۆششەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان, یان کۆمەڵەی ئەوروپی بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕکردن سەرکەوتن بەدەست بهێنین. لای زۆرکەس ئاشکرا نەبوو کەشەڕکردن لەبۆسنیا – هێرزیگۆڤینا چ ئاراستەیەکی لەبەردەگرت واتە تا چ ئەندازەیەك سیربەکان ئامادەبوون بۆئەوەی بەشی گەورە لەکۆمارەکە بۆخۆیان بپچڕن و تا چ مەودایەك سیرب و کراوەتەکان ڕازی دەبوون لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کۆمارەکە لەسەر حسابی مسوڵمانەکان.

زۆر بەزوویی هەر لەگەڵ ژمارەیەك ڕاپۆرتی ڕەوا سەبارەت بە (( خاوێنکردنەوەی ئیتنیکی)) و پاشان سەبارەت بە ((ناوەندەکانی دەستگیرکردن)) یان سەبارەت بە (( ئۆردوگا زۆرە ملێکان)) گومانی تێدا نەبوو کە مسوڵمانەکان لەماڵی خیانەوە دەبران و لەوەی هەیان بوو بێبەشکران و زۆرێکیشیان کوژراون یان دەست بەسەرکران بەشێوەی دڕندانە یان بەشێوەی قۆناغی زۆر سەرەتایی ژیان. هەروەك بۆ داهاتوو, نەخشەکانی سیرب بۆ ئەو مسوڵمانەنانەی کەلەوێ مابوونەوە و لەبنەڕەتدا ڕێژەی 43٪ی کۆی گشتی دانیشتوانی بۆسنا – هیرزۆگۆڤینیا بوون ئێستا ئەو نەخشانە ڕێژەکەیانی بەنزیکەی 5٪ی دانیشتوانی هەرێمی کۆمارەکەی پێشوو دانا – کەئەویش ناوچەکانی دەوربەری سەرایگۆ و چەند ناوچەیەکی تری بۆسنیایی دەگرتەوە. هەروەهابەڵگەی جێگای قایل بوونی تەواوەتی هەبوو کەسیربەکان وکرواتەکان سەرباری ئەوەی دوژمنایەتی گەورەیان هەبوو, دەیانوویست کۆمارەکەیان دابەش بکەن(38).

## فشار لەسەر تورکیا

لەگەڵ خاوێنکردنەوەی ئیتنیکی و ئاشکراکردنی ئۆردوگاکانی دەست بەسەرکردندا, شەڕ لە یۆگۆسلافیا پیٚی نایە قۆناغێکی نوێوە و پێوانەیەکی نێو دەوڵەتی بەهێز و تەقینەوەیەکی شاراوەی بەخۆیەوە گرت. تورکیا بەشێك بوو لەو مەودا نێودەوڵەتیەی کە بەخۆیەوە گرت. تورکیا بەشێوەیەکی زیاتر کەوتە هەلومەرجێکەوە کە حەزی دەکرد شەڕەکەی لیٚ دوور بکەوێتەوە بەلام لەوکاتەدا نەیتوانی.

<u>**تورکیا بەچەند هۆیەکەوە ڕاکێشرابە نێو ئاگری شەڕی بەڵقانەوە کەئەوانیش واتە هۆیەکانی ئەمانە بوون:**</u>

1- **بەهێزی ڕای گشتی لەتورکیا خۆی**. سەرباری ئەوەی کە زۆر قسە دەکرێت لەبارەی ((دیسانەوە بەئیسلامبوونەوەی تورکیاوە)) بەلام ئاراستەجوڵەی بەتەواوەتی دوور لە عەلمانیەتی ئەتاتورکی هەبوو لەتورکیا هەر لە کۆتایی جەنگی جیهانی دوومەوە بۆ پێکهێنانی بەشی گەورەی وەڵامدانەوەی جەماوەری تورکیا بۆ ئەو داوایانەی (ئاسایی کە داوای هاوڵاتیانی بەتەواوەتی بەئیسلامبوون (( کە دەبیٚ هەندی شت لەبۆسنا ئەنجام بدرێت. نوخبەی کەمالیست لە ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە هێشتا ناڕازی بوون کە ببینن تورکیا جارێکی تر خۆی لەمەسەلەی بەڵقان هەڵدەقورتێنیٚ. بەڵام دەسەلاتی ئەم نوخبەیە بەشێوەیەکی لەبەرچاو لەداوچارەکی سەدەی ڕابردوودا لاواز بوو. لەبری ئەوە, دەسەلات لەگەڵ مسوڵمانە میانڕەوەکاندا ئەو ڕاستەبی خستە ڕوو کەلە ڕەفتاری پارتی ڕێگای ڕاست و پارتی نیشاتمانی دایکدا ڕەنگی دابووەوە و لەلایەن سلێمان دیمیریلی سەرۆك وەزیر و تۆرگۆت ئۆزاڵی سەرۆکەوە بەرجەستەکراب وو سۆشیال دیموکراتەکان کەلەلایەن عەدنان ئینینۆوە رابەرایەتی دەکران بەشێوەیەکی گشتی نەریتی کەمالیستیان بەرجەستە کردووە, بەڵام ئەمانە ئەندام بوون لەحکومەتە هاوپەیمانیەکەی دیمیریلدا و



www.pertwk.com

لەگەڵ پارتی ڕێگای ڕاستدا بەدرێژایی کات. ئارەزووی ڕاستەقینەی سۆشیال دیموکراتەکان هەرچی بووبێت, ئەوەیان زانیووە کەکەمی بایەخدان بەبۆسنا هەرەسی سیاسیانەی ئەمان خێرا دەکات.

لەڕووی ئاینییەوە، تورکەکان و مسوڵمانەکانی بۆسنیا بەگشتی هەستیان بەنزیك بوون لەیەکترەوە کردووە . دوای دەسەلاتکردنی نەمسا – هەنگاریا بەسەر بۆسنیا هێرزۆگۆڤنیادا لەساڵی 1871 دا و جارێکی تر لەبەشی یەکەمی سەدەی بیستدا زۆر مسوڵمانی بۆسنی بەرە و تورکیا گەڕانەوە و ئێستا چەند سەد هەزار تورکێك بڕوایان وایە کە ڕەچەلەٚکی بۆسنیان هەیە(39) دیسان مسوڵمانە بۆسنی و تورکەکان بەگشتی بەشداری هەڵوێستێکی هێمانانە بەرامبەر بە دڵسۆزی ئایینی یان کردووە مسوڵمانەکانی بۆسنا بەتایبەتی بەناوبانگ بوون بەمل کەچکردنیان بۆ فەرمانڕەوایی ئیسلامی لەڕووی ئەخلاقیەوە(40) (بۆ ئەمە و هەروەها بۆ ئیتنیکیەتی سلاڤیان ئاسایی سلاڤیەکان لەلایەن ئیسلامە توندڕەوەکانەوە ناشیرین کراون و دانیان پێدانەنراوە(41).

2- **نەبوونی وەڵامێکی جێگیری ڕۆژئاوای بەرامبەر بە و بارودۆخە**. هەڵوەشاندنەو و ڕاڕایی و بیٚ توانایی بەشێویەکی سەرەکی لەلایەن کۆمەڵی ئەوروپییەوە, هەروەها لەلایەن ولاتە یەکگرتووەکانیشەوە نیشان دراوە, لەوەلامیاندا بۆ بۆسنیا– هێرزۆگۆڤینیا تەنیا وادەرکەوتووە کەبەشێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە تورکیا بگۆڕێت.

3- **گومان کردن لەلایەن ئیسلامەوە** بەوەی کە ڕۆژئاوا ئامادە بووبێت یان تەنانەت پەرۆش بووبێت بۆ بینینی ئەم مسوڵمانەی لە خاڵی پێشەوەی زیان لێکەوتوانی ئەوروپادا بووە, ئەوەش بیرۆکەیەك بووە متمانەی لەخاڵی (2)ی سەرەوە وەرگرتووە. بەمجۆرە لەبەڵقاندا ڕووبەڕوونەوەی سلاڤ بەرامبەر بە

تاوانبارکردنی رۆژئاوا لەپای بەشداریکردنی لەتوانای جینۆسایدی سیربیادا لەجیهانی ئیسلامدا بەربای گویٚ دەکەوت و دەبیسترا, بەڵام ئەو دەنگە بەئاشکرا لە دەوڵەتانی میلیتاری ئیسلامیدا بڵندتر بوو لەکاتێکدا



www.pertwk.com

داوای کاری یەکگرتووی ئیسلامی دەکرا دژی سیربەکان (( جار لەدوای جار بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوون داوای جیهاد دەکرا(44). ئێران لەم هەڵچوونەدا دەوری ڕابەرایەتی کردنی دەبینی هەندیٚ ڕاگەیاندنی رەسمی لەلایەن مەلا سەرکردەکانی ئێرانەوە داوای توندوتیژی دوور لە سەوداگەری سەردەمی لوتکەی دەسەلاتی ئایەتولای خومەینیان دەکردەوە(45) تەنیا لەسیاقی مەسەلە ناوخۆییەکانی ناوەوەی ئێراندا بوو, کە میانڕەوەکان دەبوو هەوڵبدەن بۆ پاراستنی پێکەوە ڕۆیشتن و ژیان لەگەلا توندڕەوەکاندا. لەبەرئەوە لەسیاقی نێو نەتەوەیی ئیسلامیدا تورکیای میانڕەو نەیتوانی بەئاشاکرا واخۆی دەربخات کەبایەخێکی لەئێرانی توندڕەو کەمتر دەداتە ئەو مەسەلەیە.

4- **فشاری جیهانی ئیسلامی**: ئەمەش سیاقێکی تری ئیسلامی بوو کە تیایدا ناکۆکی تورکیا- ئێران ئەنقەرەی ناچاری باری شەڕکردن کرد. پەرەسەندنی نفوزی تورکیا لەکۆمارە تورکە مسوڵمانەکانی یەکێتی سۆڤێتی کۆندا لەسەرەتای ساڵی (1991)ەوە یەکێك بوو لەدەرئەنجامە گرنگەکانی هەرەسی دەسەلاتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی, سەقامگیربوون و فراوانبوونی ئەم نفوزەی مسوڵمانەکان هۆکارێك بوو کە تورکیا بەهۆیەوە توانی ببێتە دەسەلاتێکی گەورەی ئیقلیمی, لەوانەیە بووبێتە هێزێکی گەورەی جیهانی. ئەم کۆمارە نوێیانە زیاتر چاویان لە تورکیا بوو لەچاو ئێراندا چونکە (بێجگە لەتاجیکستان) هەموویان پاشخانێکی ئیتنیکی هاوشێوەیان هەبوو, هەروەها لەبەرئەوەی تورکیا ڕوانینێکی زیاتر هاوچەرخانەی ئیسلامیشان دەدا کە لە سەر زەمینەی تەکنیکی و ئابوری هەڵچنرا بوو. بەڵام هەردوو حکومەتەکە و هاووڵاتیانیش لەم بەرەو پێشەوە چوونە گەورەیەدا بوون و قەڵەمڕەوی نفوزی تورکیا دەیڕوانیە وەلامدانەوەی تورکیا بۆ قەیرانی بۆسنیا بەشێوەیەکی زۆر

دەرئەنجامی هەموو ئەم فشارانە چالاکی‌یەکی دیبلۆماسی چوست و چالاکی تورکیا بوو لەهاوینی ساڵی 1992 بۆهەوڵدان بەمەبەستی بەهێزکردنی بڕیارێ ڕۆژئاوا دژی سربیا. دیسان تورکیا ئەوەی خستە ڕوو کەبەلایەنی کەمەوە (1000) سەرباز دەخاتە ژێر دەسەلاتی هێزی یەکگرتووی هێرشبەر و هێزی بۆمبارانکردنی بەپەلەی ئامانجە سێربییەکان(46) بەڵام تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی ئیلتیزامی تورکیا بەرامبەر بە مسوڵمانە بۆسنیەکان، هەر هیچ نەبێ بەشێوەیەکی گشتی لەچاوی ئیسلامەوە بریتی بوو لەکاردانەوەی تورکیا بۆ هەر ڕێککەوتنێکی ئاشتی یان ئاگر بەست کەلەلایەن دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاواوە ڕێکخرا کەبەشێوەیەکی جێگیر مسوڵمانەکانی لەبارێکی خراپتردا بەجێهێشت لەژێر سایەی دەسەڵات بەسەرداکردنی ئیقلیمیدا. لە هەڵسەنگاندندا، هەلومەرجی بۆسنیا - هێرزۆگۆڤینا تورکیای دەخستە بەردەم تێبینی‌یەوە. تورکیا ویستی جەخت بکاتە سەر مەسەلەکانی تر، بەڵام ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی بەڵقان ئەگەر ناکۆکی نێوخۆی یۆگۆسلافیا گەیشتبێتە کۆسۆڤۆو پاشانیش پەلی کۆتابێت بۆ ئەڵبانیا و ماکدۆنیا، ئەوە دەشێ تورکیا لەقولایی ململانێ و ناکۆکیەکانی هەرێمەکەدا نەیوویستبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو شتەی کە بەلایەوە پەسەندبووە بێجگە لە مسوڵمانەکان، هیچ کام لەنەتەوەکانی تری بەڵقان نەیانووسیت تورکەکان بگەڕێتەوە. ئەگەر تورکەکان بگەڕانایەتەوە وەکو بەشێك لەهێزی فرە لایەن ئەوا کاردانەوەی



www.pertwk.com

یۆنان و بولگاریا بۆ نموونە دەبووە یەکێك لەترسە بێ سنوورەکان. بەمەبەستی هێنانی دانیشتوانی هەریەك لەو دوو ولاتە تا بگەنە ئاستێکی بەرزی وریاکردنەوە و وروژاندن لەبەرامبەر شەپۆلە نوێیەکانی گەشتی (مەهماجیك - Mehmeciks) لەنیمچە دوورگەدا.

ئایا ئەگەر ئەم خەڵکە لەوێ جێگیربوونایە، هەرگیز بەجێیان دەهێشت. لەبولگاریا بەتایبەتی بەهۆی بوونی کەمینەی گەورەی تورکەوە کەئەویش بارگە کراوە بەیادەوەرەی نوێی چەوساندنەوە، دەشیا پێشهاتەکان لەو تووندوتیژیەدا جێگیر نەکرانایە(47) بەدڵنیاییەوە ئەو کەمایەتیە تورکە کۆتایی بەو بەڵێندەرانی چاکسازییە دەهێنا لەپەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و سۆفیادا کەلە ساڵی (1992)ەوە دەستی پێکردبوو. لەکۆتاییدا ئەگەر هەرێمەکە بەگشتی وەربگرین، ئەوا چوونەوە ناوەوەی تورکیا بۆ هەر جۆرە پێکهاتەیەکی سەربازی تواناداری هەمان پێکهاتەی سلاڤیەکانی خێراو فراوان دەکرد. لەڕووداوە ستانی مسوڵمانەکان پێشتر گفتوگۆکرا، هەندێ لەتێڕامانەکانی سەرەتا سەبارەت بەمجۆرە لەڕووداوەستاندنانە لەسەرئەوە بنیادنرا بوو، کۆکرابووەوە لەسەر ئەوەی داخۆ تورکیا توانای هەبوو بەگۆشەگیری و دابڕاو لەو پێکهاتە سەربازییە بمێنێتەوە. ئەم پرسیارە لەوانەیە زۆر زووتر وەڵام درابێتەوە لەچاو ئەوەی کە زۆر خەڵك چاوەڕوانیان کرد بوو.

## پرۆژەی دەریای ڕەش
## دەسپێشکەرییەك بۆ ئاشتی

شەڕ لە بۆسنیا – هێرزۆگۆڤینیا و دۆزەخی مسولْمانان و ئەگەری هاتنە ناوەوەی تورکیا لەساڵی 1992دا پەیوەندییەکانی ئەنەقەری لەگەڵ ولاتانی بەڵقاندا خستە بەردەم ڕووناکی‌یەکی نوێوە. هەروەها لەوانەیە ئەو پەویەندییانەی بەئاراستەیەکی تەواو جیاوازدا بردبێت لەو ئاراستەی کەلەسەرەتای نەوەدەکاندا وا دەردەکەوێت پەیوەندییەکانی پێ بچێتە پێشەوە.

پەیوەندییەکانی تورکیا لەسەر ئاستی ڕەسمی لەگەڵ ولاتانی تری بەڵقاندا بەپێی بایەخی ولاتەکە جۆرا و جۆربوو. لەگەڵ یۆناندا هەروەك پێشتر باسکرا، ئەو پەیوەندییانە بەشێوەیەکی ترسناك لەکۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا هەرەسیان هێنا بوو، ئەوەش ناوبەناو لەساتەکانی شەڕدا گەیشتبووە ئەنجام. پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ بولگاریای دراوسێدا تا ئەندازەیەك لەگرژیدا بوو چونکە بولگاریا وەکو هاوپەیمانێکی تائەندازەیەك مل کەچ بۆ یەکێتی سۆڤێت هەرەشەی بۆ ئاسایشی تورکیا نیشان دەدا. بەلام مێژووی دوو لایەنە بەشێوەیەکی سەرەکی کەمایەتی تورکی لەبولگاریا واحساب دەکرد کەئاسایی‌ناخۆشی‌یەکی تایبەتی بڕژێنیتە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و بولگارییاوە. پەیوەندییەکانیش لەگەڵ سێ ولاتەکەی تری بەڵقاندا کەبریتین لە ڕۆمانیا و یۆگۆسلاڤیا و ئەلبانیا و هەموویان کۆمۆنیست بوون و هەمووشیان پلەی جیاواز سەربەخۆبوونیان لەپەیوەندییەکانی مۆسکۆ بەدەستهێناوە ئەویش لەپەیوەندی زۆر بەهێز و زۆرباشەوە بۆ پەیوەندی باش هیچ کام لەم



www.pertwk.com

ولاتانە هەڕەشەیان لە تورکیا نەکردووە. لەڕاستیدا هەر سێ ولاتەکە لە سیاسەتی دوورخستنەوەی خۆیان لەیەکێتی سۆڤێت، وەها سەیری تورکیایان کرد ئەگەر وەکو هاوپەیمانێکیش نەبێت، ئەوا بەلایەنی کەمەوە دەوڵەتێکە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تەواوکەری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەو ولاتانەیە. لەسەر وەختی ئەنوەر خواجەدا ئەلبانیا لەزۆر ڕووەوە ولاتێکی مەنبوزی نێو دەوڵەتی بوو. تورکیا پەیوەندی باشی هەبوو لەگەڵ زۆرلادا لەسەر حسابی مسولْمانەکان و پەیوەستبوونەکانی ئیمپڕاتۆرێتی عوسمانی. تەنانەت وەکو سەرکردایەتی جەنگاوەری کۆمۆنیست ئەنوەر خواجە نەیتوانی بەتەواوەتی میراتی تورکی ڕەتبکاتەوە بەتایبەتی کاتێ لەگۆشەگیرییەکی ڕاستەقینەدا مابووەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا لەساڵی 1989 دا و لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی سارددا بەلام پێش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت خۆی – هاوپەیمانیەکانی پێشتری بەڵقان تەنسیق کردنەکان هەرەسیان هێنا. لەساڵی 1992 دا و دوای هەرەسی سۆڤێتی بارودۆخەکە لەسەر ئاستی جیهان گۆڕا. لەژێر سایەی سەرکردایەتی ئۆزاڵدا تورکیا دەستی کرد بەخۆ خەریك کردن بەهەردوو بواری دیپلۆماسیەتی فرەلایەنەوە دوولایەنە بەمەبەستی کردنەوەی قەناتی گێڕانەوەی سەروئاسایی ڕووداوەکان لەهەردوو لایەنی‌ی بیناکردنەوە و لەپێناوی بەرژوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیدا.

هاوشانی دەستپێشکەرییەکانی لەبەشە تورکەکانی یەکێتی سۆڤێتدا، دیسان تورکیا وەکو ڕووبەرێکی سەرەکی بۆ بەرژەوەندیەکانی سەیری بەڵقانی نەدەکرد، بەڵکو وەکو ناوچەیەك سەیری دەکرد کەتیایدا هەلومەرجی دوای شەڕی سارد پێویستی بەسەقامگیری و هەنگاونانی بەرە و شێوازی هاریکاری بۆ داهاتوو هەبوو. لەم ڕوانگەیەوە دەستپێشکەری هەمە لایەنەی تورکیا ئۆزاڵ

BECK) کەئەویش

خستنە ڕووی فێلێکی تەواو ئاشکرا بوو.

وەکو لەلایەن تورکەکانەوە ڕاگەیەندرا, ئامانجی سەرەکی پرۆژەی دەریای ڕەش بۆ ڕەخساندنی بارودۆخێکی پەسەند و دامەزراندانی ڕێکخستنە دامەزراوەییەکان بوو لەنێوان ولاتانی دەریای ڕەشدا بەمەبەستی پەرەسەندن و جۆراوجۆرکردنی پەیوەندییە ئابورییەکانیان ئەویش لەرێگای بەکارهێنانی تەواوی ئەو کەڵك و سودانەی کەلەئەنجامی نزیکی جوگرافی و سروشتی یەکتر تەواوکەری ئابورییانەوە دەردەکەوێت(48).

کۆنفرانسی (دەستووری) فرە نەتەوەیی کەلە کانونی یەکەمی 1990دا لەئەنقەرە بەسترا واتە ساڵێك پێش دوا هەرەسی یەکێتی سۆڤێت, ڕۆمانیا و بولگاریا بەشدارییان تێداکرد, هەروەها شاندی سۆڤێتی جێگرەکانی وەزیرانی دەرەوەی ئازربایجان و جۆرجیا و مۆڵداڤیا و ئەرمینیای تێدا بوو. لەنیوەی یەکەمی ساڵی 1991دا کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردنی قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەو پرۆژەیە لە بوخارست و سۆفیا و مۆسکۆ ئەنجام درا. ئەم کۆبوونەوانە ڕێکخران بۆ یارمەتی دانی ڕەخساندنی هەلومەرجێکی گونجاو بۆهاریکاری نێو حکومەتی و ناحکومەتی هەردووکیان, ئامانجی درێژخایەنی ئەم کارەش بریتی بوو لە دروستکردنی)) ڕێکخراوێکی نەرموونیان(بەمرونەت) (( کەئاسانکاری دەکرد لە )) ناوەندە ئازادەکانی خەڵك و کۆمەڵەکان و سەرمایە و خزمەتگوزارییەکاندا)). بوارە سەرەتاییەکانی هاریکارییکردنی نێوحکومی ئەم بەشانەی لەخۆ دەگرت: پەیوەندیکردنی دووربەدوور (تێلی کۆمۆنیوکەیشن) و , وزە و ئەسڵ و پرۆسێسی مادە خاوەکان و پاراستنی ژینگە و توێژینەوەی زانستی و تەکنۆلۆژی و دامەزاندنی ناوچەی بازرگانی



www.pertwk.com

ئازاد و کشتوکاڵ و , پیشەسازی کشتوکاڵی و پرۆسێسی خۆراك ئامادەکردن و گەشتوگوزار و بوارەکانی دەرمانسازی.

بەزەحمەت ئەوپرۆژەی ئۆزاڵ دەبووە جێگای سەرسام بوون, پرۆژەکە جەختێکی گەورەی خستە سەر پرۆژەی تایبەت لەهاریکاری نێو نەتەوەیدا, تورکەکان گفتوگۆی ئەمەیان کرد کە یارمەتی گواستنەوە بۆ ئابوری بازاڕی ئازاد دەدەن کە یەکێتی سۆڤێت و بولگاریا و رۆمانیا لەنێو ئەو گواستنەوەیەدا ڕێگایان دەکرد. تەماعی فراوانتر و کۆتایی ئەم پرۆژەیە بۆ هەرێمی دەریای ڕەش بوو کە ببێتە (( بەشێکی تەواوکەری ئابوری جیهانی. پرۆژەی هاریکاری هەرێمی دەریای ڕەش ئیدعای ئەوەی بۆ دەکرا لە کۆتایی جەنگی سارد بەدواوە و لەهەرەسی دوژمنایەتی نێوان بلۆکە جیهانیەکانەوە پرۆسەیەك بوو کەلەوانە بوو یارمەتی خێراکردنی((ڕوداوەکان)) بدات.

ئەو پرۆژەی ئۆزاڵ پرۆژەیەکی خەیاڵاوی نموونەیی پڕ لە فێڵی فراوان و خەیاڵی بەرهەم هێن بوو, بەلام ئامانجی سەرەکی تورکیا گەیشتن بوو بەبازاڕی سۆڤێت و نزیك بوونەوە لەمادە خاوەکانی سۆڤێت. ئەو جەختەی کراوەتە سەر هاریکاریکردنی تەنیا لەگەڵ ناوەندی سۆڤێتی خۆیدا نییە, بەڵکو ئەو جەختکردنە بۆ هاریکاریکردنیشە لەگەڵ کۆمارەکاندا بەتەنیا, دیسانەوە دڵنیا بوونەوەی دژی دوا داڕمانی یەکێتی سۆزێتی پێشوو پێشکەش کرد کەئەو ڕووخاندنەش لەچاو ئەوەی چاوەڕوان دەکرا زۆر زووتر ڕوویدا. بەشێویەکی دیاریکراو دیمەنی بەڵقان لەپرۆژەکەیدا لەسەرەتادا هێجگار بچووك دەرکەوت. بولگاریا وبەتایبەتیش رۆمانیا نەیاندەتوانی گەشبین بن سەبارەت بەڕزامەندی زووی سیاسیانە و ئابورییانەی ئەوروپای رۆژئاوا, بەڵام ئەم ئەمانجە هێشتا لەڕووی لەپێشتردانانەوە بایەخێکی زۆر بەرزتری پێدراوە لەچاو ئاراستەی

کارەساتی روخاندنی سۆڤێت پێشەوەچوونی لەگەشەکردنی دەسپێشکەرییەکانی تورکیادا دواخست, لە کاتی ڕووخاندن و پاشانیش لەکاتی نەیارێتی نوێیان نەیارێتی دووبارە زیندووبوەوەدا یان ململانێکاندا لەچەند بەشێکی ئیمپڕاتۆرێتی سۆڤێتی کۆندا, هەر پێشنیارێك بۆ جۆرێکی نوێیان هاریکاری هەرێمایەتی لەلایەن زۆر خەڵکەوە وەها سەیرکراوە کە شتێکی نەبینرا و بووبێت و دوای ئەوەش بەئاشکرا شتێکی پێش کات کەوتوو بووبێت. بەلام تورکەکان بەردەوامبوون تل لە حوزەیرانی 1992 دا یانزە سەرۆك حکومەت بەشێوەیەکی ڕەسمی لەئەستەمبولْ کۆبوونەوە بۆ بەرە و پێشەوەبردنی پرۆژەی هاریکاری ئابوری دەریاری ڕەش. یۆنان و ئەلبانیا کە لەولاتانی دەریای ڕەش نین, بەشێوەیەکی سەرەتایی بەئەندام دانەنران لەگەڵ رۆمانیا و بولگاریادا پێکەوە نوێنەرایەتی کراون. هەروەها لەوڵاتانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو ئازربایجان و ئەرمینیا و جۆرجیا و ئۆکراین و مۆڵدۆڤیا و ڕووسیا و هەروەك ئیکۆنۆمیست ( The Economist) دایناوە هیچ کامیان توانایەکی دیاری ئەوتۆیان نەبووە کەناوبانگی هاریکاریکردنیان پێ ببەخشێت(49) پرۆژەی دەریای ڕەش بوو بە نیشانەی متمانەی تورکیا و دەرخستنی دیسانەوە دەرکەوتنەوەی لەرادەبەدەری دیمەنی دوای جەنگی سارد.

ئەو حەماسەتەی بۆ پرۆژەی دەریای ڕەش هەبوو پێویستبوو بەهۆی روانینێکی واقیعینانەوە بۆ بارودۆخی زۆربەشی ئەو ناوچانە کە وا دادەنرا بارودۆخەکە بارودۆخێکی ئابلۆقەدرا و بێت کەم بکرایەتەوە. لەبەرئەوەی ململانێ لەیەکێتی سۆڤێتی پێشوو, لە بەڵقان پەرەی سەند. پرۆژەی دەریای



www.pertwk.com

ڕەش کەمێ لەوە زیاتر بوو کە چوار چێوەیەك بێت بۆ داهاتوو میکانیزمێك نەبوو بۆ چارەسەکردنی ناکۆکیەکان, بەڵکو میکانیزمێك هەبوو بۆ ئاسانکاری هاریکاری کردن, ئەوەی تەنیا جارێك ناکۆکیەکان بەتەواوی چارەسەر بکرانایە ئەگەر ناکۆکیەکان بەردەوامبوونایە و چڕتر بوونایەتەوە, ئەوا پرۆژەی دەریای ڕەش لەباردەچوو – کەئەوەش بیرۆکەیەکی تری توندوتیژ بوو کەهەرگیز ئەو زەمینەیەی بەجێنەهێشت. ئەوەش بەتەواوی ئەو ناوچانەی دەگرتەوە کە تورکەکان تیایدا هەوڵیان دەدا بۆ چالاککردنی هاریکاری کردن ئەو ناوچانەش ناوەندی ناکۆکی هەرە ترسناك بوون. ئەرمینیا و ئازربایجان پێشتر لە شەڕدا بوون. جۆرجیا ئاژاوەی ناوخۆ لەهەموو لایەکەوە ئابلۆقەی دابوو. روسیا و ئۆکراین لەسەر رۆخی ناکۆکیەکان هاوسەنگ کران, مۆڵدۆڤیا ڕووبەڕووی کێشەکانی جیابوونەوە دەبووەوە, ئەمانەش ئەو گیروگرفتانە بوون کە دەسپێشکەری پرۆەژەی دەریای ڕەشیان دەکوشت.

لە ڕاستیدا بەڵقان هەمیشە پەراوێز بووە بۆ پرۆژەی دەریای ڕەش. هەلومەرجی جیۆپۆلەتیکیانە ئەو دوو ولاتەی هێنابووە ناو پرۆژەکەوە و هەروەکو پێشتریش باسکرا حکومەتەکانیان بۆ ئەو مەسەلەیە حەماسەتیان نەبوو . یۆنان و ئەلبانیا دوای ئەوە هێنرانە ناو ئەو پرۆژەیەوە, بەڵام کام دەور , ئەگەر دەورێك هەبوایە, دەشیا ئەم دوو دەوڵەتە بەجۆرێك بیبینن کەلەبەر چاو بێت یان بەرچاو بکەوێت.

لەسەر ئاستی جەماوەری دەبێ ئەوە تۆمار بکرێت کە لە ناوەڕاستی ساڵی 1992دا ئەستەمبوولْ بوو بەموگناتیسێك بۆ ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە رۆمانی و بولگاری بەتایبەتی ئەو لاوە مولتەزیمانەی کە بەپایتەختی دێرینەی لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا بڵاوبووبنەوە و توانای خۆیان دەفرۆشت و لەدوای کار یان ئیشی یاسایی یان نایاساسی دەگەڕان (50) بەمجۆرە, کاتێ سیاسی

www.pertwk.com

# تێبینی

1- مێژووی پڕ لەشکۆی بەڵقان.

Barbara Jelavich, History of Balkans, two Volumes, Cambridge University press, 1983.

بۆ سەردەمی عوسمانیەکان بڕوانە Vol. 1, p.p.38 – 126

هەروەها بڕوانە :

Wayne S. Vucinch, The Othman Empire: Its record And Legacy, Priceton, N.J: Van Nosterand. 1965.

2- Bernard Lewis, the Emergence of Modern Turkey, London: oxford University Press, 1961, also Jelavich, History of the Balkans, Vol.11, P.P, 126- 133.

3- Richard clogy" Troubled Alliance Greece and Turkey, in Richard clogy, ed. Greece in the 1980 London, MacMillan, 1983, p.p.123 – 149.

4- See Aurel Baraun, Small – State Security in the Balkans, London: MacMaillan., 1983, p.p.40-44.

5- Jesse W.Lewis, Jr, the Strategic Balance in the Meditereanean, Washinton, D.C: American Enterprise Institute, 1983. p.p. 70-72, 155-169, Barry Buzan" The Statuse and future of the Montreux convention" Seviral. Nov; Dec.1976.

6- Braun, Small – state Security, p.p. 44- 46.

7- J. F. Brown, Bulgaria Under communist Rule, New York: praeger, 1970. p.p 293 – 297.

8- دوو حاڵەتی سوکایەتی پێکردنی هێجگار گرنگ بو تورکیا بریتی بوون لە : یەکەمیان لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1962 دا بوو کاتێ وەکو بەشێك لەچارەسەرکردنی قەیرانی ساروخی (کۆبان) سەرۆکی ئەو کاتە جۆرج کەنەدی ڕازی بوو ساروخەکانی جیوپیتەر لەتورکیا لاببات بەبێ ئەوەی ڕاوێژ لەگەڵ حکومەتی تورکیادا بکات. دووەمیان لەوەش ترسناکتر بوو ئەویش ئەو بێزارییە بوو کە بەهۆی نامەکەی سەرۆك (جۆنسن)ەوە بۆ عیسمەت ئینینۆ لە حوزەیرانی 1964دا ڕوویدا کە تیایدا ئینینۆی وریاکردەوە, ئەگەر تورکیا قوبروس داگیر بکات. ئەوا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکانە ناتۆ بەفریای تورکیا ناکەوێت ئەگەر یەکێتی سۆڤێت ئەو هەلە بقۆزێتەوە بۆ هێرش کردنە سەر تورکیا.

ف. ستیڤن لارابی شیکردنەوەیەکی کورتی لەبارەی دەستێوەردانی ئەمەریکا لەگەڵ تورکیا و یۆنان هەردووکیاندا لە ئاسایشی بەڵقان پێشکەش دەکات . بڕوانە :

Adelphi paper No. 135, London IIss and "The Southern Periphery" Greece and Turkey, In Paul W, Shoup, ed, and georg W. hoffman . project Director, problems of Balkan Security: Southeastern Europe in the 1995 s , Washington, D.C; Wilson Center, 1990, p.p.173 – 302.

9- لەسەر ئەم جۆراوجۆرکردنە بڕوانە :

Udo Steinbach, Turkei: diversifizierung der Aussenpolitiik, Aussenupolitik, No.4, 1973.

10- John O. Iatrides" Greece and the united State, the Strained Partnership" in clogy, Greece in the 1980 s p.p. 169-170.

11- Braun, Small- State Security, p.p. 51 – 53.



www.pertwk.com

12- Jelavich, History of the Blanks, Vol. I p.p.59-63, vol. II, p.p. 127- 168.

13- Jelavich, History of the Blanks, Vol. I p.p.79- 105.

14- Jelavich, History of the Blanks, Vol. I p.p. 134- 243.

15- باشترین بەرهەم لەسەر کارلێکردنی کۆمۆنیزم و ناسیونالیزم لەیەکتری لەپاشماوەکانی بەڵقاندا لەلایەن پۆل ليندڤایەوە نووسراوە. بڕوانە:

- Paul Lendai, Eagles in cobwebs: Nationalism and Communism in the Balkans, New York: Doubleday, 1969.

16- J. F. Brown. Eastern Europe and Communist Rule, Darham, N.C. duke University press, 1988, p.p. 263 – 293, 317 – 3939, 415- 444.

هەروەها ویست و هەڵچوونی هەمان نووسەر بۆ ئازادی بۆ ئەو مەبەستەش بڕوانە:

- the End of Communist Rule in Eastern Europe, Durham, N.C. Duke University press, 1991, p.p.181- 245.

17- یەکێك لە باشترین ڕەخنە باوەکانی کەلەم سالآنەی دوایدا لە بەڵقان دەگیرێت لەلایەن ڤیکتۆر میارەوە بووە لە (Frankfurter Allgemeine Zeitung) هەروەها لەلایەن ئەلیکسەندەر ئۆپلاتکا و سایریل سیتگەرەوە بووە لە (Neue Zurcher Zeituny) بۆ وتارێکی زۆرباش لەو بارەیەوە بڕوانە.

- F. Stephen Larrabee" Long Memories and Short Fuses:

گۆڕان و ناسەقامگیری لە بەڵقاندا " ئاسایشی نێونەتەوەیی,

International Security, Vol. 15, No.3 Winter 1990 – 1991.

بۆ پێداچوونەوەیەکی کورت بڕوانە.

Welcome to the Sething South, The Economist, March, 2-8 , 1991.

18- Viktor Meire , Das Serbien Milosevicهs Schafft in Sandzakein Zweites Kosovo" Frankfuter Allgemeine Zeitung, June 25, 1991.

19- On Kosovr, see Brown, Suerge to Freedom , p.p, 226 – 228.

20- Bishop Amphilocius of pecs, in an interview with Thomas Ross, Frankfuture Allgemeine Zesitung, November, 6, 1989.

21- Viktor Meire, Weder die Mazedonische Frahe", Frankfuter Allgemeine Zeitung, June 22, 1990.

22– سەرۆکی نوێی (Imro) لیوپیکو جیورجیڤیکی ئەو وریاکردنەوەی دەدا لەساڵی 1991 دا کە ماکدۆنیای سەربەخۆ دەشیا گفتوگۆی داهاتووی خۆیی بکردایە لەگەڵ یۆنان و بولگاریادا بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە :

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کارل گۆستاڤ سترۆهم لە ( Die Welt, January 4, 1991)دا لەبارەی ئەسڵ و نەشونوماکردنی (Imro) وە بڕوانە

Duncan M. Perry, The Polities of Terror, Te Macedonian Revolutionary Movements, 1893 – 1903, Durham, N.C. Duke University Press, 1988.

23- Duncan M .Perry, Macedonian: A Balkan Problem and a European Dilemma" RFE/RL Research Report, Vol, 1. No. 25, June 19, 1992.

24- Albaneis Ungeloste national Frage" Neue Zurcher Zeituny, April 6, 1992.

25– لەبارەی هۆکارەکانی کە یۆنانیان والێکردووە ڕەفزی ئەوە بکات کەدان بە ماسیدۆنیادا بنێت بڕوانە :

Howard La Franchi," Greeks United in Opposition to Independent Macedonia," Chritian Scince Monitor, June 24, 1992.



www.pertwk.com

زۆر لێکۆڵینەوە ئەوەیان بەلاوە  پەسەندە کەباشترین لێدوانی هەمە لایەنەی ئەم مەسەلەیە لەلایەن (Neue Zurcher Zeitung) ەوە بووە.

"Mazedoniens Recht aut Seinen Namen, June 22, 1992, and" Athens Mazedonische Angste ", June 25, 1992.

سەبارەت بە هەڵوێستی یۆنان لەسەر کۆسۆڤۆ و بەڵقان بەگشتی بڕوانە دوو وتار لەلایەن (ڤیکتۆر مییەر)ەوە.

Viktor Meire Europa hat die Wahl zwischen Athens and Skopje " and " Grosse Schwierigkeiten mit Mazedonein,Frankfurtuer Allgemeine Zeitung, June 9 and 10, 1992.

26- Huge Louis Kostanick" The geopolitics of the Balkans" in charle and Barbara Jelarich, eds" The Balkans in Transition, Berkely: Universty of Californiq Press, 1963, p.40.

27– سەبارەت بەرِیْ و شوێنەکانی دژ بە تورکیا لە بولگاریا بڕوانە

- Brawn. Eastern Europe and Communist Rule, P 427 and Surge to Freedom, P. 195 in 1991 and 1992.

لەساڵی 1991 و 1992 دا نزیکەی (140000) تورکی بولگاری چوون بۆ تورکیا وەکو کارکەری میوان لەبەر باری ئابوری داڕما و لەبولگاریا.

Reuters, Sofia, August,3, 1992,

ئەو ژمارەی (140000) کەسە دەشێ زیادە ڕۆیی تێدا بێت بەلام دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت کەئەو ژمارە گەورەی کۆچکردنی کورت خایەن بۆ تورکیا لەهاوینی (1991)ەوە دەستی پێکرد .

28- Jelavich, History of the Blanks, Vol. I I, p.176.

29– بڕوانە ڕاگەیاندێك لەلایەن

Greeke Premeir Mitsotake to Hurriyat, I Stanbul, June 15, 1991.

www.pertwk.com

FBIS - WEO, 91 – 118. June 19, 1991. P.33.

30– ئەدەبیاتێکی پڕ لە ناکۆکی و ڕەخنەی لەبەرچاوی یۆنانی – تورکی هەیە لەسەر سرەیسی رۆژئاوا کە دەربارەی بێزارکردنی تورکەکان و وەلامدانەوەی یۆنانیەکانە. بۆ ڕەخنەیەکی واقیعی تورکی بڕوانە.

Dr. Sadik Ahmetەs interview in Nokta, Istanbul, April 14, 1991, FBIS - WEO, 91 – 108. June 5, 1991. P.53.

(سدیق ئەحمەد نائیبی پەرلەمانی یۆنانی بوو بۆ شاری کۆمۆلینی سرەیسی رۆژئاوا) سەبارەت بەکەمبوونەوەی خێرای کەمایەتی یۆنانی لە تورکیا بڕوانە .

Aleris Alexadvis" Political Expediency and Human Right: Minority Issues between Greece and Turkey "paper Delivered at the conference of Minority Rights policies and practice in Southwest Europe, in Copenhagen, March 30 – April 1, 1990).

(ئەم باسە لەلایەن سەفارەتی یۆنانیەوە لە واشنتۆن D.C پێشکەش کرا).

31- J. F. Brown. "The East European Agenda" in Ivo John Ledrev Ed: Western Approaches to Eastern Europe, New York: Council on Foreign Relations press, 1992, pp.30- 31.

32- Judy Dempsey" Secret Talks over Yugoslav Borders to Be Restarted" Financial Times, July, 10, 1991, Tim Judah, Creation of Islamic Buffer State Discussed in Secret," The Times , London, July 12, 1991.

33- Maria Dejevsky" Turkey is Warned of War Risk" The Times London, May 21, 1992. Gerd Holer" Sabelrassen in Ankara" Frankfurter Rundschau, May 22, 1992. Nicole pope, La Turquie estime qu une intervention



Militaire entamerait son credit international, Le Monde, May 22, 1992.

34- Chris Medges" Kurds in Turkey Seem to Be Nearing Full – Scal Revolt," New York Times, March, 30, 1992.

35- Wolfgang Gunter Lerdi," panaturkismus order Europa, Frankfuture Allgemeine Zeitung, and April 27, 1992. Hugh pope," Demirel woos Turkish – Speaking Astate" The Independent, April 27, 1992.

36– بایەخی تورکیا پێش نزیکەی ساڵێك دەستی کردە دەرکەوتوون پێش ئەوەی عیزەت بیکۆفیچ لە حوزەیرانی 1991دا سەردانی تورکیا بکات کەلەو سەفەرەدا بیکۆفیچ دەربرینی زۆری ناڕەسمی گوێ لێ بوو سەبارەت بەپشتگیری کردنی بۆسنیا – هێرزۆگۆڤینایەکی سەربەخۆ بەلایەنی کەمەوە دوو رۆژنامەی ئەستەمبوڵی پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە تورکیا مسوڵمانەکانی بۆسنیا مەسیدۆنیا بپارێزێت (حوڕیەت و جمهوریەت) هەردووکیان لە 12ی حوزەیرانی 1991,دا بەلام چەند مانگێك تێپەڕی تائەو کاتەی کەشەڕ بەڕاستی لە بۆسنیادا سەری هەڵدایەوە.

37– لەبارەی کۆنفراسی ئیسلامیەوە بڕوانە

Judy Dempsey," Islamic Nations press Un of Force," financial Times. August 7, 1992.

38- Tim Judah," Sarajevos plight cancels Stealthy partition of Bosnia, The Times, London, and July, 8, 1992.

39- Omer Erzeren,"Turkei: Bomben out Serbische, Stellungen," Tagezseitung, Barlin, August 11, 1992.

40– وەکو مسوڵمانێکی بەرپرس لەبۆسنا گوتی: ئێمە مسوڵمانانی ئازاین‌و بەشێکین لە کولتوورو شارستانێتی ئەوروپاو نزیکەی 70٪ی مسوڵمانەکانی بۆسنا هیچ لەبارەی ئیسلامەوە نازانن. مەشروبات دەخۆنەوە, گۆشتی بەراز دەخۆن, ئەمەش لەلایەن (پیتەر ماس)ەوە وەرگیراوە, سیربەکان

www.pertwk.com

Network Times, August 11, 1992) گەوهەری ئەم بڕگەیە ڕاستە بەلام بڕێکی زۆر موبالەغەی گوتاردانی تێدایە.

41- Michael Binyom" Iran Urges Islamic State to Intervene. The Times, 1792.

42- Mass; Serbs Say theyre Fighting Islamic Fundamentalism.

43- Erzerin, Turkei."

44- Amir Taheri" Die Islamische welt Ruft Zu Dschihed gegers Serbien out," Die welt, August 10, 1992.

دیسان بڕوانە :

Fred Halliday" Bosnia and the Sword of Islam" The Guardian, August 10, 1992.

45- Wolfgong Kohler" Iran fur eine Islamiche Armee," Frankfurter Allgemene Zeitung, - August, 12, 1992.

46- Jonathan Rugman," Turkey offers 1.000 troops for UN Force," The Guardian . August 17, 1992.

47- Wolfyang Gunter Lerch, Unid wenn die Turen Kamen?" frankfurter Allgeneine, August 12, 1992.

48– لەبارەی (BECR)ەوە بڕوانە باسێکی بلاّونەکراوە لەژێر ناونیشانی (( پرۆژەی هاریکاری هەرێمی دەریای ڕەش لەلایەن دکتۆر سوکرۆ ئیلیکداگەوە لەوەزارەتی کاروباری دەرەوەی تورکیا, 9ی مایسی 1991 بڕگەکانی سەبارەت بەم پرۆژەیە لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە.

49- Black Sea Zone – Black Hole," The Economist, June 7, 1992.

50- Rudiger Wischenbart" Auch die Osmanen hatten ihr Reih aut den Balkan hin ansgerchtt," Der Tagesspiegel, Berlin, August 9, 1992.

www.pertwk.com

# بەشی پێنجەم

## ڕۆڵی پەرەسەندووی تورکیا لە جیهاندا

گراهام. ئی. فۆلەر

بەشێوەیەکی ئێجگار چاوەڕوان نەکراو,جیهان لەکۆتای سەدەی بیستدا بەشێوەیەکی ئاشکرا لەلایەن گۆڕانی جیۆپۆلەتیکی‌یەوە دووچاری لێدان هاتووە کەئەو لێدانەش لەمەودای بینیندا هەر لەجەنگی جیهانی یەکەمەوە بەشێوەیەکی ناتەریب ڕۆیشتووە.هەرەسی کۆنۆنیزم وهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت هەرئەوە نەبووە کەپانزە دەوڵەتی نوێی لەجیهاندا لێکەوتبێتەوە,بەڵکو جەنگی ساردی لەسەرئاستی جیهان کۆتایی پێهێنا وشەپۆلی بەهێزی ناسیۆنالیزم وجیاخوازی لەزۆر دەوڵەتی تردا خستە جوڵە کەلەنێوئەو دەوڵەتانەدا یوگۆسلافیا هەرە سەرنج راکێشترین نمونەیە. ئەم رووداوە هەرێمایەتیانە بەردەوام بووە بۆ بەجوڵە خستنی کاریگەری شەپۆلی جەماوەری لەنێو ژمارەیەکگی زۆر لەدەوڵەتانی کۆمۆنیستیدا لە جیهاندا.

پڕۆسێسی دابەشبوون وهەڵوەشانەوەی چەمکی بنچینەیی دەوڵەتی نەتەوەپێدەچێت تازە دەستی پێکردبێت.توکیا لەنێو ئەو دەوڵەتانەدا بەشێوەیەکی هێجگار خێرا وراستەوخۆ بەهۆی گۆرانکاری دەوروبەرەوە کاری لێکراوە تورکیا کەوتۆتە جیۆپۆلەتیکی گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە. تورکیا بۆماوەی چەندین دەیە بەڵام ئێستا توکیا دەکەوێتە چەقی پەرەسەندنێکی خێرای هەرێمێکی نوێی جیۆپۆلەتیکی‌یەوە کەئەویش هەرێمی جیۆپۆلەتیکی گەلانی تورکە. لەئەوروپای رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوای چین کە لەو هەرێمەدا تورك لەئایندەدا دەوری سەرکی دەبینن(1).ئەم گۆرانکاریە جیۆپۆلەتیکیانە کە یەکیان گرتووە لەگەڵ ئامادەبوونی نوێی توکیا لەروداوە نێودەوڵەتیەکاندا کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر ئەورێگایەی کە تورکیا سەیری خۆی پێدەکات و لەوانی تری پێدەکولێتەوەو ئەوانی تریش پەی پێدەبەن.



www.pertwk.com

دەرکەوتنی (جیهانێکی تورکی) تەواو نویٚ,هاوشێوەی جیهانی عەرەب لەقەبارەو مەودای فراوانیدا,بەلای زۆربەی جیهانەوە مایەی سەرسوڕمانە.پشتێنەی گەورەی تورکی ئێستا خۆی ئاشکرا کردووە,کە لە بەڵقانەوە درێژ دەبێتەوە بەتورکیا وئێران وئاسیای ناوەندا تادەگاتە ناوجەرگەی خاکی تەتەرستان لە ڕوسیادا و لەوێشەوە بۆ سیبریای رۆژئاواو تاقولایی چینی رۆژئاواو ئەنجا بۆ سنورەکانی مۆنگۆلیا,کەبەگشتی (150)ملیون کەس دەگرێتە خۆی.چەمکی هەستی هاوبەشی تورکایەتی تائەندازەیەك لەناوهەموویاندا بڵاوە(2).

پلەی پێکەوە پەیوەستبوونی سیاسیانە کەلەم پەیوەستبوونە نزیکە کەلتوری وئیتنیکی‌یەوە هەڵدەقوڵیٚ دەشیٚ بەچاکی سنووردار بکریٚت. بەڵام بوونی (پشتێنەیەکی تورکی ) نویٚ دەبیٚ ڕەگەزێکی سەرکی بێت لەبیرکردنەوەی جیۆپۆلەتیکیانەدا سەبارەت بەئاسیاو لەئێستا بەدواوە- لەوانەیە ئەویش هاوشێوە بێت بۆ پەیوەندیە تایبەتیەکان کە لەنێوان دەوڵەتە عەرەبیەکاندا هەن. پلەی جیاوازیبوون لەنێوان دەوڵەتانی ئاسیای ناوەندا لەکاتێکدا کە واقیعی سیاسی هەمیشە لەلایەن رووناکبیرانەوە وەها دەبینرێت وەکو ئەوەی شتێکی دەسکردبێت ولەوانەشە کاریگەری خێرای هەبێت لەسەر یەکێتی سیاسی لەهەندیٚ کاتی داهاتوودا.

ئەگەر کەسێك بەشێوەیەکی سەرتاپایی بتوانێت (بەگشتی بوون) ئەنجام بدات سەبارەت بەئەزمونی مێژوویی گروپە ئیتنیکی‌یەکان, ئەوا یەکێك لەتێبنی‌یەکان ئەوەیە کەگەلانی تورك کە لەئەسڵدا لەپاشخانێکی خێڵایەتیەوە هاتوون بەشێوەیەکی نەریتیانە خەڵکێکی شێوە عەسکەرین کە تائەندازەیەك وبەجێگری بۆ هەر لایەك ڕۆیشتبن دەسەڵاتیان بەسەرداکردووە,بەشێوەیەکی جۆراوجۆر ئەمانە دەسەلاتیان بەسەر بەشێکی فراوانی ئاسیاو مۆنگۆلیا

دەسەڵات بەسەرداکردن نەك وەکو ئەزمونی دەسەڵاتدار ئاسایی وریاکردنەوە وگومانێکی گەورەتر دەدات بەکەلتوری سیاسی ئەمجۆرە کۆمەڵگایانە دەربارەی دەوری چارەسەرکردنی(مەسەلەی)هێزە دەرەکیەکان.

لەکاتێکدا کە ئەم بەگشتیکردنانە دەشێ تەنها لەگەڵ بەئاگا هێنانەوەی توندوتیژدا وەربگیرێت, پێشنیاری ئەوەدەکەن کە گەلانی تورکی تازە رزگاربوو دەیانتوانی ببن بەهێزێکی سیاسی گرنگ لەجەرگەی ئاسیادا, لەئاکامیشدا روانین بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی بنیاتنراو لەسەر بنەمای ئیتنیکی. نەریتەکانی تورکەکان لەدەسەڵاتدا پێشنیار دەکات کەئەمانە لەوانەیە ئارەزوویەکی کەمتریان بەلای رادیکاڵێتیدا هەبێت وبنەمای مێژوویی کەمتریان هەبێت بۆ راهێنانی دژ بەمەیلە رۆژئاواییەکان.



www.pertwk.com

## چۆن تورکیا دەبێتە جێگای بایەخ بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان؟

لەچ رێگایەکەوە تورکیا دەبێتە جێگای بایەخ بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لەجیهانێکی پڕ لەگۆرانکاری خێرادا؟ ئەم پرسیارە ئەمڕۆ بەئاسانی وەلام نادرێتەوە لەکاتێکدا کە بەرژەوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان خۆیان لەحاڵەتی گۆرانکارییەکی گەورەدان لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی ساردا.,جەنگی سارد ئاسایی زۆر ولاتی گەورەی فڕێدایە پەراوێزەوە.ئەگەر بایەخی کاتی وجیۆپۆلەتیکی ئەو دەورەی بەرهەم هێنابێت لەپێشبڕکێی رۆژئاوادا لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا ئەوا دەوڵەتانی جۆراوجۆری وەکو ئەفغانستان وئەنگۆلیا ونیکاراگۆ لەحسابکردنی ولاتە یەکگرتووەکاندا کێشێکی تایبەتیان وەرگرتوە کە بەتەواوەتی ئەوەش بەهۆی سۆڤێت وکەسانیچالاکی سەربە سۆڤێتەوە بووە لەوێڕا,تورکیا لەڕووی مێژووییەوە بایەخی خۆی بۆ رۆژئاوا لەپێگەو زەمینەی ستراتیژی خۆیەوە داڕشتوە کەکەوتۆتە بەشی باشوری یەکێتی سۆڤێت وپارێزەری دەربەندی بۆسفۆڕ ودەردەنیلە کە ئەوەش دەسەڵاتی کردوە بەسەر رێگای دەسەلاتی کۆمۆنیستیدا لەدەریای رەشدا وئیلتیزامی ئاشکرای تورکیا لەهۆکاری ئاسایشی رۆژئاوادا, هەر لەزووەوە لەشەڕی کۆریادا دەرکەوت کەتیایدا تورکیا شەڕی کرد.

بەم جۆرە جیۆپۆلەتیك و ئاراستەی سەربە رۆژئاوای تورکیا بەخێرایی دەوری دیاری تورکیای لەچوارچێوەی ناتۆدا مسۆگەرکرد.

ئەو دەورە ئێستا بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر گۆراوە. تەنانەت کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو بەئاشکرا دەورو پێگەی ناتۆ لاواز دەکات,ئەمرۆ بایەخی

دەشێ تورکیا دەورێکی گرنگ ببینێت لەپەشێوی هەرێمی بەلقاندا کەلەوێ دەوڵەتە کۆنەکان هەرەس دەهێنن ودەوڵەتی نوێپێکدێت ودوژمنایەتی نوێو هاوپەیمانێتی نوێی سیاسی دەردەکەێت, بڕی(9)ملیون دانیشتوانی مسوڵمان(بەتایبەتی لەبۆسناوئەلبانیاو مەسەدۆنیا وبولگایادا)بەشێوەیەکی رووڵەزیادبوون چاویان لەتورکیایە وەکو هاوپەیمانێکی سیاسی شاراوە یان نادیار لەململانێ ئاشکرایەدا لەنێوان بزوتنەوە نەتەوەییە نوێیەکانی ئەم هەرێمەدا.گەورەترین دەست خستنە ناوی تورکیا لایەنگری دانانی رووبەڕووبوونەوەی بەڵقانە لەهێڵی تەواو ئاشکرای ئاینیدا ودیسانەوە چالاککردنەوەی باری دابەشبوونی تەقلیدیانەی نێوان ئۆرسۆدکسی رۆژهەڵات و ئیسلامە کە بۆماوەی دوورودرێژ دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکەدا کردبوو, سیربیا و یۆنان و بەشێوەیەکی شاراوەش بولگاریای بەدژی تورکیا رێکخستبوو. هەندێ لەهەڵقەکانی ناسیونالیستی روس گوزارشتیان لە



www.pertwk.com

پاڵپشتی خۆیان بۆ ئەم دەستەبەندی بوونە مێژووییە ئۆرسۆدکسیەی نەتەوەکان کردووە.

* دەوری زۆر دڵنیاکەرانەی تورکیا لەبەڵقان و یۆناندا بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوون دەوری هەستکردن بەنەبوونی ئاسایشە سەبارەت بەسیاسەتی نوێی بەڵقان ئەمەش دەشێ کاری بکردایە بۆ زیادکردنی ئاستی بەریەککەوتنی یۆنان و تورکیا لەدەریای ئیجەدا, ئێستا ئەو بەریەککەوتنانە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ناکۆکی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا کەمتر ناسروشتی و درێو دەبێت ڕووبەڕووبوونەوەی دەریای ئیجە وانشتۆن و ئەوروپا هەردووکیان لەبەردەم کێشەیەکی ترسناکدا نیشان دەدات.

* تورکیا بێ ئەوەی خۆی بەدوور گرتبێت ڕاکێشراوەتە ناو سیاسەتێکی نوێی ناجێگیر و گۆڕاوی قەوقازەوە کەلەوێ ئەرمینیا و ئازربایجان دەخرێنە ناو شەڕێکی چارەسەر نەکراو و فراوانی شاراوەوە, سیاسەتی جۆرجیا لەوپەڕی ناسەقامیگریدا دەبێت و , گەلانی تری مسوڵمانیش لەوێ دەئاڵۆزێن و دەوروژێن بۆ جیابوونەوە لەفیدرالیزمی نوێی روسیا, بۆ نموونە تورکیا دەتوانێت وەکو دەسەڵاتکەری هەرێمایەتی دەورببینێ و دەزگا پەسەندنەکانی خۆی بۆ ناوبژیکردنی یان چارەسەرکردنی ناکۆکیە هەرێمایەتیەکان پێشکەش بکات. کەمێ دوور لەمەسەلەی بیناکردن, تورکیا لایەنگیر دەبێت بەبەشداریکردنی تورکە ئازەرییەکان دژی ئەرمینیا. هاوپەیمانێتی ئاشکرا و هەمیشەیی نێوان ئازربایجان و تورکیای دژی ئەرمینیا پایەی تورکیای وەکو هێزێکی گەورەی هەرێمایەتی روخاند و بەشێوەیەکی خراپیش کاری کردە سەر پایە و نفوزی نێو دەوڵەتی تورکیا و سەرنجی ئێرانی ڕاکێشاو بەشێوەیەکی لەبەرچاو ناکۆکی نێوانیانی فراوان کرد.

* ئێستا ناکۆکی لەگەڵ سوریادا لەسەر مافدارێتی لە (ئاو)دا دەرکەوت، پشتگیری دوورو درێژی سوریا بۆ رێکخراوی جیاخوازی تیرۆریستی کوردی (پارتی کرێکارانی کوردستان یان(pkk)) لەتورکیا لەئاستێکی بەرزدا پشتگیرییەکی زیندووە، بەپێچەوانەشەوە باشبوونی پەویەندییەکانی تورکیا لەگەڵ سوریادا یارمەتی بەڕێوەبردنی باکوری رۆژهەڵاتی هەرێمی عەرەبی داوە بۆ قۆناغێکی نوێی سەرنج ڕاکێشی سەقامگیربوون، بەتایبەنی ئەگەر ئەو پەیوەستبوونانە بەسترابن بەپەرەسەندنی مەسەلەکانی عەرەب – ئیسرائیلەوە لەفەلەستیندا.

* ناکۆکی نوێ و قوڵی و تورکیا لەگەڵ ئێراندا لەسەر نفوز لە دەوڵەتانی نوێی ئاسیای ناوەندا دەردەکەوێت و سەرهەڵدەدات بەتایبەتیش ئازربایجان. سەربەخۆیی ئازربایجانی سۆڤێتی پێشوو هەڕەشە دەکات بۆ هەژاندنی بزوتنەوەیەکی جیاخوازی هاوشێوە لەباکوری ئێراندا (واتە لە ئازربایجانی ئێراندا) کە ئێران بەرەو ململانێ و ناکۆکییەکی توند و بەرز دەبات لەگەڵ تورکیادا – تەنانەت ئەگەر ئەنقەرە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئەو ناکۆکیەش نەدات.

* ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نوێی تورکی پێشتر لەوێنە نەبوو لەگەڵ عێراقدا پەرەی سەندووە ئەویش لەئەنجامی جەنگی کەنداو دەوری تورکیا وەکو زەنگ لێدەرێکی چالاك دژی سەدام حسێن دروستبووە. تورکیا بەتەواوی بێزارە بەهۆی هەوڵدانی عێراقەوە بۆ چەکی کۆکوژ، تورکیا لەئایندەدا دەبێتە وڵاتێکی سەرەکی لەسنووردانانیدا بۆ ویستی فراوانخوازی داهاتووی عێراق لەناوچەی کەنداودا.

* جەنگی کەنداوو دەرکەوتنی ڕوو لەزیادبوونی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردی لەباکوری عێراقدا، بێ چەندوچوون تورکیا ڕادەکێشێتە پانتاییەکی هێجگار



www.pertwk.com

ئاڵۆز و ناسەقامگیرەوە ئەویش بەهۆی سیاسەتی ناسیونالیستی کوردییەوە کە بەلایەنی کەمەوە کار لە یەکێتی هەرێمایەتی سێ دەوڵەت دەکات. کێشەی کورد هەڕەشە لەتورکیا دەکات بەهۆی بزوتنەوەیەکی شاراوەی جیاخوازەوە کەدەتوانێت تورکیا ڕابکێشێتە نێو ململانێ و ناکۆکیەوە لەگەڵ ئێران و عێراقدا بەتایبەتی ئەگەر ئەم دوو دەوڵەتە هەوڵی بەکارهێنان یان خێراکردنی لاوازکردن و شکستپێهێنانی ئیتنیکی تورکی بدەن – هەروەك چۆن پێشتر هەوڵی ئەوەیان داوە.

تێوەگلانی تورکیا لەپەرەسەندنی باری سیاسی ئاسیای ناوەندەوە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، بەتایبەتی لەو جێگایەی کە ناسیونالیزمی فراوانبوونی تورك هێزێکی شاراوەی هەیە بۆ بینینی دەورێکی پەرەسەندوی هەرێمایەتی. لەکاتێدا کەلتوری پان – تورکیزم پێویستی نییە ڕەگەزێکی نێگەتیڤ بێت لەبەرەوپێشەوە چوونی ئەم دەوڵەتانەدا( بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەلتورە بتوانێت خزمەتی دامەزراندنی پەیوەندی بەکەڵکی فیدراڵی هەرێمایەتی بکات)، تەنانەت جوڵەی سنووردار بەرە و یەکێتی تورکی ئاسایی ناوەند کێ بەرکێی هەستی نەتەوایەتی لەنێو گەلانی روسیا و ئێراندا خێرا دەکات واتە لەنێو (فارس و تاجیکییەکانی ئەفغان و تاجیکیەکانی تاجیکستاندا) هەمان ئەم بزوتنەوە ئیتنیکییانەی ئاسیای ناوەند ئاسایی ئارەزووی جیاخوازیان لەنێو گەلانی تورکی تورکستانی چیندا(لەهەرێمی خانکین) بەهێز کردۆتەوە و توانای شاراوەیان هەیە بۆ برەوپێدانی بزوتنەوەی زیاتر جیاخواز و داکۆکیکەرەکانی جیابوونەوە لەباکوری ئەفغانستان و تەنانەت لەکاردانەوەی بەرامبەردا لەپاکستانیش. بیجینگ ئاسایی کاردانەوەی هەبووە بەهۆی ئاشکراکردنی داوا دیارەکانی دانیشتوانی خۆیەوە لەئاسیای ناوەندا ئەگەر چی هیچ پشتگیرییەکی هەرێمایەتیان بەدەست نەهێناوە).

ئەگەر پێویست بێت پەیوەندییەکانی نێوان ملیۆنەها ئاوارەی ڕووسی کەلەئاسیای ناوەند دەژین لەگەڵ گەلانی تورکدا هەرەس بهێنێت, ئەوا لەوانەیە ڕووبەڕووبوونەوە ببێتە هۆی بەهێزتربوونی هەستی توندرەوەی ناسیونالیستی لەنێو خودی روسیا خۆیدا و ڕەگەزە کەمتر میانڕەوەکان بەهێز بکات و ببێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی تەواو ئاشکرای(( مەسیحی – مسوڵمان)) لەهەرێمەکەدا. ڕوسیا ئاسایی هەست بەوە دەکات لەبەردەم لێداندا بێت بەهۆی خولیای جیابوونەوەی تەتەر و گەلانی تری تورکی مسوڵمانەوە لەچوارچێوەی روسیادا. پەیوەستبوونی تورکیا بەم بزوتنەوانەوە هەرچەندە ناراستەوخۆش بێت, ئەوە یارمەتی ژیاندنەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەی دێرینەی جیۆپۆلەتیکی و ئایینی نێوان گەلانی تورك و ڕووس دەدات کەلەماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا هەبوو لە سەردەمی ئۆرسۆدۆکسی روسیای قەیسەری و ئیمپڕاتۆرێتی عوسمانی ئیسلامیدا. ناسیونالیزمی توندوتیژی ژیاوە لەناو روسەکاندا ڕاستەوخۆ دژی هێزە میانڕەوە سەر بەرۆژئاواکان لەڕوسیادا کاردەکات.

* تورکیا پارێزگاری لەبەرەژەوەندی جێگیری خۆی دەکات بۆ بوون بەئەندامی تەواوەتی لەکۆمەڵەی ئەوروپیدا لە یەکێتی ئەوروپای رۆژئاوادا (WEU) کەئەوەش مەسەلەیەکە ڕووبەڕووی گیروگرفتی زۆر دەبێتەوە ئەویش بەلایەنی کەمەوە لەدوو سەرچاوەوە: دەرکەوتنی دەوڵەتانی سەربەخۆ لەئەوروپای رۆژهەڵات کە خۆیان هەوڵی بوون بەئەندام لەکۆمەڵەی ئەوروپیدا دەدەن, هەروەها نیگەرانی هەندێ لەدەوڵەتانی ئەوروپا بەتایبەتی ئەڵمانیا لەکاتێکدا کەسیاسەتی نوێی تورکە چالاکەکان لە رۆژهەڵاتدا دەتوانێ ناڕاستەوخۆ ناتۆ و کۆمەڵەی ئەوروپی بگلێنێ لەو ململانێ و ناکۆکیە نابەجێ و نەویستراوانەوە کەهەزاران میل لەئەوروپاوە دوورن, هێشتا وەدەرنان و



www.pertwk.com

دوورخستنەوەی تورکیا لەوەی کەدەشێ بە(( یانەی مەسیحی)) دابنرێت لەئەوروپا لەوانەیە ببێتە هۆی خولیای خراپ و دژ بەرۆژئاوا لەناوخودی تورکیادا.

ناوەندێتی تورکیا بۆ ئەم مەسەلانە بەمجۆرە و بەشێوەیەکی تەواو چاوەڕوان نەکراو لەئەنجامی گۆڕانکاری دوای جەنگی ساردا لەماوەی شەوێکدا پێکهات و پەرەی سەند و ڕوانین وسیاسەتەکانی ئەنقەرەی بۆ هەرێمەکە کردە شتێکی پڕ بایەخ و گرنگ. تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کەلە بارودۆخی نوێیجیهانیدا گرنگی بەدەستهێناوە هەمان شێوەی ئەو گرنگی و بایەخەی کەوڵاتانی تر بەدەستیان هێناوە بەتایبەتی لەکاتێکدا دەوڵەتانی گەورەی سەر بەسۆڤیێتی لاوازبوون. راوێژکردن لەگەڵ تورکیادا لەسەر ئەم مەسەلانە بۆ دروستکردنی سیاسەتی رۆژئاوا لەم ناوچەیەدا شتێکی پڕ بایەخ و گەوهەرییە. لەراستیدا بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تورکیا خۆی لەوانەیە زۆر بەزوویی و بەشێوەیەکی لەبەرچاو کاریان لێ بکرێت لەهەندێ لەم ناوچانەی ململانێدا بەبەراورد بەبەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا خۆیان.

هەروەها تورکیا گرنگی گەورەی هەیە لەو ڕوانگەیەوە کە نموونەیەکی دیاری دەوڵەتێکی عەلمانی ئیسلامیە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەئەوەش هۆیەکە لەگەڵ توندوتیژبوونی ئێستای سیاسەتی ئیسلامی لە وڵاتە عەرەبیە گرنگەکاندا شوێنی تورکیا دیارتر و بەرزدەکاتەوە. تورکیا لەراستیدا یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی بوو لە مێژووی ئیسلامیدا کە عەلمانیەتی ڕاگەیاند وەکو بنەمای دەوڵەت – ئەوەشی هەر بەزوویی لەساڵی 1924 کرد. ئەم بڕیارە لەوانەیە زۆر بەئاشکرا لەکاتی خۆیدا تێبینی کرابێت. ئێستا بایەخدانی لەوە گەورەتر دەدرێت بەشوێنی فاندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی کەلە فەرهەنگی سیاسی رۆژواوادا بەشێوەیەکی زۆر لەبەرچاو بەشتێکی ڕەتکراوە و نادروست دانراوە

بەڵام مەسەلەی ئایین بەلای ئێمەوە هەمیشە ئەوەیە کەئاسایی ناتوانرێت هۆکارە ئیسلامیەکان لەسیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور بخرێتەوە, گرفتەکەش ئەوەیە کە چۆن ئیسلام لەگەڵ سیاسەتدا یەکبگرێەوە بەبێ ناسەقامگیربوونی دەوڵەت. کاتێ ئەزمونی مێژوویی تورکیا بەچەند رێگایەك جیاواز بێت لەئەزموونی دەوڵەتانی مسوڵمانی تری ناوچەکە, ئەوا زۆر لە کێشەکانی ئیسلامی سیاسی زۆر لە دەوڵەتان بەشداری تێدا دەکەن. تورکیا دوای بەئاشکرا قەدەغەکردنی سیاسەتی ئیسلامی بۆ چەند دەیەیەك ئێستا بۆ سالانێکە بواری داوە بە حیزبە سیاسیەکان لەپرۆسێسی سیاسیدا کێبەرکێ بکەن. ئەم ئەزموونە بەشێوەیەکی پڕ بایەخ دەری خستووە کەلەدوا شیکردنەوەدا سەرجەم داواکانی ئەم گروپانە لەسندوقی دەنگداندا بەشێوەیەکی عادیلانە و بەرێکی دیاری دەکرێت بۆ رێژەیەك کە 15٪ ی سەرجەمی دانیشتوان زیاتر نییە. ( ئەم ئەزموونە میانڕەوەی تورکیا کەمتر پەیوەندی دارە لەو وڵاتانەدا کەپارتە ئیسلامیەکان تەقینەوە و لەسەر شانۆی سیاسی دەرکەوتن ئەویش بەدوای قۆناغی سەرکوتکردنی توند و تیژی سیاسیانەدا وەکو ئەو حاڵەتانەی لەمیسر و جەزائیر یان ئاسیای ناوەندی سنوری سۆڤێتی پێشوودا کاتێ کەئاسایی ئەمانە یەکێك بوون لەو بزوتنەوە نەیارە یەکگرتووە کەمانەی کەتوانایان هەبوو بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری جەماوەری لەهەڵبژاردنە ئازادەکانی سەرەتادا).

هەرچەندە ئەزموونی تورکی لەپەرەسەندنی پەیوەندییە ناوکۆییەکانی نێوان دیموکراسیو ئیسلامدا زۆر گرنگە بۆپەرەسەندنی داهاتوو سەرجەم جیهانی ئیسلامی, ئەوەش پێویستە کە هەڵبسەنگێنرێت بەمەبەستی جێبەجێکردنیانە لەلایەن دروستکەرانی سیاسەتی رۆژئاواوە.



www.pertwk.com

## گفتوگۆی ناوخۆی تورکیا

ڕازیبوون بەوەی کە تورکیا دەورێکی نوێی هەبێت لەبەڵقان و قەوقاز و ئاسیای ناوەند و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا, هەروا بەئاسانی بۆ تورکیا فەراهەم نەبووە. لەو ڕووەوەکە داوای وازهێنانی ئاشکرای لەو میراتە سیاسیە دەرەکیە ڕەگ و ریشە دار و پیرۆز و بەرێزبووە کردووە کەلەلایەن باوك و دامەزرێنەری دەوڵەتی تورکیای نوێوە واتە لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەجێهێڵراوە.

لەبەرئەوەی کۆماری نوێی تورکیا لەسەر خۆڵەمێشی ئیمپڕاتۆرێتی فرە نەتەوەیی و فرە مەزهەبی عوسمانی راستبۆتەوە, ئەتاتورك هاونیشتمانیانی خۆیی وریا کردەوە بۆ دوورکەوتنەوە لەهەر ویست و ئارەزوویەکی ڕزگاری تایبەتی خۆیان یان بۆ دوورکەوتنەوە لەهەر سیاسەتێکی دەرەوەیی کەلەسەر بنەمای پەیوەستبوونی ئیتنیکی یان ئایینی بێت, هەروەها جەختی کردە سەر پەرەپێدان و پاراستنی دەوڵەتی نوێی نەتەوەیی تورك لەچوارچێوەی سنوورە نوێیەکانیدا.هەر جۆرێك لەمەیلی پان – تورکایەتی یان بەرژەوەندی و بایەخی عوسمانی نوێ, یان ویست و تموحی باو بەئاشکرا بوونەتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ترسناك لەگەڵ دەسەڵاتی تازە لەدایکبووی سۆڤێت یان لەگەڵ دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆری رۆژئاوادا کەدەسەڵاتی کردووە بەسەر زۆربەی رۆژهەڵاتی ناوەڕساتدا. ئەتاتورك بێ وەستان و ماندووبوون داوای دەکرد کەدەبێ تورکیا بەلای رۆژئاوادا بڕوات و خۆی بخاتە سنووری سیاسەت و کەلتوری ئەورپاوە و واز لەپەیوەندییە مێژووییەکانی خۆی بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بهێنێت. لەو کاتە بەدواوە نوخبەی تورکی شانازی بەوەوە

سەرجەم ڕوانینی ئەتاتورك بێگومان لەوكاتەدا ڕاست و دروست بووە و تائەندازەیەكی زۆر شایەنی تێبینی كردن بووە هەتا ساتەوەختی هەرەس هێنانی ئیمپراتۆێتی سۆڤێتی، ئەوەش بەرەچاوكردنی هەندێ جیاكردنەوە. كاتێ توركیا بەتووندی هەر جۆرە بایەخدانێكی سۆڤێتی بەكاروباری ئاسیای ناوەند دوورخستەوە – بۆ مەودایەك كەتەنانەت توێژینەوەی ئەكادیمیانەی زمانە توركیەكان و مێژووی ئەو ناوچەیە بۆ چەند دەیەیەكی دوور و درێژ خراوەتە بەردەم گومان و بەربەستی لەبەردەمدا دانراوە. توركیا دەستی كرد بەدەرخستنی بەرژەوەندییە پەرەسەندووەكانی لەسەر ئاسوودەیی ئەوانی تر واتە بەسەر دەریاكاندا، یەكەم لەقوبروس كەلەراستیدا بوو بەهۆی دەست تێوەردانی سەربازی و دابەشكردنی دوورگەكە و پاشانیش هەمان شت لە بولگاریا ڕوویدا، گەشەكردنی سامانی نەوت لەساڵی حەفتاكاندا لەكەنداوی فارس دا دیسان بوو بەهۆی زیادكردن و پەرەسەندنی پەیوەندییە ئابورییەكان لەگەڵ جیهانی عەرەبدا كە پەرەسەندنێكی تری هاوشێوەی هەستیارێتی توركیای لەتەكدا بوو بۆ سیاسەتی زۆر دەوڵەتی مسوڵمان كەنیەتی باشیان وەكو شتێكی پڕ بایەخ بۆ بەرژەوەندی ئابوری توركیا سەیر دەكرا. پەرەسەندنی ئابوری لەگەڵ جیهانی عەرەبدا و بەكارخستنی (پول و پارە)ی زۆری عەرەب لەتوركیادا تا ئەندازیەكی پەسەند (( ئاراستەیەكی ئیسلام))ی لەسیاسەتی دەرەوەی توركیادا خستەڕوو. ڕاستیەكەی ئەوەیە كەلەواقیعی ئابوریدا پشتگیری كرا و چەسپاو وای لەنوخبەی كلاسیكی ئەتاتوركی كرد كە



www.pertwk.com

تائەندازەیەك باكەمیش بێت تەنگەتاوبێت بەم (( ئاراستە عەرەبیە)) نوێیە مامانەوەندە. بەشێوەیەكی ڕوو لەزیادبوون هاتنە ناوەوەی بێ سەروبەندی پارتە ئیسلامیە (دان پێدانراوەكان) لەسیاسەتی توركیدا لەساڵانی حەفتا و هەشتاكاندا بوو بەهۆی ڕێگا خۆشكردن بۆ ململانێ و پێكدادانی زیاتری لێكدانەوە توندوتیژترەكانی عەلمانیەتی جدی ئەتاتوركیەكان .

ڕزگاربوونی كۆمارە توركەكانی یەكێتی سۆڤێت و دەركەوتنی سیاسەتی نوێی ئیتنیكی لەبەڵقاندا پێداچوونەوەی زیاتری بەم میراتە باوە هێنایە گۆڕێ. لەراستیدا ئەگەر توركیا ویستبێتی بە گۆشەگیر بمێنێتەوە یان نا، ئەوە دەركەوتنی دەوڵەتە نوێیە توركەكان لەناوچەكەدا بواری توركیایان نەدا بەوجۆرە بمێنێتەوە بەتایبەتی بەهۆی كێبەركێی نفوزەوە لەو ناوچەیەدا كە دیسان لەنێوان ژمارەیەك دەوڵەتی تری هەرێمەكەدا تەقیەوە لەوانەش ئێران و عەرەبستانی سعودی و پاكستان.

پەرەسەندنە سیاسیە نوێیەكانی سیەكێتی سۆڤێتی پێشوو، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دیسان گفتوگۆی ئازار بەخشی لەناو كۆمەڵگای توركیدا لەبارەی ئاراستەی ئایندەیانەوە هێنایە ئاراوە. زۆربەی توركەكان و بەتایبەتی نوخبەی ئەتاتوركی تەقلیدی هێشتا بڕوایان وایە بەرژەوەندییە سەرەكیەكانی توركیا دەبێ لەپلەی یەكەمدا لەرێگای پەیوەندیگرتنەوە لەگەڵ رۆژئاوادا جێبەجێ بكرێت، لەكاتێكدا كەئەمان وا لە خۆیان دەڕوانن بەشێك بن لەرۆژئاوا. ئەمانە لەوە دەترسن كەهەر ئاراستەیەكی نوێی ئەنقەرە بەرە و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهانی تورك دەتوانێت خاسێتی ئەوروپیانەی كۆمەڵگای توركی بهێنێتە خوارەوە و قبوڵكردنی ئەو كەسێتە لەنێو سیستەمی سیاسی رۆژئاوادا لاوازبكات. گفتوگۆكانی ئەمانە لەلایەن گرنگی پێدانی چاودێریكراوی كۆمەڵەی ئەوروپییەوە بەهێز دەكرێت، بەتایبەتی لە ئەڵمانیادا، چوونە ناوەوە و

نەیارەکانی هەر سیاسەتێکی نوێ کەفشار بخاتە سەر پەیوەستبوونەکانی پان – تورکێتی، ئەوە ئاماژەی ئەوە دەکات کەدەوڵەتە نوێیەکانی ئازربایجان و ئاسیای ناوەند شتێکی کەمیان هەیە لەبواری ئابوریدا پێشکەشی تورکیای بکەن. ئەو دەوڵەتانە وەك دەبینرێن هەژارن، لەگەڵ ئەوەشدا بەقوڵی کەوتوونەتە خەباتی ناوخۆی سیاسیەوە بەمەبەستی لاوازکردنی بنیادەکانی پارتی کۆمۆنیستی پێشوو، هەروەك بەربەستیشیان لەبەردەمدا دانراوە بەهۆی گواستنەوەی ئاڵۆز و پڕ لە کێشەوە بۆ ئابوری بازاڕ ئەویش بەهۆی پاڵنەرە ئابورییە سنووردارەکانەوە بۆ تورکیا. تورکیا توانایەکی سنوورداری هەیە بۆ بەگەڕخستنی پول پارە و پارەیەکی زۆر کەمیشی لەدەستدایە بۆ پشتگیری کردنی دەرەوە . ئەم نەیارانە گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە تورکیا نابێت ڕابکێشرێتە نێو ناکۆکیە سیاسیە شاراوەکان و ململانێکانەوە لە هەرێمێکدا کە دەشێ بۆ سەردەمێك لە پەشێوەیی و هەڵچوندا بێت. لەکاتێکدا ئەم گفتوگۆیانە وا لەهەستی نەتەوەیی و هێزی ناسیونالیزمەکانی هەرێمەکە و نەیارەکانی دەکەن کە تائەندازەیەك بۆ تورکیا نەشیاو بێت کە دوور و گۆشەگیر لەو پەرەسەندنانە بمێنێتەوە، تورکیا لەداهاتوودا دەگاتە ئەوەی کەکارێکی قورسە لەدەوری سەرکردایەتی لەنێو دەوڵەتانی تری تورکدا لەجیهاندا دوور بکەوێتەوە. پارت و گروپە ئیسلامیەکانی تورکیا خۆیان جەخت دەکەنە سەر پێویستبوونی پەیوەندی نزیکتر لەگەڵ دراوسێ مسوڵمانەکانی تورکیادا و



www.pertwk.com

داوای روانینێکی وریایانە دەکەن بەرامبەر بەرۆژئاوا کە وەها لەرۆژئاوا تێدەکەن وەکو ئەوەی دوژمنی ئیسلام و تورکیا هەردووکیان بێت.

ئەم گفتوگۆیە لەسەر سیاسەتی دەرەوە– لەراستیدا مەسەلەکانی پلەو پایە لەخۆی دەگرێت زیاتر لەوەی کە جێگرەوەی تەواو لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا لەخۆ بگرێت – کەئەوەش شتێکی پێویست و دروستە و لەوانەشە ئەوە یەکەم گفتوگۆی جدی بوو بێت لەسەر سیاسەتی دەرەوە لەو کاتەوە ئەم کۆمارە دامەزراوە. تورکیا بێ چەند و چوون دەبێ ئێستا سنووری پێشینەیی خۆی هەڵسەنگێنێتەوە، ئەو سنوور و مەودایەی کەهەلومەرجە نوێیەکان کردوویانەتەوە. لەتێڕوانینی رۆژئاواوە سەرباری هەڵگەڕانەوەی هەرە خراپی ڕووداوەکان دەشێ ئەگەری بێ ئومێدی تورکیا سەرهەڵبدات بۆ رۆیشتن و کێش بوون بەئاراستەی ئیتنیکی زۆر شۆڤێنیستانە، ناسیونالیزمی سەرکێشی تورك تورکیا دەگوازێتەوە بۆ دەوڵەتێکی کەمتر میانڕەو لەناوچەکەدا.

**هەندێ سیناریۆ توانیان بەئاراستەی دروستکردنی ئەم کاریگەرییە نێگەتیفە کاربکەن کەئەمان:**

- تورکیا لەهەوڵی خۆیدا بۆ یەکگرتنی نزیکتری لەگەڵ ئەوروپا و کۆمەڵەی ئەوروپی و دامەزراوە ئەوروپیەکانی تردا بەسوکایەتی پێکردنەوە بەربەرەکانێ دەکرێت.
- توندوتیژی بەردەوامی (بەخولی) نێوان ئەرمینیا و ئازربایجان لەئاکامدا تورکیا ناچار دەکات کەلەهەڵوێستی بێ لایەنی دووربکەوێتەوە و ببێتە پاڵپشتی تەواوی سەربازی ئازربایجان و لەئەنجامی ئەوەشدا روسیا تووڕە بکات و سۆزدارانی نێو نەتەوەیی بۆ ئەرمینیا بخاتە هەڵوێستێکی بەهێزی دژی تورکیاوە بەتایبەتی لەولاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا.

- هاوپەیمانێتی تورکیا لەگەڵ ئازەربایجاندا پشتگیرییەکی بەهێز دەکات لەبیرۆکەی ((ئازربایجانێکی یەکگرتوو)) کەلەئاکامدا هەرێمی پڕ بایەخی ئازربایجانی ئێران پارچە پارچە دەکات و تورکیا دەخاتە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ ئێراندا.
- هەرەسهێنانی بارودۆخی ئابوری لەتورکیادا, سیاسەتی زۆر ڕادیکالانەی بۆ حکومەتی تورکیا هێناوەتە مەیدان کەدەشێ سەرزەنشتی ڕۆژئاوا بکات بۆ لاوازکردنی ئابوری تورکیا, بەتایبەتی ئەگەر تورکیا بخرێتە دەرەوەی کۆمەڵەی ئەوروپی و لەسوودە سەربازییەکانی پێشتری وەك ئەندامی ناتۆ بێبەش بکرێت.
- پێکدادان لەگەڵ یۆناندا تورکیا بەرەو ناشیرین بوونی زیاتر دەبات لای ئەوروپا, بەتایەتی ئەگەر یۆنان پشتگیری ئەوروپا بەدەست بهێنێت.
- هەڵوێستی کرێکارانی تورکیا لەئەڵمانیا دەبێتە هۆی هەرەس هێنانی پەیوەندیەکانی تورك و ئەڵمان کەئەو پەیوەندییانە پێشتر بەهۆی خولیای سۆزداری ئەڵمانەوە بۆ کەمینەی کوردی لەتورکیا و بەهۆی ناکۆکی شاراوە لەسەر پێگەی جیۆپۆلەتیکی لەبەڵقاندا هەرەسیان هێناوە.
- دارمانی بەردەوامی بارودۆخی کورد و ماڵی کورد لەناو تورکیادا دەبێ بەهۆی پەرەسەندنی نائارامی و توندوتیژی لەناو خۆدا و تێبینی کردنی پێ لێنانە بێ سنوورەکانی مافەکانی مرۆڤ لەتورکیادا لەلایەن جیهانی دەرەوە و لەئاکامی ئەوەشدا هەرەس هێنانی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا بەولاتە یەکگرتووەکانیشەوە. پەیبردنی بەرفراوانی جەماوەری تورکی بەوەی کەرۆژئاوا لەکاتی جەنگی کەنداودا ناسیونالیزمی کوردی گرداوە و پاشانیش ((هەڵگەڕانەوە بەدژی تورکیا, توانی ڕێگا بکاتەوە بۆ ڕوانینی زۆر توندڕەوانەی ناسیونالیستی یان ئیسلامی.



www.pertwk.com

- ناسیونالیزمی گەشە سەندوی تورکیا بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوون بارودۆخی کوردی دەوروژێنێ و لەناو تورکیادا هەستی بەهێزی دژی کورد دروست دەکات و هەل لەبەردەمی کورددا بۆ بەشداریکردنی تەواوەتی لەژیانی سیاسی تورکیادا ئاڵۆز دەکات.
- فاندەمێنتالیزمی ئیسلامی لەتورکیادا کەئاسایی لەڕووی مێژووییەوە غەریبە بەناسیونالیزمی عەلمانی, بەشداری دەکات لەململانێدا وەکو فاکتەرێکی بەهێزی نیمچە ناسیونالیستی, ئیسلامیەکان پشتگیری تورکیا دەکەن لەئاراستەی سیاسەتی دژ بەرۆژئاوا و هانی گومان کردنی قوڵ لەسیاسەتەکانی ڕۆژئاوا و نیازەکانی بەرامبەر بەتورکیا دەدەن و هەر خولیایەکی نەتەوەیی بەرامبەر بە ترس لەبێگانە بەهێز دەکەن. مسوڵمانەکانی بەڵقان کەداواکاریان لەتورکیا هەبوو وەڵامێکی بەهێزی پڕ لەسۆز لەهەردوو لایەنی ئیسلامی و ناسیونالیستیەوە وەردەگرن.

ئەگەر هەندێ یان هەموو ئەم حاڵەتانە بەرە و یەکگرتن بچوونایە, ئەوا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەیتوانی کۆتایی بهێنێت بە لەئامێزگرتنی ناسیونالیزم و شۆڤێنیزمی توندڕەوی تورك کە کاریگەری دیاری نەکراوی یان گوماناوی لەسەر دەوڵەتە ماوەکانی تورك دەبوو لە ناوچەکەدا.

لەکاتێکدا زۆرلایەنی هەندێ لەم سینار یۆیانەی سەرەوە بەرە و تێپەڕ بوون دەڕوات, گرنگە کەئەوە بزانرێت شۆڤێنیستی تورکی دژە ئاراستەی ڕۆژئاوا ئاراستەی زۆر چاوەڕوانکراوی ڕووداوەکانی داهاتوو نانوێنێت. هەستی گشتی سیاسی تورکیا و هاوسەنگ کردنی بەپێی کات لەگەڵ هەستی ڕەگ و ریشە مەودا قوڵی بەرۆژئاوایکردندا کەیەکیگرتۆتەوە لەناو چینەکانی سەرەوە و چینی ناوەندی گەشە سەندوی تورکدا دەبێ یارمەتی پاراستنی هاوسەنگی و ڕێژەداری بدات لە سیاسەت و ڕوانینی تورکیادا. دامەزراوی سیاسەتی

خاسێتی بەرفراوانبوونی کێشەی کورد لەتورکیادا پەشێوییەکی مەودا قوڵە بۆ تورکیاو هاوپەیمانەکانی و ناوچەکەش سەرباری ئەوەی کوردەکان هەستی ئیتنیکی خاوەن سیمای جیاوازی خۆیان تەاو ئاشکرا کرد لەماوەی ڕاپەرینەکانی باشوری ئەنادۆڵی ساڵی 1925 و دواتریشدا بەڵام دوای ئەوە بەشێوەیەکی بنچینەیی ناوچە کوردییەکان بۆماوەی چەند دەیەك دووربوون لەهەر جۆرە ڕاپەرینێك. ئامادەیی ئاسایشی تورکیا لەو ناوچانەدا ئاسایش و ڕێکخستنی پاراستووە, بەڵام هیچ شتێکی ئەنجامدانەوە بۆ بینینی ئازارەکانی



www.pertwk.com

جەماوەر لەبارەی ڕێبازی توند و تیژی پۆلیسیەوە یان بۆ داننان بەئارەزووی کوردەکاندا بۆ بوونی مافی کەلتوری و زمان و بەشداریکردنیکی گەورەتر لەپەرەسەندنی ئابوری تورکیادا. لەدەیەی ڕأبردوودا, لەگەڵ دەرکەوتنی ئاراستە ئایدیۆلۆجیای پارتی کرێکارانی کوردستاندا کە بزوتنەوەیەکی (مارکسی – لینینی) ڕزگاری نیشتمانی‌یە, ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش سەری هەڵداوە و – لەوانەیە هەندێ کەس وەکو مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوە گفتوگۆی ئەو بزوتنەوەیە بکەن.

جەنگی کەنداو بەشێوەیەکی گەورە کێشەی کوردی بەرز کردەوە لەمیانەی تالآن و بڕۆی خراپی (سەدام حسێن)ەوە دژی خەڵکی کورد, شەپۆلی زیاتر لەنیو ملیۆن ئاوارەی کورد لەعێراقەوە بۆ تورکیا و پێکهێنانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردی پارێزراو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەباکوری عێراقدا و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی کوردی لەژێر چاودێری ڕۆژئاوادا لەباکوری عێراقدا لەپایزی ساڵی 1992دا و جوڵەی بەردەوامی کوردەکان بەرە و ئیدارەی ئۆتۆنۆمی ئەمری واقیع و ئەمری واقیعی)) پەویەندیەکانی دەرەوە)) لەگەڵ تورکیادا . نەك تەنیا هەلومەرجێکی خراپی نێو دەوڵەتی لەپێش جەنگدا بۆ دەرکەوتنی سەرنج ڕاکێشی کورد هەبوو, بەڵکو سیاسەتی ناوخۆی تورکیاش لەپرۆسە گۆڕانێکی پێشتر لەوێنەنەبودا بوە بەرامبەر بە لیبریالیزمی گەورەتر و داننان بەبوونی کەمایەتی کوردی و مافی ئەو کەمایەتیەدا بۆ بەکارهێنانی زمانی خۆی.

لەکاتێکدا تورکیا ئێستا بەشێوەیەکی رەسمی دانی بەوەدا ناوە کەناشێت چارەسەرێکی هەمیشەیی سەربازی بۆ کێشەی کورد بکرێت لەتورکیادا, ئەو پێشکەوتنەی ناوچە کوردییەکان دەبێ ببێتە ناوەند بۆ هەر کۆششێك بۆ هێمن کردنەوەی ناوچەکە. دیسان پارتی کرێکارانی کوردستان کەڵکی لەو بارودۆخە

بەدبەختانە ئەم ڕووداوانە لەبۆشایدا ڕوونادەن, بەڵکو لە دنیایەکدا ڕوودەدەن کەتیایدا جیاخوازی دیاردەیەکی گەشە سەندووە, بەخەمبارییەوە دەشێ هیچ زەمانەتێك بوونی نەبێت کەتەنانەت سیاسەتە لیبراڵ و ڕووناکەکان لە ناوچە کوردییەکانی تورکیادا بتوانن زەمانەتی ئەوە بکەن کە دانیشتوانی کورد ناشێت. هەوڵی ڕۆیشتن بەرە و ئۆتۆنۆمی بدەن بەلایەنی کەمەوە. لەکاتێکدا زۆربەی کورد لەوانەیە پارتی کرێکارانی کوردستان وەکو ئامرازێکی نموونەی بۆ خواستو ویستەکانی کورد سەیرنەکەن لەتورکیادا, پارتی کرێکاران تاکە بزوتنەوەی نەتەوەیی‌یە کە کوردی تورکیا هەیانە و هەروەك بەلایەنی کەمەوە ئەم پارتە سۆزداری ژمارەیەکی گەورەی ئەو کوردانە بەدەست دێنێ کەوەکو ئامرازێکی چاککردنی بارودۆخی خۆیان سەیری دەکەن



www.pertwk.com

لەتورکیادا, بەکورتی, سیاسەتە لیبریاڵیەکان ئێستا دەشێ زۆر درەنگ بێت بۆ بەرهەمهێنانی جوڵەیەکی مێژووی بەرەو بڕیاردانی چارەنووس لەلایەن کوردەکانەوە لەهەرسێ وڵاتی عێراق و ئێران و تورکیادا, لەکاتێکدا هیچ شتێك نییە لەتورکیادا جیاخوازی کوردی بەدوور بگرێت, دیسان ئەو جیاخوازی‌یە ناشێت بێ کارلێکردن و پەیوەندی پێوەکردن بمێنێتەوە لەلایەن بزوتنەوە جیاخوازییە فرە پەرەسەندو خێرا گەشەکردووەکانی کوردی عێراقەوە.

هەر خولیایەك لەلایەن کوردی ئەم سێ وڵاتەوە بەئاراستەی جوڵاندن بۆ ئۆتۆنۆمی تەواو و پاشانیش سەربەۆخیی, یان یەکێتییەکی چاوەڕوناکراو بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر دەبێتە هۆی دروستکردنی ناسەقامگیری لەناوچەکەدا. ئەم جۆرە خولیایە ئێستا لەوانەیە شتێکی دوور لەوەستان بێت, هەر هیچ نەبێت لەعێراقدا. تەنیا کات و ڕووداوە ناوچەییەکان و ژیرێتی سیاسەتەکانی دەوڵەت لەداهاتوودا دەدوێن. ئەگەر ئەنقەرە لەئاکامدا بەرە و وەستاندنی پڕۆسەیەك بڕوات کەلە ڕووی مێژووییەوە نەشێت پێچەوانە بکرێتەوە, ئەوە پاشان هەڵوون و پەشێویی و بەهای ئەو هەڵچوون‌و پەشێوییە بۆ تورکیا زۆر دەکەوێت. هەوڵێکی لەم جۆرە تەنیا لەدەستچوونی بەشێکی لەبەرچاوی تورکیا لەخۆ ناگرێت, بەڵکو هەروەها بێ چەندوچوون پەیوەندییە ئیتنکییەکان بەشێویەکی گشتی شلۆق دەکات لەهەموو بەشەکانی تری تورکیادا کەتیایاندا لەوانەیە نیوەی دانیشتوانی کورد بەبەرفراوانی دابەشکرابن و بەتەواوی لەهەرێمی ئیتنیکی خۆیان لەباشووری ڕۆژهەڵات دورخرابنەوە ڕووداوەکانی کورد بەم جۆرە هێشتا دەشێ کاریگەری‌یەکی گەورەی هەبێت لەسەر جێگیری و داهاتووی تورکیا, کەسێتی و خاسێتتی دەوری لەناوچەکەدا و پەیوەندی ئەو لەگەڵ ڕۆژئاوا و وڵاتە یەککگرتووەکاندا.

بەرژەوەندییە نەتەوەیەکانی کورد لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە گشتی‌یە جیۆپۆلەتیکیەی جیهانداو, بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تورکیاو خۆی بەو پێیەو بەهەمان شێوە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. هەڕەشەی کۆنی سۆڤێتی دەشێ بەسەر بچێت, بەڵام هێشتا ناسەقامگیرییە نوێ‌یەکان بەچواردەوری تورکیادا لەدەرکەوتندان, کەئەوەش هەم شتێکی راستن و هەم ناسەقامگیرییەکی زیاترن لەچاو هەڕەشەی پێشتری سۆڤێتی‌دا.

ئەو ڕاستیە سەرەکیەی کەسیاسەتەکانی تورکیا بەرامبەر بەیەکێتی سۆڤێتی پێشوو دیاری دەکات ئەوەیە کە تورکیای نوێ هاوکات لەگەڵ روسیای بەلشەفیکدا لەسەرتای سالآنی بیستدا دروستبووە, دروستبوونی یەکێتی سۆڤێتی گەورە و نەیارێتی سەرەکی بووە بەهۆی ئەوەی کە تێڕوانینی تورکیای بۆ جیهان هەر لە سەرەتاوە پێکهێناوە و پاڵی ناوە بەتورکیاوە لەدوای جەنگی جیهانی دوومەوە بۆ پەیوەندیکردن ڕێکخستنەکانی بەرگری رۆژئاواوە. لەجیهانی ئەمڕۆی دوای جەنگی سارددا تورکیا چیتر هاو سنووری یەکێتی سۆڤێت نییە. کەسێتی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا ئێستا پارچە چارچە بووە بۆ زنجیرەیەکی تەواو لەپەیوەندی دوو لایەنەی جیابووەوە و پەیوەندی هەرێمایەتی کەئەوەش زۆر ئاڵۆزە و لەهەندێ حاڵەتدا بەرژەوەندییە ناکۆکەکان نیشان دەدەن.

سروشتی پەیوەندی تورکیا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان بەهەمان شێوە دەشێ گۆڕانی بەسەردا هاتبێت. خاسێتی جیهانی جەنگی سارد داوای لەوڵاتە یەکگرتووەکان کرد بۆ پاڵپشتکردنی ستراتیژێکی جیهانی کەداوای بایەخدانێکی ڕاستەوخۆی ئەمەریکای دەکرد لەهەر وڵاتێکدا کەپەیوەندیدار بێت بەململانێ‌ی رۆژهەڵات – رۆژواواوە. لەئەنجامی ئەوەدا, بۆ تورکیا شتێکی گرنگە کەهاریکاری بەهێز لەگەڵ واشنتۆندا بکات لەسەر زۆربەی ئەو مەسەلانەی کەدەشێ کار لەبەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان بکەن. ئەمڕۆ



www.pertwk.com

خاسێتی جیهانی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی زۆردیار هاتۆتەوە خوارەوە, گرنگی ئەسڵی هەر ناوچەیەك لەوە زیاتر فراوان ناکرێت بەهۆی ناکۆکی رۆژهەڵات – رۆژئاواوە. بەڵام خاسێتی بەپەلەی ململانێ‌ی سیاسی ناوخۆ بەدەوری پەراوێزی تورکیا خۆیدا پایە جیۆپۆلەتیکی‌یەکانی تورکیای بەهێزکردووە, لەکاتێکدا ئەو پایانەی بەگوێرەی وڵاتە یەکگرتووەکان لاواز کردووە. هەروەها تورکیا دڵنیایە کەدەبێ زۆر بەراشکاوی و بێ پەردە لەگەڵ واشنتۆندا لەبارەی خاسێتی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بدوێت. هەروەك ئەگەرێکی کەم هەیە بۆ بەهێندگرتن یان دواخستنی لاوازبوونی بەرژەوندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەناوچەکەدا.

نیشانەیەکی گۆڕینی ئاڕاستەی تورکیا بریتی‌یە لە بابەخدانی نوێ‌ی تورکیا بەپێکهێنانی بلۆکێکی نوێ‌ی دەوڵەتان بۆ ئامانجی ئابوری یان سیاسی. زۆربەی دەوڵەتانی ئەم بلۆکە لەدەوڵەتانی تازە ڕزگاربووی ئەوروپای رۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤێت پێکدێن. زۆربەی ئەم دەوڵەتانە کەسێتی‌یەکی کاتیان هەیە و , لەوانەیە بۆماوەی دوورودرێژ نەژین, یان لەوانەیە لەبلۆکەکانی تردا کۆببنەوە.

بایەخدانی ئەمەریکا بەپێکهێنانی ئەم بلۆکانە لەبەرچاو دەبێت. لەلایەکەوە دەشێ پەیوەستبوونێکی پێویستی بێ ئومێدانە پێشکەش بکات ب گروپی ئەو دەوڵەتە نوێ‌یانەی کەلەبارێکی تردا بەهۆی باری گۆشەگیری ئەمنی ئابوریانەوە بەدەگمەن دەگەنە ئاستی بوون. ئەم دەوڵەتانە دەیانتوانی بلۆکی بیناکردنی سەقامگیری پێشکەش بکەن لەو ناوچانەدا کە هێشتا لەپڕۆسێسی بڕیاردانی بەرژەوندییە نوێ‌یە نەتەوەییەکانی خۆیاندان. لەلایەکی ترەوە دیسان ئەم دەوڵەتانە دەیانتوانی ببنە هۆی لاوازکردنی نفوزی ئەمەریکا یان ڕۆژئاوا لەناوچەکەدا. لەئاکامدا کەسێتی یەکگرتووی ئەم بلۆکە نوێیانە دەبێ بەسەر زۆر لەحسابکردنە نێگەتیفەکاندا باڵادەست بێت.

## (کۆمەڵەی ) پرۆژەی دەریای ڕەش

پێکهێنانی کۆمەڵەی دەریای ڕەش کەلەسەر پێشنیاری تورکیا بوو, سەرجەم دەوڵەتانی سەر رۆخی دەریای ڕەش دەگرێتەوە, واتە تورکیا و بولگاریا و ئۆکرانیا و روسیا و جۆرجیا و یۆنان و مۆڵدۆڤیا و ئەرمینیا و ئازربایجان ( کەئەمەیان بەڕاستی لەسەر کەنارنییە). لەکاتێکدا کە دەریای ڕەش خزمەتی ئامانجە بازرگانیەکانی کردبوو تەنانەت لەماوەی جەنگی ساردیشدا, ئەم دەریایە لەلایەن هێزەکانی بلۆکی رۆژهەڵاتەوە دەسەڵاتی بەسەردا کرابوو, بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و رۆژئاوا تا ئەندازەیەك سنووردار بوو, دەریاکەش ناوەندی چالاکیە سەربازییە دژیەکەکان بوو. ئەمڕۆ دەریای ڕەش بووتە خاوەنی ناسنامەی خۆی, لەساتە وەختی ئاشتیدا لەڕووی بازرگانیەوە ئەو دەوڵەتانەی پێکەوە بەستووە کە زۆریان نەوەك پێکهاتەی جیاواز بوونیان هەبووە نەسیاسەتی بازرگانی جیاوازیان هەبووە. کۆمەڵەی دەریای ڕەش وەکو بلۆکێکی گرنگی هەرێمایەتی بازرگانی دەرکەوتووە, بەشێوەیەکی بەسوود یارمەتی یەکێتییەکی پتەوی بازرگانی دەدات لەناوچەیەکدا کەپێشتر وەکو هەرێمێکی بازرگانی یەکگرتوو بیری لەخۆی نەکردۆتەوە. لەلایەکی ترەوە زۆر لەم دەوڵەتانە هەژارن و لەوانە نییە پاڵنەرێکی گەورەی نوێ پێشکەش بەئابوری هەرێمە کە بکەن. لەکاتێکدا بەئەندامبوونی تورکیا لە کۆمەڵەی دەریای ڕەشدا لەڕووی مەبدەئیەوە چوونە ناوەوەی تورکیا بۆ کۆمەڵەی ئەوروپی ئاڵۆز دەکات, کۆمەڵەی ئەوروپی لەراستیدا بەشێوەیەکی لایەنگرانە وەها دەڕوانێتە کۆمەڵەی دەریای ڕەش وەکو ئەوەی هەندێ ئەڵتەرناتیڤ بۆبوونە ئەندامی ئەو دەوڵەتانە لەکۆمەڵەی



www.pertwk.com

ئەوروپیدا پێشکەش بکات کە هێشتا دەشێ ئامادەگی ئەوەیان تێدا نەبێت کەلە کۆمەڵەی ئەوروپیدا وەربگیرێن, هەروەها ئەم ئەڵتەرناتیڤانە بۆ خزمەتی بەهێزکردنی ئابوری ئەم دەوڵەتانەی لەسنووری کۆمەڵەی ئەوروپیدان پێشکەش دەکات. لەکۆتاییدا کارکردنی سەرکەوتووانەی ئەم بلۆکە دیسان یارمەتی دروستکردنی پەیوەندی ئابوری لەنێوان کۆمەڵەی دەریای ڕەش و کۆمەڵەی ئەوروپیدا دەدات لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا.

## ڕێکخراوی هاریکاری ئابوری ( ECO )

ئەم ڕێکخراوە پێش لەدەیەیەك لەلایەن تورکیا و ئێران و پاکستانەوە دامەزراوە. هەروەك ئەم ڕێکخراوە لەسەر دەستپێشکەری ئێران لەم دواییانەدا فراوانبووە و لەپێنج دەوڵەتەکەی ئاسیای ناوەند چواریان لەخۆ دەگرێت (کازاخستانی تێدا نییە)) بەڵام ئازربایجانی تێدایە. ئەم ڕێکخراوەیە هەوڵێك دەنوێنێ بۆ ڕاکێشانی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەند بۆ مەداری جیهانی ئیسلامی. بەتایبەتی ئێران هیوای بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی خۆیی لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا هەیە لەرێگای ئەم ڕێکخراوەیەوە. هەروەها پاکستان بایەخێکی زۆری بەو ناوچەیە نیشانداوە لەبەرئەوەی ئەمە هۆکارێکی گەورەیە بۆ فراوانکردنی بازرگانی خۆی بەئاراستەی رۆژئاوا و بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەروزایەك بۆ بازاڕەکانی ئاسیای ناوەند. سەرباری جیاوازییە سیاسییەکان لەنێوان ئەم دەوڵەتانەدا, هەموویان وەها سەیری ڕێکخراوەی هاریکاری ئابوری دەکەن وەکو دامەزراوەیەك کەخزمەتی بەرژەوەندییە تەواوەکانیان دەکات.

## ڕێکخراوەی دەریای قەزوێن

ئەم ڕێکخراوە لە تاران بناغەی دانراوە و لەساڵی 1991دا لەلایەن ئێرانەوە دروستکراوە, کەئەوەش تا ئەندازەیەك وەڵامێکە بۆ دەستپێشکەری تورکیا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی دەریای ڕەش . بێگومان ڕێکخراوەی قەزوێن, تورکیا دەخاتە دەرەوەی چوارچێوەی خۆیەوە بەڵام ئازربایجان و ئێران و تورکمانستان و کازاخستان و روسیا لەخۆی دەگرێت. ئەوەی لەبەرچاو دەمێنیەوە ئەوەیە کەرێکخراوەکە لەداهاتوودا چەندێ پڕ بایەخ دەبێت – بەتایبەتی هاوتەریبی ڕێکخراوەی هاریکاری ئابوورییە لەپشتی هەر هاریکارییەکی سیاسیەوە بەرامبەر بەبەکارهێنانی دەریاری قەزوێن.

## یەکێتی دەوڵەتانی تورك

دیسان تورکیا پێنیاری پێکهێنانی یەکێتییەکی دەوڵەتە تورکەکانی کردووە کەسەرجەم دەوڵەتە تورکەکانی ناوچەکە کۆبکاتەوە واتە تورکیا و ئازربایجان و تورکمانستان و ئوزباکستان و کازاخستان و قیرقیزستان و تاجیکستانیش وەکو ئەندامی شەرەف لەیەکێتی‌یەکی ئاسایدا بۆ بەرژەوەندی گشتی تورکیا بەئاشکرا بەهێزترین و کاریگەرترین ئەندامی ئەم گروپەیە. پشت بەستن بە پاشخانی خاوێنی ئیتنیکی لەپێکهێنانی ئەم یەکێتی‌یەدا نەیارێتی ئێران و ئەفغانستان و پاکستان و ئەوانەی جولاّند کەوەها سەیری ئەم یەکیّی‌یە دەکەن کە هەوڵێکی تورکیایە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و نفوز بەسەر ناوچەکەدا. کازاخستان و ئۆزباکستان ڕایانگەندووە کەئارەزوومەندی



www.pertwk.com

بوون بەئەندام نین لەرێکخراوێکدا کەلەسەر پاشخانی ئیتنیکی یان ئاینی دابمەزرێت, بەڵام سەرۆکەکانیان بەردەوام ئامادەی کۆبوونەوەکان بوون, تەنانەت کاتێ ڕێکخراوەکەش لەئاستێکی نزمدا مایەوە.

## تورکیا و روسیا

لەگەڵ مەرگی کۆمۆنیزم و هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤێتدا, تورکیا بیانووی ئەوتۆی لەبەردەستدا نەما هەتا لە دەستدرێژی سۆڤێت بترسێت لەچاو ئەو هۆکارانەی لەرابردوودا وایان لێکردبوو بترسێت. ئەمڕۆ تورکیا چیتر سنووری بەسنووری روسیاوە نییە, لەلایەنی روسیاوە کەمەسەلەی پان– تورکیایەتی سەرچاوەی نیگەرانی و ترس بووە لەبەرئەوە لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە بەوریایی چاودێری کراوە لەترسی ئەوەی کە ناسیونالیزمی ژیاوەی ناوخۆ لەو ئاراستەیەوە نەگلێت کەوەکو ئێستا دەبینرێت خراپترین ڕوودواە: لەراستیدا ئەم ئیمپڕاتۆرێتە لەپێش ژیانەوەی ناسیونالیزمدا هەرەسی هێناوە. بیرکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەیی روسیای تازە ڕزگار بوو هەرەها لەسەرتاوە ئارەزوومەندی ئەوە بوو کە وەکو دەوربینێکی ئیجابی نوێ سەیری تورکیا بکات لەناوچەکەدا. وەکو دەوڵەتێکی عەلمانی میانڕەو و تورکیا دەیتوانی ڕاستەوخۆ یارمەتی دەوڵەتە تورکە تازە سەربەخۆکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو بدات کە بەئاراستەیەکی میانڕەو و عەلمانیدا بڕۆن.

لەراستیدا تورکیا لەلایەن روسیاوە وەکو نموونەی دەوڵەتێکی سەرکەوتوو بەکەڵك سەیرکراوە کە خۆی لەنێو خۆیدا نیمچە پیرۆستریکایەکی ئەنجام داوە لەساڵانی هەشتاکاندا و لە سیستەمی ئابوری دەوڵەتەوە گۆڕاوە بەرە و کەرتی زیاتر تایبەت و یەکگرتن لەگەڵ ئابوری جیهانیدا.

لەسەرەتاوە لێکدانەوەکان مژدە بەخش و گەشبین بوون, هەرچەندە ئێستا بەرە و تاریك بوون دەچن بەهۆی تەئکیدکردنەوەی لەسەرخۆی هەندێ لایەنی ناکۆکی جیۆپۆلەتیکانەی کۆنی نێوان روسیا و تورکیاوە, لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و خەباتی ئایدیۆلۆژی و کۆتایی هاتنی سەردەمی کۆڵۆنیالیدا ئەم ناکۆکیە کۆنە پێ دەچێت لەچاو سەدەی ڕابردوودا مانایەکی ئەو تۆی نەبێت. هەر تەقینەوەیەکی ترسناکی پێکدادان لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا هەندێ مەسەلە لە رۆژواوادا دەجوڵێنێت کەئاماژەی گەڕانەوەیە بۆ ویستی فراوانخوازی شاراوەی (ئەوسای) روسیا.

روسیا هێشتا ئەوەندەی دەشێ حەز دەکات پارێزگاری لەو یەکێتی‌یەی پێکهاتەی دەوڵەتە سەربەخۆکان بکات کەئەوەش ئەو ئەمری واقیعەیە کەمەیلداری دووبارە تەئکیدکردنەوەی هەڵوێستی ئیجابی روسیایە لە پێش هەمو ئەوانی ترەوە هەروەها پێشکەش کردنی پێکهاتەیەکی بەکەڵك بۆ مەسەلەی دادوەری لەپەیوەندییە ناوکۆییەکانی کۆمارەکانی ناوچەکەدا وەکو مەسەلەکانی ئاسایش و ئابوری. دیسان روسیا هەوڵی پاراستنی توانای کارکردنی ڕۆبڵ لەو ڕووبەڕەدا دەدات وەکو ڕێگایەك بۆ فراوانکردن و بەهێزکردنی توانای ئابوری خۆی. تورکیا بەهۆی دەستێوەردانی زۆری لەقەوقاز و ئاسیای ناوەندا تاکە گەورەترین نەیارە ((بەڵام بەهەڕەشەکردن نا)) بۆ باڵادەستبوونی دەسەڵاتی گەورەی روسیا لەم هەرێمانەی باشوردا. پێشنیارەکانی تورکیا بۆ یەکێتی‌یەکی تورکی یان یەککگرتنێك بەنیازی ڕاکێشانی  ئەم دەوڵەتانەبۆ دەرەوەی مەداری روسیا – ئەمەش شتێکی دزێوە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری روودانی هەیە بۆ بەرژەوەندییەکانی روسیا.(3)

دابەشبوونی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو بۆ دوو یەکێتی زۆر ئاشکرای مسوڵمانان و نامسوڵمانان توانی هەڕەشەکانی سۆڤێت بۆ سەر ناوچەکە و



www.pertwk.com

رۆژئاواش بوەستێنێت. سیاسەتی ئاسیای ناوەند لەسایەی هەربار و دۆخێکدا بێت ئاسایی پەشێویی دەخاتە پەویەندییەکانی روسیای پێشو کەسەر گەورەی ناوچەکە بوە و ئێستا گۆڕاوە بۆ چەندین کەمایەتی خاوەن سەروەری لەگەڵ دانیشتوانی ئەو نەتەوانەی کەهەر بەناو لەژێر دەسەڵاتی روسیادا بوون لەو کۆمارانەدا بەتایبەتی لەکازاخستان. ئەگەر زیادبوونی ئاستی جیاکاری ڕەگەزی یان خوێن رشتن بەئەنجام بێت, ئەوا روسیا لەژێر فشارێکی پەرەسەندودا دەبێت بۆ هاتنە ناوەوە بەنوێنەرایەتی خەڵکی روسیا و ئەو بەرژەوەندییانەی کە هێشتا لەوێ دەمێننەوە. ئەگەر ئەم ڕووبەڕووبوونەوانە بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوون مسوڵمان بەدژی کەسێتی مەسیحی بەکاربهێنن, ئەوا بێ چەند و چوون فاندەمێنتالیزم بەهێز بکات, ڕەگەزکانی ترس لەبێگانە هێشتا لەسیاسەتی روسیادا ئامادەن. ئەم جۆرە ئەگەرە بەلای رۆژئاواوە دەشێ زۆر دزێوبن.

لەسایەی سیناریۆی زۆر گەشبینانەدا, تورکیا بەراستی دەورێکی میانڕەو دەبینێ لەهەرێمە مسوڵمانەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوودا و پشتگیری حکومەتی عەلمانی دەکات و هەوڵی پەیوەندی نزیك لەگەڵ روسیا و هەروەها لەگەڵ کۆمارە تورکەکاندا دەدات– شان بەشانی گەڕأن بەدوای بەشداریکردنی زۆر بەرز لەبەرژەوندییەکاندا. بەرژەوندی تەواوی تورکیا و روسیا لەپاراستنی ئاشتیدا لەقەوقاز و ئاسیای ناوەندا لەهاریکاری هەرێمایەتیدا لەدەریای ڕەشدا شتێکی لەبەرچاوە و بایەخی ئەم دەوڵەتانە بۆ یەکتری دەیسەلمێنێ کە گەورەترە لە پەیوەندی دوو قۆڵیان بۆ دەوڵەتە تورکەکانی تر ( بێجگە لە گرنگی زۆری پەیوەندییەکانی روسیا – کازاخستان).

تەنانەت ئەگەر سیناریۆی زۆر گەشبین بۆ دەوری تورکیا وەکو ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرێت پێکبێت, ئاسیای ناوەند هێشتا لەبەردەم ئەو چارەنووسەدا

## توركیا, ئەوروپا, ناتۆ و وڵاتە یەكگرتووەكان

توركیا بەردەوامە لەدانانی بەهایەكی گەورە بەناتۆ وەكو پەیوەستبوونی سەرەكی ئەمنی و سیاسی خۆی بەرۆژئاواوە لەماوەی چل ساڵی ڕابردوودا, كەنیشانەی ئاشكرای ئەندامێتی‌یە لە یانەی ناوخۆی رۆژئاوادا. لەبەرئەوەی گرنگی ناتۆ لەحساباتی ستراتیژی ئەوروپادا كەم دەبێتەوە, توركیا ئەو مەسەلە نمایش دەكات كەدەوری رەسمی توركیا لە ئەوروپادا بەرەو تەواوبوون دەچێت. ئەوەش تەنانەت زیاتر ئەو حاڵەتەیە كە (WEU) لە بونیاددا گەشە دەكات و یۆنان وەكو ئەندامێكی تەواو, پەسەند دەكات بەڵام تەنیا پلەی پەیوەستبوون دەدات بە توركیا لەراستیدا ئەگەرەكان بۆ پەسەندكردنی توركیا لەكۆمەڵەی ئەوروپیدا لەوە دەچێت كە لە چەند ساڵی ڕابردوواو لەگەڵ دەركەوتنی دەوڵەتە سەربەخۆكاندا لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا لاواز بوو بێت كە



www.pertwk.com

ئێستا ئەو دەوڵەتانە خۆیان هەوڵی بەئەندام بوون دەدەن لەكۆمەڵەی ئەوروپیدا, بەتایبەتی پۆڵندا و هەنگاریا و بەرە و پەرەپێدانی سیاسەتێكی گشتی دەرەوە و ئاسایشێكی گشتی هەنگاو دەنێت, ئەوروپیەكان رقیان لەپەسەندكردنی ئەو نمایشە سیاسی و ئاسایشی‌یەیە كە توركیا لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت.

بەشێوەیەكی سەیر, لەبەرئەوەی سیاسەتی ئەوروپا لە دوای جەنگی جیهانی سارد و لەگەڵ دەركەوتنی ئەوروپای رۆژهەڵاتدا زۆر ئاڵۆز دەبێت, پەشێویی لەنێو دەوڵەتانی ئەوروپادا لەوانەیە پەرە بسەنێت و پێشنیاری ئەوە بێتە ئاراوە كەلەوانەیە ناتۆ كۆتایی بە بینینی دەورێكی گەورە بهێنێت لە هێنان و بردنی شەڕی نێوان ئەندامەكانیدا, لەچاو ئەوەی جەخت بكاتە سەر پەیامی بنەڕەتی خۆی كەئاسایشی هەرێمایەتیە. بەدڵنیاییەوە لەبارێكی وەكو ئەوەی توركیادا چەند مەسەلەیەك سەرهەڵدەدەن كەبەرژوەندییە ڕاستەوخۆكانی توركیایان تێوەئالاوە. پەیوەندییەكانی نێوان توركیا و یۆنان دەشێ لەسەر هەندێ مەسەلەی تەقلیدی هەڵسەنگاندنی زیاتر بكرێن كەئەوانیش بریتین لە : بەسەربازیكردنی دوورەگەكانی یۆنان لەلایەن یۆنانەوە تاسەر رۆخی توركیا و ناكۆكی لەسەر بواری ئاسمانی و سنورەكانی دەریاوانی لەنێوان هەردوو وڵاتدا و پێگەی كەمایەتی توركی لەسرەیسی یۆنانیدا و, ئەو كێشانەی كەبەهۆی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی مەسەدۆنیا سەریان هەڵداوە, بەتایبەتی كێشەی بۆسنیا لەگەڵ بڕی گەورەی دانیشتوانی مسوڵمانیدا.(4) سۆزداری توركیا بۆ مسوڵمانە ئەلبانیەكان لەخەباتكردنیاندا لەكۆسۆڤۆ دژی سیربەكان و جیاوازییە شیاوەكانی نێوان یۆنان و توركیا لەسەر گۆڕینی سیاسەتی بەڵقان و هاوپەیمانەكان بەتایبەتی دوای هەرەسی یۆگۆسلافیا... هەموو ئەمانە دەشێ زیاتر هەڵبسەنگێنرێن.. و.ك).

پەیوەندیەکانی تورکیا – ئەڵمانیا دیسان لەوانەیە ڕووبەڕووی پەشێویی زیاتر ببێتەوە کەبەتایبەتی ئەو پەشێوەییە بەهۆی هەڵوێستی نەگونجاوی ملیۆن و نیوێك کرێکاری تورکەوە لەئەڵمانیا دەجولێنرێت – هەروەك سەرجەم بڕی دوو ملیۆن کرێکاری تورکی لە ئەوروپان – هەروەها دژایەتی گشتی توندوتیژی ئەڵمانیا بۆ سیاسەتەکانی تورکیا دژی کوردەکان لە تورکیادا لەهۆیەکانی خراپی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەڵمانیان, ئەم کێشەیەی دواییان وای لە ئەڵمانەکان کرد کە پشتگیری سەربازی بۆ تورکیا ڕابگرن لە ئازاری ساڵی 1992 شەپۆلی تاوانبارکردن و هێرشی بەرامبەر بۆ سەر ئەڵمانیا بێزاری و توڕەییەکی هێجگار زۆری لەنێو هێزە گەورەکانی ناتۆدا نیشاندا بۆ پشتگیریکردنی سەربازیانەی تورکیا لەماوەی جەنگی کەنداودا – ئەمەش سڕینەوەیەکە کە بەتایبەتی ئەنقەرەی دووچاری ئازارێکی زۆر کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵمانیا و تورکیا هاریکارییان لەنێواندا هەبوو لەجەنگی یەکەمی جیهاندا, لە سیاسەتی نوێی بەڵقاندا بەشێوەیەکی پەی پێبراو دەتوانرێت ئەوە ببینرێت کە ئەڵمانیا و تورکیا وەکو دوو نەیارن لەسەر نفوز لەبەڵقاندا. هەڵوێستی پێشتر لەوێنە نەبوو پێشبین نەکراوی ئۆکرانیای سەربەخۆ وەکو دەوربینێکی نوێ لەسیاسەتی بەڵقاندا دیسان لەوانەیە کار لەپەیوەندییەکانی تورکیا و ئەڵمانیا بکات لە بەڵقاندا بەرێگای تاکو ئێستا پێشبین نەکراو. ئەگەر ناسیونالیستەکانی ڕوسیا لە مۆسکۆ دەسەڵات بگرنە دەست و بەدوای بەرژوەندییە مێژووییەکان روسیادا بچن لەپشتگیری کردنی دەوڵەتە مەسیحییە ئۆرسۆدکسەکانی بەڵقاندا (لەوانەش وەکو سیربیا, ڕۆمانیا و بولگاریا) ئەوا بەم جۆرە ئایا ئۆکرانیا دەگەڕێتەوە بەلای تورکیا و ئەڵمانیادا لەهەڵوێستی دژی روسیا و دژە ئۆرسۆدۆکسدا؟



www.pertwk.com

لەبەرئەوە لەوانەیە ئەڵمانیا ببێتە گەورەترین دەوڵەت کە دۆزی تورك بۆ یەکگرتن لەگەڵ ئەوروپادا ئاڵۆز بکات, هەروەها تاکە دەوڵەتی ناتۆبێت کەبایەخی تەواو بدات بەهێزی نادیار کە نایەوێت ئەوروپا خۆی بئاڵێنێت لەبار و دۆخی سیاسی ناسەقامگیری دەوروبەری تورکیاوە لە ڕۆژهەڵاتدا. بەئاسانترین دەربڕین زۆر لە ئەڵمانیەکان نایانەوێت سنوورەکانی کۆمەڵەی ئەوروپی درێژبکرێتەوە تا ببێتە هاوسنووری عێراق و سوریا و ئێران و ئازربایجان و ئەرمینیا.

چارەنووسی ئەندامێتی تەواوی تورکیا لە کۆمەڵەی ئەوروپیدا هەرچی بێت, پەیوەندی تورکیا لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەشێوەیەکی سنور دراو بەسەر ئەم مەسەلەدا ناپەڕێتەوە. خاوەن کارەکانی تورکیا هێشتا سوورن لەسەر جەختکردنە سەر بازاڕەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا وەکو تاکە پاراستنی پەیوەندی نزیك و بەتین لەسەر هەر ئاستێك بێت لەگەڵ ئەوروپادا. تورکەکان بەشێوەیەکی گشتی لەوە ناچێت بچن بۆ باکۆ و تاشقەند و ئەڵما ئەتا بۆ بەسەر بردنی پشوو (یان بۆحەوانەوە) بەڵکو بەردەوام بەژمارەی گەورە دەچن بۆ ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئینگلتەرا. بەشێکیان دەچن بۆ سەردانی ئەو خزمانەی لەوێ کاردەکەن.

بەڵام زیاتر لەبەرئەوەیە کەئەو وڵاتانەی (ئەوروپا) سەرچاوەی ڕاکێشانی کەلتورین. ئاراستەی بەرە و ڕۆئاوا بەبەهێزی دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت بۆ پێکهێنانی سیاسەتی ئاسایش‌و ئابوری و سیاسی بۆ ماوەیەك تەنانەت لەبەرئەوە هەڵبژاردە سیاسیەکانی تورکیا بەشێوەیەکی فرە دیمەن گەشە دەکەن.

لەبەرئەوەی دەوری ناتۆ کەمتر جێگای دڵنیایی دەبێت و ئەندامێتی تورکیاش لەکۆمەڵەی ئەوروپیدا زیاتر دەبێتە شتێکی دەستی دەستی پێکردن,

بێ گومانکردن، تورکیا هەنگاو دەنێتە نێو هەوڵێکی دیار و سەردەمێکی پڕ لەداواکارییەوە پایەی سیاسەتی کۆنی دەرەوەی ئەتاتورکیانەیی و ئەو جیهانەی کەسێ نەوەی تورکەکان سەریان لێ دەرکردووە ئێستا بەسەرچووە. لەڕووداوەستان بەچواردەوری تورکیادا و لە هەموو ئاراستەکانەوە سەری هەڵداوە. نەتەوە تا ئاستێکی تەواو دەخرێتە هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەوە لەگەڵ کێشەی لەڕادەبەدەر ئاڵۆزی کورددا. زۆر لایەنی ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی گران لەلایەن ئەو ڕووداوانەوە کە عێراق و ئێران و هەروەها تورکیاش دەگرنەوە بڕیار دەدرێت. لەسایەی ئەم بارو دۆخەدا، تورکیا هەوڵی جۆرێ لەبنەماو پایە دەدات لەپەیوەندییە ئاسایشییەکانی خۆیدا، ئەو بنەما وپایەیەش بەدڵنیاییەوە چیتر لە ئەوروپا نادۆزرێتەوە یان نابینرێت. وڵاتە یەککگرتووەکان بەشداری هەرە لۆجیکانەی ئامادەیە بەهۆی پەیوەندی مێژوویی درێژییەوە لەگەڵ تورکیادا و پەیوەستبوونی بە بەرژەوەندییە جیهانیەکانەوە — هەرچەندە ئەو بەرژەوەندیانە لەدوای جەنگی سارد لاواز بوون.



www.pertwk.com

پەیوەندی ئەمەریکا لەگەڵ تورکیا بەشێوەیەکی سنوور دراو پێویستی بە جەخت کردنە سەر مەسەلەکانی ئاسایش نییە بەتەنیا. بەڵکو بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوون، واشنتۆن و ئەنقەرە هەردووکیان بایەخ دەدەن بە فراوانکردنی ئەو پەیوەندییە بۆ لەخۆگرتنی پەیوەندییە بازرگانیە بەهێزەکان و (تورکیا لەدوای ناوچەیەکی بازرگانی ئازاد لەنێوان وڵاتە یەککگرتووەکان و تورکیادا گەڕاوە) ، هاریکاری تەکنیکی و و هاریکاری لەسیاسەتەکانی پەیوەست بەناوچە دراوسێکانەوە. هاریکاریکردنی نێوان تورکیا و ئەمەریکا بۆ ئاراستەکردنی پشتگیری و یارمەتی بۆ کۆمارەکانی ئاسیای ناوەند، بۆ نموونە لەلیستی بایەخ و بەرژەوەندیەکانی تورکیادا شتێکی بەرز و بەنرخە. لەسەردەمی نوێدا، واشنتۆن خۆی هەرچەندە بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوون ئەم ناوچە فراوانانەی هاریکاریکردن لە لێکدانەوەی تەسکی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاوە سەیر دەکات لەچاو ئەوەی وەکو بەشێك لە پەیوەندییەکی ئەمنی فراوان لەجیهانێکی جەمسەرگیردا سەیری بکات.

سەرباری ئەو ڕاستیەی کە پەیوەندی تورکیا لەگەڵ وڵاتە یەککگرتووەکان و ناتۆدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەندیەکی باش بووە، بەڵام تورکیا لەڕووی مێژوویەوە هەستیار بووە بەرامبەر بەو مەسەلانەی کە کاریان لەسەروەرییێتی ئەو کردووە. سیاسەتی ئەمەریکا لەمەڕ قوبروس و ئارەزووی وڵاتە یەککگرتووەکان بۆ بەکارهێنانی ئاسانکارییە سەربازییەکانی تورکیا لە قەیرانە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەڕابردوودا ئەو پرسانەی بەرزکردۆتەوە لەمێشکی سیاسەتداڕێژەرانی ئەنقەردا لەماوەی جەنگی کەنداودا. لەکاتێکدا کە تورکیا ئامادە بووە بۆ یارمەتی دان لەهەر شوێنێ کە بینبێتی هەڕەشە ناکرێتە سەر بەرژەوەندییە فراوانکانی . هەریەکە لەم هەوڵانەی ڕابردوو بۆ بەکارهێنانی ئاسانکارییەکانی تورکیا بایەخ پێدانەکانی

لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان خەبات دەکات بۆ دیسانەوە پێناسەکردنەوەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی لەزەمینەی سیاسی نوێی خۆیدا و لە جیهانی دوای جەنگی سارددا, ئەوا جیۆپۆلەتیکی نوێ بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوون پێویستە سروشتی ئیتنیکی نادیار و هێڵە هەڵەکانی ئایین بەهێند وەربگرێت کەلە جیهاندا هەن, ئەم هیڵە هەڵانە کلیلەکان پێشکەشی دەوڵەتە لەگەوهەردا تێکشکاوەکان دەکات و دەجوڵێت بۆ یەکێتییەکی نەتەوەیی یان تەنانەت بزوتنەوە ڕزگارییە تاکڕەوەییەکان دەشێ لەچەند دەیەی داهاتوودا ڕووبدەن لەسیاقێکدا کە تیایدا گۆڕانکاری سیاسی و هەرێمایەتی چیتر بارگە ناکرێت بەئەرکی جێبەجێکردنی کارە جیهانیەکانی ڕابردوو. تورکیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە هێزی شاراوەی هەیە بۆ کارکردن





لەبەشێکی فراوانی جیهان ئەویش بەپشت بەستن بەشوێن و پایەی تیۆرییانەی بەدەرکەوتن و پێکهاتەی نوێی و بەرفراوانی لەجیهانی تورکدا.

وەکو لەسەرەوە تێبینی کرا, تورکیا ئێستا لەچاو هەرکاتێکی پێشتردا زیاتر ئەگەری ئەوەی هەیە کە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆی بکەوێت, بەرەچاوکردنێکی کەمتری بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا, ئاسایی ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە زۆربەی ئەو مەسەلانە لەداهاتوودا بایەخی زۆرتریان دەبێت بۆ تورکیا و, بۆ ئەمەریکاش بایەخێکی زۆر کەمتریان دەبێت لەسەر بنەمای پێوانەی فراوانی شتەکان.

لەبەرئەوەی تورکیا ڕۆڵێکی چالاك وەردەگرێت, بێ چەندوچوون ئاڵۆزی لەڕادەبەدەر ڕووبەڕووی هەموو ئەو دەوڵەتانە دەبێتەوە کە پارێزگاری لە پێکهاتە ئەمنی‌یەکان دەکەن لەگەڵیدا, ئاسایی ئەوەش لەبەرئەوەیە کە تورکیا ئێستا ئەگەری ئەوەی هەیە بەم ڕێگا یان بەو ڕێگا بئاڵێت لەململانێی هەرێمایەتیەوە لە بەڵقان و قەوقاز و ئاسیای ناوەند و لەگەڵ عێراق و ئێرانیشدا. هەرچی هۆیە, لەئارادایە بۆ بڕوا کردن بە پەرەسەندنی ئەو ململانێیە لە زۆربەی ناوچەکاندا, لەبری ئەوەی ئەو ململانێیە بەرە و لاوازبوون بچێت.

هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا لەوانەیە دواتر بەچاکی پرسیاریان کردبێت, هەروەك هەندێکیان لەوانەیە هەمیشە بپرسن : ئایا تورکیا لەراستیدا نەبووە بەبەشدارێکی ئەمنی کەکەمتر دڵگیر بێت ( یان بەشدارێکی ئەمنی بێزار), ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە هەڕەشەی کۆنی سۆڤێتی بەسەر دەچێتو فەوزای نوێی هەرێمایەتی بەدەگمەن بەرە و ڕۆژئاوا بانگهێشت دەکرێت. هێشتا دەرکەوتنی ئەم کێشە و قەیرانە هەرێمایەتیانە, بێگومان, دەرئەنجامی کاری تورکیا خۆی نین. بەڵکو ئەم کێشە و قەیرانانە دەرئەنجامی کۆتایی هاتنی

www.pertwk.com

راستی‌یەكەی ئەوەیە كە ئەو ناكۆكیە لەناوچەكانی دەرووبەری توركیادا خەریكە پێكدەدێت. بەخشینەوەی تۆماری هەمان كاریگەری ڕابردووی دەستنیشانكردن و پشتگیریكردن لەتوركیا بەمەبەستی بەهای هێجگار هەمە چەشن و لە پێناوی بەرژەوەندییەكانی رۆژئاوادا، ئایا هێشتا بەلای توركیاوە شتێكی پەسەند نییە بۆ بینینی دەورێك لەم هەرێمانەی قەیراندا؟

میانڕەوێتی توركیا و بەرپرسیارێتی و ئیلتیزامی گشتی بۆ ڕێكخستنی نێو نەتەوەیی و بۆ دیموكراسی و بۆ ئابوری بازاڕی ئازاد، هەموو ئەمانە ئەو خاسیێتە بەهادارانەن كە پایە گرنگەكانی توركیایان پتەوكردووە و پەرەیان پێداوە بۆ سەردامانێكی دوورودرێژدا خۆ ولاتە یەكگرتووەكان زیاتر سیربیای هەبووە وەكو (ناوەندێك لەبەڵقاندا) یان ئێران و عێراقی هەبووە وەكو (ناوەند)ێك لە قەوقازدا؟ یان ئێران وەكو (ناوەندێك) لەئاسیای ناوەنددا. ئامادەبوونی توركیا لەم ناوچە پڕ لەتەنگوچەڵەمانەدا زیاتر لەوانەیە لەئاكامدا نفوزێكی میانڕەوانە پیادە بكات بەتایبەتی لەكاتێكدا كەتوركیا بەدوای ئامانجەكانی خۆیدا دەگەڕێت.

شتێكی تەواو شیاوە كەئامانجەكانی ئەمەریكا بۆ مەودایەك لەسەر هەندێ مەسەلە لەگەڵ ئامانجەكانی توركیادا دژی یەكتربن، بەلام كەناڵەكانی



گفتوگۆكردن و دادوەرێتی و حوكمدان بەسەر ئەم مەسەلانەدا لەئارادابوون بۆ ماوەیەكی دووردرێژ، رۆژئاواش سازاوو ڕاهاتووە بۆ بەدایەلۆك كردن لەگەڵ توركیادا. ئەو هەرێمانەی كەدەوری توركیایان داوە لەراستیدا لەوانەیە لەدەیەكانی داهاتوودا زۆر گێرەشێوێن بن، بەلام بەرژەوەندییەكانی ئەمەریكا لەوانە نییە كەمتر ببنەوە چونكە توركیا بەردەوام هەوڵدەدات لەگەڵ كێشەكاندا بەسەر كەوتوانە ڕووبەڕوو ببێتەوە. <u>ناوچە هەرە دیارەكانی ناكۆكی شاراوەی وڵاتە یەكگرتووەكان و توركیا لەوانەیە ئەمانە بن:</u>

- بەراست یان بەهەڵە ئەگەر ڕووبدات ئەرمینیا و ئازربایجان توركیا ناچار بكەن بۆ هاوپەیمانێتی یەكی تەواو لەگەڵ ئازربایجاندا، ئەوا ڕای گشتی ئەرمینی لەجیهاندا دژی توركیا هەڵدەگێڕنەوە، بەتایبەتی لەوڵاتە یەكگرتووەكان.
- لەناكۆكی توركیا لەگەڵ یۆناندا، لەهەر حاڵەتێكدا بێ لەبەرچاوگرتنی مەسەلەكانی ئەو حاڵەتە، واشنتۆن دەخاتە ژێر قورسی فشارێكی بەهێزەوە لەلایەن دەستە سیاسیەكانی یۆنانەوە لەوڵاتە یەكگرتووەكان، هەروەها لەژێر فشارێكدا كە ڕوخاندنی ناتۆ لەخۆی دەگرێت.
- لەبەرگرتنی چەندین ڕێ و شوێنی توندوتیژ لەلایەن توركیاوە دژی دانیشتوانە كوردەكەی خۆی كەبەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكانە كە پەیوەندیدارەكانی مافی مرۆڤی ئەمەریكی و جیهانیش دەجولێنێت.
- ناكۆكی گرنگی نێوان روسیا و توركیا لەئاسیای ناوەنددا كە تیایدا توركیا بەراست یان بەهەڵە پەی بەوە دەبات كەوڵاتە یەكگرتوەكان پشتگیری ئەو دەكات لەسەر حسابی روسیا. ئەوەش لە بەرژەوەندی وڵاتە یەكگرتوەكان نیە كە پاڵبنرێت بۆ نەیاربوون لەگەڵ روسیایەكی دیموكراتدا ئەگەر ئەو سیناریۆیە پێكبێت یان دەربكەوێت.

ئەوە لەبەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێت کە لەڕوانینی تورکیا بۆ جیهانی تورك تێبگات هەروەها بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەنقەرە لەسەر پەیبردنی بەخاسیەتی کێشەکان و گۆڕانکاری شاراوە لەناوو لەدەرووبەری جیهانی تورکیدا. واشنتۆن لەژێر باری هیچ ناچارکردنێکدا نییە بۆ پەسەند کردنی ڕوانینی تورکیا سەبارەت بەسیاسەتی هەرێمایەتی, بەڵام بەدڵنیاییەوە پێویستە واشنتۆن بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە ڕووبەڕووی ئەو ڕوانینە ببێتەوە وەکو یەکێك لەراستیەیە زۆر نوێیەکان. لەنێو هەموو دەوڵەتانی ناوچەکەدا, بەدڵنیاییەوە تورکیا هەرە پەسەندترین (نموونە)یە بۆ بینینی دەورێکی سەرەکی لەکاروبارەکانی ئەم ناوچە زیندووەدا. لەبەرئەوەیە کە پەیوەندی وڵاتە یەکگرتوەکان لەگەڵ تورکیادا سەرباری گۆڕانکاری‌یە گەورەکان لەناوچەکە و لەجیهانیشدا, دەبێ بەبەهێزی و بەئیجابی بمێنێەوە لەدەیەکانی لەڕوودا وەستانی داهاتوودا.



www.pertwk.com

## تێبینییەکان

1– تێکڕای تورك بەهۆی هاوشێوەبوونە بەربڵاوەکانی نێوان زمانە تورکیەکانی هەموو ئاسیاوە کاریان لێدەکرێت. لەڕوانگەی زانستی زمانەوە زۆربەی زمانەکانی (تورك) جیاوازییان زیاتر نییە لەجیاوازی زمانی ئیتاڵی لەزمانی ئیسپانی یان جیاوازی زمانی روسی لەئۆکرانی. تورکێکی ئەستەمبووڵی دەتوانێت لەگەڵ ئوزبەکیەکدا لەماوەی چەند سەعاتێکدا و لە خوێندنەوەدا پەیوەندی بکات, هەروەك دەتوانێت بەتەواوەتی ئوزبەکی بخوێنێەوە و تیٚی بگات لەماوەی مانگێکدا قسە بکات. ئازربایجانی یان تورکمان بۆ تورکێکی ئەستەمبوڵی جێگای تێگەیشتنی تەواوەتی دەبێت لەرێگای گوێگرتنێکی چەند رۆژییەوە. هیچ شتێك لەبەکارهێنانی وشەکاندا بۆ زمان یان دایەلێکتە نوێیەکە دەگمەن نابێت. لەلایەکی ترەوە و بەمەبەستی گفتوگۆکردنی جدی, تورکەکان ئاسیای ناوەند و ئاسیاییەکانی ئاسیای ناوەند لە تورکیا داوای وەرگێر دەکەن بەمەبەستی تێگەیشتنی تەواو و ڕاست. جیاوازییە کەلتورییەکان لەنێوان تورکەکانی تورکیا و تورکی ئاسیای ناوەندا بەشێوەیکی بەرفراوان بەهۆی کاریگەری حەفتاو پێنج ساڵی بەکارهێنانی کەلتوری کۆمۆنیستیەوە بووە کەلەیەکتری جیاکردونەتەوە, بەدبەختانە زمانێکی هاوبەشی تورکی چەسپاو لەنێو هەموو گەلانی تورکدا نییە, هەرچەند تورکیا تموحیی ئەو دەورەی هەیە, تورکیا بەشێوەیەکی بەهێز پشتگیری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەیوەندیکردن و میدیا (هۆیەکانی ڕاگەیاندن)

www.pertwk.com

2–گومانە کۆنەکان دەربارەی ئامانجەکانی رۆژئاوا بەرامبەر بە مۆسکۆ دیسانەوە سەرهەڵدەدەنەوە, لەکاتێکدا وەها سەیری وڵاتە یەکگرتووەکان دەکرێت کە بە قورسی چاودێری تورکیا بکات وەکو (نموونە)یەك بۆ هەرێمە مسوڵمانەکانی یەکێتی سۆڤێتی کۆن, پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئێستا تورکیا دەتوانێت ببێتە ئامڕازێك بەدەستی رۆژئاواوە بۆ جێگاگرتنەوەی روسیا لەم هەرێمە کلاسیکەی نفوزی روسیادا. تا ئاستێکی قوڵ لەناو دەرونی تورکی – تەتەری – سلاڤیدا یادەوەرییەکانی خەباتی ڕابردوو هەن بۆ دەسەڵاتکردن بەسەر روسیادا, ئەویش لەئاستی یەکەمدا لەلایەن هۆردوی مەنگۆل و تەتەرەوە و دواتریش لەلایەن زیندووبوونەوەی (ژیانەوەی) روسیای سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەسەر تەتەردا. تەنانەت ئەمڕۆ ئەم ڕەگەزە ناشێت بەتەواوەتی لەزەمینەی سایکۆلۆژی هەردوولادا بسڕێتەوە.

3–سەرباری ئەوەی کە دانیشتوانی مسوڵمانی بۆسنا بەشێوەیەکی بنەڕەتی مسوڵمانی سلاڤین, ڕای گشتی لە تورکیادا زۆربەی کات وەکو ((تورك)) دەڕوانێتە بۆسنیەکان. لەڕاستیدا مسوڵمانانی بۆسنا خۆیان هەر لەسەرەتاوە چاویان لە تورکیا بووە بۆ پشتگیری کردنی دیپلۆماسیانەیان لە خەباتکردنیاندا بۆ سەربەخۆیی و بۆ پارێزگاری کردنیان.

4–پەیوەستبوونی تورکیا بەم بەهایانەوە لەوانەیە ناتەواو بێت, بەڵام داخۆ چەند دەوڵەتی تر لە ئەوروپای رۆژئاواو رۆژهەڵات دیسان لەم ڕووەوە یان لەو ڕووەوە ناتوانن بگەن بەئاستی پەیوەستبوون بەو بەهایانەوە؟